إقتران النيرين

في

مجمع البحرين

ترجمەی حەدیسەکانی موسلیم و بوخاری

دانراوی

مامۆستا مەلا رەشید بەگی بابان

لێکۆڵینەوەی

محمد علی قەرەداغی

بەرگی دووەم

چاپی دووەم

١٤١٢ی ك - ١٩٩٢ی ز

إقتران النيّرين

في

مجمع البحرين

ترجەمەی حەدیسەکانی موسلیم و بوخاری

دانراوی

ماموستا مەلا رەشید بەگی بابان

لێکۆڵینەوەی

محمد علی قەرەداغی

بەرگی دووەم

چاپی دووەم

١٤١٢ك - ١٩٩٢ز

بسم الله الرحمن الرحيم

چاپی دوەم

خوێنەری بەڕێز خۆت باش ئاگاداری کە ، بە پێچەوانەی باوو پێویستەوە ، بەرگی دوەمی ئەم کتێبە دوای بەرگی تۆیەم ـدوابەرگـ دەست تۆی ئازیز ئەکەوێت ، هۆی ئەمەیش رەنگە لە بیرت نەچووبێ کە لە پاشکۆی بەرگی تۆیەمدا بەسەرهاتی بەرگی دوەمم چۆن بۆ روون کردیەوە •

ئێستەیش کە ئەڵێم (چاپی دوەم) تۆی ئازیز چاپی یەکەمت نەدیوەو ، رەنگە هەر نەیشیبینی • بەڵام لەوانەیشە کە رۆژێك ببێت چاپی یەکەم سەر هەڵبداتو بکەوێتە بازاڕ ، چونکە ئەوەی کە بکرێ من کردوومەو پرۆڤەکانی ئامادەی چاپ کراون ، ئەوسا دەنگوباسی کپ بوەتەوە •

بەهەر حاڵ چاپی یەکەم سەریش هەڵبدات جێگەی ئەم چاپە ناگرێتو ، پوختەیی‌و ، کەمهەڵەیی‌و ، لێکۆڵینەوەی‌زیاترو••• چەند دیمەنێك بەم چاپە دەدەن کە بە یەکەم بەراورد لە چاپی یەکەمی جیادەکەنەوە •

ئیتر هیوام وایە خودای مەزن رەنجمان بە زایە نەداتو پاداشمان بداتەوەو ، ئەم کارە بکات بە توێشووی رۆژگاری سەختی پاشەڕۆژمان• هەروەها بیکات بە جێگەی سوودو مەشخەڵی روونکردنەوەی رێگەی راستو پاکی ئایینی ئیسلام بۆ نەوەو وەچەی گەلە موسوڵمانەکەمانو ، بەرزکردنەوەی هەستو رادەی بیرو رەوشتو رۆشنبیریان •

بســـــــم الله الرحمن الرحیم

باب العلـــم

٢٨ی حوزەیرانی ٩٤٠ رۆژی جومعە بعد الظهر

إعلـم أن كـل آيـة وردت فـي الإيمـان تـــدل على فضيلـة العلم ؛ لأن الإيمان قـــم من العلم وهو المقصـد الأسـنى من العـــلم ، ورأس المعاملات الدنيوية وأساسها ، وفي كثير من الفواصل يتمدح الله تعالى بكونه عليما خبيرا حكيما ... إلى غير ذلك فلنذكر بعضا منها[1]:

(وإذ قـال ربـك للملائكة ... الآيـة)[2] .

تەرجەمە :

خوا ـ جل‌جلاله ـ فەضلی ئادەمی داوە بە سەر ئەو مەلائیکانـەدا کە ئەمری پێ فەرموون بە سوجدە بۆ ئادەم بە واسیطەی زۆریی عیلمی ئـادەم ـ علیـە السـلام ـ و ئیحاطەدانی بـەوەدا کـە ئـەو مەلائیکەتانە نەیانزانیـوە .

(١) دانەر ـ خ ـ تەرجەمەی ئەم وتەی نەنووسیبوو ، وا لێرەدا دەینووسین: بزانــە هەر ئایەتێك لە باســی ئیماندا هاتبێت گـــەورەیـی عیلمیش ئەگەیێنێ ؛ چونکە ئیمان بەشێکە لە عیلم و مەبەستی هەرەسەرەکیـی عیلمەو ، سەرو بناغەی هەموو مامەڵەی دنیایی‌یەو ، لە کۆتایی زۆر ئایەتدا ستایشی خودا کراوە بەوە کە (علیم) و (خبیر) و (حەکیم) و غەیری ئەوانەیشـە ، جا با هەندێکیان بنووسین .

(٢) الحـجر / ٢٨ .

(يعلـم مابين أيديهـم وماخلفهم ولا يحيطـون بشيء من علمـه إلا بمـا شـــاء)[1] •

تەرجەمە :

خوا ـ عز وجل ـ ئیستیدلالی کردوه لەسەر ئیستیحقاقی خۆی بۆ ئولووهییەت بەمە کە عالیمی سابیقو لاحیقەو ، بەوەی کـە هیچ کـەس عیلمی نیە بە مەعلووماتی ئـەو مەگەر ئـەو میقدارە کـە خـۆی ئیرادەی کردوە کە بیزانن •

(شـهد الله أنه لا إله إلا هو والملائكة وأولو العلم •••)[2] الآية•

تەرجەمە :

خوا ـ عز وجل ـ لەسەر ئـولووهییەتی سێ شـاهیـدی هێناوە : ئەووەڵ ذاتی خۆی • دوەم مەلائیکە • سێیەم ئەهلی عیلم • بزانە کـــە عولەمای ئاخیرەت چـەنـدە گەورەن ! خـوا ـ جـل جلالـه ـ لەســەر ئولووهییەتو وەحدانیەتی خۆی ئەیانهێنێ بە شاهیدی •

خوا لە قیصصەی طالووتا ئەفەرموێ :

(إن الله اصطفاه عليكم وزاده بسطة في العلم والجسم)[3] •

تەرجەمە :

قەومەکەی ئیعتیراضیان لـە پێغەمەرەکەیان گرت کە طالووتی رووتو قووت چۆن ئەکەی بە پادشای ئێمەو قوماندانی حەربیی ؟ جالووت وای جواب دانەوە کـە خـوا ئەوی ئینتیخابکردوە بەســـەر ئێوەدا ، عیلمی

(١) البقــرة / ٢٥٥ •
(٢) آل عمران / ١٨ •
(٣) البقــرة / ٢٤٧ •

زۆرتری داوەتێ ، لە ئێوە جەسیمتری[1] کـردوە • حـەرب بـە عیـلمو قـودرەت ئەچێتەپێشەوە •

(والراسخون في العـلم يقولون آمنا بـه)[2] •

تەرجەمە :

مەدحی عولەمای ئاخیرەتی بـەوە کردوە کـە تەئویلی موتـەشابیهـ ئەزانن ـلە لای خەلەفـ یاخۆ ئیمانیان بە موتەشابیهاتی قورئان هەیە کـە لـە طەرەفی خواوەیە ـلە لای سـەلەف ـ •

(يؤتي الحكمة من يشاء ، ومن يؤت الحكمة فقد أوتي خيرا كثيرا ، وما يذكر إلا اولو الالباب)[3] •

تەرجەمە :

ئەفەرموێ : هەرکەسێ حیکمەتی پێ‌ئیحسان بکرێ ئـەو کـەســە خێرێکی زۆری پێ‌ئیحسان‌کراوە • عیلمی ناوبردوە بەخێری زۆر •

(وقـل رب زدني علمـا)[4] •

تەرجەمە :

ئەمری بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کردوە کە طەلەبی زیادبوونی عیلم بکا لە خوا ـ جل جلاله ـ ئەگەر عیلم لـە هـەموو شت چاکتر نەبوایە خوا ئەمری بەحەبیبی خـۆی نەدەکرد کـــە طـــەلەبـی زیـادبوونی بکـا •

---

(١) واتە : لە ئێوە زەلامترو بەخۆوەتری دروست کردوە .
(٢) آل عمران / ٧ .
(٣) البقـرة / ٢٦٩ .
(٤) طـه / ١١٤ .

(هل يستوي الذين يعلمون والذين لا يعلمون ؟ إنما يتذكر أولـو الالبــاب)[1] .

تەرجەمە :

نەفی موساواتی کردوە لە بەینی عالیمو غەیری عالیما کـە عـالیـم گـەورەترە .

(يرفع الله الذين آمنوا منكم والذين أوتوا العلم درجات)[2].

تەرجەمە :

ئەوانەی کە لە ئێوە ئیمانیان هێناوەو ئەوانەی کە عیلمیان پـێ عەطاکراوە خوا بە گەلێ پایە بڵندیان ئەکاتەوە بەسەر غەیری ئەوانا لە دوای ئیمان عیلمی کردوە بە ئەسبابی پایەبڵندیی لە دنیاو ئاخیرەتا (سـوورەی موجـادەلـە) .

(إنما يخشى الله من عبـاده العلمـاء)[3] .

تەرجەمە :

هەر عالمانە لە خوا ئەترسن ، چونکە ئەوان چاکی ئەناسن ، ئەزانـــن کە چەندە گەورەیە ، چەندە بـە قودرەتە ، چەندە قاهیرە ، چەندە مونعیمو موکریمە ...(والحاصل) هەر ئەوان موططەلیعن بەسەر صیفاتی جەلالیەو جەمالیەیا لەبەر ئەوە ناوێرن موخالەفەی ئەمرو نەهی ئەو بکەن ئەترســن نیعمەتو رەحمەتیان لێ ببڕێ .

العلماء ورثـة الأنبياء ورّثوا [ومجردا] العلم من أخذه ـ أخـذ بحظ وافـر . ومن سلك طريقا يطلب به علما سـهل الله لـه طريـقا إلى الجنـة

(1) الزمر / ٩ .
(2) المجـادلـة / ١١ .
(3) فـاطر / ٢٨ .

م ـ [ما وجدته في جامعه • رشيد] ت وقال : حسن ح-١/١٦٣ معلقاً
د ، ابن حبـان ، حـاكم •

تەرجەمە :

ئەم حەدیثە پارچەیێـــکە لەوەی کـــە ئەوان ریوایەتیـــان کردوە • قەســـطەلانی •

عولەما واریثی ئەنبیان ، ئەنبیا ـ علیهم الصـــلاة والســـلام ـ عیلمیان داونێ بە میراث ، یاخۆ عولەما عیلمیان بە میراث وەرگرتوە لە ئەنبیا ـ علیهم الصـلاة والسلام ـ هەرکەسێ ئەو میراثـە کـە عیلمی ئەنبیایـە وەربگرێ بەشێکی زۆر زۆر وەرەگرێ • هەرکەسێ بۆ طەلەبی عیلم بـــە رێیێکا بڕوا خوا رێگەیێکی بەهەشتی بۆ سەهل ئەکا •

وقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ارحموا طالب العلم؛ فإنه متعوب البدن ، لولا أنه يأخذ بالعجب لصافحته الملائكة معاينة ، ولكن يأخذ بالعجب ، ويريد أن يقهر من هو أعلم منه • القسطلاني عن سـعيد بن جبير ١/١٦٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : رەحم بکەن بە طالیبی عیلم ؛ چونکە بە طەلەبی عیلم بەدەنی ماندوو بوە ، ئـەگەر عوجبی نەبوایە مەلائیکە بە ئاشکارا موصافەحەی لەگەڵ ئەکردن[1]• ئەمما عوجب ئەیگرێ کە غەڵەبە بکا بەسەر ئەوەدا کە لە خۆی عالمترە •

ئەم دوو حەدیثە ، ئەگەر چی بوخاریی بە موسنەدیی ریوایەتی نەکردوە ئەمما هەردوکیان صەحیحن دەلالەت ئەکەن لەسەر شەرەفی عیلـم کـــە چەندە زۆرە •

(١) راستتر وایە بگوترێ : موصافەحەیان لەگەڵ ئەکرد .

ئەم میقدارە لە فەضلو شەرەفی عیلما کافیە • لە قورئانا ئایاتی دائیر بە شەرەفی بێ حەددو حیسابە •

الكـذب على رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ

١/٣٤١ ـ علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ يخطب قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسـلم ـ لا تكذبوا عليَّ ؛ فإنـه من يـكذب عليَّ يلج النار م ـ ١/٩٢ ، ح-١/١٩٧ • جه • ولفظ ابن ماجـه : فـإن الكذب عليَّ يولج النـار •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : درۆ مەکەن بـە ددم منەوە ؛ چونکە هەرکەسێ درۆم بە دەمەوە بکا ئەچێتە ناو ئاگرەوە •

٢/٣٤٢ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أنه قال :=إنه= ليمنعني أن أحدثكم حديثا كثيرا [من هنا عن أبي هريرة م-١/٩٤ بلفظ : من كذب علي متعمدا] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من تعمد على كذباً فليتبوأ مقعده من النار م ـ ١/٩٣ ، ح-١/١٩٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تـعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : بە عەمدەن درۆم بە دەمەوە مەکەن ، هەرکەسێ درۆم بە دەمەوە بکا با جێی خۆی لـە ئاگرا خۆش بکا ! یەعنی ئەچێتە جەهەننەمەوە •

٣/٣٤٣ ـ قال المغيرة [رضي الله تعالى عنه] : سمعت رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إن كذبا عليَّ ليس ككذب على أحد، فمن كذب عليَّ =متعمدا= فليتبوأ مقعده من النار م-١/٩٤ •

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیــه وسـلم ـ فەرموویەتی : بەدەم منەوە درۆکردن وەك درۆ بە دەمـ=ەوەکردنی= هیچ کەسێ نیە ، هەرکەسـێ بـە عەمد درۆم بە دەمەوە بکا لە جەهەننەما جێ بۆ خۆی حازر بکا [چونکە درۆ بە دەم خەڵقەوە نابێ بە شەرعو ناخرێتە ناو دینەوە ، ئەمما درۆ بە دەم پێغەمەرەوە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەخرێتە ناو دینەوە ، خەڵق ئەوە بـە دین ئەزانن‌و عەمەلی پێ ئەکەن ، ئەو وەختە دین ئەگۆڕرێ وەك دینی جوولەکەو گاوری لێ یێ] •

٣٤٤/٤ ـ عن حفص بن عاصم قال : قال رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : کفی بالمرء کذبا أن یحدث بکل ماسمع • [هذا مرسل لأن حفصا تابعي ، لکن رواه مسلم في طریق أخری عنه عن أبي هریرة ـ رضي الله تعـالی عنـه ـ] م ـ ١٠٣/١ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەفەرموێ : بۆ پیاو کـە بـە درۆزن بژمێررێ ئەوەندە کافیە کە هەرچی بیست بێنێ ریوایەتی بکا •

یەعنی ئینسان شتێکی بیست لە دین تا بە طەریقێکی صەحیح لێـی مەعلووم نەبێ کـە لـە دینە حەرامـە ریوایەتی بکا • حەدیثی بەیضاوی‌و (قوت القلوب)و (احیاء العلوم) چونکی لەو کیتابانەدا لەگەڵ ئەمە کـــە زۆر موعتەبەرن ، ئەحادیثی مەوضووعە بێ حەددو حسابە ، دروست نیـە تا تەصحیح نەکرێن ریوایەت بکرێن •

٣٤٥/٥ ـ عن عبدالله بن مسعود ـ رضي الله تعالی عنه ـ موقوفا قال: بحسب المرء من الکذب أن یحدث بکل ماسمع • وعن عمر ـ رضي الله تعالی

عنه – قال مالك – رضي الله تعالى عنه – : إنه ليس يسلم رجل" حدث بكل ماسمع ، ولا يكون إماما أبدا وهو يحدث بكل ماسمع م – ١/١٠٦ • أثر •

تەرجەمە :

ئیمامی مالیك ئەفەرموێ : پیاو کە هەرچی بیستو ریوایەتی کـــرد قەط لە درۆکردن سالم نابێ ، قەط نابێ بە ئیمام ؛ چونکی حەدیثی درۆیش ریوایەت ئەکا بە درۆزن شوهرەت ئەبەستێ ، کەس ئیعتیبار بە قسەی ناکا با علیمیشی ئەوەندە زۆر بێ کە وەکوو بەحر شەپۆل بدا • م – ١/١٠٦ •

ئیبنومەهدی ئەڵێ : ئینسان تا خۆی نەگرێ لە ریوایەتکردنی بەعزێ لەوانەی کە بیستویەتی نابێ بە ئیمامێ خەڵق ئیقتیدای پێ بکا •

٦/٣٤٦ – عن سفيان بن حسـين قال : سألني أياس بن معاوية ، فقال: إني أراك قد كلفت بعلم القرآن ، فاقرأ عليّ سورة وفسر حتى أنظر فيمـا علمت • قال : ففعلت • فقال لي : احفظ =عليّ= ما أقـــول لك ؛ إيـاك والشناعة في الحديث ! فإنه قلّ ما حملها احد إلا ذلّ في نفسه وكذب في حديثه م – ١/١٠٦ (أثـر) •

تەرجەمە :

سوفیانی بنی حسەین ئەڵێ : ئەیاسی کوڕی موعاویە لێی پـرسـیم وتی : وات ئەبینم کە عاشقی علیمی قورئانی ، سوورەتێکـم بۆ بخوێنەو تەفسیری بکە تا تێفکرم علیمت چۆنە • ئەڵێ : ئەوەمکرد • ئەیاس پێیوتم: ئەوی پێت ئەڵێم =بۆمی= حیفظ بکە : زینهار لە حەدیثا شتی قـەبیـح مەکـە ! چونکە ئەوانەی کە حامیلی علیمی حەدیثن کەمیان هەیە کە خۆی لە حەددی ذاتی خۆیا رەذیلو رسـوا نەبووبێ ، لـــە حەدیثەکەیا بەدرۆ نەخرابێتەوە •

٣٤٧/٧ - عبدالله بن مسعود - رضي الله تعالى عنه - قال (فەرمووی): ما أنت بمحدث قـومـا حديثـا لا تبلغـه عقـولهم إلا كـان لبعضـهم فتنـة م - ١/١٠٦ (أثـر) .

تەرجەمە :

عەبدوولّلا - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : هیچ حەدیثێ ئیە کە ریوایەتی =بکەیت= بۆ قەومێك و قەومەکە عەقلّیان بەو حەدیثە نەشکێ ئیللا ئەو حەدیثە نەفعی بۆ ئەو قەومە نابێ ، بەلّکو ئەبێ بە فیتنە بۆیـان [ئەبێ بە ســـەبەبی تـەکـذیبی ئەحادیثی صەحیحەیش بۆیـە حوذەیفـەو ئەبوهورەیرە گەلێ حەدیثیان ئیخفا کردوە لە خەلّق] .

٣٤٨/٨ - عن سلمة بن الأكوع [من شجعان الأصحاب - رضي الله تعالى عنهم-] قال : سمعت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : من يقل عليّ مالم أقل فليتبوأ مقعده من النار ح - ١/١٩٨ .

تەرجەمە :

هەرکەسێ بە دەم منەوە شتێك بلّێ کە نەموتووبێ جێی خۆی لـــە جەهەننەما حازر بکا . حەدیثەکانی پێشوو شاملی : قـەول و ، فیعـل و ، تەقریر یێن ، ئەم حەدیثە خاصە بە قەولەوە کە بلّێ پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی (مثلا) .

٣٤٩/٩ - عن عبدالله بن الزبير [رضي الله تعـــالى عنهما] قال : قلت للزبير : إني لا أسمعك تحدث عن رسول الله -صلى الله تعالى عليه وسلم- كما يحدث فلان وفلان . قال : أما إني لم أفارقه ولكني سمعته يقول : من كذب علي فليتبوأ مقعده من النار ح - ١/١٩٧ .

تەرجەمە :

عەبدولّلای کوڕی زوبەیر - رضي الله تعـالى عنهمـا - ئـەلّێ : بـە

زوبەیرم وت : هیچ لێت‌نابیەم کە حەدیث لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وە ریوایەت بکەی وەك فلان‌و فلان ؟ زوبەیر ـرضی الله تعالی عنەـ فەرمووی : خەبەردار بە کە من لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ جویێ نەبوومەوە ، ئەمما لێم بیســـت کـــە ئەیفـــەرموو : هەرکـەسـێ درۆم بـە دەمەوە بکا جێگەی خۆی لە ئاگرا حازر بکا •

١٠/٣٥٠ ـ آبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] يقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: يكون في آخر الزمان دجـالـون كـذابون يأتونكم من الأحاديث بمالم تسمعوا أنتم ولا آباؤكـم فإياكـم وإياهـم ، لا يضلونكم ولا يفتنونكم م ـ ١/١٠٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : لە ئاخری زەمانا گەلێ دەججالی درۆزن ئەبن ، گەلێ حەدیثی درۆتان بۆ یێنن کە نەخۆتان نە باوکتان نە باپیرتان نەیبیستبێ ، ها ! خۆتانیان لێ بپارێزن تـا رێتـان پێ‌ون‌نەکەن ، تووشی فیتنەتان نەکەن •

١١/٣٥١ ـ قال عبدالله [بن مســـعود ـ رضي الله تعالى عنهـ] : إن الشيطان ليتمثل في صورة الرجل ، فيأتي القوم ، فيحدثهم بالحـــديث من الكذب ، فيتفرقون ، فيقول الرجل منهم : سمعت رجلا أعرف وجهه ولا أدري ماسمه يحدث م ـ ١/١٠٨ (أثر) •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای =کوڕی مەسعوود= ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ: شەیطان ئەچێتە صوورەتی پیاوەوە ، یێتە لای قەومێ حەدیثی درۆیان بۆ ریوایەت ئەکا ، لە پاشا ئەو خەڵقە بڵاوئەبنەوە ، پیاوێ لەوانە (مثـلا)

ئـەڵێ : لە پیاوێکم بیست شکڵی ئەناسم ئەمما ناوی نازانم =حـەدیثـی ئـەگێڕایـەوە= •

حەدیثێ لە کەسێکەوە کە مەجهوول بێ ناوی نەزانرێ موعتەبـەر نیە • ئەبێ بزانرێ کە کێیە ، حەدیثی موعتەبەرە موعتەبەر نیە ؟

٣٥٢/١٢ ـ عبدالله بن عمرو بن العاص [=رضي الله= تـعالى عنهما] قال : إن في البحر شياطين مسجونة أوثقها سليمان بن داود [عليهما الصلاة والسلام] يوشك أن تخرج فتقرأ على الناس قرآنا م ـ ١٠٩/١ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای [عەبدوڵلا یانزە یا دوانزە ساڵ لە باوکی بچووکتر بووە• نەوەویی • ئەبێ عەمر چەند ساڵ بووبێ ژنی هێنابێ ؟ بە چەند ساڵە بلووغی بووبێ ؟!] بنی عەمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : لە بەحرا بەعزێ شەیاطینیی هەن مەحبووسن ، حەزرەتی سولەیمان ـعليه الصلاة والسلامـ پێوەندی کردوون ، نزیکە بێنەدەرێ قورئان بۆ خەڵق بخوێنن • [یەعنی شتێك بە قورئان ئەخوێنن ، ئەمما قورئان نیە • وەك قورئانـی شیعە دە جزمیان لێ زیاد کردوە • مەقصوودی وایە کە بە هەموو کەس باوەڕ مەکەن بەڵکو ئەو کەسە لەو شەیاطینیانە بێ] •

٣٥٣/١٣ ـ عن طاوس قال : جاء هذا إلى ابن عباس [رضي الله تعـالى عنهما] يعني بشير بن كعب [الأحبار] فجعل يحدثه ، فـقال لـه ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : عد لحديث كذا وكذا ، فعاد له ، فقال =لـه=: عد لحديث كذا وكذا فعاد له • فقال =له= : ما أدري أعرفت حديثي كله وأنكرت هذا ؟ أم أنكرت حديثي كله وعرفت هذا ؟ فقال له ابـن عبـاس [رضي الله تعالى عنهما] : إنا كنا نحدث عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه

وسلم ـ إذ لم يكن يكذب عليه ، فلما ركب الناس الصـــعب والذلولَ تركنا الحديث عنه م ـ ١/١١٠ •

وعنه ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال: إنما كنا نحفظ الحديث والحديث يحفظ عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأما إذا ركبتم كل صعب وذلول فهيهـات ! م ـ ١/١١٠ •

تەرجەمە :

ئـەم دوو ئەثەرە يەكێكن • طاووس ئەڵێ : ئەمە ـ يەعنی بوشەیری بنی كەعب ـ هاتە لای ئیبنوعەباس [رضي الله تعالى عنهما] دەستی كـرد بـە حەدیث ریوایەتكردن بۆی ، ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما] پێی فەرموو : ئیعادەی فلانوفلان حـەدیث بكـــەرەوە ، ئـەویش بـۆی ئیعادەكردوە • فەرمووی : عەودەتكەرەوە بۆ ئەو حەدیثەو ئەو حەدیثە • بوشەیر عەرزیكرد : نازانم هەموو حەدیثێكی من ئەزانی كە حەدیثەو تەنها ئەم حەدیثە ئینكار ئەكەی ؟ یا هەر ئەمەت لێ مەعلوومەو ئینكاری ئەوانی تر ئەكەی ؟ ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : ئێمە لــــە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حەدیثمان ریوایەت ئەكرد كـە درۆی بە دەمەوە نەدەكرا ، ئەمما كە خەڵق ســـواری هەموو وشترێـكی تەعلیمدراوو تەعلیمنەدراو بوون ، یەعنی موبالاتیان نـەكـرد بە حەدیثی راستو درۆ ، ئێمە تەركی ریوایەتمان كرد لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى علیـه وســـلم ـ •

لە حەدیثەكەی ترا ئەفەرموێ : ئێمە لە وەختێكا لە پێغەمەرەوە ـصلى الله تعالى علیه وسلم ـ حەدیث حیفظ ئەكراو درۆی تێكەڵ نەئەكرا حەدیثمان حیفظ ئەكرد • ئەمما كە خەڵق سواری هەموو تەعلیمدراوو تەعلیمنەدراوێ بوون هەیهات كە ئێمە حەدیث حیفظ بكەینو ریوایەتی بكەین ! یـەعنی

خەڵق حەدیث هەڵبەستن‌و ئەڵێن : ئیبنوعەباس لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ریوایەتی‌کردوە !

١٤/٣٥٤ ـ عن مجاهد قال : جاء بشير العدوي إلى ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] فجعل يحدث ويقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فجعل ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] لا يأذن لحديثه ولا ينظر إليه فقال : يا ابن عباس ما لي لا أراك تسمع لحديثي ؟ أحدثك عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ولا تسمع ؟ فقال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : إنا كنا مرة إذا سمعنا رجلا يقول قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ابتدرته أبصارنا وأصغينا إليه بآذاننا . فلما ركب الناس الصعب والذلول لم نأخذ من الناس إلا مانعرف م ـ ١/١١٠ .

تەرجەمە :

ئەمەیش هـــەر حەدیثـــەکـانی پێشووە ، ئەوەندە هەیە ئـەم لـە موجاهیدەوەیـە . ئەفەرموێ : بوشەیری عەدەویی هاتە خزمەت ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ دەستی پێکرد : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـە وسلم ـ فەرمووی ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی ... ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ هیچ گوێی نەدەدایە حەدیثەکەی ، بوشەیر وتی : ئەی ئیبنوعەباس بۆچی ناتبینم کە گوێ بدەیتـــە حەدیثەکەم ؟ من لـــە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حەدیثت بۆ ئەخوێنمەوەو کەچی گوێی نادەیتێ ؟ ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : ئێمـە وابووین ئەگەر دەفعەیێ لە پیاوێکمان ببیستایە بڵێ کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی ، جێ‌بەجێ هـەمـوو چاومان ئەکردە ئـەو کەسەو گوێمان رائەگرت بۆ حەدیثەکەی ، کە خەڵق سواری تەعلیم‌دراوو

تەعلیم‌نەدراو بوون غەیری حەدیثێ کە لێمان مەعلوومە کە راســـتە هیچ حەدیثێ لە خەڵق وەرناگرین •

١٥/٣٥٥ ـ عبدالله بن زهير عن =ابن= أبي مليكة [قاضي ابن الزبير ـ رضي الله تعالى عنهم ـ] قال : كتبت إلى ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] أسأله أن يكتب لي كتابا ويخفي عني • فقال : ولد ناصح أنا أختار لــه الأمور اختيارا وأخفي عنه • قال : فدعا بقضاء علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ فجعل يكتب =منه= أشياء ويمر به الشيء فيقول : والله ما قضى بهذا علي إلا أن يكون ضل م ـ ١/١١١ •

تەرجەمە :

ئیبنوئەبی‌مولەیکە وتی : نووسیم بۆ لای ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهم ـ لێم‌طەلەب‌کرد کە بەعزێ شتم لە ئەحادیث‌و ئاثار بۆ بنووسێ ، ئەوی کە شوبهەی تیایەو نەشری موضیڕە لێم‌بشارێتەوەو بۆم نەنووسێ ، تا بڵاونەبێتەوە بە ناو خەڵقا بەوە زەرەر بە عەقیدەیان بگا • ئیبنوعەبـاس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : کە ئیبنومولەیکە وەلەدێکی ناصیحــە کە ئیحتیاط ئەکا لە نەشری شتێ کە زەرەری بێ بۆ خەڵق • بەعزێ شـتی بۆ ئینتیخاب ئەکەم‌و بۆی ئەنووسم ، بەعزێکیشی لێ ئەشارمــەوە بـۆی نانووسم •

عەبدوڵڵای بنی زوهەیر ئەڵێ : ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەو کتێبەی کە حوکمی ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـی تیا نووسرابوو هێنای‌و دەستی بە نووسینی بەعزێ شت لەو کتێبە کرد ، بە لای بەعزێ شتا رائەبورد ئەیفەرموو : وەڵڵاهی ئیمامی عــەلی قەط حـوکمـی بەمە نەکردوە ، مەگەر رێی ونکردبێ‌و لە حەق لای‌دابێ •

لـە بەعزێ نوسخەی موسلیما لـە بـاتی (أخْفي) و (يُخْفي) (أحْفي) و(يُحْفي) نووسراوە - بە جێی بێ نوقطە- یەعنی ئیمساکی بەعزێ حەدیثم لێ بکە هەمووم بۆ مەنووسە ، ئەوانەی کە لازم بێ بـۆم بنووسە ، شتی بێ فائیدە یا موضیڕم بۆ مەنووسە (من النووي). حوکمی ئـەم ئەثەرە وایە کـە :

١ - نەشری ئەشیای موضیڕە لە ناو خەڵقا چاك نیە ، حەتتا نـەك لــە جاهیل ، لە عالمیش شاردنەوەی باشە ، خوصووصەن لـە عـالمێ کە دینی بە دنیا ئەفرۆشێ .

٢ - مەسئەلەیێ لە ئینسان پرسرا بە قەد مەسئەلەکە لازمە جواب بدرێتەوە

٣ - عیلم نابێ لە ئەهلی کەتم بکرێ .

٤ - سوئال لە شتی بێ لوزووم وە یا موضیڕ زەرەری هەیە .

٣٥٦/١٦ - عن طاووس [التابعي الزاهد الصالح] قال : أتي ابن‌عباس [رضي الله تعالى عنهما] بكتاب فيه قضاء عليّ - رضي الله تعالى عنه - فمحاه إلا قدر ، وأشار سفيان بن عيينة بذراعه م - ١١١/١ .

تەرجەمە :

کتێبێ کە حوکمی ئیمامی عەلی - رضي الله تعالى عنه -ی تیـــــا نووسرابوو هێنرایە لای ئیبنوعەباس [رضي الله تعالى عنهما] ئیبنوعەباس هەمووی مەحو کردەوە ئیللا بە قەدەر [وەکو طۆمار بوە] سوفیانی بنـی عویەینە کە راویی حەدیثەکەیە ئیشارەتی ئەلای بازووی خۆی کرد ، یەعنی بەقەدەر ذیراعێکی هێشتەوەو مەحوی نەکردەوە .

ئەگەیێنێ مەحوی شتی موضیڕ شتێکی باشە ، هێشتنەوەی مووجیبی فیتنەیە .

أبو إسحاق قال : لما أحدثوا تلك الأشياء بعد علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال رجل : من أصحاب عليّ : قاتلهم الله أي علـــم أفســـدوا !؟ م ـ ١١٢/١ •

تەرجەمە :

ئەوانەی خۆیان بە شیعەی ئیمامی عەلی ئەزانن کە ئەو شـــــتانەیان ئیحداث کردو تێکەڵیان کرد بە قسەی ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئیسنادیان دایە ئەلای ئەو کە ئێستە مەذهەبو ئایینی شیعەیە ، یەکێ لــە ئەصحابی ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : بە لەعنەت بن چ عیلمێکی باشو گەورەیان تێك دا !؟

١ ـ مەذهەبی شیعە هەرچی موخالیفی مەذهەبی ئەهلی سونەت بـــێ هەمووی درۆیە بە دەم ئیمامی عەلیەوە هەڵبەستراوە •

٢ ـ لەعنی ئەهلی بیدعەت بە بێ تەعیینی شەخص دروستە •

٣ ـ گۆڕینی حوکمی شەرعیی حەرامە •

٣٥٧/١٧ (عن محمد بن سيرين قـال : إن هـــذا العلـم ديـن") : ئـەم عیلمە دینــە (فانظروا) : تێفکرن (عمن تأخـذون دينكـم) : کــە دینی خۆتان لە کێ ئەخذ ئەکەن ؟ یەعنی ئیعتیماد مەدەنە سەر قسەی هەموو کەسێ ، دینی ، عیلمی بە قووەت نەبێ عیلمی لێ فێر مەبن م ـ ١/١١٧ •

٣٥٨/١٨ ـ وعنه لم يكونوا يسألون عن الإسناد ، فلما وقعت الفتنة قـالـوا : سمّوا لنا رجالكم ، فَيُنْظَر إلى أهل السنة فيؤخذ حديثهم ، وينظر إلى أهل البدع فلا يؤخذ حديثهم م ـ ١١٧/١ •

تەرجەمە :

لەوەپێش لە ئیسنادیان نەدەپرسییەوە [نەیانەوت : ئەم حەدیثەت لــە

کێ بیستوه ؟ چونکه له حەدیثا درۆکردن نەبوو] که فیتنه هەڵسا له بەینی خەڵقا [دەستکرا به شەڕو شۆڕ ، هەر فیرقەیێ بۆ مەنفەعەتی خۆی دەستی کرد به حەدیثی درۆ هەڵبەستن] عولەمای دین به راویەکانیان ئەوت : ناوی ئەو پیاوانه بەرن که حەدیثیان لێ ریوایەیەت ئەکەن تا تێفکرێ که راویەکەی له ئەهلی سوننەته تا حەدیثەکەی قەبووڵبکرێ ، یا ئەهلی بیدعەته کــــه حەدیثەکەی لێ قەبووڵ نەکرێ •

[ئێسته پێی ناوێ له ئیسناد بپرسرێتەوه ؛ چونکه ئەحادیث له طەرەفـــی عولەمای حەدیثەوه ـ خوا موکافاتیان بداتەوه ـ له کەو دراوه ، هیچ مرۆرو زیزانەی تیا نەماوه ، ئەوی لازم بێ بۆ ئێمەمانان ریوایەتکردنه لــه کتێبی موعتەبەری ئەئیممەی موعتەبەرەوه وەك کوتوبی سیتته • موسنەدی ئیمامی ئەحمەد ، موەططەئی ئیمامی مالیكو سائیره ـ رضي الله تعالى عن مدونيها ـ تەنها له خوصووصی حەدیثا ، نەك له ئەخلاقا لازمه ئینسان له کتێبی وەعظو نەصیحەتو حیکایەو کتێبی صۆفییه ئیحتیاط بکا ، به تەحقیقی بگەیێنێ ، ئەمجا بڵێ (قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ)به ئێمەمانانیش تەحقیق ناکرێ ، که وابوو هەروا چاکه که هەر لەو کتێبانه نەقڵی حەدیـث بکەین • له کتێبی صۆفییه ـ شکر الله سعيهم ـ هەر ئەخلاق فێر ببین ، حەدیثیان لێ ریوایەت نەکەین] •

۳٥۹/۱۹ ـ عەبدوڵڵای بنی موبارەك ئەڵێ : ئیسناد له دینه ، ئەگەر ئیسناد نەبوایه هەرکەسێ چی هەوەس هێنا ئەیوت م ـ ۱/۱۲۱ •

۳٦۰/۲۰ ـ ئیبراهیمـــی بنـــی عیســـای طالەقانیی ئەفەرموێ : بــه عەبدوڵڵای بنی موبارەکم وت : ئەو حەدیثەی که ئەڵێ : له چاکەی دوای چاکەیه که لەگەڵ نوێژی خۆتا نوێژیش بۆ دایكو باوکت بکەی ، لەگەڵ رۆژووی خۆتا رۆژوویان بۆ بگری ••• عەبدوڵڵا فـــەرمووی : ئـەم

حەدیثەت لە کێ بیستوە ؟ وتم : لە شەهابی بنی هیراش ٠ فـەرمـووی : موعتەبەرە وثووقی پێ ئەکرێ ٠ ئەو لە کێی ریوایەت کردوە ؟ وتم : لـە حەججاجی بنی دینارەوە ٠ فەرمووی ثیقەیە بڕوای پێ ئەکرێ٠ فەرمووی : ئـەو لـە کێوە ؟ وتم : وتی : لـە پێغەمەر ـ صلی اللە تعـالی علیه وسلم ـ فەرمووی ٠ عەبدوڵلا فەرمووی : یا ئەبائیسحاق [کونیەی ئیبراهیمە] لـە بەینی حەججاجی بنی دیناراو پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیه وسلم ـ! چەند بیابان هەیە کە چەند وشتر تیایا ملی ئەشکێ [یەعنی ئیشتا ئینسان نایگاتێ ؛ چونکی حەججاج تابیعی تابیعینە ، هیچ نەبێ لـە بـەینی ئـەوو پێغەمەرا ـ صلی اللە تعالی علیه وسلم ـ ئەبێ تابیعیێك ببێ کە حەججاج لێی ریوایەت کردوە ، لە بەینی ئەو تابیعییەو پێغەمەریشا ـ صلی اللە تعالی علیه وسلم ـ ئەبێ صەحابیێك ببێ کە ئەو تابیعییە لێی ریوایەت کـردوە ، صەحابییەکەیش لە پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیه وسـلم ـ خۆ ئـەگـەر حەججاج لە تابیعی تابیعی ببیستێ ئەویش لە یەکێکی تر ، ئەویش لـــە تابیعیی ئەو تابیعییەیش لە تابیعیێکی تر ، ئەمجا ئەو لە صـەحابە ، ئـەو صەحابەیش ئیحتیمالی هەیە لە صەحابەیێکی تر٠٠٠ بەم نەوعە حیســـابە بکرێ حەددو حیسابی واسیطە ناکرێ ! (بناء علیـه) تەحقیقی صیححەتی ئەو حەدیثە زۆر موشکیلە] ئەمما شك لە صەدەقەدا نیە کە بۆیان بکرێ [لە زەکاتایە] م ١/١٢٣ ٠

مەعنای ئەمە کە لە صەدەقەدا خیلاف نیە ، یەعنی ئەم حەدیثە ئەگەر لە پێش صەحابییەوە یەکێ تەرك کرابێ مەقطوعە ، ئەگەر زیاتـر تـەرك کرابێ موعضیلە ، هەرکامێکیان بێ نابێ بە حوججەت ، ئەمما خیلافی عولەما نیە لەمەدا کە دروستە صەدەقەی بۆ بکرێ ٠ لە نوێژو ڕۆژووا بۆ مـردوو خیلاف هەیە کە پێی ئەگا یا نا ؟ مەذهەبی شافیعیو جومهووری عولـەما

وایە ڕۆژوو ئەگەر واجب بێ‌و مردوەکە لە وەختی خۆیا نەیگرتبێ ئەگەر وەلییەکەی ، یا کەسێکی تر بە ئیذنی ئەو بۆی بگرێتەوە ، لای قــەولی مەشهووری شافیعیی دروست نیە • فەقەط بە قەولێکی تری کە ئەصحابی موتەئەخخیرینی شافیعیی تەصحیحی ئەو قەولەیان کردوە دروستە (إن شاء الله) لە بەحثی صەوما بێت • قورئان بۆ خوێنشی لای شافیعی ثـەوابی ناگا بە مردوەکە ، لای بەعزێ ئەصحابی پێی ئەگا •

چەند جەماعەتێ لە عولەما فەرموویانە : مردوو ثـەوابـی هـەموو عیبادەتی پێ ئەگا ، نوێژ بێ ، ڕۆژوو بێ ، قورئان خوێنن بێ ••• هەرچی‌یێ بێ فەرقی نیە • عەطای بنی ئەبی رەباح‌و ، ئیســـحاقی بنـی راهەوەی وتوویانە : دروستە نوێژی بۆبکرێ• ئەبو سەعد لە ئەصحابی موتەئەخخیرینی شافیعیی ئیختیاری ئەوەی کردوە • ئەبومحەمەدی بەغەویی وتـوویەتی : دوور نیە کە لە باتی کوللی نوێژێ موددێ طەعامی بۆ بدا • فەقەط ئـەم مەذهەبانە هەموو زەعیفن قیاسیان لە دۆعاو صەدەقەو حەج کردوە• دەلیلی شافیعیی ـ رضـي الله تعــالی عنـــه ـ ئایەتی (وأن لیس للإنســـان إلا ماسعی)[1]یە • هەم حەدیثی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کـە فەرموویەتی : بەنی ئادەم کە مرد غەیری سێ شت هەموو عەمەلی ئەبڕێتەوە• ئەو سێ شتە : صەدەقەی جارییە کە وەقفە • عیلمێکە کە لە دوای مردنی خەڵق نەفعی لێ ببینێ • وەلەدێکی صالیح کە دۆعای بۆ بکا • نەوەویی •

[فەقەط لای من ـ کە هیچ نازانم ـ قیاس بابێکی واسیعە ، فەضل‌و رەحمەتی خوا گەلێ لەوە واسیعترە ، بێ حەددو پایانە • قەرزدانەوە بـۆ زیندوو ، هیبەو تەملیکی ماڵ بەزیندوو بۆ دروســـتە ؟ هیبەی ثـەوابی عیبادەت بە مردوو بۆ دروســـــت نیە ؟ دەرحەقی ڕۆژووبۆگرتنی لـــە

(١) النجـــم / ٣٩ •

(صوم)ا ، صەدەقەبۆکردنی لە زەکاتا ، حەج بۆکردنی لە حەجا ئەحادیثی صەحیحە هەیە • هەریەك لە بەحثی خۆیا (إن شاء الله) ذیــکر ئەکــرێ • عیبادەتو ئیحسانی تر لەمانە چ فەرقێکی هەیە ؟ (والله أعلم) رەشید]•

٣٦١/٢١ ـ عەبدوڵلای بنی موبارەك [رحمه الله تعالى] بە ئاشکرا لەناو خەڵقا ئەیفەرموو : حەدیثی عەمری بنی ثابیت تەرك بکەن ؛ چونکە جوێنی بە سەلەف ئــەدا •

عەدالەت شەرتە بۆ صیحەتی ریوایەت ، حەدیثی فاسق موعتەبــەر نیــە م ـ ١/١٢٤ •

٣٦٢/٢٢ ـ ئەبوعەقیل کە طەلەبەی بوهەییەیە [ژنێکە لــە حەزرەتی عایشەوە ، ئەبوعەقیلیش لەوەوە ریوایەت ئەکا] =ئەڵێ= : لای قــاسمی کوڕی عوبەیدوڵلای کوڕی ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ و کوڕی ئوممو عەبدوڵلای کچی قاسمی کوڕی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکری صەدیق رضي الله تعالى عنهم ـ ئەو قاسمە لە باوکەوە ئەچێتەوە سەر ئیمامی عومەر، لە دایکەوە سەر ئیمامی صەدیق ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] لای ئەوو لای یەحیای بنی سەعید [یەعنی ئیبنولقەططان] دانیشتبووم ، یەحیا بە قاسمی وت : (یا أبا محمد) قەبیحە لە ئینسانی وەکوو تۆو زۆر گــەورەیە کــە شتێکت لەم دینە لێ‌بپرسرێو لەو شتە عیلمت لەلا نەبێو فەرەجو فەرەحێکت لە لا نەبێ ! قاسم فەرمووی : لەبەر چی ؟ یەحیا فەرمووی : چونکی کوڕی دوو ئیمامی رێی هیدایەتی کە عومەرو ئەبوبەکرە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قاسم فەرمووی : وەڵلاهی لەوە گەلێ قەبیحترە لای کەسێ کە لە خواوە ـ عز وجل ـ عەقڵی پێ‌ئیحسان کرابێ کە بە بێ عیلم قسە بکەم ، یــا لە غەیری پیاوی مەوثووق عیلم فێربیم• عەقیل وتی: یەحیا سکووتی کرد جوابی قاسمی نەدایەوە • یەعنی قسەی قاسمی لە لا موعتەبەر بوو •

لە ریوایەتێکی ترا کە هەر لە عەقیلەوەیە ئەڵێ : کوڕێکی عەبدوڵلای بنی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ شتێکیان لێ پرسیو لەو شتەدا عیلمی لە لا نەبوو • ئەو وەختە یەحیای بنی سەعیدی قەططان پێیوت : لە تۆوە زۆر گەورەیە کە کوڕی دوو ئیمـامی رێگـەی هیدایەتیو شتێکت لـێ بپرسرێو لەوەدا مەعلووماتت نەبێ ! قاسم فەرمووی : لەوە وەڵلاهی گەلێ گەورەترە لە لای خواو لای ئەو کەسە کە لە طەرەفی خواوە عـەقڵی پێ ئیحسان کرابێ کە بە بێ عیلم قسە بکەم یا لە غەیری مەوثووق ریـوایەت بکەم • عەقیل خۆی لای یەحیاو قاسم بوو کە یەحیا ئەوەی پێ وتو قاسم جـوابی دایـەوە •

موسلیم تەفسیری دوو ئیمامی هیدایەت بە عەبدوڵلای ئیبنی عومەرو عومەر ئەکاتەوە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لەگەڵ پێشووا مونافاتـی نیـە م ـ ١/١٢٥ ـ ١٢٧ •

یەحیای بنی سەعید ئەفەرموێ : لە سوفیانی ثەوریو لە شوعبەو لە ئیمامی مالیكو سوفیانی بنی عویەینەم پرسیـــی وتم : پیاوێ لە حـەدیثا حیفظی بە قووەت نیەو ظەریف تەثبیتی حەدیثەکەی ناکـا ئـایـا دروستە کە لێیان پرسیم بڵێم : ئەو کەسە بێ دیقەتە ؟ فەرموویان : خەبەری لێ بدە کە بێ دیقەتە م ـ ١/١٢٧ •

حەدیثی شەهریان پرسی لە ئیبنوعەون ، وتی : شەهریان داوەتە بەر تێزەی زمان ، شەهریان داوەتە بەر تێزەی زمان • یەعنی خـەڵق طـەعنیان لێداوەو حەدیثی موعتەبەر نیە • فەقەط لە پاشا تەوثیـق کـراوە ، ئـەوەی ئیسناددراوەتە ئەلای کە وتوویانە جانطای رەفیقی خۆی دزیوە •• درۆیە•

(هذا القدر في الكذابين في الحديث كاف ووافٍ) ئینسان لازمە لە (قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ)ا زۆر بـە ئیحتیاطو بـــە دیقـــەت بـێ •

٣٦٣/٢٣ ـ وقال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] كونوا ربـانيين حلماء فقهاء علماء • ويقال : الرباني الذي يربي الناس بصغار العلم قبـل كبـــاره خ ـ ١/١٦٥ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە تەفســـیری (کـــونـــوا ربانیین)[١] فەرموویەتی : حەلیم بن ، فەقیهـ بن • عالم بن • یـەعنـی (ربانیین) مەنسووب بن ئەلای (رەب) کە ذاتی بارییە ـ عز وجل ـ•

بەعزێ لە عولەما وتوویانە : مەعنای (ربانیین) ئەوەیە کە تەربییەی خەڵق ئەکا بە عیلمی بوچووك لە پێش عیلمی گەورەدا بە تەدریج تەعلیمو تەربییەی خەڵق ئەکا لە عیلما ، لە پێشا عیلمی سووکیان فێر ئەکا ، لە دواییا عیلمی قورس • وردە ، وردە خەڵق ئەکەن بە عالم ، ئەگەر وا نـەکـرێ کەس فێری عیلم نابێ •

٣٦٤/٢٤ ـ عن ابي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : بينما النبـي ـصلى الله تعالى عليه وسلمـ [جالس] في مجلس يحدث القوم جاءه أعرابي فقال : متى الساعة ؟ فمضى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـه وســـلم ـ يحدث • فقال بعض القوم : سمع ما قال فكره ما قال • وقال بعضهم : بل لم يسمع • حتى إذا قضى حديثه قال : أين أُراه السائل عن الساعة ؟ قـال : ها أنا يارسول الله • قـال : فإذا ضيعت الأمانة فانتظر الساعة • قـال : كيف إضـاعتهـا ؟ قـال : إذا وســد الأمر الى غير أهلـه فانتظـر الســـاعة ح ـ ١/١٥١ •

---

(١) آل عمـــران / ٧٩ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە - رضي الله تعالى عنه - ئەڵێ : وەختێ کە پێغـەمـەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە مەجلیسێکا تەشریفی دانیشتبوو قســەی بۆ خەڵق ئەفەرموو ، عەرەبێکی بەڕڕانیی هات وتی : کـــەی قیـامـەت هەڵەستێ ؟ پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە حەدیثەکەیا دەوامی فەرموو ، قەطعی نەکرد ، بەعزێ لە خەڵقەکە وتیان : گـوێـی لێ بــوو سوئالەکەی پێ ناخۆش =بوو= یەعنی بۆیە جوابی نەدایەوە • بەعزێکیان وتیان : خەیر گوێی لێ نەبوو • تا پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرموودەکەی خۆی تەواوکرد ئەمجا فەرمووی : لە کوێیە [محەمەدی بنی فلەیح ئەڵێ :] وا بزانم کە فەرمووی : ئەوی لە ساعەتی پرسیی ، لە کوێیە ؟ عەرەبەکە وتی : ئەوی لە ساعەتی پرسیی منم (یا رسول الله) پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : هەروەختێ ئـەمـانەت ضائیع کرا موتەظیری قیامەت بە • عەرەبەکە وتی : ضایعکردنی ئەمانەت چۆن ئەبێ ؟ پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : کە ئیش بە نائەهل سپێررا موتەظیری ساعەت بە •

(١) ئەم حەدیثە موعجیزەیێکی گەورەیە کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - خەبەری لێداوە • ئەمانەت دەمێکە بە ضائیع دراوە ، ئیش هەمووی دراوەتە دەست نائەهل ، ئێستەیش هەروایە ، هەموو ئیشـــی گەورە گەورەی میللەت کامیان بەدەست ئەهلەوەیە ؟

(٢) کەسێ کە قسەی کرد قسەبڕینی چاك نیە ، ئەوی کە لە وەختی قسەکردنیا شتی لێ بپرسێ بۆی هەیە کە جـوابی کـــەس نەداتەوە تـا قسەکەی تەواو ئەکا •

(٣) ئیش هەر ئەبێ بە دانـا بســـپێررێ • «گۆشت بۆ قەصـاب ، نان بۆ نانەوا » •

ئوبەییی بنی کەعب ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئـەفـەرموێ : عیلم بـە راحەتی جیسم دەست ناخرێ م ـ ٣/٣٠٨ •

٢٥/٣٦٥ ـ عبدالله بن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أخبر أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بعث بكتابه رجلا وأمره أن يدفعه إلى عظيم البحرين [المنذر بن ساوي] فـدفعـه عظيم البحـرين إلى كســـرى [خوسرەوی پەروێزی بنی هورمز] فلما قـرأه مزّقه [قـال الزهري :] فحسبت أن ابن المسيب قال : فدعا عليهم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن يمزقوا كل مُمَزَّق [فقتله ابنه شيرويه ، وفتح بلاده عمـر الفاروق ـ رضي الله تعالى عنه ـ وقسم غنائمه] ح ـ ١/١٦٠ •

تەرجەمە :

[ئیحتیمالی هەیە کە موکەڕەر بێ ، شایەد لە جێیێکی ترا نووسرابێ ، لێرە مەینووسن] •

عەبدوڵلای بنی عەباس ـ رضي الله تـعالى عنه ـ ئەفەرمـوێ : کـە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کاغەزێکی نووسیی دای بە پیاوێ ، ئەمری پێ فەرموو کە بیدا بە گەورەی بەحرەین کە ناوی مونذیرە، ئەویش کاغەزەکەی نارد بۆ کیسرا ، کە خوسرەوی پەروێز بـوو • خـوســـرەو کاغەزەکەی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـی خوێندەوە پـارچـە ـ پارچەی کرد • ئیبنوشەهاب ئەڵێ : ظەنم وایە کە ئیبنولموسەییب وتـی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دۆعای لێکردن فەرمووی : کـــە ئەوانیش بە هەموو رەنگێ پارچە ـ پارچە ببن • بە موعجیزەی پێغەمـەر

ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ شێرۆی کوڕی خۆی کوشتی ، بیلادی لـە طەرەفی حەزرەتی فارووقی ئەکبەرەوە ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەتح کرا ، خەزێنەو تاجو تەختی لە بەینی لەشکری ئیسلاما تەقسیم کرا •

[فەقەط حەزرەتی فارووق ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە نانو خوێ ، یـا نانو زەیتوونو ، لە جبەی پینەپیناویی زیاد نەکرد ، بـە دنـیا مـەغروور نەبوو ، لە ڕوهدو تەقوای خۆی وازی نەهێنا !] •

موناسەبەی ئەم حەدیثە بە عیلم چونکە دەعوەتە بۆ ڕێی ئاخیرەتو هیـدایـەت •

٣٦٦/٢٦ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالی عنه ـ قال : کتب النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کتابا أو أراد [الشاك • أنس] أن یکتب ، فقیل له : إنهم لا یقرؤن کتابا إلا مختوما ، فاتخذ خاتما من فضة نَقْشُـهُ محمـــد رسول الله ، کأني =أنظر= إلی بیاضه في یده [قال شعبة :] فقلت لقتادة : من قال نقشه محمد رسول الله ؟ قال : أنس ح ـ ١٦١/١ ، م ـ ٤٠٤/٨ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وســـلم ـ کاغەزێکی نوسیی ، یا ئیرادەی فەرموو کـە بینووسێ [الشاك ، أنس] عەرزی کرا : کە ئەوان [یەعنی ڕۆم یا عەجەم] کاغەزی مۆرنەکراو ناخوێننەوە • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ مۆرێکی لە زیو دروستکرد ، نەقشی (محمد رسول الله) بوو (کأنە) تەماشـــای سپێتیی زیوەکەی ئەکەم کە لە دەستیابوو ، شوعبە ئەڵێ ; لە قەتادەم بیست کێ وتی نەقشەکەی (محمد رسول الله) بوو ؟ قەتادە وتی : ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنه ـ وتی •

خيطاب لەگەڵ کەسێکا ئەبێ ریعایەتی عادات‌و عەنعەنەی ئەو ئەسەی تیـا بـــکرێ •

سوننەتە ئینسان مۆری ببێ ، لە زیویش بێ •

جەلیســـی پیاوی گەورە لازمە لەسەری کە ئیرائەی مـەصلەحەتی گەورەکەی بکا ، گەورەیش کە قسەی بچووکـی خـۆی بە مەصلەحەت زانیی قسەکەی لە ئەرز نەدا ، بە گوێی بکـا •

طەلەبە کە ئیشکالێکی بوو حەللی لە مامۆستاکەی بپرسێ ، ئەویش بۆی حەل بکـا •

دەعوەت ئەلای ئەحسەنی طەریق بە طەریقی ئەحسەن بێ •

کاغەز ، خەبەری واحید موفیدی (علم اليقين)ە ، تەوثیقی کاغەزو ئەمر بە مۆری ذاتیی لازمە بە عەلامەتێکی فاریقە ، وەکوو ئیمضا لازمە ، تـا مەعلووم بێ کە کاغەزی ئەو کەسەیە کە ناردوویەتی •

٢٧/٣٦٧ – عن أبي واقد الليثي [الحرث بن مالك ، أو ابن عـوف الصحابي – رضي الله تعالى عنه –] إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـ بينما هو جالس في المسجد والناس معه • إذ أقبل ثلاثة نفـر ، فأقبل اثنان إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ، وذهب واحد ، قال : فوقفا على رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ، فأما أحدهما فرأى فرجة في الحلقة فجلس فيها • وأما الآخر فجلس خلفهم • وأما الثالث فأدبر ذاهبا فلما فرغ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [مما كان مشتغلا به من تعليم القرآن أو العلم أو الذكر أو الخطبة] قال : ألا أخبركم عن النفر الثلاثة ؟ أما أحدهم فأوى [بقصر الهمزة] إلى الله تعالى فآواه الله [بالمد • أي جازاه بأن ضمه إلى رحمته] إليه • وأما الآخر فاستحيا ، فاستحيا

الله منه • وأما الآخر فأعرض فأعرض الله عنه ح - ١/١٦١ ، م-٨/٤٧٨ ،
ت ، ن •

تەرجەمە :

ئەبوواقیدی لەیثیی - رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی لە مزگەوتا دانیشتبوو ، خەڵقیش لە خزمەتیا بوون تەعلیمی ئەکردن ، سێ کەس هاتن ، دوانیان روویان‌کردە لای پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەسەر حەلقەی ئەصحابی کیراما راوەستان ، یەکێکیان لە حەلقەکەدا کەلەبەرێکی دۆزییەوە تیا دانیشت ، ئەوی تریان لە پشت حەلقەکەوە دانیشت ، سێیەمیان پشتی هەڵکردو رۆیی، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە لەوەی پێوە مـەشـغوول بوو بوەوە فەرمووی : خەبەرتان بدەمێ لەم سێ کەسە ؟ یەکێکیان پەنای بردە بەر خوا خوایش پەنای دا [یەعنی لە حەلقەکەدا جێی دۆزییەوە تیا دانیشت] ئـەوی تریان حەیای کرد [لە خواو پێغەمەری‌و ئەصحاب یەعنی خەڵقی نەخستە زەحمەتەوە کە لە حەلقەکە بخزێ‌و نارەحەتیان بکا] خوایش حەیای لەو کرد [یەعنی رەحمی پێ‌کردو موکافاتی دایەوە] ئەوی سێیەمیان رووی لە خوا وەرگێڕا خوایش رووی لەو وەرگێڕا [یەعنی خواگیر بوو لە ئەجر مەحرووم بوو] •

ئینسان بەلای حەلقەی ذیکرا رابورد ئەگەر جێی دەسـت کـەوت سونەتە بچێتە ناویانەوە ، ئەگەر جێی دەست نەکەوت خۆی لە بەرەکەتی مەحرووم نەکا لە نزیکەوە دانیشێ‌و لە بەرەکەتی موستەفید بێ ، ئەگەر ئیعراضی لێ بنێ موستەحەقی ذەم ئەبێ ، دروستە لـــەو خوصـــووصـــەوە غەیبەتی بکرێ •

٣٦٨/٢٨ - عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - [قال : سـمعت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يخطب بعرفات ح-٣/٢٣٢ ت، ن، جه] أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - خطب الناس يوم النحر فقال: يا أيها الناس أي يوم هذا ؟ قالوا : يوم حرام • قال : فأي بلد هـذا ؟ قالوا : بلد حرام • قال : فأي شهر هذا ؟ قالوا : شهر حرام • قال : فإن دماءكم وأموالكم وأعراضكم عليكم حرام كحرمة يومكم هذا في بلـدكـم هذا ، في شهركم هذا • فأعادها مرارا • ثم رفع رأسه فقال : اللهـم هـل بلغت ؟ قال ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - : فوالذي نفسي بيده إنها لوصيته إلى أمته ، فليبلغ الشاهد الغائب ، لا ترجعوا بعدي كفارا يضرب بعضكم رقاب بعض ح - ٣/٢٣٠ ، ت •

تەرجەمە :

لە ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنه -وە ریوایەتە کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - رۆژی جـەژنـی قوربان [لە عەرەفاتـا • أخـرى] خوطبەی خوێن ، فەرمووی : ئەی ئینسانان ئەمڕۆ چ رۆژێکـە ؟ وتیان : رۆژێکی حـەرامە • فەرمووی : ئـەم شـارە چ شـارێکە ؟ وتیـان : بەلدەی حەرامە • فەرمووی : ئەم مانگە چ مانگێکە ؟ وتیان : مـانـگی حەرامە • فەرمووی : خوێنتان ، ماڵتان ، عیرضتان لەسەر ئێوە حەرامـە هەر وەکوو ئەم رۆژە حەرامە لەم شارەدا لەم مانگەدا • چەند دەفعە ئەمەی تیکرارفەرمووەوە • لە پاشا سەری هەڵبڕی [یەعنی بۆ ئاسمان] فەرمووی: یارەببی ئایا تەبلیغم کرد ؟ ئیبنوعەباس فەرمووی : قەسەم بەوەی کە نەفسم لە دەستی قودرەتیایە ئەو فەرموودەی وەصیەتی بـوو بۆ ئـوممەتـی • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : ئەوانەی کـە حـازرن بەوانەی بگەیێنن کە غائیبن • = دوای من = مەگەڕێنەوە سەر ئەخلاقی کافران ؛ بەعزێکتان لە گەردنی بەعزێکتان بـدا •

ئەم حەدیثە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەمە کە خەبەری واحید مووجیبی عیلمە • خوێن‌و ماڵو عیرضی کەس بۆ کـــەس حەڵاڵ نیـە • کـوشتنی موسوڵمانان بە ناحەق وەکوو کوفر وایە ، بە حەڵاڵ بـزانرێ کوفرێکـی حەقیقی‌یە مووجیبی خولوودی ناو جەهەننەمە •

٣٦٩/٢٩ – عن أبي بكرة [رضي الله تعالى عنه] ذكر النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – قعد على بعيره وأمسك إنسان بخطامه ، أو بزمامـه [هما بمعنى] ثم قال : أي يوم هذا ؟ فسكتنا حتى ظننا أنه سيسميه سوى اسمه • قال : أليس يوم النحر ؟ قلنا : بلى • قال : فأي شهر هذا ؟ فسكتنا حتى ظننا أنه سيسميه بغير اسمه • فقال : أليس بذي الحجة ؟ قلنا : بلى• قال : فإن دماءكم وأموالكم وأعراضكم بينكم حرام كحرمة يومكم هذا ، في شهركم هذا ، في بلدكم هذا ، ليبلغ الشاهد الغائب ، فإن الشاهد عسى أن يُبلّغ من هو أوعى له منه ح – ١/١٦٢ ، م – ١٩٧/٧ ، ن •

تەرجەمە :

ئەبوبەکرە – رضي الله تعالى عنه – ئەفەرموێ : پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – [لە مینادا رۆژی جەژن] لەسەر وشترەکەی دانیشتبوو پیاوێ [ئەبوبەکرە خۆی ، یا بیلال ، یا عومەری کوڕی خاریجە – رضـي الله تعالى عنهم –] جڵەوی وشترەکەی گرتبوو کە نەبزوێ • لـە دواییـا فەرمووی : ئیمڕۆ چ رۆژێکە ؟ ئەبوبەکرە ئەفەرموێ : هەموو بێدەنگ بووین ، وا تێگەیین کە بە ناوێکی تر غەیری ناوی خۆی ناوی ئەنـێ • فەرمووی : بۆ رۆژی جەژنی قوربان نیە ؟ وتمان : بەڵێ رۆژی قوربانە• فەرمووی : ئەم مانگە چ مانگێکە ؟ ئێمە هەموو بێـدەنگ بـوویـن • وا تێگەیین کە بە ناوێکی تر ناوی ئەبا • فەرمووی : بۆ (ذي‌الحجه) نیە ؟ وتمان : بەڵێ • فەرمووی : هەروەك چۆن ئەم رۆژە لەم مانگەدا لــەم

شارەدا حەرامە خوێنتان ، ماڵتان ، عیرضتان [بێ وەجهێکی مەشرووع] بۆ یەکتری حەرامە • ئەوانەی کە حازرن تەبلیغی ئەوانە بکەن کە غائیبن ؛ چونکە وا ئەبێ ئەوی حازرە تەبلیغی ئەکا بە یەکێکی غائیب کە لە خۆی بە حیفظو تێگەیبوتر بێ •

٣٠/٣٧٠ ـ وعنه عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال: الزمان قد استدار كهيئته يوم خلق السماوات والأرض ؛ السنة اثنا عشر شهرا ، منها أربعة حرم ، ثلاث متواليات : ذو القعدة ، وذو الحجة ، والمحـرم ، ورجب مضر الذي بين جمادي وشعبان [ثم قال •] أي شهر هذا؟ قلنا : الله ورسوله أعلم • فسكت حتى ظننا أنه سيسميه بغير اسمه • قـال : أليس ذا الحجة ؟ قلنا : بلى • قال : أي بلد هذا ؟ قلنا : الله ورسـوله أعلـم • فسكت حتى ظننا أنهسيسميه بغير اسمه • قال : أليس البلدة ؟ قلنـا : بلى • قال : فأي يوم هذا ؟ قلنا : الله ورسوله أعلم • فسكت حتى ظننا أنه سيسميه بغير اسمه • قال : أليس يوم النحر ؟ قلنا : بلى • قـال : فـإن دماءكم ، وأموالكم قال محمد [بن سيرين وأحسبه قال عبدالرحمن بن أبي بكرة] وأعراضكم [وأبشاركم ، ح ـ ١٠/١٧١] عليكم حرام كحرمة يومكم هذا ، في بلدكم هذا ، في شهركم هذا [ألا هل بلغت ؟ قلنا : نعم• قال : اللهم اشهد ، فليبلغ الشاهد الغائب ، فإنه رب مبلغ يبلغه من هـو أوعى له • فكان كذلك • قـال : لا ترجعوا بعـدي كفـارا يضرب بعضكم رقاب بعض [قال عبدالرحمن بن أبي بكرة :] فلما كـان يـوم حرق ابن الحضرمي حين حرقه جارية بن قدامة ، قال [جارية لجيشـه] : أشرفوا على أبي بكرة [رضي الله تعالى عنه] فقالوا : هذا أبو بكرة يراك [وما صنعت بابن الحضرمي وأصحابه ، وربما قابلك بكلام أو بسـنان ومهام] قال عبدالرحمن [بن أبي بكرة] فحدثتني أمي عن ابي بكرة أنه قال:

لو دخلوا علي مابَهشتْ بقصبة [أي ما دافعتهم] لأني لا أرى قتال المسلمين، فكيف بسلاح ح - ٣/٢٣٢] خ - ٨/٢٨٨ ، خ - ١٠/١٧١ ، م - ٧/١٩٤ بفرق بينها وأكملها ماكتب هنا] وستلقون ربكم فيسألكم عن أعمالكم ، ألا فلا ترجعوا [ترجعن•م] بعدي ضُلاَّلاً يضرب بعضكم رقاب بعض • ألا ليبلغ الشاهد الغائب فلعل بعض من يبلغه أن يكون أوعى =له= من بعض من سمعه ، وكان محمد إذا ذكره قال : صدق النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ • ثم قـال : ألا هـــل بلغت = ألا هل بلغت = ؟ ح-٨/٢٨٨ ، ح-١٠/١٧١ ، ح-٣/٢٣٢ ، م-٧/١٩٢ •

تەرجەمە :

ئەبوبەکرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [رۆژی جەژنی قوربان لە مینادا خوطبەی بۆ خـەڵـق خوێن] فەرمووی : زەمان وەکوو ئەو رۆژەی کە خـوا خـەلقی ئـەرزو ئاسمانی کرد چۆن بوو وای لێ هاتۆتەوە [قورەیش لە زەمانی جاهیلییەتا تا بیستو پێنج ساڵ کوللی ساڵێ مانگێکیان دواخستوە ، ئەو ساڵە بـوە بە سێنزە مانگ ، ساڵی دەوەمیانیش وەکوو ساڵی ئەووەڵ هێشتۆتەوە لە ساڵی سێیەمینیشا مانگێکیان دواخستوە ، ئەویش بوە بە سێنزە مـانگ ، ساڵی چوارەمیان وەکوو خۆی هێشتۆتەوە •••وهکذا • وەلحاصڵ هـەر بە دوو ساڵ مانگێکیان دواخستوە • یەعنی ئەوەڵ ساڵ سەفەریان کردوە بە موحەڕەم ، سێیەم ساڵیش وەها • چوارەم ساڵ (ربيـع الاول) یـان کردوە بە موحەڕەم ، ساڵی شەشەم (ربيع الآخر) یان کردوە • تا ســاڵی بیستو پێنجەم موحەڕەم هاتۆتەوە جێی خۆی • کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ (حجة الوداع)ی کرد ئەو ســاڵە بوو کە موحـەڕەم هاتبووەوە جێی خۆی] یەعنی موحەڕەم هاتۆتەوە جێی خۆی ، ئیتر نەسیء

نیه ، ساڵ دوانزه مانگه ، یەعنی سێنزه نیه ، لەمەولایش نابێ بە سێنزه • لەو دوانزه مانگه چواری شەهری حەرامە کە شەڕکردنیان تیا حەرامە ، ئەو چوار مانگه سیانیان یەك لە دوای یـەکن : ذولقەعـدە ، ذولـحەجە ، موحەڕەم • یەکێکیشیان تەنهایە کە رەجەبی موضەرە کە لە بەینی جومادا و شەعبانایە • کە وابێ ئەم مانگه چ مانگێکە ؟ وتمان : خواو رەســـــوولی لە ئێمە عالمترن ، بێدەنگ بوو ، حەتتا وا تێگەیین کە ناوێکی تری لێ ئەنێ• فەرمووی : بۆ ذیلحەجە نیە ؟ وتمان : بەڵێ • فەرمووی : ئەم بەلدەیە چ بەلدەیێکە ؟ وتمان : خـــواو رەسوولی خـــوا لە هەموو کەس عالمترە • بێدەنگ بوو حەتتا وا تێگەیین کە بە ناوێکی تر ناوی ئەبا • فەرمووی : بۆ شاری مەککە نیە ؟ وتمان : بەڵێ • فەرمووی : ئەم رۆژە چ رۆژێکە ؟ وتمان: خواو رەسوولی خوا لە هەموو کەس چاکتر ئەزانن • بێدەنگ بوو حەتتا وا تێگەیین کە بە ناوێکی تر ناوی ئـەبـــا • فەرمووی بـۆ رۆژی قوربانیی نیە ؟ وتمان : بەڵێ • فەرمووی : بە تەحقیق خوێنتانماڵتان •• محەمەدی بنی سیرین ئەفەرموێ : وا بزانم کە عەبدوڕەحمانی کــــــوڕی ئەبوبەکر لــە حەدیثەکەیا ئەوەیشی وت : کــە عیرضـیشتان لەسەر ئێوە حـــەرامــــە •

لە ریوایەتێکی بوخاریدا ئەفەرموێ : کە پێستیشتان لــەســــــەر یەکتری حەرامە ، وەکوو چۆن ئەمڕۆ لەم شارەتانا ، لەم مانگەتانا ، لەسەر حەرامە [کە شەڕی تیا بکەن لەگەڵ کوففارا] بە خوای خۆتان ئـەگـەن لە عەمەلتان ئەپرسرێتەوە ، کە وابێ لە دوای من مەگەڕێنە دواوەو رێ ون بکەن کە بەعزێکتان لە گەردنی بەعزێکتان بدەن • ئاگاتان لێ بێ ، ئەوی حازرە خەبەر بدا بەوانەی کە غائیبن ، موحتەمەلە کە بەعزێ لەوانەی کە خەبەرەکەی پێ ئەگا ذیهنتیژتر بێ‌و بە موحافەظەتر بێ لە بەعزێ لەوانەی کە ئەم حەدیثە لە من ئەبیێ •

محمەمەدی بنی سیرین کە ئەم حەدیثەی ذیکر ئەکرد فــەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ راستی فەرموە • لە دوایبا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : خەبەرتان بێ کە تەبلیغم کردن یا نەمکرد ؟ یەعنی لە رۆژی قیامەتا وەکوو ئوممەتانی پێشوو لە حوضووری خوادا نەڵێن کە محمد تەبلیغی ئەحکامی پێنەکردووین •

لە ئاخری ریوایەتەکەی ترا کە ئەویش هەر مەعنـــای وایـە کـــە عەبدوڕەحمانی بنی ئەبوبەکرە ئەڵێ کە ئەو رۆژەی کە جاریەی کـــوڕی قوددامە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری حەضرەمیی سووتان ، جـاریـە بـــە لەشکرەکەی خۆیی وت : بچنە سەر ئەبوبەکرە بزانن کە تەسلیم ئـەبێ یا ئەویش حەرب ئەکا ؟ لەشکرەکەی جاریە وتیان : ئەوە ئەبوبەکرەیـــە چاوی لێتە کە چیت بە ئیبنولحەضرەمیو ئەصـــحابی کرد ، هـــەموت سووتانن ! طەبیعیی یا بە قسە یا بە سیلاح موقابەلەت ئەکا • عەبدوڕەحمان ئەڵێ : دایکم لە باوکمەوە خەبەری دامێ کە باوکم ئەو قسەی جـاریـــەو لەشکرەکەیی پێگەیی وتی : ئەگەر بهاتنایەسەرم بە قامیشێکیش موقابەلەم نەدەکردن ؛ چونکی لام وایە کە شەڕکردن لەگەڵ موسوڵمانا حەرامە چۆن بە سیلاح موقابەلەم ئەکرد ؟

ئەصلی حیکایەت وایە : موعاویە ئیبنولحەضرەمیی نارد بۆ بەصرە کە قیامیان پێ بکا لەسەر ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالی عنه ـ لەو وەختەدا عەبدوڵلای بنی عەباس ـ رضي الله تعالی عنه ـ عامیلی ئیمامی عەلی بـــوو ـ رضي الله تعالی عنه ـ عەبدوڵلا لە بەصـرە چـوە دەرێ ، زیـادی بنـی سومەییەی کرد بە وەکیلی خۆی • کە موعاویە ئیبنولحەضرەمیی نـارد ، ئیبنولحەضرەمی چۆوە نـاو بەنیتەمیم هەرچی طەرەفداری ئیمامی عوثمان بوو ـ رضي الله تعالی عنه ـ لەگەڵ ئیبنولحەضرەمییا بوون بە یەك • زیاد طەلەبی ئیمدادی لە ئیمامی عەلی کرد ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەعیەنی بنـی

ضوبەیعەی نارد بە ئیمدادیەوە ، بە غەفلەتی شەهیدکرا • لە دوایيا ئیمامی عەلی جاریەی ناردە شوێن ئەو • جاریە موحاصەرەی دان • ئیبنولحەضرەمیو ئەتباعی کە لە چلەوە تاحەفتا بوون هەمووی سووتانن • [رضي الله عن الفريقين أجمعين ، وعما فعلوه اجتهادا • إلا من ابتدع منهم]•

عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - وقف النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يوم النحر بين الجمرات في الحجة التي حج بهذا [ئەم حەدیثی پێشوەی ریوایەت فەرموو ،فەرمووی : کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی] وقال : هذا يوم الحج الأكبر • فطفق النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : اللهم اشهد ، وودّع الناس • فقالوا : هذه حجة الوداع ح - ٣/٢٣٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - رۆژی جەژنی قوربان لە بەینی جەمەراتا وەستاو فەرمووی : ئەم رۆژە رۆژی (حج الأكبر)ە ؛ هەر ئەیفەرموو : خوایە شاهێد بە ، وەداعی لەگەڵ خەڵقا ئەکرد ، خەڵق وتیان : ئەم حەجە حەجی وەداعە •

٣٧٢/٣٢ - عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - أتى الخلاء فوضعت له وَضوءاً ، فلما خرج قال : من وضع هذا ؟ في رواية زهير قالوا • وفي رواية أبي بكر قلت : ابن‌عباس• قال : اللهم ففقهه في الدين م - ٩/٣٨٨ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی بردە خەلا[1]، ئاوی دەسنوێژم بۆ دانا ،

(١) خەلا : شوێنی دەست بە ئاوگەیاندنو چوونەسەرئاو •

کە تەشریفی هاتەدەرێ فەرمووی : کێ ئەم ئاوەی داناوە ؟ لە ریوایەتێکا وتیان ، لە ریوایەتێکا وتم : ئیبنوعەباس دایناوە ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : خوایا لە دینا بیکە بە عالم • خـــوا دۆعاکـــەی قەبووڵکرد بوو بە حەبری(١) ئوممەت •

٣٧٣/٣٣ ـ وعنه قال : كان عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ يدخلني مع أشياخ بدر ، فقال بعضهم [وهو عبدالرحمن بن عوف ـ رضي الله تعـالى عنه ـ] : لم تُدخِلُ هذا الفتى معنا ولنا أبناء مثله ؟ فقال : إنه ممن قـد علمتم • قال : فدعاهم ذات يوم ودعاني معهم • قال : وما رؤيته دعـاني يومئذ إلا ليريهم مني • فقال : ماتقولون اذا جاء نصر الله والفتح ورأيت الناس يدخلون في دين الله أفواجا ••• حتى ختم السورة ؟ فقال بعضهم : أمرنا أن نحمد الله ونستغفره إذا نصرنا وفتح علينا • وقـــال بعضهـم : لا ندري • ولم يقل بعضهم شيئا • فقال لي : يا ابن عباس اكذلك تقول ؟ قلت : لا • قال : فما تقول ؟ قلت : هو أجل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أعلمه الله له إذا جاء نصر الله ، والفتح فتح مكة فـــذلـك علامة أجلك فسبح بحمد ربك واستغفره إنه كان توابا • قال عمر [رضي الله تعالى عنه] : ما أعلم منها إلا ما تعلم ح ـ ٦/٣٨١ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ئەفەرموێ : عومەر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ منی لەگەڵ گـەورە گـەورەی ئەصحابی بەدرا قەبووڵئەکرد • بەعزێکیـان ، کـە عەبدوڕەحمانی بنی عەوف بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرموویان : ئـەم

(٢) حەبر : زانای زۆر زانا ، ئەم ناوە تایبەت بوە بە ئیبنوعەباسـەوەو ، جیبریل ، ئەم ناوەی ناوە .

منالە جەهێلە لە بەرچی لەگەڵ ئێمەدا قەبووڵ ئەکەی ، ئێمە کوڕی وەکو ئەومان هەیە ؟ فەرمووی : ئەو لەوانەیە کە ئەیزانن • فەرمووی : رۆژێ ئەوانی بانگ‌کرد ، منیشی لەگەڵ ئەوانا بانگ‌کرد • هەر وام‌ئەزانـی‌کـە منی بۆیە لەگەڵ ئەوانا بانگ کرد کە لە منەوە شتێکیان پێ نیشان بـدا • فەرمووی : ئێوە چی ئەڵێن لە (إذا جاء نصر الله)تا ئاخری سوورەتەکەی خوێنەوە ؟ بەعزێکیان فەرموویان : کە ئەمرمان پێ‌کراوە کە نوصرەتمـان دراو فەتحمان بۆ کرا حەمدی خوا بکەین‌و عەفو لە خوا طەلەب بکەین • بەعزێکیان فەرموویان : نازانین • بەعزێکیشیان هیچیان نەفەرموو • بـە منی فەرموو : تۆیش وا ئەڵێی ؟ وتم : خەیر • فەرمووی : ئەی ئەڵێی چی؟ وتم : ئەوە ئەجەلی پێغەمەرە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خوا ـ جـــل جلاله ـ خەبەری داوە بە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کـــە یاریەی خوات بۆ هات‌و فەتحی مەکەت بۆ کرا ئەوە عەلامەتی ئەجەلتە • کە وابێ لە شوکری ئەو فەتح‌و نەصرەتەدا حەمدی خوا بکە ؛ چـونکـی ئەجەلیش نزیکە • طەلەبی مەغفیرەت لە خوا بکە ؛ چونکی تەوبە قەبووڵ کونەندەیە • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : منیش هەر ئەوەی لێ ئەزانم کە تۆ ئەیزانی •

عیلم شەرەف بە ئینسان پەیدا ئەکا • حورمەتی عالم با بە ســـــاڵ بوچووکیش بێ لازمە ئینسان تا لێی بەتەواویـی مـەعلووم نـەبێ کـەس نەشکێنێ ، پیاوی گەورە کە شتێکی وای کرد لە نەظەری خەڵقا خیلافی صەواب بێ ئەبێ جیهەتی صەوابی ئەو شتەیان تێ‌بگەیێنێ بە طەریقێکی مەعقوول • سوئالی شتێکی لێ‌کرا ئەگەر نـەیزانـی پێی‌عەیب نەبێ بڵـێ نـایـزانـم •

٣٧٤/٣٤ ـ عن عكرمة [أبي عبدالله الخارجي ، اعتمده البخاري دون مسلم] عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قال : ضمني رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وقال : اللهم علمــه الكتــاب ح ـ ١٧١/١ [وعنه عند الترمذي والنسائي أنه ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دعـا لــه أن يؤتى الحكمة مرتين • وفي رواية طاوس مسح رأسه وقال : اللهم علمه الحكمة وتأويل الكتاب • القسطلاني] ح ـ ١٣٢/٦ ، بلفظ الحكمة •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە خۆیەوە گوشیمیو فەرمووی : خوایا کیتابی ، یەعنی قورئانی ، بە عیلم بکە • لە ریوایەتی تیرمذییو نەسائیدا فـەرمـووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دوو دەفعە دۆعـای بـۆ کـرد کـە حیکمەتی پێ عەطا بکرێ • لە ریوایەتی طاوسا پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ مەســحی سەری کردو فەرمووی : خوایا حیکمەتو تەئویلی کیتابی تەعلیم بکە • لە بەرەکەتی ئەو دۆعایەوە بوو بە ئەفضەلی ئەصحاب، بوو بە سەرداری هەموو موفەسسیران ح ـ ١٣٢/٦ •

٣٧٥/٣٥ ـ عن أبي موسى [رضي الله تعالى عنه] قال : كان رسول‌الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذا بعث أحدا من أصحابه في بعض أمره قال: بشروا ولا تنفروا ، ويسروا ولا تعسروا م ـ ٣١٥/٧ ، ح ـ ١٦٥/١ عـن أنس مِن (قال) بتقديم وتأخير •

تەرجەمە :

ئەبوموسا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليــە وسلم ـ کەسێکی =لە= ئەصحابی بناردایە بۆ ئیشێکی ،

ئەیفەرموو : موژدە بدەن بە خەڵق [لە وەعظـو نەصیحەتا] نەفرەت بەخەڵق پەیدا مەکەن ، ئیش بۆ خەڵق سووكبکەن ، گرانی مەکەن •

٣٧٦/٣٦ ـ وعنه أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بعثه ومعاذا إلى اليمن فقال : يسرا ولا تعسرا ، وبشرا ولا تنفرا ، وتطاوعا ولا تختلفا م ـ ٣١٥/٧ •

تەرجەمە :

ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مـنو مەعـاذی نارد بۆ یەمەن ، فەرمووی : ئیش لە لای خەڵق سووك بکەن ، گـرانـی مەکەن • یەعنی تەکلیفی شتی گرانیان لێ مەکەن • موژدە بدەن ، نەفرەت بە خەڵق پەیدا مەکەن ، لە ئیطاعەی یەکتریدا بن ، ئیختیلافتان لـە بـەینا نـەبێ م ـ ٣١٥/٧ •

٣٧٧/٣٧ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يسروا ولا تعسروا ، وسكّنوا [تەسکین بدەن] ولا تنفروا م ـ ٣١٧/٧ •

٣٧٨/٣٨ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان أهل الكتاب يقرؤن التوراة بالعبرية ويفسرونها بالعربية لأهل الاسلام • فقـال ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا تصدقوا أهل الكتاب ولا تكذبوهم ، و (قولوا : آمنا بالله وما أنزل إلينا وما أنزل إليكم)[1] ح ـ ٣٣٨/١٠ ؛ ح ـ ٣٩٤/٤ من قال •

تەرجەمە :

ئەهلی کیتاب تەوراتیان بە عیبرانی ئەخوێن ، بە عەرەبیی تەرجەمەیان

---

(١) البقـرة / ١٣٦ •

ئەکرد بۆ =ئەهلی= ئیسلام •• پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وسـلم ـ فەرمووی : تەصدیقی ئەهلی کیتاب مەکەن [مەبادا درۆ بکەن] تەکذیبیشیان مەکەن (مەبادا راست بکەن] بڵێن : ئێمە بڕوامان بە خواو بەوەی بـــۆ ئێمەی ناردوەو بەوەی بۆ ئێوەی ناردوە هەیە •

٣٧٩/٣٩ ـ (أثر) عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قـــال : يا معشر المسلمين كيف تسألون أهل الكتاب وكتابكم الذي أنزل على نبيه (رسول الله • أخرى خ) ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أحدث الأخبار بالله [تقرؤنه محضا • أخرى ح] تقرؤنه لم يُشَب [لم يُخلط ولم يُغيّر] وقد حدثكم الله أن أهـل الكتـاب بدلوا ما كتب الله [كتاب الله وغيـروه وكتبوا • أخرى خ] وغيروا بأيديهم الكتاب فقالـوا : هـو من عنـد الله ليشتروا به ثمنا قليلا ؟ أفلا ينهاكم ما جاءكم من العـــلم عن مســـايلتهم [مسائلتهم • أخرى خ] ولا والله ما رأينا رجلا منهم قط يسألكم عن الذي أنزل عليكم ح ـ ٣٩٧/٤ ، ح ـ ٣٣٩/١٠ بفرق أشير •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : ئەی جـەماعـەتی موسوڵمانان چۆن ئێوە بۆ دینتان سوئاڵ ئەکەن لە ئەهلی کیتاب، ئـەو کتێبەی کە خوا نازڵی کردۆتە سەر پێغەمەری خۆی تازەترینی هەمـوو خەبەرێکە خوا ناردوویەتی ئەیخوێنن ، تێکەڵ نەکراوە بـــە هیچی تـــر نەگۆڕراوەو خوایش ـ جل وعلا ـ خەبەری داونێ کە ئەهلی کیتاب ئـەو کتێبانەی کە خوا بۆی نازڵکردوون بە دەستی خۆیان گۆڕیویانە وتوویانە: ئەوە لە طەرەفی خواوەیە بۆ خاطری ئەمە کە مەنفەعەتێکی کەم دەســـت خۆیان بخەن ؟ ئایا ئەو عیلمەی کە لە طەرەفی خواوە بۆتان هاتوە مـەنعـی ئێوە ناکا لەوە کە لێیان بپرسن ؟ نەوەڵڵاهی ئێمە هیچ پیاوێکی ئەوانمان

نەدی کە لە ئێوە بپرسن دەرحەقی ئەوەی کە نازڵکراوەتە سەر ئێوە [یەعنی ئیتر ئێوە بۆچی لە کتێبی ئەوان ئەپرسن کــە مەعلوومـــە شـــتی تـری تێکەڵکراوەو زۆر جێگەیشی گۆڕراوە ؟] .

٣٨٠/٤٠ ـ عن أبي وائل [شقيق بن سلمة] قال : كـــان عبدالله [بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ] يذكّر الناس في كل خميس ، فقال له رجل : يا أبا عبدالرحمن لودِدت أنك ذكّرتنا كل يوم ! قال : أما إنه يمنعني من ذلك أني أكره أن أُملّكم ، وإني اتخوّلكُمْ [أي أتعهدكم] بالموعظة كما كان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يتخولنا بهـا مخافـة السـآمة علينا ح ـ ١/١٦٦ .

٣٨١/٤١ ـ وعنه قال : كنا جلوسا عند باب عبدالله [بـن مسـعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ] ننتظره ، فمرّ بنا يزيد بن معاوية النخعي ،فقلنا: أعلِمه بمكاننا . فدخل عليه فلم يلبث أن خرج علينا عبدالله . فقـــال : إني أخبر بمكانكم فما يمنعني أن أخرج إليكم إلا كراهية أن املّكُمْ . إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان يتخولنا بالموعظة في الأيام مخافة السآمة علينا م ـ ١٠/٢٩٦ .

تەرجەمە :

شەقیق ئەڵێ : عەبدوڵلای بنی مەسعوود ـ رضي الله تعـــالى عنه ـ هەموو رۆژی پێنج شەممە وەعظی بۆ خەڵق دائەدا ، پیاوێ پێی وت : (يا ابو عبدالرحمن) حەز ئەکەم کــە هەموو رۆژێ وەعظمان بۆ بخوێنی! فەرمووی : هەر ئەوە مەنعم ئەکا لەوە کە هەموو رۆژ وەعظتان بۆ دادەم ، حەز ناکەم کە بێزارتان بکەم . من تەحەسسوسی ئەحواڵتان[1] ئــەکەم ؛

(١) واتە بۆ کاتی خۆشییو ئاسوودەییتان دەگەڕێم .

کە وەختێ ئارەزووتانو شەوقو هەوەستان بوو بە وەعظ ، ئەو وەختـە وەعظتان بۆ ئەخوێنم ، هەر وەکوو چۆن پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـە وسلم ـ بۆ ئەحوالّی کەیفو نیشاطمان ئەگەڕا ، لـەو وەختـــەدا وەعظو نەصیحەتی بۆ دائەنایین ، مەبادا لێی مەلوول ببین •

مەعنای حەدیثی دواییش وایە ، ئەوەندە هەیە کە شەقیق لە گـــەڵ مەعزێ کەسا لەبەر دەرگای ئیبنومەسعوودا ـ رضـــي الله تعـــالی عنه ـ موتتەظیری بوون •یەزیدی کوڕی موعاویەی نەخەعیی چوو بۆی بانگ‌کردن ئەویش تەشریفی هاتەدەرێ ئەو قسەی پێوتن •

٣٨٢/٤٢ ـ عن عكرمة [الخارجي مولى ابن عباس لكنه ثقـة حافظ أمين لا يخاف أن يكذب في الأحاديث • ولذلك اعتمـده البـخاري] عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قال : حدث الناس كل جمعة مرة، فإن أبيت مرتين • فإن أكثرت فثلاث مرار ، ولا تُمِلَّ الناس هذا القرآن ، ولا ألفَيَنَّكَ تأتي القوم وهم في حديث من حديثهم فتقص عليهم ، فتقطع عليهم حديثهم فتُمِلَّهم ، ولكن انصت ، فإذا أمروك فحدثهم وهـم يشتهـونه ، فانظر السجع من الدعاء فاجتنبه ، فإني عهدت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأصحابه لا يفعلون إلا ذلـك الاجتنـاب [لأنه لا يلائـم الضراعة والذلة ، فإن وقع من غير قصد فلا بأس كما في بعض أدعية النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كقوله : اللهم منزل الكتـــاب ، مجـري السـحاب ، سـريع الحســاب ، اهزم الأحـزاب ، اهزمهم وزلزلهـم] = خ ـ ١٩٥/٩ = •

تەرجەمە :

عەکرەمە ئەڵێ : ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەمری پێ‌کردم فەرمووی : هەموو جومعەیێ وەعظ بۆ خەڵق دادە ،ئەگەر لەوە ئیبا ئەکەی دوو دەفعە ، ئەگەر زۆر دەفعە هەوەست هەیە کە وەعظ دادەی هەفتەی سێ

دەفعە وەعظ دادە لەوە زیاتر نەبێ • ئەم قورئانە لە خەڵق مەبێزێنە ، خەڵق مەلوول مەکە ، قەط وا نەبینم بچیە لای قەومێ کە =لە= قسەدابن دەست بکەی بە قسەبۆکردنیان قسەکەیان ببڕی • ئەمما بێدەنگ بە ، کە ئەمریان پێکردی حەدیثیان بۆ بخوێنە کە ئەوانیش ئیشتیهایان بێ • تێفکرە لـــە سەجعو قافیە لە دۆعادا ئیجتینابی لێ بکە • من پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـو ئەصحابم وا دیوە کە ئەو ئیجتینابەیان ئەکرد [چـونـکـە سەجعو قافیەبازیی مونافیی پاڕانەوەو حوضووری قەلبە • ئەمما ئـەگـەر بێ تەکەللوف بێو بە ئیتتیفاق وا هەڵکەوێ زەرەری نیە] •

حميد بن عبدالرحمن [بن عوف ـ رضي الله تعالى عنـه ـ قال :] سمعت معاوية [بن أبي سفيان ذا المناقب الجمة] خطيبا يقول : سـمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : من يرد الله به خيرا يفقهـه في الدين • وإنما أنا قاسم والله يعطي • ولن تزال هذه الأمة قائمة عـلى أمر الله لا يضرهم من خالفهم حتى يأتي أمر الله خ ـ ١/١٦٧ ، مـ٨/١٣٢، ولا تزال عصابة من المسلمين يقاتلون على الحق ظاهرين على من ناوأهم إلى يوم القيامة م ـ ٨/١٣٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر[١] ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەفەرموێ : هەرکەسـێ خوا ئیرادەی خێری پێ بکا لە دینا ئەو کەسە ئەکا بە عالم • من هــەر تەقسیمی عیلم ئەکەم بە خەڵق خوا ئیعطای ئەکا • طائیفەیێ لەم ئـوممەتە

(١) دانەر ـخـ سەرەتای حەدیثەکەی تەرجەمە نەکردوە ، کە ئاوایــە : حەمیدی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ئەڵێ : گوێم لە موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان بوو خوطبەی خوێندەوە ، وتی ، لـە پێغەمـەرم ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بیست . لە لاپەڕە (٢٧) و (٢٨)ی بەرگی سێیەمدا یەك دوو ریوایەتی نزیك بەم ریوایەتە هەیە .

لە حەق لانادا ، هەر لەسەر حەق ئەبێ ، ئەمری خوا بەجێ بێنــێ ، هیچ کەس لە موخالیفی ئەوان زەرەری پێ ناگەیێنێ تا ئەمری خوا بێت ، کـە قیـامـەتـە •

لە ریوایەتەکەی موسلیما ئەفەرموێ : لە سەر حەق شەڕ ئەکەن غاڵب ئەبن بە سەر دوشمنیانا تا رۆژی قیامەت •

عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە پێش ئەمەدا کە ببن بە گەورە عیلم فێر ببن • ئەصحابی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە گەورەیی فێری عیلم بوون •

٣٨٤/٤٤ ـ عن محمود بن الربيع ـ رضي الله تعالى عنه ـ قــال : عقلت من النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مجة مجها في وجهي وأنـا ابن خمس سنين من دلو [في دارنا •م] ح ـ ١٧٣/١ ، م ـ ٣٦٥/٣ •

رحل جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ مســيرة شــهر إلى عبدالله بن أُنيس في حديث واحد •

تەرجەمە :

مەحموودی بنی رەبیع ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە فکرم بێ پێنج ساڵ بووم پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە بیرێ[1] کە لە خانوەکەمانا بوو لە گوپیا ئاوی پرژان لە دەموچاوم •

یەعنی پێنجساڵ حەدیث ببیێو لە گەورەییدا ریوایەتی بکا قەبووڵ ئـەکــرێ •

(١) لێرەدا جوانتر وابوو کە بیفەرموایە : «لە ئاوێ کە لە دۆڵچەیەکا بوو» ئەو ئاوەیش ئاوی بیرێك بوە کە لە خانوەکەی خۆیانا بوە .

جابیری کوڕی عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بۆ تەنها حەدیثێ مانگێ ڕێگە ڕۆییوە بۆلای عەبدوڵلای کوڕی ئونەیس •

٣٨٥/٤٥ ـ عن أبي موسى [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : مثل مابعثني الله به من الهدى والعلم كمثـل الغيث الكثير أصاب أرضـا ، فـكان منها نقية قبلت المـاء فأنبتت الكلاء والعشب الكثير • وكانت منها أجادب [أي لا تشرب ماء ولا تنبت] أمسكت الماء فنفع الله بها الناس ، فشربوا وسقَوْا وزرعوا • وأصاب منها طائفـة أخرى إنما هي قيعان لا تمسك ماء ولا تنبت كلاء ، فذلك مثل من فقـه في دين الله ونفعه ما بعثني الله به فعلم وعلّم ، ومثل من لم يرفع بـذلـك رأسا [أي تكبر ولم يلتفت إليه] ولم يقبل هدى الله الذي أرسلت بـه • قال أبو عبدالله قال إسحاق [ابن راهويه] : وكان منها طائفة قيّلت الماء [أي شربت القَيْل وهو شرب نصف النهار] ح ـ ١٧٥/١ ، م ـ ١٤٦/٩ بفرق قليل في اللفظ فقط •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـەوسلم ـ فەرمووی : مەثەلی ئەو عیلمو هیدایەتەی کە خوا ـ جل وعلا ـ منی بەوە ناردوە کـــە تەبلیـغو تەعلیمی خەڵقی بکەم ، وەکوو بارانێـکی زۆر وایە کە ئەبارێتە سەر ئەرز • بەعزێ لەو ئەرزە ئەرزێکی پاکو تەمیزە ، ئاوی بارانەکە ئەخواتەوە ، گیاو پووشی زۆر ئەڕوێنێ • بەعزێکی ئەرزێکی وشـکە گیاو میای لێ ناڕوێ ، ئـەمما ئەو بارانە ئەگرێتە ناوخۆیەوە ، خوا بە ئاوی ئەو ئەرزە نەفع ئەدا بە خەڵق ئەیخۆنەوەو حەیوانی پێ ئاو ئەدەنو ، زەراعەتی پێ‌ئەکەن • قیسمێـکی تر لەو ئەرازییە کە باران ئەیگرێ ئەرزێکی صافو لووسی موستەوییە ، ئاو ناگرێتە ناو خۆیەوە ، گیا ناڕوێنێ • ئەو سێ قیسمە ئەرزە میثالی ئـــەو

کەسەیە کە لە دینی خوا بگاو ئەوی خوا منی پێ ناردوە نەفعی پێ بــداو بیزانێو خەڵق فێر بکا • وەکو عالمی عامیل [وەکو قیســمی ئەوەڵ]و ، حافیظی قورئانو حەدیث [قیسمی ثانی] کە صیرف ئیعتینا بـە حیفظیان ئەکەنو لەگەڵ مەعنای خەریك نابن • هەم میثالی [قیسمی سێیەم]ئـەو کـەسەیە کە هیچ گوێ ناداتە دینو سەری بۆ هەڵنابڕێ ، موبـالاتی پـێ ناکاو ، نوێژناکاو ، ڕۆژوو ناگرێو ، لە حەرامو حەڵاڵ ناپرسێ ، یاخۆ هیچ هیدایەتێ قەبووڵ ناکا کە خوا منی پێناردوەو باوەڕی پێ ناکا • وەلحاصڵ ئـەم قیسمەیش دوو قیسمە : قیسمێکی موسوڵمانی بێ عەمەلە، قیسمێکی کـافـــرە •

قاع یعلوه الماء [ولا یستقر فیه] والصفصف : المستوي من الأرض ح ـ ١/١٧٧ • وقال ربیعة [ابن أبي عبدالرحمن شیخ إمام الأئمة مـالك ـ رضي الله تعالی عنهم ـ] : لا ینبغي لأحد عنده شيء من العلم أن یضیع نفســـه خ ـ ١/١٧٧ •

تەرجەمە :

ڕەبیعە فەرموویەتی : لایەق نیە بۆ کەسێ کە شتێك بزانێ خۆی بـە ضایع بدا • یەعنی تەرکی ئیشتیغالی پێوە بکاو عەمەلی پێ نەکاو بە قـەد طاقەت نەشری نەکاو فائیدە نەگەیێنێ بە خەڵق لەگەڵ خـۆیـا عیلمەکەی بمرێ •

٣٨٦/٤٦ ـ ابن عمر [رضي الله تعالی عنهما] قال : سمعت رسول‌الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قال : بینا أنا نائم أُتیت بقدح لبن فشربت حتی إني لأَری الرِّيَّ یخـرج في أظـفاري ، ثم أعطیت فضلي عمــر بن الخطـاب • قالوا : فمـا أولته یارســول الله ؟ قـال : العلم ح ـ ٦/٩٥ ، ح ـ ١/١٧٨ ، م ـ ٩/٢٨٠ •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنه - پێغەمەر - صلى الله تعالى علیـه وسلم - فەرمووی : لە وەختێکا کە نوستبووم پیاڵەیێ شیریان بۆ هێنـام خواردمەوە . تا ئەوەندەم خواردەوە تێرخواردنەوەم ئەبینی کە لە نینۆکمەوە ئەهاتەدەرێ ، لە پاشا ئەوی لێم مایەوە دام بە عومەری بنی خـەطـاب • ئەصحاب فەرموویان : بە چیت تەعبیر لێدایەوە یا رەسوولەڵلا ؟ فەرمووی: بـە عیـــلم •

بزانە عیلم کە چەندە فەضلی هەیەو ، ئیمامی عومەریش - رضي الله تعالى عنه - کە چەندە گەورەو عالمە •

٤٧/٣٨٧ - عن أبي وائل قال : كنت [جالسا] مع عبدالله بن [مسعود] وأبي موسى [رضي الله تعالى عنهما] ، [وهما يتحدثان م] فقال أبو موسـى [فقالا • أخرى] : قال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - إن بين يـدي الساعة لأياما ينزل فيها الجهل • ويرفع فيها العلم ، ويكثر فيها الهَرْج ، والهَرْج القتل • ح - ١٠/١٦٦ ، م - ١٠/١١١ •

تەرجەمە :

ئیبنومەسعوودو ئەبوموسا - رضي الله تعالى عنهما - =ئەفەرموون=: پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : لە پێش قیامەتەوە چەند رۆژێ هەیە لەو رۆژانەدا جەهل نازڵ ئەبێ ، عیلم هەڵەگیرێ ، قـەتـل زۆر ئـەبـێ •

دەمێکە ئێمە لەو رۆژانەداین ، خوا رەحممان پێ بکا • حەز ئەکەی

ئەم حەدیثە لە فیتنەدا[1] یا لە موعجیزاتا بنووسە ، موناسەبەی بە هەرسێ بابەکەهەیــە .

٣٨٨/٤٨ ــ عن عبدالله بن عمرو [بن العاص ــ رضي الله تعالى عنهما ــ] قال : سمعت رسول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ يقول : إن الله لا يقبض العلم انتزاعا ينتزعه من العباد [الناس ٠م] ولكن يقبض العلم بقبض العلمــاء ، حتى إذا لـم يُبْـقِ عالما اتخذ النـاس رُؤُســـا جُهَّــالا فسُئِلوا فأفْتَوا بغير علم فضلّوا وأضلّوا ح ــ ١/١٩٢ ، م ــ ١٠/١١٣ .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای بنی عەمر ــ رضي الله تعالى عنه ــ ئەفەرموێ : لە پێغەمەرم ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ بیست ئەیفەرموو : خوا عیلم وەرناگرێتەوە لە خەڵق کە بێنێ عیلمەکەیان دابڕنێ ، ئەمما عیلم لە خەڵق وەرئەگرێتەوە بەم نەوعە کە قەبضی رۆحی عولەما ئەکا ، تا کە هیچ عــالمــی نەهێشتەوەو هەمووی مرانن ئینسان بەعزێ خەڵقی جاهێڵو نەزان ئەکەن بە گــەورەو سەرداری خۆیان شتیان لێ ئەپرسرێ بێ عیلم فتوا ئەدەنو جواب ئەدەنەوە خۆیشیان رێ ون ئەکەن رێگەیش بە خەڵق ون ئەکەن . رێی سەرچناری لێ ئەپرسێ ئەینێرێ بۆ قڕگە !

٣٨٩/٤٩ ــ عن أبي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] قــال : قال النساء للنبي ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ : غَلَبَنا عليك الرجال ، فاجعل لنا يوما من نفسك ، فوعدهن يوما لقيهن فيه ، فوعظهن وأمرهن ، فكان فيما قال لهن : مامنكن امرأة تقدم ثلاثة من ولدها إلا كان لها حجابا من النار . فقالت امرأة : واثنين ؟ فقال : واثنين ح ــ ١/١٩٣ .

(١) وەك گەلێ جار نووسیومە لە بەر تێك نەچوونی ژمارەی حەدیثەکــــان وەك خۆی لێرەدا هێشتمانەوە .

ولفظ مسلم عنه : قال : جاءت امرأة إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقالت : يا رسول الله ذهب الرجال بحديثك فاجعل لنـا من نفسك يوما نأتيك فيه تعلمنا مما علمك الله • قال : اجتمعن يوم كذا وكذا• فاجتمعن ، فأتاهن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فعلمهن ممـا علمه الله • ثم قال : ما منكن من امرأة تقدم بين يديها من ولدها ثـلاثـة إلا كانوا لها حجابا من النار • فقالت امرأة : واثنين ، واثنين واثنين ! فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ : واثنـين ، واثنـين ، واثنـين م ـ ٦٥/١٠ •

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خودریی – رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمـوێ : ژنـێ هاتەخزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم – فەرمووی : (یارسـول الله) پیاوان هەموو حەدیثەکانی تۆیان بردوە بۆ خۆیان • لـە طـەرەفـی خۆتەوە بە ئیختیاری خۆت رۆژێکمان بۆ مەعلووم بفەرموو لەو رۆژەدا بێینە خزمەتت لەوەی کە خوا تەعلیمی تۆی کردوە تەعلیمان بـــکەی • فەرمووی : فلان رۆژو فلان رۆژ کۆبنەوە • کۆبوونەوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم – تەشریفی چوە لایان وەعظی بۆ دادانو تەعلیمی ئەوەی کردن لەوەی کە خوا تەعلیمی ئەوی کردبوو • فەرمووی • هیچ ژنێ لـە ئێوە نیە کە سێ مندالّی لە پێش خۆیەوە ناردبێ بۆ ئاخیرەت ئیللا کـــە ناردبێتی ئەوانە بۆی ئەبن بە حیجاب لە ئـاگر • ژنـێ وتـی : دوانیش ، دوانیش ، دوانیش ! [ظاهیر وایە ئەو ژنە هەر دوو منـالّـی مردبـێ] پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – فەرمووی : دوانیش ، دوانیش ، دوانیش [من حەوتم ناردوە ، خوایا ئەجرم ضـــائیـع نەکەی ! پیـاویش

وەکوو ژن وایە (کما في القسطلانی)] •

٥٠/٣٩٠ ـ عبدالله بن عبيدالله بن أبي مليكة أن عائشة [رضي الله تعالى عنها] زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كانت لا تسمع شيئا لا تعرفه إلا راجعت فيه حتى تعرفه • وأن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من حوسِبَ عُذِّبَ • قالت عائشة [رضي الله تعالى عنها]: فقلت : أوَليس يقول الله فسوف يحاسب حسابا يسيرا ؟ قالت : فقال : إنما ذلكِ العَرْضُ ، ولكن من نوقش الحساب يهلك ح ـ ١/١٩٢ •

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشە ـرضي الله تعالى عنهاـ هەرچیێکی ببیستایە لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و تێنەگەییایـــە دووبارە لە پێغـەمـــەری ئەپرسییەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تا تێیئەگەیی • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ موحاسەبە بکرێ ئەو کەسە عەذاب ئەدرێ • حەزرەتی عائیشە فەرمووی : وتم : بۆ خوا نەیفەرموە ئەو کەسە نامەی عەمەلی بدرێتە دەستی راستی ئەو کەسە حسابێکی ســـووکی ئەکرێ بە مەسروورێی ئەگەڕێتەوە لای کەس‌و کاری ؟ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەو موحاسەبەیە کە تۆ ئەیلێی پێ‌نیشاندانی دەفتەری عەمەلیەتی • ئەمما ئەو کەسە کە ئیعتیراضی لێ بگیرێ‌و وردو درشتی لێ‌بپرسرێ ئەو کەسە هیلاك ئەبێ • یەعنی ئەوانەی کـــە نـامەی ئەعمالیان لە پشتیانەوە ئەدرێتە دەستی چەپیان (اذا السماء انشقت) •

سوئال‌کردن بۆ تێگەیین بۆ دەفعی ئیشکال سوننەتە •

٥١/٣٩١ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من دعا إلى هدى كان له من الأجر مثل أجور من تبعه لا ينقص ذلك من أجورهم شيئا • ومن دعا إلى ضلالة كان عليه من الإثم مثل آثـام من تبعـه لا ينقص ذلك من آثـامهم شـيئا م ـ ١٠/١١٧ :

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : هەرکەسێ خەڵق بانگ‌کاتە سەر ڕێی هیدایەت ئەو کەسە بە قەد ئەجری ئەوانەی کە شوێنی ئەکەون ئەجری بۆ هەیە ، لە ئەجریان هیچ کەم نابێتەوە • هەرکەسێ خەڵق بانگ‌کاتە سەر ڕێی گومڕایی ئەو کەسە بە قەد ئەوانەی کە شوێنی ئەکەون گوناهی هەیە ، هیچ شتێ لە گوناهیان کەم نابێتەوە [هەموو ئیشی خێـر وایـە • پێشڕەوی خێر بە قەد تەبەعەکەی خێری هەیە • پێشڕەوی شـەڕ بـە قەد تەبەعەکەی شەڕی هەیە] •

٥٢/٣٩٢ - عطاء قـال : سـمعت ابن عباس قال : أشهد على النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - أو قال عطاء : أشهد على ابن عباس أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - خرج ومعه بلال فظن أنـه لـم يسمع النساء ، فوعظهن وأمرهن بالصدقة ، فجعلت المـرأة تلقي القرط والخاتم وبلال يأخذ في طرف ثوبه ح - ١٩٠/١ الشك من الراوي عن عطاء •

تەرجەمە :

عەطاء ئەڵێ : لە ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - م بیست کـە فەرمووی : شەهادەت ئەدەم لەسەر پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - یا عەطاء وتی : شەهادەت ئەدەم لەسـەر ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی هاتەدەرێ وای ظەن برد کە دەنگی نەگەییوەتە ژنان ، بیلالیشی لە خزمەتا بوو وەعظی بۆ ژنان خوێن ئەمری پێ فەرموون بە صەدەقە ، ژنان گوارەو ئەنگوستیلەیان ئەهاویت‌و بیلالیش ئەیخستە ناوکۆشیەوە •

جەمعی ئیعانـە بـۆ مەصلەحەتی موسوڵمانان دروسـتە • ئیعطـای سونەتە • بە موقتەضای حاڵ جەمعیش‌و ئیعطایش فەرز ئەبێ •

٣٩٣/٥٣ ـ عن أبي موسى [رضي الله تعالى عنه] قال : سئل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن أشياء كرهها ، فلما أكثر عليه غضب ، ثم قال للناس : سلوني عما شئتم . قال رجل : من أبي ؟ قال : أبوك حذافة. فقام آخر فقال : من أبي يارسول الله ؟ فقال : =أبوك= سالم مولى شيبة . فلما رأى عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ما في وجهه قال : يارسول الله إنا نتوب إلى الله ـ عز وجل ـ ح ـ ١/١٨٧ ، م ـ ٩/٢٢٧ .

٣٩٤/٥٤ ـ أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] أن رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خرج ، فقام عبدالله بن حذافة ، فقال : من أبي ؟ فقال : أبوك حذافة . ثم أكثر أن يقول سلوني . فبرك عمر [رضي الله تعالى عنه] على ركبتيه فقال : رضـينا بالله ربا ، وبالإسـلام دينا ، وبمحمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نبيا ، فسكت ، ح ـ ١/١٨٧ .

٣٩٥/٥٥ ـ وعنه قـال : بلغ رسول الله ـ صلى الله تـعالى عليـه وسلم ـ عن أصحابه شيء =فخطب= فقال : عرضت علي الجنة والنار ، فلم أر كاليوم في الخير والشـر . ولو تعلمون ما أعـلم لضحكتـم قليـلا ولبكيتم كثيرا . قال : فما أتى على أصحاب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يوم أشد منه . قال : غطوا رؤسهم ولهم خنين [خروج الصوت من الأنف من البكاء] قال : فقام عمر [رضي الله تعالى عنه] فقـال : رضينا بالله ربـا ، وبالاسلام دينا ، وبمحمد ـ صلى الله نعـالى عليه وسلم ـ نبيـا =قال= فقام ذاك الرجل . فقال : من أبي ؟ فقال : أبـوك فلان . فنزلت (يا أيها الذين آمنوا لا تسـألوا عن أشـياء إن تبد لكم تسـؤكم)[1] م ـ ٩/٢٢٢ .

---

(١) المـائـدة / ١٠١ .

٣٩٦/٥٦ ـ وعنه أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خرج حين زاغت الشمس ، فصلى لهم صلاة الظهر ، فلما سلم قام على المنبر فذكر الساعة ، وذكر أن قبلها أمورا عظاما ، ثم قال : من أحبَّ أن يسألني عن شيء فليسألني =عنه= فوالله لا تسألوني عن شيء إلا أخبرتكم به مادمت في مقامي هذا = قال أنس بن مالك := فأكثر الناس البكاء حين سمعوا ذلك من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأكثر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن يقول سلوني ، فقام عبدالله بن حذافة [أحد الذين بايعوا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تحت الشجرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فقال : من أبي يا رسول الله ؟ قال : أبوك حذافة ، فلما أكثر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ من أن يقول سلوني برك عمر [رضي الله تعالى عنه] فقال : رضينا بالله ربا ، وبالإسلام دينا ، وبمحمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رسولا ، قال : فسكت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حين قال عمر ذلك ، قال : ثم قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أولى [كلمة تهديد ، أي قرب منكم ما تكرهونه] والذي نفس محمد بيده ! لقد عرضت عليَّ الجنة والنار آنفا في عرض هذا الحائط فلم أر كاليوم في الخير والشر .

قال ابن شهاب : أخبرني عبيدالله بن عبدالله بن عتبة قال : قالت أم عبدالله بن حذافة لعبدالله بن حذافة : ماسمعت بابن قط أعق منك ! أأمنت أن يكون أمك قد قارفَتْ بعض ما تقارف نساء أهل الجاهلية فتفضحها على أعين الناس ؟ قال عبدالله بن حذافة : والله لو ألحقني بعبد أسود للحقته م ـ ٩/٢٢٣ .

تەرجەمە :

ئەم چوار حەدیثە یەك حادیثەیە ، لە لەفظا ئیختیلافیان هەیە ، مەئالی هەموویان ئەمەیە :

رۆژێ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نوێژی نیوەڕۆی بـۆ ئەصحابی کیرامی کرد ، تەشریفی چوە سەر مینبەر ، بەحثی قیامەتی کرد . ئەوەی فەرموو کە لە پێش قیامەتا چەندە شتی گەورە گەورە هەیە ، لـــە پاشا فەرمووی : هەرکەسێ ئارەزووی هەیە کە شتێکم لێ بپرسێ با لێم بپرسێ ، وەڵڵاهی مادامەکی لەم مەقامەدا بم هیچ شتێکم لێ ناپرسن کـە لەوە خەبەرتان نەدەمێ . کە ئەوەیان بیست لە پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ ئەصحابی کیرام پرمەپرم دەستیان‌کرد بە گریان . زۆر گریان، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ زۆری فەرموو کە لێم بپرسن ، عەبدوڵڵای بنی حەذافە ـ رضي الله تعالی عنه ـ کە لە ئەصحابی (بیعـــة الرضوان) بوو [فەقەط لەگەڵ یەکێکا دەمقاڵێکی بوایە نیسبەتیان ئەدایە لای غەیری باوکی ،م أخری] بۆ تەحقیقی ئەوەو ئیزالەی شوبهەی خەڵق فەرمووی : (یا رسول الله) باوکی من کێیە ؟ پێغەمەر ـ صلی الله علیـە وسلم ـ فەرمووی : باوکی تۆ حەذافەیە . کـە سوئالی زۆریان کـرد لـە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەویش [یەعنـی بە غـەضەبەوە] هەر ئەیفەرموو : لێم بپرسن . ئیمامی عومەر ـ رضـــي الله تـعالی عنه ـ بەچۆکا هات‌و فەرمووی : رازین بە خوایەتیی خوا ، بە دینی ئیسلام ، بە پێغەمەرێتی محمد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەوەی فەرموو بێدەنگ بوو ، لە پاشا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : نزیکە ئەوەی کە لێی ئەترسن . قەسەم بەوەی کە نەفسی محمد بە دەستی

قودرەتیەتی بە تەحقیق ئێستە بەهەشتو جەهەننەمم پێ‌نیشاندرا لـە بـەر ئەو دیوارەدا ، لە خەیرو شەڕا قەط وەکوو ئیمڕۆم نەدیوە [لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : ئەگەر ئەوەی کە من ئەیزانم ئێوەیش بتانزانیایە کـــەم پێ‌ئەکەنینو زۆر ئەگریان • قەط رۆژی وا بە شیددەت نەهاتبوو بەسـەر صەحابەی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـدا • لە ئاخریا ئەفەرموێ : لە دواییا ئەو ئایەتەی کە لە مائیدەدایەو مەعنای وایە : ئەی ئـەوانـەی کە ئیمانیان هێناوە لەو شتانە مەپرسن ئەگەر بۆتان دەربخرێ غەمگینتان ئەکا ، ئەگەر سوئال لەو ئەشیایە بکەن لە وەختی نوزوولی قورئانا بۆتان ئیظهار ئەکرێ ، خوا لەوەی کە لێتان پرسیوە خۆش بوە ؛ چونکی خوا غەفوورو رەحیمە لە پێش ئێوەدا قەومێ لەو نەوعە شتەیان پرسیوە کـە بۆیان بەیان کرا ئیمانیان پێ‌نەهێناو پێی‌کافر بوون ••=خوێندەوە=] •

لـــە دوای ئەم حادیثەیە دایکی عەبدوڵلای کـــوڕی حەذافـە بـە عەبدوڵلای وت : هیچ کوڕێکم نەبیستوە کـە لە تۆ عوقووقی[1] زیاتر بێ کە ئەو سوئالەت لە پێغەمەر کـرد ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ ئایا لەوە ئەمین بووی کە دایکیشت گوناهێکی وای کردبێ وەکوو ژنانی زەمانـی جاهیلییەت کە کردوویانە ئەو وەختە لە پێش چاوی خەڵقا رەزیلو رسوات ئەکرد ! عەبدوڵلا وتی : ئەگەر پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـــە وسلـم ـ ئیلحاقی بکردمایە بـە قولەڕەشێ لاحەقی ئەبووم ، یەعنی بیفەرمومایە کە باوکی تۆ فلان قولەڕەشە ،ئەبووم بە کوڕی ،فەرموودەی ئەوم پێ گ ، نەدەبوو بە حوببی دڵ قەبووڵم ئەکرد •

حوکمی ئەم حەدیثە ئەوەیە کە زۆرکۆڵینەوەی شت کە دوایەکـەی خراپ بێ حەرامـە •

---

(١) عوقووق : خراپبوون بۆ باوكو دایك .

شتێك كە گەورە رقی پێی‌هەڵبستێ لازمە كە ئیجتینابی لێ بكرێ • بۆ ئەتباع لازمە كە بە ئەهوەنی طەریق رقی گەورە دامرێنن •

لە قسەی عەبدوڵلا كە جوابی دایكی داوەتەوە ، با وا دەربكەوێ كە وەلەدی زینا نەسەبی ثابت ببێ ، ئەمما ئەوە قسەی پێغەمەر نیە ـ صـلی الله تعالی علیه وسلم ـ قسەی عەبدوڵلایە ، ئەو وەختە ئەو وای زانیوە ئەگەر شایەد شتێكی غەیرەمەشرووع لـە دایكیەوە صادر بووبێ بـەوە نەسـەبی لەو كەسە ثابت ئەبێ‌و ئەبێ بە كوڕی • ئەم حوكمە[1] لـــە پیـاوی وەك سەعدی بنی وەقاص ـ رضي الله تعالی عنه ـ مەجهوول بوە ، تەمای بوە كە كوڕی جاریەی زیمەعە كە عوتبەی برای زینای لەگەڵیا كردوە ، بكـا بـە كوڕی عوتبە ، تا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمـووی: (الولد للفراش) كردی بە وەلەدی زیمەعەو ئەمریشی بە سەودە كرد كـە رووی لێ بپۆشێ • وەلحاصل‌زینا نەسەبی پێ ثابت نابێ •

٣٩٧/٥٧ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه كان إذا تكلم بكلمة أعادها ثلاثا حتى تفهم عنه ؛ وإذا أتى على قوم فسلم عليهم ، سلم عليهم ثلاثا ح ـ ١/١٨٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ كە قسەیێكی موهیمی بفەرموایە سێ دەفعە تیكراری ئەفەرمۆوە تا خەڵق فەهمی بكا [یەعنی بە غەلـەط شتی لێ ریوایەت نەكەن] كە سەلامی بكردایە لە قەومێ سێ جار سەلامی لێ ئـەكردن •

٣٩٨/٥٨ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أنه قال قيل [وفي الرقاق قلت] : يا رسول الله من أسعد الناس بشفاعتك يوم القيامة ؟ قـال

---

(١) بڕوانە : لاپەڕە (٢٢١)ی بەرگی نۆیەمی ئەم كتێبە .

رسول الله : لقد ظننت يا أبا هريرة أن لا يسألني عن هذا الحديث أحـد" أوّلَ منك لما رأيت من حرصك على الحديث : أسعد الناس بشفاعتي يوم القيامة من قال لا إله إلا الله خالصا من قلبه ، أو نفسه ح - ١/١٩١ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ئەفەرموێ : وتم (یا رسول الله) مەســـعوودترینـــی ئینسانان بە شەفاعەتی تۆ لە رۆژی قیامەتا کێیە ؟ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ فەرمووی : یا ئەباهورەیرە ئەمزانی کـە لە پێش =تـۆدا= کەس لەم حەدیثە سوئالم لێ ناکا ؛ چونکی ئەمبینی کە حەریصی لەســەر حەدیث : بەختیارترینی خەڵق بە شەفاعەتی من لە رۆژی قیامەتا ئەو کەسەیە بە خالیصیی لە دڵەوە بڵێ (لا إله إلا الله) •

ئەم حەدیثە شامیلی هەموو موسوڵمانان ئێ ، صالیح بێ ، فاســـقو فاجیر بێ • هەر ئەوە بە کوفر لە دین نەچێتە دەرەوە لە شەفاعەتی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ مەحرووم نابێ • دیارە کە ئەویش شەفاعەتی گیرا ئەبێ • ئەمما کەس مەغروور نەبێ !

(أثر) كتب عمر بن عبدالعزيز [رضي الله تعالى عنه] إلى أبي بكر بن حزم : أنظر ماكان من حديث رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فاكتبه ؛ فإني خفت دروس العلم وذهاب العلماء ، ولا يقبل إلا حـديث النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وليفشوا العــلم ، وليجلســـوا حتى يُعَلَّم من لا يعلم ؛ فإن العلم لا يهلك حتى يكون سرا ح - ١/١٩٢ •

تەرجەمە :

عومەری بنی عەبدولعەزیز [یەکێکە لە خولەفای راشیدین عومــەری ثانییە لە عیلمو عەداڵەتا ، چۆن ئیمامی عومەر ئیشارەتی حەزرەتی صەدیقی

ئەکبەری کرد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بوو بە سەبەبی جەمعی قورئان کە حەرفێکی بە ضایع نەچوو ، ئەمیش ـ رضي الله تعالى عنه وجازاه الله عنا أحسن جزاء ـ بوو بە سەبەبی ئەحادیثی نەبەوییە کە بە ضائیع نەچێ] بـۆ ئەبوبەکری بنی حەزمی نووسیی:کە بە دیقەت تێفکرەئەوی حەدیثی پێغەمەر بێ ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بینووسە ؛ چونکی ئەترسم کە عیلم مەحـو ببێتەوە ، عولەما هەموو بڕۆنو نەمێنن • غەیری حەدیثی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هیچی تر قەبووڵ نەکرێ ، عیلم نەشر بکرێ عولەما دابنیشن تا تەعلیمی ئەوانە بکەن کە هیچ نازانن ، عیلم تا نەبێ بە سیر بە فەنا ناچێو هیلاك نابێ •

ئەگەر ئەو دوو عومەرە نەبوونایـــە ئەثەر لـــە قورئانو حـــەدیث نەمابوو • ئەمما خوا ـ جل وعلا ـ فەرموویەتی : (وإنا له لحافظون)[1] ئەو وەکالەتە عەظیمەو ئەو بەهرە گەورەیە خوا کردی بە قسمەتی ئەو دوو مەردە گەورەیە • جامیعی قورئان حەزرەتی صددیقی ئەکبەرە ، موشیری حەزرەتی فارووقی ئەکبەرە • ناشیری قورئان حەزرەتی مەعدەنی حەیایە، موشیری حەزرەتی حوذەیفەی مەخزەنی ئەسـراری حەزرەتی موصطەفایە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ جامیعو ئامیری ئەحادیثی نەبەوییە فارووقی ثانیە ـ رضى الله تعالى عنهم ، وسود وجوه أعدائهم ـ •

٣٩٩/٥٩ ـ عن أبي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا تكتبوا عني ، ومن كتب عنـي غير القرآن فليمحـه ، وحدثوا عني ولا حرج ، ومن كذب علي ، قال همّام: أحسبه [أي زيـد بن أسلم شيخه] قال متعمدا فليتبوأ مقعده من النـار م ـ ٤٤١/١٠ •

(١) الحـجر / ٩ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صىی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : لــە دەم منەوە غەیری قورئان مەنووسن ، هەرکەسێ لــە منەوە =غــەیری= قورئــان بنووسێ[1] مەحوی بکاتەوە • لە منەوە ریوایەتی حەدیث بکەن ، زەرەری نیە . هەرکەسێ درۆم بە دەمەوە بکا [راویی حەدیثەکە شکی بوە لەوەدا کە شێخی ئەو کە زەیدی بنی ئەسلەمە ئاخری حەدیثەکەی ریوایەتکردوە یا نەیکردوە . بۆیە ئەڵێ]وای ظەن ئەبەمێ کە [زەید وتی]بە عەمدەن بــا ئەو کەسە جێگەی خۆی لە ئاگرا حازر بکا •

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە حاڵی حەیاتیا نەهیکردوە لە نووسینی حەدیث مەبادا خەڵق بە مرووری زەمان ئەوە بە قورئان بزانن تێکەڵی بکەن بە قورئان ، لە دوای ئەمە کە قورئان کۆکرایەوەو تەثبیتکرا خەڵق ئەمین بوو لە ئیختیلاطی بە غەیر ئەو مەحذوورە نەما لە نووسینو تەدوینی حەدیثا زەرەر نیە ، بۆیە عومەری ثانیی ئەمری فەرموو بە جەمعی ئــەحادیث •

٦٠/٤٠٠ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالی عنها ـ انها قالت [لعــروة ابن أختها] : ألا يعجبك أبو فلان [أبو هريرة] ؟ جاء فجلس إلى جانب حجرتي يحدث عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يُســمعني ذلك . وكنت أسبح . فقام قبل أن أقضي سبحتي ؛ ولو أدركته لرددت عليه : إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لم يكن يسرد الحديث كســردكم ح ـ ٦/٣٣ •

٦١/٤٠١ ـ عن عروة قال : كان أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنــه ـ يحدث حديثا ويقول : اسمعي يا ربة الحجرة ، اســمعي يا ربة الحـجرة ،

(١) ئەگەر « نووسیبێ » باشــترە .

وعائشة [رضي الله تعالى عنها] تصلي ، فلما قضت صلاتها قالت لعروة : ألا تسمع إلى هذا ومقالته آنفا ؟ إنما كان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يحدث حديثا لو عدّه العادّ لأحصاه م ـ ١٠/٤٤١ •

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە نوێژا ئەبێ ، لەو وەختەدا ئەبو هورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ یێ ، پاڵ ئەداتەوە بە دیواری حوجرەکەی حەزرەتی عایشەوە ـ رضي الله تعالى عنها ـ دەست ئەکا بە حەدیث ریوایەتکردن ، یەعنی بە عەجەلە هەر ئەیوت : گوێت لێ بێ یا صاحیبەی حوجرە ، گوێت لێ بێ یا صاحیبەی حوجرە • لە پێش ئەمەدا حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ نوێژەکەی تەواو بکا هەڵساو رۆیی ، لە پاشا عوروە چوە خزمەتی ، حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ بە عوروەی فەرموو : گوێت لەمەو لە قسەی نیە ؟ لە ریوایەتەکەی ترا فەرمووی : عەجایەبت نامێنێ لە ئەبو فلان ؟ هات پاڵی دا بە دیواری حوجرەکەمەوەو دەستی کرد بە ریوایەتی حەدیث لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە گوێی منیا هەڵەدا ، لە پێش ئەمەدا کە نوێژەکەم تەواو بکەم هەڵسا رۆیی ، ئەگەر نەدەرۆیی رەدم لێئەدایەوە ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەکوو ئێوە حەدیثی نەدەهۆنیەوە ، وای حەدیث ئەخوێن ئەگەر ئینسان کەلیمە ـ کەلیمە بیژماردایە ئەیژمارد [یەعنی لە حەدیثو قسەدا بە تەئەننی بوو ،عەجەلەی نەدەکرد ، تاوەکوو خەڵق ظەریف تێی بگاو لە بەری بکا] •

٤٠٢/٦٢ ـ عن أبي شريح [رضي الله تعالى عنه] =أنه= قال لعمرو بن سعيد [بن العاص بن أمية المعروف بالأشدق ، التابعي بغير إحسان ـ عامله الله بما هو أهله ـ] وهو يبعث البعوث إلى مكة : ائذن لي أيها

الأمير أحدِثْك قولا قام به النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - الغدَ من يـوم الفتح ، سمعته أذناي ، ووعاه قلبي ، وأبصرتـه عيناي حين تكلم بـه ؛ حمد الله وأثنى عليه ، ثم قال : إن مكة حرّمها الله ، ولم يحرّمهـا الناس ، فلا يحل لامرئ يؤمن بالله واليوم الآخر أن يسفك بها دمـا ، ولا يعضد بها شجرة ، فإن أحدٌ ترخص لقتال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - =فيها= فقولوا : إن الله قد أذن لرسوله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ولم يأذن لكم ، وإنما أُذِن لي فيها ساعة من نهار ثم عادت حرمتها =اليوم= كحرمتها بالأمس ، وليبلغ الشـاهـد الغـائب ، فقيل لأبـي شريح [رضي الله تعالى عنه] ما قال عمرو [•••••] قال أنا أعلم منك يا أبا شريح [يعني سماعك وحفظك صحيح لكن مافهمت المعنى] إن [الحرم •م] مكة لا تعيذ [لا تعصم] عاصيا [من إقامة الحد] ولا فارًّا بدم ، ولا فارا بخربـة [بالفتـح : السـرقـة • وبالضـم : الفساد • وبالكسر : الخيانة • من القسطلاني] ح - ١/١٩٥ ، م - ٦/٦١ ، ت،ن•

تەرجەمە :

کە عەمری کوڕی سەعیدی ئەشدەق والیی مەدینە بوو لە طەرەفی یەزیدەوە ، لە سەر ئەمە کە عەبدوڵلای بنی زوبەیر - رضي الله تعالى عنهما - بەیعەتی نەکردبوو بە یەزیدو ئیلتیجای بە مەککە کردبو ، لـــە مـەدینەوە لەشکری ئەناردە سەر مەککە کە حەرب لەگەڵ ئیبنو زوبـەیرا بـــکەن ئەبوشورەیحی صەحابیی - رضي الله تعالى عنه - بە عەمری کوڕی سەعید [ئەشدەقی دەم کەلارە]ی فەرموو : ئەی ئەمیر ئیذنم بدە کە قسەیێکت بۆ بکەم کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - رۆژی دوای فـەتحـی مەککە فەرمووی : هەردوو گوێم لێیبیست ، قەلبم حیفظی کرد ، هەردوو چاوم لێی بوو کە فەرمووی ؛ حەمدی خوای کرد ، ثەنای لەسەر کرد ،

لە دوایدا فەرمووی : بە تەحقیق مەککە خوا حەرامی کردوە [کە حەربی تیا بکرێ] ئینسان حەرامی نەکردوە ، کە وابێ حەلاڵ نیە بۆ پیاوێ ئیمانی بێ بە خواو رۆژی ئاخیرەت نە خوێنی تیابڕێژێ ، نە درەختــی ببــڕێ ، ئەگەر یەکێ بڵێ : روخصەت هەیە کە قیتالی تیابکرێ چونــکی پێغەمــەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قیتالی تیاکردووە •• پێی بڵێن [وا نیـــە وەکوو تۆ ئەڵێی] خــوا ئیذنی پێغەمەری داوە ـ صــلی الله تعــالی علیه وسلم ـ کــە قیتالی تیا بکا ئیذنی ئێوەی نەداوە ، ئیذنی منیشــی هــەر ئەوەندە داوە کە سەعاتێ لە رۆژ حەربی تیا بکەم ، لە دوایدا حەرامیی قیتال لــە مەککەدا ئیمڕۆ عەودەتی کردەوە وەکو حەرامیی دوێنێی [پێش فەتح ئەو وەختە چۆن حەرام بوە لە دوای فەتحیش تا رۆژی قیامەت حەرامە] ئەوی حازرە تەبلیغی ئەوەی بکا کە غائیبە •

سوئال لە ئەبوشورەیح کرا کە عەمر چی وت ؟ فەرمووی : وتی : (یا أبا شریح) من لە تۆی چاتر ئەزانم [تۆ لە حەدیثەکە نەگەییــوی] مەککە پەنای گوناهکار نادا ، پەنای کەسێ نادا کە خــوێنــی رژانبێو ئیلتیجا بە مەککە بکا ، پەنای خائینو موفسید نادا •

عــەمر گورێزی لــە جوابدانەوە کردوە ، قسەیێکی حەقی کردوەو ئیرادەی شتێکی باطیلی پێکردوە ، ئیبنوزوبەیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ لەوانەی کە عەمر وتوویەتی کامیانی کردوە ؟ صەحابەی پێغەمەر بوە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ، فیسقی نەبوە ، فــوجــووری نــەبوە ، پیـــاوی نەکوشتوە ، دزیی نەکردوە ، هیچ خیانەتێکی لێ واقیع نەبوە ، لە پێش یەزیدا ئەهلی حەلّو عەقد بەیعەتی پێکردوە ، لە یەزیدی لەعین ئەهلترە بۆ ئیمامەت • مەقصوودی پێغەمەریش ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وایە کە حەرب تیاکردنی حەرامە ، هوجوومسەرکردنی حەرامە ، نــەیفەرموە

قيصاصی تیا حەرامە ، ئیقامەی حەددی شەرعیی تیا حەرامە ، ئەوی عـەمر کردوویەتی حەربە قیصاص‌و ئیقامەی حودوود نیە •

٤٠٣/٦٣ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قـال : قـال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يوم الفتح فتح مكة : لا هجرة، ولكن جهاد ونية ، وإذا استنفرتم فانفروا ، وقال يوم الفتح فتح مكة : إن هذا البلد حرمه الله يوم خلق السماوات والأرض فهو حرام بحرمـة الله إلى يوم القيامة ، وأنه لم يحل القتال فيه لأحد قبلي ، ولم يحل لي إلا ساعةً من نهار ، فهو حرام بحرمة الله إلى يوم القيامة : لا يعضد شوكه ، ولا ينفر صيده ، ولا يلتقط لُقَطته إلا من عرفها ، ولا يختلى خلاها [الكلأ الرطب] فقال العباس : يا رسول الله إلا الإذْخِر ؛ فإنه لقينهم ولبيوتهم• فقال : إلا الإذخر • م ـ ٥٦/٦ عن طاوس ، واللفظ لمسلم • ح ـ ٢٩٥/٣ ، ٢٩٦ عن عكرمة ، بلفظ إن الله حرم مكة •

عن عكرمة مولى ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال لخالد : هل تدري ما لا ينفر صيدها ؟ هو أن يُنحِّيه من الظل يَنْزل مكانه ح‍ـ٢٩٥/٣•

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ڕۆژی فەتحی مەککە فەرمووی: دوای فەتح هیجرەت نیە ، ئەمما جیهادو نیەت هەیە [یەعنی ئەوانە وەکوو هیجرەت ثەوابیان زۆرە] ڕۆژی فەتحی مەککە فەرمووی : خوا لەو ڕۆژەوە کە خەلقی ئاسمان‌و ئەرزی کردوە ئەم شارەی حەرامکردوە کە : شەڕی تیا بکرێ ، بە حەرامکردنی خوا حەرام بوە تا ڕۆژی قیامەت ، لە پێش منا بۆهیچ کەس حەڵاڵ نەبوە کە شەڕی تیا بکا ، بو منیش هەر ساعەتـێ لە ڕۆژ حەڵاڵ بوە ، لە دواییا حەرامە بە حەرامبوونێ کە لە طەرەف خواوەیە تا ڕۆژی قیامەت • دڕکو داڵی نابڕرێ ، صەیدی لە جێی خۆی دەرناکرێ،

شتێ کە لە جێیێکا کەوتبێ هەڵناگیرێ مەگەر بۆ کەسێ کە تەعریفی بکا تا صاحێبەکەی ئەدۆزێتەوە ، گیای نادووروورێتەوە ، هەڵنابچوڕکێنـرێ • عەباس – رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : یا رسول =الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ = ئیللا زۆڕناتك نەبێ ؛ چونکە بۆ ئاسنگەرو بۆ خـانـوو لازمە • فەرمووی : ئیللا زۆڕناتك نەبێ [دروستە هەڵبکەنرێ] •

عەکرەمە بە خالیدی وت : ئەزانی مەعنای ئەوە چیە کــە صەیـدی دەرناپەڕێنرێ ؟ ئەوەیە لــە جێی سێبەر دەریبکەی لە جێیەکەی دابەزی• یەعنی جێی پێ لێژ کەی ، موراد هەر ئەوە نیە کە نابێ راو بکرێ •

٦٤/٤٠٤ – عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن خُزاعة قتلـوا رجلا من بني ليث ، عام فتح مكة بقتيل منهم قتلوه [في الجاهلية] فأخبر بذلك النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فركب راحلته فخطب ، فقال : إن الله حبس عن مكة القتل أو الفيل ، شك أبو عبدالله [البخـاري – رحمـه الله تعالى ـ] وسلّط عليهم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ والمؤمنون، ألا وإنها لم تحل لأحد قبلي ، ولا تحل لأحد بعدي ، ألا وإنها أحلت لي ساعة من نهار ، ألا وإنها ساعتي هذه حرام ؛ لا يختلي شوكها ولا يعضـد شجرها ، ولا تلتقط ساقطتها إلا لمُنْشِـد ، فمن قُتِـل [له قتيـل كما فـي الديات] فهو بخير النظرين : إما أن يعقل [يودي •خ أخرى] وإما أن يقاد [أي يمكن] أهل القتيل ، فجاء رجل من أهل اليمن [هو أبو شاه] فقال: اكتب لي يا رسول الله [أي هذه الخطبة] فقال : اكتبوا لأبي فلان [شاه] فقال رجل من قريش هو العباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ: إلا الإذخـر يا رسول الله ، فإنا نجعله في بيوتنا وقبورنا ، فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ : إلا الإذخـر ح – ٢٠١/١ ، ح – ٤٨/١٠ ، م – ٦٥/٦ ، د ، ن ، ت ، جه •

تەرجەمە :

لە ئەبوهورەیرەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەتە کە خوزاعە لـە سالّی فەتحی مەککەدا پیاوێکیان لە بەنی‌لەیث کوشت بە موقابەلەی ئـەوە کە ئەوان لە زەمانی جاهیلیەتا پیاوێکیان لە خوزاعە کوشتبو، بە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خەبەر درا ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ سواری وشترەکەی بوو ، خوطبەی خوێن ، فەرمووی : خوا لە مەککە قەتلی حەبس کرد ، یا فیلی حەبس‌کرد ، بوخاریی خۆی بە شك‌کەوتوە لـە بەینی ئەم دوو لەفظەدا ، پێغەمەر ـ صلی الله تعـــالی علیـــه وســـلم ـو موسولّمانانیان بە سەرا موسەللەط کرا ، لێتـــان مەعلـــووم بێ کـــە لـــە پێش منا مەککە بۆ هیچ کەس حەلاّل نەبوە کە قیتالی تیا بکا ، لە دوای منیش بـــۆ کـــەس حـــەلاّل نـــابێ بـــە مەعلوومیی بزانن کـــــە بـــۆ من ســـــەعاتێ لـــە رۆژ حـــەلاّل بـــوە ، ئـــەم ســـاعەتـــە کـــە ئێســـــــتە منی تیام حەرامە ، درِك‌و دالّی نابرِێ ، درەختی نابرِێ ، شتێکی تیا کەوتبێ هەلّناگیررێ مەگەر کەسێ کە بە شوێن صاحێبەکەیا بگەرِێ تا ئەیدۆزێتەوە، یەعنی ئەگەر نەیدۆزییەوە نابێ بە مولّکی ئەو گینا فەرقی چیە بێ لەگەلّ لەقیطەی ترا .

ئەگەر کەسێ کەسێکی بکوژرێ موخەییەرە لە بەینی دوو شتا : یا دیەت وەربگرێ ، یا موسەللەط ئەکرێ بەسەر قاتیلەکەیا کە بە قیصـــاص بیکوژێ [یەعنی بۆی نیە هەر کەسێ بێ قاتیلەکەی لێ هەلّکەوێ بیکوژێ وەك زەمانی جاهیلیەت] .

کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەم خوطبەیەی خوێن پیاوێ لە ئەهلی یەمەن کە ناوی ئەبوشا بوو ، هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـــه وســـــلم ـ فەرمووی : تا رەسوولوللاّ ئەمر بفەرموێ کە ئەم

خوطبەیەم =بۆ= بنووسن •پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـــه وسـلم ـ فەرمووی بینووسن بۆ ئەبو فلان [یەعنی ئەبوشاه ح ـ ١٠/٤٨] پیاوێ لە قورەیش کە حەزرەتی عەباسە فەرمووی : (يا رسول الله) ئیللا زورناتك نەبێ ؛ چونکە ئەیخەینە ناو خانوومانەوە ، ناو قەبرمانەوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئیللا زۆرناتك نەبێ کە دروستە •

٤٠٥/٦٥ ـ عن عبدالله بن عمرو [رضي الله تعالى عنهما] أن النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : بلغوا عني ولو آية ، وحدثوا عن بني إسرائيل [مما تعلمون صدقه] ولا حرج ، ومن كذب عليَّ متعمدا فليتبوأ مقعده من النار ح ـ ٤٢٤/٥ ، ت •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعـــالى عليـــه وسلم ـ فەرمووی : لە منەوە با ئایەتێکیش بێ تەبلیغی بکەن ، قسەی بەنیئیسرائیلی ، یەعنی کـــە بزانـــن راستە ، ریوایەت بکەن زەرەری نیە ، هەرکەسێ لە دەمی منەوە بە عەمدەن درۆ بکا جێ بۆ خۆی لە ناو ئاگرا حازر بکا •

٤٠٦/٦٦ ـ عن إبراهيم التيمي عن أبيه [محمد السامي] قال : خطبنا علي بن أبي طالب ـ رضي الله تعالى عنه ـ : من زعم أن عندنا شيئا نقرؤه إلا كتاب الله وهذه الصحيفة ، قال : وصحيفة معلقة في قراب سيفه ، فقـد كذب ، فيها أسنان الإبل وأشياء من الجراحات ، وفيها قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : المدينة حـرم مابين عَيْراني ثـور ، فمن أحدث فيها حدثا ، أو آوى محدثا فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين ، لا يقبل الله منه يوم القيامة صرفا ولا عدلا ، وذمة المسلمين واحدة يسعى بها أدناهم، ومن ادعي إلى غير أبيه ، أو انتمى إلى غير مواليه فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين ، لا يقبل الله منه يوم القيامة صرفا ولا عدلا م ـ ٨١/٦ ،

ح ـ ٣١٨/٣ وفيه : فمن أخفر مسلما فعليه لعنة الله والملائــكة والنــاس أجمعين ، لا يقبل منه صرف ولا عدل ، ومن تولى قوما بغير إذن مواليه فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين لا يقبل منه صرف ولا عـــدل
ح ـ ٣١٨/٣ .

تەرجەمە :

ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالی عنه ـ خوطبەی خوێندو لە خوطبەکەیا فەرمووی : هەرکەسێ ظەن ببا کە ئێمە غەیری قورئان شتێکمان لایە کە بیخوێنین و غەیری ئەو صەحیفەی کە بە کالانی شیرەکەمەوە هەڵاوەسراوە، درۆ ئەکا ، لەو صەحیفەدا ئەسنانی[1] وشتری تیانووسراوەو بەعزێ لـە جیراح و[2] ئەمەیش کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی: مەدینە حەرەمە لە مابەینی شاخی عەیرو شاخی ثەورا هەرکـەسێ شتێکی خیلافی قورئان و حەدیثی تیا ئیحداث بکا، یا خۆ پەنای کەسێ کە جینایەتێکی کردبێ بدا ئەو کەسە لەعنەتی خواو مەلائیکەو هەموو ئینسانی لەسـەرە تەوبەو فیدیەی لێ قەبووڵ ناکرێ لە رۆژی قیامەتا . عەهدو پەیمانی هەموو موسوڵمانان یەکێکە ، کام موسوڵمان لە خوار هەموو موســوڵمانانەوەیە ئەتوانێ ئەمانی یەکێ لە غەیری موسلیم بدا ، هەرکەسێ ئەمانی موسوڵمانان و عەهدیان بشکێنێ و موخالەفەی بکا لەسەر ئەو کەســـەیە لەعنی خـــواو مەلائیکەو هەموو ئینسان ، تەوبەو فیدیەی لێ قەبووڵ ناکرێ لە قیامەتا .

---

(١) مەبەست لە ئەسنانی وشتر ئەو زنجیرەو ژمارەی ساڵەیە کـە بـــۆ حسابی زەکاتی وشتر دانراوەو لـە کتێبـە شـەرعەکاندا بە درێژی نووسراوە .

(٢) مەبەست لە (جیراحات) زنجیرەو ئەندازەی تۆڵەو فیـدیەی بـرین و زیانگەلێکە کە لە خەڵق ئەکەون و بە ماڵ تۆڵەیان ئەدرێتەوەو زۆرتریش بە وشتر دیاریکراوە .

هەرکەسێ خۆی نیسبەت بداتە لای غەیری باوکی خۆی ، بلێ : کـوڕی ئەوم ، یا عەبدێکی ئازادکراو خۆی نیسبەت بداتە لای غەیری ئەوانەی کە ئازادیانکردوە لەعنەتی خواو مەلائیکەو هەموو ئینسانی لەسەرە ، تەوبەو فیدیەی لێ قەبووڵ ناکرێ لە قیامەتا . (=ئەمەی رابورد=مەعنای مەئالی هەردوو حەدیثەکەیە) .

عن أبي جحيفة [وهب بن عبدالله السوائي من صغار الصحابة ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال : قلت لعليٍّ [رضي الله تعالى عنه] : هل عندكم كتاب [خصكم به رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دون غيركم من أسرار الوحي كما يزعم الشيعة]؟ قال : لا إلا كتاب الله ، أو فَهمٌ أُعطيه رجل مسلم ، أو ما في هذه الصحيفة . قال : قلت : وما في هذه الصحيفة ؟ قال : العقل وفكاك الأسير ، ولا يقتل مسلم بكافر ح ـ ١/١٩٩ .

تەرجەمە :

لە ئەبوجوحەیفەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەتە کە فەرمووی : بە ئیمامی عەلیم وت ـ رضي الله تعالى عنه ـ: لای ئێوە کە ئەهلی بـەیتی پێغەمەرن ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هیچ کتێبێکتان هەیە لە ئەسراری وەحی کە هەر خاصی ئێوە بێو بۆ غەیری ئێوە نەبێ وەکوو شیعە ئەڵێن ؟ فەرمووی : خەیر غەیری قورئانو فەهمێ کە خوا ئیعطای فەرموویێ بـە پیاوێکی موسوڵمان کە لە قورئان ئیستینباط بکرێو ، ئەوی لە ناو ئەو صەحیفەدایە هیچی ترمان نیە . وتم : ئەو صەحیفەیە چی تیایە ؟ فەرمووی: عەقالەی تیایە . یەعنی خوێنی ئینسان کە چەند وشترە ، ئەو وشترانە لـە چەند ساڵەوە تا چەند ساڵە بن . ئەوەیشی تیایە کە موسوڵمان بۆ ئەسیری کوففار لە ئەسیریی نەجات بدرێ . ئەوەیشی تیایە کە لە قیصاصی کـافـرا موسوڵمان ناکوژرێ .

٤٠٧/٦٧ ـ أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه ـ عبدالرحمن بن صخر] يقول : ما من أصحاب النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أحد أكثر حديثا عنه مني إلا ماكان من عبدالله بن عمرو [بن العاص ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] فـإنـه كـان يكتب ولا أكتب =ح ـ ٢٠٦/١= [راوي أبو هريرة (٨٠٠) ، مرويه (٥٣٠٠) • مـروي عبـــدالله (٧٠٠) فمـروي أبي هريرة أضعاف مروي عبدالله = القسطلاني ٢٠٦/١=] •

ئەمما ئیحتیمالی هەیە کە لەو وەختەدا ئەبوهورەیرە ئەوەی فـەرمـوە وابووبێ ، کە عەبدوڵڵا چوو بۆ میصر ئەبوهورەیرە لێی زیادکردبێ، فەقەط لازم بێ کە بە واسیطە بێ ، یا خۆ راویی عەبدوڵڵا کەمتر بووبێ ، زۆر لەو حەدیثانەی لێ ریوایەت نەکرابێ •[1]

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : هیچ کەس نیە لە ئەصحابی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە لە من زیاتر حەدیثی لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تـعالى عليـه وسلم ـ ریوایـەت کـردبـێ ، ئیللا عەبدوڵڵای کوڕی عەمری عاص ، ئەو حیفظی بـــوو ئـەینوسیـــی من نـەمئەنووسیی[2] •

---

(١) دانـــەر ـخـ تەرجەمەی قســـەکـەی قەسطەلانیی نەکردوە ئـــەمـە تەرجەمەکەیەتی : هەشتصـــــەد کـــەس حەدیثیان لە ئەبوهورەیـــرە ریوایەتکردوە (٥٣٠٠)حەدیثی لێ ریوایەتکراوە . عەبدوڵڵا حەوصەد حەدیثی لێریوایەتکراوە . کە واتە ئەوانەی کـــــە لـــە ئەبوهورەیرە ریوایەتکراون چەند قاتی حەدیثەکانی عەبدوڵڵایە .

(٢) ئەمە تەرجەمەی قسـەیێکی قەسطەلانییە ، دانەر ـخـ لێرەدا دەقــە عەرەبییەکەی نەنووسیوە .

٦٨/٤٠٨ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قــال : إن الناس يقولون : أكثر أبو هريرة ، ولولا آيتان في كتاب الله ماحدثت حديثـا ، ثم يتلو : (إن الذين يكتمون ما أنزلنا من البينات والهدى) إلى قـولـه (الرحيم) تمام الآية (من بعد ما بيناه للناس في الكتاب [أي التوراة] أولائك يلعنهم الله ويلعنهم اللاعنون . إلا الذين تابوا وأصلحوا وبينوا ، فأولائك أتوب عليهم ، وأنا التواب الرحيم)[1] إن إخواننا من المهاجرين كان يشغلهم الصفق بالأسواق ، وإن إخواننا من الأنصار كان يشـغلهم العمل في أموالهم ، وإن أبا هريرة كان يلزم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بِشِبَعِ بطنه ، ويحضر مالا يحضرون ، ويحفظ مالا يحفظون ح ـ ١/٢٠٦ .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : خـەڵق ئـەڵێن : ئەبوهورەیرە زۆر حەدیث لە پێغەمەرەوە ریوایەت ئەکا [یەعنی ئەم هەموو حەدیثە لە کوێ دێنێ ؟ بەوە ئیتتیهامیان کردوە ، چـونـــکە دوای فەتحی خەیبەر هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وســـلم ـ موددەتی صوحبەتی نیهایەت بەقەد سێ ساڵ بوە] ئەفەرموێ : ئەگەر دوو ئایەت نەبوایە لە قورئانا هیچ حەدیثم ریوایەت نەدەکرد . ئەو دوو ئـایەتــەی خوێنەوە کە نووسراون ، برادەرانی من کە موهاجیرن لە بازارِا مەشغووڵی خەریدو فرۆخت بوون . برادەرانی ئەنصارم مەشغووڵی ئیش‌وکار بـوون لە ئەراضییانا ، ئەبوهورەیرە لازمی پێغەمەر بوو بە نانەزگیـی ، حـازری ئەوە ئەبوو کە ئەوان حازری نەدەبوون ، حیفظی ئەوەی ئەکرد کە ئەوان

(١) البقرة / ١٥٩ / ١٦٠ .

حیفظیان نەدەکرد • یەعنی بۆیە ئەو حـەدیثـی زۆرە • حـەدیثـی درۆی هەڵنەبەســـتوە •

٦٩/٤٠٩ ـ وعنه قال : قلت : يارسول الله إني أسمع منك حديثا كثيرا أنساهُ ، قال : ابسط رداءك ، فبسطته =قال= فغرف بيديه ثم قال : ضمه فضممته ، فما نسيت شيئا بعده ح-٢٠٦/١ • فيه معجزة باهرة•

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ئەفەرموێ : عەرزی پێغەمەرمکرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : (يا رسول الله) حەدیثی زۆرت لیٔەبیێم لە فکرم ئەبڕێتەوە ، فەرمووی : ریداکەت راخە • رامخست ، بە هەردوو دەستی موبارەکی بـە مستکردیە نـاو ریداکەمەوە فەرمووی : حەدیثەکە [قەسطەلانیی] بــە خۆتەوە بنووسێنە ، یا ریداکەت [ظاهیر] بێنەرەوە یــەك • حەدیثەکـەم بەخۆمەوە نووسان یا ریداکەم هێناوە یەك • لە دوای ئەوە هیچ حەدیثـم لەفکر نەچۆوە • ئەمە موعجیزەیێکی زۆر گەورەیە •

٧٠/٤١٠ ـ وعنه قال : حفظت عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وعاءين ، فأما أحدهما فبثثته ، وأما الآخر فلو بثثته قطـع هـذا البلعـــوم ح - ٢٠٧/١ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ئەفەرموێ : پڕ بە دوو ظەرف حەدیثم لە پێغەمەر ـصلی الله تعالی علیه وسلم ـ بیســـتوە حەدیثی ظەرفێکـیانم بــە نـاوخەڵقـا بلاوکردوەتەوە ، ئەمما ئەگەر حەدیثی ظەرفەکەی تریان نەشر بکەمەوە ئەم گەروە هەڵیێننەوەو ئەیبڕن • [... ..] •

ئەم حەدیثە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەمە کە لەبەر مەصلەحەت کـەتمی عیلم لازمە ، ئەگەر نەشری ئەو عیلمە فەسادێ یا مەحذوورێـکی تیـابێ . ظاهیر وایە کە ئەبوهورەیرە بە ئەمری پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ کەتمی کردوە گینا بەر (إن الذين يكتمون) ئەکەوێ .

٤١١/٧١ ـ عن عبدالله [بن مسعود] رضي الله تعالى عنه قال : اجتمع عند البيت ثقفيان وقرشي ، أو قرشيان وثقفي ، كثيرة شحم بطونهم ، قليلة فقه قلوبهم . فقال أحدهم : أترون أن الله يسمع مانقول ؟ قـــال الآخر : يسمع إن جهرنا ، ولا يسمع إن أخفينا قياســا على الانس قياسا فاسدا . وقال الآخر : إن كان يسمع إذا جهرنا فإنه يسمــع إذا أخفينـا [قياسا للخفي على الجلي قياسا صحيحا ، ولكن لما لم يعتقده كان قليــل الفقه] فأنزل الله تعالى : (وما كنتم تستترون أن يشهد عليكم سمعكم ولا أبصاركم ولا جلودكم ...)[1] الآية خ ـ ٤٥٢/١٠ م ـ ٢٥٣/١٠ .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای بنی مەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : دوو ثەقیفیی‌و قورەیشییێك ، یا دوو قورەیشیی‌و ثـــەقیفییێك لای کـــەعبـــە کۆبوونەوە ، بەزی ناوزگیان زۆر بوو ، عەقڵیان تێگەیینی کەم بـــوو ، یەکێکیان وتی : ئایا ئەوی ئێمە ئەیڵێین خوا ئەیبیێ ؟ ئەوی تریان وتی : ئەگەر بە قائیم بیڵێین ئەیبیێ ئەگەر بە دزییەوە بیڵێین نایبیــێ ، وەکـــوو ئینسان . ئەوی تریان وتی : ئەگەر گوێی لەوە بێ کە بە ئاشکرا ئەیڵێین گوێی لەوەیش ئەبێ کە بە دزییەوە ئەیڵێین . خوا ئەم ئایەتی (حم فصلت)ەی نازڵ فەرموو :

(١) فصـــلت / ٢٢ .

ناتوانن ئێوه كه خۆتان بشارنەوه نه لەوه كه گوێتان شەهادەتتـان لێ بدا ، نه لەوه كه چاوتان شەهادەتتان لێ بدا نه لەوه كـه پێستتان شەهادەتتان لێ بدا ، ئەمما ئێوه وا تێئەگەیێن كه گەلێ لەو ئیشانەی كه به دزییەوه ئەیكەنو خۆتان ئەیزانن خوا نایانزانێ ! یەعنی خوا ئاگای لـه ئاشكراو پەنهان هەیه • مەعنای لەفظی (حمسجده) وایه : دوو پیاو لـه قورەیشو زاوایێكیان له ثەقیف ، یا دوو پیاو له ثەقیفو زاوایێكیان لـه قورەیش له خانوویێكا بوون ، یەعنی نزیـكی بەیت ، بەعزێـكیان بـه بەعزێكیانی =وت= : ئایا لاتان وایه كه خوا قسەی ئێمه ئەبیێ ؟ بەعزێكیان وتی : بەعزێكی ئەبیێ [یەعنی ئەوی كه به ئاشكرا ئەیلێین] بەعزێكیـان وتی : ئەگەر خوا بەعزێكی ببێی هەمووی ئەبیێ ، ئەو وەختە ئەو ئایەتـه نازڵ بوو ح - ٣١٥/٧ ، ت ، ن •

٤١٢/٧٢ - عن الأسود قال : قال لي ابن الزبير [رضي الله تعـالى عنه] : كانت عائشة [رضي الله تعالى عنها] تسر إليك كثيرا ، فما حدثتك في الكعبة ؟ قلت : قالت لي : قال لي النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم-: يا عائشة لولا قومك حديث عهدهم ، قال ابن الزبير [رضـي الله تـعالى عنهما] : بكفر لنقضت الكعبة فجعلت لها بابين : باب يدخـل الناس ، وباب يخرجون ففعله ابن الزبير - رضي الله تعالى عنهما - ح - ٢١٥/١ ، ت بلفظ (بالجاهلية) هذا يناسب المساجد أيضا[١] •

تەرجەمە :

ئەسوەد ئەڵێ : عەبدوڵلای كوڕی زوبەیر - رضي الله تعالى عنهما - پێیوتم : حەزرەتی عائیشە - رضي الله تعالى عنها - زۆر قسەی سیرڕیی له

(١) ئەم باسه لـه لاپەڕه (٢٥٥)و دوای ئەو لاپەڕەی بەرگی پێنجەمی ئـەم كتێبەدا بـه درێژیی نووسراوه .

لا ئەكردی ، لە كەعبەدا چ قسەیێكی بۆ كردی ؟ ئەسوەد ئەڵێ : وتم‌فەرمووی: كە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێی‌فەرمووم : ئـــەی عـائیشە ئەگەر قەومەكەت كە قورەیشن نزیك نەبوونایە بە زەمانی كوفرو جاهیلییەت كەعبەم تێك‌ئەداو دوو دەرگام بۆ ئەكرد : یەكێكیان خـەڵق لێـی بچنـــە ژوورێ ، یەكێكیان لێی بچنە دەرێ • عەبدوڵلای بنی زوبەیر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ كردی •

ئەوەڵ بینای بەیت حەزرەتی ئادەم ـ علیه الصــــلاة والســلام ـ كردی • دوەم حەزرەتی ئیبراهیم و ئیسماعیل ـ علیهما الصلاة والسلام ـ كردیان • سێیەم قورەیش لە پێش پێغەمەرێتی پێغەمەرا ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ كردیان • فەقەط پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلــم ـ بـە دەستی موبارەكی خۆی (حجر الأسود)ی تیا نەصب‌كرد • دەفعەی چوارەم ئیبنوزوبەیر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ لەسەر ئەساسی حەزرەتی ئیبراهیم كە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەعیینی فەرموو بوو بینای كرد• دەفعەی پێنجەم حەججاجی بنی یوسف بە ئەمری عەبدولمەلیكی بنی مەروان تێكی‌داو بردیەوە ئەساسی قورەیش •ئێستە ئەو بینایەیە • پێغەمەر ـصلی الله تعالی علیه وسلم ـ بۆیە نەیكرد چونكی قورەیش لە زەمانی جەهالەتەوە نزیك‌و تازەموسوڵمان بووبوون مەبادا فیكر خراپ كەن بڵێن محمد ـصلی الله تعالی علیه وسلم ـ بینای قورەیشی تێكداو لێی‌زیادكرد تا فەخر بەسەر قورەیشا بكـا •

(أثـر) قال علي ـ رضي الله تعالی عنه ـ : حدثوا الناس بمایعرفون، أتحبون أن یكذّب الله ورسوله ؟ ح ـ ١/٢١٥ •

تەرجەمە :

حەدیثی وا بۆ خەڵق بخوێنن کە تێی‌بگەن بچێتە دڵیانەوە ، یـەعنـی حەدیثی وایان بۆ مەخوێنن کە عەقڵیان پێ‌نەشکێ‌و ئینکاری بکەن • بـۆ حەزەکەن کە خواو پێغەمەری خوا تەکذیب بکرێن ؟

(أثــر) قال مجاهد : لا يتعلم العلم مستحي ولا مستكبر • وقالت عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ : نعم النساء نساء الأنصـــار ، لم يمنعهن الحياء ، أن يتفقهن في الدين ح ـ ١/٢١٧ •

تەرجەمە :

موجاهید ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : ئینسانێ کە حەیا بکاو شەرمن بێ عیلم فێر نابێ • ئینسانێکیش کە تەکەبوری بێ عیلم فێر نابێ•حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : ژنانی ئەنصار چ ژنێکی باشن، شەرمنی‌و حەیا مەنعی نەکردن لەمە کە دینی خـــۆیان فێرببن • مـەثەلا ئوممو سولەیمی دایکی ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ مەسئەلەی ئیحتیلامی ژنی لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پرســـی ، عیتابیان کـرد ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لێیان توندبوو •

ئینسان قەط نەڵێ : رووم نایێ ئەوە بپرسمەوە شتێکی عەیبە ، من مەلام‌و ئەو فەقێ مناڵە چیە من بچمە لای شتی لێ بپرسم ؟ ئەبوموســـای ئەشعەری‌و گەورە گەورەی موهاجیر لای ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ دەرسی قورئانیان ئەخوێن •

٧٣/٤١٣ ـ عن عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسول‌الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن من الشجر شجرةً لا يســـقط وَرَقُها ، وهي مثل المسلم ، حدثوني ماهي ؟ فوقع الناس في شجر البادية،

ووقع في نفسي أنها النخلة • قال عبدالله [رضـي الله تـعالى عنـــه] : فاستحييت ، فقالوا : يارسول الله أخبرنا بها • فقال رســول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : هي النخلة • قال عبدالله : فحدثت به أبي [رضي الله تعالى عنهما] بما وقع في نفسي ، فقال : لأن تكون قلتها أحبّ اليّ من أن يكون لي كذا وكذا ح – ١/١٥٤ ، ح – ١/٢١٨ ، م – ١٠/٢٨٥ ، م – ١٠/٢٨٧ وفيه : وألقى في نفسي ، أو روعي أنها النخلة • فجعلت أريد أن أقولها فإذا أسنان القوم فأهاب أن أتكلم ، فلما سكتوا ، قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : هي النخلة • وليس فيه قول عبدالله لأبيه وجوابه ـ رضي الله تعالى عنهما ـ •

وعن مجاهد ـ رحمه الله ـ قال : صحبت ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] إلى المدينة ، فما سمعته يحدث عن رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ إلا حديثا واحدا ، قال : كنا عند النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ فأتي بجمّار [وهو الذي يؤكل من قلب النخل يكون لينا] فذكر نحو حديثهما [يحيى بن أيوب وقتيبة بن سعيد] م – ١٠/٢٨٧ •

تەرجەمە :

کافیە،حادیثە یەکێکە ریوایەت زۆرە ئەلفاظ موختەلیفە •

رۆژێ لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ بووین دڵی دارخورمایان هێنا ، پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وســـلم ـ فەرمووی : درەختێ هەیە گەڵای هەڵناوەرێ ، ئەو درەختە مەثەلی موسوڵمانە پێم بڵێن کە چیە ؟ خەڵق کەوتنە ناو درەختی بیابانەوە ، یەعنی هەرکەس شـــتێکی ئەفەرموو • کەوتە دڵمەوە کە دارخورمایە ، تەمام بوو بیڵێم ، کەچی پیاوی گەورە ـ گەورە لەوێدا بوون ، هەیبەتم لێنیشت کە بیڵێم • کە بێدەنگ بوون پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وســـلم ـ فەرمووی : دارخورمایە •

ئەوەم بۆ باوکم گێڕایەوە کە بە دڵما هات • فەرمووی : ئەگەر بتوتایـــە لەوەم لاخۆشتر ئەبوو کە ئەوەو ئەوەم ببوایە • یەعنی فەضلو شەرەفت لە ناو ئەصحابا مەعلووم ئەبوو ، هەم شەرمت ئەشکا ، لە دوای ئەوە لـە شتت ئەپرسیی گەلێ شت فێر ئەبووی •

٤١٤/٧٤ ـ عبدالله بن عمـرو [بن العـاص] ـ رضي الله تعـالى عنهمـا ـ قـال هجرت [أي بـكرت • نـووي] إلى رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يوما ، قال : فسمع أصوات رجلين اختلفا في آية فخرج علينا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يعرف فـي وجهه الغضب فقال : إنما هلك من كان قبلكم باختلافهم في الكتـــاب م ـ ١٠٧/١٠ • [يناسب فضائل القرآن] •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای بنی عەمری بنی عاص ـ رضي الله تعالى عنهما ـئەفەرموێ: رۆژێ زوو بەیانیی چوومە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەنگی دوو پیاوی بیست لە قورئانا ئیختیلافیان بوو • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی موبارەکی هاتەدەرێ لامان ، عەلامەتـــــی غەضەب لە روویا دیاربوو ، فەرمووی : ئوممەتی پێش ئێوە بۆیە هیـلاك بوون بە واسیطەی ئیختیلافیان لە کیتابی خوادا •

٤١٥/٧٥ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن ابغض الرجال الى الله الألد الخصـم م ـ ١٠٩/١٠ •

عایشە [رضي الله تعالى عنها] فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : مەبغووضترینی پیاوان = لە لای خوا = ئەوەیـە

کە زۆر جەدەلۆزەو زۆر بە مەهارەتە لە جەدەلا ؛ دەلیلێکت بە حوججەت لەسەر هێنا هەڕا ئەکا بۆ دەلیلێکی تر ، وەکو کەسێ لە گوێ شیوێ بێ کە بۆی بچی هەڕا ئەکاتە ئەوبەر ، بە شوێنیا ئەچی بۆ ئەوبەر هەڕائەکاتەوە بۆ ئەمبەر ، ناگیرێو نابەزێ .

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ذەمی ئەوەی فەرموە کـــە لەسەر باطیل جەدەل بکا . ئەمما ئەو کەسەی بو ئیحقاقی حەق موجادەلـە بکا بە ئەحسەنی طەریق ، وەك لە قورئانا خوا ئەمری بە پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسـلم ـ فەرمووە ، ئـەوە مەمدووحە . (ألد) لە (لديد) ئەخذکراوە کە بە گوێشیو ئەڵێن ، یەعنی لە جەدەلا ئەمبەرو ئەوبەر ئەکا.

٤١٦/٧٦ ـ عن عبدالله [بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال : [كنت مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في حرث بالمدينة وهو يتوكأ على عسيب ، فمر بنفر من اليهود ، فقال بعضهم : سـلوه عن الـروح ، وقال بعضهم : لا تسألوه لا يسمعكم ماتكرهون [لأنهم قالوا : إن فسره فليس بنبي ، وإن لم يفسره فهو نبي ، وقد كانوا يكرهون نبوته] فقاموا إليه فقالوا : يا أبا القاسم حدثنا عن الروح ، فقام ساعة ينظر ، فعرفت أنه يوحى إليه ، فتأخرت عنه حتى صعد الوحي . ثم قال : (ويسألونك عن الروح ، قل : الروح من أمر ربي) ح ـ ١٠/٣٠٠] بينا أنا أمشي مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في خَرِب [وبكسر ففتح] ، [حـرث ٠م] المدينة وهو يتوكأ على عسيب معه ، فمر بنفر من اليهود ، فقال بعضهم لبعض : سلوه عن الروح ، وقال بعضهم : لا تسألوه [لا يستقبلكم بشيء تكرهونه . فقالوا : سلوه . فقام إليه بعضهم فسأله عن الروح ، قال : فأسكت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فلم يرد عليه شيئا ،

(١) الاســــراء / ٨٥ .

فعلمت أنه يوحى إليه • قال : فقمت مكاني ، فلما نزل الوحي قـال : (ويسألونك عن الروح ، قل : الروح من أمر ربي ، وما أوتيتم من العلم إلا قليلا) م – ١٠/٢٦٨ وفي أخرى : في نخل • م – ١٠/٢٧٠] لا يجيء بشيء تكرهونه • فقال بعضهم : لنسألنّه ، فقام رجل منهم فقال : يا أبا القاسم ما الروح ؟ فسكت ، فقلت : إنه يوحى إليه ، فقمت [حتى لا أتشوش عليه] فلما انجلى عنه فقال : (ويسألونك عن الروح • قل الروح من أمر ربي ، وما أوتوا من العلم إلا قليلا) • قـال الأعمش [سليمان بن مهران] : هكذا في قراءتنا ح – ١/٢١٤ ، م – ١٠/٢٦٩ ، ح – ١٠/٣٠٠ •

تەرجەمە :

چوار ریوایەت کەمێ ئیختیلافیان لە لەفظا هەیە ، مەئالی هەموویان یەکێکە • ئەگونجێ ئەو جێیە خەرابە بووبێ دارخورمایشـی لێبووبێ و زەرعیش کرابێ • لە ریوایەتێکا (وما أوتوا)یەعنی یەهوود • لە ریوایەتێکا (وما أوتيتم)یەعنی ئەی یەهوود (أوتوا) قیرائەتی ئەعمەشـه (أوتيتم) قیرائەتی مۆصحەفی ئیمامی عوثمانە • ئەگونجێ قیرائەتی (أوتيتم)عـام بێ ، ئەو جوولەکانەی کە پرسیویانە ئەوانیش بەرەکەون •

مەعنای : عەبدوڵلا – رضي الله تعالى عنه – ئەفەرمۆێ : لەخدمەت[1] پێغەمەرا – صلى الله تعالى عليه وسلم – لە خەرابەیێکا ، لە زەراعەتێ لـە ناو باغی خورمایێکا بە لای چەند کەسێ لە یەهوودا تەشریفی رابـورد ، بەعزێکیان بە بەعزێکیانی وت : سوئالی لێ بکەن کە رۆحچیە ؟ [ئەگـەر

[1] دانەر –خ– تەرجەمەی ئەوەی نەکردوە کە پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – لقێکی دارخورمای وەك گۆچان بە دەستەوە بوو هێزی تـەدابەشـەر •

جوابی دایەوە پێغەمەر نیە ، ئەگەر جوابی نەدایەوە کە چیە پێغەمەرە ، ئەمما حەزیان نەدەکرد کە پێغەمەر بێ] بەعزێکیان وتی : لێی مەپرسن مەبـــادا شتێکی وا بڵێ کە ئێوە حەزی پێ نەکەن • بەعزێکیان وتی : وەللاهی لێی ئەپرسین ، یەکێ لەوانە هەڵسا چوە خزمەتی وتی : (یا أبا القاسم) رۆح چیە ؟ یەعنی ماهییەتو حەقیقەتی رۆحی ئینسانیی چیە ؟ پێغەمەر ـ صلى الله تعالی علیه وسلم ـ بێدەنگ بو جوابی نەدایەوە تا قەدرێ ، زانیم کـــە وەحی بۆ یێ ، لێی پاش کەوتمو وەستام ، تا لێی تەشویش نەکەم • کە گرانیی وەحیەکەی لەسەر هەڵسا فەرمووی : لێت ئەپرسن لە رۆح • بڵێ : رۆح ئەمرێکی رەببانییە ، یەعنی حەقیقەتو ماهییەتی ئەو هەر خوا ئەیزانێ ، ئێوە لە عیلم هەر نەختێکتان پێ عەطاکراوە • موراد لە رۆح رۆحی حەیوانیـــی نیە کە بوخارێکی لەطیفە لە بۆشیی لای چەپی دڵایە ، کە حوکەما قسـەیان لێ کردوە ، ئەو رۆحە موشتەرەکە لە هەمـــوو حەیواناتا مەداری حیسو حەرەکەیە •

٤١٧/٧٧ ـ سعید بن جبیر قال : قلت لابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : أن نَوْفا البَكالي [تابعي جليل عالم ، إمام لأهل دمشق] يزعم أن موسى [صاحب الخضر] ليس [هو] بموسى صاحب بني إسـرائيـل [وإنما هو موسى بن ميشا بن أفرائيم بن يوسف- عليه الصلاة والسلام-]•

تەرجەمە :

سەعیدی بنی جوبەیر ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : عەرزی ئیبنوعەباسم کرد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : کە نەوفی بەکالیی ئـەڵێ : رەفیقی حەزرەتی خضر کە لە سوورەتی (الکهف)ا خوا بەحثی لێ فەرموە مووسای پێغەمەری بەنیئیسرائیل نیە ـ علیه الصلاة والسلام ـ مووسای کـــوڕی میشای کوڕی ئەفرایمی کوڕی حەزرەتی یوسفە ـ علیه الصلاة والسلام ـ•

فقال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : كذب عدو الله [زجـر وتحذير لا قدح فيه] • [حدثني • أخرى ، خ] حدثنا أبي بن كعب [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : قام موسى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خطيبا في بني إسرائيل ، فسئل : أي الناس أعلم ؟ فقال : أنا أعلم • فعتب الله عليه إذ لم يـردً العلم إليه • فأوحى الله تعالى إليه : إن عبدا من عِبادي بمجمع البحرين هو أعلم منك • قال : رب وكيف لي به ؟ فقيل لـــه : احْمِل حوتا فـــي مِـكْتَـل [الزنبيل يسع خمسة عشر صاعا] فإذا فقدته فهو ثم •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس [رضـي الله تعـالى عنهما ـ رقی هەڵسا ، بۆ زەجری نەوف] فەرمووی : درۆی کردوە نەوفی دوشمنی خوا [چونکی خیلافی واقیعی وتوە ، مەقصوودی وا نیە کە طەعن لە نەوف بدا] ئوبەییی کوڕی کەعب ـ رضي الله تعالى عنه ـ قسەی بۆ کردووین لە پێغەمەرەوە ـ صلی الله تعالى عليه وسلم ـ کە فەرمووی : مووسای پێغەمەر ـ صلی الله تعالى عليه وسلم ـ لە ناو بەنی ئیسرائیلا بە خەطیبیی راوەستا ، لێیانپرسیی : کام ئینسان لە هەموو کەس عالمترە ؟ فەرمووی : من • لە بەر ئەوە خـوا ـ جل وعلا ـ عیتابی لێ گرت ؛ چونکی عیلمی ئەوەی رەدنەکردەوە سەر خوا • ئەبوایە بیفەرموایە (والله أعلم) خوا ئەیزانێ • ئەو وەختە خـوا ـ جل وعلا ـ وەحیی بۆ نارد : کە عەبدێ لە عەبدانی من کە لە (مجمـع البحرين)ە ئەو لە تۆ عالمترە • حەزرەتی مووسا ـ عليه الصلاة والسلام ـ عەرزی جەنابی باریکرد : کە ئەی رەببم چۆن من پێی ئەگەم ؟ ئەمری پێکرا کە لە زەنبیلێکا ماسییێك هەڵبگرە ، کە ئەو ماسییەت لێ ون بـوو ئـەو عەبدی منە لەو جێگەیە •

فانطلق وانطلق بفتاه يوشع بن نون [عليه الصلاة والسلام] وحملا حوتا في مِكْتَلٍ ، حتى كانا عند الصخرة ، وضعا رؤسهما وناما ، فانسلّ الحوت من المكتل فاتخذ سبيله في البحر سربا ، وكان لموسى وفتاه عجباً ، فانطلقا بقية ليلتهما ويومهما فلما أصبح [فيه تقـديم وتأخير ، أي بقيـة يومهما وليلتهما كما لمسلم وللمؤلف في التفسير] قال موسى لفتاه : آتنا غداءنا لقـد لقينا من سفرنا هذا نصبا ، ولم يجد موسى مسّاً من النصب حتى جاوز المكان الذي أمر به ، فقال له فتاه : أرأيت إذا أوينا إلى الصخرة؟ فإني نسيت الحوت ، قال موسى [عليه الصلاة والسلام] : ذلك ماكنا نبـغي .

تەرجەمە :

حەزرەتی مووسا ـ عليه الصلاة والسلام ـ تەشریفـی کـەوتەڕێ ، غولامەکەیشی کە یوشعی کوڕی نوون بوو لەگەڵ خۆیا برد ، ماسییێکی گەورەیان ، یەعنی خوێپێوەکراویان ، لە زەنبیلێکی گەورەدا هـەڵگرت تا گەیشتە لای ئەو بەردەی کە وەعدی پێدرابوو ، لەوێدا مولاقاتی ئەبێ لەگەڵ حەزرەتی خضـرا ـ علیـــه الســـلام ـ سەریاننایەوەو نوستن ، ماسییەخوێکراوەکە لە زەنبیلەکە کشایەدەرێو ڕێی خۆیی لـە بـەحـرا گرتو کردی بە ڕێگە ، ئەو زیندوبوونەوەی ماســییەو ڕێکردنـــەوەی لە بەحرا بوو بە عەجائیب بۆ حەزرەتی مووساو غولامەکەی ـ عليهما الصلاة والسلام ـ باقیی ئەو ڕۆژەیانو شەوی دوایییان ڕۆیین کە ڕۆژیان لێبۆوە حەزرەتی مووسا ـ عليه الصلاة والسلام ـ بە غـــولامــەکـەی فەرموو : قاوەڵتینەکەمان بۆ بێنە ، لەم سەفەرەمان [یەعنی سەفەری لـە دوێنێـوەو ئیمشەو] تووشی ماندوێتیەکی زۆر بووین . حەزرەتی مووسا ـ علیـــه الصلاة والسلام ـ هیچ ماندوێتی نەبوو تا لەو جێیەی کە ئەمری پێ‌کرابوو

که لەوێدا حەزرەتی خضر - علیــه الســـلام - ئەبینێ = تێپەڕی کرد =
غـولامـەکـەی عەرزی کرد : ئەبینی کـــە چیم دی ؟ کـە هـاتینـە لای
بەردەکەوەو نوستین ماسییەکەم لە فکر چوو کە عەرزت بکەم چی لێ هات
[هەر شەیتان لـە فکری بردمەوە کـە عـەرزت بکـەم • ئیبنوعەساکیر]
حەزرەتی مووسا - علیه الصلاة والسلام - فەرمووی : ئەو ماسییەونبوونەیە
کە ئێمە ئەمانەوێ ببێ [چونکی ئەوە عەلامەتی بەحەزرەتی خضر گەیینە] •

فارتدا على آثارهما قصصا ، فلما أتيا إلى الصخرة إذا رجل مسجى بثوب ، أو قال تسجى بثوبه • فسلم موسى - عليه الصلاة والسلام - فقال الخضر : وأنىّ بأرضك السلام ؟ فقال : أنا موسى • فقال : موسى بنـي إسـرائيل ؟ قال : نعم •

تەرجەمە :

حەزرەتی مووساو غولامەکەی - علیهما الصلاة والسلام - تەعقیبـی ئەو ڕێگەیان کرد کە تەشریفیان پیاهاتبوو ، گەڕانەوە دواوە ، کـە هاتنە لای ئەو بەردە تووشی پیاوێ بوون خۆی بە جلێ ، یا بـە جلێ خـۆی داپۆشیبوو • مووسا - علیه الصلاة والسلام - سەلامی لێ کرد ، حەزرەتی خضر فەرمووی : لەم ئەرزەدا کە تۆی لێی سەلام کـوانـێ ؟ حەزرەتی مووسا - علیه الصلاة والسلام - فەرمووی : من مووسام : حـەزرەتـی خضر فەرمووی : مووسای بەنی ئیسرائیل ؟ فەرمووی : بەلێ •

قال : هل أتّبعك على أن تعلمني مما عُلّمتَ رشدا ؟ قال : إنـك لن تستطيع معي صبرا =يا موسى= إني على علم من علم الله علمنيه لا تعلمه أنت ، وأنت على علم علّمكه الله لا أعلمه • قـــال : ستجدني إن شاء الله صابرا ولا أعصي لك أمرا •

تەرجەمە :

حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ فەرمووی : ئیذنت هەیە کە لەگەڵ تۆبم لەسەر ئەوە کە لەو عیلمەی کە خوا تەعلیمی تۆی کـردوە شتێکم پێ‌نیشان بدەی ؟ حەزرەتی خضر فەرمووی : تۆ لەگەڵ منا صەبرت پێ ناکرێ ، من لەسەر عیلمێکم کە خوا تەعلیمی کردووم تۆ نایزانی [کە بەعزێ عیلمی خوصووصیە موافیقی ظاهیری شەریعەتی تۆ نیە] تـۆیش لەسەر عیلمێکی کە خوا تەعلیمی کردووی من هەمووی نازانم [یەعنی زیاد لەوەی کە لازم بێ بۆ من لە عیلمی ظاهیری] حەزرەتی مووسا ـ علیـــه الصلاة والسلام ـ فەرمووی : (إن شاء الله)وام ئەبینی کە صەبر ئەکـەم موخالەفەی هیچ ئەمرێکت ناکەم •

فانطلقا [على الساحل] يمشيان على ساحل البحر ليس لهما سفينة، فمرت بهما سفينة ، فكلموهم أن يحملوهما ، فعرف الخضر فحملوهما بغير نَوْل ، فجاء عصفور فوقع على حرف السفينة ، فنقر نقرة أو نقرتين فـي البحر • فقال الخضر : يا موسى ما نقص علمي وعلمـك من علم الله إلا كنقرة هذا العصفور في البحر • فعمد الخضر إلى لوح من ألواح السفينة فنزعه ، فقال موسى [عليه الصلاة والسلام] : قوم حملونا بغير نـــول عمدت إلى سفينتهم فخرقتها لتغرق أهلها ! قال : ألم أقل إنك لن تستطيع معيَ صبرا ؟ قال : لا تؤاخذني بما نسيت • فكانت الأولى من موســـى ـ عليه الصلاة والسلام ـ نسيانا •

تەرجەمە :

=مووساو خضر= عليهما الصلاة والسلام ـ لە (مجمع البحرين)ەوە تەشریفیان کەوتەڕێ بە پێیان بە کەناری بەحرەکەدا ئەڕۆیین ؛ چـونـکی گەمێیان نەبوو سواری بن سەفینەیێکیان بەلادا رابورد ، قسەیان لەگەڵ

ئەهلی سەفینەکە کرد کە هەڵیان‌گرن ، لە طەرەفی ئەهلی ســــەفینەکـەوە حەزرەتی خضر ناسرا ، بە بێ ئوجرەت هەڵیان‌گرتن ، چۆلەکەیێ هات بـە ئیواری سەفینەکەوە نیشت ، دەنووکێ یا دوو دەنووکی دا بە بەحرەکەدا ، حەزرەتی خضر فەرمووی : یا مووسا عیلمی منو عیلمی تۆ لە عیلمی خوای هەر بەقەد دەنووکپیادانی ئەم چۆلەکەی کەم کردۆتەوە لە بەحرەکە [عیلمی خوا هیچ کەمبوونەوەی نیەو کەم نابێتەوە ، عیلمی خوا قابیلی تەجەززیی نیە ، ئەمە نەوعە قسەیێکە کە لە عورفو عادەتی خەڵقا لە بەینیانا ئەکرێ ، موراد وایە کە مەعلوومی منو تۆ بە نیسبەتی مەعلووماتی جەنابی بارییەوە وەکوو ئەو قەترە ئاوەیە بە نیسبەت ئاوی بەحرەوە ، ئەمەیش هەر بینای لەسەر عورفو عادەتە ؛ چونکە قەطەراتی بەحر نیهایەتی هەیە ، ئەمما عیلمی خوا هیچ نیهایەتی نیە ، یەعنی عیلمی ئێمە هیچ نیە بە نیســــبەت عیلمـی خـــواوە] .

حەزرەتی خضر چوو بە لای تەختەیێکی سەفینەکەوە بـە تـەشوێیێ هەڵیکەن ؛ سەفینەکە کون بوو ئاوی هاتە ناوەوە . حەزرەتی مووســـا - علیه الصلاة والسلام - فەرمووی : ئەمانەقەومێکن ئیمەیان بە بێ ئوجرەت سوارکردوە تۆ چووی سەفینەکەیانت کونکرد ! ئایا بۆیێکت کـرد کـە ئەهالیی ناو سەفینەکە غەرق بکەی ؟! حەزرەتی خضر فەرمووی : نەموت تۆ لەگەڵ منا صەبرت پێ ناکرێ ؟! حەزرەتی مووسا - علیه الصلاة والسلام- فەرمووی : لە فکرم چووبوەوە موئاخەذەم مەکە لەسەر ئەوەی کـە بـە لەفکرچوونەوە کردم . سوئالی ئەوەڵی مووسا علیه الصلاة والسلام -بـە واسیطەی لەفکرچوونەوەی شەرتەکەیان بوو [چونکی تەحەممولی ئەوەی نەکرد کە لە جەزای چاکەدا خراپە بکرێ] .

فانطلقا فإذا غلام يلعب مع الغلمان ، فأخذ الخضر برأسه من أعلاه . فاقتلع رأسه بيده ، فقال موسى [عليه الصلاة والسلام] : أقتلت نفسا زكية بغير نفس ؟! قال : ألم أقل لك إنك لن تستطيع معي صبرا ؟! قال ابن عيينة : وهذا أوكد .

تەرجەمە :

لە دوای ئەمە کە لە بەحرەکە پەڕینەوەو تەشریفیان لـــە گـەمێـکـە هاتەدەرێ لێیاندا رۆیین گەیینە جێێ منالێ لەگەڵ منالان یاریی ئەکـرد ، حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـ لەسەرەوە دەستی برد ســەری گـرتو هەڵی‌کەند ! حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والســلام ـ فەرمووی : نەفسێکی بێ گوناهو پاکت بۆ کوشت بە ناحەق ؟! حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـ فەرمووی : بە تۆم نەوت کە ناتوانی لەگەڵ منا صەبر بکەی ؟! سوفیانی بنی عویەینە ئەڵێ : ئەم عیتابی حەزرەتی خضرە بە شیددەتترە لە ئەووەڵ جار [چونکە لە ئەووەلا فەرمووی : نەموت ، لێرەدا ئەفەرموێ : بە تۆم نەوت ، (کأنە) جاری پێشوو لەگەڵ تۆمان نـەبـوو بۆیـە گـوێت نــەدایێ] .

فانطلقا حتى أتيا أهل قرية استطعما أهلها ، فأبوا أن يضيفوهما . فوجدا فيها جدارا يريد أن ينقض ، قال الخضر [عليه الســلام] بيده فأقامه . قال موسى [عليه الصلاة والسلام] : لو شئت لاتخذت عليه أجرا ! قال : هذا فراق بيني وبينك . قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يرحم الله موسى [عليه الصلاة والسلام] : لَوَدِدْنا لو صبر حتى يُقَصَّ علينا من أمرهما خ ـ ١/٢٠٩ ، خ ـ ٥/٣٧٨ ، ح ـ ٧/٢٠٧ إلى ٢١٠ ، م ـ ٩/٢٥٢ ، ٢٦٤ وفيه فاضطرب الحوت في المِكْتَل حتى خرج من المِكتل ، فسقط في البحر . قال : وأمسك الله عنه جرية الماء

حتى كان مثل الطاق فكان للحوت سَربا وكان لموســـى وفتاه عجبا ، فانطلقا بقية يومهما وليلتهما ، ونسي صاحب موسى أن يخبره .

تەرجەمە :

=(١)حەزرەتی مووساو هاوڕێکەی کەوتنەڕێ تا گەیشتنە لای ئەهلی دێیـەك . ئـەهلی دێـــکە میـوانـداریـان نـەکـردن . دیوارێـکیان لە ناو دێکەدا دی خەریك بوو ئەکەوت ، حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـ دەستی پێوەناو راستیکردەوە . حەزرەتی مووسا ـ علیـــه السـلام ـ فەرمووی : ئەگەر بتویستایە کرێت لەسەر ئەم کارە وەرئەگرت ! حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـ فەرمووی : ئەمە جیابوونەوەی منو تۆیە . پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : خوا رەحم بە مووسا بکا حەزمان ئەکرد خۆی بگرتایە تا زیاترمان لە کاریان بۆ بگێڕرایەتەوە=. ماسیەکە لە زەنبیلەکەدا هەڵبەزییەوە تا لە زەنبیلەکە هاتەدەرەوە کەوتە ناوبەحرەکەوە ، خوا جەرەیانی ئاوەکەی لێ گرت تا وای لێ هات وەکوو تاق بوو بە سەریا بۆ ماسیەکە بوو بە لەغەم ، بۆ مووساو غولامەکەی ـ علیهمـا الصـــلاة والسلام ـ بوو بە عەجایەب . باقیی ئەو رۆژەو شەوی دوایـی رۆیـین . صاحێبی حەزرەتی مووسا کە یووشوع بوو لە فکری چوو کە خەبەر بـدا بـە حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ .

فلما أصبح موسى ـ عليه السلام ـ قال لفتاه : آتنا غداءنا لقد لقينا من سفرنا هذا نصبا . قال : ولم ينصب حتى جاوز المكان الذي أمر به، قال : أرأيت إذا أوينا الصخرة فإني نسيت الحوت وما أنسانيه إلا الشيطان أن أذكره ، واتخذ سبيله في البحر عجبا . قال موسى : ذلك ماكنا نبغي .

(١) دانەر ـ خ ـ تەرجەمەی لە (فانطلقا)وە تا (من أمرهما)ی لـە بیر چووبوو لە سەرەوە تەرجەمەکەیمان نووسی .

فارتدا على آثارهما قصصا • قال : يقصان آثارهما [قصصا] حتى أتيـا الصخرة ، فرأى رجلا مسجّى عليه بثوب ، فسلم عليه موسى فقال لـــه الخضر : أنَّى بأرضك السلام ؟ قال : أنا موســى • قال : موسى بني إسرائيل ؟ قال : نعم • قال : إنك على علم من علم الله علّمكه الله لا أعلمه، وأنا على علم من علم الله علمنيه لا تعلمه •

تەرجەمە :

کە حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ سبەینێی لێ بۆوە بە غولامەکەی فەرموو : چێشتەنگاوەکەمان بۆ بێنە ، بە راستیی لەم سەفەرەی دوێنێو ئێمشەوا تووشی ماندوێتی بووین • فەرمووی : تا لەو جێیە تێپەڕ نەبوو کە ئەمری پێ‌کرابوو ماندوو نەبووبوو • یووشوع ـ علیه السلام ـ =فەرمووی:= ئەبینی کە هاتینە لای بەردەکە ، یەعنی چیم بەسەراهات ؟ لە فکرم چوو کە عەرزت کەم ماسیەکەم چی لێ هات ، هەر شەیتان لـــە فکری بردمەوە کە عەرزت کەم ، ماسیەکە رێی خۆیی لە بەحرەکەدا گرتو رۆیی • حەزرەتی مووسا فەرمووی : ئێمەیش ئەوانەمان مەطلووب بوو • بە شوێنی خۆیانا گەڕانەوە دواوە تا تەشریفیان هاتە لای ئەو بەردەی کە لای نوستبوون • پیاوێکی =دی= جلێکی دابوو بەسەر خۆیا ، حـەزرەتـی مووسا سەلامی لێ کرد • خضر ـ علیه السلام ـ فەرمووی : لەم ئەرزەدا کە تۆی لێی سەلام لە کوێ بوو ؟ فەرمووی : من مووســـام • فەرمووی : مووسای بەنی‌ئیسرائیل ؟ فەرمووی : بەڵێ • فەرمووی : تۆ لەسەر عیلمێکی خوا پێی عەطا فەرمووی ، من هەمووی نازانم ، منیش لەسەر عیلمێکم خوا تەعلیمی کردووم تۆ نایزانی [یەعنی هەمووی نازانی] •

قـال لـه موسى : هل أتبعك على أن تُعَلِّمني مما عُلِّمتَ رشدا ؟ قال : إنك لن تستطيعَ معي صبرا وكيف تصبر على ما لم تُحِطْ به خبرا؟

قال : ستجدني إن شاء الله صابرا ولا أعصي لك أمرا • قال له الخضر فإن اتبَعْتَني فلا تسألني عن شيء حتى أحـــدث لك منـــه ذكـــرا • قـــال : نعـــم •

تەرجەمە :

حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ بە حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـی فەرموو : ئایا ئیذن ئەدەی کە تابیعت ببم لەسەر ئەمە کە نەعلیمی شتێکی باشم بکەی لەوەی کە لە طەرەفی خواوە ـ جل وعـلا ـ تەعلیمت کراوە ؟ حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـ فەرمووی : تۆ ناتوانی صەبر کەی کە لەگەڵ منابیو هیچ ئیعتیراضم لێ نەگری لەوانەی کـە ئەیکەم چۆن صەبر ئەکەی لەسەر شتێك کە علیمی تۆ ئیحاطەی پیانەداوە ؟ [بە ظاهـیر موخالیفی شەریعەتی تۆیە] حەزرەتی مووسا ـ علیـه الصلاة والسـلام ـ فەرمووی : (إن شاء الله)بە صابیرم ئەبینیو موخالەفەی هیـچ ئـەمرێکت ناکەم • حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـ فەرمووی : ئەگەر تابیعی من ببی تا من خۆم پێت نەڵێم کە بۆچی وام کرد هیچ شتێکـــم لێ نەپرســـی • حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ فەرمووی : بەڵێ •

قال : فانطلق الخضر وموسى يمشيان على ساحل البحر ، فمرت بهما سفينة فكلماهم أن يحملوهما ، فعرفوا الخضر ، فحملوهما بغير نول •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی : مووساو خضـــر ـ علیهما الصلاة والسلام ـ کەوتنەڕێ بە کەناری بەحرەکەدا ئـەڕۆیین ، سەفینەیێکیان بە لادا رابورد • حەزرەتی مووساو خضر ـ علیهما السلام ـ قسەیان لەگەڵ ئەهلی سەفینەکە کرد کە هەڵیانبگرن • حەزرەتی خضریان ناسیی بە بێ ئوجرەت هەڵیانگرتن سواری سەفینەکەیان کردن •

فعمد الخضر إلى لوح من ألواح السفينة فنزعه • فقال له موسى : قوم حملونا بغير نول عمدت إلى سفينتهم فخرقتها لتغرق أهلها ؟ لقـد جئت شيئا إمرا ! قال : ألم أقل إنك لن تستطيع معي صبرا ؟ قـال : لا تؤاخذني بما نسيت ولا ترهقني من أمري عسـرا •

تەرجەمە :

حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـ تەشریفی چوو لەوحێکی لە لەوحەکانی سەفینەکە هەڵکەند • حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ فەرمووی: ئەمانە قەومێکن بێ ئوجرەت ئێمەیان سواری سەفینەکەیان کرد تۆ چووی سەفینەکەیانت کونکرد تا ئەهلی سەفینەکە غەرق بکەی ؟ شتێکی گەورەت کرد ! حەزرەتی خضر فەرمووی : نەموت تۆ ناتوانی کە لەگەڵ منا صەبر بکەی ؟ حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ فەرمووی : موئاخەذەم مەکە بەوەی کە لە فکرم چوموەو کردم • زۆر تەنگم پێ هەڵمەچنەو ئیشم لەسەر گران مەکە •

ثم خرجا من السفينة =فبينما هما= يمشيان على الساحل إذا غـلام يلعب مع الغلمان ، فأخذ الخضر برأسه فاقتلعه بيده فقتله !

تەرجەمە :

لە پاشا لە سەفینەکە چوونەدەرێ بە ساحیلا ڕۆیین ، لەو وەختـەدا منالێ لەگەڵ منالان یاریی ئەکرد ، حەزرەتی خضر سەری منالەکەی گرت بـە دەستی سەری هەڵکەندو کوشتی •

فقال له موسى : أقتلت نفسا زكية بغير نفس ؟ لقد جئت شـيئا نكرا ! قال : ألم أقل لك إنك لن تستطيع معي صبرا ؟ قال : وهذه أشـد من الأولـى •

ئەرجەمە :

حەزرەتی مووسا بە حەزرەتی خضری فەرموو ـ علیهما الصـــلاة والسلام ـ نەفسێکی پاكو تەمیزی بێ گوناهت کوشت بە بێ ئەمە کـــە کەسێکی کوشتبێ ؟ ئیشێکی زۆر مونکەرت کرد ! حەزرەتی خضر فەرمووی: من بە تۆم نەوت کە ناتوانی صەبر لەگەڵما بکەی ؟ سوفیان وتی : ئەمــە لەمی پێشوو بە شیددەتترە •

قـــال : إن ســــألتك عن شيء بعدها فلا تصاحبني قد بلغت من لـدني عـذرا •

تەرجەمە :

حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ فەرمووی : ئەگەر لـە دوای ئەم دەفعەیە سوئالم لێکردی ئیتر رەفیقایەتیم مەکە ، بەراستی لـە طەرەفی منەوە مەعذوور بووی • ئیتر هیچ عوذرم لەماوە بیهێنمەوە •

فانطلقا حتى إذا أتيا أهل قرية استطعما أهلها فأبوا أن يضيفــوهما ، فوجدا فيها جدارا يريد أن ينقض فأقامه ، يقول مائل قال الخضر بيــده هكذا فأقامه • قال له موسى : قوم أتيناهم فلــم يضيفونا ولم يطعمونـا لو شئت لاتخذت عليه أجرا •

ئەرجەمە :

هەروا رۆیین تا هاتنە دێیێ طەلەبی طەعامیان لە ئــەهالیــەکەی کــــرد ئیمتیناعیان کرد لەوە کە میوانداریان بکەن ، لەو دێیەدا تووشی دیوارێ بوون بەلادا هاتبوو وەخبو بکەوێو برووخێ حەزرەتی خضر بە دەستـی وای لێکرد ، یەعنی دیوارەکەی هەڵبڕیو راستیکردەوە • حەزرەتی مووسا بە حەزرەتی خضری فەرموو : ئەمانە قەومێکن هاتینە ناویانەوە میوانداریان

نەکردین ، هیچیان نەدایني بیخۆین ، ئەگەر هەوەست بوایە لەسەر ئــەوە ئوجرەتێکت وەرەگرت ، یەعنی بیدەین بە شتێ زگــی خــۆمانــی پێ تێــر بکــەیــن ٠

قال : هذا فراق بيني وبينك ، سأنبئك بتأويل ما لم تستطع عليـــه صبرا ٠ قال رسول الله ـ صلى لله اتعالى عليه وسلم ـ : يرحم الله موســى لوَدِدْتُ أنه كان صبر حتى يُقَصّ علينا من أخبارهما ٠ قال : وقــال رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كانت الأولى من موسى نسيانا ٠ قال : وجاء عصفور حتى وقع على حرف السفينة ثم نقر في البحر فقـــال له الخضر : ما نقص علمي وعلمك من علم الله إلا مثل ما نقص هذا العصفور من البـــحر ٠

تەرجەمە :

حەزرەتی خضر – علیه السلام ـ فەرمووی : ئەمجارە جویٚبوونەوەی منو تۆیە لەیەك ٠ خەبەرت دەدەمێ لەوەی کە نەتتوانی صەبری لەســـەر بگری ٠ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : خوا رەحـم بە مووسا بکا ، حەزم ئەکرد کە صەبری بکردایە تا لە ئەخباریان قســەمان بۆ بکرایە ٠ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەوەڵ جار لە مووسا لەفکرچوونەوە بوو ٠ هەم فەرمووی : چۆلەکەیێ هات [وەکوو حەدیثەکەی پێشــوو] ٠

قال سعيد بن جبير : وكان يقرأ : وكان أمامهم ملك يأخذ كل سفينة صالحة غصبا ٠ وكان يقرأ : وأما الغلام فكان كافرا ٠

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئــەو ئایەتەی وا خوێنوەتەوە کە نووسراوە : لە بەردەمیانەوە پاشایێ بوو هەموو سەفینەیێکی ســـاغی

غەصب ئەکرد • ئەمما ئەو غولامەیش کە کوشتم کافر بوو لە ئەزەلا بەکافر نووسراوە •

٤١٨/٧٨ ـ عن عبدالله بن عباس [رضي الله تعالیٰ عنهما] أنه تمارى هو والحُرُّ بن قيس بن حصن الفزاري في صاحب موسى ـ عليه الصلاة والسلام ـ فقال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : هو الخضر ـ عليه السلام ـ فمر بهما أبي بن كعب =الأنصاري= [رضي الله تعالى عنه] فدعاه ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] فقال : يا أبا الطفيل هلم إلينا ، فإني قد تماريت أنا وصاحبي هذا في صاحب موسى ـ عليه الصلاة والسلام ـ الذي سأل السبيل إلى لُقِيِّه ، فهل سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يذكر شأنه ؟ فقال أبي [رضي الله تعالى عنه]: سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : بينما موسى [عليه السلام] في ملأ من بني إسرائيل إذ جاءه رجل فقال =له : هل= تعلم أحدا أعلم منك ؟

تەرجەمە :

عەبدوڵلای بنی عەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : من و حوڕی کوڕی قەیسی فەزاریی مونازەعەمان کرد دەرحەقی رەفیقی حەزرەتی مووسا ـ عليه الصلاة والسلام ـ ئیبنوعەباس فەرمووی : حەزرەتی خضرە ـ عليه السلام ـ ئوبەیی بنی کەعبمان بەلادا رابورد • ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بانگی‌کرد فەرمووی : یائەباطوفەیل وەرە لامان ، من و ئەمە مونازەعەمانە دەرحەقی صاحێبی حەزرەتی مووسا کە لە خـــوای طەلەب فەرموو کە رێی پێ‌نیشان بدا بۆ مولاقاتی •• ئایا هیچت لـــە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بیستوە کە حاڵی بەیان بفەرموێ ؟ ئوبەی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لە پێغەمەرم بیست ـ صلى الله تعالى

عليه وسلم ـ ئەیفەرموو : لە وەختێکا مووسا لە ناو = کۆمەڵێ لە= بەنـی ئیسرائیلا = بوو = [یەعنی خوطبەی بۆ ئەخوێنن] پیاوێ هاتە خدمەتـی وتی : هیچ = کەس = ئەزانی کە لە تۆ عالمتر بێ ؟ (فقال موسی ـ علیـــه السلام ـ : لا والباقي إلى يتتبع أثرالحوت بمثل ماسبق م ـ ٩/٢٦٤ ح ـ٥/٠٣٧٨) مووسا ـ عليه السلام ـ فەرمووی : خەیر .

ئەم حەدیثە ناتەواوەم بۆیێ نەقڵکرد کە لەم حەدیثەدا ئیختیلافـــی ئیبنوعەبّاس‌و حورِ لە حەزرەتی خضرا بوە ـ علیه السلام ـ حەدیثەکانـــی پێشوو نەوفی بەکالیی خیلافی ئەم حەدیثەی دەرحەقی حەزرەتی مووســـا ـ علیه السلام ـ نەشرکردوە بە ناو خەڵقا هەموویان دەرحەقی حادیثەیێکن . حورِ شوبهەی لە حەزرەتی خضرا بوە ، حەزرەتی ئوبەی ـ رضي الله تعالى عنه ـ حەللی ئەکا ، نەوف شوبهەی لە حەزرەتی مووسادا ـ علیه الصـــلاة والسلام ـ بوە . حەزرەتی ئیبنوعەبّاس ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە حەدیثی ئوبەی ـ رضي الله تعالى عنه ـ دەفعی ئەکا بۆ سەعیدی بنی جوبەیر کـــە نەوف بە غەلەطا چوە .

بوخاریی ـ رحمه الله ـ ئەم حەدیثەی لەهەر جێیێکا بەئیسنادێ ، بە موختەصەرییو بە موطەووەلی ، بە ئیختیلافێکی جوزئیی لە بەعزێ ئەلفاظا هەریەك بە تەرجەمەیێ زیاتر .. لە دە جێگەدا ذیکر فەرمووە .

ئەم حەدیثی دواییەیش کە ئیبنوجورەیج لـــە یەعلاو عەمری بنی دینارەوە ، ئەوانیش بە جووتە لە سەعیدی بنی جوبەیرەوە ریوایەت ئەکەن ، چونکی فائیدەی زیاترە ئەینووسم . بەوە بابـــــی (عیلم) تەواو ئەبێ

٤١٩/٧٩ ـ ابن جريج [عبدالملك بن عبدالعزيز] قال : أخبرني يعلى بن مسلم وعمرو بن دينار عن سعيد بن جبير ، يزيد أحدهما على صاحبه

وغيرهما [كعثمان بن أبي سليمان] قد سمعته يحدثه عن سعيد ، قال : إنـا عند ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] في بيته [قال سعيد بن جبير] إذ قال [ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما-] : سلوني • قلت : أي أبـا عبـاس جعلني الله فداك ، بالكوفة رجل قاص يقال له : نوف ، يزعم أنـه [أي موسى صاحب الخضر] ليس بموسى بني إسرائيل [عليه الصلاة والسلام] أما عمرو فقال لي : قد كذب عـــدو الله • وأما يعلى فقال لي : قـــال ابن عباس : حدثني أبي بن كعب [رضي الله تـــعالى عنهم] قال : قـــال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - [هو] موسى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : ذَكّر الناسَ يوما حتى إذا أفاضت العيونُ [بالدموع] ورقّت القلوب [لتأثير وعظه] وَلِيَ [جواب إذا] فأدركه رجل• فقال : أي رسول الله هل في الأرض أحد أعلم منك ؟ قال : لا •

تەرجەمە :

ئیبنوجورەیج ئەڵێ : یەعلای بنی موسلیمو عەمری بنی دینار [برای عەبدوڵلای بنی دینار] لە سەعیدی بنی جوبەیرەوە خەبەریان دامێ ، ئەمما یەکێکیان لە یەکێکیان بەعزێ شت زیاد ئەکا • غەیری ئەوانیش وەکـــوو عوثمانی کوڕی ئەبوسەلمان خەبەری دامـــێ لێم‌بیســـت حەدیثەکەی لـە سەعیدەوە ریوایەت ئەکرد •

[فەرق لە بەینی (أخبر) و (سمعت) لە ئیصطیلاحی ئەهلی حەدیثـا ئەمەیە : (أخبرني)یەعنی من بۆ مامۆستاکەمم خوێندەوەو ئەو گوێـــی لێ‌گرتم (سمعت) یەعنی مامۆستاکەم خوێندیەوە من گوێم لێ گـــرت (حدث)یش بە مەعنای (سمعت)وە • ئـــەم ئیصطیلاحە مەذهەبی ئیمامی شافیعيو جومهووری ئەهلی عیلمو حەدیثەو لە ئیبنوجورەیجەوەیشـــس ریوایەت‌کراوە • بەعزێکیش ، کـــە بوخاریی لەوانەیە ، فەرقیان لە بەینی

(حدث) و (أخبر)دا نەکردوە • لێرەدا بوخاریــی موراعاتی موحافەظــەی لەفظی راویەکانی کردوە ؛ چونکی دروست نیە لەفظی (محدث) بگۆڕرێ • نووی - ١/٣٣] •

سەعید فەرمووی : ئێمە لە خدمەت ئیبنوعەباسا بووین لە ماڵیا ، لـە هۆدەیێکا [رضي الله تعالی عنهما] فەرمووی : لێــم بپرسن • وتم : ئەی ئەباعەباس خوا بمکا بە فیدات [منیش بم بە فیدای هەردوکتان• رەشید]• لە کووفەدا پیاوێ لە هەمە چیزە گۆ هەیە نەوفی پێ ئەڵێن ، ئەڵێ : مووسای صاحیبی خضر مووسای پێغەمەری بەنی ئیسرائیل نیە [علیه الصلاة والسلام] ئیبنوجورەیج ئەڵێ : ئەمما عەمر پێی وتم کە ئیبنوعەباس - رضي الله تعالی عنهما - پێیوتم : دوشمنی خــوا درۆی کــــردوە • یەعــــــلا پێیوتم : کە ئیبنوعەباس فەرمووی : ئوبەیی بنی کەعب [رضي الله تعالی عنه]قســەی بۆ کردم فەرمووی : پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسـلم - فەرمووی : ئەو مووسایە مووسای رەسوولوڵڵایە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : مووسا [علیه الصلاة والسلام] رۆژێ وەعظی بۆ خەڵق دادا تا لە تەئثیری وەعظەکەی چاویان فرمێسکی لێ هەڵنیشت ، دڵیان تەنك بوو ، ئەو وەختە حەزرەتی مووسا وازی لە وەعظەکە هێناو گەڕایەوە پیاوێکــــی [یەعنی لەوانەی کە وەعظی بۆ دادان] پێگەیی وتی : ئەی رەسوولوڵڵا ئایا لە ئەرزا یەکێ هەیە کە لە تۆ عالمتر بێ ؟ فەمووی : خەیر •

فَعَتَبَ علیه إذ لم یَرُدَّ العلم إلی الله • قیل : بلی • قال : أي ربِّ فأین ؟ قال : بمجمع البحرین • قال : أي رب اجعل لي علَماً أعلم ذلك منه [قال ابن جریج] فقال لي عمرو : قال : حیث یفارقك الحوت • وقال لي یعلی قال : خذ نونا میتا حیث ینفخ فیه الروح [ولمسلم فقیل له : تزوَّدْ جوتا مالحا ، فإنه حیث یفقد الحوت] •

تەرجەمە :

خوا ـ جل وعلا ـ لەسەر ئەوە عیتابی لێ گرت ؛ چونکی عیلمی ئەوەی رەدنەکردەوە ئەلای خوا نیدای کرایە : بەڵێ لە تۆ عالمتر هەیە • حەزرەتـی مووسا فەرمووی : ئەی رەببم لە کوێیە ؟ خوا فەرمووی : لە (مجمـــع البحرین)ە [بەحری فارس و رۆم ،یا بەحری موحیطی مەشریق و مەغریب ، یا بەحری شیرین و تاڵ ، قەسطەلانیی • حەزرەتی مووسا ـ علیـه الصلاة والسلام ـ لە ناو قەومی خۆیا بوە ئەو وەختە ظاهیر وایە کە تەشریفی لـە صەحرای تەیهـ بووبێ ئەوی نزیك بێ لەوێوە بەحری سفیدە کە بەحـری رۆمە ، بەحری ئەحمەرە • رەشید] •

حەزرەتی مووسا ـ علیه الصـلاة والسـلام ـ فەرمووی : ئەی رەببم شتێکم بۆ بکە بە عەلامەت کە بەوە بیزانم • ئیبنوجورەیج ئەڵێ : عەمـــر پێی‌وتم : خوا فەرمووی : عەلامەتی ئەوەیە لە کوێ ماسییەکەت لـــــێ جوێ‌بۆوە لەوێدا تووشی ئەبی • یەعلا پێی‌وتم : خوا فەرمووی : ماسییێکی مردوو هەڵگرە ، لە کوێ رۆحی بە بەرا کرایەوە لەوێیە [لە موسلیما ئەڵێ : ئەمری پێ‌کرا کە : ماسییێکی خوێ‌کراو هەڵگرە لە کوێ ونبوو لەوێیە] حەزرەتی موسا ـعلیه الصلاة والسلامـ ماسییێکی مردووی خوێ‌پێوەکراوی هەڵگرت •

فأخذ حوتا فجعله في مِكْتل فقال لفتاه : لا أكلفك إلا أن تخبرنـي بحيث يفارقك الحوت • قال [فتاه] : ماكلفت كثيرا ، فذلك قوله ـ جـل ذكره ـ: (وإذ قـال موسـى لفتـاه •••) يوشـع بن نون ليست [هي] عـن سـعيد •

تەرجەمە :

ئەو ماسییە خوێ‌کراوەی خستە ناو زەنبیلێکەوە بە رەفیقەکەی کـــە

یووشوعی بنی نوونە فەرمووی : تەکلیفی هیچت لێناکەم ئەوە نەبێ کە لە کوێ ماسییەکەت لێ جوێئەبێتەوە خەبەرم بدەیتێ • یووشوع ـ علیـــە السلام ـ فەرمووی : تەکلیفی شتێکی زۆرت لێ نەکردووم ، ئەمـە ئەوەیە کە خوا ـ جل ذکره ـ لە قورئانا ئەفەرموێ : ئەی محمد ذیکری ئەوە بـۆ موشریكو بەنیئیسرائیل بکە کە مووسا بە رەفیقەکەیی وت کە یووشـوعی بنینوونە • ئیبنوجورەیج ئەڵێ : ئەم جوملەیە لە سەعیدی بنی جوبەیرەوە نیە •

قال : فبينما هو في ظل صخرة في مكان شرْيـانً [أي نـدية] إذ تَـضَـرَّبَ الحوت وموسى نائم ، فقال فتاه : لا أوقظه حتى إذا استيقظ فـسي أن يخبره وتضرَّب الحوت حتى دخل البحر ، فأمسك الله عنه جرية البحر حتى كان أثره في جحر [في حَجَرٍ ، في جُحْرٍ] قال لي عمرو : هكذا كان أثـره في حجر ، وحلق بين إبهاميه واللتين تليانهما •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : لەو وەختەدا کە مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ نوستبوو لە جێیەکی نمدارا ماسییەکـــە جووڵایەوەو هەڵبەزهەڵبەزی کرد ، حەزرەتی مووسا ـعلیه الصلاة والسلام ـ نوســـتبوو • یووشـــوع ـ علیـــە الســـلام ـ فەرمووی : خـەبـەری ناکەمەوە ، خەبەری نەکردەوە تا ئەو وەختـە خـۆی خـەبـەری بـۆوە ، یـووشــــوع ـ علیـە الســلام ـ لە فکری چوو پێیبڵێ ماســـییەکـە هەڵبولۆقایەوە تا چۆوە ناو بەحرەکەوە ، خوا جەرەیانی بەحرەکەی لێ گرت تا (كأنه) ئەثەری ماسییەکە وەکوو لە کونێکا بێ ، ئیبنوجورەیج ئەڵێ : عەمر پێیوتم : بەم نەوعە (كأنه) ئەثەری ماسییەکە لە کونێکایە ئیبهامـــی هەردوو دەستیو پەنجەی ناوەڕاستو پەنجەی دوای ئەوی حەلقە کرد •

لقد لقينا من سفرنا هذا نصبا • قال : قد قطع الله عنـك النَّصبَ [قال ابن جريج] ليست هذه عن سعيد أخبره •

تەرجەمە :

حەزرەتی مووسا فەرمووی لەم سەفەرەمانا تووشی ماندویتی بووین • فەتاکەی[1] فەرمووی : خوا قەطعی ماندویتی لیٚکردی • ئیبنوجورەیـــج ئەڵێ : ئەم جوملەیە لە ریوایەتی سەعیدەوە نیە ، خەبەریدایە [کە چۆن ماسییەکە هەڵبولۆقایەوەو چۆوە ناو بەحرەکەوە ، بۆیێ عەرزیکرد کە خوا ماندویتی لیٚ قەطعکردی ، یـەعنی بە مەرامی خۆت گەیشتی بـە شوێنیا نـاگـەرێی] •

فرجعا فوجدا خضرا • قال لي عثمان بن أبي سـليمان على طِنْفِسة [بسكون بين كسرتين ، أو ضمتين ، أو بكسر الأولى وفتح الثالثة] خضراء على كبد البحر • قال سعيد بن جبير مسجّى بثوبه ، قد جعل طرفه تحت رجليه ، وطرفه تحت رأسه • فسلم عليه موسى ، فكشف عن وجهه وقال: هل بأرضي من سلام ؟ من أنت ؟ قال : أنا موسى • قال : موســى بني إسرائيل ؟ قال : نعم • قال : فما شأنك ؟ قال : جئت لتعلمني مما علمت رشـــدا • قال : أما يكفيك أن التوراة بيديك ، وأن الوحي يـأتيك ! يا موسى إن لي علما لا ينبغي لك أن تعلمه ، وإن لك علما لا ينبغي لي أن أعلمـه •

تەرجەمە :

گەڕانەوە حەزرەتی خضریان دۆزییەوە لـــە جەزیرەیێ لە جەزائیری بەحر عوثمان پێیوتم : لەسەر دۆشەکێکی سەوزی بچکۆلە نوستبوو لـــە

(١) (فتا = فەتا) گەنج ، لاو ، مەبەستی ئەو غولامەیە کە لەگەڵ حەزرەتی مووســـادا بـوە .

ناو جەرگی بەحرەکەدا ، سەعیدی بنی جوبەیر وتی : خۆی داپۆشیبوو بـە جلێ ، سـەرێکی خستبوە ژێرپێی ، سـەرێکی خستبوە ژێـر سەری • حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ سەلامی لێ کرد ، جلەکەی لـە رووی لادا ، وتی : لەم ئەرزەی منی تیام بـــۆ سەلام هەیە ؟ تۆ کێی ؟ فەرمووی : من مووسام • فەرمووی : مووسای بەنیئیسرائیل ؟ فەرمووی: بەڵێ فەرمووی : ئیشت چیە ؟ فەرمووی : هاتووم کە لەو عیلمەی خوا ـ جل وعلا ـ تەعلیمی تۆی کردوە عیلمێکی موفیدم فێـر بکەی • فەرمووی : ئەوەت بەس نیە کە تەوراتت بە دەستەوەیەو وەحیت بۆ یێ ؟ ئەی مووسا من عیلمێکم هەیە نابێ بۆ تۆ کە بیزانی [یەعنی هەمووی (وإلا) حەزرەتـی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ لە عیلمی باطینیشا بەحرێکی بێ پایان بوە] تۆیش عیلمێکت هەیە کە نابێ بۆ من کە بیزانم [ئەمیش یەعنی هەمووی ؛ چونکی ئەو میقدارەی لە عیلمی شەرایعو ئەحکام کە لازم بێ بۆ حەزرەتی خضر کە بیزانێ هیچی لێ مەجهوول نەبوە] •

فأخذ طائر بمنقاره من البحر وقال : والله ما علمي وما علمك فـي جنب علم الله إلا كما أخذ هذا الطائر بمنقاره من البحر •

تەرجەمە :

طەیرێ بە دەندووکی لە بەحرەکە ئاوی هەڵگرت • حەزرەتی خضـر فەرمووی : وەڵلاهی عیلمی منو عیلمی تۆ لەگەڵ عیلمی خوادا ئەمجا هەر بـە قەد ئەو ئاوەیە کە ئەو طەیرە بە دەندووکی لە بەحرەکە هەڵیگرت •

حتى إذا ركبا في السفينة وجدا معابر صغارا تحمل أهل هذا الساحل إلى أهل هذا الساحل الآخر عرفوه ، فقالوا : عبدالله الصالح • قال : قلنا لسعيد : خضر ، قال : نعم لا نحمله بأجر فخرقها ووتد فيها وتِدا •

تەرجەمە :

لەم عیبارەتەدا قەلب هەیە ئەبێ مەعنای وابێ : مووساو خضر ـعلیهما الصلاة والسلام ـبە ساحیلی بەحرەکەدا ڕۆیین کە گەمێیێ تـووش بـن سواری بن • تووشی چەند گەمێیێکی بوچووك بوچووك بوون خەڵقیـان لەم ساحیلەوە بۆ ئەو ساحیلەکە ئەپەڕانەوە • ئەهلی سەفینەیێك حەزرەتی خضریان ناسییەوە ، وتیان ئەوە فلاّن عەبدی صالیحی خوایە[1]• یـــەعلا ئەڵێ : بە سەعیدی بنی جوبەیرمان وت : ئەو عەبدە صالیحە ئایا خضرە ؟ فەرمووی : بەڵێ • ئەهلی سەفینەکە وتیان : بە ئوجرەت هەڵی ناگرین • سواری سەفینەکە بوون ، حەزرەتی خضـــر بە تـەشوێیـێ تەختەیێـکی سەفینەکەی هەڵکەندو کونی‌کرد ، سنگێکی بەجێ‌تەختەکەدا کوتا • مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ فەرمووی : عەجەبا ! بۆیێکت کون کرد کـــە خەڵقی سەفینەکە غەرق بکەی ؟

قال موسى [علیه الصلاة والسلام] : أخرقتها لتغرق أهلها ؟ لقــد جئت شیئا إمْراً ! قال مجاهد : منکرا • قال : ألم أقل إنك لن تستطیع معي صبرا ؟ [قال رسول الله ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ] کانت الأولى نسیانا ، والوسطى شرطا ، والثالثة عمدا • قال : لا تؤاخذني بما نسیت ولا ترهقني من أمري عسرا •

تەرجەمە :

حەزرەتی مووسا ـ علیــه الصــلاة والســــلام ـ فەرمووی : بۆیە سەفینەکەت کون‌کرد کە خەڵقی سەفینەکە غەرق‌کەی ؟ شتێکی زۆر مونکەرو خراپت‌کرد ! حەزرەتی خضر ـ علیه الصــلاة والســلام ـ فەرمووی : من

---

(١) دانەر لێرەدا نووسیبووی (عەبدی خوای صالیحە) من وەك سەرەوەم بە باشـــتر زانـــی •

نەموت کە تۆ ناتوانی صەبر بکەی لە =سەر ئە=و ئیشانەی کـە ئەیکەم‌و خیلافی ظاهیری شەریعەتی تۆیە • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەفەرموێ : ئەوەڵ جار کە ئیعتیرازی لە حەزرەتی خضر گرت نیسیان بوو، دوەمین کە ئەفەرموێ : ئەگەر سوئالم لێ‌کردی رەفیقایەتیم مەکە شەرتە ، سێیەمین کە ئەفەرموێ : ئەگەر هەوەست بوایە ئوجرەتت لێ ئەسەنـدن عەمد بوو • حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ فەرمووی : لەفکرم چوو کە وتم هیچت لێ ناپرسم ، بەوە موئاخەزەم مەکە تەنگم پێ هەڵمەچنە کە لەسەر سەهوو عەمد موئاخەزەم بکەی • (لقيا غلاما فقتله) : گەیین بـە منالێ حەزرەتی خضر کوشتی •

قال يعلى : قال سعيد : وجد غلمانا يلعبون ، فأخذ غلاما كافرا ظريفا فأضجعه ثم ذبحه بالسكين • قال : أقتلت نفسا زكية بغير نفس لم تعمل بالحنْث ؟ وكان ابن عباس قرأها زكيَّة زاكية مُسْلِمة ، كقولـك غلاما [في ك هـ ي ع ص] زكيا •

تەرجەمە :

یەعلا ئەڵێ : سەعید فەرمووی : چەند منالێ تووش بوون یارییـان ئەکرد • یەکێکی کافری جوانی لێ گرتن پاڵی خست بە کێرد سەری بـڕی [لە حەدیثەکانی پێشوودا فەرمووی : سەری هەڵکەند ، ئەگونجێ لـــە پێشا بە کێرد گۆشت‌و رەگی بڕیبێ‌و لە دواییا بە دەستێ شانی گرتبێ‌و بە دەستێ سەری راکێشابێ‌و هەڵی‌کەندبێ • بەم نەوعە مونافاتیان لە بـەینـ نامێنێ] حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ فەرمووی : نەفسێکی بێ گوناهیشت کوشت بە بێ ئەمە نەفسێکی کوشتبێ ، هیـچ گـوناهی نەکردوە ؟ ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ (زكية)ی خوێندۆتـەوە (زاكية)ی خوێندۆتەوە (زاكية) بە مەعنا (مسلمة) [چـونکە بـالـغ

نەبووبوو کە حوکمی کوفری بەسەرا بکرێ] وەکوو چۆن جیبریل ـ علیه السلام ـ کە ئەچێتە لای حەزرەتی مەریەمە ـ علیها السلام ـ ئەویش لێی ئەترسێ جیبریل ـ علیه السلام ـ ئەفەرموێ : من رەسوولی خوای نـــۆم ناردوومی غولامێکی زەکیت پێ ببەخشم [لەوێدا چۆن زەکی بە مـەعنـا موسوڵمانە لێرەیشا بە مەعنا موسوڵمانە] حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ تەماشای ظاهیری حاڵی مناڵەکەی کردوە •

فانطلقا فوجدا جدارا يريد أن ينقض فأقامه • قال سعيد [من رواية ابن جريج عن عمرو] بيده هكذا ورفع يده فاستقام • قال يعلى : حسبت أن سعيدا قال : فمسحه بيده فاستقام • لو شئت لاتخذت عليه أجرا ، قال سعيد : أجرا نأكله ، وكان وراءهم ، وكان أمامهم قرأها ابـن عبــــاس [رضي الله تعالى عنهما] أمامهم ملك [وهي قراءة شاذة] يزعمون عن غير سعيد أنه هُدَدَ بن بُدَدٍ الغلام المقتول اسمه يزعمون جَيْسور •

تەرجەمە :

کەوتنەڕێ دیوارێ تووشبوون تەمای بوو بکەوێ راستیکردەوە [جورەیج ئەڵێ : لە ریوایەتی عەمرا] سەعید فەرمووی : دەستی پیاهێنـا راستبۆوە • [حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ فەرمووی] : ئەگەر ئیرادەت بکردایە لەسەر ئەو دیوارڕاستکردنەوە ئوجرەتت وەرە گرت• سەعید فەرمووی : ئوجرەتێك کە ئەمانخوارد (وکان وراءهم)مەعنای وایە لە پێشیانەوە • ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ (أمامهم)ی خوێندۆتەوە ئەمسا ئەو قیرائەتە شاذە • ئەو پادشاهە ، غەیری سەعید ، ئەڵێن هودەدی کوڕی بودەدە • ئەو مناڵەی کە حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـ کوشتی ئەڵێن : نـاوی جەیسوور بوو •

ملك يأخذ كل سفينة غصبا • فأردت إذا هي مرت به أن يدعها لعيبها فإذا جاوزوا أصلحوها فانتفعوا بها • ومنهم من يقول : ســـــدّوها بقارورة • ومنهم من يقول بالقارّ •

تەرجەمە :

سەفینەکەم بۆیە کونکرد چونکی لە دوایەوە یا لە پێشیانەوە پادشایێ بوو هەر سەفینەیێکی ساغی بدیایە غەصبی ئەکرد • ئیرادەم کـــرد کـە عەیبداری بکەم ، کە سەفینەکە بەلای پادشاکەدا رابورد لەبەر عەیبەکەی تەرکی بکا ، کە لێی تێپەڕ بوون چاکی ئەکەنەوەو سەفینەکەیان لە کیس ناچێو پێی مونتەفیع ئەبن • بەعزێ ئەڵێن : بە شووشەیێ کونەکەیان گرت• بەعزێ ئەڵێن : بەقیر گرتیان •

[وأما الغلام فـ] كان أبواه مؤمنين وكان كافرا فخشينا أن يرهقهما طغيانا وكفرا [يعلى عن سعيد] أن يحملهما حبه على أن يتابعاه على دينه ، فأردنا أن يبدلهما ربهما خيرا منه زكاة وأقرب رحما لقوله : أقتلت نفسا زكية ، وأقرب رحما هما به أرحم منهما بالأول الذي قتل خضر [قال ابن جريج :] وزعم غير سعيد أنهما أبدلا جارية • وأما داود بن أبي عاصم [التابعي الصغير] فقال عن غير واحد : أنها جارية خـ٧/٢١٢ - ٢١٦ •

تەرجەمە :

کوڕە منداڵەکە کە کوشتم دایكو باوکی موسوڵمان بوون ئەو کافــر بوو ، بە کافریی نووسرابوو لە ئەزەلدا ترساین [یەعنی من ترسام حەزرەتی خضر لەم مەقامەدا خۆی بە گەورە عەد کرد ، چونکە خوا خەواصێکی پێ عەطا فەرموە ئەمجا هەر بەوانە عەطائەکرێ کە بەدەوام لــە حوضــووری (رب العزة)ا بن] کە دایكو باوکی بخــاتە طوغیــانو کوفرەوە لـەبـەر

مـەحەببەتیان لەگەڵیا • مەحەببەتی دایكو باوكی لـــەگەڵ ئـــەو منداڵەدا بیانهێنێتە سەر ئەوە كە لە دینا تابیعی منداڵەكەیان ببن ، ئیرادەمان كرد خوا لە باتیی ئەو منداڵە منداڵێكی چاكتریان بداتێ كە تەمییزو پاكبێ لە گوناهو ئەخلاقی خراپ ، بەرەحمتر بێ لەگەڵیا ، دایكو باوكەكەی رەحمیان لەگەڵ ئەوا زیاتر بێ لە رەحمیان بەو منداڵەی كە حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـ كـوشـــتی •

غەیری سەعید ئەڵێ : دایكو باوكەكەی لە باتیی ئەو منداڵە كچێكیان پێعەطاكرا [پێغەمەرێكی لێ بەوەڵەد بوو ، نەســـائیی] ئـــەو پێغەمەرە شەمعوونە ـ علیه السلام ـ كە طالووتی كرد بە پادشاو جالووتی كوشت • (البقرة) ص : ٢٩ ـ ٤٠ • قەسطەلانیی •

ئیبنوجورەیج ئەڵێ : كە حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـ ئەو منداڵەی كوشت دایكی حامیلە بوو بە كوڕێكی موسوڵمان • رەنگە لـەبەر ئـەو ریوایەتی ئیبنوجورەیجە =بێ= بوخاریی ئـــەفـەرمـوێ : داودی كوڕی ئەبوعاصم وتوویەتی : ئەو منداڵەی كە بەدەلی ئەو منداڵە بوو جارییە بوو ، گینا قسەی داودو قسەی پێشووی موتتەفیقن لەمەدا كە جارییە بوو •

ئەم حەدیثانە هیچیان بە تەواوێتیی ئەو ئایەتانەی كـــە دەرحـەقـــی موسـاو حەزرەتی خضر ـ علیهما الصلاة والسلام ـ تیا ذیكرنەكراوە ، وام موناسب زانی بۆ تەواوبوونی فائیدە بە موختەصەریی ئەو دوو صەحیفەی قورئانە تەفسیر بكەمەوە •

أعــوذ بالله من الشيطان الرجيم

تفسير آيات في موسى والخضر[١] ـ عليهما الصـلاة والســـلام ـ

(وإذ قال موسى لِفَتاه لا أبرَحُ حتى أبْلُغَ مجمع البَحرينِ أو أمضــي حقبا)[٢] :

تەرجەمە :

که یەهوود قسەی (أصحاب الكهف)و (ذو القرنين)یـــان لـــە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پرسیی لەو وەختەدا تووتکە سەگی لە حوجرەی موبارەکیا بوو پێیان نەزانیبوو کە فرێی‌دەن ، لـەبەر ئـەوە موددەیێ جیبریل ـ عليه السلام ـ وەحیی نەهێنا بۆ پێغەمـەر ، پێغەمـەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەو موددەیە جوابی نەدانەوە ، طەعنیان لێدا وتیان : ئەگەر پێغەمەر بوایـە ئـەوەی ئـەزانی ! خـــوا بـــۆ خـاتری ئەوە کە تێیان بگەیێنێ کە بەعزێ شت نەزانین موونافیی پێغەمەرێتیی نیە ئەم (قصە)ی حەزرەتی مووساو خضرەی بۆ نارد ، کە حەزرەتی مووسا ـ عليه الصلاة والسلام ـ پێغەمەر بوو ئیمتیازی درابوویێ کە = لـــە = حوضووری خوا ـجل وعلاـدا قسە بکا ، خوا قسەی لەگەڵ بکا ، تەوراتی بۆ نازڵ کرابوو ، هەڵسا بۆ تەعەللومی عیلم تەشریفی =چوو= بـۆ لای حەزرەتی خضر ـ عليه السلام ـکە لەبەر (تیە !) گەلێ لە خۆی بچووکتر بوو ، طەلەبی لێکرد کە بەعزێ لەو عیلمی (لدني)یەی کە خوا بەوی عەطا فەرموو بوو فێر بکا •• خوا ـ جل وعلا ـ ئەفەرموێ : ئەی محمد بۆ ئەو موشریکانە کە تەکەببور ئەکەن بـــەسەر فوقەرای موســـوڵمانانـاو بـەو

---

(١) تەفسیری چەند ئایەتێك لـــە باســـی مووســـاو خضرا ـ عليهما الصلاة والســـــلام ـ .

(٢) الـكهف / ٦٠ .

جوونەکەیە کە طاعنت لیٔ ئەدەن .. قسەی مووساو خضریان بۆ ذیکر بکە کە حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ بە فەتاکەی فـــەرمـوو : ناوەستم هەر ئەڕۆم تا ئەگەمە (مجمع البحرین) یـا تا زەمانێـکی دوورو درێژ بەرێدا ئەڕۆم .

(فلما بلغا مجمع بینهما نسیا حوتهما فاتخذ سبیله في البحر سربا):

بەو نەوعەی کە لە حەدیثەکانا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بەیانی فەرموە خۆیو فەتاکەی تەشریفیان کەوتەرێو گەیینـە (مجمـــع البحرین) کە گەیینە ئەوێ ماسییەکەیان لەفکر چوو ، کە حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ لێی بپرسێتەوەو حـەزرەتی یووشعیش حـالـی ماسییەکەی بۆ بەیان بکا ماسییەکە بـــەحرەکەی گرتەبەر کـــردی بــــە رێـــگەو رۆیی .

(فلما جاوزا) : کە لە(مجمع البحرین) تێپەڕبوون (قـال لفتاه) : حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـبە فەتاکـــەی فـەرموو : آتـنا غداءنا) : نانو پێخۆرەکەمان بۆ بێنە (لقد لقینا من سفرنا هذا نصبا) : بە راستی ئەم سەفەرەمانا تووشی ماندوێتییێکی زۆر بووین (قال : أرأیت إذا أوینا إلی الصخرة) : ئەبینی کە چیم تووش بوو کە چووینە لای بەردەکەو لێی نوستینو ماسییەکە زیندوبۆوە بە هەڵبەز هەڵبەز کەوتە ناو بەحرەکەوە رۆیی ؟ (فإني نسیت الحوت أن أذکره)[1] : من لە فکرم چوو کە خەبەری کەیفیەتی ماسییەکەت عەرزکەم (وما أنسانیه إلا الشیطان أن أذکره) هیچ شتێ لە فکری نەبردمەوە غەیری شەیتان کە عەرزت بکەم (واتخذ سبیله في البحر عجبا) : ماسییەکە لە بەحرەکەدا رێی خۆیی گرتەبەرو کردی بە

(١) (أن اذکره) لە ئایەتەکە نیەو ، وەك تەفسیری نووسراوە .

رێو رۆیی ، کردی بە رێیەکی عەجائیب کە شوێنەکەی وەك تاقی لێ هات بەسەریاو پیا رۆیی (قال) : حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ فەرمووی : (ذلــك مــاكنـا نبـغ) : ئــەو ماســـیزیندوبوونەوەو چوونەناوبەحەرەکەیەوەو کردنیبەڕێو پیاڕۆیینی •• ئەوەیە کــە ئێمــە طەلەبی ئەکەین‌و کەوتووینە شوێنی ؛چونکە عەلامەتی ئەوەیە کە نــــەو جێگەیەدا بە حەزرەتی خضر ئەگەم (فارتدا على آثارهما قصصا) : بـــەو رێگەدا کە پیا هاتبوون گەڕانەوەو تەعقیبی شوێن‌پێی خۆیانیان کــرد • (فوجدا عبدا من عبادنا آتيناه رحمة من عندنا وعلمناه من لدنا علما)کــە گەیینەوە لای بەردەکەی کە لە بنیا نوستبوون‌و ماسییەکەی لێ‌زیندوبۆوە عەبدێکیان لە عیبادی ئێمە دی کە ئێمە لە طەرەفی خۆمانەوە رەحمەتێکی زۆر گەورەمان پێ عەطا کردبوو و ، لە طەرەفی خۆمانەوە عیلمێکی زۆر گەورەمان پێ عەطا کردبوو ، کە هەر بە تەوفیقی ئێمە ئیحسان‌ئەکرێ کــە عیلمە بە مەغیبات‌و ئەسراری ئیلاهی ، ئەو عەبدە وەکوو پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ فەرموویەتی حەزرەتی خضرە ـ علیه السلام ـ کــە وابێ بۆچی قیلێ ئەڵێ : ئیلیاسەو ، قیلێ ئەڵێ (اليسع)ە ؟ ظاهیر وایە ئەو قیلانە ئەم حەدیثانەی ئیبنوعەباسیان نەدیبێ •

(قال له موسى : هل اتبعك على ان تعلمني مما علمت رشدا ؟) :

حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـبە حەزرەتــی خضـــری فەرموو : ئایا ئیذنت هەیە کە تابیعت ببم لەسەر ئەم شەرتە کە لەو عیلمی (لدنی)یە کە لە طەرەفی خواوە تەعلیمت‌کــراوە عیلمێـــکی (رشـــد)م فێربکەی کە بەو عیلمە خێرم دەست‌بکەوێ ؟

(قال : إنك لن تستطيع معي صبرا) : حەزرەتی خضر ـعلیه السلامـ بە حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـی وت : (البتــة والبتة)[1]

(١) واتە هەرگیزاوهەرگیز •

تۆ هیچ ناتوانی لەگەڵ منا صەبر بکەی چونکی من بەعزێ شتی وا ئەکەم کە لە حەقیقەتو (نفس الامر)ا موافیقی ئەمری خوایە موخالیفی ظاهیری شەریعەتی تۆیە ، کە دیت هیچ خۆت ناگری دەس بەجێ ئینکاری ئەکــەی ئاگایشت لە باطینەکەی نیە •

(وكيف تصبر على مالم تحط به خبرا ؟) چۆن صەبر ئەکەی لەســەر شتێك کە بە ظاهیر بێ شەرعیی بێو لە باطینەکەیشی ناگەی کــە صەبــری لەســەر بکەی ؟

(قال : ستجدني ـ إن شاء الله ـ صابرا ولا أعصي لك أمرا): حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ فەرمووی : (ان شــاء الله) بەصابیرم ئەبینیی‌و موخالەفەی هیچ ئەمرێکت ناکەم‌و لێی ناچمەدەرەوە •

(قال : فإن اتبعتني فلا تسألني عن شيء حتى أحدث لك منه ذكرا): حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـ فەرمووی : ئەگەر تابیعم بێ لە هیــچ شــتێك کــە ظاهیر بێ شەرعیی بێو لــە باطینەکەیشی ناگــەی کە صەبری

(فانطلقا حتى إذا ركبــا في الســـــفينة خــرقهـا) : کـــە ئــەو شەرت‌وشوورووتەیان لە بەینا قـــەرارگیر بـــوو کەوتنەڕێ بە ســاحیلی بەحرەکەدا تا سەفینەیێکیان تووش بێو ســـــواری بن ، وەکـــوو لـــە حەدیثەکانا ئەفەرموێ بە ساحیلی بەحرەکەدا رۆیین گەیین بە ســـەفینەیێ قسەیان لەگەڵ‌کردن کە سواریان‌کەن ، خەڵقی ناو ســـەفینەکە حــەزرەتی خضریان ناسییەوە بە بێ ئوجرەت سواریان‌کردن • کە سواربوون حەزرەتی =خضر= ـ علیه السلام ـ تەشوێیەکی هێناو تەختەیێکی لە ســـەفینەکــە هەڵوەشان‌و کونی کرد •

(قال : أخرقتها لتغرق أهلها ؟ لقد جئت شيئا إمرا !) :

حەزرەتی مووسا ـعليه‌الصلاةوالسلامـ به حەزرەتی خضری فەرموو ـعليه السلام ـ : ئەمانە قەومێکن ئێمەیان بە خۆڕایی سوارکرد کـــەچی تـۆ سەفینەکەیانت کونکرد ! ئایا بۆیێکت کونکرد کە خەڵقی ناو سەفینەکـە غەرق‌بکەی ؟ بە راستیی شتێکی زۆر گەورەت کـــرد ! یەعنـی ئـەوان چاکەیان لەگەڵ کردیو تۆ پاداشی خراپەت دانەوە •

(قال : ألم أقل إنك لن تستطيع معي صبرا ؟) :

فەرمووی : من نەموت کە تـۆ لەگەڵ منا صـــەبرت پێ ناکـرێ ؟ (قال : لا تؤاخذني بما نسيت) : فەرمووی : شەرتەکەم لە فکر چـۆوە بە سەبەبی شتێك کە بە لەفکرچوونەوە کردم موئاخەذەم مەکە •

(ولا ترهقني من أمري عسرا) : بەوە کە لەسەر هەموو شتێك عیتابم لێ بگری مەمخەرە موضایەقەوە کە نەتوانم رەفاقەتت بکەم •

(فانطلقا حتى إذا لقيا غلاما فقتله ، قال : أقتلت نفسا زكية بغير نفس؟ لقـد جئت شيئا نكرا !) : رۆیین تا گەیین بە منالێ لە ناو منالانـا یاریی ئەکردو حەزرەتی خضر سەری هەڵکەندو کوشتی ، ئەو وەختە حەزرەتـی مووسا ـ عليه الصلاة والسلام ـ خۆیی پێ ضەبط نەکرا ؛ چونکـی ئەمـە وەکوو کونکردنی سەفینەکە نیە ، ئەو تەعمیرکردنەوەی ئاسانە ، فەفـەط ئینسان‌کوشتن ناگەڕێتە دواوەو تەعمیر ناکرێتەوە • فەرمووی : نەفسێکی پـاك‌و بێ گوناهت کوشت بـە بێ ئەمە کـە کەسێکی کوشتبێ‌و مووجیبی قیصاص بێ ؟ بە راستیی بەم ئیشەی کە کردت شتێکی زۆر مونکەرت کرد لـە شـەرعا !

(قال : ألم أقل لك انك لن تستطيع معي صبرا ؟) : حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـ فەرمووی : ئاخر من بە تۆم نەوت کە تۆ پێت‌ناکرێ لەسەر ئەوانەی من ئەیکەم صەبر بکەی ؟ ئەم عیتـــابەی لە عیتـــابی ئـــەووەڵی بەشیددەتترە ؛ چونکە لە پێشا فەرمووی : من نەموت ، لێرەدا ئەفەرموێ من بە تۆم نـــەوت •

(قال : إن سألتك عن شيء بعدها فلا تصاحبني قد بلغت من لدني عذرا) : فەرمووی : لە دوای ئەم دەفعەیە ئەگەر لە شتێکم لێ‌پرســـیت رەفیقایەتیم مەکە ، بە تەحقیق لە طەرەفی منەوە گەییوی بە عوذر ، یەعنی عوذرت هەیە کە لێم جوێ‌ببیەوە • ئەمە بوو بە دوو دەفـــعە ، دەفـــعەی سێیەمیش لێت بێمەجواب حەقتە کە رەفیقایەتیم نەکەی •

(فانطلقا حتى إذا أتيا أهل قرية استطعما أهلها ، فأبوا أن يضيفوهما): تەشریفیان ، لێیان‌دا رۆیین تا چوونە لای ئەهلی دێیەك طەلەبی خۆراکیان لە ئەهلی دێیەکە کرد ، ئیبایان‌کرد کە میواندارییان بکەن •

(فوجدا فيها جدارا يريد أن ينقض فأقامه ، قال : لو شئت لاتخذت عليه أجرا) : لەو دێیەدا دیوارێـــکیان دی تەمـــای بـــوو بکـــەوێ ، خواربووبوەوە ، حەزرەتی خضر ـ علیه السلام ـ دەستی دایێ راستی‌کردەوە• حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ فەرمووی : ئەمانە قەومێکـــن هاتینەلایان داوای خۆراکمان لێ‌کردن میوانداریان نـــەکردین ، هیچیـــان نەدایێ بیخۆین ، ئەگەر هەوەست بوایە موقابیلی ئەمە کە دیوارەکـــەت بۆ راستکردنەوە ئوجرەتێکت لێ‌ئەستەندن لەماندا بە شتێك ئەمان‌خوارد ! لە حەدیثەکەی دواییدا ئیبنوجوبەیر ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ صلی الله

تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەم ئیعتیرازی حەزرەتی مووسایە ـ علیـــە الصلاة والسلام ـ بەعەمدیی بوو ، یەعنی حەزرەتی مووسا ـ علیه الصلاة والسلام ـ تێفکری ئەو ئیشانەی کە حەزرەتی خضر ئەیکردن موخالیفـی ظاهیری شەرعی ئەو بوو ، موخالیفی عورفو عادەت بوو ، ئیشی ئەووەڵی پاداشی چاکەی بە خراپە دایەوە ، ئیضراری ئەهلی ســـەفینەکەی کرد[1]. ئیشی دووەمی بە ناحەق کوڕێکی جوانی مناڵی بێ‌گوناهی کوشت . ئیشـی دوایی پاداشی خراپەی بە چاکە دایەوە ، ئیتر تاقەتی نەما کە رەفیقایەتیـی بکا ، نەیەتوانی کە صەبر بکاو هیچ هەڵنەداتێ بە عەمدەن ئەم دەفعەیەیش ئیعتیرازی لێ‌گرت ، بۆ خاتری ئەمە کـــە بە مـوافیقی شەرتەکـەی لێـی جوێ ببێتەوە :

(قال : هذا فراق بيني وبينك ، سأنبئك بتأويل مالم تســطع عليه صبرا) : حەزرەتی خضر ـ علیه الصلاة والســـلام ـ فەرمووی : ئـــەم موخالەفەی جاری سێیەمینەت موافیقی ئـەو شەرطەی کـە خۆت‌کردت ، سەبەبی فیراقی بەینی منو تۆیە ، هەر ئێستە خەبەردارت ئەکەم لە تەئویلی ئەوانەی کە من کردمو نەتتوانی صەبری لەسەر بـــکەی . چونکـی بـە ظاهیریی موخالیفی شەریعەتی تۆ بوو .

(أما السفينة فكانت لمساكين يعملون في البحر) : ئەگەر ئەپرسیی بۆ سەفینەکەت کونکرد ؟ بۆیەکم کونکرد چونکە سەفینەکە هی بەعزێ کەسی فەقیر بوو ، لە بەحرا ئیشیان پێ ئەکرد ، بەوە گوزەرانیان ئەکـرد ، ئەگەر سەفینەکە بێ‌عەیب بمایەوە لێیان زەوت ئەکرا بێ ئیدارە ئەمانەوە .

(فأردت أن أعيبها) : منیش ئیرادەم کرد کە عەیبداری بکەم ؛ چونکی (وكان وراءهم ملك يأخذ كل سفينة غصبا) : لە دوایانەوە ـ موافیقی

(١) واتە : زیانی بە دانیشتوانی ناو گەمێکە گەیاند .

قیرائەتی ئیبنوعەباس - رضي الله تعالی عنهما - لە پێشانەوە پـادشـایـێ، هەیە هەرچی سەفینەی ساغ بێ هەمووی زەوت ئەکا ، ئەو پادشایە کـــە سەفینەکەی بەلادا رابوورێ تێ‌ئەفکرێ کەزانیی عەیبی هەیـە وازی لێ بێنێ ، ئەوانیش کە لێی تێپەڕ بوون سەفینەکەیان چائەکەنـەوەو بـۆیـان ئەمێنێتـەوە •

(وأما الغلام فكان أبواه مؤمنين فخشينا أن يرهقهما طغيانا وكفرا) : ئەگەر ئەڵێی ئەو منالە بێ‌گوناهەت بە ناحەق بۆچی کوشت ؟ ئەڵێم : ئەمما ئەو منالەیش کە تۆ بە بێ‌گوناهی ئەزانی لـە عیلمی ئەزەلیی ئیلاهیـدا وا موقەددەر کراوە کە کافر ئەبێ فاســقو فـاجیـر ئەبێ • دایكو باوکـی موسوڵمانن بەدینن ، لەوە ترسام کە کوڕەکەیان گەورە بوو دەستی کـرد بە کوفرو فیسقو فوجوور ••• دایكو باوکەکەی لەبەر مەحەبەتی ئـــەو موافەقەی بکەنو ئەو کوڕە بیان‌خاتە طوغیانو کوفرەوە •

(فأردنا أن يبدلهما ربهما خيرا منه زكاة وأقرب رحما) : ئیرادەمـان کرد کە خوا - جل وعلا - لە باتی ئەو کوڕە منالێکی لەو چاکتریان بداتێ، لە گوناه پاكبێ ، بە مەرحەمەتتر بێ بۆ دایكو باوکی ، ئەوانیش ئەویان‌زیاتر خۆش بوێ لەوەی کە من کوشتم ، وەکوو لـــە حەدیثەکەدا بەیان‌کراوە کچێکیان بوو ، لەو کچە پێغەمەرێ بە وەلەد بوو ، ئەو پێغەمەرە حەزرەتی شەمعوونە - علیه السلام - کە طالووتی کرد بە پادشاو لەگەڵ جالووتـا شەڕی‌کرد ، لە لەشکرەکەیا حەزرەتی داود - علیه الصلاة والســلام - مەوجوود بوو ئەویش بە قۆچەقانی جالووتی کوشتو بوو بە پـادشـاو پێغـەمـەر •

(وأما الجدار فكان لغلامين يتيمين في المدينة) : دیوارەکەیش هی دوو منالی هەتیو بوو لە شارەکەدا (وكان تحته كنز لهما) : لە ژێـر ئەو

دیوارەدا خەزێنەیێکی ئەو هەتیوانەی تیا بوو (وكان أبوهما صالحا) : باوکیان پیاوێکی صالّحبوو (فأراد ربك أن يبلغا أشدهما ويستخرجا كنزهما رحمة من ربك) : خوای تۆ ئیرادەی کرد کە ئەو دوو هەتیوە بالّغ ببن‌و بگەنە سیننی روشدو غەزنەکەیان دەرێنن • لەبەر ئەمە خوا ئیرادەی رەحمەتی بەو منالآنە کرد ، یەعنی لەبەر خاتری باوکە موسولّمانەکەیان خوا منالّەکانی‌و غەزنەکەی بە زایع نەدا ، ئەو دیوارەیشم بۆیە چاك کردەوە (وما فعلته عن أمري) : من ئەو ئیشانەم هەموو بە ئەمری خوا کرد لە خۆمەوە نەمکردن (ذلك تأويل مالم تسطع عليه صبرا) : ئەوە تەئویلی ئەوەی کە نەتتوانـی صەبری لەسەر بکەی •

ئەم حەدیثی موسلیمەیش نەقڵ ئەکەم نەختێ فەرقی هەیە :

ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أبي بن كعب ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إنه بينما موسى ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في قومه يُذَكِّرُهُمْ بـأيـام الله ، وأيام الله نعماؤه وبلاؤه ، إذ قال : ما أعلم في الارض رجـلا خيرا واعـلم مني[1] •

تەوجەمە :

لەو وەختەدا کە حەزرەتی مووسا ـ عليه الصلاة والسلام ـ لە نـاو قەومەکەیا بوو وەعظی بۆ دائەدان ، بە ئەییامی خوا ، ئەییامی خوا نیعمەت‌و بەلآ ناردنیەتی بۆ خەلّق ، لەو وەختەدا فەرمووی : لەسەر ئەرز هیچ کەسێ نازانم کە لە من چاترو عالمتر بێ [ئـەبـێ ئەمەی لە جـوابـی کەسـێکا فەرمووبێ] •

(١) دانەر ـخـ ژمارەی بۆ ئەم حەدیثە دانەناوە •

(قال : فأوحى الله إليه : إني أعلم بالخير منه أو عند من هو • إن في الارض رجلا هو أعلم منك • قال : يارب فدلني عليه • قال : فقيل له : تزود حوتا مالحا ••• إلى آخره (لام وايه كافيه) م–٩/٢٥٩ إلى ٢٦٤[1] •

فوائـد نقلت من النـووى – رحمه الله –:[2]

(١) حەزرەتی =خضــر= ئیمرۆ مەوجوودەو زیندوە لە ئاومانایە • (متفق علیه)ە لە بەینی صۆفییەو ئەهلی صەلاحا گەلێ لە مەشایخ دیویانەو، شتیان لێپرسیوەو جوابیداوەتەوە • ئیبنوصەلاحی شـارەزووریش وای فەرموە •

(٢) پێغەمەرە یان نا ؟ بەعزێك ئەڵێن : پێغەمەرە ئەوانیش دوو فیرقەن؛ بەعزێکیان ئەڵێن : مورسەلە • بەعزێ لە عولەما ئەڵێ : وەلییە • بەعزێك ئەڵێن : لە زەمانی ئیبراهیم – علیه السلام –ا بوە ، بەعزێك ئەڵێن : لـــە پێش ئەوا بوە • بەعزێك ئەڵێن : لە دوای ئەو بوە ، کونیەی (أبوالعباس)ە ناوی بەلیایە کوڕی مەلکانە •

(٣) بۆچی پێی ئەڵێن خضر ؟ چونکە لەسەر ئەرزێکی سپیی دانیشتبوو کە هەڵسا جێیەکەی سەوز بووبوو ، ئەمە موافیقی حەدیثی پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – کە بەحثی لە فەضائیلی خضرا نووسراوە •

(٤) ئینسان قەط تەرجیحی خۆی نەدا بەسەر خەڵقا ، خۆی لە کەس بـە عالمترو بە چاکتر نەزانێ •

---

(١) دانەر –خ– تەرجەمەی ئەم بەشەی نەکرد ؛ چونکە لـە دەقەکـانـی پێشوو دەچێت •

(٢) چەند فائیدەو مەبەستی بەکەڵك لە نەوەویی –خ– وەرگیراون •

(٥) ئینسان با زۆر عالمیش بێ سونته‌ته له =له= خۆی عالمتر ته‌عه‌للومی عیلمی ئه‌وه که نایزانێ بکا ، ، با ئـــه‌و که‌ســـه له روتبـــه‌دا له خـــۆی بچووکتر بێ •

(٦) ریحله‌ت بۆ طه‌له‌بی عیلم سونته‌ته •

(٧) بۆ سه‌فه‌ر تێشوو مه‌شرووعه •

(٨) له‌گه‌ڵ عالما موراعاتی ئه‌ده‌ب •

(٩) حورمه‌تی مه‌شـایـخ •

(١٠) ته‌رکی ئیعتیرازلێ‌گرتنیان •

(١١) ته‌ئویلی ئه‌قوال‌و ئه‌فعالیان •

(١٢) شایه‌د موخالەفه‌یان کرا عوزربۆهێنانه‌وه‌یان لازمه •

(١٣) که‌راماتی ئه‌ولیا حه‌قـه •

(١٤) له حینی حاجه‌تا داوای شتی خواردن دروسته •

(١٥) ئیجاره‌ی سه‌فینه‌و حه‌یوانی سائیره دروسته •

(١٦) ئیستیعمالی شتی خه‌ڵق به ره‌زا دروسته •

(١٧) ئینکاری ئه‌مرێ که به ظاهیر مونکه‌ر بێ دروسته به‌ڵکه فه‌رزه بـه شــه‌رتی خۆی •

(١٨) ده‌فعی شوبهه لازمه •

(١٩) مناڵ‌کوشتنه‌که‌و سه‌فینه‌کونکردنه‌که کامیان خراپتره ؟

(٢٠) نه‌ظه‌ر له مه‌صالیحی عیبادا که دوو مه‌فسه‌ده ئیجتیماعی بـــوو ده‌فعی مه‌فسه‌ده‌ی گه‌وره به ئیختیارکردنی ئه‌هوه‌نه‌که‌یان دروسته •

(٢١) سونته‌ته که ئینسان دۆعای بۆ خۆی‌و که‌سێکی تر کرد ئیبتیدا به دۆعا بۆ خۆی بکا • له‌و حه‌دیثه‌دا که ته‌مام بوو بینووسم‌و نه‌منووســی ئیشاره‌تی جێیه‌که‌یم کرد •

(٢٢) خوا (يفعل مايشاء) طەبعی قەلب ئەکا[1]، رەین ئەکا ، خەتمی قەلب‌و سەمع ئەکا ... (وهکذا) .

(٢٣) منالّی کوففار سێ قەولی تیایە : جەننەتییە ، جەهەننەمییە ، یا حالّی مەجهوولە . دائیر بەمە ئەحادیث هەیە (إن شاء الله) لە جێی خۆیا ذیـکر ئـەکـرێ .

(٢٤) خدمەتی لەخۆگەورەتر .

(٢٥) تـەواضـوع .

(٢٦) باوەڕکردن بـە جەمیعی (ما جـاء بە الشرع)با حیکمـەتیشـی نـەزانـرێ .

(تم بحمد الله تعـالى ترجمـة هـذا القـدر من باب العلم ١٠/٧/٩٤٠ رشـــــيد) .

(إن شاء الله) سبەینێ دەست‌ئەکەم بە تـەرجـەمەی بابی فەضائیلی ئـەنبیا ، چونکە ئەویش داخلّی ئیمانە .

أوله فضائل نبينا ــ عليه الصلاة والسلام ــ حشرني الله وملا حسـينا تحت لوائه ، وسقانا من حوضه آمين يارب العالمين .

---

(١) ئەم‌قسـانە ئیشـارەتن بەو ئایەتانە کە ئەفەرموون :(طبع الله على قلوبهم النحل / ١٠٨) ، (بل ران على قلوبهم . المطففين / ١٤) ، (ختـم الله على قلوبهم ، وعلى سمعهم ، وعلى ابصارهم غشـاوة . البقرة /٧).

کاکـە مەلا حسەین ! جاری پێشوو بابی نییەتو وەحیم بۆ ناردی ، ئەمجارەیش بابی ئیمانو عیلمم بۆ ناردی بە تەفەئولی ئەوە کە خوا ـ جـل وعـلا ـ ئیلهامی خەیرت بکا ، ئیمانت سەلامەتو بەقووەت بکا ، ئەهلی عیلمو موسوڵمانان لە عیلمی دینییو دونیەویت بەهرەدار بکا ئامین .

ئەسمای (رجال)و کەلیمات موحتەمەلە (إن شاء الله) تا مومکین بـێ موافیقی قەسطەلانییو نەوەویی ـ رحمهما الله ـ ضەبطی شەکلو حەرەکەی ئـەکـــەم .

مەلا سەلام چاوی ماچ ئەکەم ، دەرەجەی عیلمی ئەوو مەلا محەممەدیش کە چاوی ماچ ئەکەم ، بۆم بنووسە ، بە موەفەقییەتیان دڵخۆش ئـەبـم ، خوا موەفەقیان بکا . دەستی بابەعەلی ماچ ئەکەم ، سـەلامی زۆر لـە موفتی ئەکەم ، خوا سەلامەتیان بکا . باقی دەستت ماچ ئەکەم وا پێت ئەڵێم : من چیم تۆ بۆم بنووسی دەستوپێت ماچ ئەکەم ؟! من لە جەنابت هەر دۆعـای خەیرم ئـەوێ ١١/٧/٩٤٠ .(١)

---

(١) دانەر ـخـ ئەمەی بەم شێوە لە ناو کتێبەکەدا نووسیوە ، منیش وەك خـۆی نووســـیم .

فضـــائل الانبيـــاء[1]

پێنج شەنبە ١١/٧/١٩٤٠

فضـــل نبينـــا ـ عليه الصلاة والسلام ـ

نســـبه ـ عليـــه الصـــلاة والســـلام ـ

بســـــم الله الرحـــمن الرحيـــم

[اللهم صل على ســـيدنا ونبينا وشـــفيعنا] محمـــد بن عبدالله بن عبدالمطلب [شيبة الحمد لأنـــه ولـــد وفي رأسه شيبة ، وسمي عبدالمطلب لأن عمه المطلب جاء به إلى مكة رديفه وهو بهيئة بذّة فيسأل عنه ، فيقول: هو عبدي ، حياء من أن يقول ابن أخي ، وعاش مائـــة وأربعين ســـنة . القسطلاني] ابن هاشم بن عبد مناف ، بن قصي ، بن كلاب ، بـــن مرة [سمي الهاشم هاشما لأنه هشم الثريد بمكة لقومه زمن المجاعة . وقصي تصغير قَصى أي بَعُد لبعده عن قومه في بلاد قضاعة حين احتملته أمه . اسمه مجمع . وقال الشافعي : يزيد . وسمي الكلاب كلابا لحبه الصيد ، وأكثر صيده بالكلاب، ومرة اسم الحنظلة . القسطلاني] ابن كعب [أول من جمع يوم العروبة ، وكان فصيحا خطيبا ، من كعب القدم للين جانبه وارتفاعه شرفا على قومه . من القسطلاني] ابن لؤي [تصغير اللأي وهو

---

(١) باسی گەورەیی پێغەمەران ، گەورەیی پێغەمەرمان ـ صلى الله تعـــالى عليه وسلم ـ رشتەی بنەماڵەی .

الثور الوحشي] ابن غالب بن فِهْرٍ [من الحجارة الطويل الأملس، اسمه قريش أبو قريش] ابن مالك ابن الخضر [لوضاءة وجهه • وقيل هذا هـو أصل القريش] ابن كنانة [وعاء السهام] ابن خُزَيْمة ، بن مدركة ، بن إلياس ، بن مضر [يحب اللبن الماضر أي الحامض] ابن نِزار [من النزر وهو القليل ، لأنه فريدة قومه] ابن مَعَدٌ بن عدنـان ح ـ ١٧٦/٦ • [أضلت نزار نسبها من عدنان] •

١/٤٢٠ ـ واثلة •• بن الأسفع [رضي الله تعالى عنه] يقول : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إن الله ـ عز وجـــل ـ اصطفى كنانة من ولد إسماعيل ـ عليه الصلاة والسلام ـ واصطفى قريشا من كنانة واصطفى من قريش بني هاشم ، واصطفاني من بني هاشم م ـ ١٣٥/٩ • والترمذي •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەیفەرموو : خوا ـ عز وجل ـ لە ئەولادی ئیسماعیل ـ علیه الصلاة والسلام ـ کەنانەی ئینتیخاب کـرد ، قورەیشی لە کەنانە ئینتیخاب کرد ، بەنی‌هاشمی لە قورەیش ئینتیخاب کرد، منی لە بەنی هاشم ئینتیخاب‌کرد (قال الترمذي : هذا حديث صحيــح) •

٢/٤٢١ ـ عن جابر بن سمرة [رضي الله تعالى عنه] قـــال : قـــال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إني لأعرف حجرا بمـــكة كـان يسلم علي قبل أن أبعث • إني لأعرفه الآن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : من بەردێك لـــە مەککە ئەناسم کە سەلامی لێ ئەکردم لە پێش بەعثەتما ، ئێستەیش ئەو بەردە

ئەناسمەوە • ئەم خاریقەیە ئیرهاصیێکە دەلالەت لەسەر پێغەمەرێتی پێغەمەر ئەکا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ [لە موعجیزاتا بینووسە]

٤٢٢/٣ ـ أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] قـال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أنا سيد ولد آدم [عليه الصلاة والسلام] يوم القيامة ، وأول من ينشق عنـــه القبر ، وأول شـــافع وأول مشـفع م ـ ٩/١٣٦ •

[لـه شـەفاعەتا بینووسە][1]

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعـــالی علیه وسلم ـ فەرمووی : من لە رۆژی قیامەتا گەورەی هەموو ئەولادی ئادەمم ـ علیه الصلاة والسلام ـ ئەووەڵ کەسێکم کە قەبری لەسەر لێك ئەبێتەوەو زیندووئەبێتـــەوە ، ئـەووەڵ کەسێکم کە شەفاعەت ئەکا ، ئەووەڵ کەسێکم کە شەفاعەتی لیقەبـووڵ ئەکرێ [اللهم اقبل عنه شفاعته لي ولإخواني وأقربائي وأحبـائي نسـبا ودينـــا !] •

٤٢٣/٤ ـ كليب بن وائل قال : حدثتني [بالإفراد] ربيبة النبي ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ زينب ابنة أبي سلمة [رضي الله تعالى عنهما] قال : قلت لها أرأيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وســـلم ـ : أكان من مضر ؟ قالت فممَّن كان إلا من مضر من بني النضر بن كنانة ؟! ح ـ ٦/٣ •

[وروى أحمد وابن سعد من حديث الأشعث بن قيس الكندي ـرضي الله تعالى عنه ـ قال : قلت : يا رسول الله إنا نزعم أنك منا يعني من اليمن؟ فقال : نحن من بني النضر بن كنانة • القسطلاني] •

---

(١) وەك رێبازێکی دامەزراو ئەم حەدیثانەمان لە شوێنی خۆیانا هێشتەوە، چونکە بە گواستنەوەیان زنجیرەو ژمارەی حەدیثەکان ئەپسێ •

وفي أخرى : أخبريني النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ممن كان؟ من مضر ؟ قالت : فممن ؟ الحديث ...

تەرجەمە :

کولەیبی بنـی وائیـل ئەفەرموێ : بە زەینەبی کچی ئـەبوسەلەمەی زرِکچی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم وت : خەبەرم بدەرێ کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ لـە کێیە ؟ ئـایـا لە موضەرە ؟ فەرمووی : ئەی لە کێیە ؟ هەر لە موضەری بنی کینانەیە .

ئیمامی ئەحمەد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەتی لە ئەشعەثەوە ـرضي الله عنه ـ کردوە فەرمووی : عەرزی پێغەمەرم کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: کە (یا رسول الله) ئێمە وا ئەزانین کە تۆ لە ئێمەی یەعنی لـە یەمەنْ ؟ فەرمووی : ئێمە لە بەنی نەضری بنی کینانەین .

لە ریوایەتێـکی تری ئەشعەثا ـ رضي الله تعالى عنه ـ هەر لەم جەڵدەدا لە صەحیفەی (١٧٦)دایە کە فەرمووی : لە گەڵ چەند کەسێکا لە کیندە چوومە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزمکرد :(یارسول الله) بۆ تۆ لە ئێمە نیت ؟ فەرمووی : خەیر ئێمە بەنونەضری بنی کینانەین (لا نقفو أمّنا ولا ننتفي من أبينا) : لە نەسەبا تابیعی دایك نابین لە باوك لانادەین . لە ریوایەتی ئەبونەعیما ئەوەی لیَزیادکردوە کـە : ئەشعەث ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : وەڵلاهی لەهەر کەسێ ببێم کـە نەفی قورەیش بـکا لـە نەضری بنی کینانە دارکاریی ئەکەم لەبەر ئەو قسەی پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ . لوطفەنْ تەماشای صـەحیفـەی (١٧٧)ی قەسطەلانیی بکەنْ من پێمحەل نەکرا ، حەللی بکەنو بینووسن[١] .

(١) دانەر ـخـ مەبەستی ئەوەیە کە خیلاف لە ناوو لەقەبی فیهرو قورەیشا هەیە . هەندێك ئەڵێن : فیهر لەقەبەو قورەیش ناویەتیو ، ئەم (فیهر ـ ←

٤٢٤/٥ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : بعثت من خير قرون بني آدم قرنا فقرنا، حتى كنت من القرن الذي كنت فيه ح- ٢٩/٦ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە [رضي الله تعالى عنه] فەرمووی : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لە هەر قەرنێکی بەنی ئادەما لە صولبی[1] چاکترینی ئـەو قەرنەدا من بەعثکراوم ، قەرن لە دوای قەرنەوە تـاکـو خلوهوورم کرد ، لەو قەرنەدا کە تیا هاتمە دنیاوە • یەعنی هەر لە حەزرەتی ئادەمەوە ـ عليه الصلاة والسلام ـ بیگرە تا زەمانی وەلادەتم لـــە کوللی قەرنێکا لە صولبی چاکترینی ئەو قەرنەدا بووم ، لە قەرنی ئادەما ـ عليه الصلاة والسلام ـ لە صولبی ئەوا بووم ، لە دوای ئەوە ئینتیقالم کردۆتـە صولبی حەزرەتی نووحەوە ـ عليه الصلاة والسلام ـ لە دوای ئەو (مثلا) ئینتیقالم کردۆتە صولبی حەزرەتی ئیبراهیمەوە ـ عليه الصلاة والسلام ـ (وهکذا) ••• خەیرییەتی قەرن بە ئیعتیباری ئەو کەسەیە کە پێغـەمــەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە صولبیا بوە •

(بالمناسبة) سێ حەدیثی (شفا)ی قاضی عەیاض نەقل ئەکەم (طەبعی شیرکەتی صەحافییە (٢١)ی صەفەری (٣٠٧) هیجری) بەیهەقی لە (دلائل النبوة) او ترمذیی لە حەزرەتی عەباسی مامی پێغەمەر ـ صلى الله تعـــالى

قورەیش)ە باوکی (قورەیش)ەو ، هەرکەس لە نەوەی ئەم نەبێ قورەشیی نیە . هەندێکی تریش ئەڵێن : ئەصلی قورەیش نەضرەو ، بەڵگەیشیان حەدیثەکەیە کە دانەر نووسیویە ، رەنگە مەبەستی دانەر ئەوە بێ کە ئەو جیلوازیی نێوان نەضرو فیهرە حەل بکرێ •

(١) صولبە : پشـــت •

علیه وسلم ـ و رضي عنه ـ ریوایەتیان کردوە • ترمذی فەرموویەتی کـە حەدیثێکی حەسەنە • حەزرەتی عەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرموویەتی: کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە خوا ـ تبـارك وتعالى ـ ـ خەلقی [یەعنی مەلائیکەو ئینس‌وجیننی] خەلق کرد منی لـە چاکترینی ئەوان کە ئینسانە خەلق‌کرد [بینا لەسەر ئەمە کە خەواصی ئینسان لە خەواصی مەلائیکە ، عەوامی ، یەعنی ئەوانەیان کە لەسەر دینی حەقن ، لە عەوامی مەلائیکە چاترن] منی لە چاترینی قەرنی ئەوان خەلق‌کرد ، لـە دواییا قەبائیلی ئینسانی ئینتیخاب کرد ، منی لە چاترینی ئەو قەبیلانە کـە عەرەبەو قورەیشە خەلق کرد ، لە دواییا ئینتیخابی لە بەینی ماڵی ئـــەو قەبیلانەدا کرد ، منی لە ناو چاترینی ئەو ماڵانەدا خەلق کرد • من چاترینی هەموو ئینسانم لە خوصووصی ذاتمەوە ، لـــە خوصـــووصی حەسـەب‌و نەسەبمەوە [لە طەرەفی دایك‌و باوکمەوە] •

ولفظ الحديث عن العباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ : قال : قـــال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن الله خلق الخلق فجعلني من خيرهم ، من خير قرنهم ، ثم تخيَّر القبائل فجعلني من خير قبيلة ، ثـم تخير البيوت فجعلني من خير بيوتهم ؛ فأنا خيرهم نفسا وخيرهم بيتا • (شـفا جلد : ١/ ص : ١٩٨) •

روى الطبراني عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أنه ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن الله عز وجل اختار خلقه فاختار منهم بني آدم، ثم اختار بني آدم فاختار منهم العرب ، ثم اختار العـــرب فاختار منهـم قريشا ، [وهم أولاد النضر ابن كنانة ، وسمّـوا قريشا لأن قصيا قرشهم ؛ جمعهم في‌الحرم بعد ماكانوا متفرقين] ثم اختار بني هاشم فاختارنـــي ،

فلم أزل خيارا من خيار ، ألا من أحب العرب فبحبي أحبهم ، ومن أبغض العرب فببغضي أبغضهم (شفا جلد : ١٩٨/١) •

تەرجەمە :

مەئالی ئەم حەدیثەیش عەینی مەئالی حەدیثەکەی ترمذییە ، ئاخیرەکەی لـە (ألا) وە لەو زیاترە •

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ لە بەینیخەلقکردنو خەلقنەکردنا ئیختیاری خەلقکردنی کرد، مەخلووقاتی خەلقکرد ،لە بەینی مەخلووقاتا بەنیئادەمی ئیختیارکرد ، لە دواییا لە بەینی بەنیئادەما کامی باشەو کامی باش نیە ئینتیخاباتی کرد ، لەوان عـەرەبـی هەڵبژارد ، لە دواییا لە بەینی عەرەبیشا ئینتیخاباتی کرد ، لەوان قورەیشی هەڵبژارد ، لە دواییا لە قورەیش بەنیهاشمی هەڵبژارد ، لە بەنیهاشم منی هەڵبژارد ، من لە ئەزەلا موتتەخەب بووم ، لە ناو هەموو موتتەخـەبانا ، ئەمەتان ئاگا لێبێ هەرکەسێ عەرەب بحوببێنێ بە حوببی من ئەیانحوببینێ، هەرکەسێ عەرەب ببوغزێنێ بە بوغزی من ئەیانبوغزێنێ •

ئەم عیبارەتە دوو مەعنای هەیە :

(١) ئەوی عەرەبی خۆش ئەوێ بۆیەکی خۆش ئەوێ چـونکی منی خۆشەوێ ، یەعنی من لە عەرەبم منی خۆشەوێ بەو واسیطەیەیش عـەرەبی خۆشەوێ • هەرکەسێ عەرەبی خۆش نەوێ بۆیێکی خۆش ناوێ چونکی من عەرەبم منی خۆش ناوێ ، بەو واسیطەیەیش عـەرەبـی خۆش نـاوێ ئەیبوغزێنێ • لە بەر ئەم مەعنایە بەعزێ لە مالیکیی وتوویانە :هەرکەسێ جوێن بدا بە عەرەب واجبە بکوژرێ •

(٢) خۆشویستنو خۆشنەویستنی عەرەب بە واسیطەی ئەوەیە کـە من خۆشمئەوێن یا ئەیانبوغزێنم • یـــەعنـی لە عەرەب من هەرکامێکیان

بحوبێنم حوبی ئەوانە لەسەر خەڵق واجبە ؛ چونکی ئەیانحوبێنم لەبەر ئیمانو تەقوایان ، لە عەرەب من هەر کامێکیان ببوغـزێنم لـەبەر کـوفرو فیسقو فوجووریان لەسەر موسوڵمان لازمە ئەو عەرەبانە ببوغزێنێ چونکی من ئەیانبوغزێنم (علی القاری) •ئەم مەعنایە لە ظاهیری لەفظی حەدیثەکەوە زۆر دوورە خاصیش نیە بە عەرەبەوە هـەموو میللەتێ وایـە ، =هـەر= کامێکیان موسوڵمانو بەدین بێ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەو کەسەی خۆش ئەوێ ، خەڵقی تریش ئەبێ ئەوانەی خۆش بوێ ، هـەر کامێکیان کافرو بێ دین بێ پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسـلم ـ ئەیانبوغزێنێ موسوڵمانی تریش ئەبێ بیانبوغزێنن •کەوابێ موراد هـەر مەعنای ئەووەڵە ، فەقەط بینای لەسەر تەرغیبو تەشویقی موســوڵمانانە لەسەر حوبی عەرەب ؛ چونکی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لـــە عەرەبـە •

عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ [على مارواه ابن أبي عمرو العدني في مسنده] [عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بقـرينة : فأهبطني وجعلني • رشيد] : أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ كانت روحه نورا بين يدي الله ـ تعالى ـ قبل أن يخلق آدم بألفي عـام يسبح ذلك النور ، وتسبح الملائكة بتسبيحه ، فلـما خلق الله تـعالى آدم ألقى ذلك النور في صلبه ، فأهبطني الله عز وجل ـ إلى الأرض في صلب آدم ، وجعلني في صلب نوح ، وقذف بي في صلب إبراهيم ، ثم لم يزل الله تعالى ينقلني من الأصلاب الكريمة والأرحام الطاهرة ، حتى أخرجني من أبوي لم يلتقيا على سفاح قط (شـفا ، جلـد : ١/٩٩٩) مەعنایێکی[١]

(١) نازانم مەبەستی لەم قسە چیە ، بۆیە وەك خۆی نووسیم •

(والذي يراك حين تقوم وتقلبك في الساجدين) ئـاخـرى ســــوورەى شـــوعەراء .

تەرجەمە :

لە ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعـــالى عنهمـا ـوە ریوایەتە کە رۆحـی موبارەکی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نووریٚ بوو لە بەینی دوو دەستی قودرەتی خوادا ـ عز وجل ـ لە پێش ئەمەدا کە خەلقی حـەزرەتی ئادەم ـ عليه الصلاة والسلام ـ بکا بە دوو هەزار ســــاڵ ئـەو نـوورە تەسبیحاتی ئەکرد [بە زمانی حاڵ یا بە زبـانـی قـال] مەلائیکەیش بـە تەسبیحی ئەو نوورە تەسبیحاتیان ئەکرد ، یەعنی ئەو تەسبیحاتەیان ئەکرد کە ئەو نوورە ئەیکرد ، وەختێ کە خوا ـ عز وجل ـ حەزرەتی ئادەمی خەلق کرد ئەو نوورەی خستە صولبی حەزرەتی ئادەمەوە . خوا ـ عز وجل ـ لە صولبی ئادەما ـ عليه الصلاة والسلام ـ ناردمیە سەر ئەرز خستمیە صولبی نوحەوە ، خستمیە صولبی ئیبراهیمەوە ـ عليهم الصلاة والسلام ـ لە دوای ئـەوە هەروا بـەو نەوعە خوای تەعالا لە ئەصـلابی کەریمەو ئەرحـامی طاهیرەوە نەقڵی ئەکردم تا لە دایكو باوکم هێنامیە وجوودەوە ، هیچ دایكو باوکێکم لە ئادەمەوە ـ عليه الصلاة والسلام ـ تا دایكو باوکی خۆم قەط لەسەر زینا جەمع نەبوونەوە ، یەعنی هەمووی نیکاحی صـــەحیح بـــوە موافیقی شەریعەتی پێغەمەرێك .

اســـماؤه ـ عليه الصلاة والسلام ـ :

٤٢٥/٦ عن أبي موسى [رضي الله تعالى عنه] قال : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يسمي لنا نفسه أسماء فقال : أنـا محمد ، وأحـمد ، والمُقَفِّـي ، والحاشـر ، ونبـي التوبـة ، ونبـي الرحمـة م ـ ٢١٤/٩ ؛ تت .

تەرجەمە :

ریوایەتە لە ئەبومووسای ئەشعەرییەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ کـە فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە گەلێ نـاو نـاوی خۆی ئەبرد بۆ ئێمە • فەرمووی : من محمدم ، ئەحمەدم ، موقفیم (نبـي الرحمة)م (نبي التوبه)م • موقفی بە مەعنا عاقیبە (قافية كل شيء آخـره • نـووی) •

٤٢٦/٧ ـ عن جبير بن مطعم [رضي الله تعالى عنه] قـــال : قـال رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وســلم ـ : لي خمسة أسماء أنا محمد وأحمد • وأنا الماحي الذي يمحو الله به الكفر ، وأنا الحاشر الذي يحشـر الناس على قدمي [على عقبي م• أخرى] وأنا العاقب [لأنه جاء عقب الأنبياء] ح-٦/٢٠ ، م- ٩/٢١٤ وفيه زيادة : وأنا العاقب الذي ليس بعده نبي • وقد سماه الله رؤفا رحيما ، وفي أخـــرى في م : والعاقـب الذي ليس بعـــده نبـي •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : من پێنج نـاوم هەیە : محمدم [عەبدولموطەلیبی باپیری وای ناو ناوە کە حەمدی زۆری بکرێ • خوا تەفەئولەکەی بەجێهێنا کە لە ئەرزو ئاسمانا مەحموودە]و ئەحمەدم [لە هەموو حەمدو ثەناکەرێ زیاتر حەمدی خوا ئەکەم] من ماحیم خوا بە من مەحوی کوفر ئەکاتەوە • یەعنی نووری ئیمانم هێناوە تاریکیی کوفرم پێ رووناکردۆتەوە • من حاشیرم خەڵق لەسەر ئاثـــاری خـۆم کۆئەکەمەوە • من عاقیبم ؛ چونکە لە دوای هەموو پێغەمەرانەوە هاتووم ، لە موسلیما ئەڵێ : عاقیب ئەوەیە کە لە دوای ئەو پێغەمەر نەبێ •

قەسطەلانیی ئەفەرموێ : لە کتێبی (مواهب اللدنیه)ما زیاتر نـــە چوارصەد ئیسمم کۆکردۆتەوە لەسەر تەرتیبی حورووفی هیجا • نەوەویی ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : بۆیە هەر ئەم پێنج ئیسمەی ذیکر فـەرموە ؛ چونکە ئەم ئیسمانە مەوجوودن لە کتێبی پێش پێغەمەری ئێمەوە ـ علیـە الصلاة والسلام ـ مەوجوودن لای ئوممەتانی پێش ئەم ئوممەتەوە •

[لـە ئینجیلێکا کـە ئێستە بـە دەست هەموو خەرستیانەوەیە ئەڵێ : حەزرەتی عیسا ـ علیە الصلاة والسلام ـ بەوانەی کە لە زەمانی ئەوا ئیمانیان پێ هێنابوو فەرموو :کە ئەچمە لای باوکم [یەعنی لای مووجیدم ، ئـەگـەر ئەو لەفظە لە ئەصلی ئینجیلا بێ] (فارەقلیط)تان بۆ ئەنێرم • لە حـەربی عوموومیدا یەکێ لە عولەمای نەسطووریی موسوڵمان بووبوو ناوی خۆی نابوو (عبدالاحد) بەو ناوە ئیشعاری ئەوەی ئەکرد کـە لە تەثلیث وازی هێناوە • لێم‌پرسیی : فارەقلیط بە چی ئەڵێن ؟ وتی : بە مەعنای ئەحمەدە • ئەو قسەی (عبدالأحد)ە موافیقی سوورەی (صف)ە (العهدة علیه) رەشید] •

عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: ألا تعجبون كيف يصـــرف الله عني شتم قـريش ولعنهـم ؟ يشتمون مذمّماً ، ويلعنون مذمما وأنا محمد ح ـ ٦/٢٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : عەجایەبتان لـێ نامێنێ کە خوا چۆن جوێنی قورەیش‌و لەعنیان لە من ئەگێڕێتەوە ؟ ئەوان جوێن بە موذەممەم ئەدەن [یەعنی ذەم‌کراو ،ئەوی لایەق بە ذەم بێ] لەعنی موذەممەم ئەکەن من موحەممەدم [موذەممەم نیم جوێن‌و لەعنەکەیان بـــۆ من نایێ ، بۆ خۆیان ئەچێتەوە کە موستەحەقی ذەمی دنیاو ئاخیرەتن] •

کـونـه ـ علیه الصلاة والسلام ـ خاتم النبیین :(١)

٨/٤٢٧ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليــه وسلم ـ قال : إن مَثَلي ومثلُ الأنبياء من قبلي كمثل رجل بنى بيتا فأحسنه وأجمله إلا موضــع لَبِنَـةَ من زاويــة [من زواياه ٠م] فجعل الناس يطوفون به ويعجبون له [يدخلونها ويتعجبون ٠ م و خ أخرى] ويقولون : هلا [لولا موضع اللبنة ٠ أخرى] وضعت هذه اللبنة ؟ قال : فأنا اللبنة وأنا خاتم النبيين ح ـ ٦/٢١ ، م ـ ٩/١٥٣، ن٠ وفي أخرى في مسلم ـ ٩/١٥٣ : كمثل رجل بنى بنيانـاً فأحســـنه وأجمله ، فجعل الناس يطيفون به ويقولون : ما رأينا بنياناً أحسن من هذا إلا هذه اللبنة ٠ فكنت أنا تلك اللبنة وفي أخرى فيه : قال ابو القاســم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : مثلي ومثل الأنبياء من قبلي كمثل رجل ابتنى بيوتا فأحسنها وأجملها واكملها إلا موضع لبنة من زاوية من زواياها، فجعل الناس يطوفون ويعجبهم البنيان فيقولون : ألا وضعت ههنا لبنـــة فيتم بنيانك ؟! فقال محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فكنت أنا اللبنة٠ وفي أخرى م ـ ٩/١٥٤ : فأنا موضع اللبنة جئت فختمت الأنبياء ـ عليهم الســـــلام ـ ٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليــه وســلم ـ فەرمووی : مەثەلی من و ئەنبیای پێش من وەکوو مەثەلی پیاوێکە خانوویێـــکی دروســـتکردبـێ تەواوی کردبێ جوانی کردبێ تەنها لە گۆشەیێ لە گۆشەکانی جێی خشتێکی هێشبێتەوە خشتی تیا دانەنابێ ، خەڵق بێن پیابگەڕێن بڵێن : خانوویێکی

(١) پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خاتەمی پێغەمەرانە .

باشەو ، لە جوانیی ئەو خانوە بکەونە تەعەجوبەوە ، پێی‌بڵێن : بۆچی ئەو خشتەت دانەناوە ؟ پێغەمەر ـ صلی الله‌تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : مـن ئەو خشتەم ، من خاتەمی هەموو پێغەمەرانم •لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ: من هاتم خەتمی پێغەمەرانم کرد • لەم حەدیثانەدا موعجیزەیێکی گـەورە هەیە ، تا ئێستە هەزارو سێصەدو نزیکی شەصت ساڵە هیچ پێغـەمـەر نەهاتوە ، ئەگەر یەکێ بە درۆ ئیدیعاییێکی کردبێ زوو بەدرۆکەوتۆتەوە•

صفاته الخلقية وشعره ـ عليه الصلاة والسلام(1) ـ

٤٢٨/٩ ـ أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] يصف النبي ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : كان رَبْعة من القـوم ، ليس بالطـويل [البائن • أخرى • أي الظاهر البين طوله • قال البيضاوي • وقـال ابن الأثير: أي المفرط طولا قسطلاني] ولا بالقصير، أزهراللون [أبيض مشربا (مخففا ، أو مُشَرَّبا مشددا) بحمرة • وهو أحسن الألوان وهو المـراد بالسمرة كما في أحمد عن أنس من القسطلاني ليس بأبيض أمْهَقَ [أي شديد البياض كالجص] ولا آدم [شـديد السمرة] ليس بجعد قَطِطٍ [كشعر السودان] ولا سَبِطٍ [أي مسترسل كل الاسترسال ، بل بـين الجعودة والسبوطة] رَجِلٌ ، أنزل عليه [الوحي] وهو ابن اربعين سنة . فلبث بمكـة عشر سنين ينزل عليه [الوحي] وبالمدينـة عشر سـنين ، وليس في رأسه ولحيته عشرون شعرة بيضاء • قـال ربيعـة [بـن أبـي عبدالرحمن ، أحد الرواة في هذا الحديث] فرأيت شعرا من شعره [صلى الله تعالى عليه وسلم] فإذا هو أحمر ، فسألت ، فقيل : أحمر من الطيب
ح ـ ٢٥/٦ ، ٢٦ بتقـديم بعض الكلمـات علـى بـعض وتـعريفـه .
م ـ ٢٠٩/٩ ، ت ، ن •

(1) شێوەی ئەندامەکانی لەش‌و رەنگی مووی پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسـلم ـ •

تەرجەمە :

ئەنەسی بنی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ وەصفی پێغەمەری ئەکرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەیفەرموو : لە درێژیی‌و کورتییا عـادەتیی بوو ؛ نە درێژێکی زۆرزۆر درێژ کە پێوە دیاریی بدا ، نە کورت. رەنگی سوورو سپیی بوو وەك رەنگی گوڵ ، ئەوەندە زۆر سپیی نەبوو کە هیچ سووریی لە بەدەنا نەبێ ، زۆرزۆر ئەسمەر نەبوو ، مووی زۆر گرژو لوول نەبوو وەك سوودانیی ، وا زۆر صاف‌و بێ‌لوولیی نەبوو ، لە بەینی لوولیی‌و صافیيا بوو . چل ساڵ بوو وەحیی بۆ هات ، دە ساڵ لە مەککەدا تەشریفی مایەوە وەحیی نازڵ ئەبوەسەر [یەعنی غەیری ئەو سێ ساڵە کە فەترەتی[1] وەحی بوو]دە ساڵیش لـە مەدینەدا تەشریفی مایەوە ، لـە سەرو ریشـی موبارەکیا بیست مووی سپیی تیا نەبوو . رەبیعەی بنی ئەبی‌عەبدورەحمان ئەڵێ : موویێکم لە مووی موبارەکی دی سوور بوو پرسیم [یەعنی لـە ئەنەس] وترا : لەبەر ئەوە سوور بوە کە عەطری بۆنخۆشی زۆر بەسەریا کردوە .

[بەیهەقیی لە ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـوە ریـوایەت‌ئەکـا کەپێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مەیلی بەسەر درێژییا بوە . لـە حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـوە ریوایەت‌کراوە کە پێغـەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ زۆرزۆر درێژ نەبوە یەعنی کـە عەیب بـێ بۆی ، کورتێکی وا کورت نەبوە کە پێوە دیاربێ ، کە تەشریفی بە تەنها بڕۆییایە بەینەبەینە بوو ، نە درێژ بوو نە کورت ، لە هیچ حاڵێکا نەبـوە یەکێکی درێژی لە خدمەتا بڕوا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ غەڵبەی نەکردبێ بەسەریا لە درێژییا . زۆر جار دووکەسی درێژ ئەمدیـوو

ئەودیویان گرتوەو لە خدمەتیا رۆییون • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـە وسلم ـ بەسەر ئەوانیا بوە ، کە لێیانجویٚبۆتەوە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ درێژیەکەی چوەتەوە سەر حاڵی پێشووی خۆی کە عادەتیی بوە • قەسطەلانیی ـ رواه ابن عساكر والبيهقي ـ] فسبحان الله من معجزة! وصلى الله تعالى عليه وسلم تسليما •

١٠/٤٢٩ ـ عن أبي إسحاق قال : سئل البراء : أكان وجه النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مثل السيف ؟ [في الطـول واللمعـان] قال : لا بل مثل القمر [في الاستدارة والاستنارة والحسـن والملاحـة] ح ـ ٦/٢٧ ، ت •

١١/٤٣٠ ـ عن البراء بن عازب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قـال : كان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم مربوعاً بَعيدَ مابين المنكبين [عظيم الجُمَّة •م أخرى] له شعر يبلغ شحمة أذنيه ، رأيته في حلة حمراء ، لـم أر شيئا قط أحسن منه ح ـ ٦/٢٧ ، م ـ ٩/١٩٩ وفيه عليـه الصـلاة والسـلام •

١٢/٤٣١ ـ براء [رضي الله تعالى عنه] يقول : كـان رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أحسن الناس وجها وأحسنه خَلْقاً [بالضم وبالفتح] ليس بالطويل البائن [الذاهب •م] ولا بالقصـير ح ـ ٦/٢٦ ، م ـ ٩/٢٠٠ •

تـەرجەمەکانیـان :

(١) لە بەرائی بنی عازیبیان پرسیی : دەموچاوی موبارەکی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وەکوو شیر وابوە ؟ [یەعنی درێژو بەڕاق] فەرمووی : خەیر بەڵکو وەکوو مانگ وابوو [گردو مونەووەرو جـوانو شـیرین] •

(٢) بەراء – رضي الله تعالى عنه – =فەرمووی:= پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – چوارشانە بوو ، موعتەدیل بوو ، نـاوشـانپان بوو . هەردوو شانی لێك دوور بوون ، مووی موبارەكی تا نەرمەی هـەردوو گوێی ئەهات ، لە دەستێ لیباسی سوورا دیم ، قەط كەسێكی لەو جوانترم نەدیوە – علیه الصلاة والسـلام – .

(٣) بەراء ئەفەرموێ : پێغەمەر – صلی الله تـعالی علیــه وســلم – جوانترینی هەموو كەس بوو لە وەجها جوانترینی هەموو كەس بوو لـــە خەلق‌و خولقا ؛ درێژێكی زۆر زۆر درێژ نەبوو ، كورتێكی =زۆر= كورت نەبوو ، موعتەدیل بوو .

١٣/٤٣٢ – عن البراء [رضي الله تعالى عنه] قال : ما رأيت من ذي لِمَّةٍ [اللمة التي ألمت بالمنكبين] أحسن في حلة حمراء من رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – شعره يضرب منكبيه ، بعيد مابين المنكبين ليس بالطويل ولا بالقصير م – ١٩٩/٩ . وفي رواية عن أنس – رضي الله تعالى عنه – : بين أذنه وعاتقه . وفي أخرى عنه : كان يضرب شعره منكبيه. وفي أخرى عنه : إلى أنصاف أذنيــه م – ٢٠٠/٩ ولا منافـاة لأنــه باعتبار الأحـــوال .

تەرجەمە :

بەراء – رضي الله تعــالی عنـــه – ئـــەفـــەرموێ : لەوانەی كـە ساچ‌وپەرچەم‌دارن هیچ‌كەسم نەدیوە كە جوانتر بێ لە لیباسێكی ســوورا لە پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – . مووی سەری لە هەردوو شانی ئەدا . ناوشانپان بوو ، نە درێژ بوو ، نە كورت بوو . لەبەعزێ ریوایەتا لە بەینی ملی‌و گوێیا بوو . لە بەعزێكا تا نیوەی هەردوو گوێی بــوو . لە بەینیانا موبایەنەت نیە ؛ كە بە مەقەس ئەیبڕی كورت ئەبوو ، لە دوایيا

وردەوردە درێژ ئەبوو تا نیوەی گوێی ، تا نەرمەی گوێی ، تا سەرشانی موبارەکی ـ علیه الصلاة والسلام ـ ئەهات •

٤٣٣/١: ـ عن ابن سیرین قال : قلت لعبیدة [أحد كبار التابعین المخضرمین] : عندنا من شعر النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ أصبناه من ـقبل= أنس ، أو من قبل أهل أنس [لأن سیرین كان مولی لأنس وهو ربیب أبي طلحة الذي أعطاه ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ شعره] فقال : لأن تكون عندي شعرة منه أحب إلي من الدنیا ومافیها ح ـ ٢٤٩/١•

تەرجەمە :

ئیبنوسیرین ـ رحمه الله ـ فەرمووی : عەرزی عوبەیدەم کرد [کە یەکێکە لە گەورەی تابیعین ، موخەضرەمە ؛ یەعنی لـە زەمانی پێـغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە وەلەد بوە ، ئەمما پێغەمەری ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەدیوە] : کە بەعزێ لە مووی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـمان لە لایە لە =لایەن= ئەنەسەوە یا لە ئەهلی ئەنەسەوە ـ رضي الله تعالی عنه ـ دەستمانکەوتوە • فەرمووی : ئەگەر موویێـکم لە مووی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لابوایە ، یەعنی لە خدمەتیا بوومایە، ، لە لای من لە دنیاو لەو مەتاعەی کە لە دنیادایە خۆشەویسترەبوو [سیرینی باوکی محمد ـ رحمهما الله ـ مەولای ئەنەس بـوو ، ئەنەسیش زڕکوڕی ئەبوطەلحە بوو ـ رضي الله تعالی عنهما ـ [پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە مووی سەری موبارەکی بگرتایە ئەوەڵ کەسێ کـە لەو موەی وەرگرت ئەبوطەلحە بوو ـ رضی الله تعالی عنه ـ] بەو ئیعتیبارە ئەو موە موبارەکە ئینتیقالی کردۆتە سەر محەمەدی کوڕی ـ رحمه الله ـ ئەمە مەعنای حەدیثی دواییە •

١٥/٤٣٤ ـ عن أنس [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لما حلق رأسه كان أبو طلحة [رضي‌الله تعالى عنــه] أول من أخذ من شعره ح ـ ١/٢٥٠ ، م ـ ت ، ن ، جه .

وعن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لقد رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ والحلاق يحلقه ، وأطاف به أصحابه ، فما يريدون أن تقع شعرة إلا في يد رجل م ـ ٩/١٨٨ .

تەرجەمە :

پێغەمەرم ـ دی ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەللاك سەری ئەتاشی‌و مووی موبارەکی بە ئەصحابیەوە ئەگێڕا نەیان‌ئەویست کـــە مـــووێــکی بکەوێتە غەیری دەستی ئینسانێ .

١٦/٤٣٥ ـ عن أبي جحيفة وهب السوائي [رضي‌الله تعالى عنه] قال: رأيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [أبيض قد شاب. م] وكان الحسن [رضي الله تعالى عنه] يشبهه ح ـ ٦/٢٤ ، م ـ ٩/٢٠٤ .

تەرجەمە :

ئەبوجوحەیفە وەهبی سوائیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فـەرمووی : پێغەمەرم دی ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مووی سەری سپیی بووبوو ، حەسەنی ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێ ئەشوبهـا .

١٧/٤٣٦ ـ وعنه قال : رأيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ورأيت بياضا =من= تحت شفته السفلى العنفقة ح ـ ٦/٢٤ .

تەرجەمە :

فەرمووی : پێغەمەرم دی ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لـە ژێـر لێوی موبارەکی خواروویا لە ناو قوولیی چەناگەیا سپێتیێکم دی .

١٨/٤٣٧ ـ وعنه قال : رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هذه منه بيضاء ، ووضع زهير بعض أصابعه على عنفقته • قيل له : مثل من أنت يومئذ ؟ فقال : أبري النبل وأريشها م ـ ٩/٢٠٣ •

تەرجەمە :

پێغەمەرم دی ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمێی سپیی بـــوو • زوهەیری راویی بەعزێ پەنجەی نایە سەر چاڵییایی چەناگەی •لە وەهەبیان پرسیی : ئەو رۆژە بە قەد کێ ئەبووی ؟ فەرمووی : تیرم ئەتاشییو پەڕم پیائەکرد • یەعنی منالْ نەبووم کە ظەریف ضەبطی نەکەم •

١٩/٤٣٨ ـ إسماعيل ابن أبي خالد قال : سمعت أبا جحيفة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : رأيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وكان الحسن بن علي ـ عليهما السلام ـ [المناسب رضي الله تعالى عنهما] يشبهه • قلت لأبي جحيفة [رضي الله تعالى عنه] : صـــفه لي • قـال : كان أبيض قد شَمِط ، وأمر لنا النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بثلاث عشرة قلوصا ، قال : فقبض النبي ـ صلى الله تعالى عليـــه وســـــلم ـ قبل أن نقبضها ح ـ ٦/٢٤ •

تەرجەمە :

ئیسماعیلی بنی ئەبی خالید فەرمووی : لە ئەبوجوحەیفەم بیســـــت ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەرم دی ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـ ئیمامی حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلیی پێئەشوبها • ئیسماعیل ئەڵێ: بە ئەبوجوحەیفەم وت ـ رضي الله تـــعالى عنـــه ـ : بۆم تەوصیف بکە • فەرمووی : رەنگی سپیی بوو ، ریشی ماشوبرنج بوو • ئەمری فەرمـــوو کە سێنزە وشتری مێمان بدەنێ • فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى

علیه وسلم ـ له پێش ئەمەدا کە وەری بگرین وەفاتی کرد [وەرمانی نەگرت، کە ئیمامی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بوو بە خەلیفە وەرمانگرت]٠

٤٣٩/٢٠ ـ حريز بن عثمان =أنه= سأل عبدالله بن بسر [رضي الله تعالى عنه] صاحب النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : أرأيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان شيخا ؟ قال : كان في عنفقته شعرات بيض ح ـ ٦/٢٥ ٠

تەرجەمە :

حەریزی بنی عوثمان لە عەبدوڵلای بنی بوسری صاحیبی پێغەمەری پرسیی ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي عنه ـ : پێغەمەرت ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە پیریی دی ؟ فەرمووی : لە قووڵایی چەناگەی شەریفیا چەند موویێکی سپیی تیا بوو ٠

٤٤٠/٢١ ـ عن قتادة قال : سألت أنسا [رضي الله تعالى عنه] : هل خَضَبَ النبي ؟ ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا إنما كان شيء في صَدْغَيْه ح ـ ٦/٢٧ ، ن ٠

تەرجەمە :

قەتادە ئەڵێ : لە ئەنەسم پرسیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ : ئایا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خەنەی گرتۆتە سەرو ریشی ؟ فەرمووی : خەیر سپێتیی مووی هەر تۆزێ بوو لە لاجانگیا ٠

٤٤١/٢٢ ـ سئل أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] عن خضاب النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : لو شئت أن أعُدَّ شَمَطات كن في رأسه فعلت ٠ قال : ولم يختضب ، وقد اختضب أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بالحناء والكتم ، واختضب عمر [رضي الله تعالى عنه] بالحناء بَحْتاً م ـ ٩/٢٠٣ ٠

تەرجەمە :

لە ئەنەســی بنی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ پرســـرا لە حـەقـی خەنەگرتنی پێغەمەر ـ صلى الله تعـــالى عليـه وسلم ـ فەرمووی : ئەگەر هەوەسم بێ کە ئەو نەختەـ نەختە سپێتیەی کە لەسەری پێغەمەرا بوو ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ بیژمێرم ئەیژمێرم(1)، هیچ خەنەی نەگرتوە. ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ خەنەو وسمەی گرتوە ، عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەنها خەنەی گرتوە .

٤٤٢/٢٣ ـ قتادة عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : كان يـكره أن ينتف الرجل الشعرة البيضاء من رأسه ولحيته قـال : ولم يَخْضِب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إنما كان البياض في عنفقته وفي الصدغين وفي الرأس نبذ م ـ ٩/٢٠٣ .

تەرجەمە :

قەتادە لە ئەنەسەوە ـ رضي الله تعالى عنــه ـ ریوایەتئەکـــا کـــە کەرهانوویەتی کە پیاو مووی سپیی لە سەرو ریشی هەڵبکەنێ . ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرموویەتی : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ خەنەی نەگرتوە ، هەر نەختێ لە قوولایی چەناگەییو نەختێ لـە لاجانگەکانیو نەختێ لە سەری سپیی بوە .

وسئل عنه عن شَيْب النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قـال : ما شانه الله ببيضاء م ـ ٩/٢٠٣ .

تەرجەمە :

لە ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ پرسراوە دەرحـەقـی ریش‌سپێتـی

---

(1) ئەگەر بگوترێ : ئەگەر هەوەسم بوایە بمژماردایە ئەمژمارد .. جوانترە.

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە جـوابـا فەرمووی : بە مووی سپیی خوا ئەوی ناشیرین نەکردوە •

٢٤/٤٤٣ ـ محمد بن سيرين • قال : سألت أنسا : أخَضَبَ النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ قــال : لـم يبلـغ الشَّيْب إلا قليـلا ح ـ ٨/٤٥١ •

وفي أخرى : لم يبلغ ما يخضب ، لو شئت أن أعد شمطاته في لحيته. حْ ـ ٨/٤٥١ • [في مسـلم من هـذا النـوع روايات متقاربة من ص ٢٠١ الى ٢٠٤] •

تەرجەمە :

ئیبنوسیرین =ئەفەرمویٚ=: لە ئەنەسم پرسیی : کە پێغەمەر ـ صـلی الله تعالی علیه وسلم ـ خەنەی گرتوە ؟ فەرمووی : نەگەییوەتە ئەوە کـە مووی سپیی ببێ ئیللا نەختێ نەبێ • لە ریوایەتەکەی دواییدا فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەگەییە ئەوە کە خـەنـە بگرێ ، ئەگەر هەوەسم بێ مووسی سپیی ریشی موبارەکی بژمێرم ئەیکەم ، یەعنی ئەیژمێـرم •

٢٥/٤٤٤ ـ شعبة عن سماك بن حرب قال : سمعت جابر [رضـي الله تعالى عنه] بن سمرة قال : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ضليع الفم [واسعه ؛ لأن العرب يتمدح به ويتذمم بصغره] أشكل العين، منهوس العقبين • قال قلت لسماك : ما ضليع الفم ؟ قال عظيم الفـم [أي واسعه] قال : قلت : ما أشكل العين ؟ قال : طويل شق العين [هـذا وهم من سماك • إذ الشكلة حمرة في بياض العينين وهـو محمـود ، والشهلة حمرة في سواد العين] قال : قلت : ما منهوس العقب ؟ قال : قليل لحم العقب م ـ ٩/٢٠١ •

تەرجەمە :

شوعبە لە سەمماکی کوڕی حەربەوە ئەویش لـە جابیـری کـوڕی سەمورەوە ریوایەت ئەکەن کە جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دەم‌گەورە بوو ، یەعنی لە حـەددی ئیعتیدالا وەکوو بالآو قیافەتی (أشکل العین)بوو، شوعبە ئەڵێ : بـــە سەمماکم وت : (أشکل العین) مەعنای چیە ؟ وتی : کالانەی چاوی درێژ بوو• [نەوەویی ئەفەرموێ : سەمماك لەم مەعنایەدا بـە غەڵەط چـــوە ؛ چونکی شەکلە بەوە ئەڵێن لە سپێنەی چاویا کەمێ سوورایی بێ ، شەهلە ئەوەیە کە لە رەشێنەیا سووریی بێ]• [ئەمما من لام وایە کە ئەشکەل لە (شکل) مەئخوذە ، شەکل بە هەیئەت ئەڵێن ، یەعنی شەکلێکی جوان‌و مەطبووعی بوە ، کە ئێمە بە شەکلی چاوی جوان ئەڵێین : چـاوبادامیی • رەشید] (منهوس العقب) بوو ، شوعبە ئەڵێ : بە سەمماکم وت : (منهوس القدم) چیە ؟ وتی : گۆشتی پاژنەی‌پێی کەم بوو ، [وەلحاصڵ مـەعنـای حەدیشـەکەی جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ وایە کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دەمی موبارەکی نە زۆر گەورە بوو نە زۆر بوچووك بوو ، چاوی بادامیی بوو ، یا سپێنەکەی زۆر سپیی بوو کەمێ سوورایی تێکەڵ بووبوو • گۆشتی پاژنەی پێی موبارەکی کەم بوو] •

٤٤٥/٢٦ ـ جریر عن أبي الطفیل قال : قلت له : أرأیت رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ؟ قال : نعم کان أبیض ملیح الوجـه • قال مسلم بن الحجاج : مات أبو الطفیل [رضي الله تعالی عنه] سنة مائة . وکان آخر من مات من أصحاب رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ م ـ ٩/٢٠٢ •

تەرجەمە :

جەریر ئەفەرمویٚ : بە ئەبوطوفەیلم وت ـ رضي الله تـعالى عنه ـ . پێغەمەرت دیوە ؟ ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بەڵێ دیومە ، سپیی بوو ، دەموچاو جوانو شیرین بوو . موسلیم ـرحمه اللهـ ئەفەرمویٚ: ئەبوطوفەیل ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە تەئریخی صەدا وەفاتی کرد . ئاخری ئەوانە بوو لە ئەصحابی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە وەفاتیان کـردبـــوو .

٤٤٦/٤٧ ـ وعنه قال : رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـ وما على وجه الأرض رجل رآه غيري . قال : فقلت له : فكيف =رأيته= ؟ قال : كان أبيض مليحا مُقَصَّدا [ليس بجسيم ولا نحيف ولا طويل ولا قصير] م ـ ٢٠٢/٩ .

تەرجەمە :

ئەبوطوفەیل ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمویٚ : پێغەمەرم دی ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ غەیری من لەسەر ئەرزا هیچ کەس نیـــە [یەعنی نەماوە] کە دیبێتی . جەریر ئەڵێ : وتم : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [شکڵو شەمائیلی] چۆن بوو ؟ فەرمووی : سپیی بوو ، دەموچاو جوان ، موعتەدیل بوو [نە گۆشتن نە ضەعیف بوو ، نە کـــورت بـــوو نـە درێــژ] .

٤٤٧/٣٨ ـ عن إسرائيل عن عثمان بن عبدالله بن مَوْهَب [مولى آل طلحة] قال : أرسلني أهلي إلى أم سلمة ـ رضي الله تعالى عنها ـ زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بقدح من ماء . وقبض إســـرائيل ثلاث أصابع من قصة [من فِضَّة . أبو زيد] فيه شَعْر من شعر النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وكان إذا أصـاب الإنسان عين أو شيء

بعث إليها مِخْضَبَة فاطلعت في الجَحْل [الجُلْجُل أبو ذر ـ بجيمين مضمومتين بينهما لام ساكنة : ظرف يصان فيه بعض الأشياء] فرأيت شعرات حمــرا ح ـ ٨/٤٥١ •

تەرجەمە :

مەعنای ئەم حەدیثە موشكیلە نە (قەسطەلانیی) نە (عــەسقەلانیی)نــە (عەینیی) پێیان حەڵنەکراوە ، کێ حەللی ئەکا بیـکا •

ظاهیر وایە کە لای حەزرەتی ئوممو‌سەلەمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ مووی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بووبێ لە ظەرفێکا بووبێ ، یەکێ ناساغ بووبێ ئەو ظەرفە کە ئەو موە موبارەکەی تیایە لە ناو ئــاوا دایانناوە یا خواردوویانەتەوە یا کردوویانە بەسەر خۆیانا بەوە شیفایــان بـــوە •

لە لەفظی حەدیثەکەدا بەعزێك (قصە)یان ریوایەت کردوە کــە بـــە میقدارێ لە مووی سەر ئەڵێن کە بە مەقەص گیرابێ ، ئەو وەختە تەرکیبی ئەلفاظەکەی موشـکیل ئەبێ • بەعزێ (فضە)یان ریوایەتکردوە ئەو وەختە مەعنای بێ ، ئەمما وا ئەگەیێنێ کە ئەو موە موبارەکە لای ئــەبـوطەلحــە بووبێ لە ناو قەدەحێ ئاوا ناردییتیان بۆ لای ئوممو‌سەلەمــە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەمما ئاخری حەدیثەکە غەیری ئەوە ئەگەیێنێ •

لە ریوایەتێکا حەجلیان ریوایەت کردوە کە بە پەردەکولە ئەڵێن کــە ظاهیریش وایە • لە ریوایەتێکا جولجولیان ریــوایــەت کردوەو تەرجیحی ئەم ریوایەتەیان داوە ، فەقەط حەجل موناسبترە • وا دیارە لە جەدیثەکەدا تەحریفی تیاکرابێ لە طەرەفی بوخاریی‌و مەشایخیەوە ، دوورە لە عــەقڵ‌و حیفظی بوخاریی کە شتی موحەرِەف ریوایەت بکا • ئەبێ لە طەرەفی راویی

بوخارییەوە حەدیثەکە تەواو ضەبط نەکرابێ • بەوە چاکە کە ئەوە قسەی پێغەمەر نیە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قسەی عوثمانە •

وەکوو نووسراوە مەعنای وایە : ئیسرائیل لە عوثمانەوە ریوایەت ئەکا کە عوثمانی کوڕی عەبدوللاّ وتی : کەس و کـاری من قەدەحێ ئـاویـان پیاناردمە خدمەت ئوممو سەلەمەی زەوجی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئیسرائیل سێ پەنجەی خۆیی گرت بەوە ئیشـــارەتـی کـرد کـە قەدەحەکە بچووك بوو ، ئەو قەدەحە لە زیو بوو موویێ لە مووی پێغەمەری تیا بـوو ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ •

ئەگەر ریوایەتی (قصه) صەحیح بێ ، وەك لە بوخاریدا نووسراوە ، لە عیبارەتەکەدا تەقدیم و تەئخیر هەیە • مەعنای وایـــە قـەدەحێ ئاویـان پیاناردم لەو قەدەحەدا مووی پێغەمەری تیا بوو ـ صلی الله تعالی علیـــه وسلم ـ ئەو موە لەو موانە بوو کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە سەری یا لە ریشی موبارەکی گرتبوو • عوثمان ئەڵێ : کەســـێ بـــە چاوەوە ببوایە یا نەخۆشیێتیی بگرتایە گلێنەیێکی ئەنارده خزمەت حەزرەتی ئومموسەلەمە ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەڵێ لە پەردەکوللەکەوە تێفکریـم چاوم کەوت بە چەند موویێکی سوور • ئەووەڵ و ئاخری یەك ناگرێتەوە •

٤٤٨/٣٩ ـ عن عثمان بن عبدالله بن موهب قال : دخلتُ علی أم سلمة ـ رضي الله تعالی عنها ـ فأخرجتْ إلینا شعرا من شعر النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ مخضوبا [بالحناء والکتم ، یونس ، ولأحمد شـــعرا أحمر مخضوبا بالحناء والکتم] ح ـ ٤٥٢/٨ •

تەرجەمە :

= عوثمانی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی مەوهەب ئەفەرموێ= چوومە خدمەت ئوممو سەلەمە ـ رضي الله تعـالی عنها ـ چەند موویێ لـە مووی

موبارەکی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـەی بۆ دەرهێناین لـــە خەنەگیرابوو • لە ئەحمەدا ئەڵێ : بەخەنەو وسمە رەنگکرابوو ، یـەعنی وەکوو لە خەنەو وسمە گیرابێ سوور بوو •

ئەم حەدیثە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەوە کـــە حـــەدیثەکەی پێشـــوو سەهوێکی تیاکراوە •

٤٤٩/٣٠ ـ عن سماك أنه سمع جابر بن سمرة [رضي الله تعالى عنه] يقول : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قد شَمِطَ مقدم رأسه ولحيته ، وكان إذا ادَّهَن لم يَتَبيَّن ، وإذا شَعَثَ رأسه تبيَّن وكان كثير شعر اللحية ، فقال رجل : وجهه مثل السيف ؟ قال : لا بل كان مثل الشمس والقمر ، وكان مستديرا • ورأيت الخاتم عند كتفه مثل بيضة الحمامة يُشبِه جسده م ـ ٢٠٦/٩ •

تەرجەمە :

سەمماك ئەڵێ : لە جابیری کوڕی سەمورەم بیست ئەیوت : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێشی سەری مووی ریشی موبارەکی سپیی بووبوو [یەعنی کەمێك] کە رۆنی بدایە لە ســـەرو ریشی پێوە دیاریـی نەدەدا ، ئەگەر رۆنی لێنەدایەو سەرو ریشی پەژمووردە ببوایە دەرەکەوت• مووی ریشی زۆر بوو • پیاوێ وتـی : رووی وەکـــوو شـــیر وابوو ؟ فەرمووی : خەیر بەڵکو وەکوو رۆژو مانگ بوو ، مودەووەر بوو، چاوم بە مۆری نوبووەت کەوت لە لاشانیەوە بوو وەکوو هێلکە کۆتر وابوو ، رەنگی ئەشوبها بە رەنگی بەدەنی •

٤٥٠/٣١ ـ عن أنس أو عن رجل عن أبي هريرة [يحتمل أن يكون ذلك الرجل سعيد بن المسيب] قال : كان النبي ـ صلى الله تعـالى عليـه

وسـلم ـ ضخم القدمين ، حسن الوجه ، لم أر بعـده مثله • وعن أنس [مجزوما به] كان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ شَثْن القدمين والكفَّين • وعن جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] كان النبي ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ ضخم الكفين والقدمين لم أرَ بعده شبيها لـــه ح ـ ٨/٤٥٥ ، ٤٥٦ •

تەرجەمە :

ئەنەس‌و ئەبوهورەیرەو جابیری بنی عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ئەفەرموون : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ هەردوو پێی‌و هەردوو دەستی موبارەکی گۆشتن‌و قەڵەو بوون ، لە دوای ئەو کەسمان نەدی کە بشوبهێ بەو •

٤٥١/٣٢ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسول الله كان يَسدِل [مجردا ومزيدا] شعره وكان المشركون يَفرِقون [مجـردا ومزيدا] رؤسهم • فكان أهل الكتاب يستدلون رؤسهم ، وكان رسول‌الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يحب موافقة أهل الكتاب فيما لم يؤمر فيه بشيء [فسدل ناصيته ، م أخرى] ثم فرَّق رسول الله ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ رأسه ح ـ ٦/٣٠ ، م ـ ٩/١٩٧ ، ت ، د ، ن ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ مووی سـەری بەسـەر ناوچاوانیا بەردایەوە خوارێ ، موشریك قیسمێکیان ئەخستە ئـەملاو ، قیسمێکیان ئەخستە ئەولا ، بەسەر ناوچاوانیانا نەئەهاتە خوارێ ، ئـەهلی کیتابیش مووی ناوچاوانیان بەسەر ناوچاوانیانا بەرەدایەوە • پێغـەمـەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە شتێکا کە ئەمری پێ‌نەکرابوایە موافەقەتی ئەهلی کیتابی حەزلێ‌ئەکرد • لە دواییا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـیش مووی ناوچاوانی خستە ئەملاو ئەولای ناوچاوانی •

خاتـم النبـــوة[1]

٤٥٢/٣٣ ـ [قال الترمذي : حسن غريب • القسطلاني ـ١/٢٦٦] سائب بن يزيد [رضي الله تعـالى عنه] يقول : ذهبت بي خالتي إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقالت : يارسول الله إن ابن اختي وَجِع ، فمسح رأسي ودعا لي بالبركة ، ثم توضأ فشربت من وَضـوئه ، ثم قمت خلف ظهره ، فنظرت إلى خاتمـه بين كتفيه مثل زِرِّ الحَجَلَة [بيت كالقبة لها إزرار كبار وعرى • وقيل : الطائر المعروف ، وزرهـا بيضـــــها] م ـ ٩/٢٠٦ ، ح ـ ٦/٢٢ ، ٢٣ ، ت• ح ـ ٩/١٩٣ ، ح ـ ١/٢٦٥ ، ن ، ح ـ ٨/٣٤١ •

تەرجەمە :

سائیبی بنی یەزید ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەیفەرموو : پوورم بردمی بۆ خدمەتی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وتی : (یارسول الله) کوڕی خوشکم نەخۆشە ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەستی بەسەرما هێنا دۆعای بەرەکەتی بۆ کردم ، لە دواییا دەسنوێژی شت ، لـە ئاوی دەسنوێژەکەییم خواردەوە ، لە دواییا چوومەپشتیەوە راوەســـــتام تەماشای مۆری نوبوەتم کرد لە بەینی هەردوو شانیا بوو وەك دوگمـەی خێوەتی بووك وابوو ، یاخۆ وەکوو هێلکەی کەو وابوو •

١ ـ منالْ بە منالْیی شتێك حیفظ بکا =کە گەورە بوو بیگێڕێتەوە= لێی قەبوولْ ئەکرێ •

(1) مۆری پێغەمەرێتیی •

٢ ـ لەگەڵ شتێکی ئینسانا خەریك بێ چاك وایە دڵی نەشکێنرێ •

٣ ـ لە ئاوی دەسنوێژخواردنەوە سوننەتە •

٤ ـ دەس بەسەرهێنانی منالاّ سوننەتە •

٥ ـ دۆعای خێر بۆکردنیان سوننەتە •

٤٥٣/٣٤ ـ عاصم عن عبدالله بن سرجس قال : رأيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأكلت معه خبزا ولحما ، أو قال ثريدا • قال : فقلت له : أستَغْفَرَ لك النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ قال : نعم ولك • ثم تلا هذه الآية :(واستغفر لذنبك وللمؤمنين والمؤمنات)(١) قال : ثم درت خلفه فنظرت إلى خاتم النبوة بين كتفيه عند ناغض كتفه اليسرى جُمْعا عليه خيلان كأمثال الثآليل م ـ ٩/٢٠٧ •

تەرجەمە :

عاصیم لە عەبدوڵڵای کوڕی سەرجەوە ریوایەت ئەکا کە عەبدوڵڵا ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەرم ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـدی نانوگۆشتم ، یا عەبدوڵڵا وتی : تریتم لەگەڵ خوارد ، عاصیم ئەڵێ : بە عەبدوڵڵام وت : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئیستیغفاری بۆ کردی ؟ فەرمووی : بەڵێ بۆ تۆیشی کرد • لە دواییا ئەم ئایەتەی خوێنەوە کە مەعنای وایە : ئەی پێغەمەر ئیستیغفار بکە بۆ گوناهتو بۆ پیاوو ژنی موسوڵمان [خوایا بەر ئەو ئیستیغفارەمان بخەی !] عەبدوڵڵا وتی : لە دواییا بە دەوری پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ گەڕام تەماشای مۆری نوبووەتم کرد لە بەینی هەردوو شانیا لای طەرەفی

(١) محمـــــد / ١٩ •

سەرووی شانی چەپیەوە وەك كۆڵەمستە خاڵی وردوردی لەســـەر بــوو وەكوو بالووكە وابوون •

لەگەڵ منالاّ نانخواردن سوننەتە •

حلمه ، معاشرته ، وحسن خلقه ـ عليه الصلاة والسلام ـ(١)

٤٥٤/٣٥ ـ عن أنس [رضـي الله تعـالى عنــه] قـال : خدمت =رسول الله= ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عشر سنين [والله ما قال لي أفٍّ قط ولا قال لشيء •م] فما قال لي أفٍّ ، ولا لم صنعت [كذا •م] ولا ألاّ صنعت [وهلا فعلت كذا •م] زاد أبو الربيع : لشيء مما يصنعه ، ولم يذكر والله م ، ولا عاب عليّ شيئا قط •م أخرى =م ـ ٩/١٦٤=•

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : دە ساڵ خدمەتی پێغەمەرم كرد ـ عليه الصلاة والسلام ـ وەڵلاهی قەط پێی‌نەفەرمووم ئۆف ، بۆ هیچ شتێ كە كردبێتم پێی نەفەرمووم : بۆچی وات كـــرد ؟ واتبـكردایە ! قەط لە شتێ عەیبی لێ نەگرتووم •

٤٥٥/٣٦ ـ وعنه قال : لما قدم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليــه وسلم ـ المدينة أخذ أبو طلحة [رضي الله تعالى عنه] بيدي، فانطلق بي إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال يا رسول الله إن أنساً غلام كَيِّس فليخدمك • قال : فخدمته في السفر والحضر ، والله ما قال لي لشيء صنعتُه : لم صنعت هذا هكذا ؟ ولا لشيء لم أصنعه لِمَ لَمْ تصنع هذا هكذا ؟ م ـ ٩/١٧٥ ، ح ـ ٥/٢٢ •

(٢) بوردەباریی‌و ، خوش‌ڕەفتاریی‌و ، ڕەوشت‌جوانیی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ •

تەرجەمە :

ئەنەس فەرمووی : لەو وەختەدا کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـە وسلم ـ تەشریفی هاتە مەدینە ئەبو طەلحە [ی‌باوەپیارەم] دەستی گـرتـم بردمی بۆ خدمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وســـلم ـ فەرمووی : (یا رسول الله) ئەنەس منالێکی زیرەکو عاقڵە با خدمەتت بکا . ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : لە حەضەرو[1] لە سەفەرا خدمەتم‌کرد، وەڵلاهی بۆ هیچ شتێ کە کردبێتم پێی نەفەرمووم بۆچی ئەمەت وا کرد ؟ بۆ هیچ شتێ کە نەمکردبێ پێی‌نەفەرمووم : بۆچی ئەمەت وا نەکرد ؟

٤٥٦/٣٧ ـ قال أنس [رضي الله تعالی عنه] کان رسول الله ـصلی الله تعالی علیه وسلم ـ من أحسن الناس خُلـُقا ، فأرسلني یوما لحاجة ، فقلت : والله لا أذهب ، وفي نفسي أن أذهب لما أمرني به نبي الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فخرجت حتی أمرَّ علی الصبیان وهم یلعبـون فـي السوق . فإذا رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قد قبض بقفـاي من ورائي . قال : فنظرت إلیه وهو یضحك ، فقال : یا أنیس أَذَهَبْتَ حیث أمرتك ؟ قال : قلت نعم أنا أذهب یا رسول الله . قال أنس : والله خدمته تسع سنین ماعلمته قال لشيء صنعته : لم فعلت کذا وکذا ؟ أو لشيء ترکته : هلاَّ فعلت کذا وکذا ؟ م ـ ١٧٥/٩ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەوانە بوو کە خولقی لە خولقی هەموو کەس چاتر بێ [یەعنی خولقی لە خولقی هەموو کەس جوانتر بوو ، بێ نـەظیر بـوو لە خولـقا ئاوتای نەبوو ، مەعنای وا نیە لە ریزی خەلقی چـاکانـا بوو] رۆژێ بـۆ

(١) واتــە لە کاتێکا کە لە ماڵەوە بووبێو دانیشتبێ ...

حاجەتێکی خۆی ناردمی [یەعنی فەرمووی بچۆ بۆ ئـەو ئیشە] وتم : وەڵڵاهی ناچم • ئەمما لە دڵما بوو کە بچم بۆ ئەو ئیشەی کە پێغەمەر ـصلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەمری پێفەرمووم چوومەدەرێ بە لای بەعزێ منالا رابوردم لە بازارا یارییان ئەکرد ئەوەندەم زانی پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ لە پشتمەوە پشت ملی گرتم • ئەنەس فەرمووی : تەماشام‌کرد پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـبە پێکەنینەوە فەرمووی: ئەنەسۆڵە چووی بۆ ئەو جێی کە ئەمرم پێ کردی ؟ ئەنەس فەرمووی : وتم بـەڵێ (یا رسول الله) وا ئەچم • ئەنەس فەرمووی : وەڵڵاهی نۆ ساڵ خدمەتی پێغەمەرم کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نازانم بۆ شتێ کـە کردبێتم فەرمووبێتی : بۆچی وات‌کردو وات‌کرد ؟ یـا بـۆ شـــتێ کە نەمکردبێ فەرمووبێتی : بۆچی ئەوەت نەکردو ئەوەت نەکرد ؟ [ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنە ـ لە ناوەڕاستی ساڵی ئەووەڵی هیجرەتا چوو دەستی بە خدمەتی پێغەمەر کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـدە ساڵی بێ کەم‌و زیاد تەشریفی لە مەدینەدا مایەوە ، کە وابێ موددەی خدمەتی ئەنەس نۆ ساڵ‌و نیوە ، لەو ریوایەتانەدا کە ئەفەرموێ دە ساڵ شەش مانگەکەی بە ساڵ حسێب کردوە • لەم ریوایەتەدا کە ئەفەرموێ نۆ ساڵ شەش مانگەکەی داخلی حساب نەکردوە • [ئێمەیش کــەسێ پێی نابێتە دە ساڵ بەعزێ جار ئەڵێین : نۆ ســـاڵە ، بەعـــزێ جار ئـەڵێین : دە ســاڵە] •

٤٥٧/٣٨ ـ عن أنس [رضي الله تعالی عنه] قال : كان رســـول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ في بعض أسفاره وغلام أسود يقـال لـه : أَنْجَشة يحدو • فقال له رسول الله ـ صلی الله تعالی علـيه وسلم ـ : يا أنجشة رويدك سوقا بالقوارير م ـ ١٨٦/٩ •

تەرجەمە :

ریوایەتە لە ئەنەسەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی لە بەعزێ سەفەریا بوو عەبدێکی رەش کە ئەنجەشەیان پێ ئەوت گۆرانیی ئەوت [کـــە وشترەکان خێرا برۆن] پیغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەی ئەنجەشە هێواش لێخوڕە ئاگات لە شووشەکان بێ نەیانشکێنی • یەعنی مەبادا ئەو ژنانەی کە ســـواری وشترەکانن لە خێراڕۆیینی وشترەکانا ئەزیەتیان پێ بگاو ناڕەحەت بین •

٤٥٨/٣٩ ـ وعنه أن النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ أتی علی ژنانەی کە سواری وشترەکانن لە خێراڕۆیینی وشترەکانا ئەزیەتیان پـێ رویدا سوقك بالقوارير قال [ئەییووبی سەختیانی] قال أبو قلابة : تكلم رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بكلمة لو تكلم بها بعضـــكم لعبتموها عليه م ـ ١٨٦/٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ [لە سەفەرێکا] تەشریفی هات بەلای حەرەمەکانیا ، عەککامێ(١) وشتری حەرەمەکانی پێغەمەری لێئەخوڕێ ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـبە عەککامەکەیان ئەوت ئەنجەشە • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : کۆستکەوێ ئەنجەشە ! بـــە هێواشیی لێخوڕە [بارەکانت شووشەیە نەیانشکێنی • ئەبو قەلابە کـــە راویی ئەنەسە وتی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قسەیێکی فەرموو ئەگەر یەکێ لە ئێوە ئەو قسەیە بکا ئێوە ئەوەی لێ بەعەیبئەگرن] •

(١) مەبەست لە عەککام وشترلێخوڕە ، کە بە شیعرو گـۆرانیوتن ئـــەو کارەی ئەنجـام داوە •

٤٥٩/٤٠ ـ وعنه كان لرسول الله ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـ حادٍ حسن الصوت فقال له رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : رويدا يا أنجشة لا تكسر القوارير يعني ضعفة النساء م ـ ٩/١٨٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ گۆرانیبێژێکی دەنگخۆشـی بـوو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسـلم ـ پێیفەرموو : بـە ئاهیستە لێخوڕە یا ئەنجەشە شووشەکان نەشکێنی ، یەعنی ئـــەو ژنانـــەی کە دڵزەعیفو ترسنۆکن •

ئەم سێ حەدیثە یەك حادیثەیە ، لە لەفظا فەرقیان هەیە • دەلالـــەت ئەکەن لەسەر ئەمە کە لەطیفەگۆیی بەو شەرتە شتێکی تیا نەبێ کـــە بـە عورفو عادەت عەیب بێ ••دروستە • ریوایەتی حەدیث بە مەعنا بـــەو شەرتە خەلەل بە مەرام نەگا دروستە • گۆرانیی دروستە جارجار • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ظاهیر وایە بۆیە بەو ژنانەی فەرموە شووشە؛ چونکە ژن بێ تەحەمولە بەرگەی زەحمەتو مەشەقەت ناگرێ • فـەقەط قاضی عەیاضو بەعزێ لە عولەمای تر فەرموویانە : کـــە ئەنجەشە لـــەو شیعرانەدا کە بە دەنگی خۆش خوێنوویەتەوە بەعزێ ئەشعاری دائیر بـــە عیشق بوون بە دەنگی خۆشیش بخوێنرێن ژنیش دڵتەنکن زەعیفن ئیحتیمالی هەیە بەوە شتی خراپیان بە دلا بێ ، بۆیە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ ئەنجەشەی مەنعکرد • ئەو عولەمایانە تەرجیحی ئەم مەعنایەیان داوە•

فەقەط لام وایە بێ مەعناو زەعیفە ؛ چونکە ئـەم مەعنایە زۆر دوورە لـە لەفزی حەدیثەکەوە ، زۆر دووریشە کە بە واسیطەی شیعرەوە شتی خراپ بێ بە دلی ژنەصەحابیا ، با خوصووص ئەزواجی طاهیرات • قیاسی ئەوان لـە غـەیر ناکرێ •

٤٦٠/٤١ ـ وعنه يقـول : إن كـان النبـي ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ ليخلطنا حتى يقول لأخ لي صغير [من أمي] : يا أبا عمير مافعل النغير [البلبل] ح ـ ٩/٧٣ ، ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی ئەهاتە ناومان [بـە مولاطەفەو رووخۆشییو صوحبەت] حەتتا برایێکی دایکیی بچووکم بوو پێغەمەر ـ صلى الله تـعالى عليـه وسـلم ـ پێی ئەفەرموو : یائەباعومەیر بولبولەکەت چی لێ هات ؟

ناوبردنی منالْ بەکونیە ، گاڵتەکردن کە شتێ گوناهی تیـا نـەبێ ، مولاطەفەی منالْ •• دروستە ، سەجع دروستە •

٤٦١/٤٢ ـ وعنه قال : كان رسول‌الله إذا صلى الغداة جاء خَدَم [جەمعی خادیم] المدينة بآنيتهم فيها الماء فما يؤتى بماء إلا غمس يده فيه • وربما جاءه في الغداة الباردة فيغمس يده فيها •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە نوێژی سبەینانی ئـەکـرد خەدەمەی مەدینە [یەعنی مەسجیدی نەبەویی ـ على مؤسسهـا ألف ألف صلاة ـ] ظەرفی ئەصحابی کیرامیان ئەهێنایە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئاویان تیابوو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەستی موبارەکی نقوم ئەکرد لە ناویانا ، هیچی بۆ نەدەهێنرا کە دەستی پیانەکا ، حەتتا لە رۆژی ساردا ئەو ظەرفانەی بۆ ئەهات دەستی موبارەکی تێ‌ئەخستن •

٤٦٣/٤٤ ـ عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : جاءت امـرأة من الأنصار [كان في عقلها شيء] الى النبى ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ

فخلا بها ، فقال : والله إنكن لأحب الناس إليَّ ح - ١١١/٨ [نومرۆییکـم لێ زیادکرد ؛ چونکی حەدیثەکە لە موسلیما لێرەدا نووسرابوو دائیـر بـە مووی موبارەك نەقلم کردە ئەو بەحثەوە][(١)] •

٤٦٤/٤٥ ـ وعنه أن امرأة كان في عقلها شيء فقالت : يا رسول الله إن لي إليك حاجة • فقال : يا أم فلان انظري أي الســكك شئت حتى أقضي لكِ حاجتكِ ، فخلا معها في بعض الطرق حتى فرغَت من حاجتها م - ١٨٩/٩ •

تەرجەمە :

ژنێ لە ئەنصار لە عەقلیدا خەلەلێ بوو هاتە خدمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : (یا رسول الله) ئیحتیاجییێکم بە تــۆ هەیە ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : یا دایکی فـلان تێفکرە هەر کۆلانێ ئارەزووت پێنێ تا ئیحتیاجییەکەت دەفع ئەکەم لــــە بەعزێ سەرەرێگەدا ، هەر خۆیو خۆی بە تەنها مانەوە تا ئیحتیاجییەکەی بەجێهێنا •

لەم حەدیثانەدا دەلالەت هەیە لەسەر ئەمە کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ ئیختیلاطی بە خەلقکردوە (بالذات) هەموو کەسێ مومکینی بوە کە ئیحتیاجیی خۆیی عەرز بکا بۆ خاتری ئەمە هەرکەس بە حەقی خۆی بگا ، کارگوزاری حوکوومەتیش ئەبێ وابن • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرقی گەورەو بوچووکی نەکردوە ، صەبری لەسەر تەحەمولی مەشەققەت کردوە بۆ مەصلەحەتی عیباد • خەلوەتی لەگــەل ئەجنەبییەدا دروست بــوە ، لەم خەلوەتەدا شـەخصــیان لە پێش چـاوی خـەلـق

(١) دانەر ـخـ مەبەستی ئەوەیە ژمارە (٤٦٢/٤٣)ی بواردوەو چـوەتـە (٤٦٣/٤٤)لەبەر ئەو گواستنەوەی کە ئەفەرموێ • دانەر تەرجــەمەی ئەوەیشی بیرچوە کــە ئەفەرموێ : وەللاهی ئێــوە ــ واتە ئەنصار ــ لە خۆشەویسـترینی خەلقن لە لام •

نەشارراوەتەوە ، ئەوەندە دووركەوتوونەوە كە ببینرێن‌و قسەیان نەبیسرێ• تەواضوع‌و دەفعی ئیحتیاجیی موسوڵمانان بە قەدەری طاقەت سوننەتە •

٤٦٥/٤٦ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : ما خير رسول‌الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بين أمرين أحَدُهما أيســر من الآخر إلا اختار أيسرهما مالم يكن إثما ، فإن كان إثما كان أبعــد الناس منــه م ـ ١٩١/٩ ، ح ـ ٣٠/٦ [هذا و (٤٧) في حديث][1]

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى‌الله‌تعالى‌عليه‌وسلم ـ لە طەرەفی هەركەسێكەوە موخەییەر كرابێ لە بەینی دوو شتا یەكێكیان لە یەكێكیان ئەهوەنتر بێ بۆ خەڵق، ئەو شتانە كامیان سووك‌و ئاسانتر بێ بۆ خەڵق ئیختیاری ئاسانەكەی كردوە بەو شەرتە گوناه نەبووبێ ، ئەگەر گوناه بووبێ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەو شتەوە دوورترینی هەموو كەسە • (مثلا) پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خوا ـ عز وجل ـ موخەییەری بفەرموێ لە بەینی دوو عەذابا (مثلا) كەسێ ئیشێكی مووجیبی تەعذیر بێ خوا موخەییەری بكـا بفەرموێ : داركاریی بكە ، یا بە قسە تەكدیری بكە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەكدیری كردوە • كوففار موخەییەری بكەن لە بەینی ئەمەدا كە جیزیە بدەن‌و لە جێی خۆیان دانیشنەوە ، یا بیان‌كا بە عەبدو جاریە، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئیختیاری جیزیەی كردوە •

لە عیبادەتا موخەییەر بكرێ لە بەینی ئەمەدا كە تەكلیفی عیبادەتـی گران بكا لە ئوممەتەكەی كە بە دائیم نوێژكەن ، رۆژوو بگرن ، قورئان بخوێنن ••• وهكذا • یا بەعزێ شەو دوو ركات نوێژ بكەن مانگی سـێ

(١) دانەر ـخـ مەبەستی ئەوەیە ئەم حەدیثەو حەدیثی دوای ئەم ، كە ژمارەر (٤٧)ە لە لاپەڕە (٣٠)ی بەرگی شەشی بوخاریدا یەك حەدیثن .

ڕۆژ بەڕۆژوو ببن [فەرز بکرێن یا مەندووب بن] ئیختیاری دوو ڕکاتو سێ ڕۆژی سوننەتی کردوە ••• (إلى غير ذلك) •

کوففار موخەییەری بکەن لە بەینی ئەمەدا کە حەربی لەگەڵ بکەن ، یا بە ئاشکرا لە ناو موسوڵمانانا قومارو فیسقو فوجوور بکەن ئیختیاری حەربی کردوە ، چونکی ئیظهاری فیسق گوناهترە لە ئەصلی فیسق •

٤٧/٤٦٦ ـ وعنها قالت : ماضرب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شيئا قط بيده ولا امرأة ولا خادما إلا أن يجاهد في سبيل الله، وما نيل منه شيء قط فينتقم من صاحبه إلا أن ينتهك شيء من محارم الله فينتقم لله عز وجل م ـ ٩/١٩١ •

وفي أخرى : وما انتقم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لنفسه إلا أن تنتهك حرمة الله ـ عز وجل ـ م ـ ٩/١٩٠ ، ح ـ ٦/٣٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە دەســـتی [یەعنی بـــە غەضەبەوە] لە هیچ شتێکی نەداوە ، لە هیچ ژنێـــکی نەداوە ، لە هیـــچ خدمەتکارێکی نەداوە ، مەگەر ئەو کەسە شتێکی کردبێ لە کردنی ئـــەو شتە بێحورمەتیی ئەمری خوای تیابووبێ ، ئەو وەختە ئینتیقامی لەو کەسە سەندوە بۆ خوا ـ عز وجل ـ داری حەددی داوە لە خەڵق ، دەستوپێی بڕیوە ، ڕەجمی زانیی موحصەنی کردوە ••• (وهکذا) •

لەم حەدیثانەدا تەرغیبی ئوممەتی ناجیەی تیایە لەسەر حیلم ، لەسەر عەفو ، لەسەر تەحەمولی ئەذیەتو شەدائید ، لەسەر نەصرەتی حەق •

٤٦٧/٤٨ – عن أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] قـال : كنت أمشي مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وعليه رداء نَجْراني غليظ الحاشية ، فأدركه أعرابي فجبذه بردائه جبذة شـديـدة نظرت إلى صفحة عنق رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم – وقد أثَّرَتْ بهـا حاشية الرداء من شدة جبذته ، ثم قال : يا محمد مر لي من مال الله الذي عندك ! فالتفت إليه ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فضحك ثم أمر لـــه بعطاء • وفي أخرى عنه : ثم جبذه إليه جبذة رجع نبـي الله ـ صلـى الله تعالى عليه وسلم ـ في نحر الأعرابي • وفي أخرى : فجاذبه حتى انشـق البُرْد ، وحتى بقيت حاشيته في عنق رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وســـلم – م ـ ٣/٥ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە خدمەت پێغەمەرا ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەڕۆییم کەواێکی نەجرانیی لەبەرابوو ، بەرۆکەکەی ئەستوور بوو ، عەرەبێکی بەڕانیی تووش‌بوو بەرۆکی کەواکەی تـونـد راکێشـا • لە ریوایەتەکەی دوەما : وای راکێشا کە پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مەیلی لای سنگی عەرەبەکەی گرت • لـــە ریوایەتی سێیەما وای راکێشا کەواکەی دڕا ، یەخەکەی لە ملی پێغەمەرا مایەوە ! یەعنی ئەو عەرەبە بەڕانیە یەخەی کەواکەی توند راکێشا بە لای خـۆیا ، ئەوەندەی توند راکێشا کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم – بە لای سنگی عەرەبەکەوە مەیلی کرد ، کەواکەی دڕا بەرۆکەکەی لە ملی موبارەکی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مایەوە • ئـــەنەس ئـەفەرموێ : تەماشای لاملی پێغەمەرم کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە شیددەتـی راکێشانی بەرۆکی بەرۆکەکەی جێی‌کردبوەوە لە لاملی پێغەمەرا ـ صلى

الله تعالى عليه وسلم ـ شوێنی دیار بوو تەئثیری تێ‌کردبوو • له دواییا وتی: (یا محمد) ئەمر بکه که لەو ماڵی خوایه که لای تۆیه شتێکم بدەنێ • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رووی‌کرد بەلاوه پێکەنی [یەعنی تەبەسسومی کرد] ئەمری فەرموو شتێکی بدەنێ •

تەماشای حوسنی خولقی پێغەمەر که ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چەندە حەلیم بوه ؟ چەندە بە صەرفی نەظەر بوه ؟ چەندە رووخۆش بوه ؟ ئەو عەرەبە بەرِانیه که له رێدا پێیگەیی بێ ئەمه سەلامی لێ بـکا بەرۆکی موبارەکی گرت بە قووەت وای راکێشا کەواکەی درِان ، بەرۆکەکەی له ملی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مایەوه له لاملی موبارەکیا شوێنی دەرکەوت، نەیوت (یارسول‌الله) وتی (یامحمد)، تەوقیرو تەعظیمی پێغەمەری نەکرد ـ صلی‌الله‌تعالی‌علیه‌وسلم ـ ،بە نەرمیی داوای شتی لێ نەکرد، لەگەڵ ئەمانەدا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئینتیقامی لێ نەســەنـد بەدەمیەوه پێکەنی ، ئەمریشی کرد که شتێکی بدەنێ • کێت دیوه وه یـا بیستووته که گەورەی چوار پێنج کەس بووبێ صـەدیەکـی ئەم نەوعـە موعامەلەیه له یەکێکیان قەبووڵ بکا ؟ نەك له بێگانه • ئینسان شتی وا له ماڵو منالی خۆی قەبووڵ ناکا •

٤٦٨/٤٩ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : استأذن رهط من اليهود على رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقالوا : الســام عليك • فقالت عائشة [ففهمتها فقلت ج ـ ٢٠٨/٩] : بل عليكم الســام [والذام •آخرى] واللعنة • فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: [مهلا يا عائشة ـخ] [يا عائشة لا تكوني فاحشة • فقالت : ما سمعت ماقالوا ؟ فقال : أو ليس قد رددتُ عليهم الذي قالوا ؟ قلت وعليكم • آخرى م ـ ٤٧٠/٨] إن الله ـ عز وجل ـ يحب الرفق في الأمر كله• قلت:

ألم تســـمع ما قالـــوا ؟ قال : قـــد قـلت وعليكـــم م ـ ٨/٤٦٨ ، ح ـ ٩ / ١٤٢ ن ، ت .

وفي أخرى : ففطنت بهم عائشة [رضي الله تعالى عنها] فسبتهم ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : مه يا عائشة فإن الله لا يحب الفحش والتفحش =وزاد= : فأنزل الله ـ عز وجل ـ: (وإذا جاؤك حيوك بما لم يحيك به الله)[1] إلى آخر الآية م ـ ٨/٤٧١ .

وفي أخرى عن جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] يقول : سلم نـاس من يهـود على رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ فقالـوا . السام عليك يا أبا القاسم . فقال : وعليـكم . فقالت عائشة، وغضـبـَت°: ألم تسمع ماقالوا ؟! قال : بلى قد سمعت فرددت عليهم ، وإنا نجاب عليهم ولا يجابون علينا م ـ ٨/٤٧١ .

تەرجەمە :

بەعزێ لە يەهوود هاتنە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە باتی (السلام عليكم) وتيان : (السام عليكم) حەزرەتی عائيشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرقی پێکرد فەرمووی : سامو لەعنەتو ذەم لەسەر ئێوە بێ . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : وازبێنە يا عائيشە خوا عز وجل ـ لە هەموو شتێکا ئاهيستەيیو نەرميی ئەحوبێنێ . حەزرەتی عائيشە فەرمووی : وتم : (يا رسول الله) بۆ گوێت لێ نەبوو کە چييان وت ؟ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : منيش [رەددم کردەوە سەرخۆيان] وتم : لەسەر خۆتان بێ . لـە ريوايەتەکەی جابيـر ـ رضي الله تعـــالى عنه ـ ئەفەرموێ : فەرمووی : بەڵێ گوێم لێ بـوو

(١) المجـــادلـــة / ٨ .

ڕەددم‌کردەوە سەر خۆیان ، دۆعای ئێمە لەوان گیرا ئەبێ دۆعای ئـەوان لە ئێمە گیرا نابێ •

لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : وازبێنە یا عائیشـــە خـــوا فەحش و تەفەححوشی خۆش ناوێ ، یەعنی دەمپیسی خۆش ناوێ ، خوا ـعز وجلـ ئەم ئایەتەی نازڵفەرموو کە مەعنای وایە : وەختێ یەهوودیی بێنە لای تۆ بـە نەوعێ تەعظیمی[1] تـۆ ئەکـەن کـە خوا بـەو نـەوعە تەعظیمی تۆی نەکردوە (قد سمع الله) •

٤٦٩/٥٠ ـ وعنها [رضي الله تعالى عنها] أن رجلا [مخرمة أبو المسور الصحابي ـ رضي الله تعالى عنه ـ وقيل : عيينة بن حصن وكان يقال له : الأحمق المطاع] استأذن على النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فلما رآه قال : بئس أخو العشيرة وبئس ابن العشيرة ، فلما جلس تطلق النبي ـ صلى الله تعالى عليـه وسـلم ـ في وجهه ، وانبسط إليه ، فلما انطلق الرجل قالت له عائشة [رضي الله تعالى عنها] : يا رسـول الله حين رأيت الرجل قلت له كذا وكذا ثم تطلقت في وجهه وانبســطت إليـه ! فـقال رســول الله ـ صلى الله تعالى عليه وســلم ـ : يا عائشة متى عَهِدْتِني فحاشا ؟ إن شر الناس عند الله منزلة يوم القيامة من تركه الناس اتقاه شره ح ـ ٢٩/٩ ، م ـ ٢٣/١٠ ، د ، ت •

تەرجەمە :

پیاوێ کە مەخرومەیە یا عویەینەیە ئیستیذانی کـرد بێتـە خذمـەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه

---

(١) دانەر لێرەدا ئەگەر بیفەرمووایە : «بە نەوعێ سەلام لە تۆ ئەکەن کـە خـوا بـەو نەوعە سەلامی لێ نەکردووی » باشتر بوو ، چونکە تەحییە سەلامەو بۆ سەلام جوانترە تا تەعظیم •

وسلم ـ چاوی پێی‌کەوت فەرمووی : چ برایێکی خراپـی عەشیرەتە ؟ چ کوڕێکی خراپی عەشیرەتە ؟ کە ئەو پیاوە هات‌و دانیشت پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ لە روویا کرایەوە بە روخۆشی قسەی لەگەڵ کرد . کە رۆیی حەزرەتی عائیشە ـ رضي اللە تعالی عنها ـ فەرمووی : (یا رسول اللە) کە ئەو پیاوەت دی وات فەرموو وات فەرموو ، کە هات‌و دانیشـــت رووت دایێ‌و قسەی خۆشت لەگەڵ کرد ! پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ فەرمووی : ئەی عایشە تۆ کەی منت بەجوێن‌فرۆش‌و قسەناخۆش دیوە ؟ خراپترینی ئینسان لە دەرەجەدا لە رۆژی قیامەتا ئەو کەسەیە کـــە خەڵق لە ترسی شەڕی تەرکی بکەن .

ئەو پیاوە ، مەخرومە بێ یا عویەینە بێ ، مونافیق بوو خۆی بە ئیسلام ئەدایە قەڵەم ، لە ئەوەڵەوە پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ بـــەو فەرموودەی بەیانی حاڵی بۆ ئەصحاب کرد کە بە نیفاقەکەی مەغروور نەبن ، خۆیانی لێ بپارێزن ، کە رووی خۆشی دایە بۆیێکی کرد چونکە ئەحمەقـی موطاعی[1] قەومەکە بوو مەقصوودی پێغەمەر ـصلی اللە تعالی علیە وسلم ـ ئەوە بوو بە واسیطەی ئەوەوە قەومەکەی موسوڵمان ببن . ئەو نـەوعە غەیبەتە بە غەیبەت ناژمێررێ ، باخوصووص بۆ پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ کە هەرچی مەصڵەحەتی عیبادی تیابێ لە طەرەفی خـــواوە خەبەری دراوەتێ . حەتتا ئە ونەوعە غەیبەتە بـــۆ ئێمەیش دروستە . ئەو پیاوە وەکوو پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ خەبەری لە ئەحواڵی دا ، لە دوای پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ مورتەد بوو بـــــە ئەسیریی هێنرا بۆ حەزرەتی صەدیقی ئەکبەر ـ رضي اللە تعالی عنە وعن بنتە ـ .

---

(١) گێل‌و بێ‌بیری بە تواناو گوێ بۆ قسـەی گیراو .

٤٧٠/٥١ ــ عن عبدالله بن عَمْرٍو ــ رضي الله تعالى عنهما ــ قال : لم يكن النبي ــ صلى الله تعالى عليه وســـلم ــ فاحشا [ناطقا بالفحش أي الزيادة على الحد في الكلام السيء] ولا متفحشا [مُتَكَلِّفاً للفحش]. [وأنه كان •خ اخرى] وكان يقول : إن من خياركم أحسنكم [أحاسنكم• أخرى خ] أخلاقا ح ــ ٣٠/٦ ، ح ــ ٣١/٩ ، م ــ ١٨٤/٩ . ت •

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کـــوڕی عاص ــ رضي الله عن الاولين ــ فەرمووی : پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ جوێنفرۆش نەبوە نــە بە طەبیعیی نە بـــە صونعیی • پێغەمـــەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ ئەیفەرموو : چاترینی ئێوە ئەوانەن کە خولقیان لـــە خولقی ئەوانی ترتان چاکتر بێ •

ضـــحكـــه ــ عليه الصلاة والسلام ــ

٤٧١/٥٢ ــ عن عائشة ــ رضي الله تعالى عنها ــ قالت : ما رأيت النبي ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ مستجمعا قط ضاحكا حتى أرى منه لَهَوَاتِه إنما كان يتبسم ح ــ ٥٨/٩ ، ح ــ ٣٢٦/٧ وفيه : قالت : وكان إذا رأى غيما أو ريحا عرف في وجهه قالت : يا رسول الله الناس إذا رأوا الغيم فرحوا رجاء أن يكون فيه المطر وأراك إذا رأيْتَهُ عُرِف في وجهك الكراهية • فقال : يا عائشة ما يؤمِّنِّي أن يكون فيه عذاب ؟ عذب قــوم بالريح • وقد رأى قوم العذاب فقالوا : (هــذا عــارض ممطرنــا)[1] ح ــ ٣٢٦/٧ وفيه الحديث الأول •

---

(١) الاحقـــاف / ٢٤ .

تەرجەمە :

= حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەفەرموێ := قـــەط پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـم نەدیوە کە تەواو پێ‌بکەنێ تـــا زمانە بچکۆلەکەی ببینم هەر زەردەخەنە ئەیگرت ۰ لە سوورەتی ئەحقافا ئەو زیادیەی تیایە کە نووسراوە ۰

حەزرەتی عائیشە فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە هەوری بدیایە لە رووی موبارەکیـــا ترس‌و خەوفی لـــێ دیاری ئەدا فەرمووی : (یا رسول الله)خەڵق کە چاویان بە هەور بکەوێ مەسروور ئەبن کەچی من وات ئەبینم کە چاوت بە هەور بکەوێ ترست لێ ئەنیشێ لە رووتدا دەرەکەوێ کە حەزی لێ نەکەی پێت ناخۆش بێ ! فەرمووی : ئەی عایشە چی من لەوە ئەمین ئەکا کە عەذابی تیابێ ؟ قەومێ وەکوو عـــادی ئوولایە بە با عەذاب‌دراون ، قەومێکیش هەوریان دی وتیان : ئەم هەورە هەورێکە بارانمان بۆ ئەبارێنێ ۰

ح - ٣٢٦/٧ ۰ م - ٢٢٣/٤ فيهما الحديثان في حديث بعبارة ، وفـي مســلم يؤمنني وهمزة ، وفي الباقي متفقان ۰

٤٧٢/٥٣ - عن سماك بن حرب قال : قلت لجابر بن سَمُرة [رضـي الله تعالی عنهما] : كنت تجالس رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قال : نعم كثيرا ، كان لا يقوم من مصلاه الذي يصلي فيه الصبح حتى تطلع الشمس ، فإذا طلعت قام وكانوا يتحدثون فيأخذون في أمر الجاهلية، فيضحكون ويتبسم ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ۰ م /٩/١٨٥ ۰

تەرجەمە :

سەماك ئەڵێ : لـــە جابیری بنی‌ســـەمورەم پرسیی : تۆ لە خذمەت پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دائەنیشتی ؟ فەرمووی : بەڵێ زۆر،

لەو جێیەی کە نوێژی سبەینیانی تیائەکرد تەشـــــریفی هەڵنەدەستا تا ڕۆژ طولووعی ئەکرد ، کە ڕۆژ هەڵهات تەشریفی هەڵەســـتا • ئەصحابی کیرام قسەیان لە زەمانی جاهیلییەت ئەکردو پێئەکەنین ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ زەردەخەندە ئەیگرت •

كـونــه رؤفــا رحيما بأمته وناصحا أمينا لهم ووجوب إطاعته ، آيتان في آخــر التوبــة :

٥٤/٤٧٣ ـ عن أبي موسى [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن مثلي ومثَلُ مابعثني الله عز وجل [به•م] كمثل رجل أتى قوما فقال : [يا قوم إني •م] رأيت الجيش بعيني وإني أنـا النذير العريان ، فالنجاء النَّجاء ! فأطاعته طائفة [من قومه •م] فأدلجوا على [مُهلتهم •م] مَهَلِهم فنجوا ، وكذبتـه طائفـة [منهـم فأصبحـوا مكانهم ، فصبحهم الجيش •م] فصبحهم الجيش فاجتاحهم • ح-٩/٢٦٣ ، م ـ ٩/١٥٠ • ولفظ مسلم هنا : وكذبت طائفة منهم فأصبحوا مكانهـم فصبحهم الجيش فأهلكهم واجتاحهم ، فذلك مثل من أطاعني واتبع ماجئت به ، ومثـــل من عصاني وكــذب مـاجئت به من الحـق م ـ ٩/١٥٠ ، ح ـ ١٠/٢٩٣ كمسلم بعينه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : مەثەلی مــــنو مەثەلی ئەو دینەی کە خوا ـ عز وجل ـ منی بـــۆ تەبلیغی ناردوە وەکوو مەثەلی پیاوێکە بێتە لای قەومو عەشیرەتەکەی پێیان بڵێ : ئەی قەومو خزمی

---

(١) مەبەستی ئایەتی : (لقــد جــاءكـم رســول من انفســكم عزيــز عليه ما عنتم ...)ە •

من بە هەردوو چاوی خۆم لەشکرم دی من ترسێنەرێکی رووت و قووتم . بکەونە خۆو نەجاتی خۆتان بدەن ! طائیفەیێ لە قەومەکەی بە گوێیان کرد ، شەوێ رەحەت ، رەحەت بە ئاهیستە ـ ئاهیستە لێیان‌داو رۆیین و نەجاتیان بوو • طائیفەیێ لە قەومەکەی پێیان‌بڕوا نەکردو =لە شوێنی خۆیانا مانەوە= بەیانی لەشکرەکە دای‌بەسەریانا هیلاکی کردن • ئەوە مەثەلی ئەوانەیە کـە ئیطاعەتی من ئەکەن و تابیعی ئەو دینە بوون کە بۆم هێناون و مەثەلی ئەوانەیە کە موخالەفەی بکاو تەکذیبی ئەو حەقە بکا کە هێناومە ، بلێ درۆیە •

نەذیری رووت بە دوو نەوع مەعنایان لێ‌داوەتەوە :

١ ـ پیاوێ تووشی لەشکرێ ئەبێ رووتی ئەکەنەوەو ئەیکەن بە ئەسـیر . سا چۆن بێ نەجاتی ئەبێ و بـــە رووتی ئەچێتـــەوە ناو قەومەکەی . پیاوەکەیش پیاوێکی راستگۆ ئـەبێ و بـە رووتیش ئـەیبینن لێیان مەعلووم ئەبێ کە راست ئەڵێ ••

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە ئیتتیفاقی هەموو قورەیش و غەیری قورەیش هەرکەسێ کە ناسیبێتی راست بووەو کەس درۆی لـــــێ نەبیستوە ، ئەمین بووەو کەس خیانەتی لێ‌نەدیوە ، ئـــــەو موعجیزانەیشی پێ‌نیشان‌داون کە لایان موحەققەق بێ کە پێغەمەرە •

٢ ـ هەر قەومێ لە عەرەب جاسووسێکی مەخصووص بە خۆیانەوە بوە . لە ئەطرافا دوشمنێکی دی ئەو جاسووسە جلی خۆی دائەکەن و لـە دوورەوە بە دەوری سەریا هەڵی‌ئەسووڕان یا ئەیکرد بەسەر دارێکا. بەوە ئیشارەتی ئەکرد کە دوشمنتان یێتەسەر • پێغەمەر ـصلی‌الله‌تعالی علیه وسلم ـ ئەو حاڵەی کرد بـــە مەثەل بـــۆ خۆی و قەومەکەی قەسطەلانیی ـ ٩/٢٦٤ •

---

(١) مـــریـــم / ٧١ .

٥٥/٤٧٤ ـ أبو هريـرة ـ رضي الله تعـالى عنــه ـ سمع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إنما مثلي ومثل الناس كمثل رجـل استوقد نارا ، فلما أضاءت ماحوله جَعَل الفَراش وهذه الدواب التي تقع في النار يقعن فيها ، فجعل الرجل ينزعهُنَّ ويَغْلبْنَه فيقتحمن فيها فأنا آخُذُ بحجزكم [بسَعْقِد إزاركم] عن النار و [أنتـم ٠٠ يعنـي الكفار منكم من المشركين وأهل الكتاب] هم يقتحمون فيها ح ـ ٩/٢٦٨، م ـ ٩/١٥١ ٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـصلیاللهتعالیعلیهوسلمـ فەرمووی: حاڵی عەجیبی منو حاڵی عەجیبی خەڵق وەکو حاڵی عەجیبی کەسێ وایە کە ئاگرێ بکاتەوە، کە ئاگرەکە هەڵگیرساو ئەطرافی رووناك کردەوە پەپوولەو پەروانەو ئەم حەیواناتــەی کە خۆیان ئەخەنە ناو ئاگرەوە دەستیان کـــرد بەخۆتێهاویتنی ، پیاوەکەیش خەریکی ئەوە بوو دەریئەهێنان ، دەرەقەتیان نەهات غاڵببوون بەسەریا ، منیش پشتێنتان ئەگرم کە نەکەونە ناو ئاگرەکەوە ، ئەوان [التفات] خۆی تێفڕێئەدەن ٠ نەیفەرموو ئێوە ، حەزی نەکرد بەم قســـە ناخۆشە رووی خیطابیان تێ بکا ، وە هەم ئیشارەتە بەوە کە موئمینان لە ئەمری نەچوونەـ دەرێ خۆیان فڕێنەداوەتە ناو جەهەنەمەوە ، ئەوانەی کە ئیمانیان نەهێناوە خۆیان تێفڕێداوە ٠

[إن شاء الله منو کەسو کارو خزمو ئەحبابمو هەموو موسوڵمانــان لەوانەین کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ گرتووینی نایێڵێ بچینە ناو جەهەنەمەوە ، مەگەر بۆ ئاهی ســوێن] ٠

وفي رواية في مسلم عنه بعد فيقتحمن فيها : فذلكم مثلي ومثلكـم أنا آخذ [أو آخِـذ" • النووي] بحُجَزكم عن النار ، هلم عن النـار ، هلم عن النار • فتغلبوني وتَقْتَحَمون [من باب جعل] فيها م ـ ٩/١٥١•

تەرجەمە :

ئەوە مەثەلی منو ئێوەیە ؛ منپزووی ئیزارەکەتان ئەگرم ئەڵێم: بێنە لای من لە ئاگرەکە دوورکەونەوە ، بێنە لای من لـــــە ئاگرەکە دوورکەونەوە [کوففاری] ئێوە [یەعنی لە قورەیشو سائیرە] غەڵەبەم بەسەرا ئەکەنەوەو بە بێ شوعووریو دیقەتنەکردن خۆتان فڕێئەدەنە ناو ئاگرەکەوە •

٤٧٥/٥٦ ـ وعن جابر [بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] قال: قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : مثلي ومثلكم كمثل رجـــل أوقد نارا • فجعل الجنادب والفَراش يقعن فيها ، وهو يذبهن عنها وأنـا آخذ بحجزكم عن النار وأنتم تفلتون من يدي م ـ ٩/١٥٢ • [جنادب جمع: جُنْدَب ، جَنْدَب ، جِنْدَب : سیسرك ، یا کوللە بچووکەکان کە چوار بـاڵی هەیـە باڵی ژێرەوەیان ســوورە • ئیقتیحام : بە بێعەقڵیی خۆخستنە تەهلوکەوە • فەراش : پەپوولەو مێشوولەو ئەوانەی بـە دەوری چـرادا ئــەڕفــن •

مەثەلی منو ئێوە وەکو مەثەلی پیاوێــکە ئاگرێ بکاتەوە پەپوولەو پەروانەو سیسرکو وردە کوللە خۆیانی تێئەهاون ئــەو پیاوەیش مەنعیان ئەکا لە ئاگرەکە منیش پــزووی ئیزارەکەتانم گرتـــوە کە نەکەونە ناو جەهەنەمەوە لە دەستم بەرەڵلا نەبن •

٤٧٦/٥٧ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : قـدِم [من باب عَلِمَ] ناس من الأعراب على رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـــه

وسلم ـ فقالوا : اتقبّلون صبيانكم ؟ فقالوا : نعم • فقالوا : لكنا والله ما نقبل • فقال رســول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: أو أملِك أن كان الله نزع منـــكم الرحمـــة ؟ وقال ابن نمير : من قلبك الرحمـــة

م - ١٨٢/٩ ، ح - ١٧/٩ •

تەرجەمە :

بەعزێ خەڵق لە عەرەبی وەحشیی هاتنە خدمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وتیان : ئێوە منالی خۆتان ماچ ئەکـــەن ؟ فەرموویان : بەڵێ • عەرەبە کێویەکان وتیان : وەڵلاهی ئێمە ماچیان ناکەین • پێغەمـەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسـلم ـ فەرمووی : من چیم لە دەست دێ کە خوا مەرحەمەتی لە دڵتان دەرکێشابێ ؟ یا فەرمووی : مەرحەمەتی لە دڵـــــت دەرهێنابێ •

٤٧٧/٥٨ - عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه ـ أن الأقرع بـن حابس أبصر النبيَّ ـ صلى الله تعالى عليه وسلم - يقبل الحسنَ [رضي الله تعالى عنه] فقال : إن لي عشرة من الولد ما قبّلتُ واحدا منهم! [فنظر إليه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال •خ] فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم - : =إنه= من لا يَرْحَمْ لا يُرْحَمْ

م - ١٨٣/٩ ، ح - ١٦/٩ بفرق يسير لفظي •

٤٧٨/٥٩ - جرير بن عبدالله [رضي الله تعالى عنه] قـــال : قــال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: من لا يرحم الناس لا يرحمه الله م - ١٨٣/٩ •

تەرجەمە :

= جەریری کوڕی عەبدوڵـــلا ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی =: کەسێ رەحم بـــە ئینسان نەکا خوایش رەحم بەو ناکا •

٦٠/٤٧٩ ـ عن أبي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كـــان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذا أتاه طالب حاجة أقبـل على جلسائه فقال : اشفعوا فلتؤجروا وليقض الله على لسان نبيه ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ما أحب م ـ ٦١/١٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کەسێ بهاتەیە خدمەتی بـــۆ ئیحتیاجییەکی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رووی ئەکردە ئەوانەی کە لە خدمەتیا دانیشتبوون ئەیفەرموو : شەفاعەتی بۆ بکەن لای من تا خوا ئەجرتان بداتێو خوایش ـ عز وجل ـ لەسەر زمانی پێغەمەر ـ صلى اللـه تعالى عليه وسلم ـی چۆنی ئیرادە کردبێ ئەوی کە ئەیحوبێنێ بەجێیبێنێ•

رجاکردن بۆ ئینسانی بێدەستەلات لە ئیشی خێرا سوننەتە • قەبوولی سوننەتە • مەکاریمی ئەخلاق پێنیشاندان سوننەتە • تەشەببوث بە ئەسباب مەشرووعە • لە حینی حاجەتا واجبە • طەڵەب لە حینی حاجەتا دروستە •

مەعنای حەدیثی ئەقرەع لەفکرمچوو بینووسم :

ئەقرەعی بنی حابیس ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە خزمەت پێغەمەرا بوو ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چاوی پێکەوت کە پێغەمەر ـ صلى اللـــه تعالى عليه وسلم ـ حەزرەتی حەسەنی ماچ کرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەقرەع وتی :دە کوڕم هەیە هیچیانم ماچ نەکردوە ! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ رەحم نەکا رەحمی پێناکرێ •

مەرحەمەت لـەگـەڵ خەڵقا ســوننەتە ؛ بێ مەرحەمەتیی مووجیبی مەحروومییە لە مەرحەمەتی خوایی •

حیــاؤە ـ علیه الصلاة والسلام ـ(١)

٦١/٤٨٠ ـ أبو سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] يقول : كـان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أشـدَّ حيـاء من العَذراء فـي خدرها [إلى هنا ح ـ ٩/٧٠] وكـان إذا كـره شيئا عرفنـــاه فـي وجهـه م ـ ٩/١٨٤ .

تەرجەمە :

=ئەبوسەعیدی خودریی ـ رضي الله تـعالى عنــه ـ ئەفەرموێ =: پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليــه وســـلم ـ لەکچ بەحاياتر بوو(٢) لــە پەردەو کوللەی خۆی ، ئەگەر شتێکی لە لا ناخۆش بـوایـە [ئیظهـاری نەدەکرد] لە سیمای ئێمە فەرقمان پێ ئەکرد ، تەحەمولی شەدائید ، بـە یێ لوزووم عەیب‌نەدانەڕوو سوننەتن .

إرادة الله رحمته بأمته(٣)

٦٢/٤٨١ ـ عن أبي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن الله ـ عز وجل ـ إذا أراد رحمة أمة من عباده قبض نبيها قبلها فجعله =لها= فرطا وسلفا بين يديها ، وإذا أراد

(١) شەرم‌و شکۆی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ .

(٢) دانەر ئەگەر بیفەرموایە : « لە کچ لە پەردە کوللەی خۆیا بە حەیاتر بووە جوانتربو . هەورەها کۆتایی تەرجەمەکە وابوایە : «ئێمە لە سیمایـا فەرقمان . . . » باشتر بو .

(٣) خوا ئیرادەی خێری بە ئوممەتی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هـەیـە .

هـلْـكة أمة عذبها ونبيها حيٌ فأهلكها وهو ينظر فأقَر عـَينه بهلْـكتها حين كذبوه وعصوا أمره م ـ ٩/١٥٤ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە خوا ـعزوجلـ ئیرادەی کرد کە رەحم بکا بە ئوممەتێ لە عیبادی، پێغەمەری ئەو ئوممەتە لە پێش ئوممەتەکەدا ئەباتەوە لای خۆی ، کە ئەو پێغەمەرە موقەدیمە بـۆ بۆیان لە پێشەوە جێیان بۆ حازر بکا . کە خوا ئیرادەی کرد کە ئوممەتێ بە هیلاك بدا خوا عەذابی ئەو ئوممەتە ئەداو پێغەمەرەکەیان لـە نـاویانـ زیندووبێ هیلاکیان ئەکاو پێغەمەرەکەیان تەماشایان ئەکاو بە عـــەذابو هیلاکبوونیان دڵخۆش ئەبێو خوا بە هیلاکی ئوممەتەکەی چاوی روون ئەکاتەوە=چونکەباوەڕیان بە پێغەمەرەکەیان نەکردو پەیڕەویی فەرمانەکانیان نەکرد = ، وەك هوودو صـالیحو لـووطو شوعەیبو مووسـاو پێغەمەر ـ عليهم الصلاة والسلام ـ خوا ـ عز وجل ـ لە پێش چاوی پێغەمەر ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ صەنادیدی قورەیشی بەهیلاك برد ، لە دواییا کە لـە هەموو طەرەفێکەوە خەڵق فەوجـفەوج هاتن بەیعەتیان پێکرد ، تەبلیغـی ئەحکامی پێکردن ، وەظیفەی ریسالەت تەواو بوو ، ئیکمالی دینکرا .. خوا پێغەمەری ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەعوەتکرد بۆ رەفیقی ئەعلا، رۆحی موبارەکی لە حوضووری خوا مەشغووڵی مەصالیحی ئوممەتیە .

[خوا منو ئیخوانی دینم لـە بەرەکەتی ئـەو فەرەطە عەظیمە مەحرووم نـەکـا] .

شجاعته ـ عليه الصلاة والسلام ـ(١)

٤٨٢/٦٣ ـ عن جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] قال : غزونا

(١) ئازایی‌و بەجەرگیی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ .

مع رســـــول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ =غزوة= قِـبَـلَ نجد فأدركنا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فـي واد كثيـر العضاه [أم غيلان] فنزل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تحت شـــجرة [سَمُرة • البخاري] فعلق سيفه بغصن من أغصانها • قال : وتفــرق الناس في الوادي يستظلون بالشجر • قال : فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن رجلا أتاني وأنا نائم ، فأخذ السيف، فاستيقظت وهو قائم على رأسي فلم أشعر إلا والسيف صلتا [مسلولا] في يـده ، فقال : من يمنعك مني ؟ قلت : ألله • ثم قال في الثانية : من يمنعـك مني ؟ قلت : ألله • قال : فشام السيف [غمده] فها هو ذا جالس ، ثم لم يعرض له [ولم يعاقبه وجلس • البخاري] رسول الله ـ صلى الله تعـــالى عليه وسلم ـ م ـ ٩/١٤٥ ، ح ـ ٥/٩٥ •

لـفظ البخـــاري :

جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أخبر أنه غزا مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قبل نجـد [على رأس خمس وعشـرين شهرا من الهجرة] فلما قفل [رجع] رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قفل معه ، فأدركتْهُـم القائلة [أي الظهيرة] في واد كثير العضاه [أم غيلان] =فنزل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وتفرق الناس يستظلون بالشجر = فنزل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تحت ســـمرة [شجر طلح] وعلق بها سيفه ، ونمنا نومة ، فإذا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يدعونا وإذا عنده أعرابي [غورث] فقال : إن هـذا اخترط عليَّ سيفي وأنا نائم فاستيقظت وهو في يده صَلْتا فقال : من يمنعـك مني ؟ فقلت : ألله ، ثلاثا ، ولم يعاقبه وجلس ح ـ ٥/٩٥ ، ن •

تەرجەمە :

ئـەم دوو حەدیثە یەکێکن دوو سێ کەلیمە فـەرقیان هەیـە ، بـەوە مەعنایان ناگۆڕێ ، مەعنای حەدیثەکەی بوخاریی ئەمەیە : جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : لە خدمەت پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیـــه وسلم ـ بۆ طەرەفی نەجد بۆ غەزا چووین ◆ کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی گەڕایەوە جابیریش گەڕایەوە ، گەرمای نیوەڕۆیان بەسەرا هات ، لە بیاباتێکا داری غەیلانی زۆری بوو ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دابەزیی ، خەڵقیش لەبەر گەرمیی رۆژ بڵاوبوونەوە بـۆ سێبەری بن‌دار ◆ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ لە بن دارێـکی مۆزا دابەزیی ، شیرەکەی پیا هەڵاوەسی ، ئێمەیش لێی نوستین ، ئەوەندەم زانی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بانگی‌کردین ، کــە چووین عەرەبێکی بەڕانیی لە خدمەتا بوو (غەورەث) پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەمە شیرەکەمی لـــە کالان لێ‌دەرکێشام ، من نوستبووم خەبەربوومەوە شیرەکەی بە رووتیی بەدەستەوە بوو ، وتی : کێ تۆ لە من مەنع ئەکا نەیێڵێ بتکوژم ؟ وتم : خوا ◆ تا سێ جار ◆ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عیتابی لێ‌نەگرت‌و نەی‌یایە رووی‌و دانیشت لە خدمەتیا ◆ لە موسلیما ئەڵێ : کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : خوا ◆◆ عەرەبەکە شیرەکەی کرد بە کـــالانەکەیەوە ◆ بـــە ئەصحابی فەرموو : ئەوەیە کە دانیشتوە ◆

[ئیبنوئیسحاق ئەڵێ : کوففار بە غەورەثیان وت ،کـە پیـاوێـــکی ئازا بوو ، : ئەوە محمد تەنهایە ئەوە تۆو ئەو ◆ چوو بە لای پێغەمەرەوە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ شیرێکی بڕندەی پێ بوو لە ژوور سـەری پێغەمەرەوە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وەستا پێی‌وت : کێ تۆ لە مـن

مەنع ئەکا ؟ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : خـــوا ! حەزرەتی جیبریل ـ علیه الصلاة والســـلام ـ پاڵێکی نا بە ســنگیەوە ، شیرەکەی لە دەست کەوتە خوارێ • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ شیرەکەی هەڵگرت فەرمووی : کێ ئیمڕۆ تۆ لە من مەنع ئەکا ؟ وتــی : هیچ کەس • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : هەڵســە بچۆ بە لای کارو باری خۆتەوە • کە پشتیهەڵکرد بڕوا عەرزی پێغەمەری کرد : تۆ لە من چاکتری فرصەتت دەستکەوتو نەتکوشتم • پێغـەمــەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : من بەوە لە تۆ لایـــەقتــرم • [چونکە عەفو شیمەی خوایە ـ عز وجل ـ] لە دواییا عەرەبەکە موسوڵمان بوو] لە حەدیثەکانی موسلیمو بوخاریدا شیرەکە شیری پێغەمەر بوو ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عەرەبەکە خۆی کردیەوە بە کالانەکـــەیـا • لـــە ئیبنوئیسحاقا : هی عەرەبەکە بوو لە دەستی کەوتەخوارێ • قەسطەلانی] تەوفیقیان بکەن[1] •

ئەم حادیثەیە موعجیزەیێکی گەورەیە بۆ پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ دەلالەت لە : حیلمی • لە طەبعی کەریمی ، لە شەجاعەتی ، لە

---

(1) دانەر ـخـداوای تەوفیقی کردوەو کەسیش تەوفیقەکەی نەکردوە . ئەم قسـەی قەسطەلانیە لە قەسطەلانیەکەدا بێ تەوفیـــقو تەعلیــق نووسراوە . لە موسلیما هیچ لەسەر ئەم باسە نەنووسراوە . منیش دوای ئەوە کە هیچم بۆ تەوفیق ـ دوای گەڕان ـ دەست نەکەوت ، بە تەوفیقی خوا ئەڵێم : دیارە کــە غەورەث بە هیوای کوشتنی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ڕۆیشتوە بێ شیر نەڕۆیشتوە ، کــە چوەتە لای پێغەمەرو ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ شیرەکەی ئەوی بە هەڵاوەسراوی دیوە دایگرتوەو گرتوویە بەدەستیەوە ، تا لە لایەکەوە بێ بە خاوەنی دوو چەکو ، لەولایشـەوە مەبادا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خەبەری ببێتەوەو چەکەکەی خۆی بۆ هەڵگرێتو بەرەنگاری ببێت . بەم شێوە (تعارض) لانەچێتو (تەوفیق) ئەکرێت.

تەوەککولی ، لەسەر مەحفووظبوونی لە شەڕی خەڵق ئەکا •

٦٤/٤٨٣ ـ عن أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] قال : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أحسن الناس ، وكان أجود الناس ، وكان أشجع الناس ، ولقد فَزِع أهل المدينة ذات ليلة فانطلق ناس قِبلَ الصوت ، فتلقاهم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ راجعا ، وقد سبقهم إلى الصوت ، وهو على فرس لأبي طلحة عَرِيّ ، في عنقه السيف وهو يقول : لم تراعوا ، لم تراعوا • قال : وجدناه بحرا، أو إنه لبحر • قال : وكان فرسا يبطأ م ـ ٩/١٧٢ ، ح ـ ٥/٥٢ ت ، ن واللفظ لمسلم ح ـ ٥/١٢١ •

٦٥/٤٨٤ ـ وعنه قال : كان في المدينة فَزَع [خوف] فاستعار النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فرسا [بطيئا • أخرى] لأبي طلحة يقال =له= مندوب ، فركبه • فقال : ما رأينا من فزع وإن وجدناه لبحرا ، م ـ ٩/١٧٢ • وفي أخرى : قال : فزع الناس ، فركب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فرسا لأبي طلحة بطيئا ، ثم خرج يركض وحده ، فركب الناس يركضون خلفه ، فقال : لم تراعوا [أي لا تخافوا] إنه لبحر فما سُبِقَ بعد ذلك اليوم ح ـ ٥/١٢٨ [ئەم حەدیثانە هەموو حادیثەییکن] •

تەرجەمە :

ئەنەسی بنی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ جوانترینی هەموو کەس بوو ، سەخیترینی هەموو کەس بوو ، ئازاترینی هەموو کەس بوو ••• شەوێ لە مەدینەدا ترسێ لە خەڵق نیشت ، خەڵق چوون بە شوێن دەنگەکەوە[1] ، پێغەمەر

(١) ئەوەی من بیستبێتم و بزانم لەم شوێنانەدا دەگوترێ : «چوون بە شوێن دەنگەکەدا » یان «چوون بە دەم دەنگەکەوە » •

ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەوسەرەوە ئەگەڕایەوە ، پێیان‌گەیی لە پێش ئەوانا تەشریفی چووبوو بە =دەم= دەنگەکەوە ، ســـواری ئەســـپێکی ئەبوطەلحە بووبوو ، رووت بوو ، شیری لە ملا بوو ، ئەیفەرموو: مەترسن، مەترسن ئەسپەکە وەکوو بەحر وایە ئەوەندە خۆشڕەوو خێرایە • ئەنەس فەرمووی : ئەسپەکە ئەسپێکی تەمەڵو خرس بوو • لە حەدیثە دوەمینەکەدا ئەفــەرموێ : ئەسپێکی لــە ئەبوطەلحە خواست ناوی مەندووب بـوو ، خرس‌بوو • لە حەدیثەکەی دواییدا ئەفەرموێ : سواری ئەسپێکی ئەبوطەلحە بوو ئەسپەکە تەمەڵ بوو ، بە تەنها بە غارکردن تەشـــریفی چـوەدەرێ ، خەڵقیش سواربوون لە دوای ئەو بە غار رۆیین • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : مەترسن ئەسپەکە بەحرە ، لە دوای ئەوە ئـــەو ئەسپە نەگیرا ، هیچ ئەسپێ لێی پێش‌نەدەکەوت •

ئـــەم حەدیثـــە دەلالەت ئەکا لەسەر جوانیی‌و تەناسوبی وجوودی بەشەرییو مەلەکیی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەسەر تەناسوبی ئەعضای ، جوانیی رەنگی ، سەخاوەتی ، شەجاعەتی ، سوارچاکێتیی (فکرا وبدنا) ئیشتیغالی بە مەصالیحی عیبادی • هەم دەلالەت ئـــەکـا لەســـەر موعجیزەیێکی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە بەرەکەتی ئـەمـە کە زەمانێکی زۆر کەم پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ سواری بوە ئەسپێکی خرسی کەمڕەوت وا خۆشڕەوو بەبەز بوە کە هیـچ حـەیوانێ تۆزی پێی نەشکانبێ •

[لێرەدا ئەم میقدارە لە شەجاعەتی بەسە • لە غەزەواتا با خوصووص غەزای بەدر ، غەزای ئوحود ، غەزای خەندەق ، غەزای حونەین (إن شاء الله) ئەبینن(1) کە هەموو صیفاتی کەمالاتی خۆی (بالذات) موعجیزەیێکی بێ هەمتا بوە ـ علیه الصلاة والسلام ـ] •

(1) بۆ ئەم باسانە تەماشای بەرگی چوارەمی ئەم کتێبە بفەرموو .

ســـخاۆە :(١)

٤٨٥/٦٦ ـ جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] قال : ما سئل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شيئا قط فقال لا م ـ ٩/١٧٥ ، ح ـ ٩/٣١ ت •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قەط شتێکی لێ طەلەبنەکراوەو فەرموویێتی نا ، یەعنی ئەگەر ئەو وەختە مەوجوودی بووبێ پێی عـەطا فەرموە ، نەبووبێ وەعدەی پێداوە لە دواییدا داویەتێ •

قـال الفـرزدق :

ما قال لا إلا في تشـــهده   لولا التشـــهد كانت لاؤه نعـم

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە تەحیياتا نەبێ قەط نەیفەرموە لا ، ئەگەر تەحییات نەبوایە لە باتی لا ئەیفەرموو (نعم) یەعنی بەلێ •

٤٨٦/٦٧ ـ عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : ما سئل رسول‌الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على الاســـلام شـيئا إلا أعطاه ، قال : فجاءه رجل فأعطاه غنما بين جبلين ، فرجع الى قومه ، فقال : يا قـــوم أسلموا فإن محمدا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يعطي عطاء لا يخشـــى الفـــاقـــة •

٤٨٧/٦٨ ـ وفي أخرى عنه أن رجلا سأل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ غنما بين جبلين فأعطاه إياه ، فأتى قومه فقال : أي قـوم أسلموا، فوالله إن محمدا ـ صلى الله تعالى عليه وســـلم ـ ليعطي عطاء ما يخاف

(١) بەخشندەیی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ •

الفقر • فقال أنس [رضي الله تعالى عنه] : إن كان الرجل ليسلم مايريد إلا الدنيا ، وما يسلم حتى يكون الإسلام أحب إليه من الدنيا وما عليها م – ١٧٨/٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەسەر ئیسلامبوون هیچ شتێکی لێطەڵەب نەکراوە کە نەیدا ئیللا ئەو شتەی عەطافەرموە بەو کەسە ، پیاوێ‌هات ، یەعنی لە (مؤلفة القلوب) داوای مەڕێکی زۆری لێ کرد ئەوەندە زۆر بوو کە مابەینی دوو شاخی پڕ ئەکرد پێی عەطا فەرمووە • پیاوەکە چوەوە لای قەومەکەی پێی‌وتن : ئەی قەومی من موسوڵمان بین ، وەڵلاهی محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کەرەم‌و بەخششی ئەوەندە زۆرە ، ئەوەندە شت ئەبەخشێ لە فەقیریی ناترسێ • ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پیاو موسوڵمان ئەبوو غەیری دنیا هیچ مەقصوودی تری نەبوو ، نەدەبوو بە موسوڵمانی راست ، وردەوردە خوا دڵی رووناك ئەکردەوە وای لێ ئەهات کە موسوڵمانەتیی لە لای لە دنیاو لەوەی بەسەر دنیاوەیە خۆشەویستر ئەبوو •

٦٩/٤٨٨ – عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : توفّي النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – ودرعه مرهونة عند يهودي بثلاثين ! يعني صاعا من شعير ح – ٦/٤٦ •

تەرجەمە :

[ناوی جوولەکەکە (أبو الشحم)بوو ، قیمەتی جۆیەکە دیناریێ بوو]•

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – وەفاتـی کرد زرێـکەی رەهنـی جوولەکەیێ =بوو= موقابیلی سـی مەن جۆ •

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – چەند سەخیی بوە ؟ چەند قانیع بوە ؟ چەندە خەوفی خوای بوە ؟ زرێکەی ناوەتە رەهن مەبادا بە

قەرزاریی وەفات بکا • چەندەی غەنائیم گرتـوە هەمووی بەخشیوە لـە ئاخری عومریا زرێی ناوەتە رەهن !

ئینسانی قەرزار ئیحتیاط بکا موقابیلی قەرزەکەی شتێ دابنێ •

٤٨٩/٧٠ ـ عن ابن شهاب قال : غزا رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ غزوة الفتح ، فتح مكة ثم خرج رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بمن معه من المسلمين ، فاقتتلوا بحنين ، فنصـر الله ـ عـز وجل ـ دينه والمسلمين ، وأعطى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يومئذ صفوان بن أمية [وهو الذي مرَّ حديثه في الإيمان[1] أنه لما دعـا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عمه أبا طالب إلى الاسلام حين احتضاره منعه هو وأبو جهل عن قبوله ، ثم قتل أبو جهل في البـــدر وهدى الله صفوان مع مسلمة الفتح كأبي سفيان ومعاوية ومن معهما إلى الإسلام بإحسان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] مائة من النعم ، ثم مائة ، ثم مائة • قال ابن شهاب : حدثني سعيد بن المسيب أن صفـوان قال : والله لقد أعطاني رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ماأعطاني وإنّه لأبغضُ الناس إلي فما بـرح يعطينـــي حتى إنـــه لأحب النـــاس إليَّ م ـ ٩ / ١٧٨ •

تەرجەمە :

[ئەم حەدیثە ئەوەڵەکەی مورسەلە چونکی صەحابیی تەرك کردوە ، ظاهیر وایە لە سەعیدی بنی موسەییەبی بیستبێ ، ئەویش لـــە صـــەفوانی بیستبێ ، فەقەط ئیمامی نەوەویی ـ رحمه الله ـ هیچ قسەی لـەم حـەدیثـە نـەکـردوە] •

---

(١) ئەم باسە لە حەدیثی ژمارە (٩٦/٢٢٤)ی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبـــەدا رابـــــورد •

لە ئیبنوشەهابی زوهرییەوە ریوایەتکراوە کە پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ غەزای فەتحی مەککەی کرد • لە دوای فەتح پێغەمـەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ لەگەڵ ئەو موسوڵمانانەی کە لە خدمەتیا بوون تەشریفی چوو بۆ حونەین ، خوا نەصرەتی دینی ئەوو[1] موسوڵمانانی دا• پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـئەو رۆژە صەد وشتری دا بە صەفوانی کوڕی ئومەییە ، لە دواییا صەدی تری دایێ ، لە دواییا صەدی تری دایێ• ئیبنوشەهاب ئەڵێ : سەعیدی کوڕی موسەییەب ـ رحمه اللە ورضي عـن أبیه ـ قسەی بۆ کردم کە صەفوان ـ رضي اللە تـعالی عنــه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ ئەو عەطایەی پێکردم کە پێی کـردم پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ مەبغووضترینی هەموو کەس بـــوو لام ، هەر کەرەمو ئیحسانی لەگەڵ کردم تا وام لێ هات کە ئێســـــتە پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ لە مەحبووبترینی هەموو کەســێکە لــەلام •

بە تەنها پیاوێ سێصەد وشتر ببەخشێو ، بە یەکێکی تر مابەینی دوو شــاخ مەڕ ببەخشێو کــەچی لــە حینی وەفاتیا زرێکەی لە رەهنی ســی مەن جۆدا بێ • ئەو رۆژە بە حەکیمی کوڕی حیزامو ، ئەقرەعی بنی حابیسو، ئەبو سوفیانو ، کێو کێ •••هەموو یەك ـ یەك چەند صەد وشتری دانێ، خۆیشی ـ علیه الصلاة والسلام ـ لە نانی گەندمو جۆ تێری نەخوارد !

٤٩٠/٧١ ـ عن جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالی عنهما ـ قال: قال رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : لو قد جاءنا مال البحرین لقد أعطیتك هكذا وهكذا وهكذا ، وقال بیدیه جمیعا • فقُبِضَ النبي ـصلی الله تعالی علیه وسلم ـ قبل أن یجيء مال البحرین فقدم علی أبي بـــكر

(١) ئەگەر بیفەرموایە «دینی خۆیو •••»جوانتر بوو •

[رضي الله تعالى عنه] =بعده= فأمر مناديا فنادى : من كانت له على النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عـدة أو ديـن فليأت ، فقمت فقلت : إن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لو قد جاءنا مال البحـرين أعطيتك هكذا وهكذا وهكذا • فحثا أبوبكر [رضي الله تعالى عنه] مرة، ثم قال لي : عُدّها فعددتها ، فإذا هي خمسمائة ، فقال : خذ مثليها م-٩/١٧٩، ح ـ ٥/٢١٠ وفيه بعد أو عدة :

فليأتنا ، فأتيته ، فقلت : إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال لي كذا وكذا • فحثا لي ثلاثا ، وجعل سفيان [بن عيينة] يحثو بكفيه جميعا ثم قال لنا [أي لعلي بن المديني ومن معه] : هكذا قال ابن المنكدر [محمد الراوي عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ] وقال [سـفيان] مرة : فأتيت أبا بكر [رضي الله تعالى عنه] فسألت فلم يعطني ، ثم أتيته فـلم يعطنى ، ثم أتيته الثالثة [فلم يعطني] فقلت : سـألتك فلم تعطني ، ثم سألتك فلم تعطني ، ثم سألتك فلم تعطني ، فإما أن تعطيني وإما أن تَبخَل عنّي [علي • نسخة] قال : قلتَ تبخل علَيَّ [عنّي • نسخة] ؟ ما منعتك من مرة إلا وأنا أريد أنَ أعطيك [ومنعه لئلا يحرص أو لئلا يَزْدَحَم عليه] قال سفيان [بالسند إلى جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فحثى لـي حَثْيَة [حثى يحثي ، حثا يحثو : لغتان] وقال [لي] عُدّها فـوجـدتهـا خمسمائة قال : فخذ مثلها مرتين ، وقال يعني ابن المنكدر [بالسـند إلى أبي بكر ـ رضي الله تـعالى عنه ـ] وأي داء أدوأ من البخل ؟ [بضـم فسكون أو بفتحتين كالحزْن والحزَنِ] •

تەرجەمە :

جابیر ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێیفەرمووم: ئەگەر مالی بەحرەینمان بۆ بێ ئەوەندەو ئەوەندەو ئەوەندەت ئەدەمێ ، بە-

هەردوو دەستی موبارەکی ئیشارەتی کرد یەعنی بەهەردوو مســتی ســێ مست ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە پێش ئەمەدا کە مـاڵی بەحرەین بێ وەفاتی کرد • ماڵی بەحرەین بۆ ئەبوبەکر ـ رضي الله تـعالی عنه ـ هات ، ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەمری فەرموو بە جاڕدەر جاڕی دا : هەرکەسێ قەرزێ یا وەعدەیێکی لە خدمەت پێغەمەرا ـ صـلی الله تعالی علیه وسلم ـ بێ بێت بیدەینێ • [هەڵسام •م] چووم وتم: پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەگەر ماڵی بەحرەینمان بۆ بێ ئەوەندەو ئەوەندەو ئەوەندەت ئەدەمێ • ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ پڕ بە هەردوو دەستی مستێکی پێوا ، فەرمووی : بیژمێرە ، ژماردم پێنجصەد بوو فەرمووی : دوو ئەوەندەی تر هەڵگرە یەعنی مەجموعەکەی هەزارو پێنصەد بوو •

بوخاریی : سوفیان جارێ فەرمووی : کە جابیر ـ رضي الله تعـالی عنه ـ فەرمووی : چوومە خدمەت ئەبوبەکر ویستم نەیدامێ ، دووبـارە چوومەوە نەیدامێ ، سێبارە چوومەوە [نەیدامێ] وتم : جارێکم لێ ویستی نەتدامێ ، دووبارە لێم‌ویستی نەتدامێ ، سێبارە لێم‌ویستی نەتدامێ • یـا ئەبێ بمدەیتێ یا بەخیلیم لێ ئەکەی • فەرمووی : ئەڵێی بەخیلیم لێ ئەکەی؟ بە کوللیی مەنعم لێ‌نەکردی کە هەر نەتدەمێ ، هەر نیەتم وابوو کە بتدەمێ چ دەردێ هەیە لە بەخیلیی زیاتر بێ ؟!

٧٢/٤٩١ ـ عن جبير بن مطعم [رضي الله تعالى عنه] أنه بينما =هو= يسير مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ومعه الناس مَقْفَلَه من حُنَيْنٍ ، فَعَلِقَه النـاس يسـألونـه حتى اضطروه إلى سـَمُرة فَخَطِفَت رداءه ! فوقف النبي ـصلى الله تعالى عليه وسلمـ فقال: أعطوني ردائي لو كان لي عدد هذه العِضَاهِ نَعَما لقسمته بينكم ثم لا تجدوني بخيلا ولا كذوبا ولا جبانا ح ـ ٥/٥٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە تەشریفی لە حـونـەیـن گەڕایەوە خەڵقی لە خدمەتا بوو، خەڵق پیاهەڵاوەسران داوای شـتیان لێ ئەکرد تا خزانیانە بن دڕکەزیبێك ، دڕکەزیبەکە بەرماڵەکەی لێ فڕان ؛ لـە بەرماڵەکەی ئاڵاو لە شانی موبارەکی کردەوە ! پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ وەستاو فەرمووی : بەرماڵەکەم بدەنەوە ، ئەگەر بـە قـەد عەدەدی ئەم داڵو دڕکانە مەڕو بزنو گاجووتو وشترم ببێ هەمووتان لە بەینا بەش ئەکەم ، لە دوای ئەوەیش قەط نامبینن کە =نە= بەخیل بـم ، نە درۆزن بم ، نە ترسنۆك بم •

کەسێ هەرچی ئەو بیەوێ خوا بە ئارەزووی ئەو کا چۆن بەخیـل ئەبێ ؟ چۆن درۆزن ئەبێ ؟ چۆن ترسنۆك ئەبێ ؟

ئەمەیێ لە جوودو سەخاو فەضائیلی ئەخلاقی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ (بعون الله تعالی) لـە جیهاداو لە غەزەواتا(١) ئەبینی •

[علمـــه وخشـــيته](٢)

٤٩٢/٧٣ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : صنع [النبي• خ] رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [شيئا •خ] أمرا ، فترخص فيه، فبلغ ذلك ناسا من أصحابه فكأنهم كرهوه [فتنزه عنه قوم] وتنزهوا عنه، فبلغه ذلك [فخطب ، فحمد الله •خ] فقام خطيبا ، فقال : ما بـال رجال بلغهم عني أمر ترخصت فيه فكرهوه وتنزهوا عنـه ؟ فوالله لأنـا أعلمهم

(١) تەماشای دوای لاپەڕە (١٣٠)ی بەرگی چوارەمی ئەم کتێبە بکە .

(٢) زانیاریی‌و ترسی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە خوا .

بالله وأشدهم له خشية • وفي أخرى عنها قالت : رخص رسول الله ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ في أمر فتنزه عنه ناس من الناس فبلغ ذلك النبيَّ ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فغضِبَ حتى بان الغضبُ في وجهه ، ثم قال : ما بال أقوام يرغبون عما رخص لي فيه ؟! فوالله لأنا اعلمهم بالله وأشدهم له خشية م ـ ٩/٢١٦ ، ح ـ ٩/٦٢ • واللفظ لمسلم •

تەرجەمە :

عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئیشێکی کرد گەیی بە ئەصحابی کیرام ، ئەصحابی کـیرام خۆیان پارازت لەو ئیشە حەزیان لێ نەکرد ، ئەو خەبەرە گەیی بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلى الله تـعالى عليــه وســلم ـ غەضەبی گرت تا غەضەبەکەی لە رووی دیاریی دا ، خوطبەی خـوێـن ، حەمدو ثەنای خوای کرد فەرمووی : بەعزێ کەس چ ئەحوالێکیان هەیە ؟ من روحصەت ئەدەم بۆ شتێك کەچی ئەوان ئەیکەرهێنن‌و ئیعراضـی لـێ ئەنێن ؟ وەڵڵاهی من لەوان عالمترم بە خوا ، لەوان زیاتر لە خوا ئەترسم •

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەیدایە روویان ، تـەعیینـی کەسی نەکرد ، بەیانی ئەوەی کرد کە تەعەمموق لە عیبادەتا ، خۆپارازتن لە موباحو روخصەتا چاك نیە ، غەضەبگرتن بۆ موخالەفەی شەرع سوننەتـە لەمەدا حوسنی موعاشەرەتی تیایە •

قەسطەلانیی ئەڵێ : نازانم ئەو ئیشە چ ئیشێ بوو • ئەمما من لام وایە ئەو ئیشە ئەوەیە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليــه وســلم ـ لە حەججا ئەمری بەو ئەصحابانە کرد کە لە ئەشهوری حەججا بوون ئیحرامیان بە حەج دابەستبوو کە حەجەکەیان بـــکەن بە عومرەو لە ئیـــحرام بێنەدەرێ ، ئەصحاب لەبەریان گران بوو چونکی لە زەمانی جاهیللیەتا عومرەکردن لـە

ئەشهوری حەجا لە ئەفجەری فوجوور بوو ، ئەو خەبەرە بە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ گەیی ، ئەو وەختە خوطبەی خوێن‌و ئەوەی فەرموو. بەحثی (ان شاء الله) لە حەجا یێت . موراجەعەی عەدەدی م ـ ٥/٢٩٨ ، ٣٠٠ ، ح ٣/٢٥٨ ، ١٢٦ بفەرموون[1] .

طیب ریحـه ـ علیه الصلاة والسلام ـ[2]

٧٤/٤٩٣ ـ عن أنس [رضي الله تـعالى عنـــه] قال : ما شَمِمْتُ [بكسر الميم الأولى وبالفتح .من النووي] عنبرا قط ولا مسكا ولا شيئا أطيب من ريح رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ، ولا مَسِسْتُ شيئا قط ديباجا ولا حريرا ألين مسّاً من رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ م ـ ٩/١٩٣ ، ح ـ ٦/٣٠ بمعناه ، ولفظه : ما مَسِسْتُ حريرا ولا ديباجا ألين من كف النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ولا شممت ريحا قط وعَرْفا قط أطيب من ريح أو عَرْفِ النبي ـ صلى الله تعـالى عليـــه وســلم ـ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : قەط نە هیچ عەنبەرێکم نە هیچ میسکێکم ، نە هیچ شتێکم بۆن کردوە کە لە بۆنی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خۆشتر بووبێ ، نە دەستم لە هیچ شتێك داوە ، پارچە بووبێ ئاوریشم بووبێ کە دەستلێدانی لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وسلم ـ نەرمتر بووبێ . [ئەو بۆنە خۆشە بۆنی ذاتیی بوە بۆنی ئـــەو عەطرانە نەبوە کە لە خۆیی سوە ـ علیه الصلاة والسلام ـ نووي] گینا ئەنەس بەو نەوعە مەدحی بۆنخۆشیی ئەوی نەدەکرد] .

---

(١) تەماشای لاپەڕە (٢٩٠)ی بەرگی هەشتەمی ئەم کتێبە بکە .

(٢) خۆشیی بۆنی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ .

٤٩٤/٧٥ ـ عن جابر بن سمرة [رضي الله تعالى عنهما] قال : صليت مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ صلاة الأولى ، ثم خرج إلى أهله وخرجت معه ، فاستقبله وِلدان ، فجعل يمسح خَدَّي أحدهم واحداً واحداً • قال وأما أنا فمسح خَدَّيَّ ، قال : فوجدت ليـده بَرْداً ، أو ريحا [شك الراوي] كأنما أخرجها من جؤنة عطار [سفطه الذي فيه متاعه] م ـ ١٩٢/٩ •

تەرجەمە :

جابیری کوڕی سەمورە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی نوێژی نیوەڕۆم لە خدمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کرد لە دوایا تەشریفی لە مزگەوت هاتەدەرێ بۆ ماڵەوە منیش لە خزمەتیا چوومەدەرێ ، منالآن بەرەوپیری هاتن ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ یەکە یەکە دەستی موبارەکی بەسەر روومەتیانا ئەهێنا ، ئەمما من دەستی بە روومەتما هێنا ، لە دەستی موبارەکی فێنکیێ یا رایحەیێکم حیس کرد وەکوو دەستی لە عەطردانی عەطارێ هێنابێتەدەرێ [پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چەندە بێ کیبرو بـــێ نەفس بوە ؟ فەرقـــی گـــەورەو بوچووکو فەقیرو دەوڵەمەندی نەکردوە ، ئەو منالآنەی یەکەیەکە هەموو لاوانۆتەوە] •

سونەتە پیاوی گەورەو صالیح دەست بێنێ بەسەرو چاوی منالآ ، بەشەرتی خۆی •

٤٩٥/٧٦ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أزهر اللون كأن عَرَقه اللؤلؤ ، إذا مشـى تكفَّأ [مال يمينا وشمالا] ولا مَسِسْت ديباجة ولا حريرة ألين من كف [بەری دەستی موبارەکی] رسول الله ـ صلى الله تعـــالى عليه وسلم ـ ولا شَمِمْت مسكة ولا عنبرة أطيب من رائحة رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ م ـ ١٩٣/٩ •

تەرجەمە :

ئەنەس – رضي الله تعالى عنه – فـــەرمووی : پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – گوڵڕەنگ بوو ، عەرەقی وەك مرواری بوو [یەعنـــی ئەبوحەنیفە وەك ئەبویووسف وایە] تەشریفی بەڕێـــــدا بڕۆیبایە بە لای ڕاستو بە لای چەپا مەیلی ئەکرد • باقی مەعنای لە حەدیثی حەفتاو چوارا رابورد •

٤٩٦/٧٧ – وعنه قال : دخل علینا النبي –صلی الله تعالی علیه وسلم– فقال عندنا ، فعرق ، وجاءت أمي بقارورة ، فجعلت تسلت العـرق [أي تمسحه] فیها ، فاستیقظ النبي – صلی الله تعالی علیه وسلم – فـــقال : یا أم سُلَیم ماهذا الذي تصنعین ؟ قالت : هذا عرقك نجعله في طیبنـا وهو من أطیب الطیب م – ٩/١٩٣ [وكانت محرما له – علیه الصــلاة والسلام – النووي] •

تەرجەمە :

ئەنەس فەرمووی : پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – تەشریفی هاتە ماڵی ئێمە ، لامان قەیلوولەی کـــرد ، عەرەقی کـــرد ، دایكم لەگەڵ شووشەیێ هات عەرەقەکەی ئەسڕیە ناو شووشەکەوە • پێغەمەر – صلـــی الله تعالی علیه وسم – خەبەری بۆوە فەرمووی : (ئا ام سلیم) ئەوە چییـە ئەیکەی ؟ فەرمووی : ئەوە عەرەقی تۆیە ئەیکەینە ناو شتی بۆنخۆشمانەوە، عەرەقی پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – لە هەموو بۆنخۆشـــێ بۆنخۆشتر بوو • ئوممو سولەیم – رضي الله تعالی عنها – مەحرەم بوو بـە پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – •

٤٩٧/٧٨ – وعنه قال : كان النبي – صلی الله تعالی علیه وسـلم – یدخل بیت أم سلیم فینام علی فراشها ولیست فیه • قال : فجاء ذات یـوم

فنام على فراشها فأتِيت ، فقيل لها : هذا النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نائم في بيتكِ على فراشكِ . قال : فجاءت وقد عرق . واستنقع عرقه على قطعة أديم على الفراش ففتحت عتيدتها [ما تجعل فيه المرأة أعزة متاعها] فجعلت تنشف ذلك العرق فتعصره في قواريرها ، ففزع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : ماتصنعين يا أم سليم ؟ فقالت : يا رسول الله نرجو بركته لصبياننا . قال : أصبت م ـ ١٩٤/٩ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی ئەهاتە ماڵی ئومموسولەیم لە ناو نوێنەکەیا ئەنوست کە ئەوی تیانەبوایە . ئەنەس فەرمووی : ڕۆژێ تەشریفی هات لەسەر نوێنەکەی نوست . خەبەر ئەدرا بە ئومموسولەیم کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە ماڵی ئێوەدا نوستوە . ئومموسولەیم تەشریفی هاتەوە ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرەقی کردبوو ، عەرەقەکەی لەسەر پارچەیێ پێست کە لەسەر نوێنەکەی بوو کۆ بوبوەوە ئەو شتەی کە شتومەکی ئەوی تیابوو کردیەوە ، دەستیکرد بە سڕینی ئەو عەرەقە ئەیگوشییە ناو شووشەکانیەوە . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خەبەری بۆوە فەرمووی : ئەی ئومموسولەیم چی ئەکەی ؟ ئومموسولەیم ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : ئومێدمان هەیە کە بەرەکەت بێ بۆ منداڵەکانمان . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : چاکتکرد .

ئومموسولەیم بۆیە صەبری نەکرد تا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خۆی خەبەری بێتەوە مەبادا ئەو وەختە عەرەقەکەی وشکبێتەوە .

٤٩٨/٧٩ ـ عن أم سليم أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان

يأتيها فتبسط له نطعا فيقيل عليه ، وكان كثير العرق ، فكانت تجمع عرقه فتجعله في الطيب والقوارير ، فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يا أم سليم ما هذا ؟ قالت عرقك أدُوف به طيبي م ـ ١٩٥/٩ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی ئەچوە ماڵـــــی ئومموسولەیم پێستێکی بۆ ڕائەخست قەیلوولەی لەسەر ئەکرد . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرەقی زۆر بوو ، ئوممو‌ســــــــولەیم عەرەقەکەی کۆئەکردەوە ئەیکردە ناو ئەو شتانە کـــە بۆنخۆش بنو ناو شووشەکانی . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئـــەی ئوممو‌سولەیم ئەمە چییە ؟ فەرمووی : عەرەقی تۆیە تێکەڵ بە عەطری خۆمی ئەکەم .

نـقش خاتمـه[1] :

٤٩٩/٨٠ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن أبا بـكر الصديق ـ رضي الله تعالى عنه ـ لما استخلف بعثه إلى البحرين وكتب له هذا الكتاب [الذي يأتي إن شاء الله تعالى في الزكاة[2]] وختمه بخاتم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ وكان نقش الخاتم ثلاثـة أسطر : محمـد ، سـطر ، ورسول ، سطر . والله ، سطر ح ـ ١٩٢/٥ مباحث الخاتم فـي اللبـاس ح ـ ٤٤٣/٨ ، ت .

(١) شێوەی مۆرەکەی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ .
(٢) بڕوانە : لاپەڕە (٢٨٢)ی بەرگی هەشتەمی ئەم کتێبە .

تەرجەمە :

ئەنەس ئەفەرموێ : کە ئەبوبەکری صەدیق ـ رضي الله تعالی عنهما ـ بوو بە خەلیفە ناردی بۆ بەحرەین بۆ جەمعی زەکات ئەم کاغەزەی بـــــۆ نووسی [کە لە زەکاتا ییَت إن شاء الله] بە مـــۆری پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ مۆری کرد ، نەقشی مۆرەکەی سێ دێڕ بوو (محمد) دێڕێ بوو ، (رسول) دێڕێ بـــوو ، (الله) دێڕێ بـــوو ح ـ ٥/١٩٢ (الظاهر) وەها :

الله
رســول
محمــد — لەفظی جەلالە دێڕێ بــوو .

وجـوب اتبـاع اوامره ونواهيه(١) :

٨١/٥٠٠ ـ(٢) حدث عبدالله بن الزبير [رضي الله تعالى عنهما] أن رجلا من الأنصـار [قـد شهد بـدرا أخرى . البخـاري] خاصم الزبـير عند رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في شراج الحرة التي يَسْقُون بها النخل . فقال الأنصاري : سرِّح الماء [أرسـلـه] يمرّ ، فأبى عليه ؛ فاختصما عند رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ للزبير : اسق يا زبير ، ثم أرسل الماء إلى جارك . فغضب الأنصاري فقال : [يارسول الله . أخرى] آن [قصـــرا ومدا] كان ابن عمتك ؟! فتلوّن وجه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ ثم قال : يا زبير اسق ، ثم احبس الماء حتى يرجع إلى الجَدْر . فقال الزبير : والله لأَحسب هذه الآيـــة نـزلت في ذلك :(فلا وربك

(١) پێویستیی پەیرەوی‌کردنی ئەمرو نەهی پێغەمەر ـ صلـی الله تـعالی علیـــه وســـلم ـ .

(٢) ئـەم حـەدیثـە لـە لاپەڕە ٧٧ی بەرگی نۆیەمیشدا جـارێکی دیکـە نـووســـراوە .

لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم [ثم لا يجدوا في أنفسهم حرجا مما قضيت ويسلموا تسليما • نساء])[1] ح – ٤/١٩٠ ، ١٩٢ ، ٤١٣،ن• ح – ٧/٨٢ ، م – ٩/٢١٧ •

تەرجەمە :

پیاوێ لە ئەنصار لە ئەصحابی بەدر ناوی حومەید بوو لەسەر ئـاوی شیوێ کە لە شاخی ئەطرافی مەدینە ئەهاتە خوارێ خورمایان پێ ئاو ئەدا ، مورافەعەی لەگەڵ زوبەیرا کرد – رضي الله تعالى عنهما ـ ئەنصارییەکـــە ئەیفەرموو : ئاوەکە بەربدەرەوە بڕوا ، زوبەیـــر – رضي الله تعالى عنه ـ بۆی بەرنەدەدایەوە • دەعوایان بردە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالـــى عليه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : یا زوبەیر تۆ ئاوی پێ بدە • لە دوایيا بەرەڵای بکە بۆ دراوسێکەت • ئەنصارییەکـە لەوە تووڕە بوو ، وتی : (یا رسول الله) چونـــــکی کوڕی پوورتە ؟! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە رقانا رەنگی رووی گۆڕا ، لـــە دوایيا فەرمووی : یا زوبەیر ئاوی پێبدە ، لە دوایيا ئاوەکە بەربەست بکە تا بگەڕێتەوە بۆ دێراوەکان ، یەعنی تا پڕ ئەبـــــن • زوبەیر فەرمووی : وەڵڵاهی لام وایە ئەم ئایەتی سوورەتی نیسایە لە دەرحەقی ئەوە نازڵ بوە ، کە مەعنای وایە : نە وەڵڵاهی ئەوان بە تەواوەتی ئیمان ناهێنن تا تۆ ئەکەن بە حەکەم لـەو شتەدا کە ئیختیلافیان تیا ئەبێ و لە دواییشا لەوەی کە تۆ حوکمی پێ ئەکەی لە دڵیانا هیچ نارەزایی نەبینن ، بە تەواوەتی حوکمەکەی تۆ قەبووڵ ئەکەن • یەعنی هەرچی تۆ حوکمی پێ بکەی پێی رازیی بن لـــە (لە)یان بێ یا لە (عليه)یان ، هیچ غەش لە دڵیانا نەمێنێ ئەو وەختـە ئەبن بە موسوڵمانی تەواو • لە حەدیثی ح – ٧/٨٢ ئەمەی لێ زیادکردوە •

---

(١) النســــــاء / ٦٥ •

واستوعى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ للزبير حقه في صريح الحكم حين أحفظه الأنصاري ، وكان أشار عليهما بأمر لهما فيه سعة •

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بـە طەريقی صولح ئيشارەی پێ فەرموون بە شتێك كە بۆ ئەنصارييەكەيش باش بێ بۆ زوبەيريش گران نـەبێ ، بەعزێ لە حەقی زوبەيری دا بـە ئەنصارييەكە • كە رقی پێغەمەری هەڵسان ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حەقی خۆيی بە تەواويی دا بــــە زوبەير •

٥٠١/٨٢ ـ أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] يحـدث أنـه ســمع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : ما نهيتكم عنه فاجتنبوه، وما أمرتكم به فافعلوا منه ما استطعتم ؛ فإنما أهلك الذين من قبلكم كثرةُ مسائلهم واختلافهم على أنبيائهم م ـ ٢١٩/٩ ، ح ـ ٢٩٦/١٠ بتقديم الآخر على الأول ، وفي أوله : دعوني ماتركتكم • وفي رواية في مسلم ذروني•

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەيفەرموو : ئەوەی مــــن نەهيتان لێی ئەكەم مەيكەن ، ئەوی ئەمرتان پێ ئەكەم كە بيكەن ـ بيـكەن بە قەد تاقەت ؛ چونكە هەر زۆر پرسينەوەيان لە شـــــت ئوممەتی پێش ئێوەی بەهيلاكا بردوە ، ئيختيلافی زۆريان بوە لەسەر پێغەمەرەكانيان •

٥٠٢/٨٣ ـ عن سعد بن أبي وقاص [رضي الله تعالى عنه] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن أعظم المسلمين [في المسلمين •م] جرما من سأل عن [أمر •م] شيء لم يحرم فحرّم [على الناس •م] من أجل مسألته ح ـ ٢٩٦/١٠ ، م ـ ٢٢١/٩ ، د •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لە ناو موسوڵمانانا

گەورەترینی لە خوصووصی گوناها ئەو کەسەیە کە لە شتێکی پرســـیوە حەرام نەبوە لە پێشا لە دوایيا لەبەر سوئالی ئەو کەسە لێيان حەرام کراوە •

خۆلاصە زۆر کۆڵینەوە زەرەری هەیـــە ، ئەگەرچـــی واجببوونو حەرامبوون ئێستە نەماوە ؛ چونـــکی زەمانی وەحـــی بڕاوەتەوە ، ئەمما ئێستەیش لە بەینی خۆمانا بە تەجرەبە زەرەری زۆری بینراوە •

٨٤/٥٠٣ – موسى بن طلحة عن أبيه قال : مررت مع رســـول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – بقوم على رؤس النخل ، فقال : ما يصنع هؤلاء ؟ فقالوا : يلقّحُونَه ؛ يجعلون الذكر في الأنثى فتَلْقَحَ • فقال رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم –: ما أظن يغني ذلك شيئا • قال: فأخبروا بذلك فتركوه [فخرج شيصا • كما في الرواية الآتية ، وأشـــار إليه النووي ، ويقتضيه السياق] فأخبر رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – بذلك فقال : إن كان ينفعهم ذلك فليصنعوه ، فإني إنما ظننت ظناً ، فلا تؤاخذوني بالظن ، ولكن إذا حدثتكم شيئا فخـذوا به ، فـإني لن أكذب على الله عز وجل م – ٩/٢٢٨ •

تەرجەمە :

طەلحە فەرمووی : لە خدمەت پێغەمەرا – صلى الله تعالى عليه وسلم – بە لای قەومێکا رابوردم لەسەر دارخورما بوون • پێغەمەر – صلى اللـــه تعالى عليه وسلم – فەرمووی : ئەمانە چی ئەکەن ؟ فەرموویان : تەلقیـــح ئەکەن ؛ کەفی نێرەکەیان لە مێکەیان هەڵئەسوون ، بەوە ئاوس ئەبـــێ بەرەکەی بێتە بەرهەم • پێغەمەر – صلى الله تعالى عليەو سلم – فەرمووی : ظەن نابەم کە ئەوە هیچ فائیدەی ببێ • خەبەر درا بە قەومەکە وازیان لـــێ هێنا بەری هەڵنەپێچاو خراپ بوو • خەبەر درا بە پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – کە بەری هەڵنەپێچا • فەرمووی : ئەگەر فائیدەی بۆیان هەیە

بیکەن ؛ چونکی من ظەنم وابوو کە بێ فائیدەیە ، بە واسیطەی قسەیێ کە بە ظەن بیلێم موئاخەزەم مەکەن ، ئەمما لـە طەرەفی خواوە ـ عز وجـل ـ خەبەری شتێکتان بدەمێ ئەوە بگرن لێـــی لامەدەن ؛ چونکی من بە دەم خواوە ـ عز وجل ـ درۆ ناکەم •

٨٥/٥٠٤ ـ رافع بن خديج [رضي الله تعالى عنه] قال : قدم النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ المدينةَ وهم يأبِرُون النخل[بكسر البـاء وضمه] يقول يلقحون النخل • فقال : ماتصنعون ؟ قالوا : كنا نصنعه • قال : لعلكم لو لم تفعلوا كان خيرا • فتركوه ، فَنَفَضَتْ ، أو قـــال فَنَقَصَت • قال : فذكروا ذلك له • فقال : إنما أنا بشـر إذا أمرتكـم بشيء من دينكم فخذوا به ، وإذا أمرتكم بشيء من رأي فإنما أنا بشر • قال عكرمة [وهو ابن عماد أحد الرواة] : أو نحو هذا قـــال المَعْقِرِي [جعفر المعقرْ ناحية من اليمن] فنفضت ، ولم يشك م ـ ٩/٢٢٨ •

تەرجەمە :

رافیع ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی هاتە مەدینە ، ئەهلـــی مەدینە دارخورمایان تەلقیح ئەکرد ، فەرمووی : چی ئەکەن ؟ وتیان : هەر کردوومانە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ظەننم وایە ئەگەر نەیکەن چاکتر ئەبێ ، وازیان لێ هێنا ، هەڵی نەپێچا هەڵوەری ، یاخۆ ، رافیع فەرمووی : کـــەم بوو • شك لە طەرەف راویەوەیە • ئەوەیان عەرزی پێغەمەر کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : من هەر بەشەرم ، هەر وەقتێ ئەمرتـان پێ بکەم بە شتێ لە دین ئەو ئەمرە بگرن • ئەگەر بە رەئیی خۆم شتێکتان پێ بڵێم من هەر بەشەرم ، یەعنی وەکوو ئێوە • عەکرەمە ئەڵێ : یا قسەیێ وەك ئەم قسەیەی فەرموو • جەعفەری مەعقیریی ئەڵێ : رافیع (نفضت)ی وت • جەعفەر بە شك نەکەوت لە بەینی (نفضت) و (نقصت)ا •

٥٠٥/٨٦ ـ عن عروة عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] وعن ثابت عن أنس [رضي الله تعالى عنه] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مـر بقوم يُلَقِّحون ، فقال : لو لم تفعلوا لصَلُح ، قال : فخرج شـيصـا [وشـكەڵ] فمرَّ بهم ، فقال : ما لنخلكم ؟ قالوا : قلت كذا وكذا • قال: أنتم أعلم بأمر دنياكم م ـ ٩/٢٢٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە لای قەومێکا تەشریفـــی رابورد دارخورمایان تەلقیحئەکـــــرد فەرمووی : ئەگەر نەیشیکەن هەر پێئەگاو ئەبێ • عایشـــەو ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرموویان : هەڵینەپێچاو بە وشـكەڵ دەرچوو • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەلایانا رابورد فەرمووی : چی بوو دارخورماکانتان وای لێ هات؟ وتیان: تۆ وات فەرموو و وات فەرموو • فەرمووی : ئێوە عارفترن بـە ئیشـــی دنیاتـان •

مەقصوودی ئیلاهیی لە ناردنی پێغەمەران : ـ علیهم الصلاة والسلام ـ (أولا وبالذت) تەعلیمو تەهذیبی ئەخلاقی ئینســـانو ، لـــە بەینیـانـا خۆشڕابواردنو ، تەعلیمی عیبادەتو خواناسینو ئوموری ئاخیرەتـە • هەر پێغەمەرێ لەو خوصووصەدا موافیقی زەمانی خۆی چی لازم بێ بۆ ئوممەتی تەعلیمی فەرموون ؛ چونکە ئەوانە عەقڵ ظەفەری پێ نابا • بـۆ بەعزێ ئوموری دونیەویش کە ئینتیظامی عالەم تەوەققوفی بەسـتبێتـە سەر ئەو وەك : بەیعو ، نیکاحو ،قیصاصو ، ئەحـکامی لازیمەیان ••• تەبلیغی ئوممەتیان کردوە ، بۆ ماعەدای ئەمانە وەکوو : صەنایعو، تیجارەتو، زەراعەت عەقڵو عیلمی کافییان پێ ئیحسانکراوە ، ئەو ئیشانە حەواڵـــە بە خۆیان کراوە بە فەرزی کیفایە لەسەریان فەرزکراوە ، ئەمریان پێکراوە

کە بیـکەن • پێغەمەران ـ علیهم الصلاة والسلام ـ هەر مەئموورن بە تەبلیغ لەسەریان لازم نیە کە : ئاسنگەرییو ، جووتکردنو ، رێگەی تیجارەتیان فێرکەن ، لازمە خۆیان بیزانن ، لەو نەوعە ئیشانەدا ئەگەر پێغەمەر ـ علیه الصلاة والسلام ـ صیرف بە رەئیی خۆی شتێکیان پێبڵێ خیلافی تەجرەبەو عادەت بێ ؛ چونکی ئیحتیمالی خەطای هەیە لازم نیە لەسەر خەڵق کە بـە قسەیان بکەن ، بۆیە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئێوە ئیشی دنیاتان لە من چاکتر ئەزانن ، فەقەط فەرموودەی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە ئیجتیهاد بێ یا لە طەرەف خواوە وەحی کرابێ ، با ئومووری عادیەی دنیاییش بێ ، فەرزە لەسەر ئوممەت بـە ئـەمری بکەن ، ئەگەر نەیکەن ، وەك لە غەزای ئوحودا بوو زەرەرێکی گـەورە ئەکەن گوناهبار ئەبن ، ئەمر بە تەلقیحنەکردنی خورما نە بە ئیجتیهاد بوو نە بە وەحی بوو ، بۆیە فەرمووی : من بەشەرم ، یەعنی منیش وەکـــوو ئێوە خەطاو صەوابم مومکینە لێ صادر ببێ •

لەم حەدیثانە وا دەرەکەوێ کە تەشەببوث بە ئەسباب لازمە ، بـێ سەبەبی عادیی هیچ نابێ مەگەر موعجیزەیێ یا کەرامەتی وەلییێ خـەرقی ئـەو عادەتە بکا • وشترەکـەت ببەسـتەرەوەو ئەشـکێلی بکـە ئـەمجا تـەوەککول بکـە •

فضـــل النـــظر إليـــه(١)

٥٠٦/٨٧ ـ أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فذكر أحاديث منها ، وقال رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : والذي نفس محمد بيده ليأتينّ على أحدكم يوم ولا

(١) گەورەییو بەرەکەتی روانین بۆ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ •

يراني ثم لأن يراني أحب إليه من أهله وماله معهم • قال أبو إســحاق ـ أحد الرواة ـ: المعنى فيه عندي : لأن يراني معهم أحب إليه من أهـله وماله ، وهو عندي مقدم ومؤخر م ـ ٩/٢٣٠ •

تقديم (لأن يراني) على (لا يراني) كما قال ، وأما معهم فعلى ظاهره (النـووی)

[وعندي ـ ولو لم يكن لي عند" ـ لا حاجة إليه ولا إشكال في معنـاه أصلا من غير تقديم وتأخير ، بل في معنى لأن يراني معهم سخافة • رشيد] •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : قەسەم بەو ذاتەی کە نەفسی محمدی بە دەستە هەر یەك لە ئێوە ، رۆژێ ، زەمانێکی بەسەرا بێ‌و نامبینێ ئەگەر بمبینێ لە ماڵ‌و منالی لە لای مەحبووبتر ئەبێ •

ئەم مەعنایە چ خراپییێکی تیایە تا بڵێی تەقدیم‌و تەئخیری تیـایـە ؟ مەعناکەی وایە چاوپێکەوتنی منی لەگەڵ ماڵ‌و منالیا لە ماڵ‌و منالی لە لا خۆشەویستـرە • بۆچی ئەبێ لەگەڵ ئەهلیا بێ ؟ هەر چاوپێکەوتنی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە ماڵ‌و منالی لە لا خۆشەویستر ئەبێ منالی لەگەڵیا بێ یا نەبێ •

٥٠٧/٨٨ ـ وعنه أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال: من أشد أمتي لي حبا ناس" يكونون بعدي ، يود أحدهم لو رآني بأهله ومـالـــه م ـ ١٠/٣٠٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بەعزێ ئینسان کە لە دوای من ئەبن لەوانە کە مەحەبەتیان دەرحەقی من لـە هـەموو کەس زۆرترە هەر یەك لەوانە تەمەننای ئەوە ئەکەن کە بە موقابیلی ماڵ‌و منالیان من ببینن •

زهـده وقناعته ـ عليه الصلاة والسلام ـ(١) :

٥٠٨/٨٩ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أنه مشـى إلى النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بخبز شعير وإهالة سَنِخَة [ما اذيب من الشحم وقد تغيرت] ولقد رهن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ درعاً له بالمدينة عند يهودي [آبي الشحم] وأخذ منه شـعيرا لأهلـه ، ولقـد سمعته[عليه الصلاة والسلام] يقول : ما أمسى عند آل محمد = صلى الله تعالى عليه وسلم = صاع بر ولا صاع حب • قال [أنس] : وإن عنـــده لتســـع نســـوة خ ـ ١٧/٤ •

تەرجەمە :

ريوايەتە لە ئەنەسەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ كە نانی جۆو بـەزی تواوەی بۆنكردووم برد بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـــه وســـلم ـ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ زرێی خۆی لە مەدینەدا لـــە لای جوولەكەیێ بە رەهن دانابوو جـۆی لێ ســـەندبوو بۆ ماڵو منالّی • لە پێغەمەرم بیست ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەیفەرموو : لای ئالی محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـنە مەنێ گەندم نە مەنێ دانەوێلە شـــەوی نەكردۆتەوە • ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : نۆ حـەرەمی لـە خدمەتـا بـوو •

مەقصەدی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شكایەتی حـاڵی خۆی نەبوە لە لای خەڵق ؛ چونكی ئەوە لە مەنصەبی ریســالـــەت زۆر دوورە • مەقصەدی وابوە كە من گەورەی ئێوەمو پێغەمەری ئێوەم بـــەم نەوعە رائەبوێرم ، لەبەر فەقرو ضەروورەت نیە ، داوای هەرچییێ لە خوا

(١) دنیانەویستییو قنیاتی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ •

ـ عز وجل ـ بکەم حازرە بۆم بە ئیختیاری خۆم ئەیکەم کە موخالەفـەی ئەوانە بکەم لە ئاخیرەتا پێیان بڵێن شتی خۆشی خۆتان لە دنیادا بـــرد •• ئێوەیش وابن ، دنیاپەرست مەبن ، پەیڕەوی من بکەن هەموو لە ذەوقو عەیشتان بۆ ئاخیرەت هەڵبگرن • لە دنیابەڕۆژوو بـــن بـە ئـاخیـرەت ئیفطار بکـەنەوە •

ئەمجا بزانن قسەی (عەسقەلانی)یە یا قسەی (بەرماوی)و (کرمانی)و (عەینی)یە کە ئەڵێن : ئەم قسەیە قسەی ئەنەسە فەرموودەی پێغەمەر نیـــە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ یەعنی راویی ئەڵێ : لە ئەنەسم بیســـت ، نەك ئەنەس ئەفەرموێ لە پێغەمەرم بیست ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەم عیبارەتە ئەم مەعنایە چەندە دوورە •

٥٠٩/٩٠ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : [ما رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عاب] ماعاب النبي ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ طعاما قط ، إن اشتهاه أكلـه ، وإن كرهـه تركه ح ـ ٢١٦/٨ ، م ٣٥٣/٨ وإن لم يشتهه سكتَ م •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صـلی الله تعالی علیه وسلم ـ [قەط نەمدیوە عەیبی لە طەعام گرتبێ] قەط عەیبی لە طەعام نەگرتوە ، ئیشتیهای بووبێ خواردوویەتی ، حەزی لێنەکردبێ تەرکی کردوە • لە موسلیما : ئیشتیهای ئەو طەعامەی نەبووبێ بێدەنگ بوە•

٥١٠/٩١ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قالت : لقد مات رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـ وما شبع من خبز وزيت في يوم واحد مرتين م ـ ٤٢٦/١٠ •

تەرجەمە :

عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیـه وسـلم ـ وەفاتی کـرد هیچ رۆژێ دوو دەفعە لـە نـانو زەیتـوون تێـر نـەبـــوو ٠

٥١١/٩٢ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : والذي [نفس آبي هريرة • أخرى ، م] نفسي بيده ما أشبع رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ أهله ثلاثة أيام تباعـا من خبز حنطـــة حتى فارق الـدنيـــا م ـ ٤٢٦/١٠ • يشير باصبعيه مرارا يقول • أخرى ، م•

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : قەسەم بەو ذاتـە کە نەفسی ئەبوهورەیرە لە قەبضەی قودرەتیایە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ تا تەشریفی لە دنیا جویٚبۆوە سێ رۆژ لەسەر یەك ئـەهـلو عەیالی لە نانی گەندم تێرنەکرد •

٥١٢/٩٣ ـ نعمان بن بشير ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول أَلَسْتُمْ في طعام وشراب ما شئتم ؟ لقد رأيت نبيكم ـ صلى الله تـــعالى عليـــه وسلم ـ وما يجـــد من الـدقـل [تمر رديء] ما يملأ =بـــه= بطنـــه م ـ ٤٢٦/١٠ •

تەرجەمە :

نوعمانی بنی بەشیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : بۆ ئێـوە بـە هەوەسی خۆتان لە طەعامو شەرابا نین ؟ وەڵلاهی من پێغەمەری ئێوەم دی ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ لە کام خورما کە خراپە ئەوەندەی دەست نەکەوت کە پڕ بە زگی بێ •

عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : اللهم [ارزق • أخرى ، م ، خ] اجعـل رزق آل محمـــــد كفـــافـــا [قـــوتـــا • أخـــرى] م ـ ١٠/٤٢٤ ، م ـ ٤/٤٤٠ ، ح ـ ٩/٢٥٣ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : یا خوا رزقی ئالی محمد بکەی بە قووت ، بیکەی بە کەفاف ، یـەعنـی بەوەندە کە پێـــی رابوێرنو بەشیان بکا • بۆ کەسی خۆیشی رازیی نەبوە بە دنیا ـ علیـــه الصـلاة والسلام ـ •

٥١٣/٩٤ ـ عن عائشـة [رضي الله تعـالى عنها] قالت : ما شـبع آل محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ منذ قدم المدينة من طعام بـر ثلاث ليال تباعا حتى قبض [حتى مضى لسبيله] من خبز شعير يـوميـن متتابعين حتى قبض رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ روايات عنها• م ـ ١٠/٤٢٤ ، ٤٢٥ •

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : لەو رۆژەوە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی هاتوە بۆ مەدینە تا وەفاتی فەرموو سێ شەو لەسەر یەك ئەهلو عەیالی لە طەعامی گەندم تێرنەبوون ، لە ریوایەتەکەی تریا ئەفەرموێ : دوو رۆژ لەسەر یـــەك لـە نانی جـۆ تێر نـەبـوون •

٥١٤/٩٥ ـ عن عروة عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] أنها كانت تقول : والله ياابن اختي إن كنا لننظر إلى الهلال ثم الهلال ثم الهلال، ثلاثة أهلة في شهرين ، وما أوقِـدَ في أبيات رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه

وسلم ـ نار ! قال : قلت : يا خالة فما كان يُعيشكم ؟ قالت: الأسودان: التمر ، والماء ، إلا أنه قد كان لرسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ جيران من الأنصار ، وكانت لهم منائح ، فكانوا يرسلون إلى رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ من ألبانها فيَسـقِيناه ، م ـ ١٠/٤٢٥ ، ح ـ ٤/٣٢٢ .

تەرجەمە :

عوروە ئەفەرموێ : حەزرەتی عائیشە ـ رضـي الله تـعالى عنهـا ـ ئەیفەرموو : وەڵلاهی ئەی کوڕی خوشکی خۆم ئێمە تەماشای هیلالمان ئەکرد ، لە دواییا تەماشای هیلالمان ئەکرد ، لە دواییا تەماشای هیلالمـان ئەکرد ، سێ هیلال لە دوو مانگا [یەعنی مانگ نوێ ئەبۆوەو ئەڕۆیی ، مانگی دواییش نوێ‌ئەبۆوەو ئـەڕۆیی ، مانگی سێیەم نوێ‌ئەبۆوە] لە هیچ ماڵێکی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئاگر نەکرایەوە ! عـوروە ئەفەرموێ : وتم : ئەی پووری ئەی چی ئیعاشەی ئێوەی ئەکرد ؟ [بـە چی ئەژیان ؟] فەرمووی : ئەو دوو شتە رەشە مەعلوومە کـە خـورماو ئاوە ئەوانە ئێمەیان ئەژیان ، ئەوەندەی هەیە پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ چەند دراوسێیێکی بوو لە ئەنصار حەیوانی بەشیریان بوو ، لە شیری ئەو حەیوانانە بۆ پێغەمەریان ئەنارد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەویش بە ئێمەی ئەخواردەوە ، ئەیدا بە ئێمەو ئەمانخواردەوە .

٩٦/٥١٥ ـ وعنها قالت ـ توفِّي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ حين شبع الناس من الأسودين : التمر ، والماء م ـ ١٠/٤٢٦ .

تەرجەمە :

= حەزرەتی عائیشـە ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ ئەفەرموێ : = پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەفاتی فەرموو لەو وەختەدا کە خەڵق لـەو دوو شتە رەشە کە خورماو ئاون تێر بوون .

وعنها قالت : ما أكل آل محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أكلتين في يوم إلا إحداهما تمر ح ـ ٩/٢٥٢ ، م ـ ١٠/٤٢٥ •

تەرجەمە :

= هەروەها حەزرەتی عائیشه ـ رضي الله تعالى عنها ـ = فەرمووی : هیچ رۆژێك ئالی محمد ـ صلى الله تعــالى عليه وســـلم ـ دوو جاریان نەخواردوه ئەگەر خواردبێتیان جارێكیان خورما بوه •

٥١٦/٥٧ ـ وعنها قالت : كان فراش رسول الله ـ صلى الله تعـــالى عليه وسلم ـ من أَدم وحشوه من ليف ح ـ ٩/٢٥٢ •

تەرجەمە :

= هەروەها فەرموویەتی : = نوێنـــی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە چەرم بوو ناوەكەی پووشی خورمای تێ خرابوو •

حوضـــه ـ عليه الصلاة والسلام ـ(١)

٥١٧/٩٨ ـ عن أبي حازم قال : سمعت سهلا يقول : سمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : أنا فرطكم على الحوض [إلى هنا عن جندب أيضا ـ رضي الله تعالى عنه ـ] من [مرّ علي] ورد شَرِب ومن شرب لم يظمأ أبدا • وليردن علي أقوام أعرفهم ويعرفوني ، ثم يحال بيني وبينهم • قال أبو حازم : فسمع النعمان بن أبي عياش وأنا أحدثهم هــذا الحديث فقال : هكذا سمعتَ سعدا يقول ؟ قال : فقلت : نعم • قـال : فأنا أشهد على أبي سعيد الخدري [رضي الله تعـــالى عنـــه] لسمعته يزيد فيقول: إنهم مني • فيقال : إنك لا تدري ماعملوا بعدك ! فأقول : سحقاً سحقا لمن [غير • خ] بـدل بعدي م ـ ٩/١٥٦ ، ح ـ ٩/٣٢٤ •

(١) حەوزی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ •

تەرجەمە :

ئەبوحازم ئەفەرموێ : لە سەهلی بنی سەعدی ساعیدیم بیست ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەیفەرموو : کە لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ م بیست ئەیفە رموو : من موقەددیمەی ئێوەم لە سەر حەوز [یەعنی لە پێش ئێوەوە ئەچم لە گوێ حەوزەکە جێتان بۆ حازر ئەکەم] هەرکەسێ بێتەسەر ئەو حەوزە لێیئەخواتەوە ، هەرکەس لێی بخواتەوە قەط تینووی نابــێ • چەند قەومێ بێنە لام ئەیانناسم ئەمناسن ، لە دوایيا مانیع ئەخرێتە بـەینی منو ئەوانەوە ، یەعنی مەنع ئەکرێن لەوە کە بگەنە لای مــــن • ئەبوحازم ئەفەرموێ : نوعمانی بنی عەیاش گوێی لێ بوو کە من ئەم حەدیثەیان بــۆ ئەگێڕمەوە وتی : تۆ بەم نەوعەت لە سەهل بیست کــە ئەیفەرموو ؟ وتم : بەڵێ • نوعمان وتی : من شەهادەت ئەدەم لەسەر ئەبوسەعیدی خودریـــی ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە لێمبیست ئەمەی لێ زیـــاد ئەکرد کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەیفەرموو : ئەمانە لە منن [یەعنی بۆ چییان مەنع ئەکەن کە بێنە لام سەر حەوزەکە ؟] پێمئەوترێ : تۆ نازانی کە لە پاش تۆ چییان کردوە ! یەعنی دینەکەتیان گۆڕیوە • منیش ئەڵێم بەهیلاك بچن ، بە هیلاك بچن ئەوانەی لە دوای من دینی گۆڕیوە [و مورتەد بوون] !

(إن شاء الله) من لە خدمەت مەلاحسەینا ئەچینە خدمەت پێغەمــەر ـ عليه الصلاة والسلام ـ بۆسەرحەوزەکەی پێغەمەر ـ صــلى الله تعـــالى عليه وسلم ـ مەلا حسەین بانگ ئەکا ، ئەویش پەلی من رائەکێشێ لــەگــەڵ خۆی ئەمباتە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە دەســـتی موبارەکی ، ئەو لە پێشاو ، من لە دوایيا تێر تێر لەو حەوزە ئەخۆینەوە • (اللهم ائتني سؤلي بجاه صاحب الحوض المورود ـعليه الصلاة والسلامـ)•

لەو وەختەدا کە بۆ تەصحیح تەماشای ئەم جێیەم ئەکرد ئەم رجایەم بە دڵا هات ، با لە شیعریش نەزانم ئەینووسم • یەکشەنبە ، ٩٤٠/٩/٢٢ •

خـوايـا تـوو سـەری پێغەمبەری خـۆت
کـە ناردووتـە عوبوودییەت بکـەيـن بـۆت
صەلاتی تـۆو سەلامیشتی لەسـەر بـێ
لـە دڵمـان غەیری حوبتان دەربـەدەر بـێ
لەسەر ئـاڵو لەسەر ئەصـحابو ئـەزواج
لـە فەضڵو رەحمەتت بـۆیان بکەی تـاج
لـە خـزمەتیا بچینە حـەوزی کـەوثـەر
حسـەینو من تیاکـەین ئەمبەرەو بـەر
لـە ئـاوی خۆینـەوە تینوو نـەبین قـەط
لـە جەنـنـەتدا بکـەی بۆمان ضیافـەت

٩٩/٥١٨ ـ قال عبدالله بن عمرو بن العاص [رضي الله تعالى عنهما] قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حوضي مسيرة شهر، وزواياه سواء ، وماؤه أبيض من الوَرِق ، وريحه أطيب من المسك ، وكيزانه كنجوم السماء فمن شرب [منها •خ] منه فلا يظمأ بعده أبدا م ـ٩/١٥٨ ، ح ـ ٩/٣٢٢ ، وليس فيه وزواياه سواء ، ولفظ بعده ، وفيه (منها) بـدل (منـه) •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : حەوزی من رێـی مانگێ رێگەیە ، گۆشەکانی بەقەد یەکە [یەعنی چوار گۆشەیە] ئاوەکەی لە زیوسپیترە ، بۆنی لە میسك خۆشترە ، گۆزەی ئەطرافی بە قەد ئەستێرەی ئاسمانە ، هەرکەسێ لێی بخواتەوە لە دوای ئەوە قەت تینووی نابێ •

١٠٠/٥١٩ ـ قال نافع بن عمرو الجمحي : قال ابن أبي مليكة [بعد الحديث السابق] وقالت أسماء بنت أبي بكر [رضي الله تعالى عنهما]:

قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إني على الحــوض حتى أنظر من يرد علي منكم ، وسيؤخذ أناس دوني فأقول : يا رب مني ومن أمتي • فيقال : أما شَعَرْتَ [من بـاب نصــــر] ماعملوا بعدك ؟ والله ما برحوا بعدك يرجعون على أعقابهم • قال [نافع] : فكان ابن أبي مليكة يقول : اللهم إنا نعوذ بك أن نرجع على أعقابنا أو نفتن عن ديننا م-٩/١٥٨• وعن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ مثله وفيه : يقول وهو بين ظهــراني أصحابه • وفيه : فوالله ليقتطعن دوني رجـــال فـلأقولن : أي رب ••• م - ٩/١٥٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : من لەسەر حەوزم تا تێفکرم کێ دێتە لام ، بەعزێ کەس ئەگیرڕێن مەنع ئەکرێن نایێڵن بێنەلام سەر حەوز • ئەڵێم : یاڕەببی ئەوانە لە منن لە ئوممەتی منن • پێم‌ئەوترێ : بۆ نازانی لە دوای تۆ چییان کردوە ؟ وەڵڵاهی لە دوای تۆ هەر لە گەڕانەوەدا بوون پاشەوپاش بۆ دواوە ئەگەڕانەوەو لـە دین لایان ئەدا • نافیع ئەڵێ : ئیبنو ئەبی مولەیکە کە ئەم حەدیثەی ریوایەت‌ئەکرد هەر ئەیوت : یاڕەببی پەنا ئەگرین بە تۆ لەوە کە پاشەوپاش لە دین بگەڕێینە دواوە ، یا ئەیوت: لە خوصووصی دینمانەوە تووشی فیتنە ببین • راویی تەرەدودی هەیە کە ئیبنوئەبی‌مولەیکە کامیانی وتوە •

١٠١/٥٢٠ ـ عن أم سلمة [رضي الله تعالى عنها] زوج النبي ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنها قالت : كنت أسمع الناس يذكرون الحوض ، ولم أسمع ذلك من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فلما كان يوما من ذلك والجارية تَمْشُطُني [من باب نصر] فسمعت رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : أيها الناس • فقلت للجـاريـة :

استأخري عني • قالت : إنما دعا الرجال ولم يدع النسـاء • فقلت : إني من الناس • فقال رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ: إني لكم فرط على الحوض ، فإياي ، لا يأتِيَنَّ أحدكم فيُذَبُّ عني كما يذبُّ البعير الضال • فأقول : فيم هذا ؟ فيقال : أنت لا تدري ما أحدثوا بعدك فأقــول : سُحْقا م ـ ١٥٩/٩ •

تەرجەمە :

ئومموسەلەمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ حەرەمی پێغەمەر ـ صلی الله تعالـی علیه وسلم ـ ئەیفەرموو : لە خەڵقم ئەبیست کە بەحێیان لە حەوز ئەکرد • ئەمما لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـم نەبیستبوو • کـــە رۆژێ لەو رۆژانە بوو جارییەکەم سەری دائەهێنام ، گوێم لێ بوو کە پێغەمـەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەیفەرموو : (أيها الناس) : ئەی ئینسانان• بە جارییەکەم وت : لێمبچۆرە دواوە • وتی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالـــی علیه وسلم ـ هەر پیاوانی بانگکرد ، ژنانی بانگنەکرد • وتم : منیش لە ئینسانانم [چووم‌و دانیشتم] پێغەمـــــەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : من پێشڕەوی ئێوەم بۆ سەر حەوز جێتان بۆ حازر ئەکەم بێنە لام • زینهار ! هیچ کەسێ لە ئێوە نەیێت‌و مەنع‌بکرێ لە من نەیێڵن بێتە لام وەکوو چۆن وشتری لاعیە مەنع ئەکرێ [کە لەگەڵ وشـترەکانی صاحیب ئاوەکەدا ئاو نەخواتەوە] منیش ئەڵێم : بۆچی نایێڵن بێن ؟ جوابـــــم ئەدرێتەوە : تۆ نازانی کە لە دوای تۆ چییان ئیحداث‌کردوە ! منیش ئەڵێم : بەهیلاك بچن !

٥٢١/١٠٢ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنــه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : بينا أنا قائم [على الحوض] فـإذا زمـــرة ، حتى إذا عرفتهم خرج رجل [أي ملَك موكل بذلك] من بيني وبينهـم•

فقال : هلم ! فقلت : أين ؟ قال : إلى النار • والله قلت : وما شـأنهم ؟ قال : إنهم ارتدوا بعدك على أدبارهم القهقرى • ثم إذا زمرة حتـى إذا عرفتهم خرج رجل من بيني وبينهم • فقال : هلم ! قلت : أين ؟ قال : إلى النار • والله قلت : ماشأنهم ؟ قال : إنهم ارتدوا =بعدك= على أدبـارهم القهقرى فلا أُراه يخلص منهـم إلا مثل هَمَل النعم [ضـوال الابـل] ح ـ ٩/٣٢٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لەو وەختەدا کە لەسەر حەوز راوەستابووم کۆمەڵێ خەڵق هاتن لێم نزیکبوونەوە تا ناسیمن ، کە ناسیمن یەکێ لە بەینی منو ئەوانـا چـوە دەرێ پێیوتن : دەی‌بێن : وتم : بۆ کوێ ؟ وتی : بۆ ئاگر • وەڵلاهی وتم : چییان‌کردوە ؟ وتی : لە دوای تۆ پاشەوپاش لـە دین وەرگـەڕاون • لـە دواییا زومرەیێکی تر هاتن ، تا وەختێ کە ناسیمنەوە ، پیاوێ لە بەینی منو ئەوانا چـوەدەرێ ، وتی : دەی بێن ! وتم : بۆ کوێ ؟ وتی : بۆ ئاگر • وەڵلاهی وتم : چی لێ رووداون • وتی : لە دوای تۆ پاشەوپاش لە دین وەرگەڕاون • ئـەو زومرانە ظەن نابەم کـە یەکێکیان لێ نەجات بێ مەگەر وەك وشترێ لـە صاحێبەکەی ونبووبێ • یەعنی کەمیان نەجاتی ئەبێ •

٥٢٢/١٠٣ ـ عن عُقْبة بن عامر [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خرج يومـا فصلى على أهل أحد صلاته على الميت ، ثم انصرف إلى المنبر فقال : إني فرط لكم ، وأنا شهيد عليكم • وإني لأنظر إلى حوضي الآن ، وإني قد أُعطيت مفاتيح خزائن الأرض ، أو مفاتيح الأرض ، وإني والله ما أخاف عليكم أن تشركوا بعدي ، ولـكني أخاف عليكم أن تتنافسوا فيها م ـ ٩/١٦٠ • عقبة من فضلاء الصحابـة ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ح ـ ٩/٣٢٦ •

تەرجەمە :

ریوایەتە لە عوقبەی بنی عامیر ـ رضي الله تعالى عنـــه ـ کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رۆژێ تەشریفی چوە دەرێ ، نوێژی لەســەر ئەهلی ئوحود کرد وەك چۆن لەسەر مردوو نوێژی ئەکرد ، لە دوايیـــا تەشریفی گەڕایەوە سەر مینبەر فەرمووی : من پێشڕەوی ئێوەم ، مـــن شاهیدیتان بۆ ئەدەم ، من وەللاهی ئێستە تەماشای حەوزەکەم ئەکەم ، من بە تەحقیق کلیلی هەموو خەزێنەی ئەرزم پێ عەطاکراوە ، یاخۆ فەرمووی : هەموو کلیلی ئەرزم پێ عەطاکراوە • وەللاهی لێتان ناترســم کە لە دوای من شەریك بۆ خوا بگرن • لەوە لێتان ئەترسم کە لەو خەزێنانەی ئــەرزا حەسەد بە یەکتری ببەن •

ئەمە موعجیزەیێکی گەورەیە بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هەر لە دوای وەفاتی زۆری پێ نەچوو ظوهووری کردو تا ئێستە باقیە •

شەهیدی حەرب دروستە نوێژی مردووی لەسەر بکرێ • دوای دفن بۆ مردوو لە قەبرا دروستە نوێژی جەنازەی لەسەر بکرێ •

١٠٤/٥٢٣ ـ عن عقبة بن عامر [رضي الله تعالى عنـــه] قال : صلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على قتلى أحد ، ثم صعد المنبر كالمُودِّع للأحياء والأموات • فقال : إني فرطكم على الحـوض ، وإن عرضه كما بين أيلة إلى الجَحْفَة • إني لست أخشى عليكم أن تشركوا بعدي ، ولكني أخشى عليكم الدنيا أن تتنافسوا فيها وتقتتلوا فتهلكوا كما هلك من كان قبلكم • قال عقبة ـ رضي الله تعالى عنه ـ : فكانت آخر ما رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على المنبر م ـ ١٦٠/٩ ، ح ـ ٣٢٦/٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نوێژی جەنازەی، لەســـــەر شوهەدای ئوحود کرد ، لە دواییا تەشریفی چوە سەر مینبەر ، وەك ویـداع لەگەڵ زیندوو و مردووا بکا ، فەرمووی : من پێشڕەوی ئێوەم بۆ ســەر حەوز ، پانیی حەوزەکە وەکوو بەینی ئەیلەو جەحفەیە • من ترس ناکەم لە ئێوە کە لە پاش من شیرك بۆ خوا پەیدا بکەن • ئەمما بۆ دنیا لێتان ئەترسم کە حەسەد بە یەکتریی ببەنو شەڕی لەسەر بکەن لەگەڵ یەکتری ، بـــەو واسیطەیە بە هیلاك بچن وەك ئەوانەی کە لە پێش ئێوەوە بوون بـە هیلاك چوون • عوقبە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەیفەرموو : ئەوە ئاخرجارێ بــوو کە پێغەمەرم دی ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەسەر مینبەر •

ئەم زیادەیش موعجیزەیێکی ترە •

١٠٥/٥٢٤ ـ عن عبدالله [ابن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنا فرطكم على الحـوض [وليُرفَعَنَّ رجال منكم ، ثم ليُختَلَجُنَّ دوني • فأقول •••خ-٩/٣٢١] ولأنازعن أقواما ، ثم لأُغْلَبُنَّ عليهـم • فأقـول : يـا رب أصحابي ، أصحابي ! فيقال : إنك لا تدري ما أحدثوا بعدك م ـ ٩/١٦١، ح-٩/٣٢١•

تەرجەمە :

=عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود ـ ر رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ: پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : من پێشڕەوتانم بۆ سەر حەوز لەوێ = موجادەلە ئەکـەم لەگەڵ مەلائیکەی عەذاب بـۆ چـەنـد قەومێ کە نەیانبەن بۆ جەهەننەم ، غەڵەبەم بەسەرا ئەکەن ، ئەڵێم : یاڕەببی ئەصحابی منن ! (إلخ •••) (وعن حذيفة ـ رضي الله تعالى عنه ـ مثله)•

١٠٦/٥٢٥ ـ عن حارثة [بن وهب الخزاعي] ـ رضي الله تعالى عنه ـ

أنه سمع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : حوضه مابين صنعاء والمدينة • فقال له المستورد : ألم تسمعه قال الأواني ؟ قال : لا• فقال المستورد : ترى فيه الآنية مثل الكواكب م ـ ٩/١٦١ ، ح ـ ٩/٣٢٧ •

تەرجەمە :

حاریثە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـی بیست فەرمووی : حەوزی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ بە قەد مابەینی صەنعاو مەدینەیە ، موستەورید ـ رضي الله عنه ـ فەرمووی : کاسەکانت لێ نەبیست ؟ فەرمووی : خەیر • موستەورید فەرمووی : کاسەکانی [یا گۆزەکانی] لە حەوزەکەدا یەعنی لە کەناریا وەك ئەستێرە ئەبینرێن ، یەعنی ئەوەندە زۆرن •

عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن أمامكم حوضا كما بين جَرْباء وأذرح [قريتان بالشام ، بينهما مسيرة ثلاثة أيام ـ ليال • م ـ] فيه أباريق كنجوم السماء، من ورده فشرب منه لم يظمأ بعده أبدا م ـ ٩/١٦٢ ، ١٦٤ ، ح ـ ٩/٣٢١•

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی : حەوزێکتان لە بەردەمەوەیە بە قەدەری مابەینی جەرباو ئەذروحە ، بە قەد عەدەدی ئەستێرەی ئاسمان مەسینەی تیایە ، یەعنی لە کەنارییایە هەرکەسێ چووە سەری‌و لێی بخواتەوە قەت تینووی نابێ •

٥٢٦/١٠٧ ـ عن أبي ذر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قلت : يا رسول الله ما آنية الحوض ؟ قال : والذي نفس محمد بيده لآنيته أكثر من عدد نجوم السماء وكواكبها ، ألا في الليلة المظلمة المَصْحِيَّةِ ، آنية

الجنة من شرب منها لم يظمأ ، آخر ما عليه يَشْخَبُ فيه [يســـيل] ميزابان من الجنة ، من شرب منه لم يظمأ ، عرضه مثل طوله ما بين عمان إلى أيْلة ، ماؤه أشد بياضا من اللبن وأحلى من العسل م ـ ٩/١٦٥ •

تەرجەمە :

ئەبوذەڕ ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمویٚ : وتم : (یارسول الله) ظەرفی حەوز چیە ؟ فەرمووی : قەسەم بەوەی نەفسی محمدی بە دەســتە ظەرفی ئەو لە عەدەدی ئەستێرەی ئاسمان زیادترە لە تاریکەشـــەوا کـــە سایەقەی صاف بێ ، هەموو ظەرفی بەهەشتن هەرکەسێ لێی بخــواتــەوە تینووی نابێ تا ئاخری ئەو حاڵەی لەسەریەتی [یەعنی بە ئەبەدیی ؛ چونکە ئەو حاڵە ئاخری نیە] لە بەهەشتەوە دوو پلوسکی ئەڕژێتە ناو ، هەرکەسێ لێی بخواتەوە تینووی نابێ ، پانیەکەی بە قەد درێژاییەتی ، بە قەد مابەینی عەمان تا ئەیلەیە ، ئاوەکەی لە شیر سپی‌ترە لە هەنگوین شیرینترە •

٥٢٧/١٠٨ ـ عن ثوبان [رضي الله تعالى عنه] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إني لبِعُقْرِ حوضــي [موضــع الإبل إذا ورد الحوض] أذود الناس لأهل اليمن ، أضرب بعصاي حتى يرفَضَّ عليهــم [يسيل عليهم] فسئل عن عرضه ، فقال : من مقامي إلى عَمَّان • وســئل عن شرابه ، فقال : أشد بياضا من اللبن وأحلى من العسل ، يغتّ [أي يدفق] فيه ميزابان من الجنـــة ، أحــدهما من ذهب والآخــر من وَرِق م ـ ٩/١٦٦ •

تەرجەمە :

ثەوبان ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمویٚ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : من لەبەر ئاوەڕۆگەی حەوزەکەمام خەڵق مــەنــع ئەکەم لێی بۆ ئەهلی یەمەن بە عەصاکەم لێیان ئەدەم تا ئاوی حەوزەکەیــان

بۆ بچێ • لێی پرسرا کە : چەند پانە ؟ فەرمووی : لـەم جێیەی کـە لێی ڕاوەستاوم تا عەممان • لە ڕەنگ و تامی ئاوەکەی لێی پرسرا ، فەرمووی : لە شیر سپییترە ، لە هەنگوین شیرینترە ، دوو پلوسکی لە جەنەتەوە تیا هەڵەقوڵێ یەکێکیان لە ئاڵتوونە یەکێکیان لە زیوە •

١٠٩/٥٢٨ ـ حدث أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : قدر حوضي كما بين أيلة وصنعاء =من= اليمن ، وإن فيه من الأباريق كعدد نجوم السماء م ـ ٩/١٦٨ • خ ـ ٩/٣٢٣ • ومثله عن جابر بن سمرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ وفي أوله : الا إني فرطكم م ـ ٩/١٧٠ •

تەرجەمە :

=ئەنەسی کوڕی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی := میقداری حەوزەکەم بـە قـەد مابەینی ئەیلەو صەنعای یەمەنە ، ئەوەندەی لوولەینە لێیە بە قەد عـەدەدی ئەستێرەی ئاسمان •

ئـەوەنـدە کافیـە •

الكوثـر(1)

١١٠/٥٢٩ ـ عن سعيد بن جبير ـ رحمه الله ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : الكوثر الخير الكثير الذي أعطاه الله إياه • قـال أبو بشر : قلت لسعيد إن أناسا يزعمون أنه نهر في الجنة • فقال سعيد: النهر الذي في الجنـة من الخير الذي أعطـاه الله إيـاه ح ـ ٩/٣٢٢ ، ح ـ ٧/٤٢٠ •

---

(1) باســی حەوزی کەوثــەر .

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالی عنهما ـ فەرمووی : کەوثەر کە لــە (إنا أعطیناك) دایە ئەو خەیرە زۆرەیە کە عەطاکراوە بە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەبوبیشر ئەفەرموێ : لە سەعیدم پرسیی : کە بەعزێ کەس ئەڵێن : کەوثەر نەهرێکە لە بەهەشتا • سەعید فەرمووی : ئەو نەهرە لەو خێرە زۆرەیە کە خوا پێی عەطا فەرموە •

ئەو صەحابییانەی (حەدیثی حەوز)یان ریوایەتکردوەو لە موسلیمو بــوخــارییــان :

١ ـ سەهلی بنی سەعدی ساعیدیی •
٢ ـ ئەبو سەعیدی خودریی •
٣ ـ عبدالله بن عمرو بن العاص •
٤ ـ أســماء بنت أبي بكــر •
٥ ـ عـائیشــة •
٦ ـ أم ســـلمة •
٧ ـ أبو هریـرة •
٨ ـ عقبة بن عــامر •
٩ ـ عبدالله بن مسعود •
١٠ـ حارثة ابن وهب •
١١ـ عبدالله بن عمر •
١٢ـ أبــو ذر •
١٣ـ حذیفة بن الیمان ، صاحب سر النبي ـصلیاللهتعالیعلیهوسلمـ•
١٤ـ ثوبان مولی النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ •
١٥ـ أنس بن مالك •

١٦- مســـتورد •

١٧- جابر بن سمرة - رضي الله تعالى عنهم -

قاضی عەیاض - رحمه الله - ئەفەرموێ : ئەحادیثی حەوز صەحیحە ، ئیمان بەو فەرزە ، باوەڕپێکردنی لە ئیمانە لای ئەهلی سوننەتو جەماعەت• مەعنایان لەسەر ظاهیرییە تەئویلی تیا نیە • حەدیثی موتەواتەرە • غـەیری موسلیم لە : (١) ئەبوبەکر • (٢) زەیدی بنی ئەرقەم • لە (٣) ئەبوئومامە• لە (٤) عەبدوڵلای بنی زەید • لە (٥) ئەبوبەرزە • لە (٦) سوەیدی بنـی جەبەلە • لە (٧) عەبدوڵلای بنی صەنابجی • لە (٨) بەرای بنـی عـازیب •لە(٩)خەولەی بینتی قەیس •• ئەمە کەلامی قاضیە • نەوەویی ئەفەرموێ: (قلت)غەیری موسلیمو بوخاریی لە عومەری بنی خەطاب لە عائیدی بنـی عەمر •• ریوایەتیان کردوە •

ئـەم بیستو هەشت صەحابییە - رضي الله تعالى عنهم - ریوایەتیـان کردوە• (من النووي) ٩/١٥٥) •

مەلا حسەین - إن شاء الله - پاڵت پێوە ئەنێم ئەتخەمە ناوی ، ئەممـا مەترسە ناخنکێیت ؛ چونکە مردن خۆی ئەمرێ ، کەس نامرێنێ •

قدر عمره ـ ص ـ[1]

١١١/٥٣٠ ـ عن أنس بن مالك [رضي الله تعـــالى عنه] قال : قبض رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو ابن ثلاث وستين سـنة . وابو بكر الصديق [رضي الله تعالى عنه] وهو ابن ثـلاث وسـتين • وعمـر [رضي الله تعالى عنه] وهو ابن ثلاث وستين م ـ ٩/٢١٠ •

تەرجەمە :

ئەنەس ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شەصتو سێ ساڵ بو کە وەفاتی کرد • ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ شـەصتو

(١) ئەندازەی تەمەنی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ •

سێ ساڵ بو کە وەفاتی کرد • عومەر – رضي الله تعالى عنه ـ شەصت‌و سێ ساڵ بو کە وەفاتی کرد • [بۆیە لە مەرقەدیشا تەشریفیان لە خزمەتیایە]•

عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] أن رسول الله توفي وهو ابن ثــلاث وســـتين م – ٩/٢١٠ •

تەرجەمە :

عائیشە – رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم – بە شەصت‌و سێ ساڵیی وەفاتی کرد م – ٩/٢١٠ •

٥٣١/١١٢ – عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] أن رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مكث بمكة ثلاث عشرة سنة ، وتوفّي وهو ابن ثلاث وستين م ـ ٩/٢١١ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس = رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : = پێغەمەر صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە مەککەدا سێنزە ســـاڵ مایەوە ، وەفـــاتی کــرد شەصت‌و سێ ساڵ بو •

٥٣٢/١١٣ – عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] إن رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ توفّي وهو ابن خمس وستين مـ ٩/٢١٣•

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صــلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەفاتی کرد عومری شەصت‌و پێنج ساڵ بو •

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە ئەوەڵی ساڵا بە وەلەد نەبوو لە (ربيع الأول)ا تەشریفی هاتۆتە دنیاوە ، لە (ربيع الأول)ا وەفاتی فەرموو• ئیبنو عەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ کەسری ساڵەکانی بە ساڵ داناوە ، لە

حەدیثەکەی پێشوویا کەســــرەکانی حســــێب نەکردوە • لــە بەینیانا مونـافـات نیـــە •

١١٤/٥٣٣ ـ عن عائشة وابن عباس [رضي الله تعالى عنهم] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لبث بمكة عشر سنين ينزل عليه القـرآن، وبالمدينة عشرا ح ـ ٤٦٤/٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی دە ساڵ لە مەککەدا مایەوە قورئانی نازڵ ئەبوە سەر ، لە مەدینەیشا دە ساڵ •

بــە چل ساڵیی بوو بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ، سێ ساڵیش فەترەتی وەحی بوو ئەمە ئەکاتە شەصتو سێ ساڵ •

١١٥/٥٣٤ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قال : أقام رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بمكة خمس عشرة سنة يســـمع الصـــوت [صوت الهاتف] ويرى الضوء [نور الملائكة ، ونور آياته تعالى] سبع سنين، ولا يرى شيئا ، وثمان سنين يوحى إليه ، وأقام بالمدينة عشرا م ـ ٢١٣/٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پانزە ساڵ لە مەککەدا ئیقامەتی فەرموو ، لە حەوت‌ساڵیدا دەنگی هاتیفی ئەبیست ، روونـاکیی نـووری مەلائیکەو ئایاتی خوای ئەبینییو هیچی تری نەدەبینی ، هەشت سـاڵیش وەحی بۆ ئەهات ، دە ساڵیش لە مەدینەدا تەشریفی ئیقامەتی فەرموو •

بــەحیســابە ئەکا شەصتو پێنچ • کەسری بــە تـام حسێب کردوە لە ئیقامەتا ، لە نوزوولی وەحیا لە مەککە کەسری تەرك کردوە •

١١٦/٥٣٥ ـ عن عمار مولى بني هاشم قال : سألت ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما]: كم أتى لرسول الله ـصلى الله تعالى عليه وسلمـ يوم مات؟

فقال : ماكنت أحسب مثلك من قومه يخفى عليه ذلك • قال : قلت : إني سألت الناس فاختلفوا عليَّ فأحببت أن أعلم قولك =فيه=• قال:أتحسب؟ قال : قلت : نعم • قال : أمْسِكْ أربعين بعث إليها خمس عشرة بمكـة يأمن ويخاف ، وعشر من مهاجره إلى المدينة م ـ ٩/٢١٢ •

تەرجەمە :

عەمماری مەولای بەنی هاشم ئەفەرموێ : لە ئیبنوعباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـم پرسیی کە لەو رۆژەدا کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـــه وســـلم ـ وەفاتی فەرموو چەند ســـاڵی رابوارد بوو ؟ فەرمووی : ظەننم نەدەبرد میثلی تۆ لە قەومی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئـەوەی لەسەر مەخفی بێ • عەممار وتی : وتم : لە خەڵقم پرسی ئیختیلافیان کـرد لەسەر من ، هەرکەس بە نەوعێکی پێ وتم ؛ حەزم کرد بزانم قسەی تـۆ لەوەدا چۆنە • ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : حسـاب ئەزانی ؟ وتم : بەڵێ • فەرمووی : چل ساڵ رابگرە کە لەسەری ئەو چلەدا مەلائیکەی نێررایە لا ، پانزە ساڵ لە مەککەدا بوو ئەترساو ئەمین ئەبوو، دە ساڵیش لە هیجرەتیەوە بۆ مەدینە •

١١٧/٥٣٦ عن عمرو بن دينار قال : كم لبث النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ بمكة ؟ قال : عشرا • قال : قلت : فإن ابن عباس ـ رضـي الله تعالى عنهما ـ يقول : ثلاث عشرة [بضع عشرة • أخرى ، م] فـال : فغفَّره • وقال : إنما أخذه من قول الشاعر م ـ ٩/٢١٠ :

[حيث يقــول :

ثـوى في قريش بضع عشرة حجة

يـذكـر لو يلقى خليـلا مواتيـــا]

تەرجەمە :

عەمری بنی دینار فەرمووی : بە عوروەم وت : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ چەند ساڵ لە مەککەدا ئیقامەتی فـەرمـوو ؟ وتی : دە ساڵ ٠وتم : ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : دە سـاڵو ئەوەندە ٠ لە ریوایەتەکەی ترا سێنزە ساڵ ٠ عەمر وتی : عوروە وتـی : خوای لێخۆش بێ ئەوەی لە قەولی شاعیر ئەخذ کردوە ٠

[کە مەعنای وایە : پێغەمەر ـ صلی الله تـعالی علیـە وسلم ـ دەو ئەوەندە ساڵ لە ناو قورەیشا ئیقامەتی کرد ، وەعظـو نەصحیەتی خەڵقـی ئەکرد بە ئومێدی ئەوە دۆستێکی حەمیمی تووش ببێ ٠ ئەو شاعیـــرە
الله تعالی عنە ـ نەوەویی] ٠

جاهیلییەتا تەعظیمی خوای ئەکرد ، لە تەعظیمی خوادا شیعری ئەوت ـ رضي
چاکی کرد ، ئەو وەختە پیاوێکی پیربـوو ، حەق‌گـــۆ بوو ، لە زەمانی

١١٨/٥٣٧ ـ عن جرير [رضي الله تعالى عنه] قال : كنت بالبـحر [باليمن] فلقيت رجلين من أهل اليمن ذا كَلاَع وذا عمرو [وكانا من الملوك]

ئیبراهیم ـ علیه الصلاة والسلام ـ ئەکەم ٠ کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالـی علیـە وسـلم ـ هیجرەتی کرد بۆ مەدینە موسوڵمان بوو ، ئیسلامەتییێکی
ژنی حەیزدارو ئینسانی جونوبی نەدەچوە ناو ٠ فەرمووی : عیبادەتی خوای
عەدیی ئەنصارییە ٠ لە زەمانی جاهیلییەتا گۆشەی ئینزیوای[1] گرت ، لـە
بت جوێ بۆوە ، غوسلی جەنابەتی کرد ، هۆدەیێکی خۆی کرد بە مزگەوت،
ئەبوقەیسە کە ناوی صیرمەی کوڕی ئەبو ئەنەسی کـوڕی مالیکی کوڕی

فجعلت أحدثهم عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال لـه ذو عمرو : لئن كان الذي تذكر من أمر صاحبك لقد مرّ على أجلـه منذ

(١) واتـە : گۆشـەگیر بـوو ٠

ثـلاث [علمه بذلك باطلاعه على الكتب المتقدمة] وأقبلا معي حتى إذا كنا في بعض الطريق رُفِع لنا ركب من قبل المدينة ، فسألناهم ، فقالوا : قبض رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ واستخلف أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] والناس صالحون . فقالا : أخبر صاحبك أنا قد جئنا ولعلنـا سنعود إن شاء الله تعالى . ورجعنا إلى اليمن ، فأخبرت أبا بكر بحديثهم . قال : أفلا جئت بهم ؟ [وروى سيف أن أبا بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بعث أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ يستنفر أهل اليمن إلى الجهاد، فرحل ذو الكلاع ومن معه] فلما كان بعدُ قال لي ذو عمرو [في خلافـة عمر ـ رضي الله تعالى عنه] : يا جرير إن بك علي كرامة وإني مخبرك خبرا : إنكم ـ معشـــر العـــرب ـ لن تزالوا بخير ماكنتم إذا هلك أمير تأمَّرتم في آخر ، فإذا كانت بالسيف كانوا ملوكا يغضَبون غضب الملوك ويرضون رضا الملوك ح ـ ٦/٤١١ .

تەرجەمە :

جەریر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە بەحر بووم [لە یەمـەن بووم] لە ئەهلی یەمەن بە دوو پیاو گەییم ذوعەمرو ذوکەلاع ، قسەم لـــە پێغەمەر بۆ ئەکردن ـ صلی الله تعالى عليه وسلم ـ ذوعەمر پێی‌وتم : ئەوەی تۆ ئەیلێی دەرحەقی صاحیبەکەت بووبێ خەبەرت ئەدەمـــێ کە سێ رۆژ بەسەر ئەجەلیا رابوردوە ، یەعنی سێ رۆژە کە وەفاتی کردوە [ئەمەی لـــە موطالەعەی کتێبی پێشوەوە زانیوە] هەردوکیان [لەگەڵ ئەتباعیانا] لەگەڵ من روویان‌کردە مەدینە تا لە رێدا لە مەدینەوە چەند سوارێکمان پێ‌گەیی ، لێمان‌پرسین ، وتیان : پێغەمەر ـ صلی الله تعالـــی عليـه وســـلم ـ رۆحی موبارەکی قەبض‌کرا ، ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کـــرا بە خەلیفە ، خەڵقیش رەحەتن ئەحواڵیان باشە . ذوعەمرو ذوکەلاع وتیان : خەبەر بدە بە صاحێبەکەت کە ئێمە هاتین [یەعنی خەبەری وەفاتی پێغەمەرمان زانـــی

ـ صلى الله تعالى عليـه وسـلم ـو گەڕاینەوە] (إن شاء الله) بێینەوە • گەڕانەوە بۆ یەمەن قسەکانم عەرزی ئەبوبکر کرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : بۆ نەتهێنان ؟ کاشکی بتهێنانایە ! لە دوای ئەم حادیثەیە ، کـە وابوو [لە خەلافەتی ئیمامی عومـــەرا ـ رضي الله تعالـی عنه ـ ذوعەمر هیجرەتی کرد] ذوعەمر پێی‌وتم : ئەی جەریر لەسەر من ئیکرامت هەیە من خەبەرێکت ئەدەمێ : ئەی مەعشەری عەرەب ئێوە قەط لەسەر خێر زەوالتان نابێ ، یەعنی قەط لەسەر خێر لاناچن هەر لە خێرا ئەبن ، مادام کە یەکێ لە ئەمیری ئێوە وەفاتی کرد مەشوەرەت ئەکەن لە نەصبی ئەمیرێکی ترا ، یەعنی بە مەشوەرەتی بەینی خۆتان خەلیفە نەصب‌و ئینتیخاب بکەن ؛ چونکی کـە خەلیفەنەصبکردن بە قووەتی شیر بێ ئەو خەلیفانە نابن بە خەلیفە ئەبن بـە پادشاە ، وەك پادشا غەضەب ئەگرن ، وەك پادشا رازیی ئەبن [یەعنی حەق‌و عەدالەتیان لێ دوور ئەبێ • لە حەقیقەتا وایە ؛ هەموومان بە چاوی خۆمان دی ، ئێستەیش وایە ، خوا ئیصلاحی حاڵی هەموو موسوڵمانان بکا] •

ئەم ئەثەرە موناسبی ئیمامەتە دەخڵی بەسەر عومرەوە نیە ، موسـلیم لێرەدا ذیکری کردوە •

٥٣٨/١١٩ ـ عن أبي إسحاق قال : كنت جالسا مع عبدالله بن عتبة [رضي الله تعالى عنه] فذكروا سن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال بعض القوم : كان أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] أكبر [سنا] من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال عبدالله [رضي الله تعالى عنه]: قبض رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو ابن ثلاث وستين • ومات أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] وهو ابن ثلاث وستين • وقتل عمـر [رضي الله تعالى عنه] وهو ابن ثلاث وستين • قال : فقال رجل من القوم يقال له عامر بن سعد : حدثنا جرير [رضي الله تعالى عنه] قال : كنا قعودا

عند معاوية فذكروا سن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقـال معاوية : قبض رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو ابن ثلاث وستين سنة ، ومات أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] وهو ابن ثلاث وستين• وقتل عمر [رضي الله تعالى عنه] وهو ابن ثلاث وستين م ـ ٢١٢/٩ وفـي أخرى عن جرير مثل ماروي عنه ، وفي آخره [قال معاوية] : وأنـا ابـن ثـلاث وســتين •

تەرجەمە :

ئەبوئیسحاق ئەفەرموێ : لە خدمـــەت عەبـــدوڵلای بنی عوتبەدا دانیشتبووم ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەحثیان لە عومری پێغەمەر کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەعزێ لەو جەماعەتە وتیان : ئەبوبەکر ـ رضـي الله تعالى عنه ـ بە عومر لە پێغەمەر گەورەتر بوو • عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەفاتی کرد عومری شەصتو سێ بـوو • ئەبوبەکـر ـ رضـی الله تعـالی عنـــه ـ وەفـاتی کرد عومری شەصتو سێ بوو ، عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ وەفـاتی کرد عومری شەصتو سێ بوو • پیاوێ لـەو جەماعەتە کە عامیری بنی سەعدی پێ ئەڵێن وتی : جەریر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قسەی بۆ کردین کە لە خدمەت موعاویەدا دانیشتبووین بەحثیان لە عومری پێغەمەر کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ موعاویە وتی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قەبضی رۆحی موبارەکی کرا عومری شەصتو سێ بوو • ئەبوبەکر وەفاتی کرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ عومری شەصتو سێ بوو • حەزرەتی عومەر شەهید کرا عومری شەصتو سێ بوو •

لە ریوایەتەکەی تری جەریرا ـ رضي الله تعالى عنـــه ـ ئەفەرموێ : موعاویە وتی : منیش عومرم شەصتو سێیە •

ئەم ئەثەرانە کە دائیرن بە عومــــری پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ هیچیان تەحقیق نین ، ئەنەس لە دوای هیجرەت پێغەمەری دیوەو ناسیویەتی ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئیبنوعەباس و عایشە لە وەختـــی بەعثەتا لە دنیادا نەبوون • ئیبنو عەباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ لە ضوعەفا بوو لەگەڵ دایکیا لە مەککەدا مابۆوە لە صوڵحی حودەیبیەدا لەگەڵ دایکی هیجرەتیان کرد • موددەی صوحبەتی دوو سێ ساڵێکە • جەریر سێ مانگ لە پێش وەفاتی پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ موسوڵمان بوو ، ئەمما گەلێ هونەری نوان ؛ کەعبەی ذولخولصـــــەی یەمامەی سووتان • موعاویە دوای فەتح لە ترسی شیری شێری خوا فاروقی ئەکبەر موسوڵمان بوو (مؤلفة القلوب)بوو لە وەختی ئەم قسەیەدا عومری شەصتوســـــێ بووبێ ، چل ساڵیش لە زەمانی ئیمامی عومەرەوە بیگرە تا ئەو رۆژە ئەمیرو پادشاە بوو ، ئەم چل ساڵە لە شەصتو سێی عومری دەرچێ ئەبێ کە لـە طەرەفی ئیمامی عومەرەوە ـ رضي الله تعالی عنه ـ کرا بە ئەمیری شـــام عومری بیستو سێ بوو بێ ، تا ئەو وەختەیش هیچ نەبێ سێ چوار ساڵێ رابوردوە لە وەفاتی (سید الانام) ـ علیه الصلاة والسلام ـ ئەبێ لە وەختی وەفاتی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عومری لە بیست ساڵ کەمتر بووبێ • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بیستو سێ ساڵ لەوەپێش رەوانەکراوە کە وابێ ئەبێ موعاویە دوای ســـێو چوار ســـاڵ لە بەعثەت هاتبێتە دنیاوە ، ئەبێ ئەویش عومری پێغەمەری ـصلی الله تعالی علیەوسلم ـ لە خەڵق بیستبێ • وەلحاصڵ ئەوەی لەم ئەثەرانە مەعلووم ئەبێ لە عومری پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ سێ ریوایەت هەیە : (٦٠، ٦٣، ٦٥) ئیمامی نەوەویی ـ رحمه الله ـ لە عولەماوە ریوایەتی شەصتو سێ ساڵی تەرجیح داوە • موراجەعەی نەوەوی بکە جلد ٢٠٨/٩ ـ رضي الله تعالی عنهم أجمعین ـ •

کەسيش لە پێغەمەری نەبيستوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ .

تم مباحث فضائله ـ عليه الصلاة والسلام ـ وإن كانت فضائله غير متناهية ، وكل مافي القرآن والأحاديث فضائله ، ولا يحيط بها إلا الله(١) ـ عز وجل ـ ٢٣/٧/٩٤٠ .

ئەم حەديثەيش لە فەضائيلی دونيەويی پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مەنبەعی ئەخلاقی کەريمەيەتی لە فـــکرم چووبـــوو کە لێرەدا بينووسم ، وا ئەينووسم ١٤/٨/٩٤٠ .

شـق صدره الشريف وشرحه(٢)

١٢٠/٥٣٩ ـ عن أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] أن رســـون الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أتاه جبريل وهو يلعب مع الغلمان فأخذه فصرعه فشق عن قلبه فاستخرج القلب ، فاستخرج منه علقة فقال: هذا حظ الشيطان منك ، ثم غسله في طست من ذهب بماء زمزم ، ثم لأمــه ، ثــم أعاده في مكانه وجاء الغلمان يسعون إلى إمه ، يعني ظئره ، فقالوا : إن محمدا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قد قتل ، فاستقبلوه وهو منتقع اللون . قال أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ : وقد كنت أرى أثــر ذلك المِخْيط في صدره م ـ ٢/٧٣ .

تەرجەمە :

لە ئەنەسی بنی ماليك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ريوايەتکراوە کـــــە

---

(١) باسی فەضائيلی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەواو بوو ، هەرچەند فەضائيلی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کـۆتايی نايەتو ، چی لە قورئانو حەديثەکاندايە هەمووی فەضائيلی پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خوا نەبێ هيچ کەس پەيی پێ نـــاباتو نايزانـــێ .

(٢) کردنەوەی سنگی پيرۆزی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و پاککردنەوەی .

جیبریل ـ علیه السلام ـ هاتە لای پێغەمەر ـ صلی الله تعالـی علیه وسلم ـ ئەویش لەگەڵ منالاّنا یاریی ئەکرد ، پێغەمەری ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ گرتو خستی ، سنگی موبارەکی لەسەر قەلبی شەریفی شەق‌کردو ، قەلبی شەریفی هێنایەدەرێو پارچەیێ خوێن‌پارەی لیێ دەرێناو ، فەرمووی : ئەمە بەشی شەیطانە لە تۆ ، لە دواییا لە ناو تەشتێکی ئاڵتوونا بـــە ئاوی زەمزەم شتیو هێنایەوە یەکو نایەوە جێی خۆی • منالاّن بە هەڕاکردن هاتنە لای دایکی ، یەعنی دایەنەکەی کە حەلیمەی سەعدییەیە ـ رضي الله تعالی عنها ـ وتیان : کە محمد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کوژرا • بەوەوە رۆیین کە پێیگەیین پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ رەنگی تێکچووبوو • ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : من جێی دەرزییەکەم لە سنگی موبارەکیا ئەبینی •

ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنه ـ لەو وەختەدا هیچ خەبەرو ئەثەری لـە دنیادا نەبوو • ئەبێ ئەمەی لە نەفسی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بیستبێ ئەویش فەرموویێتی کە ئەو خەطو ئەثەرە کە ئەنەس دیویەتی جێی دەرزیی حەزرەتی جیبرەئیلە ـ علیه السلام ـ •

دروستە پیاو تەماشای ماعەدای عەورەتی پیاو بکا •

لە بوخارییو موسلیما بەحث لە دوو دەفعەی شەققی صەدری شەریفی ئەکەن ، یەکێکیان ئەمەیە کە بۆیە شەق‌کراوەو قەلبی موبارەکی لە حەظی شەیطان تەمییزکراوەتەوەو بە ئاوی زەمزەم بە دەستی حەزرەتی جیبریـل ـ علیه السلام ـ شۆرراوە ، کە جێی ئەخلاقی خراپـە لـە قەلبی شـــەریفیا نەمێنێو هەر لەسەر ئەخلاقی حەسەنەو باش پەروەردە ببێ • لە حەقیقەتا هیچ کەس ، نە دۆست نە دوشمن ، عەیبێکی تیانەدیوە کە بەوە طـەعنـی لـیێ بـدەن •

دوەم دەفعەیشی ، یەعنی جاری سێیەمین ، لە شەوی میعراجا بـــوە تا تەحەممولی حوضووری ئەقدەسی ئیلاهیی ببێ •

دوەم دەفعە کە لە صەحیحی موسلیمو بوخاریدا نیە قەســـطەلانیی ـ۱/۳۷۱ فەرموویەتی : کە لە وەختی ئیبتیدای نوزوولی وەحی لـە غـاری حیرادا شەرحی صەدری شەریفی کراوە تا قووەتی قەلبی ببـێ بـۆ وەحی‌بۆهاتن‌و حیفظی بکا • فەقەط قەسطەلانیی لە کێی ، لە چ کتیبێـکی حەدیثی نەقڵ کردوە ؟ بەیانی ناکا • فـەقـەط قەســطەلانیی ـ رحمه الله ـ موحەددیثە ، موطالەعەو موراجەعەتی کتێبی حەدیثی صەحیحی زۆرە، ئەوەی لە حەدیثی صەحیحا نەدیبێ نەقڵی ناکا •

الی هنـا صح ۲۲ / ۹ / ۹٤۰ •

معجزاته

ـ عليـه الصـلاة والسـلام ـ

٩٤٠/٧/٢٣

بســـم الله الرحمن الرحيـم

الحمـد لله رب العـالمين والصلاة والسلام على محـمد سيد الأولين والآخرين وعلى آلـه وأصحابه الطيبين الطاهرين .

ئەی برادەرانی دینیی خوا لە دین‌و دنیادا مووەفەقتان بکا بۆ رێگەی ئاخیرەت ، عەفومان بکا لەو گوناهانەی کە کردوومانەو ، موحافەظەمـان بکا لەوە کە لەمەولا گوناه بـــکەین ، هەمووومـان موشـەڕڕەف بکا بـە حوضووری پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ .

لێتان مەعلوومە کە خوا ـ عز وجل ـ لە قورئانی کەریما ئەفەرموێ : جینن‌و ئینسم هەر بۆیە خەلق کردوە کە ئیطاعەتی من بکەن . دنیاچونکـی دەوامی نیە مودده‌یێکی زۆر کەمە ئەویش بە ئەنواعی ئالام‌و نەخۆشـــی‌و فەقیریی‌و دڵتەنگیی رائەبووڕێ ، ئنیسان مەعیشەتی تیا ئەکا لە لای خـواو لای ئەوانەی کە خوا هیدایەتی داون هیچ قیمەتی نیە ، مەتاعی حەیاتی دنیا هەر غورووره ، ئاخیرەت کە بێ نیهایەتە بۆ کەسێ کە عەقڵی بێ ئاتێکی لە هەموو دنیاو ئـــەوی لـــە دنیادا هـــەیە چاکترە ، خـــوا ـ جـل وعلا ـ بۆ خاتری ئـــەمە کە رێی‌ئاخیرەت بەوانەی کە ئەمریان پێ‌کراوە بە عیبادەت پێ‌نیشان‌دا ؛ زەمان ـ زەمان پێغەمەری بۆ ناردوون ، ئەو پێغەمەرە ئەوامیرو

نەواهیی ئیلاهیی تەبلیغ کردوون تا ئەگاتە سەر پێغەمەری ئێمە ـ علیـــه الصلاة والسلام ـ ئەو پێغەمەرانە ـ علیهم الصلاة والسلام ـ بۆدین و دنیـا چی لازم بێ ئەوامیرو نەواهیی خوای تەبلیغ کردوون • بۆ خاطری ئـەمـە کە هەرکەسێ لە خۆیەوە هەڵنەستێ و ئیددیعای پێغەمەرێتیی بکاو پێغەمەران لە درۆزنان جوێ بکاتەوە •• خوا عەلامەتێکی داوە بە پێغەمەران کـە بەو عەلامەتە راستێتییان دەربکەوێ بەو عەلامەتە ئەڵێن (موعجیزە) •

موعجیزە ئەمرێکە خەرقی عادەت بکاو بە عادەت غەیری خوا ـ عـز وجل ـ هەرچەندە سەعی بکاو خۆی لەگەڵ ماندوو بکا نەتوانێ ئەو ئیشە بکا ، تەنها لە دەستی یەکێکا بێتە ظوهوور کە ئیددیعای پێغەمەریی ئەکا بەوە مەعلووم ئەبێ کە ئەو ئیشە لە طەرەفی خواوە ـ عـز وجـل ـ خەلق کراوەو پێغەمەرەکە نەیکردوەو ناتوانێ بیکا ؛ چونکی لە قووەتی بەشەرا نیە کـە بیکا بەو نەوعە لای ئەوانە کە خوا ـ عز وجل ـ ئیرادەی هیدایەتیانی کردبێ پێغەمەرێتیی ئەو کەسە کە ئەو خاریقەیەی لەسەر دەستا هاتۆتە ظوهوور ثابت ئەبێ ، ئەو پێغەمەرە هەرچی بفەرموێ و ئەمـــری پـێ بـــکا ئەوە فەرمودەو ئەمری خوایە لەسەر خەڵق لازمە ئیطاعەی بکەن •

ئەوەیش مەعلوومە بە عەقڵیش بە عادەتیش ئەزانرێ قورئان و سوننەت و کتێبی ئەنبیای پێشوویش بەیانیان فەرموە کە هیچ ئیشێ ، دنیایی بێ یـا ئیشی ئاخیرەت بێ ، بـە بێ تەشەببوث بە ئەسباب نایێتە وجوود ، لەسەر هەمووکەس لازمە کە تەشەببوث بە ئەسباب بکا بۆ دنیایشی و بـــۆ ئاخیرەتیشی ، لە دوای تەشەببوث بە ئەسباب تەوەکول بکا بە خوا کە خوا بە مەرحەمەتی خۆی تەئثیری تیا خەلق بکا ، حەتتا ئیشی خراپەیش بە بێ ئەسباب نابێ ، بۆ ئەوە لازمە کە ئینسان ئیجتیناب لە ئەسبابی بکا ، لە دڵی خۆیی بێنێتەدەرێ • کە ئەمە زانرا ئەوەیش بزانرێ ئینسان تا نەچێتە بەر

صنعەتێ لە لای وەستای ئەو صنعەتە وردە – وردە خەریکی فێربوونی نەبێ، ئەو صنعەتە فێر نابێ • ئینسان تا زەویی نەکێڵێ تۆوی پێوە نەکا ئەو زەویە :مراعەتی لێنارِوێ ، کە ئەوەی کرد ئەمجا تەوەکول بکا بە خوا کە بارانی ۆ ببارێنێ ، لـــە ئافات بیپارێزێ ، تۆوەکەی بـــۆ برِوێنێ (إذا وقعت الواقعة[1] کە سەوز بووو روا دووبارە تەوەکول بکا کە خوا لە ئافـات ،پارێزێو بۆی بێتە بەرهەم ، کە وەختی دروێنەی هات ، مەثەلا ، دووبارە ەسئەلەی ئەسـباب بێتەوە بەین ؛ ئەبێ بیدروێتەوە ، بیکا بـــە خەرمان ، گێرەی بکا ، شەنو کەوی بکا ، کاو دانی لێك جـــوێ بکاتەوە ، بیکاتە جەوالەوە ، بیباتە ئاش بیهارِێ ، کە هارِیی بیکا بە هەویر ، بە تەنوور یا بە ساج بیبرژێنێ ، لوقمە ـ لوقمەی بکا ، بیخاتە دەمیەوە بیجوێ ، فووتی بدا ، ئەمجا تەوەکول بکا بە خوا کە بۆی بکا بە گۆشتو خوێنو ئـەوی لازم بێ بۆ قیوامی بونیە • ئینسان بـە هیچ نەوعێ ناتوانێ بێواسیطە بە سەر ئاوا ، لە هەوادا برِوا ، ناتوانێ لە بەرد ئاو بێنێتەدەرێ ، ناتوانێ مردوو زیندوو بکاتەوە ••• وهکذا ناتوانێ ، ناتوانێ ،بـــە عادەت کردنی ئەمانە مەحاڵە ئەگەر کەسێ بێ یەکێ لەم مەحاڵە عادییانە بکا ئەمما بە حەقیقەت نەك بە چەشمبەندیو شەعبەذە بازیی ئەو ئیشە خەرقی عادەت ئەکا ، ئەگـــەر ئیددیعای پێغەمەرێتی لـەگەڵ نەبێ ئەبێ بە کەرامەت وەکوو لە خاتیمەی ئیبنوحەجەرا ئەفەرمـــوێ حەزرەتـــی شـــێخ عەبدولقـادر کەڵەشێرێکی زیندوکردۆتەوە (قدس سره العزیز)ئەم نەوعە خاریقە لە ئەولیاوە بـــە تەواتور ریوایەت کراوە هیچ شكو شوبهەی تیا نیە •

ئەگەر ئەو ئیشە کەس نەیکردبێ نزیکی ظوهووری پێغەمەر لە طەرەفی

(١) رەنگە مەبەستی ئەو ئایەتەی سوورەتی واقیعە بێ کـــە ئەفەرموێ : (أفرأیتم ماتحرثون أأنتم تزرعونه أم نحن الزارعون ؟ لو نشاء لجعلناه حطاما فظلتم تفکهون ••• ٦٣ – ٧٤) •

خواوه ـ عز وجل ـ بێته ظوهوور وەك وەقعەی (فیل)و (طیرا أبابیل)و ، رووخانی چوارده تاقی ئەیوانی کیسراو ، کووژانەوەی ئاگری مەجووس لە هەموو جێیەو ، وشکبوونی ئاوی ساوەو ، ئەوانەی کە لە شەوی وەلادەتی حەزرەتی (سید الانام) ـ علیه الصلاة والسلام ـا ظوهووری کرد ئــەو ئیشه ئیرهاصه دەلالەت ئەکا لەسەر ظوهووری پێغەمەرێ • ئەگەر ئەو ئیشه خاریقەیە لە دەستی یەکێکا ظوهوور بکا کە ئیددیعای پێغەمەرێتی بکا ئەبێ بە موعجیزە وەکوو (إن شاء الله)لەم بابەدا ذیکر ئەکرێ •

موعجیزەی پێغەمەرانی پێش پێغەمـــەری ئێمــه ـ علیهم الصـــلوات والتسلیمات ـ هەر لە زەمانی خۆیانا لە دوای ظوهوور بە موددەیێکی کەم بڕاونەوە لە دوای خۆیان نەماون ، بە قورئانو ئەحادیثو تەواتور بە ئێمــه گەییون • ئەمما موعجیزەی پێغەمەری ئێمە ـ علیه الصلاة والسلام ـ غەیری ئەو ئیرهاصانە کە بەیانکران سێ نەوعە :

١ ـ ذاتی موبارەکی خۆی کە ئێشتا حەمل بوو لە رەحەمی حەزرەتـــــی ئامینەدا بوو باوکی وەفاتی کرد بێ بـاوك مایـەوە ، لـە چـوارو پێنـج ساڵەدا بوو حەزرەتی ئامینەی دایکی وەفاتی کرد بێ دایکیش مایەوە کەوتە ژێر حیمایەی عەبدولموطەلیبەوە ، زۆری پێ نەچوو عەبدولموطەلیبیش وەفاتی کرد کەوتە ژێر حیمایەی ئەبوطالیبی مامـــی ، ئەبوطالیب ئەگەرچی زۆری خدمەت کرد زۆر جوانو باش تەماشـای کــرد ، ئەممـــا لـــە هەتیویی‌و برسێتیی‌و رووتێتیی‌و ئیحتیاجیی نەجاتی نەدا ، هیچ حوجرەی نەدی ، هیچ مەکتەبی نەدی ، هیچ کەس نەبوو کە شتێکی فێر بکا ، رێگەیێ ، ئەخلاقێکی چاکی پێ‌نیشانبدا ، لە ناو موشریکاناو بتپەرستاناو لـــە ناو بێ‌ئەخلاقانا ، قاتیلو گوناهکارانا ••• وەلحاصل لە ناو ئەوانەدا کە لە هەموو سەجییەو ئەخلاقی ئینسانێتی بەریی بوون ، غەیری زیناو ، پیاوکوشتنو ، مناڵـــــی

خۆیان‌کوشتن‌و ، ریباخــــواردن‌و ، دزی‌و حیزیی‌کــــــردن هیچــــی تریان نەدەزانی •• نەشئەتی کرد ، بە مەحضی ئیرادەو مەرحەمەتی ئیلاهی‌و رۆحی ئەمین وا تەعلیم‌و تەربیە درا کە لەو رۆژەوە کە خوا دنیای تیا خەلق کرد تا ئێستە تا ئاخری زەمان ، لە هیچ مەکتەبێکا ، لە هیچ مەدرەسەیێکا ، لە هیچ ریاضەتخانەیێکا نەبوەو نابێ کە کەسێ صــــــەد هەزار یەکێکی ئەو تەعلیم بدرێ‌و ، صەد هەزاریەکی ئەو عیلم‌و عیرفان‌و ئەخلاقی گوزیدەی ببێ ، ئەمە موسەللەمی هەموو مونەووەرانی مەشریق‌و مەغریبە (مسلم الثبوت)ە هەموو کەس خواهوناخواهـ ئیقراری پێ ئەکەن ناتوانن ئینکاری بکەن ، حەتتا تازەمونەووەرانی خۆیشمان موقیرڕن پێی •

(بالمناسبه) قسەیێ هەیە عەرزتانی ئەکەم :

لــە ئەثنای حەربی عومومیدا لە مەدرەسەی (صحنا) دەرسێکم بوو، رۆژێ چووم دوای دەرس چوومە هۆدەی مودەڕیسین ، دوقتۆر ئیسماعیل حەقی (میلاسلی)ش دەرسێکی فەلسەفەی بوو ، هاتبوو لەوێ دانیشتبوو، ئیسماعیل حەقی ، با دوقتۆریش بێ‌و لازم بێ کە بێ‌دین بێ ، ئەمما خیلافی عادەت وەکوو عومەر رەضا پیاوێکی موسوڵمانەو نوێژکەرو رۆژووگــرو موحیبی خواو پێغەمەرە ـ علیه الصلاة والسلام ـ وەکوو ئێمە بــەڵـــکو زیاتر عولوومی عەرەبی‌و کتێبی مەدرەسەی تەعەللوم کردوە • لە ئەثنــای قسەدا وتی : لە سەعید حەلیم پاشای پەرنسی میصرم بیست وتی : نەخۆش بووم ، بۆ تەداویی چوومە ئەوروپا ، یا ئەمریقا ، لە فکرم نەماوە کوێی وت • چوومە لای دوقتۆرێ ، کە رۆژی موعایەنەی چەند صەد کەسێکی ئەکرد ، هەرکەس قارتی خۆیی بۆ ئەنارد بە تەرتیب دای‌ئەنان لەسەر یەك، بە تەرتیبی چوون بانگی ئەکردن ، کەسی لە کەس پێش نەدەخست‌و پــاش نەدەخست ، زۆر گەورە بوایە یا زۆر بچووك بوایە لە نۆبەتی خۆیا بانگی

ئەکرد ، وتی منیش موراجەعەتم کرد ، قارتی خۆمم بۆ نارد ، دەزبەجـێ بانگی‌کردمو چووم لە پێش ئەمەدا کە موعایەنەم بکا پێی وتم : وا مەزانە بۆیێکم پێش خستی لەوانی تر لەبەر ئەمەیە کە پەرەنســیو پـاشـــایو گەورەی • تەماشای قارتەکەتم کرد زانیم کە موسوڵمانی ، پێغەمەرێکتان هەیە کە محمدە ـ علیه الصلاة والسلام ـ لەبەر خاطری ئەو بانگم کردی ؛ چونکی زۆر گەورەیە ، تا ئێستە چەندە حوکەما هاتۆتە دنیـاوە فـەرقی زەرەری شەرابیان نەکردوەو بەیانیان نەکردوە ، تازە فەرقیان پێ‌کروە ، ئەو هەزارو سێصەدو ئەوەندە ساڵە فەرقی پێ‌کردوەو لە ئوممەتەکەی خۆیی حەرام‌کردوە !

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە فەقیریيو ئیحتیاجیی لە ناو ئەو موشریكو جاهیلانە نەشئەتی کرد لە پێش بەعثەتیا هیچ درۆیێ ، هیچ خیانەتێ ، هیچ بێ‌جێیێکی لێ صادر نەبوو ، لە ناو موشریکانا بە ئەمینیی مەشهوور بووبوو ، لە غەزای ئوحودو خەندەقا (إن شاء الله) مەعلووم ئەبێ کە ئەبوسوفیان لە پێش موسوڵمانبوونیا کە چەندە دوشمنی پێغەمــەر بوو ـ علیه الصلاة والسلام ـ کە لە موعاهەدەی حودەیبییەدا چوو بۆ شـــامو هەرقل بانگی‌کرد ئەحواڵی پێغەمەری لێ پرسی ـ علیه الصلاة والسلام ـ چەندەی ئارەزوو بوو کە بە درۆ عەیبێکی لێ دەربێنێ نەیتوانی • کــە وابێ ئەو وجوودە موبارەكو موقەددەسە موعجیزە نەبێ ئەبێ چی بێ ؟

٢ـ قورئانی کەریم کە خوا بە سوورەتێکی ، بە دە سوورەتی ، بـە هەمووی طەلەبی موعارەضەی کرد لە فوصەحاو بولەغای عــەرەب کــە موعارەضەی بکەن ، لەگەڵ ئەمەدا کە چەندەیان حەزەکرد کە موعارەضەی بکەن ، چەندەیان هەوڵ دا هەموو عاجز بوونو نەیانتوانی موعارضە بکەن، سوورەتێکی وەك (إنا أعطینا) رێك بخەن ، ئەگەر ئەوەندەیان پێ بکرایە

ئیشیان ئەچوە سەر غەڵەبەیان ئەکرد • ئەو موعجیزەیە باقیـەو تـا رۆژی قیامەت باقی ئەبێ ، هیچ پێغەمەرێکی پێش پێغەمەری ئێمە ـ علیهم الصلاة والسلام ـ موعجیزەیێکی کە باقی بێ بە ئـەبەدیی پێ عەطا نـەکراوە • نەگۆڕانـیو ، حەرفێـکی زیادی تێـکەڵ نـەبوونیو ، حـەرفێکی بەضائیع نەچوونیشی موعجیزەیێکی زۆر گەورەیە •

٣ـ ئەو موعجیزانەی کە لەم بابەدا (إن شاء الله) ذیکر ئەکرێن کـە وەکوو موعجیزەی پێغەمەرانی پێشوون لە وەختێکا ظوهووریان کردوەو نەماون ئەمما بە تەواتور بە ئێمەگەییون •

٤ ـ موعجیزەیێکی تری هەیە کە ئەویش نەوعەکەی دەوام ئـەکـا تـا رۆژی قیامەت ئەفرادی یەکە یەکە یێنە ظوهوورو بە فەنادا ئەچێ ، وەك ئەشراطی ساعەتو ئەو فیتنانە کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ خەبەری پێداوە • ئێمە لەوانە بەعزێکمان بە تەواتور بیستوە کە هاتوونە وجوود ، بەعزێکمان بەچاوی خۆمان دیوە • بەعزێکی تریشی لەمەولا دیارە کـە ظوهوور ئەکـا •

فەتحی ئەکثەری جێی یەمەن کە لە زەمانی سەعادەتا هـەمووی فـەتـح نەکرابوو ، فەتحی میصر ، فەتحی شام ، فەتحی عیراق ، فەتـحی ئێران ، فەتحی قوسطەنطین ، فیتنەی بەنیئومەییەو ، شەهادەتی ئیمامی عومەرو ، شەهادەتی ئیمامی (ذي النورين) رضي الله تعالى عنهما ـ بە تەواتور بیسراون ئاثاری بەعزێکیان (اليوم) باقیە ، فیتنەی دین کەمبوونو ، فیسقو فوجوورو موقاتەلەی موسوڵمانان لەسەر دنیا لە بەینی خۆیانا تا ئێستە چەند دەفعـە وقووعی بوە دیومانە ئێستەیش ئەیبینین •

ئەوانی تریشی ئێشتا نەهاتوونو بە خەبەری صەحیح خەبەریان لـێ دراوە موحەققەقە کە واقیع ئەبن لە زەمانی موعەیینەنی خۆیانا ظوهوور ئەکەن•

که موجمەلەن ئەم میقدارەمان بەیانکرد (إن شاء الله) دەستئەکـەم بــە بەیانی ئەحادیثی موعجیزەی سێیەم کە لە زەمانی سەعادەتا واقیع بوون بە تەواتور بۆ ئێمە نەقلکراوە (ومن الله التوفيق) •

٢٣ / ٧ / ٩٤٠

تكثير الماء القليل :

بسم الله الرحمن الرحيم

١/٥٣٩ ـ عن أنس [رضي الله تعالى عنه] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دعا بماء فأتي بقدح رَحْراح ، فجعل القوم يتوضأون ، فحزرت مابين الستين إلى الثمانين ، قال : فجعلت أنظر إلى الماء ينبع من بين أصابعه م ـ ١٣٨/٩ •

٢/٥٤٠ ـ معاذ بن جبل [رضي الله تعالى عنه] قال : خرجنا مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عام غزوة تبوك ، فكان يجمع الصلاة ، فصلى الظهر والعصر جميعا ، والمغرب والعشاء جميعا • حتى إذا كان يوما أخَّر الصلاة ، ثم خرج فصلى الظهر والعصر جميعا ، ثم دخل ثم خرج بعد ذلك فصلى المغرب والعشاء جميعا ، ثم قال : إنكم ستأتون غدا ـ إن شاء الله ـ عين تبوك ، وانكم لن تأتوها حتى يضحى النهار ، فمن جاءها منكم فلا يمس من مائها شيئا حتى آتي • فجئناها وقد سبقنا إليها رجلان والعين مثل الشِّراك تَبِضُّ بشيء من ماء ، فسألهما رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : هل مَسِسْتُما من مائها شيئا؟ قال : نعم • فسبَّهما النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وقال لهما ماشاءالله أن يقول • قال : ثم غرفوا بأيديهم من العين قليلا قليلا حتى اجتمع في شيء • قال : وغسل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فيه يديه

ووجهه ثم أعاده فيها فجرت العين بماء منهَمِرٍ ، أو قال غزير ، شـك أبو علي أيهما قال ، حتى استسقى الناس ، ثم قال : يوشِك يا معاذ ، إن طالت بك حياة ، أن ترى ماهنا قد ملئ جنانا م ـ ٩/١٤٠ ٠

تـەرجەمە کـانیـان :

١ ـ ئەنەس [رضي الله تعالى عنه] ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ طەڵەبی ئاوی کرد پیاڵەیێکی پانی کەنارکورتیان بـۆ هێنا ، خەڵق دەستیانکرد بە دەزنوێژشتن ، تەخمینم کرد لە بەینی شەصتو هەشتادا بوون ، ئەفەرموێ : تێفکریم ئاو لە بەینی پەنجەی پێغەمەرا ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ هەڵەقولآ ٠

ئاوهاتنەدەرەوە لە بەینی پەنجەی سەعادەتیا لەوە موعجیزەترە کـە حەزرەتی مووسا ـ عليه الصلاة والسلام ـ عەصاکەی ماڵی بەو بەردەدا کە لە خدمەتیا بوو ؛ چونکە بەرد لەو نەوعەیە کە ئاوی لێ هەڵبقوڵێ ٠

٢ ـ مەعاذی بنی جەبەل [رضي الله تعالى عنه] ئەفەرموێ : سـاڵی غەزای تەبووك لە خدمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [لـە مەدینە] دەرچووین پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە بەینی دوو نوێژا جەمعی ئەکردەوە ، یەعنی نوێژی دوو وەقتی لە وەقتی یەکێکیانا بـە یەکەوە ئەکرد ، نوێژی نیوەڕۆو عەصری بەیەکەوە کرد ، نوێژی ئێوارێو خەوتنانی پێکەوە کرد ٠ یەعنی (جمع التقديم) تا رۆژێ نوێژی تـەئخـیر خست ، یەعنی لە ئەووەڵی وەقتا نەیکرد ، لە دواییا تەشریفی هاتەدەرێ ، نوێژی نیوەڕۆو عەصری بە یەکەوە کرد ، یەعنی لە وەقتی عەصرا ، لـە دواییا تەشریفی چوە ژوورێ ، لە دوای ئەوە تەشریفی هاتەوە دەرێ نوێژی مەغریبو خەوتنانی بەیەکەوە کرد ، یەعنی لـە وەقتی عیشادا ، دوای نوێژ

فەرمووی : ئێوە سبەینێ ئەگەنە سەرچاوەی تەبووك ئەمما نایگـەنێ تـا رۆژ بەرزەبێتەوە ، هەرکەسێ لە ئێوە ، یـەعنـی لە پێشەوە گەییە ئـــەو سەرچاوەیە هیچ دەست لە ئاوەکەی نەدا تا من ئێم •

ئێمە چووینە تەبووك دوو کەس لە ئێمە پێش‌کەوتبوون ، ئێمە کە چووین ئاوەکە وەکوو سیرمەی باریکی کەوش کەمێ ئـاوی لێ جـاریی ئەبوو • پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیه وسلم ـ لەو دوو پیاوەی پرسیی : دەستتان لە ئاوەکە دا ؟ وتیان : بەڵێ • پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیه‌وسلم‌ـ جوێنی پێدان ، تا خوا حەز بکا قسەی پێوتن • مەعاذ فەرمووی : خـەڵق بە دەست ئاوەکەیان نەختە نەختە هەڵهێنجا ، تا لە شتێـــکا کـۆبۆوە • پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیه وسلم ـ دەست‌و دەموچاوی مـوبـارەکـی تیا شت • لە دواییا ئاوەکەی کردەوە ناو سـەرچاوەکەوە ، سەرچاوەکـــە ئاوێکی زۆری لێهەڵقولا • مەعاذ فەرمووی : هەموو خەڵقەکە ئـاویـان لێخواردەوەو ئیحتیاجیی خۆیان پێ بەجێهێنا ، لە دواییا پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەی مەعاذ ئەگەر عومرت درێـژ بێـێ ئێرە وا ئەبینی کە پڕ بێ لـە باغ‌و باغچە •

ئەم حەدیثە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەمە کە پێغەمەر ـ صلی اللە تعـالی علیه وسلم ـ لە سەفەرا نوێژی عەصری هێناوەتە لای نوێژی نیوەڕۆ ، نوێژی خەوتنانی هێناوەتە لای نوێژی شێوان بە یەکەوە کردوونی بە (جمع التقدیم) دەفعەیێکیش نوێژی تەئخیر کردوە تا وەقتی شێوان ، نوێـژی شێوانی تەئخیر کردوە تا وەختی خەوتنان بە (جمع التأخیر) بە یەکـــەوە کردوونی •

ئـەو موعجیزانەی کە لەم حەدیثەدا ذیکرکراون :

١ ـ خەبەری داوە بە ئەصحاب کە سبەینێ لە وەختی رۆژبەرزبوونەوەدا

ئەگەنە سەرچاوەی تەبووك ، لە واقیعا لەو وەختەدا گەییونە تـــەبووك •
پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەو رێیـــەی نەدیـوە میقـــداری
مەسافەکەی نەبیستوە •

۲ ـ نەهی کردوە کە کەس دەخلی ئاوەکەی نەکا ، لـــە دوایـیا لێـی
مەعلووم بوە کە ئەو دوو کەسە دەستیانلێداوە لەبەر ئـــەوە تـــەکدیری
کردوون ، لە پێشەوە کەس خەبەری نەداوەتێ کە فلان وفلان دەســـتیان
لـێداوە •

۳ ـ لە میقداری ئاوی کەم کە بە لوێچ هەڵهێنجراوە دەستو دەمو
چاوی موبارەکی خۆیی تیا شتوە ، لە دواییا کردوویەتەوە ناو کانیەکـە ،
کانیەکە کە لە پێشا ئاوێکی زۆر کەمی بوە لە بەرەکەتی تەماسی[1] دەستی
موبارەکی ئاوێکی زۆری بە دەوامی لێ هەڵقولاوە •

٤ ـ خەبەری داوە بە مەعاذ ـ رضي الله تعالی عنه ـ فـەرموویەتی :
ئەگەر بمێنی لە دەورو پشتی ئەم کانیە گەلێ باغو باغچە ئەبینی • وەکوو
فەرموودەکەی ئەو هەموو بوە بە باغو باغچە ، ئەو ئاوە لە دوای ئـەمـە
کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئـاوی دەستو دەمو چـاوی
تێکردۆتەوە چەندە زۆر بوە • ئێستەیش هەر وایە بچن ببینن تەماشـای
باغوباغچەکەی بکەن •

من بە یەقینی ئەزانم کە ئەم حادیثەیە با لە موسلیما وا دیارە کــــە
حەدیثی ئاحادەو صەحیحە ، ئەمما ئینسان تێ بفکرێ لێی یەقین ئەبێ کـە
موتەواتەرە ؛ چونکە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بـۆ غـــەزا
تەشریفی چۆتە ئەو طەرەفە لەشکرێکی لە خدمەتا بوە هـەمـوو دیـویانـە

(۱) واتە لێکەوتنو تێکەوتنی دەستی موبارەکی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی
علیـــە وســـلم ـ •

گێڕاویانەتەوە • با لێرەدا تەنها مەعاذ ریوایەتی کردبێ هیچ شك نیە ئەوانی تریش بۆ خەڵقی تریان گێڕاوەتەوە ، تـا ئێستە هەر بەو نەوعە هـاتۆتـە خوارێ ، یەقین بە ئینسان پەیدا ئەکا •

٥٤١/٣ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أُتِـيَ النبيَّ ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بإناء [بقدح فيه ماء ، فوضع كفـه فيه •م] • [بإناء ماء لا يغمر أصابعه ، أو قدر مايواري أصابعه •م أخرى] وهو بالزوراء [قال : والزوراء موضع بالمدينة عند السوق والمسجد •م]• [موضع بالمدينة عند السوق] فوضع يده في الإناء فجعل الماء ينبع من بين أصابعه ، فتوضأ القوم قال قتادة : قلت لأنس : كم كنتم [كانوا •م]؟ قال: ثلاثمائة أو زهاء ثلاثمائة ح ـ ٣٦/٦ ، م ـ ١٣٩/٩ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی لە زەورا بوو [زەورا جێییکە لە مەدینە لای بازاڕۆ مزگەوتی مەدینە •م] زەرفێکیان هێنا بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیـــه وسلم ـ لە موسلیما : قەدەحێکیان بۆ هێنا ئاوی تیابوو • دەستی موبارەکی خستە ناو ، لە بەینی پەنجەکانیا ئاو هەڵەقولا ! هەموو ئەصحاب ، یەعنـی ئەوانەی کە مەوجوود بوون لەوێدا ، دەزنوێژیان لێ شت • قەتادە ئەڵێ : بـە ئەنەسم وت : چەندە بوون ؟ فەرمووی : سێصەد یا قەریب بە سێصەد بـوون •

ئەم موعجیزەیە غەیری موعجیزەکـــەی پێشوە ؛ چونکـــە لـەوێ ئەفەرموێ : لە بەینی شەصتو هەشتادا بوون ، لێرەدا ئەفەرموێ : سێصەد یا نزیك بە سێصەد بوون •

٥٤٢/٤ ـ عن أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] أنه قال : رأيت

رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وحانت صلاة العصر [فـالتَمِس الناس •م] فالتَمِسَ الوَضوء فلم يجدوه ، فأتِيَ رسول الله ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ بوَضوء ، فوضع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يده في ذلك الإناء ، فأمر الناس أن يتوضأوا منه ، فرأيت المـاء ينْبُع [بحركات الباء] من تحت أصابعه ، فتوضأ الناس حتى توضأوا من عند آخرهم ح ـ ٣٦/٦ ، ح ـ ٢٤٨/١ ، م ـ ١٣٩/٩ ، ت ، ن •

تەرجەمە :

ئەنەسی بنی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمـــوێ : پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـدیو نوێژی عەصر نزیك بووبوو ، خەڵق بـۆ ئاو گەڕان کە دەزنوێژی پێ بشۆن ، دەستیان نەکەوت ، ئاوێکی کەمیان بۆ هێنا لە زەرفێکا • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەستی موبارەکی خستە ناو ئەو زەرفەوە ، ئەمری بە خەڵق کرد بێن دەزنوێژ بشۆن ، دیم کە ئاو لـــە ژێر پەنجەی موبارەکیا هەڵەقولا ، خەڵــق هەموو تـــا ئاخریان دەزنوێژیان پێ شت •

ئەم حادیثەیە دوو ئیحتیمالی هەیە : یا عەینی حادیثەکەی پێشووە ، یا حادیثەیێکی ترە • ئەگەیێنێ کە ئینسان لە جێیێکا بوو ئاوی دەســـت نەکەوت بۆ دەزنوێژ سوننەتە بگەڕێ بۆ ئاو •

ئیعجازی ئاوی‌کەم‌زۆربوون ، لـــە گۆشت ئاوی صاف جاریی‌بوون ئەوەندە حەفتا هەشتا کەس دەزنوێژی پێ بشوا ذەڕڕەیێکیش لە وجوودی موبارەکی نوقصان نەهێنێ •

٥٤٣/٥ ـ أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : خرج النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في بعض مخارجه ، ومعه ناس من أصحابه، فانطلقوا يسيرون ، فحضرت الصلاة ولم يجدوا ماء يتوضأون ، فانطلق رجل

[أنس] من القوم ، فجاء بقدح من ماء يسير ، فأخذه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فتوضأ ، ثم مد أصابعه الأربع على القدح ، ثم قال : قوموا فتوضأوا ، فتوضأ القوم حتى بلغوا في مايريدون من الوُضوء ، وكانـوا سبعين أو نحوه ح ـ ٣٦/٦ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە بەعزێ سەفەریا بوو ، بەعزێ ئەصحابی لە خدمەتیا بوون ، تەشریفیان کەوتنەڕێو ئەڕۆیین ، وەقتی نوێژ هات ، ئاویان دەستنەکەوت کە دەزنوێژی پێ بشۆن ، پیاوێ لــە قەومەکە [کــە ئەنەس بوو] چوو قەدەحێ ئاوی کەمی هێنا ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەری گرت دەزنوێژی لێ شت ، لە دواییا چوار پەنجەی موبارەکی بەسەرا رائەنگاوت، لە دواییا فەرمووی : هەڵسن دەزنوێژ بشۆن ، دەزنوێژیان شت تا گەیینە مەرامی خۆیان لە دەزنوێژا [یەعنی بە هەوەسی خۆیان دەزنوێژێکی تەواویان شت] حەفتا کەس بوون ، یا ئەوەندە بوون .

٥٤٤/٦ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : حضرت الصـلاة فقام من كان قريب الدار من المسجد يتوضأ ، وبقي قـوم ، فأُتِيَ النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بِمِخْضَبٍ من حجارة فيه ماء فوضع كفه ، فصغر المخضب أن يبْسُط فيه كفَّه ، فضم أصابعه ، فوضعها في المخضب، فتوضأ القوم كلهم جميعا . [قال حميد :] قلت : كم كانوا ؟ قال : ثمانون رجـــلا ح ـ ٣٦/٦ .

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : وەختی نوێژ هات ، ئەویماڵی نزیك بوو لە مزگەوتەوە هەڵسا دەزنوێژی شت ، قەومێك مانەوە ،

گڵێنەیێکی بەردیان هێنا بۆ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کەمێ ئاوی تیابوو ، دەستی موبارەکی خستە ناو گڵێنەکە =گڵێنەکە= بوچووك بوو کە جێی دەستی پێغەمەری ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تیابێتەوە ، پەنجە موبارەکەکانی بـە یەکەوە نووسان لە گڵێنە بەردینەکەدا داینا ، ئەو جەماعەتـە هەموو دەزنوێژیان پێشت • حەمید کە راویی ئەنەسە ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەڵێ وتم : چەند کەس بوون ؟ فەرمووی : هەشتا =پیاو= بوون •

ئەمە چوار ریوایەت لە ئەنەس بە چوار طەریق لە دوانیانا لە مەدینـــە بوو ، لە یەکێکیانا لە سەفەرێکا بوو لە زەورادا سێصەد بوون ، لە یەکێکیانا لە بەینی شەصتو هەشتادا بـــوون ، لـــە یەکێکیانا حەفتـــا بوون ، لەم حەدیثەی ئاخریدا هەشتا بوون ، کە وابێ (لأقل) ئەبێ دوو واقیعە بن ؛ چونکی مەکانیان جوێ بوە ، لە بەینی عەدەدیشیانا تەفاوتێکی زۆریان هەیە• هی دواییشیان لە مەدینەدا بوە غەیری زەورایە ؛ چونکی لێرەدا ئەفەرموێ : هەشتا ، لە زەورادا سێصەد ، بەم ئیعتیبارە بوو بە ســـێ واقیعە • هەرچی چلۆنێ بێ موعجیزەیێکی زۆر گەورەیە • ئەم حادیثانە چونکی لە بەینـــــی جەممێکی[1] گەورەدا بوە هەموو دیویانە شك نیە ئەبێ موتەواتەر بێ • بە مەحضی ئەمە کە من تەنها بوخاریو موسلیمم دیوەو هیچ نازانم ، لـــە کەسی تریشم نەبیستوە •• لە موتەواتەرێتی ناکـــەوێ • غەیری ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنه ـ مومکین نیە بە ئەطرافو ئەکناف خەبەریان نەدابێ ؛ چونکە شتی وا غەریب هەرکەسێ بیبینێ خەبەری لێ ئەدا • ئەم موطالەعەی من لە ئەمثالی ئەم نەوعە موعجیزە کە =لە=ناو جەممێـــکی غەفیرا ئیجرا کرابێ وەك حەنینی جـەذع ، وەکوو دۆعای باران کـە لـە رۆژی جومعەدا

(١) کۆمەڵێکی زۆر •

کردوویەتی[1] ، وەکوو گەلێ لەو موعجیزانەی کە (إن شاء الله) لەمەولا ذیکر ئەکرێ •• جاریبە پێی ناوێ کە لە هەموویانا تیکراری بکەمەوە •

٥٤٥/٧ ـ عن البراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : تعدون أنتم الفتح فتح مكة ، وقد كان فتح مكة فتحا ، ونحن نعد الفتح بيعة الرضوان يوم الحديبية ، كنا مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أربع عشرة مائة [أو اكثر • أخرى] والحديبية بئر فنزحناها ، فلم تترك فيها قطرة ، فبلغ ذلك النبي ـصلى الله تعالى عليه وسلمـ فأتاها فجلس على شفيرها ، ثم دعا بإناء من ماء • [ثم قال : ائتوني بدلو من مائها فأتي به فبصق فدعا ، ثم قال : دعوها ساعة فأرووا أنفسهم وركائبهم حتى ارتحلوا • أخـــرى] فتوضأ ثم مضمض ودعا ، ثم صبه فيها ، فتركناها غير بعيـــد ، ثم إنهـا أَصْدَرَتْنا ما شـئنا نحن وركائبنا ح ـ ٦/٣٣٣ •

تەرجەمە :

بەراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئێوە فەتحی مەککە بە فەتح ئەژمێرن (في الحقيقة) فەتحی مەککە فـەتح بـوو ، ئەمما ئێمە (بيعـة الرضوان) لە رۆژی حودەیبیەدا بە فەتح حسێب ئەکەین ؛ ئێمە لە خدمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چواردە دەفعە صەد بووین ، لـــە ریوایەتەکەی ترا : هەزارو چوارصەد بووین یـا زیاتـر • حودەیبیە بیرێکە دەرمان دا ئاوەکەمان هەڵێنجا ، قەترەیێکمان تیا نەهێشتەوە ، خەبەری ئەوە گەیی بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی هات لە گوێ بیرەکە دانیشت ، لە ئاوی بیرەکە دۆلکەیێ ئاوی ویســـت ، بردمانە خدمەتی ، دەزنوێژی پێ شت ، ئاوی لە دەم وەردا ، دۆعای کرد لە دواییا ئاوەکەی

(١) بـۆ ئــەم باسانە تەماشای لاپەڕە (٦)ی بەرگی حــەوتــەم‌و حــەدیثی (٥٧٧/٣٩)ی ئەم بەرگە بکە •

کردەوە ناو بیرەکە • = لە پاشا فەرمووی : کەمێك وازی لێ بێنن ، ماوەیەك وازمان لێ هێنا = تا حەز بکەین بە کەیفی خۆمان ئێمەو وشترەکانمان بە تێرئاوی گێڕایەوە ، یەعنی تێراو بووین تا لەوێ بارمانکرد •

٨/٥٤٦ ـ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : عطش الناس يوم الحديبية ورسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بين يديه ركوة فتوضأ منها ، ثم أقبل الناس نحوه فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: ما لكم؟ قالوا : يا رسول الله ليس عندنا ماتتوضأ به ولا نشرب إلا مافي ركوتك • فوضع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يده في الركوة ، فجعل الماء يفور من بين أصابعه كأمثال العيون • قال : فشربنا وتوضأنا [قال سالم بن أبي الجعد :] قلت لجابر : كم كنتم يومئذ ؟ قال : لو كنا مائة ألف لكفانا • كنا خمس عشرة مائة خ ـ ٦/٣٣٤ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالـى عنه ـ ئەفەرموێ : ڕۆژی حودەیبیە خەڵق تینوویان بوو ، لە بەردەستی پێغەمەرا ـ صـلى الله تعالـى عليه وسـلم ـ دۆلکەیێ ئاو بوو ، دەزنوێژی لێ شت ، خەڵق هەموو هاتن بۆ لای ئاوەکە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمـووی : چیتان لێ قەوماوە ؟ فەرموویان : یارسول الله غەیری ئەو ئاوەی کە لە دۆلکەکەی تـۆدایـە ئاومان نیە لە دەزنوێژی پێ بشۆین نـە بیخۆینەوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەستی موبارەکی نایە ناو دۆلکەکەوە ، لە بەینی پەنجە موبارەکەکانیا وەك ئەوەندەی چەنـد سـەرچاوە ئاو هەڵەقـولا ! جابیر فەرمووی : خواردمانەوەو دەزنوێژمان شت • سالمی کوڕی (أبي الجعد) کە راویی جابیرە ، ئەڵـێ : بە جابیـرم وت ـ رضي الله تعالى عنـه ـ : ئەو ڕۆژە چەند کەس بوون ؟ فەرمووی : ئەگەر صەدهەزار بووینایە بەشـی ئەکردین ، پانزە کەڕەت صەد بووین ، یەعنی هەزارو پێنصەد •

ئەم موعجیزەیش هەر لە حودەیبیەدا بوە ، غەیری ئەو موعجیزەیەیە کە بەراء ریوایەتی ئەکا ؛ چونکی لەوێدا ئەفەرموێ : ئاوەکەی کردەوە ناو بیرەکە ، ئاوی بیرەکە زۆر بوو ، لێرە ئەفەرموێ : دەستی موبارەکی نایە ناو دۆلکەکە ئاو لە بەینی پەنجەی موبارەکیا جاریی ئەبـــوو ، ظاهیر وایە ئەم موعجیزەیە لە پێشەوە بووبێ رۆژێکی تر هەر لە حودەیبیەدا بێ ئـــاو ماونەوە ، ئەو وەختە تا لەوێ حەرەکەتیان فەرموە ئاوی بیرەکەی بـــۆ زیادکردوون • لەوێدا ئەفەرمـــوێ : هەزارو چوارصـــەد یا زیاتر لێرەدا ئەفەرموێ : هەزارو پێنجصەد ، لە بەینیانا موبایەنەت نیە ، عادەتی عەرەبی ئەو زەمانە وابوە بەعزێ جار کەسرەکەیان حەذف کردوە داخلی حسـابیان نەکردوە • بەعزێ وەقت بە کەسریی ذیکریان کردوە ، بەعزێ وەقت بـــە عەدەدی تەواویان داناوە • لە صەحیحەینا نەظیری زۆرە ئێمەیش ئێستە لە بەینی قسەدا ئەو نەوعە حسابە ئەکەین • جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لـە ئەحادیثی (بيعة الرضوان)ا ئەفەرموێ : هەزارو چوارصەد بووین •

٥٤٧/٩ ـ عن عبدالله بن رباح عن أبي قتادة [رضي الله تعالى عنــه] قال : خطبنا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وســلم ـ فـقال : إنـكم تسيرون عشيتكم وليلتكم وتأتون الماء ـ إن شاء الله تعالى ـ غدا فانطلق الناس لا يلوي أحد على أحد قال أبو قتادة : فبينما رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يسير حتى ابهار [انتصف • النووي] الليـل وأنـا إلى جنبه • قال : فنعس رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فمـال عن راحلته فأتيته فدعمته من غير أن أوقظه حتى اعتدل على راحلته • قال : ثم سار حتى تهوّر الليل [ذهب أكثره] مال عن راحلته ، قال : فدعمته من غير أن أوقظه حتى اعتدل على راحلته ، قال : ثم سار حتى إذا كـان من آخر السَّحر مال ميلة هي أشد من الميلتين الأوليين حتى كاد ينجفل [أي

يسقط] فأتيته فدعمته ، فرفع رأسه فقال : من هذا ؟ قلت : أبـو قتادة، قال : متى كان هذا مسيرك مني ؟ قلت : مازال هذا مسيري منذ الليلة . قال : حفظك الله بما حفظت به نبيه . ثم قال : هل ترانا نخفى على الناس؟ ثم قال : هل ترى من أحد ؟ قلت : هذا راكب ، ثم قلت : هـذا راكب آخر حتى اجتمعنا فكنا سبعة ركب . قال : فمال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن الطريق فوضـع رأسـه . ثم قال : احفظوا علينا صلاتنا ، فكان أول من استيقظ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ والشمس في ظهره . قال : فقمنا فزعين ، ثم قال : اركبوا فركبنا فسرنـا حتى ارتفعت الشمس نـزل .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی ڕەباح لە ئەبوقەتادەوە ـ رضـي الله تعـالى عنه ـ ریوایەت ئەکا کە فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ خوطبەی بۆ خوێندین فەرمووی : ئێوە ئێوارێ تا نیوەشەوتان بـەڕێـوە ئەڕۆن (إن شاء الله) سبەینێ ئەگەنە ئاو . خەڵق هەموو کەوتنەڕێ ، هیچ کەس ئاوڕی لە کەس نەدەدایەوە . ئەبوقەتادە فەرمووی : کە پێغـەمـەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفي ئەڕۆیی تا نیوەشەو ، منیش لـە تەنیشتیەوە بووم . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەنەوزی دا لەسەر وشترەکەی بەلادا هات ، چووم خۆمم بۆ کرد بە کۆڵەکە بێ ئەمە بێڵم خەبەری بێتەوە تا لەسەر وشترەکەی راست بۆوە ، لە دواییا تەشریفی رۆیی ، تا شەو زۆری رۆییو کەمی مایەوە . دووبارە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەسەر وشترەکەی بەلادا هات ، بێ ئەمە بێڵم خەبەری بێتەوە چووم خۆمم بۆ کرد بە کۆڵەکە تا لەسەر وشترەکەی راست بۆوە . لە دواییا تەشریفی رۆیی تا ئاخری وەقتی سەحەر [کـــە پێش طـولووعی فەجرە] گەلێ لە دوو دەفعەکەی ئەووەڵ خراپتر بەلادا هات ، حەتتا نزیك

بوو له وشترەکەی بکەوێتەخوارێ ، چووم‌و خۆمم بۆ کرد بە کۆڵـەکە سەری موبارەکی هەڵبڕی ، فەرمووی : ئەمە کێیە ؟ وتم : ئەبوقەتادەیە • فەرمووی : لە کەیەکەوە وا لەگەڵ من ئەڕۆی ؟ وتم : هەر لە شـەوێـوە بەم نەوعە لە خدمەتتا دەڕۆم • فەرمووی : خوا حیفظت بکا کە چونکـی پێغەمەری ئەوت موحافەظە کردوە • لە دوایپا فەرمووی : وا تێ‌ئەگەی کە ئێمە لە خەڵق ون ئەبین ؟ [یەعنی وا تێ مەگە کە ون ئەبین] لە دوایپـا فەرمووی : هیچ کەس ئەبینی ؟ وتم : ئەوە سوارێکە • لە دوایپا وتـم : ئەوە سوارێکی ترە تا کۆ بووینەوە بووین بـە حەوت سوار • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە ڕێ لای‌دا [دابەزی] سەری نایەوە [کە بنوێ]فەرمووی : ئاگاتان لە نوێژەکەمان بێ [نەچێ • لێی نوســـتین خەبەرمان نەبۆوە تا هەتاو کەوت] ئەووەڵ کەس کە خەبەر بۆوە پێغەمەر بوو ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ڕۆژ لەسەر پشتی موبارەکی بوو[1] •

ئەبوقەتادە فەرمووی : بەترسەوە هەڵساین [مەبادا لەبەر ئەمە کـــە ئەمری پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـــه وســـلم ـ یان نـەهێناوەتە جێ‌و نوێژەکەیان لە وەخت کردۆتەدەرێ خوا موجازاتیان بدا] پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : سوار بن ، سواربووین ڕۆیین تا ڕۆژ بەرزبۆوە ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دابەزیی •

ثم دعا بميضاءة [إناء يتوضأ منه] كانت معي فيها شيء من مـاء ؛ فتوضأ منها وضوءً دون وضوء • قال : وبقي فيها شيء من ماء • ثم قال لأبي قتادة [رضي الله تـــعالى عنـــه] : احفظ علينا ميضاءتك فسـيكون لهـا نبـــأ :

(١) واتـــە هەتاو ئەیدا لە پشتی موبارەکی پێغەمەر ـ صـــلی الله تـــعالی علیـــه وســـلم ـ •

تەرجەمە :

لە دوایا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ مەسینەیێکی ئـاوی دەزنوێژ کە بە من بوو نەختێ ئاوی تیا بوو ویستی ، بۆمبرد ، دەزنوێژێکی سووکی شت ، کەمێ ئاوی تیامابۆوە ، لە دوایا بە ئەبوقەتادەی فەرموو: مەسینەی ئاوەکەمان بۆ موحافەظە بکە شەئنێکی گەورەی ئەبێ •

ثم أذّن بـلال بالصلاة فصلى رسول الله ـ صـلى الله تـعالى عليه وسلم ـ ركعتين ثم صلى الغداة ، فصنع كما كان يصنع كل يوم • قال : وركب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وركبنا معه ، قـال : فجعل بعضنا يهمس إلى بعض : ما كفارة ما صنعنا بتفريطنا في صلاتنـا ؟ ثم قال : أما لكم فيّ أسوة ؟ ثم قال : أما إنه ليس في النوم تفريط ، إنما التفريط على من لم يصل الصلاة حتى يجيء وقت الصلاة الأخرى ، فمن فعل ذلك فليصلها حين ينتبه لها ، فإذا كان الغد فليصلها عند وقتها :

تەرجەمە :

لە دوایا بیلال ـ رضي الله تعالی عنه ـ بانگی دا بۆ نوێژ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دوو رکات نوێژی سوننەتی کرد ، لە دوایا نوێژی سبەینێی کرد ، ئەوی کە هەموو رۆژێ ئەیکرد [وەکوو راکشان لە بەینی نوێژی سوننەتی سبەینێو نوێژی سبەینێو (اقرأ باسم ربـك) خوێندنو ئەورادو ئەذکارا] کردی • ئەبوقەتادە فەرمووی : پێغەمـەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ سواربوو ئێمەیش لە خدمەتیا سواربووین ، بـەعـزێکـان بـە گـوێـی بەعـزێکـانـا ئـەیـسـرکان : کـە کەفارەتی ئەو قوصوورەی کە کردمان لە نوێژەکەمانا ئەبێ چی بێ ؟ لـە دوایدا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : بۆچی ئێـوە چاو لە من‌کردنتان بۆ نیە ؟ [یەعنی ئێوەیش وەکوو من ، چۆن من نوێژم

چوەو بە قوصووری نازانم ئێوەیش بە قوصووری مەزانن] لـە دواییـا فەرمووی : لە نوێژچوونا بە واسیطەی خەوەوە قوصوور نیــــە ، قوصوور هەر لەسەر ئەو کەسەیە کە نوێژ نەکا تا وەختی نوێژێکی تر بێت • کەسێ کە وای کرد ، یەعنی نوێژی چوان [بە واسیطەی خەو یا بە عەمدەن] هەر وەختێ کە هاتەوە فکری ئەو نوێــژە بکا کە ســـبەینێی دوایی هات ، نەیچوێنێ لە وەختی خۆیا بیکا •

ثم قال : ما ترون الناس صنعوا ؟ قال : أصبح الناس فقدوا [من باب ضرب (ماذا تفقدون • يوسف)] نبيهم • فقال : أبو بكر وعمـر - رضي الله تعالى عنهما ـ : رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـه وسـلم ـ بعدكم لم يكن ليخلفكم • وقال الناس : إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بين أيديكم ، فإن يطيعوا أبابكر وعمر يرشدوا •

تەرجەمە :

لە دواییا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئێوە لاتان چۆنە کە خەڵقەکە چییان کـــرد ؟ فەرمووی : خەڵق کـــە ڕۆژیان لێ بۆوە پێغەمەری خۆیـان ونکـرد دەسـتیانکرد بە (تفحص[1]) کردنی کە لـە پێشەوەیە یا لە دواوەیە • ئەبوبەکرو عومەر وتیان : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە دواتانەوەیە ، نابێ بەجێتان بێڵـێو بتانخاتە دواوە • خەڵقەکەیش وتیان : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وا لە پشتانەوە ، ئەگەر خەڵقەکە ئیطاعەی ئەبوبەکرو عومەر بکـــەن ڕێگە ون نـاکـەن هیدایەتیان بۆ ئەبێ •

قال : فانتهينا إلى الناس حين امتد النهار وحمى كـــل شـيء وهـم يقولون : يا رسولنا هلكنا عطشا • فقال : لا هلك عليكم :

(1) واتە دەستیانکرد بەگەڕان بە شوێن پێغەمەرا ـ صلی الله تعـــــالی علیــه وســــلم ـ •

وت : (یارسول الله) له تینوانا به هیلاك چووین • فەرمووی : هیلاکیتان بۆ نیه •

ثم قال : أطلقوا لي غُمَري [القدح الصغير] قال : ودعـا بالميضاءة • فجعل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يصب ٌ وأبو قتادة يسقيهم، فلم يعد أن رأى الناس ما في الميضاءة تكابوا عليها • فقال رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أحسنوا المَلاءَ كلكم سَيَرْوى • قال : ففعلوا ، فجعل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يصب وأسقيهم حتى مابقي غيري وغير رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ثم صب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال لي : اشرَب ، فقلت: لا أشرب حتى تشرَب يارسول الله • قال : إن ساقي القوم آخرهم شرباً، قال : فشربتُ وشرب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال :فأتى الناس الماء جامّين رِوَاءً [أي نشاطا مستريحين] : •

تەرجەمە :

له دوایيا پێغەمـــەر ـ صـــلى الله تعالى عليه وســـلم ـ فەرمووی : قەدەحەکەم بۆ بکەنەوە • ئەبوقەتادە فەرمووی : مەسینەکەی طەڵەب کرد • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لـه مەسینەکه ئاوی ئەکردە نــاو مەشرەبەکەوەو منیش ئەمدا بە خەڵقو ئەیانخواردەوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ دووبارەی نەکـردەوە کـه ئاویـان بۆ تێبکا ، خەڵق مەسینەکەیان دی که ئاوی تیا هەیە لەسەری کۆبوونەوە ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـفەرمووی : خوڵقو موعاشەرەتتان جوان بـکەن ، هەمووتان تیر ئەخۆنەوە • ئەبوقەتادە فەرمووی : بە ئەمری پێغەمەریان کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هەر

ئاوی بۆ تێ‌ئەکردن‌و منیش ئەمدانـــێ ئەیانخـــواردەوە تا غەیری من‌و پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کەس نەمایەوە کە ئاو نەخواتەوە • لە دواییا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئاوی کردە قەدەحـەکـەوە پێی‌فەرمووم : بیخۆرەوە ، وتم : (یارسول الله) تا تۆ نەخۆیتەوە مـــن ناخۆمەوە • فەرمووی : ساقیی قەوم لە پاش ئەوان ئـــاو ئەخواتەوە • ئەبوقەتادە فەرمووی : من خواردمەوە ، دوای من پێغەمەریش ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خواردیەوە • ئەبوقەتادە فەرمووی : خەڵق هاتنە سەر ئاو بـە کەیف‌و خۆشیی‌و رەحەتی •

قال [ثابت] فقال عبدالله بن رَباح إني لأحدث الناس هذا الحديث في مسجد الجامع إذ قال عمران بن حصين [رضي الله تعالى عنه]: انظر أيها الفتى كيف تحدث فإني أحد الركب تلك الليلة • قال : قلت : فأنت أعلم بالحديث • فقال : ممن أنت ؟ قلت : من الأنصار • قال : حدث فـأنتـم أعلم بحديثكم • قال : فحدثتُ القوم • فقال : عمران لقد شهدت تلك الليلة ، وما شعرْتُ أن أحدا حفظه كما حفظتـه [خطـابـا وتكلـما] م ـ ٣٨٨/٣ إلى ٣٩٣ :

تەرجەمە :

ثابیت ئەڵێ : عەبدوڵلای بنی رەباح فەرمووی : من ئەم حەدیثەم بۆ خەڵق ریوایەت ئەکرد لە مزگەوتی جومعەدا کەچی عیمرانی بنی حوصەین ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەی جوانکە تێ‌فکرە کە چۆن حەدیث ریوایەت ئەکەی من یەکێکم لەو سوارانەی ئەو شەوە گەیین بە پێغەمـەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەبدوڵلا فەرمووی : وتم کە وابێ لـــە حەدیثەکە لە من چاتر ئەزانی • فەرمووی : تۆ لە کێی ؟ وتم : لـــە ئەنصارم • فەرمووی : ریوایەتی بکە ئێوە عالمترن بە حەدیثی خۆتـــان • فەرمووی : حەدیثەکەم بۆ ریوایەت‌کردن • عیمران ـ رضي الله تعالى عنه ـ

فەرمووی : من ئەو شەوە حازر بـــووم نەمزانی کە کەسێ حیفظی ئەکا وەکوو تۆ حیفظت کردوە ـ وەکوو من حیفظم کردوە •

ئەحکامێ کە لەم حەدیثە بە صەراحەت یـــا بە ئیشارەت مەعلووم ئەبێ :

١ ـ ئەمیری لەشکرێ کە لای وابێ لە شتێکا مەصلەحەتی لەشکرەکە هەیە سوننەتە کۆیان بکاتەوە خەبەر بە هەموویان بدا تا خۆیانی بۆ موهەییا بکەن •

٢ ـ بۆ ئەو ئیشانەی کە لە موستەقبەلدا ئەکرێ (إن شـــاء الله)کردن سوننەتە •

٣ ـ ئەمیری قەومێ کە لەوەوە نزیك بێ تووشی زەرەرێ ببێ لازمە لەسەر تەبەعەی لەو زەرەرەی موحافەظەی بکەن •

٤ ـ کەسێك کە مەعلووم نەبێ کە کێیە لێیان پرسیی کە کێی نەڵێ : منم • ئەبێ ناوی خۆی بیا بڵێ : فلانکەسم •

٥ ـ کەسێ کە کەسێکی تر چاکەیێکی لـەگـــەڵ بکا سوننەتە ئەوی کە چاکەی لەگەڵ ئەکرێ دۆعای خێر بـــکا بۆ ئەو کەسەی کە چاکەی لەگەڵ ئەکا •

٦ ـ بۆ نوێژی قەزا بانگدان مەشرووعە •

٧ ـ سوننەتی رەواتیبیش بە قەزا ئەگێڕرێتەوە • ئەمما لای حەنەفیی هەر سوننەتی سبەینێ تا نیوەڕۆ بە قەزا ئەگێڕرێتەوە ، فەقەط پێغەمــەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ســـوننەتی دوای نیوەڕۆی لە دوای نوێژی عەصرا بە قەزا گێڕاوەتەوە (کما یأتي إن شاء الله) •

٨ ـ لە نوێژی ئەدادا چ موعامەلەیێك ئەکرێ لە قەزایشا ئەکرێ ، (مثلا)

قونووت له قەزای نوێــژی ســبەینێدا ئەخوێنرێ ، حەتتا بەعزێ فەرموویانە جەهریشی پێئەکرێ لەبەر ئەم حەدیثە •

٩ ـ ئینسانی نوستوو موکەللەف نیە بە قەزاکردنەوەی نوێژ بـە ئەمرێکی جەدید وەکوو لەم حەدیثەدا ئەمــــری پێکــــردوە (فعلا)بە قەزای گێڕاوەتەوە ، ئەمما کەسێکی نوستوو بە دەست یا بە پێ زەرەرێ بگەیێنێ بە کەسێ لە سەری لازمە بیبژێرێ •

١٠ـ بە مەعذەرەت نوێژفەوتانن گوناهی نیە •

١١ـ وەختی کوللی نوێژێ تا وەختی نوێژێکی تر دەوامی هەیە ، لــــە نوێژی سبەینێدا نەبێ ، کە دەوامی تا هەتاوکەوتنە ، لەبەر ئــەم حەدیثەو حەدیثێکی تریش (إن شاء الله) کە لە بەحثی ئەوقاتـــی صەلاتا بێت •

١٢ـ کەسێ کە ئیشێکی خیلافی ئاداب‌و ئەخلاقی کرد سوننەتە ئەمری پێ بکرێ بە حوسنی خولق •

١٣ـ ئەو کەسەی شت بەسەر خەڵقا ئەبەشێتەوە سوننەتە خۆی بخاتە دوای هەموویان • (من النووی) •

موعجیزاتێ لەم حەدیثەدا هەیە :

١ ـ فەرمووی : ئیمشەو ئەڕۆن سبەینێ ئەگەن بە ئاو ، هیچ کەس لەوان نەیزانیوە کە ئاویان لە سەرەڕێدا هەیە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خۆیشی لەوەپێش بەو ڕێیەدا تەشریفی نەڕۆییوە •

٢ ـ خەبەری داوە کە ئاوی پاش‌ماوەکەی دەزنوێژی شەئنێکی هەیە •

٣ ـ بەو نەختە ئاوە ئەو لەشکرە دەزنوێژیان پێ شت‌و تێریان خواردەوە•

٤ ـ فەرمووی : پەلەپەل مەکەن هەموو تێر ئەخۆنەوە •

٥ ـ خەبەری دا بە گفتوگۆی صەحابەو حەزرەتی ئەبوبەکرو عومەر لـــە بەینی خۆیانا ـ رضي الله تعالى عنهم ـ •

لەم حەدیثەدا بەیانی فەضلی ئەبوبەکـــــرو عومەری تیایە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کە ئیطاعەیان سەبەبی هیدایەتە • خوا رووی دوشمنیان رەش بکا •

١٠/٥٤٨ ـ عوف [سـلم بن زرير • أخـرى •خ] عن أبي الرجـاء [عمران بن ملحان] عن عمران [بن حصين ـ رضي الله تعالى عنه ـ وكان من فضلاء الصحابة] قال : كنا في سفر مع النبي ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ وإنا أسرينا حتى إذا كنا في آخر الليل [فأدلجوا ليلتهم ، حتى إذا كان وجه الصبح عرّسوا فغلبتهم أعينهم في أخرى] وقعنا وقعة ولا وقعة أحلى عند المسافر منها ، فما أيقظَنا إلا حرّ الشمس ، وكـــان أول من استيقظ [من منامه] فلان ثم فلان ، يسميهم أبو رجاء فنسي عوف [من منامه أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أخرى خ] ثم عمـر بن الخـطاب [رضي الله تعالى عنه] الرابع وكان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذا نام لم يوقظ حتى يكون هو يستيقظ لأنا لا ندري ما يَحْدِث له في نومه • فلما استيقظ عمر [رضي الله تعالى عنه] ورأى ما أصـاب الناس ، وكان رجلا جليدا ، فكبر ورفع صوته بالتكبير ، فما زال يكبر ويرفـع صوته بالتكبير حتى استيقظ بصوته النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [فاستيقظ عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقعد أبو بكر ـ رضي الله تعـالى عنه ـ عند رأسه ، فجعل يكبر ويرفع صوته بالتكبير حتى استيقظ النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] فلما استيقظ شكوا إليه الذي أصـــابهم قال : لا ضير ، أو لا يضير ، ارتحلوا فارتحل فسار غير بعيد ، ثم نـزل فدعا بالوَضوء فتوضأ ونودي بالصلاة ، فصلى بالناس ، فلما انفتل من صلاته إذا هو برجل معتزل لم يصل مع القوم •

تەرجەمە :

عەوفو سەلم لە عیمرانی بنی حوصەینەوە ـ رضي الله تعالى عنــه ـ ریوایەت ئەکەن [ئەوی لە ناو قەوسایە ریوایەتی سەلمە] کە فەرمووی : لە سەفەرێکا بووین لەگەڵ پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شەوڕەویمان کرد تا ئاخری شەو لێی نوستین بە نوستنێ نوســـتنی لەوە خۆشتر نەبوو لای موسافیر ، گەرمای رۆژ نەبێ کە خەبەری کردینەوە بە هیچ شتێ خەبەر نەبووینەوە ، ئەوەڵ کەس کە لە خەو خەبەری بۆوە فلان بوو • لە دواییا فلان لە دواییا فلان • ئەبورەجاء ناوی بردوون عەوف لە فکری چۆتەوە• ئەسلەم ئەڵێ : لە ئەوەڵەوە حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ خـەبـەری بۆوە ، لە دواییا عومەری بنی خەطاب خەبەری بۆوە ، پێغەمەریش ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ وابوو کە نوست هیچ کەس خەبەری نەدەکردەوە تـا خۆی خەبەری ئەبۆوە ؛ چونکی نازانین لە خەوا چی بۆ ظوهوور ئەکا • کە ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ خەبەری بۆوە و چاوی کـەوت بەوەی کە تووشی خەڵق بوە ، ئەویش پیاوێکی بە جورئەت بوو ، (الله أكبر)ی کردو دەنگی خۆی بە (الله أكبر) کردنەوە بەرزئەکردەوە بـــەو نەوعە هەر دەنگی خۆی بەرزکردەوە تا بە دەنگی ئەو پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خەبەری بۆوە •

لە ریوایەتی سەلما ئەفەرموێ : ئەوەڵ کەسێ کە خەبەری بــۆوە ئیمامی ئەبوبەکر بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە دوای ئەو ئیمامی عومەریش ـ رضي الله تعالى عنه ـ خەبەری بۆوە ، ئیمامی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لای سەری پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دانیشت ، دەستی کرد بە (الله أكبر)کردن دەنگی بەرزئەکردەوە تا پێغەمــەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خەبەری بۆوە • لە بەینی ئەم دوو ریوایەتەدا موناڧات

نیە ؛ چونکی ئەگونجێنێ لە دوای ئیمامی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە لە لای سەری پێغەمەرەوە ـ صلى‌الله‌تعالى‌عليه‌وسلم ـ دانیشتو دەستی‌کرد بە (الله أكبر)کردن ئەویش کە خەبەری بۆوە هاتبێ دەستی کردبێ بـــە (الله أكبر) کردن ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بـە دەنــگی هەردوکیان خەبەری بوویێتەوە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خەبەری بۆوە خەڵق شکایەتی ئەوەیان لە خدمەتا کرد کە بە ســـەریانـا هاتبووفەرمووی : زەرەری نیە ، سواربن بڕۆن ، ریحلەتیان فـەرموو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ زۆر دوور نەڕۆیی ، لە پاشا دابەزیی ئاوی دەزنوێژی ویست بۆیان هێناو ، دەزنوێژی شت بانگ‌درا ، نوێژی بە خەڵق کرد سەلامی نوێژی دایەوە ، پیاوێکی دی لە خەڵق جوێ‌بووبوەوە، لە گەڵ ئەوانا نوێژی نەکردبوو .

قال : ما منعك يا فلان أن تصلي مع القوم ؟ قال : أصابتني جنابـة ولا ماء ، قال : عليك بالصعيد فإنه يكفيك ، ثم سار النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فاشتكى إليه الناس من العطش =فنزل= فدعا فلانـاً =كان= يسميه أبو رجاء نسيه عوف ، ودعا عليا [رضي الله تـعالى عنه] فقال : اذهبا فابتغيا الماء فانطلقا فتلقيا امرأة بين مَزادتيـن [راويتيـن أو قربتين كبيرتين] أو سطيحتين من ماء بمعنى المَزادتين أو وعاء من جلدين سطح أحدهما على الآخر ، والشك من عوف] . [وفي رواية سلم : فأمره أن يتيمم بالصعيد ، ثم صلى وجعلني رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـ في ركوب بين يديه ح ـ ٣٤/٦] على بعير لها ، فقالا لها : أين المـاء ؟ قالت : عهدي بالماء أمس هذه الساعة ونفرنا خلوفا [أي متروكون خلوفا] قالا لها : انطلقي إذاً . قالت : إلى أين ؟ قالا إلى رســـول الله

ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قالت : الذي يقال له الصابيء ؟ قالا : هو الذي تعنين فانطلقي :

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئـەی فـلان چ مانیعێکت بوو کە لەگەڵ خەڵقا نوێژت نەکرد ؟ وتی : تووشی جەنابـەت بووم‌و ئاویش نیە =پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی := لەسەر تۆ تەیەموم بە گڵ لازمە ، ئەوە کیفایەتی تۆ ئـــەکا ، لە دواییـا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی ڕۆیی خەڵق شکایەتیان لـە تینوێتی کرد ، فلانکەسی بانگ‌کرد ، حەزرەتی عەلیشـــی بـانـگ‌کرد ، فەرمووی : بچن بۆ ئاو بگەڕێن ، ئەو دوو کەسە ڕۆیین بە ژنێ گەیین، لـە بەینی دوو راویە[1] ئاوا بوو لەسەر وشترێکی ، پێیانوت : ئـاو لـە کوێیە ؟ وتی : گەیینی من بە ئاو دوێنێ لەم ساعەتەدا بوو ، پیاوەکانیشمان لە دواوەن ، وتیان : کە وابێ پێشمانکەوە بڕۆ . وتی : بۆ کوێ ؟ وتیان: بۆ خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ وتـی : ئەوەی کـە پێی‌ئەڵێن صابییء ؟ [یەعنی لە دینی باوك‌و باپیری وەرگەڕاوە] فەرموویان: ئەو ذاتەیە کە تۆ قەصدی ئەکەی [بیانوتایە خەیر مەقصوود ئـەفـەوتا ، بیانوتایە بەڵێ تەصدیقی ئەو ژنەیان ئەکرد کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ صابییء بێ ، بەو لەفظە ئیشارەتیان ئەلای ذاتی موبـارەکی کرد] دەسا پێش‌کەوە .

[لە ریوایەتی سەلما ئەفەرموێ : عیمران ـ رضـي الله تـعالى عنه . فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری بەو پیاوە کرد کە بە گڵ تەیەموم بکا ، لە دواییا ئەو پیاوە تەیەمومی کرد نوێژی کرد .

(١) واتە سواری وشترێ بوو کە دوو کوننە ئاوی لێ نرابوو .

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ منی سواری وشترێ کرد کە لــە بەردەمیەوە بوو .. بەمە مەعلووم ئەبێ کە ئەو پیاوەی کە عەوف لە فکری چووبۆوە عیمران بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ] .

فجاآ بها إلى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وحدثاه الحـديث [وفي رواية سلم : فبينما نحن نسير إذا نحن بامرأة ســادلة رجليها بين مزادتين ، فقلنا لها : أين الماء ؟ فقالت : أن لا ماء . قلنا : كم بين أهلك وبين الماء ؟ قالت : يوم وليلة . فقلنا : انطلقي إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ قالت : وما رسول الله ؟ [قال عمران] فلم نملكهـا من أمرها حتى استقبلنا بها النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فحدثتـه بمثل الذي حدثتنا غير أنها حدثته أنها مؤتمة لها صبيان أيتام مـ٣/٣٩٤ ، ح ـ ٣٤/٦] :

تەرجەمە :

ژنەکەیان هێنایە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قسەی ژنەکەیان عەرزکرد [لە ریوایەتی سەلما ئەفەرموێ : لەو وەختەدا کە بــە رێوە ئەڕۆیین تووشی ژنێ بووین هەردوو پێی داهێشتبوو لە بەینی دوو کونەدا پێمانوت : ئاو لە کوێیە ؟ وتی : ئاو نیە . وتمان : لە بـەینــی ئەهلی تۆو ئاوا چەند مەسافە هەیە ؟ وتی : شەوو رۆژێ . پێــمانوت : دەسا بێ لەگەڵمان بۆ لای رەسوولوڵلا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وتی : رەسوولوڵلا چیە ؟ عیمران ئەفەرموێ : ئیتر ئێمە مۆڵەتمان نەدایـە هەر تا بردمان بۆ خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چی بــە ئێمە وتووبوو وایشی عەرزی پێغەمەر کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ ئەوەندەی هەیە عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە مەتیوبارە ، چەند منالێکی هەتیوی هەیە .م] .

قال : فاستنزلوها عن بعيرها ودعا النبي ـصلى الله تعالى عليه وسلمـ

بإناء ففرغ فيه من أفواه المزادتين أو السطيحتين ، وأوكأ أفواههما ، وأطلق العزالي [أي فم المزادتين الأسفل الذي يخرج منه الماء الكثير ولكل قربة عزلاوان] ونودي في الناس : اسْقوا واستقوا ، فسقى من سقى واستقى من شاء ، وكان آخر ذلك أن أعطى الذي أصابته الجنابة إنـاء من مـاء ، قال : اذهب فأفرغه عليك ، وهي قائمة تنظر إلى ما يفعل بمائها ، وأيم الله لقد أقلع عنها وإنه ليخيل إلينا أنها أشد مِلأة منها حين ابتدأ فيها، فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : اجمعوا لها ، فجمعوا لها من بين : عجوة ، ودقيقة ، وسويقة ... حتى جمعوا لها طـعاما فجعلوه في ثـوب [وصر لها صرة فقال لها : اذهبي فاطعمي هذا عيالك م ـ ٣/٣٩٥] وحملوها على بعيرها ، ووضعوا الثوب بين يديها ، قال لها: تعلمين مارَزَأنا من مائك شيئا ولكن الله هو الذي أسقانا :

تەرجەمە :

عیمران فەرمووی : لە وشترەکەی دایانبەزان ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ظەرفێکی ویست لـە دەمی هەردوو کوننەکەوە ئـاوی تێکرد ، دەمی بەستنەوە ، دەمی لای خواروی کوننەکانی بـەرەڵلا کـرد خەڵق بانگکران کە : بێن ئاوبخۆنەوەو بیدەن بە خەڵق ، ئاویان دا بە خەڵق خۆیان خواردیانەوە ، ئاخرکەسێ کە ئاوی درایە ئەو کەسە بوو کە جەنابەتی تووشبووبوو ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ظەرفێ ئـاوی دایە فەرمووی : بچۆ بیکە بەسەر خۆتا ژنەکەیش وەستا بوو تێئەفکری کـە چی لە ئاوەکەی ئەکەن . عیمران ئەفەرموێ : قەسەم ئەخۆم بە خوا لـــە ئاوەکە جوێبوونەوە وامان خەیاڵ ئەکرد کە لەو وەختە پڕتر بوو کـــە دەستکرا بە ئاولێبەتاڵکردنی . پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ فەرمووی : بۆی کۆبکەنەوە ، خورمای باشو ئاردو قاوتیان بۆ کۆکردەوە بۆیان کردە ناو جلێکەوەو بۆیان کرد بە توورەکەو پێی فـەرموو : بچۆ

ئەمەیش دەرخواردی منالەکانت بدە ، سواری وشترەکەیان کردو جلەکەیان ئایە بەردەم پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێیفەرموو : ئـەزانـی کە هیچمان ئاو لە ئاوەکەت کەم نەکردۆتەوە (لکن)خوا ئاوی دا بە ئێمە !

فشربنا ونحن أربعون رجلا عطاشاً حتى روينا وملأنا كل قربـة معنا وإداوة وغسلنا صاحبنا غير أنا لم نَسْقِ بعيـرا ، وهـي تـكاد تتضرج [تنـِض •خ] من الماء ، أي تنشق • م و ح] :

تەرجەمە :

خواردمانەوە ئێمە چلکەس بووین هەموو تینوو تا تێرئاو بووین ، هەرچی کونەو مەتارەیێکمان پێ بوو پڕمان کــرد ، غوســڵیشمان بـە رەفیقەکەمان کرد ، ئەوە نەبێ کە وشترمان لێ ئاو نەدا، ئەو کونانە لە =بەر= پڕلەئاویی نزیك بوو شەق بەرن •

فأتت أهلها وقد احتبست عنهم ، قالوا : ما حبسكِ يا فلانة ؟ قالت: العجب ! لقيني رجلان ، فذهبا بي إلى هذا الذي يقال له الصابىء، ففعل كذا وكذا • فوالله إنه لأسحر الناس من بين هذه وهذه ، وقالت بأصبعها الوسطى والسبابة فرفعتهما إلى السماء =تعني السماء= والأرض [أو أنه لنبي كما زعم ، كان من أمره زيت وزيت ، فهدى الله ذلك الصِّرمَ بتلـك المرأة فأسلمت وأسلموا • في رواية سلم م - ٣/٣٩٥ ، ح - ٣٤/٦] أو إنه لرسول الله حقا فكان المسلمون بعد ذلـك يغيرون على من حـولهـا من المشركين ولا يصيبون الصِّرْم الذي هي منه ، فقالت يوما لقومها : مـــا [موصولة] أرى أن هؤلاء القوم يَدَعونكم عمدا ، فهل لكم في الإسلام؟ فأطاعوها فدخلوا في الإســلام ح - ٣٦٦/١ واللفظ لهذا ح - ٣٤/٦ ،

تەرجەمە :

ژنەکە چۆوە بۆ لای کەس‌وکاری پێیان وت : ئەی فلانە بۆچی درەنگت پێ چوو ئەوەندە مایتەوەو موعەطەل بووی ؟ وتی : شتێکی عەجائیب !

دوو پیاوم پێ گەیی بردمیانە لای ئەوەی کـــە پێی‌ئەڵێن صابییء ، وای کردو وای‌کرد ، وەڵلاهی یا ساحیرترینی هەموو خەڵقە لە بەینی ئـــەمەو ئەمەدا : بە دوو پەنجەی ناوەڕاستو شەهادەتی ئیشارەتی ئەرزو ئاسمانی کرد ، یا خۆ پێغەمەری خوایە بە حەق • لە دوای ئەوە موسوڵمانان لـــە ئەطرافی ئەو خێڵەدا هەر موشریکێ ببوایە ئەیاندا بـــە سەریانا تـــالانیـــان ئەکرد ، دەخلی ئەو خێڵەی ژنەکەیان نەدەکرد ، ڕۆژێ ژنەکە بە قەومەکەی خۆیی وت : ئەوی من ئەیزانم ئەمەیە کە ئەو قەومە بە عەمدەن دەخـلی ئێوە ناکەن • ئارەزووتان هەیە کە ئیسلام ببن ؟ ئیطاعەتیان‌کردو داخـلی دینی ئیسلام بوون – رضي الله تعالى عنها وعنهم ـ [خوا بەو ژنە ئـــەو خێڵەی هیدایەت دا ، ئەو ئیسلام بوو ، ئەوانیش ئیسلام بوون] •

حوکمی ئـــەم حەدیثـــە :

١ ـ ئەدەب‌ڕیعایەتکردنی بچووك لەگەڵ گەورەی خۆی لازمە •

٢ ـ خەوی ئەنبیا ـ عليهم الصلاة والسلام ـ وەحیە •

٣ ـ تەشەبوثکردن بـــە ئەسباب بۆ دەفعی ئیحتیاجیی •

٤ ـ ئیلتیجابردنە بەر گەورە لە وەختی شیددەتا •

٥ ـ دەفعی ترسو خەوف لە دڵی بوچووك •

٦ ـ ئینسان ئاوی دەست نەکەوێ دروستە بۆ غوسڵیش تەیەمـوم بکاو ، ئەوی بە جەنابەت حەرام بێ •• بە تەیەموم حەڵاڵ ئەبێ•

٧ ـ لە مەعییەتی خۆی یەك دوو کەس ناردن کە بۆ ئەسبابی دەفعی حاجەت بگەڕێن •

٨ ـ لە وەختی حاجەتو زەروورەتا دروستە بـــە زۆر ماڵ لـــە خەڵق بستێنرێ بە بەدەڵی میثـــل یا زیاتر •

٩ ـ دروستە ئیددیخاری شتی پێویست بۆ وەختی حاجەت •

موعجیزەیێ کە لەم حەدیثەدا بێ :

زۆرکردنی ئاوی کەم ، کەمنەبوونی شت بە صەرفکردنی ئاوی ئەو دوو کونەیە • بابیشلێین بەشی چل کەس ئەکا ، ئەی بۆچی هیچی لێ کەم نەبۆوە ؟ بۆ زیاتر بوو لە پێشوو ؟ هەموو مەتارەو کونەیێ کە پێیان بوو بەچی لە ئاو پڕ کران ؟

۵٤۹/۱۱ ـ عن عبدالله [بن مسعود – رضي الله تعالى عنهما –] قال: كنا نعد الآيات بركة ، وأنتم تعدّونها تخويفا ، كنا مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في سفر [حديبية أو خيبر] فقلّ الماء ، فقال : اطلبوا فضلة من ماء ، فجاؤا بإناء فيه ماء قليل ، فأدخل يده في الإناء ثم قال : **حيَّ على الطهور المبارك ، والبركةُ من الله • فلقد رأيت الماء ينبع من بين** أصابع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ولقد كنا نسمع تسـبيح الطعام وهو يؤكل ح ـ ٦/٣٩ ، ت في المناقب •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای بنی مەسعوود ئەفەرموێ : ئێمە ئایەتو موعجیزەمان بـە بەرەکەت ئەزانی ، ئێوە [هەموویان] بە ترسانني خەڵق ئەزانن [یـەعنـی هەموویان وا نیە ، بەعزێکیان بەرەکەتە وەك تێرکردنـی یـا تێراوکردنـی لەشکرێکی زۆر بە ئاوێ یا بە طەعامێکی کەم ، بەعزێکیان تەخویفە وەك مانگو رۆژگیران (مثلا)]لە سەفەرێکا لە خدمەت پێغەمەرا بووین ـصلی الله تعالى عليه وسلم ـ ئاو کەم بوو پێغەمەر ـ صلی الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بگەڕێن بۆ ئاوێ کە فەضلە مابێتەوە ، لە قاپێکا ئـاوێـکی کەمیان هێنایە خدمەت ، دەستی موبارەکی نایە ناو لە دواییا فەرمووی : بێنە سەر ئاوی پاكو پاکەوەکەرو موبارەك بەرەکەت لە خواوەیە • بـە

تەحقیق دیم ئاو لە بەینی پەنجەی موبارەکیا هەڵەقوڵی ، بـە تەحقیق گوێمان لە تەسبیحاتی طەعام بوو کە ئەخورا •

دوو موعجیزەی تیایە : ئاوی کەمزۆربوونو ، تەسبیحاتکردنی طەعام لەگەڵ خواردنیا •

تـكثـير الطعـــام القليــل(١) :

١٢/٥٥٠ ـ عن جابر أن أم مالك [رضي الله تعالى عنهما] كانت تهدي للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في عكة لها [هيزۆڵكە] سمنا، فيأتيها بنوها فيسألون الأدم وليس عندهم شيء ، فتعمد إلى الذي كانت تهدي فيه للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فتجد فيه سَمْنا ، فما زال يقيم لهـا إدم بنيها حتى عصرته ، فأتت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : عصرتيها ؟ فقالت : نعم • قال : لو تركتيها مازال قائما [موجودا حاضرا] م ـ ٩/١٤٠ •

تەرجەمە :

ئوممومالیك ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە هیزەیێ رۆنی ئەبرد بە هەدییە بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کـوڕەکانی ئەهاتنـەوە داوای پێخۆریان لێی ئەکرد ، هیچیان نەبوو کە بیانداتێ ، ئەچوو بە لای ئـــەو هیزەوە کە رۆنی تیا ئەبرد بـە دیاریی بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ رۆنی تیا دەست ئەکەوت • بەو نەوعە هەروا دەوامی کرد • کە رۆنی ئەزایەوە ناو تا هیزەکەی گوشی [ئیتر رۆنی نەزایەوە ناو] چـوە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزی پێغەمـەری کـرد

(١) زۆربوونی خواردنی کەم ، بە بەرەکەتی دۆعای پێغەمەر ـ صـــلى الله تعـالى عليه وســـلم ـ •

ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : گوشیت ؟ فەرمووی : بەڵێ• فەرمووی : ئەگەر بەو نەوعە بتهێشتایەوەو نەتگوشیایە هەروا ئەزایەوە •

١٣/٥٥١ ـ وعنه أن رجلا أتى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يستطعمه ، فأطعمه شطر وَسْق شعير ، فما زال الرجل يأكل منه وامرأته وضيفهما حتى كالَهُ ، فأتى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : لو لم تَكِلْهُ لأكلتم منه ولقام لكم م ـ ٩/١٤٠ •

تەرجەمە :

جابير ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمـــوێ : پیـــاوێ هاتە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ داوای طەعامی لێ کرد ، پێغەمـــەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نیوەی وەسقێکی جۆ دایە [کە ئەکا سی صاع هەر صاعێك چوار موددە] ئەو پیـــاوە خـــۆی ، ژنـــی ، میوانیان لێیان ئەخوارد ، پێوای [کە پێوای بەرەکەتەکەی نەما] هاتە خدمەت پێغـــەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزی کرد ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بۆچی پێوات ؟ وتی : بەڵێ • فەرمووی : ئەگـــەر نەتپێوایە هەر لێتان ئەخواردو بۆتان ئەما •

١٤/٥٥٢ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : تُوفِّي رسول‌الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وما في بيتي شيء يأكله ذو كَبد إلا شطر شعير في رفٍّ لي ، فأكلت منه حتى طال علي ، فكِلْته ففني ح ـ ٥/١٩٠، م ـ ١٠/٤٢٥ •

تەرجەمە :

عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرمـــوێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەفاتی فەرموو لە ماڵی منا هیچ شتێکی تیا نەبوو کـە

کەسێکی صاحیبی جەرگ [یەعنی رۆحلەبەر] بیخوا ئیللا نیوە ویسقێ جۆ نەبێ لە رەفەیێکا بوو لێم خوارد تا درەنگێ لە دوایا پێوام بڕایەوەو نەما.

لەم سێ حەدیثەدا زۆربوونی طەعامی کەمی تیایە بە بەرەکەتی حەزرەتی رەسوولی ئەکرەم – صلی الله تعالی علیه وسلم – .

حوکمیشیان وایە بۆ ئینسان سوننەت وایە رزقی ناومالی نەپێوێ کە چەندە مەعدوود بێ ، یا پارە بێ نەیژمێرێ ، بەوە بەرەکەتەکەی ئەڕوا ؛ چونکی ئیعتیماد ئەداتە سەر میقدارەکەی کە بەشی چەند رۆژ ئەکا ، کە تێی گەیی‌و زانی کە بەشی چەند رۆژ ئەکا ، لە دوای موددەیێ ئەبڕێتەوە ، بە مەجهوولیی بمێنێ بەرەکەتەکەی باقیی ئەبێ ؛ چونکی ئیعتیمادی ناداتە سەر هەر ئیعتیمادی بە خوا ئەبێ ، کە وابێ ئەوی لە ناو خەڵقا مەشهوورە کە ئەڵێن : مەیژمێرە با کەم نەبێتەوە ، موافیقی ئەم حەدیثانەیە .

فەقەط ئینسان شتێ بدا بە کەسێ یا لە کەسێکی وەرگرێ لەو وەختەدا ئەبێ میقدارەکەی تەعیین بکا ، باقیەکەی کە لای ئەمێنێتەوە با بە مەجهوولی بمێنێتەوە . تۆبەتکێشی بە دیار ماڵیەوە دانابێ ، بە حساب تەسلیمی بکاو بە حساب وەری بگرێتەوە ، ئەم نەوعە موعامەلانە بۆ دەفعی ئیختیلافە ، داخلی ئەم حەدیثانە نیە ، وەکوو فەرموویەتی : « کیلوا طعامکم یبارك لکم فیه » طەعامی خۆتان بپێون ، ئەگەر بی‌پێون بەرەکەتی بۆتان تێ ئەکەوێ ، موراد وایە لە وەختی وەرگرتنا بی‌پێون بەرەکەتی بۆتان تێ ئەکەوێ ، (من القسطلاني) .

١٥/٥٥٣ – عن المقداد [رضي الله تعالى عنه] قال : أقبلت أنا وصاحبان لي وقد ذهب أسماعنا وأبصارنا من الجَهْد [أي الجوع] قال : فجعلنا نَعْرِض أنفسنا على أصحاب رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – فليس أحد منهم يقبلنا [لأنهم كانوا مقلّين] فأتينا النبي – صلى الله تعالى

عليه وسلم ـ فانطلق بنا إلى أهله ، فإذا ثلاثة أعْـنُـزٍ ، فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: احتلبوا هذا اللبن بيننا ، قال : فكنا نحتلب فيشرب كل إنسان منا نصيبه ونرفع للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نصيبه ، قال : فيجيء من الليل فيسلم تسليما لا يوقظ نائما ويسمع اليقظان، قال : ثم يأتي المسجد فيصلي ثم يأتي شرابه فيشرب •

تەرجەمە :

میقداد ـ رضي‌الله‌تعالی‌عنه ـ ئەفەرموێ : من‌ودوو رەفیقم رووماﻥ‌کردە مەدینە ، لە برسانا گوێمان‌و چاومان قووەتیان ڕۆیی بوو ، خـۆمـان[1] عەرزی صەحابەی پێغەمەر کرد ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ هیچ کەس نەبـوو لەوان کـە قەبوولْمان بکـا [چـونکی نەیان‌بوو] چووینە خدمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بردینیە ماڵەوە سێ مەڕی[2]لێ‌بوو، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەو مەڕانە بدۆشـن شیرەکەیان لە بەینمانا شەریکی بێ میقداد فەرمووی : ئەمان‌دۆشـین هەرکەس بەشی خۆی ئەخواردەوە ، بەشی پێغەمەرمان ـ صلی الله تعالـی علیه وسلم ـ هەڵەگرت ، شەو تەشریفی ئەهات سەلامی ئەکرد ، نوستووی خەبەر نەئەکردەوە بە بێداریشی ئەبیست • میقداد فەرمووی : لە دوایـا تەشریفی ئەچۆوە مزگەوت نوێژی ئەکرد ، لە دوایا تەشریفی ئەهات بەشە شیرەکەی خۆی ئەخواردەوە •

فأتاني الشيطان ذات ليلة وقد شربت نصيبي فقال : محمد [صلى الله تعالى عليه وسلم] يأتي الأنصار فيتحفونه ويصيب عندهم :

---

(۱) خۆمان ... ئەگەر بگوترێ خۆمان عەرزی صەحابەی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەکرد ـ واتە : ئەچووینە لایان‌و داوای خواردنمان لێ ئەکردن ـ باشـترە •

(۲) ئەگەر لێرەدا بزن بنووسرێ باشترە •

شەویَ شەیتانم هاتە لا من بەشە شیری خۆم خواردبۆوە ، وتـی : محمد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی ئەچێتـــە لای ئەنصار ئەوان ئیکرامی ئەکەن لای ئەوان خواردنی دەست ئەکەویَ •

ما به حاجة إلى هذه الجرْعة فأتيتها فشربتها ، فلمـا أن وغلت فـي بطني وعلمت أنه ليس إليها سبيل ، قال : ندمني الشيطان فقال : ويحـك ماصنعت ؟! أشربت شراب محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ فيجيء فلا يجده فيدعو عليك فتذهب دنياك وآخرتك !؟ وعليّ شملة إذا وضعتها على قدمي خرج رأسي ، وإذا وضعتها على رأسي خرج قدماي ! وجعل لا يجيئني النوم ، وأما صاحباي فناما ولم يصنعا ما صنعت ، قال : فجاء النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فسلم كما كان يُسلّم ، ثم أتى المســجد فصلى ، ثم أتى شَرابه فكشف عنه ، فلم يجد فيه شيئا ، فرفع رأسه إلى السماء ، فقلت : الآن يدعو علي فأُهلك ، فقال : اللهم أطعـم من أطعمني واسـق من سـقاني :

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئیحتیاجیی بەم قومە شـــیرە نیە ، چووم بە لای شیرەکەوە خواردمەوە ، کە جێگیر بوو لە زگما زانیم ئیتر چارەی ناکرێ •• شەیتان پەشیمانی کردمەوە پێیوتم : کۆستکەوی چیت کرد ؟! شەرابی محمدت ـ صلی الله تعالی علیه وســـلم ـ خواردەوە ئێستە تەشریفی یێت خواردنەوەکەی لە جێی خۆی نادۆزێتەوە دۆعات لــێ ئەکا بە هیلاکا ئەچی دینو دنیات ئەڕوا ! خۆداپۆشێکم بە سەرەوە بـــوو بمدایە بەسەر پێما سەرمی لێ ئەچوە دەرێ ، بمدایە بە سەرما پێمی لــێ ئەچوە دەرێ ! ئیتر خەوم لێ تەقی ، خەوم نەدەهات ، (لکن) رەفیقەکانم نوستن ، چونکی ئەوی من کردبووم ئەوان نەیانکردبوو • میقداد وتی :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی هات وەکوو عادەتی خـۆی سەلامی لێ کردین ، لە دواییا تەشریفی چوە مزگەوت نوێژی کرد ، ئەمجا تەشریفی هات بە لای خواردنەوەکەیەوە هیچی تیا نەدۆزییەوە ، ســـەری موبارەکی هەڵبڕی بۆ ئاسمان ، وتم : هەر ئێستە دۆعام لێ ئەکا هیـلاك ئەبم ، فەرمووی : خوایا کێ شتم دەرخوارد بدا تۆیش شـــتی دەرخوارد بدە ، کێ ئاوو شەربەتم بداتێ بیخۆمەوە تۆیش ئاوو شـــەرابی دەرخوارد بادە ٠

قال : فعمدت إلى الشملة فشددتها علي وأخذت الشَّفرة [بضم الشين وفتحها] فانطلقت إلى الأعنز أيها أسمن فأذبحها لرسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فإذا هي حافلة وإذا هن حُفَّل كلهن ، فعمدت إلى إناء لآل محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ما كانوا يطمعون أن يحتلبوا فيه ، قال : فحلبت فيه حتى علَته رغوة ، فجئت إلى رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : أشربتم شرابكم الليلة ؟ قال : قلت : يارسول الله اشرب ، فشرب ، ثم ناولني فقلت : يارسول الله اشرب ، فشـرب ، ثم ناولني ، فلما عرفت أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قد روي وأصبت دعوته ضَحِكتُ حتى ألقيت على الأرض ، قال : فقال ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ: احدى سوآتك يا مقداد ، فقلت : يا رسول الله كـان من أمري كـذا وكـذا وفعلت كـذا ، فقـال النبـي ـ صـلى الله تعـالى عليـه وســلم ـ : ماهذه إلا رحمـة الله ـ عـز وجل ـ أفلا كنت آذنتني فنوقظ صاحبينا فيصيبان منها ، قال : فقلت : والذي بعثك بالحق ما أبالي إذا أصبتها وأصبتها معك من أصابها من الناس م ـ ٩/٢٣٨ ٠

تەرجەمە :

میقداد ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : ئەوەی خۆم پێداپۆشیبوو دەستم

دایێو گرێمدا بە خۆمەوە ، کێردم هەڵگرتو چووم بە لای مەڕکانەوە کە کامیان قەڵەوە سەری ببڕم بۆ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ [تا بەرەکەتی دۆعاکەییم بۆ بێ] کەچی ئەوەیان کە قەڵەو بوو گوانی پڕ لە شیر بوو ، تێفکریم هەموویان گوانیان پڕ شیر بوو ، قاپێکی ماڵی پێغەمەرم ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ هێنا کـــە ئومێدیان نەبوو کە شـــیری تێدادۆشن [چونکی ئەو مەڕانە دۆشرابوون ، رەنگە مەڕی تریشـــیان نەبووبێ کە شیریان لێ بدۆشرێ] فەرمووی : شیرم دۆشییە ناو تا کەفی لێ نیشتو کەوتە سەری ، چوومە خدمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئیمشەو خواردنەوەکەی خۆتان خواردۆتەوە ؟ وتم : (یا رسول الله) بخۆرەوە ، خواردیەوە لە دواییا قاپەکەی دایەوە دەستم ، وتم : (یا رسول الله) بخۆرەوە ، خواردیەوەو قاپەکەی دایەوە دەستم ، کە زانیم پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تێری خواردەوەو دۆعای پێغەمەرم ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە نەصیب بوو پێکەنیم تا کەوتمە ئەرز ! پێغەمەر ـ صـــلی الله تعالی علیه وســـلم ـ فەرمووی : یا میقداد ئەمەیش یەکێکە لەو خراپیانەی کە کردووتە [یەعنی پێم بڵـێ چیت کردوە تا وا پێ ئەکەنی ؟] وتم : (یا رسول الله) کردەوەم ئـەوە بوو ئـەوە بوو ئەوە بوو وام کرد ، یەعنی چی کردبوو عەرزی کرد • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەوە رەحمەتێکە کە لە طەرەفی خواوە بوە ـ عز وجل ـ نەبوو پێمبڵێی کە دوو رەفیقەکەی تریشمان خەبەرکەینەوە ئەوانیش لێیان بخواردایەوە ؟ وتم : قەسەم بەوەی تۆی بە پێغەمەری حەق ناردوە هیچ باکم نیە کە تۆ خواردتەوەو من لە خدمەت تـــۆدا خواردمەوە لەوەی خەڵقی تر بخواتەوە • یەعنی یا نەخواتەوە •

جیهەتی ئیعجازی :

مەڕەکان لە دوای ئەمە کە دادۆشرابوون هیچ شیر لە گوانیانا نەمابوو

بە بەرەکەتی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ شیر هاتەوە گوانیان کە لێی تێربوون •

ئەحکـامی :

١ ـ ئینسان کە موحتاج بوو بۆی دروستە کە عەرزی حاڵی خۆی بکـا بەکەسێ کە ئومێدی پێی بێ کە دەفعی ئیحتیاجیەکەی بکا •

٢ ـ ئینسان شتێکی نابەجێی کرد لازمە لێی پەشیمان ببێتەوەو تۆبەی لێ بکا •

٣ ـ ئینسان تابیعی نەفسی بوو ئیشێکی کرد عاقیبەتەکەی پەشیمانییە قەت شتێکی وا نەکا لەوانە بێ عاقیبەتەکەی پەشیمانیی بێ •

٤ ـ ئینسان چوە ناو جەماعەتێ یا لای یەکێ سوننەتە سەلامی لێ بکا •

٥ ـ بێ لوزووم خەولێکەوتوو خەبەرنەکرێتەوە •

٦ ـ سوننەتە ، بەڵکو واجبە ، شوکری نیعمەتی خوا بکرێ •

٧ ـ ئیعتیراف بە قوصوورو ئیعتیذار لای ئەوەی کە قوصووری دەرحەقی کردوە •

٨ ـ چاولەقوصوورپۆشین سوننەتە •

٩ ـ دۆعاکردن بۆ موحسینو خدمەتکارو هەموو چاکەکەر •

١٠ـ موقابەلەی خراپە بە چاکە •

١١ـ ئەخلاقی گوزیدەی حەزرەتی ریسالەتپەناە ـعلیه صلوات اللهوسلامەـ

١٢ـ ئیظهاری سورووور لە دوای زەوالی غەمو حوزن •• هەموو سوننەتێ •

١٦/٥٥٤ ـ أيمن الحبشي قال : أتيت جابرا ـ رضي الله تعالى عنـه ـ فقـال : إنا يوم الخندق نحفر فعرضت كُدْيَة [كَيْدة • ابـن عساكر]

شديدة [قطعة صلبة من الأرض] فجاؤا النبي ـ صلى الله تـعالى عليـــه وسلم ـ فقالوا : هذه كدْية عرضت في الخندق ، فقال : أنا نازل ، ثم قام وبطنه معصوب بحجر ، ولبثنا ثلاثة أيام لا نذوق ذواقا ، فأخذ النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ المِعْولَ [المسحاة] فضرب فعاد كثيبا [رملا] أهيل أو [قال] أهيم [أي سائلا] فقلت : يارسول الله ائذن لي إلى البيت [فأذن لي • أبو نعيم] فقلت لامرأتي : رأيت بالنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شيئا ماكان في ذلك صبر ، فعندك شيء ؟ قالت : عندي شـعير وعَنَاق [كارژۆڵەی مێ] فذبحت العناق ، وطَحَنَتِ الشعير ، حتى جعلنا اللحم في البرمة •

تەرجەمە :

ئەیمەنی حەبەشیی ئەفەرموێ : چوومە لای جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئێمە لە رۆژی خەندەقا خەندەقمان هەڵەکەن ، ئەرزێکی زۆر سەختمان هاتەبەر قوڵەندە کاری لێ نەئەکرد ، چوونە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : مــــن ئێمە خوارێ ، لە دواییا تەشریفی هەڵسا زگی موبارەکی لە برسانا بە بەردێ بەستبوو[1] ، ئێمەیش سێ رۆژ بوو وەستابووین هیچ شــــتێکمان نەخوارد [و نەخواردەوە] پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قوڵندەکەی وەرگرت کە لە ئـەرزە رەقەکەی دا بوو بە لمێکی جاریی وەك ئاو ! وتم : (يا رســـــول الله) ئیذنم بــدە تا ماڵەوە ، ئیذنی دام [کــە چوومە ماڵەوە] بە ژنەکەم وت [کە سوهەیلەی بینتی مەسعوودی ئەنصاریە] : برسێتییەکم دی بــــە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليــه وسلم ـ کە صەبری تیا ناکرێ ، هیچت

---

(1) ئەگەر لێرەدا بیفەرموایە : بەردێکی لەسەر سکی بەســـتبوو ، یـان دانابوو .. باشتر دەبوو •

لە لا هەیە ؟ وتی : مەنێ جۆو کارژۆلەیێکم لایە • کارژۆلەکەم سەربڕی ، ئەویش جۆیەکەی هاڕیی ، تا گۆشتەکەمان خستە ناو دیزەوە بکولێ •

ثم جئت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ والعجين قد انكسر ، والبرمة بين الأثافيّ قد كادت أن تنضج [كلما نضجت[1]• الآية] فقلت : طُعَيِّم لي ، فقم أنت يا رسول الله ورجل أو [شك الراوي] رجلان• قال: كم هو؟ فذكرت له ، قال : كثير طيب • قال : قل لها لا تنزع البرمة ولا الخبز من التنـــور حتى آتي • فـقال : قوموا ، فــقام المهاجـرون والأنصـــار :

تەرجەمە :

لە دوایيا چوومە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم هەویرەکە هەلاّتبوو ، دیزەکەیش لەسەر سێکوچکە بوو نزیك بوو بکولێ ، عەرزی پێغەمەرم کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : کە کەمێ طەعاممان هەیـــە هەلسە (يا رسول الله) خۆتو پیاوێ یـــا دوو پیـــاو تەشریفتان بێ ، فەرمووی : طەعامەکەتان چەندە ؟ عەرزمکرد • فەرمووی : زۆرو پاکە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : پێیبلێ : تا من ئێـــم دیزەکە دانەگرێ ، نانەکە لە تەنوورەکە نەکاتەوە • فەرمووی : هەلســـن موهاجیرو ئەنصار هەموویان تەشریفیان هەلسا •

فلما دخل على امرأته ، قال : ويحكِ ! جاء النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ بالمهاجرين والأنصار =ومن معهم= قالت : هــل ســألك ؟ قلت : نعم • [وفي رواية يونس قال : فلقيت من الحياء ما لا يعلمه إلا الله ـ عز وجل ـ وقلت : جاء الخلق على صاع من شعير وعناق! فدخلت على امرأتي : اقول : افتضحتِ : جاءك رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه

(١) النســـاء / ٥٦ •

وسلم ـ بالجند أجمعين • فقالت : هل كان سألك كم طعامك ؟ فقلت : نعم • فقالت : الله ورسوله أعلم نحن قد أخبرناه بما عندنا • فكشفت عني غما شديدا] فقال : ادخلوا ولا تضاغطوا [لا تزدحموا] فجعل يكسر الخبز ويجعـل عليـه اللحـــم ويخمّر البُرمـــة والتنـــور إذا أخـذ منـه ويقـرب إلى اصـــحابـه ، ثـم ينـزع فـلم يـزل يكســـر الخبـــز ويَغْـرِف حتى شبعوا ، وبقي بقية ، قال : كلي هذا وأهدي ؛ فإن الناس أصابتهم مجاعة ح ـ ٦/٣٠٩ ، م ـ ٨/٣٠٨ :

تەرجەمە :

کە جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ چوەوە لای حەرەمەکەی فەرمووی: کۆستکەوێ ! پێغەمەر ـ صلیاللهتعالیعلیهوسلم ـ هەموو موهاجیرو ئەنصاریی =و ئەوانەی لەگەڵیانانی= بۆ هێنایـــت • فەرمووی : لێیپرســـیت ؟ فەرمووی : بەڵێ [لە ریوایەتی یوونسا ئەفەرموێ : ئەوەندەم حەیا کـرد غەیری خوا ـ عز وجل ـ کەس نایزانێ ، وتم : خەڵق هاتوونە سەر مەنـێ جۆو کارژۆڵەیێ ! چوومـــە لای ژنەکەم وتم : بە فەضیحەت چووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە هەموو لەشکرەکەوە بۆتهات • وتی : هیچ لێیپرسیت کە طەعامەکەت چەندە ؟ وتم : بەڵێ • وتی : خواو رەسوولی خوا لە هەموو کەس عالمترن • ئێمە عەرزمان کردوە کە چیمـان هەیە ، بەوە غەمێکی زۆر زۆری لێ لادام] پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ [لە دوای ئەمە گەیینە ماڵی جابیر] فەرمووی : بێنە ژووریّ ئەمما مەکەون بەسەر یەکا • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نانی بۆ لەتئەکردنو گۆشتی بۆ بەسەرائەکردنو دیزەکـــەو تەنوورەکـــەی

دائەپۆشیو ، ئەی‌نایە بەردەمی ئەصحابی[1] ، لە دواییا نانو گـۆشـتی دەرەهێنا هەروا بەو نەوعە نانی دەرەهێناو ئاوو گۆشتی هەڵەهێنجا تا تێر بوون ، بەقییەییێکیشی مایەوە ، بە سوهەیلەی فەرموو : ئەمە بخۆو بـە هەدییە بینێرە بۆ دەرو دراوسێ خەڵق گرفتاری برسێتی بوون .

١٧/٥٥٥ – سعيد بن مينا قال : سمعت جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : لما حفر الخندق رأيت بالنبي ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ خمصا شديدا [أي ضمور البطن من الجوع] فانكفأت إلى امرأتي ، فقلت : هل عندكِ شيء ؟ فإني رأيت برسول الله ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ خمصا شديدا . فأخرجت إليَّ جرابا فيه صاع من شعير ، ولنـا بهيمة داجن ، فذبحتُها ، وطحنتِ الشعير ، ففرغَتْ إلى فراغي ، وقطعتُها في برمتها ، ثم وليت إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقالت: لا تفضحني برسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وبمن معه .

تەرجەمە :

جابیر ئەفەرموێ : کە خەندەق هەڵکەنرا پێغەمەرم ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ زۆر بە برسێتیی دی ، گەڕامەوە بـــۆ لای ژنەکەم ، وتم : هیچت لا هەیە ؟ من پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە برسێتییەکی تەواو برسیی دی ، توێشەبەرەیێکی بۆ دەرهێنام مەنێ جـــۆی تیا بوو ، کارژۆڵەییێکیماڵەکیشمان بوو سەرم‌بڕی ، ئەویش جۆیەکەی هاڕیی ، تا من لە کارژۆڵەکە بوومەوە ئەویش لە هاڕینی جـــۆیەکە بۆەوە ، کارژۆڵەکەم پارچـە ـ پارچـەکردو خستمە ناو دیزەکەوە ، لـە دواییا چووم بۆ خدمەت

(١) واتـە : تریتەکەی ئەنایە بەردەمی ئەصحابی نەك تەنوورەکە ، لێـرەدا پاش‌وپێشێ دروست بوە ، ئەگەر بیفەرمووایە : نانی بۆ لەت‌ئەکردنو ئـاوی بـۆ بەسـەرا ئەکردنو ئەی‌نایە بەردەمیانو تەنوورو دیزەکەی دائەپۆشییەوە .. باشتر بوو .

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وســلم ـ سوهەیلە پێیوتــم : ها ئابڕووم نەبەی ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـو ئەوانەی کە لە خدمەتیــان هەموویان نەهێنی •

فجئته فساررته فقلت : يا رسول الله ذبحنا بُهَيمة لنا وطحنّا صاعا من شعير كان عندنا ، فتعال أنت ونفر" معك • فصاح النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : يا أهل الخندق إن جابرا قد صنع سؤرا ، فحيَّ هلاً بكم ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا تُنْزِلُنَّ بُرمَتكم [ولأبي ذر : لا تُنْزِلَنَّ برمتكُمْ] ولا تَخْبِزُنَّ عجينكم حتى أجيء • فجئت وجاء رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقدم الناس ، حتى جئت امرأتي ، فقالت : بك وبك ! فقلت : قد فعلت الذي قلتِ ، فأخرجت له عجينا فبصق فيه [بصق ، بسق ، بزق بمعنى] وبارك ثم عَمَدَ إلى برمتنا فبصق وبارك ثم قال : ادع خابزة فلتَخْبِز معي واقْدَحي من برمتكم ، ولا تُنْزِلوها ، وهم ألف ، فأقسم بالله لقد أكلوا حتى تركوه وانحرفوا ، وإن برمتنا لتَغِطُّ كما هي ، وإن عجيننا ليخبز كما هو ح ـ ٦/٣١٠ ، ، م ـ ٨/٣٠٨ •

تەرجەمە :

چوومە خدمەتی بە دزییـــەوە عەرزمکرد وتــم : (یا رسول الله) حەیوانێکی بچکۆلانەمان بوو سەرمانبڕی ، مەنێ جۆمان بوو هاڕیمان ، تۆو چەند کەسێ لە خدمەتتا تەشریفتان بـــێ ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە دەنگی بەرز بانگیکرد فەرمووی : ئەی ئەهلی خەندەق جابیر شایی بۆ کردوون ! سا خێراکەن بێن • پێغەمەر ـ صلی الله تعالـی علیه وسلم ـ فەرمووی : تا من ئێیم دیزەکەتان دامەگرن ، هەویرەکەتـــان مەکەن بە نان ، من چوومەوەو پێغەمەریش ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ

تەشریفی کەوتە بەردەمی خەڵقەکەوەو هات ، تا چوومـەوە لای ژنەکەم ، وتی : وات لێ‌بێ‌و وات لێ‌بێ ! وتم : ئەوی پێت وتم کـردم . ژنەکەم نەختێ هەویری دەرهێنا ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تفـــی تێ‌کردو دۆعای بەرەکەتی بۆ کرد ، لە دوایيا تەشریفی چوو بە لای دیزەکەوە تفیشی کردە ناو ئەوەوەو دۆعای بەرەکەتی بـۆ کرد ، لە دوایيا فەرمووی : ژنێکی نان‌کەرم بۆ بانگ‌کەن نانم لەگەڵ بکا ، تۆیش لە دیزەکە هەڵهێنجە دای‌مەگرن ، ئەوان هەزار کەس بوون ، سوێن ئەخۆم بە خوا خواردیان‌و بەجێیان هێشت‌و گەڕانەوەو دیزەکەمان لە بەر پڕیی چۆن بوو وا هەڵەچوو ، هەویرەکەمان هەروەکوو بوو هەروا نانی لێ ئەکرا .

ئەم حادیثەیە چۆن ئەبێ هەزار کەس دیبێتی‌و موتەواتەر نەبێ ؟ مـــن هەر وەك لە پێش چاوی خۆم کرابـــــن (علم الیقین)م هەیە بەم نەوعە موعجیزانە وەك ئەزانم کە ئەرزو ئاسمان هەن .

موعجیزەی ئەم دوو حەدیثە :

١ ـ بەردێ کە هاتۆتە بەر خەندەقەکەوە خوا ئەزانێ کە چەند صەحابیـی لەگەڵی خەریك بوون چارەیان نەکردوە ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە زگی برسێتیی بە تەنها قوڵونگەیێ کە پیاکێشاوە بوە بە تۆز !

٢ ـ کارژۆلەیێك‌و مەنێ جۆ کیفایەتی هەزار کەسی کردودو بە هەدییـــە نێرراوە بۆ هەموو فوقەرای مەدینە ، یەعنی کارژۆڵەیێك‌و مەنێ جۆ هەموو شاری مەدینەی پێ تێر بوە ، چونکی سیاقی ئەمری پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە ناردنی بۆ خەڵق‌و فەرموونــــــی : خەڵق تووشی برسێتیی بـوون .. بە واضــیحیی ئەگەیێنێ کە سـوهەیلە ـ رضي الله تعالی عنها ـ بۆ هەمووی ناردبن . چونکی ئەصحابـی

كيرام ـ رضي الله تعالى عنهم ـ موخالەفەتی ئەمری پێغەمەریان ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لـە هەمـوو موصیبەت‌و فەلاکەتی دنیایی لە لا خراپتر بوە سەرو ماڵیان فیدای ئەو کردوە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ

٣ ـ کیفایەتکردنی بۆ هەزار کەس بـــە تەنها مـــوعجیزەیێکە ، کەم نەبوونەوەی بە تەنها موعجیزەیێکە ، زیادکردنەکەیشـی بە تەنهـــا موعجیزەی چواردەمینە(١) .

صەبرو زوهدو قەناعەت‌و حوسنی خولقی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـكە لەم حەدیثانە ئەفامرێتەوە ، مەگەر هەر خوا تەقدیری بکا ، ئیثاری خەڵق بەسەر ذاتی موبارەکی خۆیا لەوێوە بوەستێ .

خورمازۆربوونی جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ:

١٨/٥٥٦ ـ حدث جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن أباه توفي وعليه دين ، فأتيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقـلت : إن أبي تـرك عليه دينا ، وليس عندي إلا مايخرج نخلـــه ، ولا يبلـغ مايُخْرِج سنين ما عليه ، فانطلق معي لكي لا يَفْحِشِ [يَفْحُش] عليَّ الغرماءُ ، فمشى حول بيدر من بيادر التمر فدعا ، ثم آخر ، ثم جلس عليه ، فقال : انزِعوه، فاوفاهم الذي لهم وبقي مثل ما أعطاهم ح ـ ٦/٤٠ .

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : باوکم وەفاتی کرد قەرزدار بو ، چوومە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزم‌کرد : کە باوکم قەرزێکی بۆ بەجێ‌هێشتووم هیچیشم لا نیە غەیری ئەوە کـــە

(١) راستتر وایە بفەرموێ (سێیەمینە) چونکە دوو موعجیزەی لـــە پێشەوە گوتوە .

واریداتی دارخورماکانیه ، واریداتی دارخورماکانیشی هی چەند سالی ناگاته قەرزەکەی کە لەسەریەتی ، تەشریفت لەگەڵم بێ کە صاحیب قەرزەکـــان قسەی زۆر بێمەعناو خراپم پێ نەڵێن [پێغەمەر ـصلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی چوە ناو باغی خورماکەیەوە] بە دەوری مشتاخێکا گەڕا دۆعای بەرەکەتی بۆکرد ، لە دوایا تەشریفی بە دەوری مشتاخێکی تـــرا گەڕاو دۆعای بەرەکەتی بۆ کردو لەسەری دانیشت ، فەرمووی : دەری‌هێنن لە مشتاخەکە ، بە تەواوەتی قەرزەکەی پێ ئەدا کردو [ئەوەندە کـە داینێ] ئەوەندەیشی مابۆوە •

۱۹/۵۵۷ ـ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أصیب [أبـي] عبدالله [بن عمرو بن حرام ، یوم أحد] وترك عیالا ودینا ، فطلبت إلى أصحاب الدين أن يضعوا بعضا من دينه فأبوا ، فأتيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فاستشفعت بــه عليهم فأبوا ، فقال : صنّف تمرك كل شيء منه على حِدَته : عِذْق ابن زيد على حدة ، واللين على حدة ، والعجوة على حدة ••• ثم أحضرهم حتى آتيك ، ففعلت ثم جـــاء ـ عليه الصـــلاة والسلام ـ فقعد عليه وكال لكل رجل حتى استوفى وبقي التمر كما هــو كأنه لم يُمَسّ ح ـ ٤/٢١٨ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : عەبدوڵڵای باوکم ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە ئوحودا شەهیـــد بوو ، عەیاڵێـــك‌و قەرزێکی زۆری بەجێ‌هێشت ، طەلەبم کرد لە صاحیب قەرزەکان کە شـــتێکی لێ‌داشکێنن نەیان‌کرد ، چوومە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەویشم کرد بە شەفاعەتخواز ، شەفاعەتی ئەویشیان قەبووڵ نەکـــرد [سبحان الله ئەوانەی کە رجای پێغەمەریان ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قەبووڵ نەکرد

ئەبێ چی بووبن ؟!] پێغەمەر – صلی اللە تعالی علیه وسلم – فەرمووی : خورماکەت صینف – صینف خەرمان بکە ، هەر صینفێ بە جوێ : عیذقی ئیبنوزەید بە جوێ [نەوعێکی چاکە] ، لیین [نەوعێکی خراپە] بە جوێ • عەجوە [کە چاکترینی هەموو خورمایێکە] بە جوێ ، لە دواییا صاحیب قەرزەکان حازر بکە تا پێم • جابیر فەرمووی : کردم ، لە دواییا پێغەمەر – صلی اللە تعالی علیه وسلم – تەشریفی هات لەسەری دانیشت بۆ کوللی صاحیب قەرزێکی پێوا تا قەرزی هەموویانی دایەوە ، خورماکە وەك هیچ دەستی لێنەدرابێ مایەوە •

لم أكتب حديث ناضحه من هذا الحديث لأنه يأتي في أحاديث (إن شاء الله تعالى)[1] •

٥٥٨/٢٠ ــ وعنه أن أباه توفي وترك عليه ثلاثين وسـقا لرجل من اليهود [أبو الشحم] فاستنظره جابر ، فأبى أن يُنْظِرَ ، فكلم جابر رسول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ ليشفع له إليه ، فجاء رسول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ وكلم اليهودي ليأخذ ثمر نخله بالذي له فأبى ، فدخل رسول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ النخل فمشى فيها ثم قال لجابر : جُدَّ =له= [أي اقطع] فأوف له الذي له فجدّه بعد مارجع رسول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ فأوفاه ثلاثين وَسْقاً وفَضِلَتْ له سبعة عشر وسقا ، فجاء جابر رسول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ليخبره بالذي كان ، فوجده يصلي العصر ، فلما انصرف أخبره بالفضل ، فقال : أخبر ذلك ابن الخطاب فذهب جابر إلى عمر ــ رضي الله تعالى عنهما ــ فأخبره ، فقال له عمر : لقد علمت حين مشى فيها رسول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ ليباركَنَّ فيها ح ــ ٢١٢/٤ ، د ، ن ، جه •

---

(١) ئـەم باســـە لە حەدیثی (٥٦٥/٢٧)و حـەدیثەکانی دوای ئەودا بە درێژیی دێت .

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : باوکم وەفاتی کرد سـی وەسق [هەر وەسقێ شەصت صاع] قـەرزی خورمـای جوولەکەیێکی بەسەرەوە بەجێهێشتم ، داوای مۆڵەتی لە جوولەکەکە کرد مۆڵەتی نەدا . جابیر عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە رجای بـۆ بکا لای جوولەکەکە ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ تەشریفی چوو رجای لە جوولەکەکە کرد کە لە باتیی قەرزەکەی بەری خورماکـان قەبووڵ بکا ، نەیکرد ! پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی بە ناو دارخورماکانا گەڕا ، لە دواییا بـە جابیـری فەرموو : هێشووی خورماکان ببڕە ، قەرزەکەی چیە بیدەرەوە ، لە دوای ئەمە کـە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی گەڕایەوە جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ بەری خورماکانی بڕی سی وەسق قەرزی جوولەکەکەی بژاردەوەو حەڤدە وەسقیشی زیاد بوو [جوولەکەکە ئەمجا لە داخا شەق بیا !] جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ هات کە خەبەر بە پێغەمەر بـدا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە خورماکە لـە قەرزەکە زیاتر بوو ، کـە چوو پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نوێژی عەصری ئەکرد کە لە نوێژ بۆوە جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ عەرزیکرد کە خورماکە لە قەرزەکە زیاتر بـوو ، پێغەمەر ـ صـلی الله تعالی علیـه وسـلم ـ فەرمووی : بچـۆ خەبەر بە ئیبنولخەطاب بدە ، جابیر چـوە لای عومەر ـ رضـي الله تعالی عنهما ـ خەبەری دایێ ، ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : ئەمزانی کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە بە ناو دارخورماکانا تەشریفی گەڕا بەرەکەتی تێ ئەکەوێ .

ئەم حەدیثە بە ظاهیر وا ئەگەیێنێ کە موبایەنەتی لەگەڵ حەدیثەکانـی پێشەوە بێ ، چونکی لەوانا ئەفەرموێ : دوای ئەمە کە خـورمـاکـە

موشتاخ کرا پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم تەشریفی چوو لە سەری دانیشت ، هەم وایش ئەیێنێ کە بە قەد قەرزەکەی مابێتەوەو هیـچ کەمی نەکردبێ ، لەم حەدیثەدا ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ تەشریفی چوو خورماکە بەدارەوە بوە ، ئەمری بە جابیر فەرموو بیبڕێو قەرزی لێبداتەوە ، خۆی تەشریفی گەڕایەوەو جابیر خورماکەی بڕیو قەرزەکەی لێ دایەوەو زیادی کرد ، چوو خەبەری بـــە پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ دا لێرەیشا ئەفەرموێ : سی وەسق قەرزی لێدایەوەو حەڤدە وەسقی زیاد کرد کە کەمترە لەو میقدارەی داویەتەوە بە قەرزا .

کەوابێ قەرزی جوولەکەکە سی وەسق بوە بۆ ئەو قەرزە لە پێش بڕینی خورماکەدا پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ تەشریفی چـوو بە ناویا گەڕاو فەرمووی : بیبڕە . ئەم حەدیثە هەر دەرحەقــی قەرزی جوولەکەکەیە . حەدیثەکانی پێشـــوو دەرحەقـــی قەرزاری ترە غەیری جوولەکەکە ئەوالیش تەنگیان بە جابیر هێناوەو پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ بۆ ئەوە تەشریفی بردۆتە بوســـتانەکەی جابیر ــ رضـي الله تعالى عنه ــ کە صاحیب قەرزەکانی تر ئیقناع بکا لەو میقدارەی کـە لـە جوولەکەکە مابۆوە قەرزەکانی تری لێ دایەوەو بە قەد قەرزەکە مایەوە . (كذا في القسطلاني) .

ئـەم حەدیثی خورمـای جابیرە ــ رضي الله تعـالى عنـه ــ بوخـاریی ــ رحمه الله ــ لەگەلێ جێدا ذیکری کردوە ، ئەم میقدارە بەسە .

٥٥٩/٢١ ــ عن عبدالرحمن بن أبي بكر [رضي الله تعالى عنهما] قال: نـزل علينا أضياف لنا وكان أبي يتحدث إلى رسول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ من الليل ، قال : فانطلق وقال : يا عبدالرحمـن أفـــرغ من

أضيافك ، قال : فلما أمسيت جئناهم بقراهم ، قال : فأبوا ، قالوا . حتى يجيء أبو منزلنا فيطعم معنا ، قال : فقلت لهم : إنه رجل شديد ، وإنكم إن لم تفعلوا خفت أن يصيبني منه أذى ، قال : فأبوا ، فلما جاء لم يبدأ بشيء أول منهم ، فقال : أفرغتم من أضيافكم ؟ قال : قالــــوا : لا والله مافرغنا ، قال : ألم آمر عبـــدالرحـــمن ؟ قال = وتنحيت عنـــه فـقال يا عبدالرحمن ، قال =: فتنحيت ، قال : فقال : يا غُنْثَر [بضم الثـــاء وفتحها ، يا ثقيل يا جاهل ، يا لئيم] أقسمت عليك إن كنت تسمع صوتي إلا جئت • قال : فجئت =قال= فقلت : والله ما لي ذنب ، هؤلاء أضيافك فسَلْهُم قد أتيتهم بقِراهم فأبوا أن يطعموا حتى تجيء ، قال : فقـــال : مالكم ألا تقبلوا عنا قِراكم ؟ قال : فقال أبو بكر : فوالله لا اطعمه الليلة • قال : فقالوا : فوالله لا نطعمه حتى تطعمــه • قال : فما رأيت كالشــــر كالليلة قط ، ويلكم مالكم الاتقبلوا عنا قراكم ؟ ثم قال : أما الأولى فمن الشيطان هلموا قراكم ، قال : فجيء بالطعام فسمى فأكل وأكلوا • قال : فلما أصبح غدا على النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : يارسول الله بروا وحنثت =قال فأخبره= فقال : بل أنت أبرهم وأخيرهم • قـال [الراوي] : ولم تبلغني كفارة م ـ ٣٤٨/٨ •

تەرجەمە :

لەم حەدیثەدا موعجیزەی تیـــــا ذیــــکر نەکراوە ؛ چونکی عەینی حادیثەکەی حەدیثەکەی دواییە ، لەوا موعجیزەی تەکثیری طەعام ذیـــکر کراوە بەو موناسەبەیە ئەم حەدیثەیشم نووسی •

عەبدوڕەحمانی کوڕی حەزرەتی ئەبوبەکری صــــەدیق ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : چەند میوانێکمان هات ، باوکیشم بە شەو نە خدمەت حەزرەتی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قسەی ئەفەرموو ،

تەشریفی چوو بۆ خدمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم فەرمووی : ئەی عەبدوڕەحمان لە خدمەتی میوانەکانت ببەرەوە [یەعنـی چ ئیکرامێ بە عادەت دەرحەقیان لازمە بە تەواویی بەجێی بێنە] فەرمووی : کە کەوتمە وەختی ئیوارێ نانسان بۆ هێنان نەیانخوارد وتیان : تـــا صاحێبمالەکە نەیێتەوەو لەگەڵمان نەخوا ئێمە ناخۆین . پێموتن : صاحیب ماڵ پیاوێکی توندە ئەگەر ئێوە شێو نەکـــەن ئەترســـم لەوەوە ئەذیەتێکم پێ بگا ، ئیمتیناعیانکرد ، کە حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ تەشریفی هاتەوە لە پێش هەموو شتێکا لە میوانەکانی پرسی ؛ فەرمووی : ئیشـــی میوانەکانتان جێبەجێ کردوە ؟ ئەهلی ماڵەوە وتیان : خەیر وەڵلاهــــی نەمانکردوە . فەرمووی : بۆ ئەمرم بە عەبدوڕەحمان نەکرد ، عەبدوڕەحمان ئەفەرموێ : لە ترسانا خۆم شاردەوە ، فەرمووی : ئەی رەذیل . ئەی دەنیی ، ئەی جاهیل سوێندت ئەدەم ئەگەر گوێت لە دەنگمە ئەبێ بێی . عەبدوڕەحمان ئەفەرموێ : چووم وتم : وەڵلاهی هیـــچ گوناهم نیە ، ئەوە میوانەکان لێیان بپرسە نانم بۆ هێنان خۆیان ئیبایان کرد کە بیخۆن تا تۆ بێیتەوە . عەبدوڕەحمان ئەفەرموێ : باوکم پێی فەرموون : بۆچی میوانداریيەکەمان لێ قەبووڵ ناکەن ؟ فەرمووی : سا وەڵلاهی ئیمشـــەو من لەو طەعامە ناچێژم . ئەفەرموێ : میوانەکانیش وتیان : وەڵلاهی تا تۆ لێی نەخۆی ئێمەیش نایخۆین . باوکـــم فەرمووی : قـــەط وەکوو شەڕی وەك ئیمشەوم نەدیوە ، کۆستانکەوێ ! لەبەرچی ئێـوە ئیکرامی ئێمە قەبووڵ ناکەن ، لە پاشا فەرمووی : ئەو سوێنەی کە =لە= ئەوەڵەوە خواردم لە شەیطانەوە بوو ، خێرا نانەکەتان بێنن ، بۆیان هێنان ، باوکم (بسم الله)ی کردو خواردی ، ئەوانیش خواردیان ، کە سبەینێ بـۆوە بەیانیی تەشریفی چوو بۆ خدمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : (یا رسول الله) ئەوان سوێنیان نەکەوتو مـــن سوێنەکەم

کەوت ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : خەیر وا نیە تۆ چاکتری ئەوانی ؛ [چونکی لەبەر خاتری ئەوان سونەتت بەجێهێنـا دڵی موسافیرەکانت هێنایە جێ] راویی ئەڵێ : ئەوەمان پێنەگەییوە کـە کەفارەتی دا یا نەیدا ، (لكن) دەرحەقی کەفارەت ئایەتیش هەیـــەو حەدیثیش هەیە (کما یأتي إن شاء الله تعالى في الایمان) •

لەم حەدیثەدا حوسنی موعامەلە لەگەڵ میوان ، سوێنخستن بـــۆ دڵبەجێهێنان ، تەوصییە بە ئیکرامیان ، رەدنەکردنەوەی ئیکرام •••• هەیە •

٢٢/٥٦٠ ـ عن عبدالرحمن بن أبي بكر [رضي الله تـعالى عنهما] أن أصحاب الصفة كانوا أناسا فقراء وأن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال مرة : من كان عنده طعام اثنين فليذهب بثالث ، ومن كان عنده طعام أربعة فليذهب بخامس أو سادس ، أو كما قال [عليه الصلاة والسلام] وإن أبابكر [رضي الله تعالى عنه] جاء بثلاثة ، وانطلق النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ بعشرة ، وأبوبكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بثلاثة ، قال : فهو أنا وأبي وأمي ، ولا أدري هل قال وامرأتي [أميمة] وخادم بين بيتنا وبين بيت أبيبكر =قال= وإن أبابكر تعشى عند النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ ثم لبث حتى صليت العشـــاء ثم رجــع فلبث حتى تعشـى =ولمسلم : نعس = رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فجاء بعدما مضى من الليل ما شاء الله • قالت له امرأته [أم رومان] : ماحبســك عن أضيافك ، أو ضيفك ؟ قال : أو عشيتهم [أو ما عشيتهم • كش]؟ قالت : أبوا حتى تجيء ، قد عرضوا عليهم فغلبوهم ، فذهبت فاختبأت فقـال : يا غُنْثَرُ [أي يا جاهل ، أو يالئيم ، أو يا ثقيل] فجدّع [دعا بقطـع الأنف] وسبّ ، وقال : كلوا [لا هنيئا لكم • أخرى] وقال : لا أطعم أبدا،

قال : وأيم الله ما كنا نأخذ من اللقمة إلا ربَا من أسفلها أكثر منها حتــى شبعوا وصارت أكثر مما كانت قبل ، فنظر =إليهـــا= أبــوبـــكر فإذا = هـي = شـــيء أو اكثـر قـــال لامرأتـــه : ياأخت بنـي فـراس [ما هـذا ؟ اخـــرى] قـالت : لا و [حـق] قـرة عينـي لهـي الآن أكـثر منهـا قبـل بثـلاث مـرات ، فـأكـل منهـا أبو بـــكر ، وقـال : إنما كان الشيطان يعني يمينه [إنما كان ذلك من الشيطان •م] ثم أكل منها لقمة ، ثم حملها إلى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأصبحت عنده ، وكان بيننا وبين قوم عقد فمضى الأجل فعرفنا [ففرقنا • أخرى] اثني عشر رجلا مع كل رجل منهم أناس ألله أعلم كم مع كل رجل غير أنه ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بعث معهم [نصيب أصحابهم] قـــال : أكلـوا منهـا أجمعون ، أو كما قال م ـ ٣٤٣/٨ ، ح ـ ٥٠٨/١ ، ح ـ ٤٠/٦ ، الشك من أبي عثمـــان •[١]

تەرجەمە :

عەبدورەحمانی کوڕی ئەبوبەکری صەدیق ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئەصحابی صوففە[٢] بەعزێ ئینسانی فەقیر بوون ، پێغەمــەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەفعەیێ فەرمووی : هەرکەسێ طەعامی دوو کەسی لە لایە سێیەمینێ ببا لە ئەهلی صوففە ، ئەوی طەعامی چواری لـــە لایە پێنجەمێ یا شەشەمێ ببا ، یا وەکوو پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی وای فەرموو [راویەکە شـــکی بوە کـــە پێغەمەر

(١) دانەر ـ خ ـ ئەم حەدیثەی لە هەرسێ سەرچاوە دیاریکراوەکە وەرگرتوەو کەمتریش جیاوازیەکانیانی جیاکردوەتەوە .

(٢) صوففە : سەکۆو ساباتێك بوە لە پاڵ مزگەوتی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ میوانو یارانی بێ کـــەسو لانەو بانـــەی تێـــدا حەوێنراوەتەوە .

ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێنجەمـــــی فەرموە یا شەشەمی فەرموە] ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ سێ کەسی لــێ بردنەماڵەوە ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دە کەسی لێ بردنە ماڵەوە [عەبدوڕەحمـان ـ رضي الله تعالی عنه ـ حسابیان ئەکا ئەفەرموێ] : ئەبوبەکر ـ رضـي الله تعالی عنه ـ سیانی هێنا ، ئێمەیش من دایکمو باوکم [ئــەبو عوثمانی نەهەدیی ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : نازانم عەبدوڕەحمان ژنەکەی خۆیشی وت یانا ؟] عەبدوڕەحمان ئەفەرموێ : خادمێکیشمان موشتەرەك بوو لە بەینی ماڵی ئێمەو ماڵی باوکما [بەم حسابە بوون بە حەوت ، یا هەشت ، ئەگەر ژنەکەیشی فەرمووبێ] •

ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ نانی شێوانی خوارد بە تەنها لــە خزمەت پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ، راوەستا تا لە خدمــەت پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نوێژی خەوتنانی کرد ، لە دواییـا لەگەڵ سێ کەسەکەدا گەڕایــەوە ماڵەوە ، لە ماڵەوە وەســـتا تا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نانی شێوانی خوارد [لە دواییا تەشــریفی چوەوە خدمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لــە خدمەتیا بەنبوو ئەمجا گەڕایەوە بۆ ماڵەوە ، کە تەشریفی گەڕایەوە ئەوەندەی خوا حــەز بکا لــە شەو رابوردبوو] حەرەمەکەی فەرمووی : لــە میوانەکانت بۆچی ئەوەندە پاشکەوتی ؟ فەرمـــووی : شــێوت نەداونــێ ؟ فەرمووی : نەیانخوارد تا تۆ بێیتەوە ، نانیان بۆ بردنو لەگەڵیان خەریك بــــــوون میوانەکان غەڵەبەیان بەسەریانا کرد • عەبدوڕەحمان ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەڵێ : چووم خۆم شاردەوە • حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : لەئیم ، رەذیل ، لووتت ببڕن ! جوێنی دا بە عەبدوڕەحمــان ـ رضي الله تعالی عنه ـ بە میوانەکانی فەرموو : عافیەتتان نەبێ بخۆن • فەرمویشی [: ئێوە چاوەڕوانی من بوون بۆیە نەتانخواردوە]بە ئەبەدیی

لێی چەشکە ناکەم [ئەوانیش وتیان : وەڵلاهی تا تۆ نەخۆی ئێمەیشـــس ناخۆین ، ئەو وەختە مەجبوور بوو لەبەر خاتری میوانەکانی کە بە برسێتیی نەمێننەوە لێی خوارد • عەبدوڕەحمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ :] وەڵلاهی لوقمەیێکمان لێ هەڵنەدەگرت کە لەژێرەوە لەو لوقمەیە زیاتـــر نەیێتەوە جێی ، تا تێربوون • حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تێیفکری کەچیی شتێ بوو بە قەد پێشووی • بە حەرەمەکـەیی فەرموو : ئەی خوشکی بەنیفیراس [ئوممورۆمان ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ لـە ذورڕییەتی غونمی برای فیراس بوو ، هەردوکیان کـــوڕی مالیك بوون] ئوممورۆمان ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : قەسەم بە نووری دیدەم [کە پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] نازانم چیە ئەو طەعامە ئێستە سێ ئەوەندەی لە پێشوو زیاترە ، ئیمامی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ [لە دوای سوێندەکەی] لێیخواردو فەرمووی : ئەو سوێندەم لـــــە شەیتانەوە بوە لە رقی شەیتان لوقمەیێکی لێ خوارد [ئەم قسەی دواییە هی پێش خواردنی میوانەکانو زۆربوونی طەعامەکەیە ، مەعنای وا نیە کە لە دوای خواردنی میوانەکان حەزرەتی ئەبوبەکر لێیخوارد • تا موبایەنەتـی نەبێ لەگەڵ حەدیثەکەی پێشوودا] لە دوای ئەمە کە هەموو تێریان خوارد حەزرەتی ئەبوبەکر بردیە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وســـلم ـ ـ ورضي الله تعالى عنه ـ لە خدمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تا سبەینێ مایەوە •

[عەبدوڕەحمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ :] لە بەینی ئێمەو قەومێکا موعاهەدەیێکمان بووبوو ، موددەتی رابوردبوو دوانـزە کەسمان جوێ کردەوە کردمان بە سەرکردە [کە تەفەحوصی ئەحوالی دوشمنان بکەن] لەگەڵ هەر یەکێ لەو دوانزە کەسە گەلێ خەڵق بوو ، خـــوا ئەزانێ لەگەڵ

هەر یەکێکیان چەند کەس بوو هەموو خواردیان ، ئەوەندەی هەیە بـــەو دوانزە کەسەدا حیصصەی ئەوانی تری نارد •

زۆربوونی طەعامەکە لە ماڵی حەزرەتی ئەبوبەکرا موعجیزەی پێغەمەر بوو ـ صلی الله تعالـی علیه وسلم ـ بۆ حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالـی عنه ـ کەرامەت بوو • بەقییەکەی کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەقسیمی کرد بەسەر لەشکرەکەدا کـــە کیفایەتی هەمووی کردن ، ئەوە صیرف موعجیزەی پێغەمەربوە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئـــەوەڵـی خاریقەکە لای حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ظوهووری کرد ، لە خدمەت پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە کەماڵ گەیی •

٥٦١/٢٣ ـ أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : قـــال أبو طلحة لأم سليم [رضي‌الله تعالى عنهما] : لقد سمعت صوت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ضعيفا أعرف فيه الجوع ، فهل عندك من شيء ؟ قالت : نعم ، فأخرجت أقراصا من شعير ، ثم أخرجت خمـارا لهـا فلفت الخبز ببعضه ثم دسّته [أخفته] تحت يـــدي [أي إبطـي] ولاثتنـي ببعضه [أي عصبته على رأسي] ثم أرسلتني إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : فذهبت به فوجدت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـ في المسجد ومعه الناس ، فقمت عليهم فقال لي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أأرسلك أبو طلحة ؟ فقلت : نعم • قال : بطعام ؟ فقلت : نعم • فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لمن معـه : قوموا • فانطلق وانطلقت بين أيديهم حتى جئت أبا طلحـة فـأخبرتـــه ، فقال أبو طلحة : يا أم سليم قد جاء رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـ بالناس وليس عندنا ما نطعمهم • فقالت : الله ورسوله أعلم • فانطلق أبو طلحة حتى لقي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأقبل

رسول‌الله ـصلى‌الله‌تعالى‌عليه‌وسلم‌ـ وأبوطلحة معه، فقال رسول‌الله ـصلى‌الله تعالى‌عليه‌وسلم‌ـ: هلم ياأم‌سليم ماعندك، فأتت‌بذلك‌الخبز، فأمر به‌رسول‌الله ـ صلى‌الله‌تعالى‌عليه‌وسلم ـ ففت، وعصرت أم سليم عكة فأدمته، ثم قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فيه ما شاء الله أن يقول ، ثـم قال : ائذن لعشرة ، فأذن لهم فأكلوا حتى شبعوا ثم خرجوا ، ثم قال : ائذن لعشرة فأذن لهم فأكلوا حتى شبعوا ثم خرجوا ، ثم قال : ائذن لعشــرة فأذن لهم فأكلوا حتى شبعوا ثم خرجوا • ثم قال : ائذن لعشرة فأكـل القوم كلهم حتى شبعوا ، والقوم سبعون أو ثمانون =رجلا= ح‍-٦/٣٨، م ـ ٨/٣١١ ، ت ، ن ، ح ـ ٨/٢٠٣ •

تەرجەمە :

ئەنەسی بنی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەبوطەلحە بە ئوممو سولەیمی فەرموو ـ رضي الله تعالى عنهما ـ دەنگی پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە زەعیفیی دی ، برسێتیی تیا حیس ئەکەم ، هیچت لا هەیە ؟ فەرمووی : بەڵێ ، چەند ئەستۆرکێکی جۆی دەرهێنا ، لە دوایيا لەچکێکی خۆیی دەرهێنا نانەکەی لە بەعزێکیەوە پێچاو نایە بـن باخەڵم ، ئەوی تریشی لە سەرمەوە پێچا ، لە دوایيا ناردمی بـــۆ خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نانەکەم برد ، پێغەمەرم ـ صلى الله تعالـــى عليه وسلم ـ لە مزگەوت دەستکەوت ، خەڵقی لە خدمەتا بوو ، لە لایان راوەستام پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وســـلم ـ فەرمووی : ئەبوطەلحە ناردووتی ؟ وتم : بەڵێ • فەرمووی : طەعامی پیا ناردووی ؟ وتم : بەڵێ • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وســـلم ـ بەوانەی کـــە لـــە خدمەتیا بوون فەرموو : هەڵسن پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەگەڵ ئەصحابیا تەشریفیان کەوتەڕێو منیش لە پێشیانەوە ڕۆییم تا چوومە لای ئەبوطەلحـە

خەبەرم دایە کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەگەڵ ئەصحابیـــا تەشریفیان هات ، ئەبوطەلحە فەرمووی : ئەی ئوممو ســـولەیم پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ هەموو خەڵقی هێنا هیچمان نیە کە بەشــیان بکاو دەرخواردیان بدەین ، ئوممو ســـولەیم فەرمووی : خواو پێغەمەری خوا لە خەڵق چاتر ئەزانن • ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالی عنه ـ رۆیی تا بە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ گەیی ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالــی علیه وسلم ـ لەگەڵ ئەبوطەلحە تەشریفیان هات ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : یـــا ئوممو ســـولەیم چیـــت هەیـــە بیهێنە • ئوممو سولەیم ئەو نانەی هێنا ، پێغەمەر ـ صـــلی الله تعالی علیه وســـلم ـ ئەمری فەرموو نانەکەیان لەتلەتکردو ئوممو سولەیم ـ رضي الله تعـــالی عنها ـ هیزەڵۆکەیێکیان بوو گوشیی نانەکەی پێ چەور کرد ، لە دوایـــا فەرمووی : دە کەس ئیذن بدەن بێـــن ، ئیذندران هاتـــن تـــا تیربۆن خواردیان ، لە دوایا چوونەدەرەوە ، لە دوایا فەرمووی : ئیذنی دە کەس بدەن ئیذندران ، هاتنو تا تێر بوون خواردیانو چوونە دەرێ ، لە دوایا فەرمووی : ئیذنی دە کەس بدەن ئیذندرانو هاتن تا تێر بوون خواردیانو چوونەدەرێ • لە دوایا فەرمووی : ئیذنی دە کەس بدەن ، قەومەکە هەموو خواردیان تا تێر بوون ، قەومەکە حەفتا یا هەشتا =پیاو= بوون • راویەکە شکی بوە کە ئەنەس حەفتای فەرموە یا هەشتا •

موسلیم ـ رحمه الله ـ هەر لەم جێگەیەدا ئەم واقیعەیەی بـــە بەعزێ فەرق لە حەوت جێی تردا ذیکر کردوە ، تەنها تەرجەمەی فەرقەکانی نەقــڵ بکەم کافیە •

نەوەویی ئەفەرموێ : (بلاشك) ئەمە حادیثەیێکی ترە •

١ ـ ئەنەس ئەفەرموێ : ئەبوطەلحە طەعامی بۆ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دروستکردبوو ناردمی بانگی بکەم کە چووم پێغەمەر

ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ تەشریفی لەگەڵ خەڵقا بوو شەرمم لێ‌نیشت وتم : (یا رســـول الله) تەشریفت بێ ئەبوطەلحە بـانـگی کردووی ، پێغەمەر ـ صـلی الله تعالی علیه وســـلم ـ بە ئەصحابی فەرموو : هەڵسن ، کە تەشریفیان چـــوو ئەبوطەلحە فەرمووی : (یارسول الله) شتێکی کەمم هەر بۆ تۆ کردوە ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دەستی موبارەکی لێ‌داو دۆعای بەرەکەتی بۆ کردو فەرمووی : دە کەس بانگ بکەن • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ شتێکی لـــە بەینی پەنجەی موبارەکیا بــۆ دەرهێنا خواردیان تا تێر بوون‌و چوونەدەرێ • لە ئاخریدا ئەفەرموێ : کە هەموو تێریان خوارد تێی‌فکرین بە قەد پێشووی بوو •

٢ ـ ئەوەڵی وەکوو ئەوەڵی حەدیثە ئەوەڵەکەیە ، ئاخریەکەی ئەفەرموێ : ئەوی مابۆوەوە کۆیان‌کردەوە دۆعای بەرەکەتی بۆ کرد هەروەکوو بوو وای لێ‌هاتەوە ، فەرمووی : ئەوەیش بۆ ئێوە •

٣ ـ ئەبوطەلحە ئەمری کرد بە ئوممو سولەیم ـ رضي الله تعالی عنهما ـ کە طەعامێ دروست بکا تەنها بۆ نەفسی پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ ئەنەس ئەفەرموێ : ئەبوطەلحە ناردمی بە شـــــوێن پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالـــی علیه وسلم ـ دەستی موبارەکی نایە ناو طەعامەکەوەو (بسم الله)ی بەسەرا کردو فەرمووی : ئیذنی دە کەس بدە فەرمووی : بخۆن‌و (بسم الله) بکەن ، خواردیان ، ئەو موعامەلەیەی فەرموو بە هەشتا کەس ، لە دوایيا پێغەمـــەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خۆی خواردی‌و ئەهلی بەیت خواردیان‌و پاش‌ماوەیشیان لێ مایەوە •

٤ ـ ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە بەردەرگاکەیانا وەستا تـــا

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی هات ، ئەبوطەلحـە عەرزی کرد : (یارســـول الله) هە رشـــتێکی کەمە • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : بیهێنە خوا بەرەکەتـــی تێ ئەخا •

٥ ـ لە دواییا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خواردیو ئەهـلی ماڵەکە خواردیانو ئەوەندەیش مایەوە کە ناردیان بۆ دراوسێ •

٦ ـ ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالی عنه ـ پێغەمەری ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دی لە مزگەوت راکشابوو بەسەر زگو بەسەر پشتیا پێچی ئەخوارد ، هاتەوە لای ئومموسولەیم پێیوت ••

٧ ـ ئەنەس ئەفەرموێ : چوومە خدمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی دانیشتبوو قسەی لەگەڵ ئەصحابیا ئەکرد زگی بە شتێ شەتەك دابوو ، لـــە بەعزێ ئەصحابم پرسیی : بۆچی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـــه وسلم ـ زگی وا توندبەستوه ؟ فەرموویان : لـــە بەر برسێتیی ! هاتمەوە بۆ ئەبوطەلحەم گێڕایەوە چۆوە لای دایکم پرسیی : هیچ هەیە ؟ =وتی= : بەعزێ پارچە نانو چەند خورماییکمان هەیە ئەگەر پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە تەنها تەشریفی بێ تێـــری ئەکەین ، ئەگەر خەڵقی تری لە خدمەتا بێ کەمە •

موعجیزەیێ لـەم حەدیثانەدا هەیـە :

١ ـ طەعامی یەکێ کیفایەتی هەشتا کەس بکاو بمێنێتەوە وەکوو بۆ دەرو دراوسێیشی لێ نێرراوە •

٢ ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەگەڵ ئەمـــەدا خـەبەری

دراوەتێ بەکەمیی طەعامەکە عیلمی بوە کە ئەوەندە زۆر ئەبێ کـــە بەشی هەرچەندێ لە خدمەت خۆیا ببا ئەکا •

٣ ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ زانیویەتی کە ئەبوطەلحـــە ئەنەسی ناردوە بۆیە لێیپرسیوە : کە ئەو ناردووتی ؟ گینا بۆچـــی هیچ جاری تر لێی نەپرسیوە •

٤ ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ زانیویەتی کە ئەبوطەلحە شتی خواردنی بۆ ناردوە بە ئەنەسا بۆیە لێی پرسی •

٥ ـ لەو حەدیثەدا کە ئەبوطەلحە ناردوویەتی بە شوێن پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کـــە تەشریفی ئەچێو بۆ ئەو دەکەس ـ دەکەسە شتێکی لە بەینی پەنجەی موبارەکی هێناوەتە دەرێ ، هێنانەدەرەوەی ئەو شتە کە خوا ئەزانێ چی بوە موعجیزەیە بەرەکەتی طەعامەکە لەو شتەوە بوە (باذن الله)•

لەم حەدیثانەدا بەیانی قەناعەتو صەبرو زوهدو ئیبتیـلای پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە شەدائیدی تیاکراوە ، بەیانی حوســـنی خولقو تەواضوعیو چاوێریی ئەصحابی کیرامیانیشی تیا هەیـە • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بۆ ئەصحابو ئەصحاب بۆ پێغەمەر •

ئەحکامی فیقهی ئـەم حەدیثانە :

١ ـ (بسم الله)کردن لەسەر طەعام •

٢ ـ کەتمی ئیحتیاجیی •

٣ ـ عەدەمی شەکوا لە وەقتی شیددەتا •

٤ ـ هەدیەناردن با کەمیش بێ •

٥ ـ دانیشتنی عالم لە مزگەوتا بۆ تەعلیمو تەعەللوم •

٦ ـ خانەخوێ لە پێش میوانەوە ڕۆیینە ماڵەوەو خەبەربەماڵەوەدان •

٧ ـ ئیستیقبالی موسـافیر •

٨ ـ نانگوشینەناوشت •

٩ ـ لە وەختی شتخواردنا زۆر خۆتێنەخزانن بە نەوعێ زەحمەت بدا بە ڕەفیقەکانی تری •

١٠ـ نانخواردنی خانەخوێ لە دوای موسافیر •••سوننەتن •

لە فەرموونی ئوممو سولەیم (الله ورسوله أعلم) کیاسەتو عیـلمو عەقڵی ئوممو سولەیم ئیستیفادە ئەکرێ ـ رضي الله تعالى عنها ـ •

٢٤/٥٦٢ ـ عن أبي هريرة أو عن أبي سعيد [رضي الله تعالى عنهمـا] شك الأعمش • قال : لما كان يوم غزوة تبوك أصاب الناس مجاعة فقالوا : يا رسول الله لو أذنت لنا فنحرنا نواضحنا فأكلنا وادّهنا ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : افعلوا • قال : فـجاء عمـر [رضي الله تعالى عنه] فقال : يارسول الله إن فعلت قل الظهر ، ولكن ادعهم بفضـــل أزوادهم ، ثم ادع الله لهم عليها بالبركة لعل الله ان يجعل في ذلك • فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : نعم • قال : فدعا بنطع [فيه أربع لغات مشـــهورة على الترتيب : نِطَـع ، نَطَـع ، نَطْـع ، نِطْـع] فبسـطه ثم دعا بفضل أزوادهم ، قال : فجعل الرجل يجيء بكف ذرة ، قال: ويجيء الآخر بكف تمر ، قال : ويجيء الآخر بكِسْرة حتى اجتمع عـلى النطع من ذلك شيء يسير قال : فدعا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليــه وسلم ـ بالبركة ، ثم قال لهم : خذوا في أوعيتكم • قال : فأخذوا فــي أوعيتهم حتى ماتركوا في العسكر وعـــاء إلا ملأوه • قال : فأكلوا حتى شبعوا وفضلت فضلة • فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم : أشهد أن لا إلــه إلا الله وأني رسول الله ، لا يلقى اللهَ بهما عبد غير شـاك

فيحجب عن الجنة م ـ ١/٣٠٣ ، م ـ ١/٣٠٠ وفيـه : قـــال مجاهـــد : وذو النواة بنواة • قلت : وماكانوا يصنعون بالنواة ؟ قال : كانوا يمصونها ويشربون عليها الماء • ح ـ ٥/١٢٦ وفيه : فلقيهم عمر [رضي الله تعـالى عنه] فأخبروه ، فقال : ما بقاؤكم بعد إبلكم ؟ فدخل عمر على النبي ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : يارسول الله ما بقاؤهم بعد إبلهم ؟ قـــــال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ناد في الناس يأتون بفضـل أزوادهم فدعا وبرّك عليه ، ثم دعاهم بأوعيتهم فاحتثى الناس حتى فرغوا [من حاجاتهم] ثم قال رسول الله : أشهد أن لاإله إلا الله وأني رسول الله•

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ، یا ئەبوسەعید لە ریوایەتەکەی ترا ئەبوهورەبرە ،بە بێ شك ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ، ئەفەرموێ : لە غەزای تەبووکا خـەڵق گرفتاری برسێتیی بوون فەرموویان : (یا رســـــول الله) ئەگەر ئیـذن بفەرمووی لە وشترەکانمان سەرببڕیایە ئەمانخواردو خۆمان پێ ئەهەنووە• پێغـەمـەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وســـلم ـ فـەرمووی : بیکـەن • ئیمامی عومەر ـ رضـي الله تعـالى عنـه ـ تەشـریـفی هـاتـە خـدمـەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : (یا رســـول الله) ئەگەر ئەوە بکەی حەیوانی سواریی کەم ئەبێ (لکن) بانگیان بکە کـە فەضلەی تێشوویان چی ماوە بیهێنن دۆعای بەرەکەتیان بۆ بەسەرا بخوێنە بەڵکە خوا لەوەدا شتێك بکا پێغەمەر ـ صلى الله تـــعالى عليـــه وسلم ـ فەرمووی : بەڵێ ئەیکەم ، ئەمری فەرموو کەوڵێکیان هێنا رایانخست ، لە دوایيا فەرمووی : کێ شتێکی فەضلەی هەیە بیهێنێ • پیـاوێ مستێ زەڕاتی هێنا ، یەکێکی تر مستێ خورمای هێنا ، یەکێکی تر پارچەیـێ نانی هێنا تا لەسەر کەوڵەکە شتێکی کەم کۆبوەوە ، پێغەمەر ـ صلى الله

تعالى علیه وسلم ـ دۆعای بـەرەکەتی بۆ خوێن لـە پاشا پێی‌فەرموون : بکەنە ناو زەرفتانەوە ، دەستیان پێکرد تا لە ناو عەسکەرەکەدا هیچ زەرفێ نەمایەوە کە پڕی نەکەن ، تا تێر بوون خواردیان‌و فەضلەیشی مـایـەوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی : (أشـهد أن لا إله إلا الله وأني رسول الله) هیچ کەسێ نیە کە لەگەڵ ئەم دوو کەلیمەدا بە بێ شك مولاقاتی حوضووری خوای ببێت‌و لە بەهەشت مەنع بکرێ [منیش بێ‌شك ئەڵێم (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا عبده ورسوله]•

لە ریوایەتەکەی تری موسلیما ئەفەرموێ : موجاهید وتی : ئەوەی دەنکەخورمای بوو دەنکە خورمای خۆی هێنا • راویـی ئـەڵێ : بـــە موجاهیدم وت : دەنکەخورمایان چی لێ ئەکــرد ؟ وتـی : ئەیانمژی‌و ئاویان بەسەرا ئەخواردەوە • (رضي الله تعـــالى عنهــم ماأقنعهـم ومـا أصبرهــم !) •

لە حەدیثەکەی بوخاریدا ئەفەرموێ : ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بەوانە گەیی کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وســلم ـ ئیذنی دابوون کە وشتر ســـەربڕن خـــەبەریان داین فەرمووی : لـــە دوای وشترەکانتان کە سەرتان‌بڕین ئێوە چەندە ئەمێنن ؟ یەعنی چـەنـد رۆژێ بەوە ئیدارە ئەکەن ؟ کە بڕایەوە دووبارە برسیتان ئەبێتەوەو هیچ نـابـێ بیخۆن ، وشتر نامێنێ سەری ببڕن دووبارە بە هیلاکا ئەچن ، تەشریفـی چۆوە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تـــعالى علیـه وسلم ـ عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) ماندەوەی ئەصحاب لە دوای سەربڕینی وشترەکانیـان چیە ؟ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی : بە ناو خەڵقـا بانگ بکە کە فەضلەی طەعامیان چیە بی‌هێنن ، هێنایان‌و پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ دۆعای بەرەکەتی بەسەرا خوێندو بـانگی‌کردن ،

زەرفەکانیان هێناو تێیانماڵی تا هەر کەس بەقەد ئیحتیاجیی زەرفی خۆیی لێ پڕکردو ئیحتیاجیی نەما • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وســـلم ـ فەرمووی (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أني رسول الله)•

موعجیزەی : زۆربوونی طەعامی کەمە •

حوکمی : لە حینی حاجەتا ئیلتیجا بەگەورەبردن •

گەورە ئەمرێکی کرد (مەعییەت)[1] خیلافی ئەوەی بـە مەصلەحەت زانی ئەبێ عەرزی گەورەکەی بکا ، گەورەکەیشی موافیقی مەصلەحەتـی دی بە قسەی بکا •

ظوهووری موعجیزە صیدقی ریسالەتی پێ بە قووەتتر ئەبێ ، بۆیـە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کەلیمەی شەهادەتی هێناوە •

بـە یەقینیی کەسێ کەلیمەی شەهادەت بێنێ بـــە بێشك ئـەچێتـە بەهەشتەوە ، گوناهی تری ببێ ئەوە لە مەشییەتی خوادایە وەك لە ئیمانـا بەحثی لێ کـرا •

گەورەیی‌و فەضلی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ •

تێکەڵکردنی طەعام‌و رزق مووجیبی بەرەکەتە •

وفي م ـ ٣٠٦/٧ عن سلمة بن الأكوع نحوه وفيه : قال [ســـلمـة ـ رضي الله تعالى عنه ـ] : فتطاولت لأحزره فحزرته كَرَبَض العنز ونحن أربع عشرة مائة ، قال : فأكلنا حتى شبعنا جميعا ، ثم حشونا جُرُبنا • وفيه تكثير الماء وقد مر في حديث آخر في تكثير الماء •

تەرجەمە :

سەلەمە ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : خۆم بۆ درێژکردەوە

---

(١) واتە یارانی‌و ئەوانەی کە لەگەڵیان •

کە تەخمینی بکەم ، تەخمینمکرد بە قەد ئەوە بوو کە مەڕێ مۆڵ بخوا،(١) ئێمە هەزارو چوارصەد کەس بووین ، خواردمان تا هەموو تێر بووین ، لە دواییا هەرچی توورەکەیێکمان پێبوو پڕمان کردو ئاخنیمان •

٥٦٣/٢٥ ـ عن أنس [بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : كان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذا مرَّ بِجَنَبات أم سليم دخل عليها فسلم عليها • ثم قال : كان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عروساً بزينب ـ رضي الله تعالى عنها ـ فقالت لي أم سليم : لو أهدينا لرسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هدية ! فقلت لـها : افعلي • فعمدت إلى تمر ، وسمن ، وأقط ، فاتخذت حيسة في برمـة ••• إلخ ح ـ ٦/٦٥] قال : تزوج رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فدخل بأهله [زينب بنت جحش ـ رضي الله تعالى عنها ـ] قال : فصنعت أمي أم سـليم حَيْساً [تمرا ، سمنا ، أقطا] فجعلته في تَوْرٍ ، فقالت : يا أنس اذهب بهذا إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقل بعثَتْ بهذا إليك أمي وهي تقرئك السلام وتقول : إن هذا لك منا قليل يارسول الله• قال : فذهبت بها إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقلت : إن امي تقرئك السـلام وتقـول : إن هذا لك منا قليـل يا رسـول الله فقـال : ضـعه • ثم قـال : اذهب فادع لي فـلانـا وفلانـا وفلانـا ، ومن لقيت ، وسـمى رجالا • قال : فدعوت من سمى ومن لقيت • قال [الجعـد أبو عثـمان] : قلت لأنس : عدَدَكَمْ كانوا ؟ قـال : زهـاء ثلاثمائـة • وقـال لي رسـول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ : يا أنس هات التَّوْر • قال : فدخلوا حتى امتلأت الصفة والحجرة [فرأيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وضع يديه على تلك الحَيْسة، وتكلم

(١) ئەگەر لە باتی ئەمە بیفەرموایە : « بـە قەد پەچە رانێ ئەبوو » باشتر ئـەبـوو •

بها ماشاء الله ، ثم جعل يدعو عشرة ـ عشرة يأكلون منه ، ويقول لهـم : اذكروا اسم الله وليأكلْ كلّ رجل مما يليه ح ـ ٨/٦٥] فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ليتحلق عشرة ـ عشرة وليأكل كل إنسان مما يليه • قال : فأكلوا حتى شبعوا ، قال : فخرجت طائفة ودخلت طائفة حتى أكلوا كلهم ! فقال لي : يا أنس ارفع ، قال : فرفعت ، فما أدرى حين وضعت كان أكثر أم حين رفعت • قال : وجلس طوائف منهميتحدثون في بيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ورسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ جالس وزوجته مولّية وجهها إلى الحائط فثقّلوا على رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فخرج رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فسلم على نسائه ثم رجع ، فلما رأوا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قد رجع ظنوا أنهم قد ثقّلوا عليـــه ، قـال : فابتدروا الباب فخرجوا كلهم ، وجاء رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حتى أرخى الستر ودخل وأنا جالس في الحجرة ، فلم يلبث إلا يسيرا حتى خرج علي وأنزلت هذه الآية • فخرج رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ وقرأهن على الناس : (يا أيها الذين آمنوا لا تدخلوا بيوت النبي ، إلا أن يؤذن لكم إلى طعام ، غير ناظرين إناه ، ولكن إذا دعيتم فادخلوا ، فـإذا طعمتم فانتشروا ، ولا مستأنسين لحديث إن ذلكم كـان يؤذي النبي ••• إلى آخر الآية [تمامها : فيستحي منكم والله لا يستحي من الحق ، وإذا سألتموهن متاعا فاسألوهن من وراء حجاب ، ذلكم أطهر لقلوبكم وقلوبهن، وما كان لكم أن تؤذوا رسول الله ، ولا أن تنكحوا أزواجـه من بعـده أبدا ، إن ذلكم كان عند الله عظيما)][(١)] قال الجعد : قال أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] : أنا أحدَثُ الناس عهدا بهـذه الآيـات ، وحجبن

(١) الاحـــزاب / ٥٣ .

نساء النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ م ـ ٦/١٨٧ ، ح ـ ٨/٦٥ بأخصَر ، ونقلت منه مافيه من الزيادة •ت في التفسير •

تەرجەمە :

ئەنەسی بنی مالیك ـ رضـــي الله تعالى عنـــه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەزەووجی کرد [لەگەڵ زەینەبی کچـــی جەحشا] تەشریفی چوە لای حەرەمی تازەی ، دایکم خورماورۆتێکی کرد، کردیە ناو تەبەقێکەوە پێیوتم : ئەی ئەنەس ئەمە بە بۆ خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزیبکە : دایکم ئەمەی ناردە خدمەتت سەلامت لێ ئەکا ئەڵێ : ئەمە لە ئێمەوە بۆ تۆ کەمە (یارسول الله) ئەنەس فەرمووی : بردمە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزم کرد : دایکم سەلامت لێ ئەکا ئەڵێ : ئەمە بۆ تۆ کەمە لە طەرەفی ئێمەوە (یارسول الله) فەرمووی : داینێ ، لە دواییا فەرمـــووی : بچۆ فلانو فلان بانگ کە ، بەهەر پیاوێ گەییت بانگی کە ، چەند پیاوێکی ناوبرد• ئەنەس فەرمووی : ئەوی ناوی بردو ئەوی پێیگەییم بانگم کردن [جەعدی راویی] ئەڵێ : بە ئەنەسم وت : کە چەند بوون ؟ فەرمووی : نزیـــــکی سێصەد کەس • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئـەی ئەنەس تەبـەقەکە بێنـە [پێغەمەرم دی ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ هەردوو دەستی موبارەکی نایە سەر خورماورۆنەکە ، ئەوەندەی خوا حەز بکا دۆعای بەرەکەتی بەسەرا خوێند] ئەوانی بانگکرابوون هاتنە ژووری تا هەیوانو حوجرەکە پڕبوون ، پێغەمەر ـ صـــلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : دە ـدە حەلقە ببەستن [بسم الله بکەن] هەرکەس لە بەردەمی خۆیەوە بخوا [ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فەرمووی : ئەو دەســتە تا تێربوون خواردیان [بـەم نەوعە طائیفەیـــێ چوونـــەدەرێو طائیفەیێ

هاتنەژووریّ تا هەموو تێربوون] پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەی ئەنەس هەڵی بگرە ، هەڵم‌گرت نازانم کە دامنا زۆرتـــر بوو یا کە هەڵم‌گرت زۆرتر بوو • فەرمووی : بەعزیّ کەس دانیشـتین بۆ قسەکردن لە ماڵی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشـــریفی دانیشتبوو حەرەمی تازەیشـــی رووی وەرگێـــڕابوە دیوارەکەوە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئیستیثقالی[1] کردن تەشریفی چوو ســەلامی لە ئەزواجی طاهیراتی کرد [ئەوانیش موبارەکبایی‌یان لیّ‌کرد] لە دوایـــا تەشریفی گەڕایەوە کە چاویان پیّ‌کەوت کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی گەڕایەوە تیّ‌گەیین کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـــە وسلم ـ ئیستیثقالی کردوون بە عەجەلە روویان‌کردە دەرگاکەوەو هەمـــوو چوونە دەریّ ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی هـــاتو پەردەکەی دادایەوە تەشریفی چوە ژووریّو من لە حوجرەکەدا دانیشتبووم ، ئەوەندەی پیّ نەچوو پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشـــــریفی هاتەدەریّ ئەم ئایەتەی [سوورەتی ئەحزابی] نازڵ‌کرابوە سەر ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی چوە دەریّو بۆ خەڵقی خوێندەوە، ئایەتەکە ئەمەیە مەعنای وایە :

ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە مەچنە ناو ماڵەکانی پێغەمەر مەگەرەکی ئیذن بدرێن بۆ طەعام [ئەویش بەو شەرتە] کە چاوەنوارِکیّ نەکەن کـــە کولاو نزیکی خواردنی بوو خۆتان رابنوێنن کە بانگ‌بکرێن ، ئەمما کـــە بانگ‌کران بچن کە خواردتان بڵاوەی لیّ‌بکەن [یەعنی بیّ ئەمە کە بانـگ بکرێن لە خۆتانەوە بە طوفەیلێتی هوجووم مەکەنە سەر ماڵان بۆ نان‌خواردن مەگەر بانگ‌بکرێن ، ئەو وەختە بچن ، ئەو وەختەیش کـــە بانگ‌کرانو

(1) واتە دانیشتنەکەیانی پیّ گران بوو •

چوون =کە= نانتان خوارد بلاوەی لێ بکەن] بەند مەبن بۆ خاتری ئەمە کە لەگەڵ یەکتری قسە بکەنو [بەوە وەقت رابوێرن] ئەو دوو حاڵـەتـان [یەعنی لە وەختی نانخواردنا بە بێ دەعوەت هوجووم‌کردنە سەر ماڵاتتان ، کە دەعوەتیش کران لە دوای نانخواردن مانەوەتان بۆ قسەکردن] ئەذیەتی پێغەمەر ئەدا حەیاتان لێ ئەکا کە دەرتان بـــکا [ئـــەو وەختە دەرکردنتان شتێکی باشە ، نابێ حەیا بکرێ لە کردنی] •

خوا ـ عز وجل ـ لە شتێك کـە حـەق بـــێ لـە خەڵـق ناتەکێتەوە ئەیفەرموو : کـە لـە ئەزواجی طاهیـــرات مەتاعێکتان لـــێ طەڵەب‌کردن مەچنە ناو ماڵەکەیانەوە ، لە پشت پەردەوە داوایان لێ بکەن ، بەم نەوعـە موعامەلەکردنتان پاکترە بۆ دڵی ئێوەو بۆ دڵی ئەوانیش [هەردوو لا لـــە سووئی ظەن دوورەبن] بۆ ئێوەیش دروست نیە کە ئەذیەتی رەسوولوڵلا بدەن ، بە ئەبەدیش بۆتان دروست نیە کە لە دوای ئەو حەرەمەکانی مارە بکەن ، گوناهی ئەوە لە لای خوا زۆر گەورەیە •

[إناه : إدراکه • أنی یأنی أناةً [فهو آنٍ • أبو ذر] بوخـاریی (غیر ناظری) چاوەنواڕی وەختی پێگەیینی چێشتی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ مەکەن هەر کە زانیتان هوجووم بکەنەسەری] •

موعجیزەی :

جەعد ئەڵێ : ئەنەس فەرمووی : من تازەعەهدترم بەم ئایەتانە [یەعنی هەر کە نازڵ بوو دەزبەجێ بە تازەیی لە دەمی موبارەکی پێغەمەرم ـصلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەلەققی کرد] ئەزواجی پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ خرانە حیجابەوە •

موعجیزەی : خورماورۆنێ لە ناو تەبەقێکا ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە ئەو وەختە منالْ بوە بتوانێ هەڵیبگرێ بەشی سێصەد کەسی کردوە ! ئەوەی سەیرە کە هیچی لێ کەم نەبۆتەوە ! ئەوە بە غەیری قودرەتی قاهیرە بە کێ ئەکرێ ؟ بە ذەڕەبین شتی زۆر بچووك زۆر گەورە ببینرێ ئەمما لە حەقیقەتا گەورە ئەبێ ؟ خەیر . بە ذەڕەبین یا بە هەموو وەسائیطی ئەوروپا سێصەد برسیی تێر ئەکرێ ؟ رووی ئەوانە رەش بێ کە لەم دینە پاكو تەمیزە وەرئەگەڕێنو وەرگەڕاون !

حـوکـمی :

هەدییەناردن بۆ تازەبووكو زاوا سوننەتە .

تەبریککردنیان سوننەتە .

چێشتلێنان بۆ شایی سوننەتە .

دەعوەتی خەڵق بۆ نانی شایی سوننەتە .

ئیجابەتی دەعوەتی شایی واجبە .

ئیعتیذاری ئەو کەسەی کە شتی کەم بنێرێ بۆ گەورە .. لە حوسنی ئەخلاقە .

قەبوولکردنی هەدییە سوننەتە .

طوفەیلێتیی حەرامە .

میوانیی یەك ساعەتی دوای نانخواردن چوونەدەروەی لازمە . مانەوەی مەکرووهە .

لەسەر نانخواردن (بسم الله)کردن سوننەتە .

لە بەردەمی خۆیەوە خواردن لە ئادابی خواردنە . خیلافی لە کەراهەتەوە تا حەرامیی بەدەمەوەیە .

تێرخواردن دروستە .

تێکەڵبوونی ژنو پیاوی نامەحرەم حەرامە .

کەسێ ژن بە سەر ژن بهێنێ بەجێهێنانی دڵی ئەوەی کـە ژنی بەسەر هێنراوەو دڵخۆشیدانەوەی سوننەتی موئەککەدەیە •

بە دەعوەتی عامە بۆ هەموو کەس دروستە بچێتە سەر ئەو دەعوەتە ـا بـە خوصووصیش بانگ نەکرێ •

٢٦/٥٦٤ ـ عن عبدالرحمن بن أبي بكر ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ قال : كنا مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثلاثين ومائة ، فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : هل مع أحد منكم طعام" ؟ فإذا مع رجل منهم صاع من طعـام أو نحوه ، فعجن ، ثم جـاء رجل مُشرِك مُشـعان [ثائر الرأس متفرقه] طويل بغنم يسوقها ، فقال النبي ـصلى الله تعالىعليهاـ: بيعا أم عَطيَّة ، أو قال أم هبة ؟ قال : لا بل بيع" • فاشترى منه شـــاة فصنعت ، وأمر النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بســـواد البطن [أي كبدها أو كل مافي بطنها] ان يشوى ، وأيم الله ما في الثلاثين والمـائـــة إلا وقد حزّ النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ له حُزّة من سواد بطنها، إن كان شاهدا أعطاها إياه ، وإن كان غائبا خبأ له فجعـل منـها قصعتين ، فأكلوا أجمعون وشبعنا ، ففضلت القصعتان ، فحملناه على البعير أو كما قال [عبدالرحمن] ح ـ ٣٤٨/٤ ، ٩٦ مختصرا •م ـ ٣٤١/٨ •

تەرجەمە :

عەبدورەحمانی کوڕی ئەبوبەکری صەدیق ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : صەدو سی کەس بووین لە خدمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لای هیچ کامێکتان خۆراك هەیە ؟ لای پیاوێ میقداری مەنێ طەعام بوو ، شێلرا ، لە دوایبا پیاوێکی موشریکی درێژی سەرو قژ ئاڵۆزاو هات مەڕی پـێ بوو • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : فرۆتەنییە ، یا

عەطییەیە ؟ یاخۆ فەرمووی : یا هیبەیە ؟ [راویی بە شك‌کەوتوە لەم دوو لەفظەدا] موشریکەکە وتی : خەیر بەڵکو فرۆتەنییە • پێغـەمـەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ مەڕێکی لێ‌کڕی ، سەربڕرا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەمری =کرد= کە ناوسکەکەی ببرژێنن • عـەبدورەحمـان ئەفەرموێ : وەڵڵاهی هیچ کەس نەبوو لەو صەدو سی کەسە پێغـــەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە ناوســـکەکەی پارچەیێکی بۆ =لـێ= نەکاتەوە • ئەگەر حازر بووبێ تەسلیمی کردوە ، ئەگەر حازر نەبووبـێ بۆی هەڵگرتوە ، لە مەڕەکە دوو لەگەن چێشتی لێ کرا ، هەموو خواردیان، تێرمان خوارد ، دوو لەگەنەکە فەضلە مایەوە خستمانە سەر وشتر [یەعنی بۆ وەقتێکی تر] یاخۆ وەکوو عەبدورەحمان کە فەرموویەتی وای فەرموو •

لە سی‌وجگەر یا هەموو ناوسکی حەیوانێ بەشی صەدوسی کـــەس دراوە ! صەدو ســـی کــەس بـــە مەنێ جۆو گۆشتی مەڕێ تێربوون‌و ئەوەندەیشیان لێ ماوەتەوە کە بخرێتە سەر باری وشترێ !

دروستە هەدییە لە موشریك قەبووڵ بکرێ •

دروستە موعامەلەی لەگەڵ بکرێ •

دروستە فەضلەی رزق بە ئیحتیاط ئیددیخار بکرێ بۆ وەقتی حاجەت مونافیی تەوەککول نیە •

بەسەرگرتنەوەی رەفیق‌و موراعاتی حەقی سونەتە •

أحاديث ناضح جـابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ كلها حادثـة واحدة ، ذكرها البخاري في أكثر من عشرين موضعا ولكلٍّ ترجم بابا غير البـاب الأول فما أغزر ـ رحمه الله تعالى ـ فقهه وأنا أنقل بعضها[1] •

---

(١) حەدیثەکانی وشترەکەی جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ یەك رووداوە، بوخاریی لە زیاتر لە بیست جێگەدا باسی کردوەو بابی سەربەخۆی بۆ داناوە . ماشەڵلا لە زانیاریی‌و شەرعزانی بوخـاریی ـخـ من لێرەدا هەندێکیان ئەنووسم .

٥٦٥/٢٧ – أبو المتوكل الناجي ، قال : أتيت جابر بن عبدالله الأنصاري [رضي الله تعالى عنهما] فقلت له : حدثني بما سمعت من رسول الله ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ • قال : سافرت معه في بعض أسـفاره ، قـــال : أبو عقيل [أحد الرواة من ابن المتوكل] : لا أدري غزوة أو عمرة فلما أن أقبلنا قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ: من أحب أن يتعجل إلى أهله فليـُعـَجّل ْ ، قال جابر : فأقبلنا وأنا على جمل أَرْمك [يخالط حمرته سواد"] ليس فيه شية والناس خلفي ، فبينا أنا كذلك إذ قام عليّ فقال لي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: ياجابر استمسك ، فضربه بسوطه، فوثب البعير مكانه [ولأحمد : قلت : يارسول الله أبطأ جملي هذا • قال: أنِخه وأناخ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثم قال : أعطني هذه العصا ففعلت ، فأخذها فنخسه بها نخسات ، ثم قال : اركب ، فركبت] فقال : أتبيع الجمل ؟ قلت : نعم • فلما قدمنا المدينة ودخل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ المسجد في طوائف أصحابه فدخلت إليــه وعقلت الجمل في ناحية البَلاط [الحجارة المفروشة عند باب المسجد] فقلت له : هذا جملك =فخرج= فجعل يطيف بالجمل ، ويقول : الجمل جملنا، فبعث النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أواقٍ من ذهب ، فقال : أعطوهـا جابرا ، ثم قال : استوفيتَ الثمنَ ؟ قلت : نعم • قال : الثمن والجمل لـك ح ـ ٥/٧٢ ، م ـ ٣٤/٧ مختصرا •

تەرجەمە :

ئەبولموتەوەکیلی ناجیی ئەفەرموێ : چوومە خدمەت جابیری کوڕی عەبدوڵڵای ئەنصاریی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ وتم : قسەیێکم بۆ بکـە کە لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليــه وســـلم ـ ت بیستبێ ، یەعنی یا دیبێتت ، فەرمووی : لە بەعزێ سەفەری پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه

وسلم ـ سەفەرم لە خدمەتیا کرد • ئەبوعەقیلی راویی ئەڵێ : نازانم کـــە ئەبولموتەوەکیل غەزای وت یا عومرەی وت [لە بەعزێ ریوایەتا غەزای تەبووك ، لە بەعزێ ریوایەتا غەزای (ذات الرقاع)] کە لـــەو ســەرەوە گەڕاینەوە پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ فەرمووی : کێ حەزەکا زوو بە ماڵو منالی بگاتەوە عەجەلە بکا ، جابیر فەرمووی : ڕۆیین سواری وشترێکی سووربۆر بووم ، هیچ ڕەنگێکی تری تێکەڵ نەبوو ، خەڵقیش لە دوامەوە بوو ، لەو وەختانەدا کە بە عەجەلە ئەڕۆیین ئەوەندەم زانیـی وشترەکەم وەستا ، پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ فەرمووی : یـا جابیر خۆت قایم بگرە ، کە بە قەمچییەکەی قەمچیێکی پیاکێشا وشترەکـە لە جێی خۆی بازرەقەی بەست [لە حەدیثی ئیمامی ئەحمەدا ئـەفەرموێ : وتم : (یارسول‌اللە) وشترەکەم لە ڕۆیینا سستیی ئەکا ، فەرمووی : بیخی دە، پێغەمەریش ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ وشترەکەی خۆی بیخدا ، ئەمجا فەرمووی : ئەو عەصایەم بدەرێ ، دامێو وەریگرت ، بە عەصاکە چەند دەفعەیێکی تێوەژەن ، لە دوایا فەرمووی : سواربە • سواربووم]•

فەرمووی : وشترەکەت ئەفرۆشی ؟ وتم : بەڵێ • کە گەیینە مەدینەو پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ لەگەڵ چەند طائیفەیێ لە ئەصحابی تەشریفیان چوە ناو مزگەوتەکەوە منیش چوومە ژوورەوە خـدمـەتـی ، وشترەکەم لە گۆشەیێکی وشکەسییەکەی بەردەمی دەرگای مزگەوتەکەدا ئەشکێڵ کرد ، عەرزمکرد : ئەمە وشترەکەت • تەشریفی هاتەدەرێ لـــە وشترەکەوە نزیك ئەبۆوەو ئەیفەرموو : وشتر وشتری ئێمەیە • لە دوایا پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیــە وســلم ـ چەند ئووقیەیێ ئاڵتوونی نارد فەرمووی : بیدەن بە جابیر ، لە دوایا فەرمووی : قیمەتی وشترەکـەت وەرگرت بە تەواویی ؟ وتم : بەڵێ • فەرمووی : قیمەتی وشـــترەکـــەو وشترەکەیش هیبەی تۆبێ •

٥٦٦/٢٨ ـ وعنه قال : غزوت [ذات الرقاع ، طبقات ابن سعد • في تبوك ، خ• فتح ، مسلم] مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : فتلاحق بي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأنا على ناضح لنا قد أعيى فلا يكاد يسير • فقال لي : ما لبعيرك ؟ قال : قلت : عيِيَ • قال : فتخلف رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فزجره ودعا له [ولمسلم وأحمد فضربه برجله ودعا له • وليونس : فضربه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ودعا له فمشى مِشيةً مامشى قبل ذلك مثلها] فمازال بين يدي الإبل قدامها يسير ، فقال لي [عليه الصلاة والسلام] : كيف ترى بعيرك ؟ قال : قلت بخير قد أصابته بركتك• قال: أفتبيعُنيه ؟ = قال : فاستحييت= ولم يكن لنا ناضح غيره • قال : فقلت : نعم • قال : فبعنيه [بأوقية • أخرى •خ] فبعته إياه على أن لي فَقار ظهره حتى أبلغ المدينة [وعند النسائي : أخذته بكذا ، وأعرتك ظهره إلى المدينة] قال: فقلت : يارسول الله إني عروس ، فاستأذنته ، فأذن لي ، فتقدمت الناس إلى المدينة حتى أتيت المدينة ، فلقيني خالي [ثعلبة بن غنمة ، وله خال آخر عمرو بن غنمة] فسألني عن البعير ، فأخبرته بما صنعت ، فلامني• قال : وقد كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال لي حين استأذنته: هل تزوجت بكرا أم ثيبا ؟ فقلت : تزوجت ثيبا [سهيلة بنت معوز الأوسية] فقال : هلا تزوجت بكرا تلاعبها وتلاعبك • فقلت : يارسول الله توفي والدي ، أو استشهد ولي أخوات فكرهت أن أتزوج مثلهن ، فلا تؤدبهن ولا تقوم عليهن ، فتزوجت ثيبا لتقوم عليهن وتؤدِّبهن ، قال : فلما قدم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ المدينة غدوت عليه بالبعير فأعطاني ثمنه وردّه عليّ • قال المغيرة [بن المقسم] : هذا في قضائنا حسن لا نرى به بأسا ح ـ ١١٩/٥ ، م ـ ٣١/٧ ، د ، ت ، ن •

وفي ح ـ ٤/١٥٥ مثله وفي آخره : فلما قدمنا المدينة قال : يا بلال اقضه وزده ؛ فأعطاه أربعة دنانير وزاده قيراطا • قال جابر : لا تفارقني زيادة رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [قال عطاء] : فلم يكن القيراط يفارق جراب جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ وفي آخر ح ـ ٤/٣٤٢ : فما زال منها شيء حتى أصابها أهل الشام يوم الحرة •

وفي ح ـ ٤/٢١٨ : فأخبرت خالي ببيع الجمل فلامني ، فأخبرته بإعياء الجمل وبالذي كان من النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ووكزه إياه، فلما قدم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ غدوت إليه بالجمل فأعطاني ثمن الجمل والجمل وسهمي مع القوم •

وفي م ـ ٧/٣٣ : ثم قال لي : بعني جملك =هذا= قال : قلت : لا بل هو لك • قال : لا بل بعنيه • قال : قلت : لا بل هو لك =يارسـول الله= قال : لا بل بعنيه • قال : قلت : فإن لرجل عليّ أوقية ذهب فهـو لك بها • قال : قد أخذته به فتبلغ عليه إلى المدينة ، قال : فلما قدمت المـدينــة ••• الـخ •

وفي م ـ ٧/٣٣ : فلما قدم صرارا أمر ببقرة فذبحت فأكلوا منها ، فلما قدم المدينة أمرني أن آتي المسجد فأصلي ركعتين ، فوزن لي ثمن البعير فأرجح لي • (وهذا القدر كاف) •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعــالى عنــه ـ ئەفەرموێ : لە خدمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ غەزامكرد • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە پشتەوە پێم‌گەیی منیش سواری وشترێ بووم ، ماندوو بووبوو نەیەتوانی کە بڕوا • فەرمووی : چی لە وشترەکەت قەوماوە ؟ وتم : ماندوە،

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دواکەوت لێی‌خوڕی‌و دۆعای بـۆ کرد [موسلیم ئەفەرموێ : بە پێی موبارەکی لێیداو دۆعای بۆ کـرد بـە رۆینێکی وا رۆیی لەوەپێش قەد وا نەڕۆیی بوو] هـەر لە بـەردەمی وشترەکانەوە بوو لە پێشەوە ئەڕۆیی ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وسلم ـ فەرمووی : وشترەکەت چۆن ئەبینی ؟ وتم : چـاکی ئـەبینم بەرەکەتی تۆی پێگەیی • فەرمووی : پێم‌ئەفرۆشی ؟ حەیام‌کرد ، وشتری تریشمان نەبوو غـەیری ئەو وشـتره • وتم : بەڵێ • فـەرمووی : پێم‌بفرۆشه • پێم‌فرۆت لە سەر ئەوە کە پشتی وشترەکە بۆ من بێ تـا مەدینە [نەسائیی ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ فەرمووی : بەوەندە لێم‌کڕیت‌و پشتی وشترەکەم بە ئەمانەت دایتـێ تـا مەدینە] جابیر ئەفەرموێ : وتم : (یا رسول الله) من تازەزاوام ، ئیذنم لێ‌خواست ، ئیذنی دام ، پێش خەڵقەکە کەوتم بۆ مەدینە تا گەییمە مەدینە• خاڵم کە ثەعلەبەیە تووشم بوو ، حاڵی وشترەکەی لێ پرسیم خـەبـەرم دایێ کە فرۆتوومە بە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەومی کردم کە بۆچیت فرۆتوە • جابیر ئەفەرموێ : لەو وەختەدا کە ئیذنم لێ خواست پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لێی‌پرسـیم : کچت هێناوە یـا بێوەژن ؟ وتم : بێوەژن • فەرمووی : بۆ کچێکت نەهێناوە یاریی لەگەڵ کەیت‌و یاریت لەگەڵ بکا ؟ عەرزم کرد : (یا رسول الله) باوکم وەفـاتـی کردوە ، یا فەرمووی : شەهید کراوە ، خوشکێکی زۆرم هـەیە ، بـە ریوایەتێ حەوت ، بە ریوایەتێ نۆ ، حەزم نەکرد یەکێکی وەکوو ئـەوان بێنم کە بەسەریانەوە نەوەستێ‌و تەربییەیان نەکا ، بێوەژنێکم هێنا کـە بەسەریانەوە بوەستێ‌و تەعلیم‌و تەربییەیان بدا • جابیر ـ رضي الله تعـالی عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی هاتەوە

مەدینــە • بەیانیی وشترەکەم بردە خــدمەتی پارەی وشترەکەیشی دامیٚو وشترەکەیشی بۆ رەدکردمەوە •

موغیرەی کوڕی میقسەم ئەفەرموێ : ئەم نەوعە بەیعە کە شـــەرتی تیا ذیکر بکرێ لە حوکمی ئێمەدا بەیعێکی باش‌و جوانە . هیچ زەرەری نیە بۆ بەیعەکە زەرەری تیا نابینین •

لە حەدیثی ح-١٥٥/٤دا ئەفەرموێ : کە گەیینەوە مەدینە فەرمووی: ئەی بیلال قیمەتی وشترەکەی بدەرێ‌و بۆیشی زیاد بکە • بیلال ـ رضي الله تعالى عنه ـ چوار دیناری دایێ‌و قیراطێکیشی بۆ زیاد کــرد • جــابیر فەرمووی : ئەو زیادەی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لێم جوێ نابێتەوە • عەطاء کە یەکێکە لە راوییان =ئەفەرموێ= ئەو قیراطە زیادە لە کیسەی جابیر جوێ نەبۆوە •

لــە حەدیثی ح-٣٤٢/٤دا ئەفەرموێ : لەو قیراطە هیچی لێ کـــەم نەبووتا رۆژی (حەڕڕە) •

لە حەدیثی م-٣٣/٧دا ئەفەرموێ : لە دوایبا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێی‌فەرمووم : وشترەکەتم پێ بفرۆشە • عەرزم‌کرد : خەیر، هەروا بۆ تۆ بێ • فەرمووی : خەیر پێم‌بفرۆشە • عەرزم‌کرد : خەیر ، هەروا بۆ تۆ بێ (یا رسول الله) • فەرمووی : خەیر پێم‌بفرۆشە • عەرزم کرد : ئووقیەیێ ئالتوونی پیاوێکم لەسەرە بەوە بۆ تۆ بێ • فەرمووی . بەوە وەرم‌گرت ، پێی بگەرەوە مەدینە • جابیر فەرمووی : کە گەییمـــە مەدینە•••إلخ •

لە حەدیثی م ـ ٣٣/٧ ی دوەما ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە تەشریفی گەیی‌یە (صرار)ئەمری فەرموو : گاجووتێکیان

ســـەربڕیو لێیان خـــوارد ، کە تەشـــریفی گەیییە مەدینـە ئـەمـری پێکردم کە بچمە مزگەوت دوو رەکعەت نوێژ بکەم ، پارەی وشترەکەیان بۆ کێشامو سلاویاندایەوە •

موعجیزەی ئـەم پارچەیە :

بە قەمچیلێیانێ ، یا بە پێ تێوەژەنێ ئەو وشـترە لە هەموو وشترەکانی تر خۆشڕەوتر بوو ، لە هەموویان پێشکەوت •

حوکمی ئـەم حەدیثانـە :

بـەیعی بەشەرت دروستە •

(قبل الأخذ) تەصەڕوف لە مەبیعا دروستە •

تەئدیەی بەدەلی مەبیع لە دوای بـەیـــع تەواوبوون ، ئیستیعجال‌تیا کردنی سوننەتە •

پارەیزیادەدان بە بایع سوننەتە •

بەخشینی بە صاحیبەکەی خۆی لە مەکاریمی ئەخلاقە •

تەلطیفی بوچووك لە مەکاریمی ئەخلاقە •

ئیرائەی[1] رێی چاکە بە مەعییەت سوننەتە •

کچ‌هێنان لە بێوەژن چاکترەو سوننەتە •

کە لە بێوەژن هێنانا مەصلەحەتێ ببێ کە لە کـچا نەبێ •• بێـوەژن لـە کـچ چاکترە •

گالتەو صوحبەت لەگەڵ ماڵو منالا سوننەتە •

هیبەی ماڵ بە خۆڕایی بە گەورەی خۆی سوننەتە •

ئیطعامی طەعام بە مەعییەت ســـوننەتەو لە مەکاریمی ئـەخـلاقە •

---

(۱) واتـە رێی چاکـە پیشـاندان بە هاورێ •

له دوای عەودەت له سەفەر له پێش هــەمــوو شتێکا دوو رەکعەت نوێژ له مزگەوتا سونەتە •

له تەئدیەی قەرزا زیاد له حەقی صاحیب قەرزەکە میقداریٚ پارەپێدانی ســـونەتە •

کەسێ سواری حەیوانێ بووبێ یەکێکی تر لێی بخورێ لازمە ئــەو کەسە خەبەردار بکا کە خۆی توند بگرێو نەکەوێ •

حديث جابر الطويل وقصة ابي اليَسْر كعب بن عمرو ــ رضي الله تعالى عنهما ــ • شهد العقبــة وبــدرا ، وهو آخر من توفي من أهل بــدر ــ رضي الله تعـــالى عنهم ــ •

٥٦٧/٢٩ ــ عن عبادة بن الوليد بن عبـــادة بن الصامت [رحمهما الله ورضي عنه] قال : خرجت انا وأبي نطلب العـــلم =في هــذا الحي= من الانصار قبل أن يهلكوا فكان اول من لقينا ابا اليَسْر صاحب رســـــول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ ومعه غلام له معه ضِمـامــة [الضِمامــة والاضمامة رزمة يضم بعضها الى بعض كالضِبارة والاضبارة لجماعة الكتب] من صحف ، وعلى ابي اليسر بُردة ومَعافري [نوعان من اللباس ذلك الزمان] وعلى غلامه بردة ومعافري ، فقال أبي : يا عم اني ارى في وجهك سَفْعَة [علامة] من غضب ؟ قال : أجل ، كان لي على فلان ابن فلان الحرامي مال ، فاتيت اهله فسلمت فقلت : ثم هو ؟ قالوا : لا • فخرج عليّ ابن له جفــر [قارب البلوغ] فقلت له : اين ابوك ؟ قال : سمع صوتك فدخل اريكـــة أمي [سريرة امي التي في الحجلة] فقلت : اخرج إلي فقد علمت اين انت، فخرج • فقلت : ما حملك على ان اختبأت مني ؟ قال : انا والله احدثك ثم لا أكذبك • خشيت والله أن احدثك فأكذبك ، وان أعدك فاخلفَك ، وكنــت صاحب رسول الله ، وكنتُ والله معسرا • قال : قلت آلله ؟ قال : آلله • قال : قلت : الله ؟ قال : الله • قال : قلتَ آللهِ ؟ قال : آلله • قال : فاتى بصحيفة فمحاها بيده ، فقال : إن وجدت قضاء فاقضني ، والا انت في حل فاشهد ، بَصرُ [بضم الراء • بَصرُ او بصر ، سمعُ او سمِعَ • من النووي] هاتين ووضع أصبعه على عينيه ، وسَمْعُ أذني هاتين ، ووعاه قلبي هذا ،

وأشار إلى مناط قلبه .. رسولَ الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهـو يقول : من أنْظَر مُعْسِراً ، أو وضع عنه أظله الله في ظله . قال : فقلت له أنا : يا عم لو أنك أخذت بردة غلامك وأعطيته معافريك و [أي أو] أخذت معافريه وأعطيته بردتك ، فكانت عليك حلة وعليه حلة . فمسـح راسـي وقال : اللهم بارك فيه . يا ابن أخي بَصُرَ عيني هاتين ، وسـمع أذني هاتين ، ووعاه قلبي هذا ، وأشار إلى مناط قلبه .. رسولَ الله وهو يقول: اطعموهم مما تأكلون ، وألبسوهم مما تلبسون ، وكان إن أعطيته من متـاع الدنيا أهون علي من أن يأخذ من حسناتي يوم القيامة .

تەرجەمە :

عوبادەی کوڕی وەلیدی کوڕی عوبادەی کوڕی صامیت ـ رحمهما الله ورضي عنه ـ ئەفەرموێ : لە خدمەت باوکما چووینە دەرێ تا لە پێش ئەمەدا کە ئەنصار ئینقیراضیان بێ عیلمیان لێ فێر ببین ، ئەوەڵ کەس کە پێی گەیین ئەبولیەسر بوو صەحابەی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ورضي الله تعالى عنه ـ غولامێکی لەگەڵا بوو دەســتەێ کتێبی پێ بوو . ئەبولیەسر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بوردەیێكو مەعافیرییێکی لە بەرا بـوو ، غولامەکەیشی بوردەیێكو مەعافیرییێکی لە بەرا بوو [بوردە وەکوو بەرماڵ ئەدەن بە سەرشانیانا ، مەعافیرییەکەیش وەکـــوو دەرپـــێ وەك پشتەماڵ سەتری عەورەتی پێ ئەکەن بە عادەتی عەرەبی پێشوو] باوکم عەرزی کرد : مامە لە دەموچاوتا عەلامەتی غەضەب ئەبینم ؟ فەرمووی : بەڵێ لەسەر فلانی کوڕی فلانی حەرامیی قەرزم بوو ، چوومە لای ماڵو منالەکەی ســـەلامم کردو وتم : فلان لەوێیە ؟ وتیان : خەیر . کوڕێکی عازەبی هاتەدەرێ ، لێم پرسیی : باوکت لە کوێیە ؟ وتی : دەنگی تۆی بیستو چوە نـــاو تەختەبەندو کوللەکەی دایکمەوە . وتم : وەرەدەرێ لام زانیم کە لـــە کوێی . هاتەدەرێ وتم : لەبەرچی خۆت شاردەوە لە من ؟ وتی : وەڵڵاهی قسەت بۆ ئەکەمو درۆت لەگەڵ ناکەم ، وەڵڵاهی لەوە ترسام کە قسەت بۆ

بکەمو درۆت لەگەڵا بکەم وەعدەت پێ بدەمووەعدە خیلافیت لەگەڵا بکەم، تۆیش صاحیبی پێغەمەر بووی ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ [بۆیە خۆمم لێ شاردیەوە] وەڵلاهی دەستتەنگ بووم • فەرمووی : وتم : وەڵلاهی ؟ وتی : وەڵلاهی • وتم : وەڵلاهی ؟ وتی : وەڵلاهی • وتم : وەڵلاهی ؟ وتی : وەڵلاهی [سێجار] دەفتەری قەرزەکەی هێناو بە دەســتی خــۆی مەحویکردەوە ، فەرمووی : ئەگەر دەســتت بوو بمدەیتەوە بمدەرەوە ، ئەگەر دەستت نەبوو گەردنت ئازاد بێ • بینایی ئـــەم دووچاوەم دی ، دەستی نایە سەر هەردوو چاوی ، ئەم دوو گوێیەم بیستیان ، ئەم دڵـــەم حیفظی کرد ، دەستی نایە =سەر= بەندی دڵی لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە ئەیفەرموو : هەرکەسێ قەرزدارێکی دەستتەنگ مۆڵەت بدا یا شتێك لە قەرزەکەی داشکێنێ خوا لە ژێر سێبەری رەحمەتی خۆیا جێی ئەکاتەوە •

عوبادە ئەڵێ : من عەرزمکرد : مامە ئەگەر بوردەی غولامەکە بـــۆ خۆت وەرگری‌و مەعافیرییەکەتی بدەیتێ ، یا مەعافیرییەکەی لێبســـتێنی‌و بوردەکەی خۆتی بدەیتێ تۆیش دەستێکی رێکت ئەبێ‌و ئەویش دەســتێکی رێکی ئەبێ • دەستی هێنا بەسەرماو فەرمووی : یاخوا بەرەکەتـــــی بدەیتێ ، ئەی کوڕی برای خۆم ئەم دووچاوەم بینییان ، ئەم دوو گوێیەم بیستیان ، ئەم دڵەم حیفظی کرد ، دەستی نایە سەر بەندی دڵی •• لـــە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە ئەیفەرموو : لەوەی کە ئەیخۆن دەرخواردیان بدەن ، لەوەی کە ئەیپۆشن پێیانبپۆشن •• لە مەتاعی دنیامی بدەمێ لە لام سووکترە کە لە رۆژی قیامەتا لە حەسەناتم وەربگرێ •

لەم قیطعەدا بەیانی موعجیزەی تیا نیە •

ئـەحكـامی :

ئیختیاری مەشەققەتی سەفەر بۆ تەحصیلی عیلـــم عادەتی سەلەفە .

لەبەر نەبوونیی دروستە خۆ لە صاحیب قەرزشاردنەوە .

لەگەڵ صاحیب حەقا راستگۆیی .

وەعدەخیلافیی‌نەکردن لازمە .

شت بەخدمەتکارهەڵگرتن دروستە .

موهڵەتی قەرزدار یا لە قەرزداشکاننی سونەتێکی گەورەیە فەرموودەی پێغەمەرە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ

لە لیباساو لە خواردنا فەرقی خۆیو خزمەتکارنەکردن سونەتـــــی پێغەمەرە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەمری پێکردوە .

دەستبەســـەراهێنانی منــــاڵو مولاطەفەلەگـــەڵاکردنـــیو دۆعای خێربۆکردنی سونەتە .

لە حینی حاجەتا تەقویەی قسە بە سوێندان ، بە سوێنخواردن بـــە سائیری ئیشارەتو شتی تر دروستە لە ئاثاری سەلەفی صالیحە ـ رحمهم الله ورضي عنهم ـ .

ثم مضينا حتى أتينا جابر بن عبدالله في مسجده وهو يصلي في ثـوب واحد مشتملا به ، فتخطيت القوم حتى جلست بينه وبين القبلة . فقلت : يرحمك الله أتصلي في ثوب واحد ورداؤك إلى جنبك ؟ قال : فقال بيده في صدري هكذا . وفرق بين اصابعه وقوسها : أردت ان يدخل علي الأحمـق مثلك فيراني كيف أصنع فيصنع مثله . أتانا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في مسجدنا هذا وفي يده عرجون ابن طاب ، فرأى في قبـــلة المسجد نخامة فحكها بالعرجون ، ثم أقبل علينا فقال : أيكم يحب ان يعرض الله عنـه ؟ قـــال : فخشـــينا . ثـم قـــال : أيـكم يحب أن يعرض الله عنـه ؟ قلنا : لا أينا يا رســول الله . قــال : فان أحدكم إذا قام يصلي فان

الله ـ تبارك وتعالى ـ قِبل وجهه ، فلا يَبْصِقَنَّ قبل وجهه ، ولا عـن يمينه ، وليبصق عن يساره تحت رجله اليسرى ، فان عجلت به بادرة فليقل بثوبه هكذا ، ثم طوى ثوبه بعضه على بعض . فقــال : أروني عبيرا [اخلاط طيب يجمع بالزعفران] فثار فتى من الحي يشتد إلى اهله فجاء بخلوق في راحته ، فأخذه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فجعله على راس العُرجون ثم لطخ به على أثر النخامة فقال جابر [رضي الله تعالى عنه] : فمِنْ هناك جعلتم الخَلوق في مساجدكم :

تەرجەمە :

عوبادە ئەفەرموێ : لە دوایيا رۆيين تا چـووينە لای جابـيری بنی عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە مزگەوتی خۆيا نوێژی ئەكرد لـــە تەنها يەك ليباسا لە خۆيەوە پێچابوو ، هەنگاوم بەسەر خەڵقا هێنا تا چووم لە بەينی ئەوو قيبلەدا دانيشتم وتم : (يرحمك الله) تۆ لە ليباسێكا نوێـژ ئەكەيتو ڕيداكەت لە تەنيشتەوەيە ! عوبادە فەرمووی : بە دەستی بـــەم نەوعە ماڵيی بە سنگما ، بەم نەوعە پەنجەكانی بڵاوكردەوەو كردی بـــە قەوس ، فەرمووی : مەقصوودم وابوو ئەحمەقێكی وەكوو تـــۆ بمبينێ ئەويش وەكوو من بكا . پێغەمەر ـ صـــلى الله تعالى عليه وســـلم ـ لەم مزگەوتەدا تەشریفی هاتە لامان لقێ لە دارخورمای ئيبنوطابی بە دەستەوە بوو ، لە قيبلەی مزگەوتەكەدا بەڵغەمێكی دی بە لقەدارخورماكە كـڕانی ، لە دوايیا ڕووی‌تێكردين فەرمووی : كامتان حەزەكا كە خوا ڕووی لـــێ وەربگێرێ ؟ فەرمووی : لەوە ترساين . لـــە دوايیا فەرمووی : كامتان حەزەكا كە خوا ڕووی لێ وەربگێرێ ؟ وتمان : هيچمان (يارســـول الله) فەرمووی : كە وابێ يەكێكتان كە ڕاوەستا نوێژ بكا خوا ـ تبارك وتعالى ـ لە بەردەميەوەيە . كە وابێ ئينسان نە لە بەردەميەوە تف بكا ، نە لە لای ڕاستيەوە ، لە لای چەپيەوە لە ژێر پێی چەپيا تف بكا ، ئەگەر شـــتێكی كوتوپڕی بەسەرا هاتو نەيپەرژا كە وا بكا بە ليباسەكەی بەم نەوعە بكا ،

لە دوایيا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لیباسەکەی دووقەد کرد فەرمووی : عەبیرم بۆ بێنن ، کوڕێکی عازەب گورج هەڵسا بە هەڕاکردن چوە ماڵی خۆیانو عەبیرێکی هێنا لە بەری دەستیا • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وەری گرت کردی بە سەری دارخورماکەوەو سووی بە شوێنی بەلغەمەکەدا ، جابیر فەرمووی : بۆیە شتی بۆنخۆش ئەهێننـــــە مزگەوتەکانتانەوە •

لەم قیطعەیشا موعجیزەی تیا بەیان نەکراوە •

حوکمـی :

ئینسان شتێکی خیلافی عادەتی بینی لازمە لە سەبەبی بپرسێ • ئەوی کە ئەیکا تەئویلێکی بە دەستەوە بێ بەیانی بکا ، مەعقوول بـوو قەبووڵ بکرێ • فەقەط لەم پارچەدا بەیانی نەکردوە ، لە دواییا بەیانی ئەکا •

بۆ دروستبوونی نوێژ سەتری عەورەت کافیە ، جلی زۆرلەبەرکردن لازم نیە •

پیاوی گەورە لە وەختی تەعلیما بۆی دروستە بەو شەرتە مەقصوودی تەحقیر نەبێ دەرحەقی موتەعەلیم لەفظی ئەحمەق ، جاهێل ئیستیعمال بکا، پەیڕەوی عولەما لازمە بۆیە گوناهی عالم صەدچەندانی گوناهی جاهێلە •

ئینسان بەرێدا بڕوا داربەدەستەوەگرتن سوننەتە •

بۆ پیاوی موقتەدیر ئینکاری مونکەر لازمە بەرەوقیبلە بـــــە لای راستا تفڤرێدان مەکرووهە •

تەلویثی مزگەوت حەرامە ، تەلویثی کرا دەزبەجێ ئەبێ پاکبکرێتەوە • بەلغەمی هات بیکاتە لای چەپ ژێر پێی چەپ ، مومکین نەبوو بیکاتە نـاو پەڕۆیێکەوە نەیدا بە دارو دیوارو جێگەیێکا کە خەڵق بیبینن •

موراد لەمە خوا ـ عز وجل ـ لە بەردەمی نوێژکەرەوەیە قیبلەی خوایە یا جێیێکە خوا ئەمری بە تەعظیمی کردوە ، خێرایی کردن لە بەجێ‌هێنانی ئەمری ئامیرا لازمە •

سرنا مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في غـــزوة بطن بُواط [بەسەرو بۆری (ب) شاخێکە لە جوهەینە] وهو يطلب المجدي بـن عمرو الجُهَنِي ، وكان الناضح يعتقبه منا الخمسة والستة والسبعة ، فدارت عُقْبة رجل [نوبتە] من الأنصار على ناضح له فأناخه فركبه ثم بعثه فتلدّن [توقف] عليه بعض التلدن ، فقال =لە= : شأ لعنك الله • فقال رسول‌الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: من هذا اللاعن بعيره ؟ قال : أنـا يــا رسول الله • قال : انزل عنه فلا يصحبنا بملعون ، لا تدعوا على أنفسكم ولا تدعوا على أولادكم ، ولا تدعوا على أموالكم ، لا توفقوا من الله ساعة يسأل فيها عطاء فيستجيب لكم :

تەرجەمە :

لە خدمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چووین بۆ غەزای بەطنی بەواط ، قەصدی مەجدیی کوڕی عەمری جوهەنیی ئەفەرمـــوو ، وابوو وشترێ پێنج کەس ، شەش کەس ، حەوت کەس بە نۆبە ســواری ئەبوون • نۆبەتی پیاوێکی ئەنصاریی هاتە سەر وشترێکی خۆی کە سواری بێ ، پیخی دا سواری بوو هەڵی‌ستان ، لە هەڵسانا نەختێ درەنگی کرد ، ئەنصارییەکە پێی‌وت : شەء [یەعنی هەچچە] خوا لەعنەتت لـــێ بکا • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەوە کێیە لەعن لــــە وشترەکەی ئەکا ؟ وتی : منم (یارسول الله) • فەرمووی : لێی دابەزە لەگەڵ مەلعوونا رەفیقایەتیمان نەکا (إلتفات) • دۆعا لە خۆتان مەکەن ، دۆعا لە منالتان مەکەن ، دۆعا لەماڵتان مەکەن مەبادا لە خواوە ســاعەتــێ

راستێێن کە لەو ساعەتەدا شتێکی لێ طەلەب بکرێت‌و لێتان قەبووڵ بکا •
ئەم فەقرەیەیش موعجیزەی تیا نیە •

حـوکـمی :

لەعنی حەیوان حەرامە •

دۆعاکردن لە خۆی ، لە ماڵی ، لە مناڵی بە غەیری لەعن مەکرووهە •
هەموو شەوو رۆژێ ساعەتێکی تیا هەیە کە دۆعای تیا قەبووڵبێ •

(عینا)وە (مثلا) یا زۆرتر (مثلا) یا ئیمڕۆ داوای قەرانێ بکەی ئەو لە دوای ساڵێ هەزار لیرەت بداتێ •

سرنا مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حتى إذا كـانت عُشَيشِية ودنونا ماء من مياه العَرَب ، قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من رجل يتقدّمنا فيمدر الحوض [يُطيّنه ويصلحه] فيشرب ويسقينا • قال جابر : فقمت فقلت : هذا رجل يارسول الله• فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أي رجل مع جابر ؟ فقام جبار بن صخر ، فانطلقنا إلى البئر ، فنزعنا في الحوض سَجلا وسَجْلين ، ثم مدرناه ، ثم نزعنا فيه حتى أفهقناه [أصفقناه ملأناه] فكان أول طالع علينا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : أتأذنان ؟ قلنا : نعم• يا رسول الله فأشرَع ناقته [أرسل رأسها في الماء لتشرب] فشربت فشنق لها [كفّها بزمامها] فشجت [فرّجت بين رجليها] فبالت ، ثم عدل بها فأناخها ، ثم جاء رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إلى الحوض فتوضأ منه ، ثم قمت فتوضأت من متوضّأ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فذهب جبار بن صخر يقضي حاجته ، فقام رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ليصلي وكانت عليّ بردة ذهبت أن أخالف بين طرفيها فلم تبلغ لي وكانت لها ذباذب [جمع ذِبْذِب أي أهداب] فنكستها،

ثم خالفتُ بين طرفيها ثم تواقصت عليها [أي أمسكت عليها بعنقي] = ثم جئت= حتى قمت عن يسار رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأخذ بيدي فأدارني حتى أقامني عن يمينه ، ثم جاء جبار بن صخر فتوضأ ، ثم جاء فقام عن يسار رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأخذ رسول‌الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بأيدينا جميعا ، فدفعنا حتى أقامنا خلفه ، فجعل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يرمقني [ينظر إلي متتابعا] وأنا لا أشعر ، ثم فطنت به • فقال هكذا بيده ، يعني شد وسطك• فلما فرغ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : يا جابر • قلت: لبيك يارسول الله • قال : إذا كان واسعا فخالف بين طرفيه ، وإذا كان ضيِّقا فاشدده على حِقْوك [بفتح الحاء وكسرها معقد الإزار] •

تەرجەمە :

لەم فەقرەیەیشا بەیانی موعجیزە نیە ، ئەمما جوابی عوببادەی تیایە •

رۆیین لە خدمەت پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تا وەختی ئێواریێ هات لە ئاوێکی عەرەب نزیك بووینەوە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : چ پیاوێك پێشمان ئەکەوێ‌و ناوی حەوزەکـــە قورِ ئەداو چاکی ئەکا ئاوی لەبەر نەڕوا خۆیشی بخواتەوەو بیشیدا بە ئێمە بیخۆینەوە ؟ جابیر فەرمووی : من هەڵسام‌و وتم : (یا رســـول الله) ئەمەپیاوێکە• لە دوایِیا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی: کام پیاو لەگەڵ جابیر ئەچێ ؟ جەبباری کوڕی صەخر هەڵسا ، هەردوکمان چووین بۆ لای بیرەکە ، یەك دوو دۆڵکەمان هەڵێنجایە ناو حەوزەکە ، ناوەکەمان سواغدا ، لە دوایِیا ئاومان تێ هەڵێنجا تا پڕمان کرد• ئەوەڵ کەسێ کە تەشریفی طولووعی کرد لەسەر ئێمە (رسول الله) بو ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئیذنتان هەیە ؟ عـەرزمانکـرد : بەڵێ

(یا رسول الله) پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وســلم ـ دەستەجڵەوی وشترەکەی شل‌کرد ، وشترەکەی ئـاوی خـواردەوە ، دەستەجڵەوەکەی توندکردەوە وشترەکەی لنگی لێ بڵاوکردو میزی کرد •

لە پاشا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەسەر حـەوزەکـە تەشریفی گەڕایەوە دواوەو وشترەکەی پیخدا ، لە دواییا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی هاتە سەر حەوزەکە دەزنوێژی لێ شت ، لە دواییا منیش هەڵسام دەزنوێژم لە جێ دەزنوێژەکەی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ شت • جەبباری بنی صەخر ـ رضي الله تعالی عنه ـ چوو قەضای حاجەتی کرد ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی هەڵسا کە نوێژ بکا منیش بوردەیێکم بوو تەمام بوو راست‌و چەپی بکەم بۆم‌نەگەییەوە ، ریشووی بوو سەرەوخوارم کرد راست‌و چەپم‌کرد ، لای چەپم خستە سەرشانی راستم ، لای راستم خستە سەر شانی چەپم ، لـە دواییا هاتم لە تەنیشتی چەپی پێغەمەرەوە ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ راوەستام • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دەستی گرتم گێڕامیە لای راستی خۆی ، لە دواییا جەبباری بنی صەخریش ـ رضي الله تعـالی عنه ـ هات دەزنوێژی شت ، لە دواییا هــات لە طـــەرەفی لای چەپی پێغەمـــەرەوە ـ صـلی الله تعــالی علیــه وســـلم ـ راوەســـــتا ، پێغەمەر ـ صـــلی الله تعــالی علیــه وسلم ـ دەستی هەردووکی گـرتیـن پاشەوپاش بردینی تا لە پشتی خۆیەوە رای‌وەستانین ، لــە پـاش ئـەوە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ هەر تێم‌ئەفکری تێی‌نەگەییم ، لـە دواییا تێگەییم بە دەستی وای کرد ، یەعنی فەرمووی : ناوقەدت ببەستە• کە لە نوێژ بۆوە فەرمووی : ئەی جابیر • عەرزم‌کرد : بەڵێ لە خدمەتتام (یا رسول الله) فەرمووی : ئەو لیباسەی کە خۆتی پێ دائەپۆشیی ئەگـەر

گەورە بێ راستو چەپی کە ، لە بەینی گۆشەکانیا ئەگەر تەنگ بێ لـە جێی بەندەخوێنەوە بیبەستە •

لـەم پارچەدا جوابی سوئالەکەی عوبادەی تیا هـەیـە ، بـەیـانـی موعجیزەی تیا نیـە •

ئـەحکـامی :

وەختی نوێژ ئاو نزیك بێ لە پێشەوە یەك دوو کەسێ نـاردنبـــۆ حازرکردنی ئاوەکە سوننەتە •

کەسێ شتێکی موباحی ئیحراز کرد خەڵقی تر ئیرادەی کـرد کـــە ئیستیفادەی لێ بکا ، با ظەننی رەزایشی بێ ، سوننەت وایە ئیذنی لـێ بخوازێ لەوەدا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـــە وســـلم ـ بۆ ئیرشادی ئوممەتەکەی ئیستیذانی لە جابیرو جەبار ـ رضي الله تعالی عنهما ـ کردوە•

موراعاتی گەورەکردن پێشخستنی لە خۆی لە حوسنی موعاشەرەتو ئـادابـــە •

موسافیر کە گەیـیە مەنزڵ لە پێشا سوننەت وایە ئیحتیاجیی ئـــەو حەیوانەی کەئەوی گەیانۆتە مەنزڵ دەفع بکرێ •

سەتری عەورەت لازمـە •

ئەگەر لیباس واسیع بێ لە بەرۆکیەوە ئیحتیمالی عەورەت بینین بـێ لازمە کە بە پشتێنبەستن بە هەرچییە بێ دەفعی ئەو ئیحتیماله بکـرێ ، گەورە بانگی بچووکی کرد بچووك بە تەعظیم جوابی گەورەی خـۆی بـداتـــەوە •

حەیوانی پاك لە ئاوی خواردەوە دروســـتە دەزنوێژی لێبشۆی • پاشماوەی حەیوانی پاك پاکە •

فیعلی کەم لە نوێژا نوێژ بەتاڵ ناکاتەوە ، ئەگەر لە ئیحتیاجەوە بێ سوننەتە ، بە بێ لوزووم مەکرووهە .

مەئموم یەکێ بێ لە تەنیشتی راستی ئیمامەوە رابوەستێ ، لە تەنیشتی چەپەوە وەستا ئیمام وەری گێرێتە لای راست ، یەکێکی تر لە دوای ئەوەوە بێ لای چەپی ئیمام راوەستێ ، لە دوایا ئیمام هەردوکیان بخاتە پشتەوە ، ئەگەر لە ئەوەڵەوە دوان بن صەف ببەستن .

سرنا مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وكان قوت كل رجل منا كل يوم تمرة ، فكان يمصها [بفتح الميم والضم] ثم يَصُرُّهَا =في ثوبه= وكنا نختبط بقسيّنا ونأكل حتى قرحت أشداقنا ، فأُقسِمُ أخطِئها رجل منا يوما فانطلقنا به ننعَشه [من باب فتح] فشهدنا أنه لم يُعطَها فأُعْطِيها فقام فأخذها :

تەرجەمە :

ئەمەیش موعجیزەی تیا بەیاننەکراوە .

لە خدمەت پێغەمەرا ـ صلى الله نعالى عليه وسلم ـ رۆیین قووتی کوللی ئینسانێ لە ئێمە رۆژی دەنکێ خورما بوو ئەیمژیی لە دوایا لە =جلەکانیا= گرێی ئەدا . بە کەوانەکەمان گەڵای دارمان ئەوەراند ئەمانخوارد تا لالەغاوەمان بریندار بوو ! سوێند ئەخۆم رۆژێ یەکێ لە ئێمە لە فکرچۆوەکە بیدەنێ ، بردمانە لای ئەو کەسەی کە خورماکەی تەقسیمئەکرد ، لەبەر زەعیفیی لە رێ هەڵمانئەگرت ! شەهادەتمان بۆ دا کە نەیدراوەتێ درایێ هەڵساو وەری گرت .

بەیانی صەبری ئەصحابو قەناعەتو ئیطاعەیان ئەکا ـ رضي الله تعالى عنهم ـ .

شەهادەت لەسەر نەفی مەحصوور دروستە .

تەعیینی مەئموور بۆ تەقسیمی حەوائیج لـــە بەینی موحتاجـانـا ، تەسلیمی (بيت المال) بە یەکێ دروستەو موافیقی مەصڵەحەتە •

سرنا مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حتى نزلنا واديـا أفْيَح [أي واسعا] فذهب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقضي حاجته فاتبعته بأداوة من ماء ، فنـظر رسـول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ فلم ير شيئا يستتر به ، فإذا شجرتان بشاطىء الوادي [جانبه] فانطلق رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إلى إحداهما فأخذ بغصن من أغصانها ، فقال : انقادي عليّ بإذن الله ، فانقادت معه كالبعيرالمخشوش الذي يصانع قائده ، حتى أتى الشجرة الأخرى فأخذ بغصن من أغصانهـا فقال : انقادي عليّ بإذن الله ، فانقادت معه كـــذلك ، حتى إذا كـــان بالمَنْصَف مما بينهما لأم بينهما ، يعني جمعهما ، فقال : التئما علي بإذن الله فالتأمتا ! قال جابر : فخرجت أحْضِر [أعدو وأسعى سعيا شـديدا] مخافة أن يُحِسّ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بقربي فيبتعد• وقـال محمد بن عَبَّاد : فيتبعدَ • فجلست أحدّث نفسي ، فحانت مني لَفْتَة [نظرة حانت ، حالت ، وقعت ، اتفقت ، كانت النووي] فإذا أنا برسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مقبلا ، وإذا الشـــجرتان قـد افترقتا ، فقامت كل واحدة منهما على ساق فرأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وقف وقفة ، فقال برأسه هكذا وأشار أبو إسـماعيل [حاتم بن إسماعيل] برأسه يمينا وشمالا ، ثم أقبل فلما انتهى إلي قـال : يا جابر هل رأيت مقامي ؟ قلت : نعم يارسول الله • قـال : فانطلق إلى الشجرتين فاقطع من كل واحدة منهما غصنا فاقبل بهما حتى إذا قمت مقامي فأرسل غصنا عن يمينك وغصنا عن يسارك • قال جابر : فقمت فأخذت حجرا فكسرته وحَسَرْته فانذلق لي [احددته فصار حادا] فأتيت الشجرتين

فقطعت من كل واحدة منهما غصنا ، ثم أقبلت أجـرهـما حتى قمت مقـام رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أرسلت غصنا عن يميني وغصنا عن يساري ، ثم لحقته فقلت : قد فعلت يا رسول الله فعَمَّ ذلك ؟ قال : إني مررت بقبرين يعذبان ، فأحببت بشفاعتي أن يرفّه عنهما مادام الغصنان رطبيـن :

تەرجەمە :

لە خدمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رۆیین تـا لـــە دۆڵێکی پانا دابەزین ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ تەشریفی چوو بۆ قەزای حاجەت ، مەتارەیێکم بە شوێنا برد • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەماشای کرد هیچی نەبینی کە خۆیی پێ سەتر بکا لە خەڵق کە نەیبینن ، دوو درەختی دی لە کەناری دۆڵەکە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی چوو بە لای یەکێکیانەوە ، لـــە لقـەکانی لقێکی گرت ، فەرمووی : ئیطاعەم بکە بە ئیذنی خوا ، وەکوو چـــۆن وشتری سەرکێش خیشاشی [دارێکە ئەخرێتە لووتی وشتری سەرڕەق کە ئیطاعەی صاحیبەکەی بکا ، پەتێك ئەخەنە ئەو دارە ، بەوە رای ئەکێشن =هەر= جارێ خۆی ئەکێشێتە دواوە] ئەخرێتە لووتەوەو لەگەڵ صاحیبەکەی چی ئەکا بەو نەوعە ئیطاعەی کردو لە خدمەتیا هات تا تەشریفی چوو بۆ لای درەختەکەی تر ، لە لقەکانی لقێکی گرت ، فەرمووی : ئیطاعەتم بکە بـە ئیذنی خوا ، ئەویش وەکوو درەختەکەی تر چۆنی ئیطاعەکرد ئیطـــاعەی کردو ، هەردووکی هێنان تا ناوەڕاستی جێی هەردوو درەختەکە ، هەردووکی هێنایە لای یەك فەرمووی : بە ئیذنی خوا بۆم بەیەکەوە بنووســێن ، بەیەکەوە نووسان ! جابیر فەرمووی : منیش لەوێ لاچووم بە هەڕاکردن دوورکەوتمەوە مەبادا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرق بـەوە بکا کە منی لێ نزیکمو دووربکەوێتەوە • دانیشتمو خەیاڵی دڵی خۆمـم

لێك‌ئەدايەوە • سا چۆن ئاورێكم دايەوە كەچی پێغەمەر ــ صلی الله تعالی عليه وســـلم ــ تەشريفی ئەهات درەختەكانيش لێك جویێ بووبوونەوە ، هەريەك لەسەر بنكی خۆی راوەستا بوو • پێغەمەرم دی ــ صلی الله تعالی عليه وسلم ــ تەوەققوفێكی كرد ، بە سەری وای كرد ، ئەبو ئيسماعيلی راويی بە سەری ئيشارەتی لای راستو لای چەپی خۆی كرد ، لە دواييا تەشريفی رووی كردە طەرەفی منو هات فەرمووی : يا جابير ئەو جێيەت دی كە من لێی راوەستامو تەوەققوفم كرد ؟ وتم : بەڵێ (يا رسول الله) فەرمووی : بچۆ بۆ لای درەختەكان ، درەختی لقێكی لێ ببڕە بيانهێنـە تـا ئەو جێيەی كە لێی راوەستام لقێكی بە لای راستتاو لقێكی بە لای چەپتا بەربدەرەوە • جابير فەرمووی : هەڵسام بەردێكم هەڵگرت شكانم تيژم‌كرد ئەويش تيژ بوو ، چووم بە لای درەختەكانەوە هەر يەكی لقێكم لێ بڕين ، لە دواييا رووم‌كردە ئەو جێيەی كە پێغەمەر ــ صلی الله تعـالی عليه وسلم ــ ئەمری پێ‌كردبووم تا گەييمە ئەوێو وەستام لە جێ وەستانی پێغەمەر ــ صلی الله تعالی عليه وسلم ــ لقێكم لە تەنيشتی راســـتمەوە لقێكم لە تەنيشتی چەپمەوە دانا ، لە دواييا هاتمەوە خدمەتی وتم : (يا رسول الله) كردم ، ئەوە لەبەر چی بوو ؟ فەرمووی : بە لای دوو قەبرا رابوردم عەذاب ئەدران حەزم‌كرد بە شەفاعەتی من عەذابيان لێ ســـووك بێ تا لقەكان بە تەڕيی بمێننەوە •

موعجيزەی ئـەم پارچـە :

درەخت شوعووری نيە ، لە قســە ناگـا ، بە موعجـيزەی پێغەمەر ــ صلی الله تعالی عليه وسلم ــ ••• خوا شوعووری تيا خەلق كرد ، لـــە ئەمرەكەی پێغەمەر ــ صلی الله تعالی عليه وسلم ــ گەیی •

درەخت حەرەكەی ئيختياريی نيە ، هەر حەرەكەی نيمائيی هەيە ، لە جێی خۆی نابزوێ بە ئەمری پێغەمەر ــ صلی الله تعالی عليه وسلم ــ وەك

چۆن مەهاری وشتر رائەکێشرا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئقێکی گرتن‌و رایکێشان لە خدمەتیا تا ناوەڕاستی بەینی هـــەردوکیان هـاتن‌و بەیەکەوە نووسان •

درەخت لە جێی خۆی هەڵکەنرا ئەمجا بە ئاودان‌و خزمەتی زۆر تـا ساڵێ جێی خۆی ناگرێتەوە ئەویش گەلێکی لێ وشـــــك ئەبێ • بـــە موعجیزەی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە موددەی قـەضـای حاجەتێکا لە جێی خۆیان بزووتن چوونە جێیەکی تر روان ، هـــەر لـەو دەقیقەدا لە یەك جوێ‌بوونەوە ، هەر یەك چوەوە جێی خۆی، وەکوو هیچ لە جێی خۆی نەبزووتبێ لێی روایەوە ، هیچ گەڵایێکی لێ‌هەڵنەوەری •

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ هیچ ئاثاری نەدیبوو لەوێدا خوا عیلمی پێ‌عەطاکرد کە قەبر هەیە گوێی لە هاوار هاواریان بوو کە عەذاب ئـەدرێـن !

درەخت ذیکر ئەکا تا تەڕیی تیا بمێنێ ، کە مرد یەعنی کە وشك‌بوو ئەویش ئەو نوطقەی کە مەخصووصە بە خۆیەوە نامێنێ •

شتی تەڕ یەعنی درەخت یا گیاوگوڵ بە رەگەوە بە بێ رەگ لەسەر قەبـر دانان سوننەتە •

بڕینی دروونەوەی درەخت‌و گیای سەر قەبر حـــەرامە ؛ چونـکی ئیذن‌لێ‌خواستنی مومکین نیەو ئیمکانی نەماوە • لە وەختی قەزای حاجەتا لە خەڵق دوورکەوتنەوە (تستر)[1] بە شتێك کە خەڵق نەیبینێ سوننەتە •

ئاوی دەزنوێژو ئاوی تارەت بۆ ئەهلی فەضل حازرکردن خدمەتـی ئەهلی فەضل سوننەتەو مووجیبی فەخرو شەرەفە •

---

(١) خۆداپۆشـیـن •

قال : فأتينا العسكر ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: يا جابر نادِ بوَضوء • فقلت : ألا وضوء ؟ ألا وضـوء ؟ ألا وضـوء ؟ قال : قلت : يارسول الله ماوجدت في الركب من قطرة • وكان رجل من الأنصار يُبرِّدُ لرسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الماء في آشجاب له على حِمارة من جريد [الأشجاب • جمع شجب ، السقاء الذي قد اخلق وبَلِيَ وصار شنًّا ، الحِمارة : أعواد تعلق عليها أسقية الماء] قـال : فقال لي : انطلق إلى فلان بن فلان الأنصاري فانظر هل في أشْجابه من شيء ؟ قال : فانطلقت =إليه= فنظرت فيها فلم أجد فيها إلا قطرة فـي عزلاء شَجْب منها لو أني أُفْرِغُه لشَرِبه يابسه فأتيت رسول الله ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقلت : يارسول الله لم أجد فيها إلا قطرة في عزلاء شَجْب منها لو أني أفرغه لشرِبَه يابسه • قال : اذهب فأتني به ، فأتيته به ، فأخذه بيده ، فجعل يتكلم بشيء لا أدري ماهو ، ويغمزه بيـديه • ثم أعطانيه ، فقال : يا جابر ناد بجفنة ، فقلت : يا جفنة الركب ! فأتِيتْ بها تُحْمَل فوضعتها بين يديه • فقال رسول الله ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ بيده في الجفنة هكذا فبسطها وفرّق بين أصابعه ثم وضعها في قعر الجفنة • وقال: خذ ياجابر فصب عليَّ وقل بسم الله فصببت عليه وقلت بسم الله ، فرأيت الماء يفور من بين أصابع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثم فارت الجفنة ودارت حتى امتلأت • فقال : يا جابر ناد من كانت له حاجة بماء• قال : فأتى الناس فاستقَوا حتى روَوا • قال : فقلت : هل بقي أحـد له حاجة ؟ فرفع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يده من الجفنـة وهي ملأى :

تەرجەمە :

جابیر فەرمووی : هاتینە لای عەسکەرەکەوە پێغەمەر ـ صـــلی الله

تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەی جابیر بانگ بۆ ئاوی دەزنوێژ بکە ، بانگم‌کرد : ئاوی دەزنوێژ نیە ؟ ئــاوی دەزنوێژ نیــە ؟ ئـاوی دەزنوێـژ نیە ؟ وتم : (یا رسول الله) لە عەسکەرەکەدا قەترەیێ ئاوم دەس‌نەکەوت. پیاوێ لە ئەنصار لە چەند کونە کۆنێکا لە ســەر دارکونە ئــاوی بۆ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ سارد ئەکرد . پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێی‌فەرمووم : بچۆرە لای فلانی کــوڕی فــلانــی ئەنصاریی تەماشاکە لە ناو کونەکانیا هیچ ئاو هەیە . فەرمووی : چــووم تەماشام کردن لە هیچیانا ئاو نەبوو ، لە هەنگلی کونەیێکیانا قــەترەیێ ئاو بوو ئەگەر رۆی بکەم طەرەفی وشکیی کونەکە ئەیخواتەوە ، یەعنی ناگاتە خوارێ ، دەرکی کونەکە . چوومە خدمەت پێغەمەر ـ صــلی الله تعالی علیه وسلم ـ عەرزم‌کرد : لە هیچیانا ئاوم دەست‌نەکەوت ئیللا لــە هەنگلی کونەیێکیانا نەبێ کە قەترەیێ ئاوی تیا بوو ئەگەر لێم رۆبکردایە طەرەفە وشکەکەی ئەیخواردەوە . فەرمووی : بچۆ بۆم بێنــە ، چــووم هێنامە خدمەتی ، کونەکەی بە دەستەوە گرت دەستی کرد بە شتێ ئەیخوێند نەمزانی کە چیی بوو ، بە هەردوو دەستی کونەکەی ئەگوشی لــە دواییا کونەکەی دایە دەستم فەرمووی : یا جابیر بانگ کــە تــەشــتێ بێنــن بانگم‌کرد : ئەی تەشتی قەوم! تەشتێکیان هێنا هەڵئەگیرا [لەبەر گەورەیی چەند کەسێ هەڵیان ئەگرت] هێنرا دامنا لەبەر دەستی پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە تەشتەکــەدا بە دەستی موبارەکی وای‌کرد [یەعنی] دەستی درێژکرد پەنجەی موبارەکی بلاوکردەوە ، لە بن تەشتەکەدا دایناو فەرمووی : یا جابیر کونەکە بگرەو ئاوکە بەسەر دەستما بلێ (بسم‌الله) ئاوم کرد بەسەر دەســتی موبارەکیاو وتم : (بسم الله) دیم کە ئاو لە بەینی پەنجە موبارەکەکانیا هەڵەقولا ! لـــە دواییا تەشتەکە ئاوی لێ هەڵقولاو دەورەی ئەدا تا پڕ بوو ، فەرمووی :

ئەی جابیر بانگ کە کێ ئیحتیاجیی بە ئاو هەیە بێ • جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : خەڵق هاتن ئاویان خواردەوە تا تێراو بــوون • فەرمووی : وتم : کەسێ ماوە کە ئیحتیاجیی بە ئاو بێ ؟ [یەعنی کەس نەمابوو] پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەستی موبارەکی لەسەر تەشتەکە هەڵبڕی تەشتەکە ئێشتا پڕ بوو !

ئاوێکی زۆر کەم کە ئەوەندە نەبێ لە دەرکی کوننە بێتەخوارێ بــە بەرەکەتی دەســتی‌موبارەکی‌و بە دۆعای موبارەکی ئەوەندە زۆر بوە کــە ئیحتیاجیی لەشکرێکی پێ دەفع بوە !

وشكا الناس إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الجوع ، فقال : عسى الله أن يطعمكم فأتينا سيف البحر [ساحله] فزخر البحر زخرة [علا موجه] فألقى دابة فأوْرَيْنا [أوقدنا] على شقها النار فاطبخنا واشتوينا وأكلنا حتى شبعنا • قال جابر : فدخلت أنا وفلان وفلان حتى عد خمسة في حِجاج عينها [عظمها المستدير بها] مايرانا أحد حتى خرجنا فأخذنا ضلعا من أضلاعه ، فقوسناه ثم دعونا بأعظم رجل [قيس بن سـعد بن عبـادة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] في الركب ، وأعظم جمل في الركب ، وأعظـم كِفْل [الكساء الذي يحويه راكب البعير على سنامه لئلا يسقط فيحفظ الكفل الراكب] في الركب فدخل تحته مايطأطىء رأسه م ـ ١٠/٤٤٤ـ٤٦٠، ح ـ ٤١٢/٦ وفيه جود قيس وأبيه ـ رضي الله تعالى عنهما ـ •

تەرجەمە :

خەڵق شکاتی برسێتییان کرد لە خدمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئومێدم وایە کە خوا ـ عز وجل ـ طــەعامتــان دەرخوارد بدا ، هاتینە کەناری بەحرەوە ، بەحرەکە شەپۆلێکی دا حەیوانێکی

فرێدایەدەرێ ، لەسەر لایەکی ئاگرمانکردەوە ، کولاّنمان ، بـرژانمان ، خواردمان تا تێر بووین .

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : منو فلاّنو فلاّنو ... پێنج کەسی ژمارد ، چووینە ناو کالانەی چاویەوە تا هـاتینـەدەرێ کـەس نەیئەبینین . پەراسوویێکمان هێنا وەك کەوان چەمانمانەوە، لە لەشکرەکەدا کام پیاو گەورە بوو =کە قەیسی کوڕی سەعدی کوڕی عوبادە بو ـرضي الله تعالى عنهـ = بانگمانکرد ، کام وشتر لە لەشکرەکـەدا گەورە بـوو هێنامان ، کام کۆپان لە هەموویان گەورەتر بوو لە ناو کۆپانی وشترەکانا هێنامان ،[1] چوە ژێر ئەو پەراسووەوە سەری دانەدەنەوان .

ئەمەیش موعجیزەیێکی گەورەی پێغەمەرە ـ صلى الله تـعالى علیـه وسلم ـ کە (قبل الوقوع)[2] خەبەری لێداوە .

وهذه القطعة الأخيرة من هذا الحديث بدون ذكر المعجزة عن جـابـر ـ رضـي الله تعـالى عنـــه ـ في ح ـ ١٢٧/٥ و ح ـ ٤١٢/٦ و ٤١٣ و م ـ ١٥١/٨ ، ١٥٣ وفيها كان الركب ثلاثمائة ، وأميرهم أبو عبيدة الجراح، وليس فيهم النبي ـ عليه الصـــلاة والســـلام ـ وليس فيها الشكايـة إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تذكر في مواقعها ـإن شاء الله[3].

---

(١) واتە ئەو پیاوە گەورە سواری ئەو وشترە گەورە کۆپانبەرزە بوو ...

(٢) واتــە پێش روودانی کارەکە .

(٣) دانەر ـخـ تەرجەمەی ئەم قسەی سەرەوەی نەکردوە ئـەمە تێبینیی خۆیەتی ، ئەفەرموێ : ئەم پارچەی دواییە لە جابیرەوە ریوایەتکراوە بێ باسی موعجیزە ، لە چەند شوێنێکا ، لە یەکێك لەو شـوێنانەدا : سوپاکە (٣٠٠)کەس بوونو، ئەبوعوبەیدە سەرکردەیان بووو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە ناویانا نەبوو ، باســی داوای لــە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـی تیا نیە . پشت بـە خوا لـە شوێنی خۆیا دێت .

٥٦٨/٣٠ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أصــابت الناس سنَة" على عهد النبي ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـ فبينما النبــي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يخطب في يوم جمعة قام أعرابي فقـــال : يا رسول الله [هلك الكراع وهلك الشاء فادع الله أن يسقينا فمدّ يـديـه ودعا ح ـ ١٧٩/٢] هلك المال وجاع العيال فادع الله لنا ، فرفع يـديـه [حتى رأيت بياض إبطيه • ح ـ ٢٤١/٢] [ورفع الناس أيـــديهم معـــه ح ـ ٢٤٠/٢] وما نرى في الســماء قَزْعة [قطعة من سحاب] فوالذي نفسي بيده ماوضعها حتى ثار السحاب أمثال الجبال ، ثم لم ينزل عن منبره حتى رأيت المطر يتحادر على لحيته ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ! فمطـرنـا يومنا ذلك ومن الغد وبعد الغد والذي يليه حتى الجمعة الأخرى ، وقام ذلك الأعرابي أو قال غيره فقال : يارسول الله تهدّم البناء وغرق المـــال فادع الله لنا • فرفع يده فقال : اللهم حوالينا ولا علينا فما يشير بيده إلى ناحية من السحاب إلا انفرجت وصارت المدينة مثل الجوبة [الفـرجـــة المستديرة من السحاب] وسال الوادي قَناةُ شهرا ، ولم يجيء أحد من ناحية إلا حدّث بالجود ح ـ ١٨٠/٢ ، م ـ ٢٢٠/٤ ، ن •

٥٦٩/٣١ ـ وعنه يَذكر أن رجلا دخل يوم الجمعة من بابٍ كان وجاهَ المنبر [نحو دار القضاء ، م ، خ أخرى] ورسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قائم يخطب ، فاستقبل رسول الله قائما فقال : يا رسول الله هلكت المواشي وانقطعت السبل ، فادعالله يغيثنا [أن يسقينا • أخرى خ] فـــال : فرفع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يديــه فقال : اللهم اسقنا ، اللهم اسقنا [وفي رواية بعده : أغثنا في المواضع] اللهم اسقنا • قال أنس: ولا والله مانرى في السماء من سحاب ولا قزعة ولا شــيئا ، وما بيننا وبين سلع [جبل بالمدينة] من بيت ولا دار ، قال : فطلعت من ورائه سحابة مثل الترس ، فلما توسطت السماء انتشرت ، ثم أمطرت [فمطرنا فما كِدنا أن نصل إلى منازلنا ، فما زلنا نمطر الى الجمعة المقبلة •خ اخرى] قال [فــلا• خ اخرى] والله مارأينا الشمس ستا [سَبْتنا م ـ ٢١٩/٤] ثم دخل رجل من

ذلك الباب في الجمعة المقبلة ورسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قائم يخطب فاستقبله قائما ، فقال : يا رسول الله هلكت الأموال ، وانقطعتالسبل فادع =الله= يمسكها . قال : فرفع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـ يديه ثم قال : اللهم حوالينا ولا علينا ، اللهم على الإكام [بمد الهمزة وكسرها] والجبال ، والظراب [جمع ظَرِب : جبل منبسط على الأرض] و [بطون . أخرى خ] الأودية ، ومنابت الشجر [فانجابت عن المدينة انجيـاب الثوب . اخرى خ] قال : [فأقلعت . اخرى خ] [قـــال : فلقد رأيت السحاب يتقطع يمينا وشمالا يُمْطرون ولا يُمْطر اهل المدينة .اخرى خ] فانقطعت وخرجنا نمشي في الشمس قال : شريك : فسألت أنســـا : اهــو الرجل الأول ؟ [فقال : ما ادري . اخرى خ] قال : لا أدري ح-٢/٢٣٠، ٢٣١ ، م - ٢١٦/٤ ، د ، ن .

٣٢/٥٧٠ ـ عن ثابت عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كـــان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يخطب يـوم جمعة ، فـقام النـاس فصاحوا ، فقالوا : يارسول الله قحط المطر ، واحمرت الشجر ، وهلكت البهائم ، فادع الله يسقينا . فقال : اللهم اسقنا مرتين . وأيم الله مانـرى في السماء قزعة من سحاب ، فنشأت سحابة وأمطرت ، ونـزل عـن المنبـر فصلى ، فلما انصرف فلم تزل تَمْطِرُ إلى الجمعة التي تليها . فلما قـام النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يخطب صاحوا إليه تهدمت البيوت ، وانقطعت السبل فادع الله يحبسها عنا فتبسم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثم قال : اللهم حوالَيْنا ولا علينا ، فكشطت [معلوما ومجهولا أي تكشفت] المدينة ، فجعلت تَمْطُر [من الأول أو الإفعال] حولها ولا تمْطُر بالمدينة قطرة . فنظرت إلى المدينة وإنها لفي مثل الإكليل [ما أحاط بالشيء روضة مكللة محفوفة بالنور وعصابة تزين بالجوهر ، ويسمى التاج إكليلا] ح - ٢/٢٣٧ ، م - ٢٢٠/٤ .

في البخاري روايات كثيرة نقلت منها ثلاثة ، وأشرت إلى مافي البقية من الفروق اليسيرة اكتفاء ، لأن الحادثة واحدة والراوي أنس ـ رضـي

الله تعالى عنه ـ واكتفيت بترجمة الأولى والإشارة إلى مافي اللتين بعدها.

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضـــي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لـــە زەمانی پێغەمەرا ـ صلی الله تعالى عليه وسلم ـ گرانیێ هات بەسەر خەڵقا ، لەو وەختەدا كە پێغەمەر ـ صلی الله تعـالى عليــه وسـلم ـ لە ڕۆژی جومعەیێکا خوطبەی ئەخوێند ، عەرەبێکی بەڕِانیی هەڵسا وتی : (يارسول الله) ماڵ بە هيلاكا چوو ، منالّ برسییان بوو ... دۆعامان بۆ بکە خوا بارانمان بۆ ببارێنێ . دەستی هەڵبڕی خەڵقیش لەگەڵ ئەو دەستیان هەڵبڕی ، لە ئاسمانا پارچەیێ هەورمان نەدەبینی ، قەسەم بەو ذاتە كە نەفسی من لە دەستی قودرەتیایـــە دەستی موبارەكی دانەنایەوە تا هەور لە هەموو لایێ وەكوو شاخ بلاّوبۆوە [یەعنی هەموو ئەطرافی داگیر کرد] تەشریفی لە مینبەرەکەی نەهاتەخوارێ تا دیم کە باران بە سەر ریشی موبارەکیا ئەهاتەخوارێ ، ئەو ڕۆژە بارانمان بۆ باریی ، سبەینێیش ، سبەینێی دواییش ، دوای ئەویش تـــا جومعەی دوایی . ئەو ئەعرابییە ، یاخۆ فەرمووی غەیری ئـــەو ، هەڵسا وتی : (يارسول الله) خانوو ڕووخا ، مـــاڵ غەرق بوو ، دۆعامان بۆ بکە . پێغەمەر ـ صلی الله تعالى عليه وســـلم ـ دەســـتی موبارەکی هەڵبڕی ، فەرمووی : خوایا لە ئەطرافمان ببارێنەو لەسەر ئێمە مەبارێنە ، بە دەســـتی موبارەکی ئیشارەتی بۆ هەر طەرەفی هەورەکە ئەکرد هەورەکە لێك‌ئەبۆوەو بلاّو ئەبۆوە ، مەدینە وەکوو لە ناو حەلقەیێکا بێ لە هەور ، دۆڵی قەنات تا مانگێ هەڵسا . لە هەر طەرەفێکەوە یەکێ بهاتایە هەر بەحثی بەرەکەتـــی ئەکرد .

لە ڕیوایەتێکا ئەفەرموێ : دەستی هەڵبڕی تا هەردوو بن‌باخەڵەم دی ، فەرمووی : خوایا بارانمان بۆ ببارێنە . لـــە دۆعـــای هەفتەی دواییدا فـــەرمووی : خوایا بارانەکە لـەســـەر ئەطرافمان ببارێنە ، لـەســـەر

ئێمەی مەبارێنە ، لەسەر تەپۆڵکەو شاخو باسکو شیوو بنی درەختان بیارێنە • بارانەکە مونقەطیع بوو ، چووینە دەرێ لەبەر هەتاوا ئەڕۆیین شورەیك ئەڵێ : لە ئەنەسم پرسیی : ئەو پیاوە کە جومعەی دوایی هەڵسا پیاوەکەی ئەوەڵ بوو یان نا ؟ فەرمووی : نازانم •

لە ریوایەتێکی موسلیما ئەفەرموێ : [کە ئەو جومعەیە باران دەستی بە بارین‌کرد] پیاوی بە قووەت بە زەحمەت ئەچوە ماڵەوە • لە ریوایەتێکا : هەورەکە کە رەویەوە تەماشای مەدینەم کرد وەکوو لە ناو تاجا بێ لە ئەطرافی مەدینە ئەباری ، لە مەدینە قەترەیێ نەدەباری • هەر لەم ریوایەتەدا ئەفەرموێ : [کە جومعەی دوایی خەڵق طەڵەبی قەطعی بارانەکەیان لە پێغەمەر کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ] پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەبەسسومی کرد لە دواییا دۆعای کرد •••

وەلحاصڵ حادیثە هەر یەکێکە لە بەینی ریوایەتەکانا هیچ فەرقێکی وا نیە کە موبایەنەتیان پێ پەیدا بکا •

موعجیزەی :

لە ئانێکا لە ئاسمانێکی صافوسایەقە بێت بارانی لێ‌بباریێ تا هەفتەیێك جومعەی دوایی بە دۆعای پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ هەر لەو ئانەدا هەورەکە بڕەوێتەوە مەدینە بارانی لێ نەبارێ هەر لە ئەطرافی بیارێ ! دوو موعجیزەی زۆر گەورەن •

لە وەختی شیددەتا دۆعای دەفعی =شیددەت= •

تەشەببوث بە پیاوی موبارەك •

دۆعاکردن بۆ بڕانەوەی باران کە زەرەری ببێ •

نوێژی جومعە بری نوێژەبارانە ئەکەوێ •

دەست‌هەڵبرین بۆ دۆعا •

دعــاؤه بالبركة العامــة لشخص(١) :

٥٧١/٣٣ ـ عن زُهرة بن مَعْبَد عن جده عبدالله بن هشام ، وكـان قد أدرك النبيَّ ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وذهبت به أمه زينب بنت حميد [الصحابية] إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقالت : يا رسول الله بايعْهُ [على الإسلام] فقال : هو صغير : فمسح رأسه ودعا له • وعن زُهْرة بن معبد أنه كان يخرج به جده عبدالله بن هشــام إلى السوق فيشتري الطعام ، فيلقاه ابن عمر وابن الزبير ـ رضي الله تعــالى عنهم ـ فيقولان له : أَشرِكنا [إشرَكنا ، إشْرِكنا ••• روايات] فإن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قد دعا لك بالبركة • فيشركهم فربما أصاب الراحلة كما هي [بتمامها] فيبعث بها إلى المنزل ح ـ ٢٨١/٤ •

تەرجەمە :

زوهرەی کوڕی مەعبەد لە باپیریەوە ، کە عەبدوڵلای کوڕی هیشامە، ریوایەت ئەکا عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالی عنه ـ بە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ گەیبوە دایکی عەبدوڵلا کە زەینەبی کچی حەمیدە ـ رضـي الله تعالی عنها ـ بردیە خدمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عەرزی کرد وتی : (یا رسول الله) لەسەر ئیســلامەتیی بەیعەتی لەگـەڵ بکـە ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : منالە ، دەستی بەسـەرا هێناو دۆعای بۆ کرد [بۆ بەرەکەت] زوهرە ئەڵێ : باپیرم [کە عەبدوڵلایە ـ رضي الله تعالی عنه ـ] ئەیبردمە دەرەوە بــۆ بــازاڕ طەعامی ئەکڕی • ئیبنوعومەرو ئیبنوزوبەیـری ـ رضـــي الله تعالـــی عنهـــم ـ پێ ئەگەیی پێیان ئەفەرموو : بمانکە بە شەریك ؛ چونکی پێغەمەر ـ صلی الله تعالـــی علیه وسلم ـ دۆعای بەرەکەتی بۆ کردووی ، ئەیکردن بە شەریك ، زۆر

---

(١) دۆعاکردنی ـ پێغەمەر ـ بە بەرەکەتی گشتیی بۆ یەکێك •

جار وشترێکی بە بارەوە قازانج ئەکرد ئەینارده ماڵەوە ، باری وشترێـــکی
طەعام قازانج ئـەکرد ، ئەینارده ماڵەوە [دوو ئیحتیمال] •

موعجیزەی : قەبووڵو دەوامی دۆعای بەرەکەتە •

حوکمی : ئینسان شتێکی کڕی بەو سەرمایە دروستە یەکێکی تر بکا
بە شەریکی خۆی لە قازانجا هەرچی ببێ طەعام بێ یا غەیری طەعام لای
ئیمامی شافیعی – رضي الله تعالی عنه ـ ئەم حوکمە خاصە بە (مثلی)یەوە ،
لە (متقوم)ا ئەبێ یەکێکیان نیـوەی مەتاعەکـــەی بـــە نیـــوەی مەتاعی
شەریکەکەی بفرۆشێ ، هەردوکیان قەبضی بکەن ، یا هەرکەس بەعزێ لە
مەتاعەکەی بەوی تر بفرۆشێ بە قەرزو قەبضی بکەن ، لە دواییا ئیذنـــی
یەکتریی بدەن لەتەصەڕڕوفکردن لەو ماڵەدا • ئەو وەختە ئەبن بە شەریك •
راجیح لای ئیمامی مالیك ـ رضي الله تعالی عنه ـ وایە کە شیرکەت لـــە
طەعاما دروستە • فەقەط ظاهیری حەدیثەکە عامە لەمەدا (مثلی) بـێ یـا
(متقوم) بێ ، طەعام بێ یا غەیری طەعام بێ ، ئەمما ئەو قیسمە حەدیث
نیە ، ئەثەرەو فیعلی صەحابییەو موخالیفیشی نەقڵ نەکراوە •

دەست بەسەرهێنانی منالاّ سوننەتە •

٣٤/٥٧٢ شبيب بن غرقدة قال : سمعت الحي [أي القبيلة التي أنـا فيها ، وهم البارقيون ، نسبوا إلى بارق ، جبل باليمن] يحدثون عن عروة [بن الجعد] أن النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أعطاه دينارا يشتري له به شاة ، فاشترى له به شاتين ، فباع إحداهما بدينار وجاءه بدينـــار وشاة [فقال : اللهم بارك له في صفقته • أحمد] فدعا له ـ عليه الصلاة والسلام ـ بالبركة في بيعه • وكان لو اشترى التراب لربح فيه ! [ولأحمد قال : فلقد رأيتني أقف بكناسة الكوفة فأربح أربعين ألفا قبل أن أصل إلى أهلي] قال سفيان [بن عيينة] : كان الحسن بن عُمارة جاءنا بهـــذا

الحديث [وهو من الضعفاء بالاتفاق] عنه ، قال : سمعه شبيب من عروة [البارقي ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فأتيته ، فقال شبيب : إني لم أسمعه من عروة ، قال : سمعت الحي يخبرونه عنه • ولكن سمعته يقول : سمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : الخير معقود بنواصي الخيل إلى يوم القيامة • قال [شبيب] : وقد رأيت في داره سبعين فرسا • قال سفيان [بالسند] : يشتري [عروة ـ رضي الله تعالى عنه ـ] له [عليه الصلاة والسلام] شاة كأنها أضحية ح ـ ٦/٧٣ ، د ، ت ، ابن ماجه ،

موعجيـزەی :

دۆعای بەرەکەت‌و قەبووڵبوونیە •

حوکمـی :

بەیعی فوضوولیی دروستە ، ئەگەر حەدیثەکە صەحیح‌بێ • ئەممـــا مەوقووفە تەوەققوفی بەستۆتە سەر ئیذنی صاحیبی • فەقەط حەسەنی بنی عومارە زۆری طەعن لێ دراوە • شوعبەو ســـــوفیانی ثەوریـــی‌و ئیمامی ئەحمەدو ئیبنوحیببان طەعنیان لێداوە ؛ ئیمامی ئەحمەد ـ رضي الله تعالـی عنه ـ ئەفەرموێ : ئەحادیثی ئەو مونکەرە ، مەوضووعە • ئیبنوحیببـــان ئەڵێ : (مدلس)ە حەدیثی زەعیف ئیســـــناد ئەداتە لای پیاوی گەورە ، فەقەط چونکە شەبیب ئەم حەدیثەی لە خێڵی باریقیی بیستوە ، ئەو خێڵەیش هەموو درۆزن نین ئیسنادیان داوەتە لای عوروە ـ رضي الله تعالى عنه ـ بوخاریی ـ رحمه الله ـ ریوایەتی کـــردوەو ئیشارەتیشـــی کردۆتە ئەلای زەعیفییەکەی بە نەقڵی قسەی سوفیان •

تەرجەمە :

شەبیب ئەفەرموێ : لە حەیی باریقیم بیستوە لــە عوروەوە ریوایەت ئەکەن کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دینارێکی داوە بە عوروە

کەمەڕێکی بۆ بکڕێ ، عوروە ـ رضي الله تعالی عنه ـ بەو دینارە دوو مەڕی پێ ئەکڕێ ، مەڕێکیان بە دیناریێ ئەفرۆشێتەوە ، مەڕێك و دیناریێ ئەبا بۆ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێغەمەر ـصلی الله تعالی علیه وسلم ـ دۆعای بەرەکەتی بۆ کرد لە بەیعا [فەرمووی : خوایا بەرەکەت خەیتـــــە بەیعیەوە • ئەحمەد] سوفیانی بنـــی عویەینە ئەفەرموێ : حەســـەنی بنی عومارە ئەم حەدیثەی بۆ ئێمە هێنا لە شەبیبەوە وتی : شەبیب لە عوروەی بیستوە ـ رضي الله تعالی عنه ـ چوومە لای شەبیب لێم‌پرسیی فەرمووی . من ئەم حەدیثەم لە عوروە نەبیستوە وتی : لە حەیی باریقیم بیستوە ئەوان لە عوروەی ریوایەت ئەکەن ، لە عوروەم بیست ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەیفەرموو : لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـم بیست ئەیفەرموو : خێر بــە ناوچاوانی ئەسپ و ماینەوەیە [کــە غەزای پێ بـــکرێ لــە رێی خوادا] تا رۆژی قیامەت • شەبیب فەرمووی : لەماڵی عوروەدا حەفتـــا ئەسپ و ماینم دی • سوفیانی بنی عویەینە [بە سەعد] ئەفەرموێ : عوروە ـ رضي الله تعالی عنه ـ مەڕی ئەکڕی بۆ پێغەمەر ـ صـــلی الله تعالی علیه وسلم ـ هەر وەك مەڕی قوربانیی وابوو •

لەم حەدیثەدا حوکمێکی تریشی تیا هەیە کە قازانج با لەسەرمایەکەیشی زیاتر بێ دروستە •

حەسەنی کوڕی عومارە لەم حەدیثەدا ئەو تەدلیسەی کە کردوویەتـی ئەوەیە کە خێڵی باریقی تەرك کردوە بۆ خاتری ئەمە کە حەدیثەکەی لـــە ئینسانی نامەعلوومەوە نەبێ رێ‌وڕاست وتوویەتی : شـەبیب لـە عوروەی ریوایەت کردوە • تا سوفیان چۆتە لای شەبیب و لێی پرسیوە ئەگەر ئەو تەصحیحە نەبوایە بوخاریی ریوایەتی نەدەکرد •

إخبــاره ــ عليه الصلاة والســلام ــ بقتل أميــة بن خلف ووقوعه كمــا أخبــر بــه(١) :

٣٥/٥٧٣ ــ عبدالله بن مسعود حدث عن سعد بن معاذ ــ رضي الله تعالى عنهما ــ أنه قال : كان صدِّيقاً لأمية بن خلف [أبي صفوان] وكــان أمية إذا مرَّ بالمدينة نزل على سعد [رضي الله تعالى عنه] وكان سعد [رضي الله تعالى عنه] إذا مر بمكة نزل على أمية فلما قدم رسول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ المدينة انطلق سعد معتمرا ، فنزل على أمية بمكــة ، فقال لأمية : انظر لي ساعة خلوة لعلّي أن أطوف بالبيت ، فخرج به قريبا من نصف النهار ، فلقيهما أبو جهل فقال : يا أبا صفوان من هذا معك؟ فقال : هذا سعد . فقال له أبو جهل : ألا أراك تطوف بمكة آمنــا وقــد آويتم الصباة وزعمتم أنكم تنصرونه وتعينونهم ؟ أما والله لولا أنك مــع أبي صفوان مارجعت إلى أهلك سالما . وقال له سعد ، ورفع صوته عليه: أما [مخففا ومشدّدا] والله لئن منعتني هــذا لأمنعنَّك ماهو أشــد عليك منه : طريقك على المدينة . فقال له أمية : لا ترفع صوتك يا سعد على أبي الحَكَم سيِّدِ أهل الوادي ! فقال سعد : دعنا عنك يا أمية ، فوالله لقد سمعت رسول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ يقول : إنهم قاتلوك. قال : بمكة ؟ قال : لا أدري . ففزع لذلك أمية فزعا شديدا . فلما رجع أمية إلى أهله قال : يا أم صفوان أَلمْ ترَيْ ما قال لي سعد ؟ قالت : وما قال لك ؟ قال : زعم أن محمدا [صلى الله تعالى عليه وسلم] أخبرهم أنهم قاتليّ . فقلت له : بمكــة ؟ قــال : لا أدري . فقال أمية : والله

(١) هەواڵدانی پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليــه وســلم ــ بە کوشتنی ئومەییەی کوڕی خەڵەف ، لە پێش ڕوودانیاو ، ڕوودانی وەك چۆنی فەرمووبوو .

لا أخـرج من مكـة . فلما كـان يـوم بـدر [وجـاء الصـريـخ] استنفر أبو جهل الناس ، قال : أدركوا عِيركم فكره أمية أن يخرج ، فأتاه أبو جهل فقال : يا أبا صفوان إنك متى يراك الناس قد تخلفت وأنت سيد أهل الوادي تخلفوا معك ، فلم يزل به أبوجهل حتى قال : أمّا إذ غلبتني فوالله لأشترين أجود بعير بمكة ، ثم قال أميـة : يا أم صـفوان جهزيني . فقالت له : يا أبا صفوان وقد نسيت ما قال لك أخوك اليثربي؟ قال : لا ، ما أريد أن أجوز معهم إلا قريبا ، فلما خرج أمية أخذ لا ينزل منزلا إلا عقل بعيره ، فلم يزل بذلك حتى قتله الله =عز وجل ببدر=. ح - ٦/٢٣٢ ، ح - ٦/٦٨ بفرق مالا يغير وهو أن فيه :

٥٧٤/٣٦ ـ فبينا سعد يطوف إذا أبو جهل . فقال : من هذا الذي يطوف بالكعبة فقال سعد : أنا سعد . فقال أبو جهل : تطوف بالكعبـة آمنا وقد آويتم محمدا [صلى الله تعالى عليه وسلم] وأصـحابه ؟ فقـال : نعم . فتلاحيا [تنازعا] بينهما . فقال أمية لسعد : لا ترفع صوتك على أبي الحكم ، فإنه سيد أهل الوادي . ثم قال سعد : والله لئن منعتني أن أطوف بالبيت لأقطعن متجرك بالشام . قال : فجعل أمية يقول لسـعد : لا ترفع صوتك ، وجعل يمسكه ، فغضب سعد : فقال : دعنا عنك فإنـي سمعت محمدا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يزعم [يقول] إنه قاتلك. قال: إياي ؟ قال : نعم . قال : والله مايكذب محمد إذا حدّث [قاله لأنه كان موصوفا عندهم بالصدق] فرجع إلى امرأته [صفية بنت معمر] فقال : أما تعلمين ماقال لي أخي اليثربي ؟ قالت : وماقال ؟ قال : زعم أنه سـمع محمدا يزعم أنه قاتلي . قالت : فوالله مايكذب محمد [صلى الله تعـالى عليه وسلم] قال : فلما خرجوا إلى بدر وجاء الصريخ قالت له امرأته: أما ذكرت ماقال لك أخوك اليثربي ؟ قال : فأراد أن لا يخرج ، فقال لـه

أبوجهل : إنك من أشراف الوادي فسر يوما أو يومين فسار معهم يومين [حتى وصل المقصد] فقتله الله =ح ـ ٦/٦٨= •

كيفيــــة قتـــله(١) :

٣٧/٥٧٥(٢) ـ عن عبدالرحمن بن عوف [أحد العشرة المبشرة] ـرضي الله تعالى عنه ـ قال : كاتبت أمية بن خلف كتابا بأن يحفظني في صاغيتي [أي مالي أو حاشيتي أو أهلي ، ومن يصغى إليه أي يميل] بمكة ،وأحفظه في صاغيته بالمدينة ، فلما ذكرت الرحمن قال : لا أعرف الرحمن، كاتبني باسمك الذي كان في الجاهلية ، فكاتبته عبد عمرو فلما كـــان في يــوم بـدر [في رمضان في السنة الثانية من الهجرة] خرجت إلى جـبل لأحرزَه [لأحفظه] حين نام الناس فأبصره بلال [المؤذن ـ رضي الله تعالى عـنه ـ وكان أمية يعذب بلالا بمكة لأجل إسلامه عذابا شديدا] فخرج حتى وقف على مجلس من الأنصار فقال : أميةُ بن خلف ، لا نجوت إن نجا أمية• فخرج معه فريق من الأنصار في آثـارنا ، فلما خشيت أن يلحقونا خلفت لهم ابنه [عليا] لأشغَلهم [وقيل من الإشغال] فقتلوه ، ثم أبوا حتى يتبعونا، وكان رجلا ثقيلا ، فلما أدركونا قلت له : ابرك ، فبرك فألقيت عليـــه نفسي لأمنعه ، فتخللوه بالسيوف من تحتي حتى قتلوه ، وأصاب أحدهـم رِجلي بسيفه ، وكان عبدالرحمن بن عوف يرينا ذلك الأثر في ظهر قدمه ح ـ ٤/١٥٠ ، ح ـ ٦/٢٤٢ ، مختصرا غاية الاختصار •

تەرجەمە :

مەعنای ئەم سێ حەدیثە لە پێشا حەدیثی ئەوەڵ تەرجەمە ئەکەم، ئەوی

---

(١) چۆنیەتیی کوشتنی ئومەییەی کوڕی خەلەف .

(٢) ئــەم حەدیثە بۆ باسی موعجیزە لــە لاپەڕە (٣٤٩)ی بەرگیچــوارەمــدا نووسراوە .

لازم بێ لە حەدیثی دوەم تیاذیکر ئەکەم ، لە دوایا حەدیثی سێیەم تەرجەمە ئەکەم (بعون الله وتوفیقه) •

سەعدی بنی موعاذ ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : دۆستـــی ئومەییەی بنی خەلەف بووم ، ئومەییە بهاتایە بۆ مەدینە لە لای ســعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ دائەبەزیی • سەعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی بچوایە بۆ مەککە لای ئومەییە دائەبەزی • کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ تەشریفی هیجرەتی کرد بۆ مەدینە ، سەعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ بۆ عومرە تەشریفی چوو بۆ مەککە ، لای ئومەییە دابەزی • بـە ئومەییەی فەرموو : بۆم تێفکرە [بۆم بزانە] چ ساعەتێ کە چــۆڵ بێ‌و کەس لە کەعبەدا نەبێ بەڵکو لەوساعەتەدا طەوافی بەیت بکەم • ئـومەییـە نزیکی نیوەڕۆ کە خەڵق غافڵ ئەبن سەعدی برد ـرضي الله تعالى عنەـ لەو وەختەدا کە سەعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ طەوافی ئـەکـرد ئەبوجەهلیان پێ گەیی ، وتی : یا ئەباصەفوان ئەوە کێیە طەوافی کەعبە ئەکا ؟ ســەعد جوابی دایەوە فەرمووی : من سەعدم • ئەبو جەهل وتی : طەوافی کەعبە ئەکەی بە ئەمینیی‌و محمدو ئەصحابی ئەوانتان حیمایە کردوە موعاوەنەتـی ئەکەن ؟ سەعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : بەڵێ حیمایەی ئەکەین‌و موعاوەنەتی ئەدەین • لێیان بوو بە نیزاع ئەبوجەهل وتی : بزانە وەڵڵاهی ئەگەر لەگەڵ ئەبوصەفوانا نەدەبوویت بە ساغیی نەئەگەڕایتەوە بۆ لای ماڵ‌و مناڵت ! سەعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ دەنگی هەڵبڕی ، فەرمووی : وەڵڵاهی ئەگەر مەنعم بکەی لە طەوافکردن من مەنعی لەوە خراپترت لـێ ئەکەم ؛ ڕێی تیجارەتی شامت لێ قەطع ئەکەم کە بەسەر مەدینەدا ئەڕوا ! ئومەییە بە سەعدی وت ـ رضــي الله تـعالى عنه ـ دەنگ بەســـەر ئەبولحەکەما بەرزمەکەرەوە کە گـەورەی وادیی مەکـکـەیە • خەریك بوو سەعدی ئەگرت • سەعد ـ رضي الله تعالى عنه ـ رقی هەڵسا فەرمووی .

وازمان لێ بێنه من له پێغەمەرم بیستوه ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ ئەیفەرموو : که ئەتکوژێ ئومەییه وتی : من ئەکوژێ ؟ فەرمووی : بەڵێ. ئومەییه وتی : له مەککه ؟ سەعد فەرمووی : نازانم . ئومەییه لەوه زۆر ترسا =وتی:= وەڵڵاهی محمد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ که قسەیێکی کرد درۆ ناکا [چونکه تەجرەبەیان کردبوو که قەت قسەی بەدرۆ دەرنەچوە] ئومەییه چوەوه لای ژنەکەی [که صەفیەی کچی مەعمەره] پێیوت : نازانی برادەره مەدینەییەکەم چی پێ وتم ؟ وتی : چی پێ وتیت ؟وتی پێیوتم : که محمد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەمکوژێ . ژنـــەکـەی وتی : وەڵڵاهی محمد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قەت درۆ ناکا [راستگۆیه].

که قورەیش بۆ موحارەبه له مەککه چوونەدەرێ بۆ بەدر هاوارکەر هات ، ئەبوجەهل نەفیری عامی کرد ، وتی : بگەنه کاروانەکەتان ! ئومەییه نەیەویست لەگەڵیان بچێ . ئەبوجەهل هاتەلای وتی : ئەی ئەبوصەفـوان تۆ گەورەی ئەهلی وادیی مەککەی ، که خەڵق بتبینن که دواکەوتوویو لەگەڵیان ناچی ئەوانیش لەگەڵ تۆ بەجێئەمێنن . رۆژێ دوو رۆژ لەگەڵیان برۆ . که ئەبوجەهل هەر وازی لێ نەهێناو لەگەڵی خەریك بوو . وتی : که تۆ غەڵەبەت لێ کردم ئەبێ کام وشتر له مەککەدا چاکه بیکرِم . له دواییا ئومەییه به ژنەکەی وت : ئەی ئوممومصەفوان تەدارەکم بۆ بکه . ژنەکەی وتی : ئەی ئەبوصەفوان بۆ قسەی برادەره مەدینەییەکەت لـــه فکر چوەتەوه ؟ وتی : خەیر ئیرادەم وایه نەختێ لەگەڵیان برۆم . کــــه ئومەییه چوەدەرێ له هەموو قوناغێ وشترەکەی ئەشکێڵ ئەکرد ، هــەر بەم نەوعه لەگەڵیان ئەرۆیی تا خوا [به دەستی بیلال ـ رضي الله تعـــالی عنه ـ] له بەدرا به جەهەنەمی موشەرِرەف کرد !

[ئیبنوئیسحاق ئەفەرموێ : ناوی ئەوەی که هاواری برد بۆ قورەیش

ضەمضەمی کوڕی عەمری غیفاریی بوو • ئەبوسـوفیان بە قـافڵەیێـکی گەورەوە کە ماڵی زۆری قورەیشی تیابوو لـە شامەوە هاتەوە ، پێغەمـەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خەڵقی دەعوەت کرد کە لە قافڵە بدەن کە ئەو خەبەرە گەیی بە ئەبوسوفیان ضەمضەمی نارد بۆ لای قورەیش کە بێن بە ئیمدادیانەوە ، کە ضەمضەم گەییە مەککە کلكوگوێی وشترەکەی بڕی، بەرۆکی خۆی دادڕی ، هاواری کرد : ئەی قورەیش هەموو ماڵتان لەگەڵ ئەبوسوفیانە ، محمد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ڕێی پێ گرتـوون ، ئیمداد ! ئیمداد ! بە هاوارمانەوە بگەن •

هەم ئیبنوئیسحاق ئەڵێ : کە ئومەییە خۆی گرت کە لەگەڵیان نەچێ ئەبوجەهل عوقبەی [برای دایکیی ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالی عنە ـ کوڕی ئەبوموعەیطی بەسەرا موسەللەط کـرد ، عوقبە بخورداێکی هێنا لە بەردەمی ئومەییەدا داینا پێیوت : تۆ لە ژن مەعدوودی ! عوقبە پیاوێکی سـەفیه بوو •] •

کەیفییەتی قەتلی ئومەییە :

عەبدوڕەحمانی کـــوڕی عەوف کە لە عەشـــەرەی موبەششەرەیە فەرمووی : موعاهەدەنامەیێکم بۆ ئومەییەی بنی خەلەف نووسی ، کە ئەو لە مەککەدا موحافەظەی ماڵو کەسو کارم بکا ، منیش موحافەظەی ئەو ئەکەم لە مەدینەدا • کە لەفظی رەحمانم ذیکر کرد ، یەعنی وتم : عەبدوڕەحمان ، وتی : من رەحمان ناناسم کە تۆ خۆت کردوە بە عەبدی ، چ نـاوێکت بوو لە جاهیلییەتا ئەو ناوەت بنووسە • عەبدوڕەحمان ـ رضي الله تعالی عنە ـ ئەفەرموێ : عەبدی عەمرم نووسی • کە رۆژی بەدر وقووعی بوو کـە خەڵق نوستن چووم بۆ لای شاخێکەوە کـە موحافەظەی بکەم • بیلاڵ ئومییەی دی چوو تا لای مەجلیسێکی ئەنصارا راوەسـتا وتی : ئـەوە

ئومەییەیە [یەعنی نەجاتی مەدەن دەرچێ] خوا نەجاتم نەدا ئەگەر ئومەییە نەجاتی ببێ • چەند کەسێ لە ئەنصار جوێبوونەوە کەوتنە شـــوێنمان ، کە ترسی ئەوەم پەیدا کرد کە بمانگەنێ عەلیی کـــوڕی ئومەییەم بـۆ بەجێهێشتن کە بەوەوە مەشغوولیان بکەم نەمانگەنێ • عەلییان کوشت لە دوایا وازیان لێ نەهێناین هەر شوێنمان کەوتن ، ئومەییەیش پیاوێکی قورس‌و گران بوو ، کە پێمان گەیین پێم‌وت : وشترەکـــەت بیـخەدە ، بیخیدا =وتم : خۆت بدە بەزەویـــدا= خۆم هاویت بەسەرا تا نەیێلـم بیکوژن لە ژێر منەوە شیریان برد تا کوشتیان شیری یەکێکیان کـــەوت لە پێم ، ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڕەحمان ئەڵێ : عەبدوڕەحمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ شوێنی شیرەکەی پێ‌نیشان ئەداین لە پشتی پێی [ئەوانەی کە لە کوشتنیا شەریك بوون موعاذی بنی عەفراء ، خاریجەی بنی‌زەید ، خەبیبی بنی ئەساف ، بیلال بوون ـ رضي الله تعالى عنهم ـ سا هەرکەس کوشتبێتی زانینی ئەوەندە مەطلووب نیە ، ئەوی مەطلووب بێ صیدقـی خەبەری پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] •

عەبدوڕەحمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ بۆیە مودافەعەی کرد چونکی موعاهەدەی لەگەڵا کردبوو تا موعاهەدەکەی لەگەڵا بەجێ بێنێ •

بیلال‌و ئەنصار ـ رضي الله تعالى عنهم ـ بۆچی ضامنێتی عەبدوڕەحمانیان شکان ؟ چونکی بەمە کە ئومەییە هاتبوو حەرب لەگەڵ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بکا حەقی ذیممەتی نەمابوو (بالفرض) عەبدوڕەحمانی لەو رۆژەدا دەست بکەوتایە ئەیکوشت •

بوخاریی ـ رحمه الله ـ ئەم حەدیثەی لە وەکالەتا ذیکر کردوە بـەو موناسەبە کە عەبدوڕەحمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئومەییە کە موشریکە لە (دار الكفر)ا کردوویەتی بە وەکیلی خۆی کە لە مەککەدا موحافەظەی

کەس‌و کاری بکا ، گینا جێی ئەم حەدیثە غەزای بەدرە ، لەوێدا دوو سێ سەطری لێ نووسیوەو لەبەر ئەمە کە موعجیزەی پێغەمەری – صلی الله تعالی علیه وسلم –تیایە من لەگەڵ دوو حەدیثەکـەی پێشەوەی لێـرەدا نووســـیم •

وجود مثل مصباحين مع عبــاد بن بشر وأسيد بن حضير حين انصرفا من عند النبي ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ ورضي عنهما ــ في ليلة مظلمة:(١)

٥٧٦/٣٨ ــ عن أنس ــ رضي الله تعالى عنه ــ أن رجلين من أصحاب النبي ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ خرجا من عند النبي ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ في ليلة مظلمة ومعهما مثل المصباحين يضيئان بين أيديهما • فلما افترقا صار مع كل واحد منهما واحد حتى أتى أهله ح ــ ٤٤١/١ ، ح ــ ٧٢/٦ ، ١٥٤ ، وعنه كان أسيد بن حضير وعباد بن بشر بن وَقْش، عند النبي ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي عنهما ــ ح ــ ١٥٤/٦ • [ذكر البخاري هذا القدر معلقا ، وكتبته لبيان الرجلين • وتمامــه]: فــي ليلة ظلماء حِنْدِس [زۆر تاريك] فلما خرجا أضاءت عصا أحدهما فمشيا في ضوئها ، فلما افترقَتْ بهما الطريق أضاءت عصـــا الآخـر قســـطلاني ٦ / ١٢٤ •

تەرجەمە :

شەوێکی تارێکی شەوەزەنگ ئوسەیدی بنی حوضەیرو عەببادی بنی بیشر لە خدمەت پێغەمەرا ئەبن ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە تەشریفیان لە خدمەتی چوونەدەرێ دوو چرایان لــە بەردەمەوە بــوو رێی بــۆ رووناك‌ئەکردنەوە ، کە لێك جوێ‌بوونەوە هەر یەکە چراێکی لە بەردەمەوە

(١) بوونی دوو چرا لەگەڵ عوببادی کوڕی بیشرو ئوسەیدی کوڕی حوضەیرا ــ خوایان لێ رازیی بێ ــ کە لە شەوێکی تاریکەدا لە خزمەت پێغەمەر صلی الله تعالی علیه وسلم ــ گەڕانەوە .

بوو تا گەییەماڵەوە • لە ریوایەتە موعەللەقەکەدا ئەفەرموێ : عـەصـــای یەکێکیان هەڵگیرسا ، لەبەر رووناکی‌یەکەیا رۆیین ، کە لێك جوێ‌بوونەوە عەصای ئەوی تریشیان هەڵگیرسا ، موبایەنەتیان نیە چونکی بووڵی دوو چرا لە بەزدەمیانەوە بە ئیعتیباری جوێ‌بوونەوەیانە • ئاخری حـەدیثەکـە تەفسیری ئەوەڵی ئەکاتەوە •

ئەم خاریقەیە بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ موعجیزەیە • بۆ ئەوان کەرامەتە •

حنـين الجـــذع :(١)

٥٧٧/٣٩ ـ عن جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان يخطب يوم الجمعة إلى شجرة أو نخلة، فقالت امرأة من الأنصار أو رجل [تميم الداري ـ رضي الله تعالى عنه ـ]: يا رسول الله ألا نجعل لك [شيئا تقعد عليه فإن لي غـــلاما نـجارا فـي ح ـ ٣٢/٤] منبرا ؟ قال : إن شئتم • فجعلوا له منبرا ، فلما كان يـوم الجمعة دُفـع إلى المنبر فصاحت النخـــلة [التي كان يخطب عندهـا حتى كادت أن تنشق في ح ـ ٣٢/٤] صياح الصبي ثم نزل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم] فضمه إليه تئن أنين الصبي الذي يُسكَّن ! قـــال ـ عليه الصلاة والسلام ـ: كانت تبكي على ماكانت تسمع من الذكر عنـدهـا ح ـ ٤٣/٦ ، ح ـ ٣٢/٤ ، ح ـ ١٧٢/٢ وفيه : سمعنا للجذع مثل أصوات العشار [جمع عشراء الناقة التي مضى على حملها عشرة أشهر] ح-١٧٢/٢ ن وفيه : اضطربت تلك السارية كحنين الناقة الخلوج ، حتى نزل النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فوضع يده عليه] •

---

(١) ناڵاندنی لقی دارخورما •

تەرجەمە :

جابیری بنی عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمــەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـلای دارێ یا لای دارخورمایێ رۆژی جومعان ئەوەستاو خوطبەی ئەخوێن • ژنێ لە ئەنصار یا پیاوێ کە تەمیمی دارییە ـ رضي الله تعالى عنه ـ =وتی:= شتێکت ،لە ریوایەتەکەی ترا مینبەرێکت بۆ دروستبکەین تەشریفت لەسەری رابوەستی ؟ [من غولامێکی نەججارم هەیە • أخرى] فەرمووی : ئەگەر حەزەکەن بیکەن ، مینبەرێکیان بــۆ دروستکرد • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـکە تەشریفی چوو بۆ لای مینبەرەکە دارخورماکە وەك منالّ نالاّنی • لە ریوایەتەکەی ترا وەك وشترێ دە مانگ بە سەر حەملیا رابووردبێ هاواری کرد نزیك بوو لەت بێ • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی هاتەخوارێ بەخۆیەوە گوشی ، دەستی نایە سەر وەك منالێ بگریو بنالّێنێو بێدەنگی بکەی وا ئەینالاّن • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بۆیە ئەگری لەسەر ئەو ذیکرەی کە لایابوو ئەی بیست •

ئــەم موعجیزەیە لە قسەکردنی حەزرەتی عیسا ـ علیــــه الصـــــلاة والسلام ـ موعجیزەترە ؛ چونکی دار لە قووەی نەوعیا نیە کە بــگری ، حەزرەتی عیسا ـ عليه الصلاة والسلام ـ لە قووەی نەوعیشیا هەیەو لـــە قووەی شەخصیشیا هەیە کە قسە بکا •

فتــــح كنــز كســـرى وقيصـــــر(١)

٥٧٨/٤٠ ـ عن عدي بن حاتم [الطائي ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال: بينا أنا عند النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذ أتاه رجل فشكا إليـــه

(١) هەواڵدانی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە گرتنی گەنجینەی کیسراو قەیصەر •

الفاقة ، ثم أتاه آخر فشكا إليه قطع السبيل [الرجلان صهيب وبلال ـرضي الله تعالى عنهما ـ] فقال : ياعدي هل رأيت الحيرة ؟ قلت : لم أرها وقد انبئت عنها . قال : فإن طالت بك حياة لتـرَيَنّ الظعينة ترتحل من الحيرة حتى تطوف بالكعبة لا تخاف أحدا إلا الله . قلت فيما بيني وبين نفسي : فأين دِعار طيِّىء الذين قد سعَّروا البلاد [ملأوها شرا وفسادا] ؟ ولئن طالت بك حياة لتـفـْتـَحـَنّ كنوز كسرى . قلت : كسرى بن هرمز ؟ قال: كسرى بن هرمز . ولئن طالت بك حياة لتـرَيَنّ الـرجـل يُخـرج مِلءَ كفه من ذهب أو فضة يطلب من يقبله منـه ، فلا يجد أحدا يقبله منـه . وليلقينّ الله أحدكـــم يوم يلقـاه وليس بينـه وبينه ترجمان يترجم لـه ، فيقولـَنّ : ألم أبعث إليك رسولا فيُبلـّغـَك ؟ فيقـول : بلى . فيقول : ألم أعطك مالا وأفضِل عليك ؟ فيقول : بلى . فينظر عن يمينه فلا يرى إلا جهنم ، وينظر عن يساره فلا يرى إلا جهنم . قال عـدي [رضـي الله تعالى عنه] : سمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : اتقـــوا النار ولو بشقة تمرة ، فمن لم يجد شقة تمرة فبكلمة طيبة . قال عـــدي [رضي الله تـعالى عنـــه] : فرأيت الظعينة ترتحل من الحيرة حتى تطوف بالكعبة لا تخاف إلا الله . وكنت فيمن افتتح كنوز كسرى بن هـرمز . ولئن طالت بكم حيـاة لتـروُنّ ما قال النبي أبو القاسم ـ صلى الله تعالى عليـه وســـلم ـ يخرج ملء كفـه ح ـ ٤٨/٦ ، ح ـ ١٦/٣ . وليس فيه فتح كنز كسرى ن .

تەرجەمە :

عەدیی کوڕی حاتەمی طائیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە وەختێکا کە لە خدمەت پێغەمەرا بووم ـ صلى الله تعالى عليه وســـلم ـ پیاوێ هات شکاتی لە فەقیریی کرد . لە دواییا یەکێکی تر هاتە خدمـەتی

شکاتی لە رێگرتنی جەردە بو لە خەڵق • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـە وسلم ـ فەرمووی : ئەی عەدیی تۆ حیرەت دیوە ؟ عەرزم‌کرد : نەمدیوە ئەمما بیستوومە ، لە بوونی خەبەرم دراوەتێ • فەرمووی : ئەگەر عومرت درێژ بێ چاوت پێ‌ئەکەوێ کە ژنی ناو کەژاوە لە حیرەوە بێ طـــەوافـی کەعبە ئەکا لە غەیری خوا لە هیچ کەس ناترسێ • لە دڵی خۆما وتم : ئەی جەردەی طەی لە کوێ ئەبن کە دنیایان پڕ کردوە لە شەڕو فەساد ؟ فەرمووی : ئەگەر بمێنی فەتحی کەنزی کیسرا ئەکرێ • عەرزم‌کرد: کیسرای کوڕی هورموز • فەرمووی : کیسرای کوڕی هورموز • ئەگەر بمێنی چاوت پێ ئەکەوێ کە پیاو پڕ بە مستی ئاڵتوونو زیو ئەباتە دەرێ ئەگەڕێ بۆ یەکێ کە لێی قەبووڵ بکا کەسی دەست ناکەوێ کە لێی قەبووڵ بکا • لەو رۆژەدا کە ئینسان ئەگاتەوە بە خوا یەکێ لە ئێوە ئەگاتە حوزووری خوا لە بەینی خواو ئەو کەسەدا تەرجومان نیە ، (بالذات) خوای ـ عـز وجل ـ ئیستیجوابی ئەکا ، ئەفەرموێ : پێغەمەرم بۆ نەناردی کە ئەمـرو نەهی منت تەبلیغ بکا ؟ ئەڵێ : بەڵێ نـاردت • ئـەفـەرموێ : نیعمـەتم نەدایتێ ؟ ماڵم نەدایتێ ؟ فەضلم‌بەسەرا نەکردی ؟ ئەڵێ : بەڵێ • ئەو وەختە تەماشای لای راستی ئەکا غەیری جەهەننەم هیـــچ نابینێ • تەماشای لای چەپی ئەکا غەیری جەهەننەم هیچ نابینێ • عەدیی ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـم بیست ئەیفەرموو : خۆتان لە ئاگر موحافەظە بکەن با بە لەتێ خورمایش بێ ، ئەوی لەتە خورمایێکی نەبوو بیدا بـــە صەدەقە هیچ نەبێ بە قسەیێکی خۆش دڵی خەڵق بێنێتە جێ •

عەدیی ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : چاوم کەوت بـە ژن لـە کەژاوەدا لە حیرەوە هەڵسا تا طەوافی کەعبەی ئەکرد لە خوا نەبێ لە هیچ کەس نەدەترسا • خۆم لەگەڵ ئەوانە بووم کـــە فەتحی خەزنەی کیسرای کوڕی هورمزیان کرد • ئەگەر عومرتـــان درێژ بـــێو بمێنن ئەوەی کە

ئەبولقاسم پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی ئەیبینن کە پیاو پڕ بە مستی ئاڵتوونو زیو ئەباتە دەرێو کەس نادۆزێتەوە بیداتێ •

لەم حەدیثەدا سێ ئیخبار لە غەیبی تیایە ؛ دوانی عەدیی بە چاوی خۆی دیویەتی ، ئێمەیش بە تەواتور بیستوومانە ئەمینێتیی تا زەمانی فیتنەی بەنی ئومەییە دەوامی کرد • پارەنەویستن مــــاوە ، ئەویش موحەققە کە ئەبێ ؛ چونکی هیچ نیە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خەبەری لێبداو نەبێو نەیێتە وجوود •

صەدەقە با کەمیش بێ ئینسان لــــە عەذابی جەهەننەم ئەگێڕێتەوە ، قسەی خۆشیش لەگەڵ برادەری دینیيا وایە ، بەڵکو لەگەڵ عوموما •

٥٧٩/٤١ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أنه قــــال : قــــال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : [قد مات •م] إذا هلك كسرى فلا كسرى بعده • وإذا هلك قيصر فلا قيصر بعده • والذي نفسي [نفس محمد] بيده لتُنْفِقنَّ كنوزهما في سبيل الله ح ـ ٦٢/٦ ، م ـ ١٠/٣٧٤•

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە کیسرا بــــە هیلاکاچوو دوای ئەو هیچ کیسرا نابێ ، کە قەیسەر بەهیلاکا چوو دوای ئەو هیچ قەیسەر نابێ • قەسەم بەو کەســــــە کە نەفسی محمد لە دەستی قودرەتیایە خەزنەی کیسراو قەیسەر لە ڕێی خوادا صەرف ئەکەن •

صدق رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەو موعجیزانە هەمووی بوو ، ئەو فەضیلەتە بە نەصیبی حەزرەتی عومەر بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ [••••] تا ئیمڕۆ نەبیسراوە کیسرایێ بووبێو نەبیسراوە قەیسەرێ بووبێ•

٥٨٠/٤٢ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال أبو جهل :

هل يَعْفِر [ماضيه عَفَرَ] محمد وجهه بين أظهركم ؟ قال : فقيل : نعم. فقال : واللات والعزّى لئن رأيتـــه يفعـل ذلك لأطأن على رقبتـه ، أو لأعفِرَنَّ وجهه في التراب ! قال : فأتى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو يصلّي زعم ليطأ على رقبته ، قال : فما فجِئهم [بفتح الجيم وكسرها كعلم وفتح] منه إلا وهو ينكص على عقبيه ويتقي بيديه . قال : فقيل له : مالك ؟ فقال : إن بيني وبينه لخندقا من نار ، وهولا ، وأجنحة كأجنحةالملائكة.فقالرسولالله ـصلىاللهتعالىعليهوسلم ـ لو دنا منيلاختطفته الملائكة عضوا عضوا. قال: فأنزلالله ـعزوجلـ [قالأبوحازم]:لاندري في حديث أبي هريرة أو شيء بلغه : (كلا إن الإنسان ليطغى أن رآه استغنى، إن إلى ربك الرجعى ، أرأيت الذي ينهى عبدا إذا صلى ؟ أرأيت ان كـــان على الهدى أو أمر بالتقوى ؟ أرأيت إن كذب وتولى ؟)[1] يعني أبـا جهـل (ألم يعلم بأن الله يرى ؟ كلا ، لئن لم ينته لنَسفَعَن بالناصية ، ناصـــية كاذبة خاطئة ، فليدع ناديه . سندع الزبانية ، كلا ، لا تطعه) زاد عبيدالله في حديثه : قال : وأمره بما أمره به . وزاد [محمد] بن عبد الاعلى : فليدع ناديه ، يعني قومه م ـ ١٠/٢٧٢ ، ن .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەبوجەهل وتی : ئـایا محمـد ـ صـلی الله تعـالی علیـه وسـلم ـ له نـاو ئێـوەدا رووی خـۆی ئـەنێتـه سـەر خاك ؟ پێیـانوت : بـەڵێ . وتی : قەسـەم بە لاتو عوززا ئەگەر بیبینم وا بكـا ئـەبێ پێ بنێم بەسـەر ملیـا ، یـا وتی ئەبێ دەموچاوی له ناو خاكـا خۆڵاویی بكـەم . ئەبوهـورەیـرە فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی هات نوێژی

(١) العلـق / ٥-١٣ .

کـرد • ئەبوجەهل ئیرادەی کـرد کـە پێ بنێ بەسەر ملی موبـارەکیـا ئەوەندەیان زانی کە پاشەوپاش گەڕایەوە بە دەستی موحافەظەی خۆی لە شتێ ئەکرد • پێیان وت : چیت لێ روودرا ؟ وتی : لە بەینی منو ئەوا خەندەقێکی ئاگرو ترسو گەلێ باڵی وەك باڵی مەلائیکە هەیە ، ئەو وەختە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەگەر لێمەوە نزیـــك بوایەوە مەلائیـــکە ئەعضا ـ ئەعضا ئەیانفڕان [یەعنـــی هـــەر پارچەی مەلائیکەیێك ئەیفڕان] خوا ئەم ئایەتانەی نازڵ فەرموو •

ئەبوحازم کە لە ئەبوهورەیرەوە ریوایەتی ئـــەم حەدیثە ئەکا ئەڵێ : نازانین ئـەم قســـە لـە نوزوولی ئـــەو ئایـەتانـە لـە حـەدیثی ئەبوهورەیرەدایە یـا شـــتێکـە گەییوە بـە ئـەبوهورەیرە [یـەعنـــی دەرجی حەدیثەکەی کردوە بوە بە مودرەج] ئایەتەکـــان مەعنایان وایە : وازبێنن لە کوفرانی نیعمەت موحەققەقە کە ئینسان خۆی بە دەوڵەمەند بینی [وەك ئەبوجەهلو ئەقرانی] طوغیان ئەکا ، خۆی لە خۆی ئەگۆڕێ ، بە تەحقیق روجووعبوونەوەیان ئەلای خوایـــە [یەعنی موجازاتو موکافاتیان هەرکەس بەپێی عەمەلی خۆی ئەدرێتێ] چاوت لەو کەسەیە [کە ئەبوجەهلە] نەهی لە عەبد ئەکا کە نوێژی کرد تا نوێژ نەکا ؟ خەبەرمبدەرێ ئەو کەسەی کە نەهی عەبد ئەکا لە نوێژکردنو ئەمری پێ ئەکا بە عیبادەتی ئەوثان ، لەو ئەمرو نەهیەی‌دا ئەگەر لە سەر هیدایەت بێ یا ئەمر بە تەقوا بکا ؟ خەبەرم بدەرێ ئەگەر لەو ئەمرو نەهیەی‌دا تەکذیبی حـــەق بـــکاو روو لە حەق وەربگێڕێ ئایـا نازانێ کە خوا ئەیبینێو موطەلیعە بەسەر ئەحواڵیا کە لەسەر هیدایەتە یا لەسەر ضەلالەتە ؟ بەعزێ وتوویانە : مەعنای وایە موراد لەوەی کە لەسەر هیدایەتەو ئەمر بە تەقوا ئەکا ئەو ذاتەیە کە نەهی لێ‌ئەکرێ لـــە نوێژکردن • موراد لەوەی کە تەکذیبی حەق ئەکاو روو لە حەق وەرەگێڕێ

ئەبوجەهل‌و ئەقرانیەتی • ئەو وەختە مەعنای ئایەتەکان وا ئەبێ : خەبەرم بدەرێ ئەوی نەهی لێ ئەکرێ لە نوێژکردن ئەگەر لەسەر رێـــی هیدایەت بێ‌و ئەوی نەهی ئەکا تەکذیب‌و تەوەللا بکا ئایا تەعەججوبی لێ ناکرێ ؟ بۆ نازانێ خوا چاوی لە کردەوەکەی هەیەو موطەلیعە بەسەریا ؟ (بیضاوي) [جەلالەین لەسەر مەعنای دوەم تەفسیری ئایەتەکانی کردۆتەوە] ئەی ناهیی وازبێنە لەم ئەمر بەمونکەرو نەهی لە مەعرووفە • وەللاهی ئەگەر وازی لێ نەهێنێ مووی ناوچاوانـــی ئەگریـــن‌و رای‌ئەکێشین بـــۆ جەهەننەم ، چ ناوچاوانێ ناوچاوانێکی درۆزن‌و گوناهکار • با قەوم‌و عەشیرەتی بانگ بکا بۆموعاوەنەتی ، ئێمەیش زەبانییەی جەهەننەمی بۆبانگ ئـەکەین • ها زینهار ئەی محمد ئیطاعەتی نەکەی دەوام لەسەر سوجدەی خۆت بکەو بەوە قوربەت بە خوا پەیدا بکـە •

٥٨١/٤٣ ـ قال ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ: قال أبو جهل: لئن رأيت محمدا يصلي عند الكعبة لأطأن على عنقه فبلغ النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : لو فعله لأخذته الملائكة ح ـ ٤١٤/٧ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئەبوجەهل وتی : ئەگەر چاوم بکەوێ بە محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە نوێژ بکا لای کەعبەوە بە پێ ملی ئەشێلم ، ئەم ناماقوولییە بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ گەیی فەرمووی : ئەگـەر ئەیـکا مەلائیکـە ئەیانفـڕان [بۆ جەهەننەم] •

ئەم دوو حەدیثە مورسەلی صەحابین ؛ چونکی ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ نەگەیوە بەو وەقعەدا ئیحتیمالی هەیە ئەو وەختە نەهاتبێتە دنیاوە • ئەبوهورەیرەیش ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە غەزای خـــەیبـەرا تەشریفی هاتە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تـــعالى عليـە وسلم ـ فەقەط

صەحابیی گەورەو بچووکیان عەدلن ، هیچیان بە دەمی پێغەمەرەوە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ حەدیث هەڵنابەستن • ئەبێ هەردوکیان لە پێغەمەریان بیستبێ ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ مورسەلی صەحابیی موتتەصیله •

موعجیزەی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ (ظاهرا) زەعیفو بێقووەت بوو ئەبوجەهلی لەعین بە قووەتو عەشیرەت زۆر لـە چی ترسا کە نەچوو ئەو بێحەیاییە بکا ؟ کـــە چـــوو بۆچی گەڕایەوەو نەیتوانی بیکـا ؟

ئینسان ئـەبێ ئیعتیمادی بە خـوا ئەوەندە بێ کـە هـەرچی ئـەو موقەددەری نەکردبێ نابێ • بە قسەی هیچ کەس لە چاکەکردن واز نەهێنێ، بە ئەمری هیچ کەس موخالەفەی ئەمرو نەهی خوا نەکا •

٥٨٢/٤٤ ـ عن مسروق قال : كنا عند عبدالله [بن مسعود] جلوسـا وهو مضطجع بيننا فأتاه رجل فقال : يا أبا عبدالرحمن إن قاصا عند أبواب كندة يقص ويزعم أن آية الدخان تجيء فتأخذ بأنفاس الكفار ، ويـأخذ المؤمنين منه كهيئة الزكام • فقال عبدالله وجلس وهو غضبان : يـا أيهـا الناس اتقوا الله ! من علم منكم شيئا فليقل بما يعـــلم ، ومن لم يعلـم فليقل : الله أعلـم [فـإن من العـلم •خ] فإنه أعلم لأحـدكم أن يقـول لما لا يعلم : الله أعلم فإن الله ـ عز وجل ـ قال لنبيه ـ صلى الله تعـــالى عليه وســـلم ـ : (قـل : ما أســـألكم عليـــه من أجـر ومـا أنـا من المتكلفين)[1] إن رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ لمـا رأى من الناس إدبارا فقال : اللهم سبع كسبع يوسف ! قال : فأخذتهم ســـنة حصّت [استأصلت] كل شيء حتى أكلوا الجلود والميتة من الجوع • وينظر

(١) ص / ٨٦ •

إلى السماء أحدهم فيرى كهيئة الدخان ، فأتاه أبو سفيان فقال : يا محمد إنك جئت تأمر بطاعة الله وبصلة الرحم ، وإن قومك قد هلكوا فـادع الله لهم. قال الله ـ عز وجل ـ (فارتقب يوم تأتي السماء بدخان مبين يغشـى الناس هذا عذاب أليم) إلى قوله (إنكم عائدون)[1] قال : أفيكشف عذاب الآخرة ؟ يوم نبطش البطشة الكبرى إنا منتقمون ، فالبطشة يوم بدر ، وقد مضت آية الدخان والبطشة ، واللزام ، وآية الروم م ـ ١٠/٢٧٣ ، ٢٧٤ ، ح ـ ٢/٣٢٦ ، ح ـ ٧/٣٢٢ ، ٢٧٤ ، ٣٢٣ . ت ، ن بألفاظ متقاربة أحمد وابن ماجه . وفي م ـ ١٠/٢٧٤ . وحتى أكلوا العظام فأتى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رجل فقال : يارسول الله استغفر الله لمضر فإنهم قد هلكوا ، فقال : لمضر ؟! إنك لجرىء . قـال : فدعـا الله لهم ، فأنـزل الله عز وجل (إنا كاشفوا العذاب قليلا إنكم عائدون) قال : فمطروا ، فلمـا أصابتهم الرفاهية قال : عادوا إلى ماكانوا عليه .

تەرجەمە :

مەسرووق ئەڵێ : لای عەبدوڵلای بنی مەسعوود ـ رضي الله تعـالى عنه ـ دانیشتبووم ئەویش لە بەینمانا راکشابوو پیاوێ هاتەلای وتی : (یا أبا عبدالرحمن) پیاوێکی حیکایەتخوان لای قاپیی کەندەوە [دەرگاییێکی شاری کووفەیە] قسە ئەکا ، ئەڵێ ئایەتی دوخان بێت ، نەفەسی کـافران ئەگرێ ، موسوڵمانانیش لەوە وەکوو هەڵامەت ئەیگرن ، عەبدوڵلا هەڵساو دانیشت بە رقەوە فەرمووی : ئەی ئینسانان تەقوا لە خوا بکەن!کەسـێ شتی زانی ئەوی کە ئەیزانێ بیڵێ ، ئەوی شت نازانێ بڵێ خوا عالمـترە لە هەموو کەس ، ئەوەیش لە عیلمە کە ئینسان شتێك نەزانێو بڵێ نایزانم ؛ چونکی خوا ـ عز وجل ـ بە پێغەمەری فەرموو ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ بڵێ : من لەسەر تەبلیغی ئەمری ئیلاهیی داوای ئوجرەتتان لـێ

(١) الدخان / ١٠ ــ ١٥ .

ناکەم لەوانەیش نیم کە ئیختیاری زەحمەت‌و کولفەت بکەم شت نەزانــم‌و بە درۆ شت هەڵبەستم‌و بە ئێوەی بڵێم • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە چاوی پێ‌کەوت قەومەکەی پشتی تێ‌ئــەکــەن‌و قســەی ناگرنەگوێ‌و ئیمان ناهێنن ، دۆعای لێ‌کردن فەرمووی : یارەببی موبتەلایان بە حەوت ساڵ وەك حەوت ساڵی یوسف =بکە= یەعنی گرانییان بــۆ بنێرە ، گرانییێ گرتنی هەموو شتێکی لە بنج هێنا تا پێستەو مردارەوەبووو ئیسقانیان ئەخوارد لــە برسانا ، تەمــاشــای ئــاســمانیان ئــەکرد وەکوو دووکەڵ ئەهاتەبەرچاویان ، ئاسمانیان وا ئەبینی •

ئەبوسوفیان هاتە خدمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وســلم ـ وتی : (یا محمد) تۆ هاتووی ئەمر ئەکەی بەمە کە خەڵق طاعەتی خــوا بکەن ، ئەمر ئەکەی بە صیلەی رەحم ، قەومەکەت بە هیــلاك‌چوون ، دۆعایان لای خوا بۆ بکە • =پیاوێك لە موضەر هاتە خدمەت پێغــەمــەر وتی : دۆعا بۆ موضەر بکە ، بە هیلاکا چوون • فەرمووی : بۆ موضەر ؟ تۆ ئازای • دۆعای بۆ کردن= خوا ـ عز وجل ـ فەرمووی : ئەی محمد موتنەظیری ئەو رۆژە بە کــە ئاسمان دووکەڵێکی ئاشکارا ێنێ هەمــوو ئینسان دائەپووشێ ، ئەمە عەذابێکی زۆر گەورەو ئەلیمە • یا رەببی ئەم عەذابەمان لەسەر هەڵگرە ئێمە موئمینین ، لە کوێ ئیمان ئێنن ؟ لە کوێ فکر ئەکەنەوە بەرخۆیان ؟ پێغەمەرێکم بۆ ناردن هەموو شتێکــی بــۆ بەیان‌کردن کەچی روویان لێ وەرگێراو وتیان : ئەمە خۆی هیچ نــازانێ خەڵق شتی فێر ئەکاو شێتە • ئێمە بە دۆعای پێغەمەر عەذابیان لەســــەر لائەبەین بۆ موددەتێکی کەم ، دوای ئەوە دووبارە عەودەت‌ئەکەنەوە ســەر کوفر ، رۆژی بەطشەی گەورەیان تێ‌بگەیێنە کە رۆژی بەدرە ، ئێمە وا ئینتیقامیان لێ ئەستێنین •

ئیبنومەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : بەطشەی گەورە رۆژی بەدرە ، ئایەتی دوخان [کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ ئێشتا لە مەککەدا بوو هیجرەتی نەفەرموو بوو] رابورد بەطشە ، لیزام ، ئایەتی رۆم هەموو رابوردن •

وەلحاصـــڵ دوخـان ئـــەو گـرانیـەیـە کـە بـۆیـان بـوو بـــە دۆعـــای پێغـەمەر ـ صـلى الله تعـالى عليـه وســـلم ـ بەطشـــە : کوشـتاری رۆژی بـەدرە کـە لێیـانکـرا • لیـزام : ئـەو ئەسارەتەیـە کە تووشی بوون لە بەدرا • ئایەتی رۆمیش : ئەوەیە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خەبەری دا بەوە کە رۆم بەسەر فارسا غەڵەبە ئەکەن• ئەمانە هەموویان رابوردوون تاکەوێتە رۆژی قیامەت هەڵسان •

٥٨٣/٤٥ ـ عن عبدالله بن مسعود [رضي الله تعالى عنه] قال : خمس قد مضين : الدخان ، واللزام ، والروم ، والبطـشة ، والقمر ح ـ ٣٢١/٧ ٢٦٥ ، م ـ ٢٧٥/١٠ وفي خ ـ ٢٣٦/٢ وزاد أســـباط عن منصور [على حديث الدخان] فدعا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـه وسـلم ـ فأطبقت عليهم سبعا • وشكا الناس كثرة المطر • قال : اللهم حوالينا ولا علينا ، فانحدرت السحابة عن رأسه فسقوا الناس حولهم •

تەرجەمە :

کە ئەبوسوفیان طەلەبی دۆعای بارانی کرد لە مەککەدا بۆ قورەیش پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دۆعای کرد حەوت رۆژ بە هەور ئاسمانیان لێهاتەوە یەك ، هەر باران باری ، خەڵق شکایەتیان لە بارانی زۆر کرد ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لە ئەطرافمان بیارێنە لەسەر ئێمە مەبارێنە ، هەورەکە لە سەر سەری پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کشایەوە خەڵقی ئەطرافی ئەهلی مەککە بارانیـــان بـۆ ئەباری •

وەجهی ئیعجازی ئەم حەدیثانە دیارە •

ئەم واقیعەیە لە مەککەدا (قبل الهجرة) وقووعی بوە ، غەیری ئەوەیە کە ئەنەس – رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەتی کردوە کە رۆژی جومعە لـــە ئەثنای خوطبەدا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دۆعای کرد بـۆ بارینیو بۆ مونقەطیع بوونی •

انشـــقاق القمـــر(١)

٥٨٤/٤٦ ـ عن عبدالله بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : انشق القمر على [ونحن [أبو سلمة بن عبدالأسد والأرقم بن أبي الأرقم وابن مسعود ـ رضي الله تعالى عنهم ـ] مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بمنى ، فقال : اشهدوا وذهب فرقة نحو الجبل المعروف بحرا ح ـ ١٨٨/٦] عهـد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شقتين [فلقتين فستر الجبل فلقة، وكان فلقة فوق الجبل ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: اللهم اشهد م ـ ٢٧٦/١٠ • فرقتين : فرقة فوق الجبـــل ، وفرقة دونـه خ ـ ٣٤٨/٧] فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : اشهدوا ح-٧١/٦، م ٢٧٦/١٠ ، ت ، ن • انس وابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهم ـ لكنهما لم يشهداه فحديثهما مرسل صحابي •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای بنی مەسعوود ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرمـوێ : لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تـعالى عليـه وسلم ـ مانگ بوو بە دوو لەتەوە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : تێفکرن شەهادەت بدەن [بەم موعجیزەیە] ئەبونەعیم لە ریوایەتی خۆیا ئەمەی لێ زیاد کردوە

---

(١) کەرتبوونی مانگ .

کە ئیبنومەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئێمە لـە مەککـە بووین چاوم کەوت بە لەتێکی لەسەر شاخی مینا بوو •

٥٨٥/٤٧ ـ وعن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن أهل مكة [فـي الدلائل عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أنهم الوليد بن المغيرة ، وأبو جهل ، والعاص بن وائل ، والعاص بن هشام ، والاسود بن عبديغوث، والأسود بن المطلب ، وابنه زمعة والنضر بن الحرث] ســـألوا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن يريهم آية فأراهم القمر شقتين حتى رأوا حِرا بينهما ح ـ ١٨٧/٦ مرسل صحابي •

تەرجەمە :

ئەنەس ئەفەرموێ : موشریکی مەککە طەلەبیانکرد لە پێغەمەر ـصلی الله تعـــالى عليـــه وســـلم ـ کە موعجیزەیێکیان پێنیشان بدا ، بە دوولەتبوونەوەیی مانگی پێ نیشاندان [بەینیان ئـەوەندە بوو] تا شاخی (حیرا) لە بەینیانا بینرا ، (فەقەط ئەنەس خۆی نەیدیوە ئەبێ لـەوانـــەی بیستبێ کە دیویانە • حەدیثەکەی مورسەلی صەحابییە لە حوکمی مەرفووعایە (أبو الضحى)لە مەسرووقەوە ئەویش لە ئیبنومەسعوودەوە ریوایـەتیـــان کردوە کە قورەیش لە هاتوچۆکەری دەرەوەیان پرسی وتیان : چاومـان پێیکـەوت) •

ئەم موعجیزە لە شەقی بەحر بە عەصای حەزرەتی مووسا ـ عليـــه الصلاة والسلام ـ موعجیزترە ؛ چونکی عەصاکەی تەماسی بەحرەکـــەی کردوە ، فەقەط بەینی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـ و مانگ چەندە لێك دوورن !

إخبــاره عن الغيب[1] :

٥٨٦/٤٨ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رســـــول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نعى النجاشي في اليوم الذي مات فيــه ، خرج إلى المصلى فصف بهم وكبر أربعا ح ـ ٣٦٣/٢ ، د ، ن ، ت ، وفي أخرى : قال : استغفروا لأخيكم •

تەرجەمە :

لە ئەبوهورەیرەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەتە كە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەو رۆژەدا كە نەجاشیی پادشای حەبەشەی تیا مرد خەبەری بە مردنی دا • تەشریفی چوو بۆ موصەللا ، صەفی بە ئەصحاب بەست چوار دەفعە (الله أكبر)ی كرد •

حــوكمی :

نوێژ لەسەر غائیب دروستە •

تەكبیری نوێژی جەنازە چوارە •

٥٨٧/٤٩ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قــــال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أخذ الراية زيد [بن حارثة] فأصيب، ثم أخذها جعفر فأصيب ، ثم أخذها عبدالله بن رواحة فأصيب ، وإن عيني رسول الله لتَذرِفان • ثم أخذها خالد بن الوليد مِن غير إمْرة ففتح لــــه ح ـ ٣٦٣/٢ ، ح ـ ٦٧/٦ مختصرا ، ح ـ ١٣٢/٦ وفيه : أخذها سـيف من سيوف الله• ح ـ ٣٩/٥ وفيه : وقال : مايسرنا أنهم عندنا • قــــال أيوب : أو قال : مايسرهم أنهم ••• إلخ ح ـ ٣٦٩/٦ وهو الآتي ذكره، لأنــه أتــم •

---

(١) هەواڵدانی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە شتی نادیاری•

٥٨٨/٥٠ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نعى زيدا وجعفرا وابن رواحة للناس قبل أن يأتيهم خبرهم • فقال : أخذ الراية زيد فأصيب ، ثم أخذ جعفر فأصيب ، ثم أخذ ابن رواحة فأصيب ، وعيناه تذرفان ، حتى أخذ الراية سيف من سيوف الله حتى فتح الله عليهم ح ـ ٦/٣٦٩ ، ن •

تەرجەمە :

ئەنەسی بنی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خەبەری شەهادەتی زەیدی بنی حاریثـەو جەعفەری بنی ئەبو طالیبو عەبدوڵلای بنی رەواحەی دا بە خەڵق ، لە پێش ئەمەدا خەبەریان بۆ خەڵق بێ فەرمووی : زەید بەبیاخەکەی وەرگرت شەهید بوو ، دوای ئەو جەعفەر وەری گرت شەهید بوو ، دوای ئـەو ئیبنورەواحە وەری گرت شەهیدبوو • هەردوو چاوی موبارەکی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فرمێسکی پیائەهاتە خوارێ • تا سەیفێ لە سەیفانی خوا ، تا شیرێ لە شیرانی خوا بێ ئەمە ئەمری پێبکرێ بەبیاخەکەی وەرگرت تا خوا فەتحی بەسەراکردن ، تا خوابۆیفەتح کردن •• بەوە دڵخۆش نابین ، یا ئەوان دڵخۆش نابن کە بە زیندوویەتی لە لامان بوونایە لەبەر ئەو دەرەجەو پایەبەرزییە کە ئەوانی تیان •

٥٨٩/٥١ ـ عن عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : أمَّر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في غزوة موتة زيد بن حارثة، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن قتل زيـد فجعفـر ، وإن قتل جعفر فعبدالله بن رواحة • قال عبدالله : كنت فيهم في تلك الغزوة ، فالتمسنا جعفر بن أبي طالب فوجدناه في القتلى ، ووجدنا مافي جسده بضعا وتسعين من طعنة ورمية • وفي أخرى : أنه وقف على جعفر

يومئذ وهو قتيل فعددت به خمسين بين طعنة وضربة ليس منها شيء فـي دبـره ، يعني في ظهره ح ـ ٦/٣٦٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە غەزای مۆتەدا زەیـــدی کوڕی حاریثەی کرد بە ئەمیر فەرمووی : ئەگەر زەید کـــوژرا جەعفەر ئەمیرە • جەعفەر کوژرا عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە ئەمیرە • عەبدوڵلای کوڕی ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهم أجمعين ـ ئەفەرموێ : ئـەو ڕۆژە لە ناویانا بووم ، بۆ جەعفەر گەڕاین لە ناو شەهیدەکانا دۆزیمانەوە پەنجا برینی پێوەبوو • لە ریوایەتەکەی ترا : نەوەدو ئەوەندە برینەی پێوە بوو لە ڕمو لە تیرو لە شیر، هیچی لە پشتەوە نەبوو •

حەدیثی ئەوەڵ خەبەرە لە ڕابوردوو ، تەرتیبی ئەم حەدیثە خـەبـەرە لە موستەقبەڵو تەرتیبی شەهادەتیان •

٥٩٠/٥٢ ـ جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : رأيت النبي [رسول الله] ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يرمي على راحلته يوم النحر ويقـول : لتأخذوا مناسككم فإني لا أدري لعلي لا أحج بعد حجتي هذه م ـ ٥/٤٠١•

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەرم دی ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە سواریی وشتر لە ڕۆژی جەژنی قوربانا ڕەجمی شەیتانی ئەکرد ، ئەیفەرموو : ئەفعالو ئەرکانی حەجتان بەجێبێنن ، لە منەوە فێـر بنو وەریبگرن ، بەڵکو[1] لە دوای ئەم حەجەم حەج ناکەم •

خەبەری وەفاتی خۆیی داوە •

حوکمی ئەمەیە لە ڕۆژی ئەوەڵا بە سواریی ڕەجمی شەیتان دروستە•

---

(١) دانەر ـخـ لێرەدا ئەگەر بیفەرموایە : «لەوانەیە لە دوای ئەم حەجەم حەج نەکەم » کوردانەتر دەبوو •

باقیی رۆژەکانی تر بە پێیان رەجمکردنی سوننەتە • لە رۆژی سێیەما بـە سواریی ، ئەمما بە پێیان بێ ، بە سواریی بێ هەموو رەجمەکان دروستن •

٥٩١/٥٣ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ صعد أحدا وأبوبـــكر وعمر وعثمان [رضي الله تعالى عنهم] فرجف بهم ، فقال : اثبت أحد فإنما عليك نبي وصديق وشهيـدان ح ـ ٩٣/٦ ، ٩٨ وفيه : فضربه برجله • د ، ت ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی سەرکەوتە سەر شاخی ئوحود ئەبوبەکرو عومەرو عوثمانی ـ رضي الله عنهم ـ لە خدمەتا بـوو ، شاخی ئوحود لەرزییەوە • پێغەمەر ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ پێی تێوەژەنو فەرمووی : ئەی ئوحود بوەستە داسەکنێ کێت لەسەرە ؟ هەر پێغەمەرێكو صەدیقێكو دوو شەهیدت لەسەرە • بەوە خەبەری دا بە شەهادەتی ئیمامی عومەرو ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنهما ـ •

٥٩٢/٥٤ ـ عن سعد بن أبي وقاص [رضي الله تعالى عنه] [قال: جاء النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يعودني وأنا بمكة وهو يكره أنيموت بالأرض التي هـاجـر منـها ، قـــال : يـرحـم الله ابـن عفـــراء فـي ح ـ ٥/٥] قال : عادني رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فـي حجة الوداع من وجع أشفيت فيه على الموت فقلت : يا رسول الله بلغ بي ماترى من الوجع وأنا ذو مال ، ولا يرثني إلا ابنة لي واحدة ، أفأتصدق بثلثي مالي ؟ قال : لا• قلت : أفأتصدق بشطره ؟ قال : لا •[قـلـت : الثلث ح ـ ٥/٥] الثلث والثلث كثير ، إنك إن تذر ورثتك أغنياء خيـر من أن تذرهم عالة يتكففون الناس ، ولست تنفق نفقة تبتغي بها وجه الله إلا أجرت بها ، حتى اللقمة التي تجعلها في في امرأتك • قال : قـلـت :

يارسول الله أخلّفُ بعد أصحابي ؟ قال إنك لن تُخَلّف فتعمل عملا تبتغي به وجه الله إلا ازددت به درجة ورفعة ، ولعلك تخلّفُ حتى ينفع بك أقوام ويضُرَّ بك آخرون . اللهم امض لأصحابي هجرتهم ولا تردهم على أعقابهم . ولكن البائس سعد بن خولة قال رثى له رسول الله ــصلى الله تعالى عليه وسلم ــ من أن تُوفي بمكة م ــ ٨٣/٧ ، ٩٠ ، ح ــ ٥/٥ ، ح ــ ٢٢٥/٦ ، ح ــ ٣٩٠/٢ ، ت ، د ، ن ، جه .

تەرجەمە :

سەعدی بنی وەقاص ــ رضي الله تعالى عنــه ــ فەرمووی : لــە مەککە نەخۆشییەکم گرت نزیك بووم لە مردنەوە ، پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ لە (حجة الوداع)ا بە ئەحوالپرسیمەوە تەشـریفی هات . عەرزمکرد : (یا رسول الله) نەخۆشیی گەیانوومیە ئەم دەرەجەیە ، منیش مالم هەیە ، هەر تەنها کچێك ئیرثم لێ ئەگرێ ، دوو بەشی ماڵەکەم بکەم بە وەصیەت ؟ فەرمووی : خەیر . وتم نیوەی ؟ فەرمووی : خەیر . وتم : سێیەکی ؟ فەرمووی : سێیەکی ، سێیەکیش زۆرە . ئەگەر واریثەکانت بە دەوڵەمەندیی بەجێبێڵی چاکترە لەوە کە بە فەقیریی بەجێیان بێڵی دەست لە خەڵق بگرنەوە ، هەر نەفەقەیێ بکەی لە رێی خوا لە سەر ئەوە مەئجوور ئەبی ، حەتتا ئەو لوقمەیەیش کە ئەیخەیتە دەمی عائیلەتەوە . سـەعـد فەرمووی : (یا رسول الله) من لە دوای ئەصحابەکانم لێرە بەجێ ئەمێنم . فەرمووی : تۆ بەجێنامێنی . ئەگەر خوا تەئخیری ئەجەلت بکاو عەمەلێکی خێر بکەی خوا بەو عەمەلە دەرەجەیێکت پێ عەطا ئەفەرموێ ، ئومێدم هەیە کە ئەجەلت دوا بخرێ تـا خوا بە واسیطەی تۆوە نەفـع بە گەلێ قەوم بگەیێنێو زەرەر بە گەلێکی تر بگەیێنێ ، خوایا هیجرەتی ئەصحابەکانـم بۆیان بگەیێنە تا سەر ، پاشەوپاش مەیانگێڕەرەوە [یەعنی لەو جێگەیە کە

هیجرەتیان لێ کردوە مەیان هێڵەرەوە] (لكن) بێچارە ســەعدی کـوڕی خەولەیە ! سەعد فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئیظهاری حوزنو تەئەسوفی بۆ ئەکرد کە لە مەککەدا وەفاتی‌کرد •

موعجیزەی ئەم حەدیثە ئەمەیە سەعد لەو رۆژەدا تەنها کچێکی بــوو کە (ام الحكم)ی گەورەیە مایەوە تا زەمانی ئیمامی مالیك ، بە خدمەتی گەیی چەنــد ئەولادی نێرینەی بوو ، وەکوو : عومەرو ، ئیبراهیمو ، یەحیاو ، ئیسحاقو ، عەبدوڵلاو ،عەبدوڕەحمانو ، عیمرانو ، صالحو ، عوثمان • دوانزە کچیشی بوو ، فەتحی عیراقی عەجەمی کــرد • لە زەمانی ئیمــامی عومەرا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ •

حــوکمی :

وەصیەت تا ثولث دروستە • لە ثولث زیاتری بۆ نیە • ثولثیش چاك نیە ؛ چونکی فەرمووی : ثولثیش زۆرە •

لەوە ئەحمەقتر نیە کـــە مـــاڵ ئەکا بە وەقفی ئەولادی نێرینەو کچ مەحرووم ئەکا ، ئەو نێرینانە خوا نایێڵێ خێری لێ ببینن ، موجەڕەبە • لەو کەسەیش ئەحمەقتر نیە لە ماڵی خۆی تا ماوە خێر نەکاو ، کە بوو بە هی واریث بڵێ خێرم بۆ بکەن •

٥٩٣/٥٥ ـ عن مسروق عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : أقبلت فاطمة [رضي الله تعالى عنها] تمشي كأن مشيتها مشي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: مرحبا يا بنتي ، ثم أجلسها عن يمينه ، أو عن شماله [بالشك من الراوي] ثم أسرَّ إليها حديثا فبكت ، فقلت لها : لم تبكين ؟ ثم أسر إليها حديثا فضحكت، فقلت : مارأيت كاليوم فرحا أقرب من حزن ، فسألتها عما قال، فقالت :

ما كنت لأفشي سـرّ رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ حتى قبض النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فسألتها ، فقالت : أسرّ إليّ أن جبريل ـ عليه السلام ـ كان يعارضني القرآن كل ســـنة مرة ، وأنـه عارضني العام مرتين ، ولا أراه إلا حضر أجلي ، وإنكِ أول أهل بيتـي لَحاقا بي ، فبكيت ، فقال : أما ترضين أن تكوني ســـيدة نســاء أهل الجنة ؟ أو نساء المؤمنين بالشك من الراوي • [أو سيدة نساء هذه الأمة •م وليس فيه نساء الجنة] فضحكت لذلك [ضحكني الذي رأيت ح-٦/٦٥ ، م ـ ٩/٣٥٩ وفيه : قالت : كنّ أزواج النبي ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ عنده لم يغادر منهن واحدة • ح ـ ٩/١٥٨]•

٥٦/٥٩٤ ـ عن عروة عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : دعا النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فاطمة [رضي الله تعالى عنـها] ابنتـه في شكواه الذي قبض فيه ، فسارها بشيء فبكت ، ثم دعاها فسـارهـا فضحكت ، قالت : فسألتها عن ذلك فقالت : سارني النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأخبرني أنه يقبض في وجعه الذي توفي فيه ، فبكيت ، ثم سارّني فأخبرني أنـي أول أهل بيتـــه أتبَعه فضحـكت ح ـ ٦/٦٦ ، م ـ ٩/٣٥٨ ، ن ، ح ـ ٧/٤٤٣ ليس فيـه البـــكاء ولا الضـــحك ولا ســـببهما •

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : ئـەزواجـی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ورضي عنهن ـ لە خدمەتیا بوون، هیچ یەکێکیان لێ کەم نەبوو ، حەزرەتی فاطیمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ هـات

ڕۆیینی ئەو بە ڕێگەدا هیچ فەرقی نەبوو لەگەڵ ڕۆیینی پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ حەزرەتی فاطیمەی دی ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : مەرحەبا ئەی کچی خۆم، لە دوایدا =لە= لای ڕاستی یا لای چەپی داینیشان [الشك من الراوي]لە دوایدا قسەییێکی بەدزییەوە پێ‌فەرموو، زۆر بە شیددەت گریا ، کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ شیددەتی حوزنی حــەزرەتــی فاطیمەی دی ـ رضي الله تعالی عنها ـ بە دزییەوە قسەییێکی تریشی لــەگــەڵ فەرموو ، پێکەنی • لێم‌پرسیی وتم : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە بەینی هەموو ژن‌و ئەهل‌و عەیالیا بە خوصووصی قسەی لەگەڵ تۆ کرد کــەچی تۆ ئەگریت ! کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی هەڵســا لێم‌پرسیی : کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ چی پێ فەرمووی ؟ وتی : بۆ من نیە کە سیڕی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـفاش[1] بکەم • کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وەفاتی فەرموو لێم‌پرسی وتم : سوێنت ئەدەم بەو حەقەی کە من هەمە بەسەر تۆوە کە پێغەمــەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قسەی پێ فەرمووی چی فەرموو ؟ وتی : ئەمما ئێستە چاکە ئەیڵێم ، فەرمووی : ئەو وەختە کە لە دەفعەی ئــەوەڵا قسەی پێ فەرمووم‌و گریام خەبەری دامێ کە جیبریل ـ علیه‌السلام ـ هەموو ســاڵێ جــارێ قورئانی گوێ لێ ئەگرتم • ئەمساڵ دوو جاری گــوێ لێ‌گرتم • وا تێ ئەگەم کە لەبەر ئەوەیە ئەجەلم نزیك بۆتەوە ، تۆیش تەقوا لە خوا بکە جەزەع‌و فەزەع مەکە من سەلەفێکی چاکم بۆ تۆ • حەزرەتی فاطیمە فەرمووی : بۆیە گریام • دەفعەی دوەم کە بە دزییەوە قسەی لەگەڵ فەرمووم ، فەرمووی : ئەی فاطیمە بەوە ڕەزا نابی کە گەورەی ژنــانــی بەهەشت بی ، یا فەرمووی گەورەی ژنانی هەموو مــوســـوڵمانان بی ؟

---

(۱) واتــە : بڵاوی ناکەمەوەو نایڵێم .

پێکەنیم بەو پێکەنینەی کە تۆ دیت • ئەمە تەرجەمەی حەدیثی ح-٩/١٥٨، م - ٩/٣٥٩یـە •

لە ح - ٦/٦٥لەم حەدیثەدا سەبەبی گریانەکەی دوو شتە یەکێکی ئەوەیە نووسراوە ، یەکێکی ئەوەیە کە بە حەزرەتی فـاطیمـە - رضي الله تعالى عنهاـی فەرموو : تۆ ئەوەڵ ئەهلی کەسێکی کە لە ئەهـلو بەیتـم ئەگـەی بـە من •

لە حەدیثە موختەصەرەکەدا ئەفەرموێ : سەبەبی گریانی خـەبـەری وەفاتیە ،سەبەبی پێکەنینی خەبەری پێگەیینیەتی بە پێغەمـەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە پێش هەموو ئەهلی بەیتیا • خۆلاصە پێغەمەر -صلى الله تعالى عليه وسلم - خەبەری وەفاتی خۆیی داوە ، خـــەبەری وەفاتـی حەزرەتی فاطیمەیشی داوە لە دوای خۆی لە پێش هەموو ئەهلی بـەیتـا هەردووکی (كما هو) واقیع بوە • ئەم دوو خەبەرە موعجیزەن• سەبەبـی گریانو پێکەنین یا قسەی مەسرووقە یا قســـــەی عوروەیە ؛ چـونکـی ئیختیلافیان لە غەیری فەرموودەی پێغەمەرایە - صلى الله تـــعالى عليـــه وســــلم - •

حوکمی ئەم حەدیثانە کە هەموو یەك واقیعەیە ، وجووبی کـەتمـانی سیڕی گەورەیە •

دڵخۆشیدانەوەو موژدەیشی تیا هەیە بۆ حەزرەتی فاطیمە - رضـي الله تعالى عنها - •

٥٩٥/٥٧ - عن جابر - رضي الله تـعالى عنه - قال : قـال النبـي - صلى الله تعالى عليه وسلم - [لي لما تـزوجت] : هل لكـم من أنماط ؟ [خاڵی ریشوودار لە ئاوریشم]• [ضرب من البسط له خمل رقيق] قلت : وأنى يكون لنا الأنماط ؟ قال : أما إنه سيكون لكم الأنماط • فأنا أقـول

لها ، يعني امرأته [سهلة بنت سعد] : أخِّري عنا أنماطك • فتقول : ألـم يقل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إنها ستكون لكم الأنماط ؟ فأدَعها [مفروشة] ح - ٦/٦٧ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [لەو وەختەدا کە لەگەڵ سەهلە ئیزدیواجم کرد] فەرمووی : خاڵیچەتان هەیە ؟ عەرزمکرد : ئێمە لە کوێ خاڵیچەمان ئەبێ ؟ فەرمووی: لەمەولا خاڵیچەتان ئەبێ • ئێستە بە ژنەکەم ئەڵێم : خاڵیچەکەتمان لێ دوورخەرەوە ، ئەویش ئەڵێ : بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەیفەرموو کە لەمەولا خاڵیچەتان ئەبێ ؟ ئەو وەختە وازی لێ ئێنم چۆن داخراوە هەروا بمێنێتەوە •

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەکوو چۆن خەبەری بەوە داوە کە ماڵی جابیر ئەنماطیان ئەبێ بەو نەوعە فەرموودەکەی واقیع بوە •

بۆ ژنان فەرشی ئاوریشم ڕاخستن دروستە ؛ چونکی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی نەکردوە لە جابیر کە بووتان رای‌مەخەن • سەهلە بەوە جابیری ئیقناع کردوەو ئەویش وازی لێ هێناوە (من القسطلاني) •

٥٩٦/٥٨ ـ سعيد بن المسيب [رضي الله تعالى عنه ، ورحمه الله] قال: أخبرني أبو موسى الأشعري [رضي الله تعالى عنه] أنه توضأ في بيته ، ثم خرج فقلت : لألزَمنَّ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ولأكونَنَّ معه يومي هذا • قال : فجاء المسجد فسأل عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : خرج ووجَّهَ ههنا ، فخرجت على إثْره أسأل عنه حتى دخل بئر أريس [بستان بالقرب من قباء] فجلست عند الباب ، وبابها من

جريد ، قضي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حاجـته فتوضـــأ فقمت إليــه •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : له ماڵەوه دەزنوێژم شـت چوومه دەرێ وتم : ئیمرۆ لازمی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەبم ، لێی جوێنابمەوه ، چوومه مزگەوت پرسیم که پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفي له کوێیه ؟ وتیان : تەشریفی چۆته دەرەوەو رووی کردۆته ئەو طەرەفه ، منیش به شوێنیا رۆییمو ئەمپرســـیی ، تـا تەشریفی چوه باغی ئەریسەوه ، که بیرێکی تیایـه ، لای دەرگاکـەیـەوه دانیشتم ، دەرگاکەی له لقی خورمایه ، تا پیغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ قەضای حاجەتی کردو دەزنوێژی شت ، هەڵســـــامو چـوومه خـدمـەتـی •

فإذا هو جالس على بئر أريس ، وتوسط قُفّها ، وكشف عن ساقيه، ودلاّهما في البئر ، فسلمت عليه [سلامُ الله وصلاتُه] ثم انصرفت فجلست عند الباب ، فقلت : لأكوننّ بوّاب رسول الله ـ صلى الله تـعالى عليـــه وسلم ـ اليوم • فجاء أبوبكر [الصديق ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فـدفـع الباب ، فقلت : من هذا ؟ فقال : أبوبكر : فقلت على رِسْلِكَ [تمهّلْ وتأنّ] ثم ذهبت فقلت : يارسول الله هذا أبوبكر يستأذن • فقال : ائذن له وبشّره بالجنة • فأقبلتُ حتى قلت لأبي‌بكر : ادخل ورسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يُبَشّرِكَ بالجنة • فدخل أبوبكر [رضي الله تعالى عنه] فجلس عن يمين رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ معه فـي القُفّ [حافة البئر أو الدكّة المحيطة] بها ودلّى رجليه في البئر كما صنع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وكشف عن ساقيه :

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی لەسەر بیری ئەریس دانیشتبوو لە ناوەڕاستی حەلقەی بیرەکە ، قاچی موبارەکی هەڵماڵیبوو دای هێشتبوە ناو بیرەکەوە ، سەلامم لێ‌کردو گەڕامەوە لای دەرگاکەوە دانیشتم ، وتم : ئیمڕۆ من ئەبم بە قاپیەوانی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی هات پـاڵی نـا بە دەرگاکەوە • وتم : ئەوە کێیە ؟ فەرمووی : ئەبوبەکرم • وتم : جارێ صەبر کە لە دوایدا چوومە خدمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزم‌کرد : (يا رسول الله) ئەوە ئەبوبەکرە ئیذن ئەخوازێ • فەرمووی : ئیـــذنی بدەو موژدەی بەرێ بە بەهەشـــت • رووم‌کردەوە دەرگاکە تا بە ئەبوبەکر ـ رضـــي الله تـــعالى عنه ـم وت وەرە ژووریێو پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ موژدەت ئەداتێ بە بەهەشت • ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی چـوە ژوورێ لای راســـتی پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە خـــدمەتیا لــە نـاو بازنەی بیرەکەدا دانیشت‌و قاچی هەڵماڵی‌و دای‌هێشتە ناو بیرەکەوە وەکوو پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە کردی •

ثم رجعت فجلست وقد تركت أخي [أبو بردة ، أو أبو رهم] يتوضأ ويلحقني ، فقلت : إن يرد الله بفلان خيرا ، يريد أخاه ، يأت بـه ، فأذ ن إنسان يحرك الباب فقلت : من هذا ؟ فقال : عمر بن الخطاب • فقلت : على رِسلك ، ثم جئت إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فسلمت عليه ، فقلت : هذا عمر بن الخطاب يستأذن ، فقال : ائذن له وبشره بالجنة ، فجئت فقلت : ادخل وبشرك رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ بالجنة ، فدخل فجلس مع رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ في القُفّ عن يساره ودلى رجليه في البئر :

تەرجەمە :

لە دواییا گەڕامەوە بۆ لای دەرگاکەوە دانیشتم ، براکەمم = کـــە ئەبوبوردە . یا ئەبوڕوهم بوە = بەجێهێشتبو کە دەزنوێژ بشواو بمگاتێ. وتم : ئەگەر خوا ئیرادەی خێری کـــردبێ بە فلان ، یەعنـی براکەی ، ئەیهێنێ کەچی یەکێ دەرگاکەی بزاوتەوە ... تەرجـەمـەی باقیەکـەی وەکو پێشـــوە .

ثم رجعت فجلست ، فقلت : إن يرد الله بفلان خيرا يأت به . فجاء إنسان يحرّك الباب فقلت : من هذا ؟ فقال : عثمان بن عفان . فقلت : على رسلك ، فجئت إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فـأخبـرتـه [زاد أبو عثمان فسكت هُنَيْهة] فقال : ائذن له وبشّره بالجنـــة على بلوى تصيبه ، فجئته فقلت له : ادخل وبشرك رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بالجنة على بلوى تصيبك [زاد أبو عثمان : فحمد الله، ثم قال : الله المستعان] فدخل ووجد القُفّ قد ملئ فجلس وجـاهـه من الشـق الآخر . قـال شـريك : قـال سـعيد بن المسيب : فأولتها قبورهم ح ـ ٦/٩١ ، ١٠٢ ، ح ـ ٩/١٨٤ ، م ـ ٩/٢٩٢ :

تەرجەمە :

پێغەمەر ـصلیاللهتعالیعلیهوسلمـ کە خەبەری ئیمامی عوثمانی عەرزکرا نەختێ بێدەنگ بوو لە دواییا فەرمووی : ئیذنی بدەو موژدەی بـدەرێ بە بەهەشت لە سەر موصیبەتێ کە تووشی ئـــەبێ . کە ئەم فـەرموودەی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خەبەر درا بە ئیمامی عوثمان ـرضي الله تعالی عنه ـ حەمدی خوای کردو لە دواییا فەرمووی : هەر خـوایـە موعاوەنەتی لێ طەڵەب ئەکرێ، تەشریفی چوە ژوورێو دەوری بیرەکـەی پڕ دی بە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـو دوو یاری (فيالروضة)ی

بەرابەریان ، لەوبەرەوە دانیشت • سەعید ئەفەرموێ : تەئویلم بە مەرقەدی موبارەکیان لێدایەوە کە دوو ئیمام لە خدمەتیان ئیمامی سێیەم لە بەقیعایە ـ رضي الله تعالی عنهم ، وصلی الله تعالی علی النبي المصطفی أولا وآخرا •

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خەبەری دا بە فیتنەی حەزرەتی عوثمان ـ رضي الله تعالی عنه ـ وەك فەرمووی واقیع بوو •

حـوکمی :

دەرگاوانیی‌و راگرتنی دروستە •

ئیذن‌خواستن لازمـە •

بە ظەننی رەزا چوونە ناو مولکی غەیر دروستە •

پووزو قاچ‌و قول عەورەت نیە • کەسێ بچێتە لای یەکێ سونـەتـە سـەلامی لێبکا •

تەمەننای خێر بۆکەس‌و کار سونەتە • چونکی جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە خۆیەوە ئەو تەمەننای نەکردوە کە براکەیشی لەو بەرەکەتـە مەحرووم نەبێ •

٥٩/٥٩٧ ـ عن أبي موسی [قال البخـاري] أراه [وفي مسلم عن أبي موسی عن النبي ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ بالجزم] عن النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قال : رأیت في المنام أني أهاجر من مکـــة إلی أرض بها نخل ، فذهب وَهْلي [وهمي] إلی أنها الیمامـــة أو هَجَر [مدینة بالیمن] فإذا هي المدینة یثرب ، ورأیت في رؤیای هذه أني هزَزْت سیفا فانقطع صدره [وعند ابن اسحاق : ورأیت في ذباب سیفي ثلما] فإذا هو ما أصیب من المؤمنین یوم أحد • ثم هزَزْته بأخری فعـاد أحسـن ماکان ، فإذا هو ماجاء الله به من الفتح واجتماع المؤمنین ورأیت فیها بقراء

والله ُ خَيـْر" ، فإذا هم المؤمنون يوم أحد ، وإذا الخير ماجاء الله من الخير وثواب الصدق الذي آتانا الله بعد يوم بــدر ح ـ ٦/٦٤ ، م ـ ٩/١٢٩ • ن ، جـــه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : لە خەوما دیم کە هیجرەت ئەکەم لە مەککەوە بۆ جێیێکی خورمادار ، لە ئەوەڵەوە ذیهنم وا رۆیی کە یەمامەیە ، یا هەجەرە ، کەچی مەدینە بوو • هەر لەو خەوەمــا دیم کە شیرێکم راوەشان [کە ذولفەقار بوو] سنگی شیرەکە لەت بوو، کەچی تەئویلەکەی ئەوە بوو لە غەزای ئوحودا تووشی موسوڵمانان بوو • لـــە دواییا شیرەکەم جارێکی تر راوەشان لە پێشووی چاکتر بۆوە • تەئویلی ئەو فەتحە بوو کە خوا بۆی هێناین ، کۆبوونەوەی موسوڵمانان بــوو ، ئیصلاحی حاڵیان بوو • هەر لەو خەوەدا چاوم بە گاجووت کەوت‌و (والله خیر") [یەعنی لە خەوەکەما لەفظی (والله خیر)م بیست] بە گوێدا هات ، کەچی ئەو گاجووتە موسوڵمانان بوون لە رۆژی ئوحودا کە شەهید کران• ئەو خەیرەیش ئەو خەیرو راستیە بوو کە خوا لە دوای رۆژی بەدر بــۆی هێنــایــن •

ئەم حەدیثە دەلالەت ئەکا لە صیدقی خەوی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە هەمووی یەکە ـ یەکە هاتۆتە دی •

ئەم حەدیثە موناسبی بابی روئیایشە ، هەوەســـتان هەیە لــەوێیدا بنووســــن •

٦٠/٥٩٨ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن النبي ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ دخل على أعرابي [قيس بن أبي حازم] يعوده =فقال= وكان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذا دخل على مريض يعوده قال:

لا بأس طهور إن شاء الله • فقال له : لا بأس طهور إن شاء الله • قـال : قلت طهور ؟ كلا • بل هي حمّى تفور أو تثور [شك من الراوي] عـلى شيخ كبير تزيره القبور • فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليـه وسـلم ـ : فنعم إذاً ح ـ ٦١/٦ ، ن • وزاد الطبراني : أن النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ قال للأعرابي : إذا أبيت فهي كما تقول ، وقضاء الله كائن • فما أمسى من الغد إلا ميتا •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی عەیادەتی عەرەبێکی بەڕڕانی کرد • عادەتی پێغەمەریش ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وابـوو کە تەشریفی بچوایە بۆ سەردانی نەخۆشێ ئەیفەرموو : زەرەری نیـە (إن شاء الله) لە گوناهت پاك ئەکاتەوە ، بەویشی فەرموو • عەرەبەکە وتی: ئەفەرمویت طەهوورە ؟ حاشا طەهوور نیە ، بەڵکو ئەو نەخۆشییە تایێکە گڵپەی لێ هەڵەستێ لەسەر پیرێکی زۆر پیرە زیارەتی قەبری پێ ئەکا • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە بەوە رازیی نیـت با وابێ کە وتت ، قەزای خوا هەر ئەبێ بێ • عەرەبەکە نەکەوتە سبەینێ مرد • (صدق رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ) •

دڵخۆشیدانەوەی نەخۆش سونەتە •

لە دوای قسەیێکەوە کە ئینسان بڵێ وا ئەبێ (إن شـاء الله) کـردن ســـونەتـە •

٥٩٩/٦١ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان رجل [من بني النجار •م] نصرانيا فأسلم وقرأ البقرة وآل عمران ، فـكان يـكتب للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فعاد نصرانيا فكان [لعنه الله] يقول : ما يدري محمد إلا ماكتبت له [كذب عدو الله] فأماته الله • فدفنوه فأصبح

وقد لفظته الأرض ! فقالوا : هذا فعل محمد وأصحابه لما هرب منهم نبشوا عن صاحبنا فألقوه • فحفروا له فأعمقوا ، فأصبح وقـد لفظتـه الأرض ! فقالوا : هذا فعل محمد وأصحابه نبشوا عن صاحبنا لماهرب منهم ، فألقوه فحفروا له فأعمقوا له في الأرض ماستطاعوا ، فأصبح قد لفظته الأرض ! فعلموا أنه ليس من الناس فألقوه ح ـ ٦/٦٢ ، م ـ ١٠/٢٥٨ بفرق ما وفيه: فانطلق هاربا حتى لحق بأهل الكتاب • قال : فرفعوه قالوا : هذا قـد كان يكتب لمحمد فأعجبوا به ، فما لبث أن قصم الله عنقه فيهم • فحفروا له فوار َوه ، فأصبحت الأرض قد نبذته على وجهها ، ثم عادوا فحفروا له فواروه ، فأصبحت الارض قد نبذته على وجهها • ثم عادوا فحفروا لـــه فواروه ، فأصبحت الأرض قـد نبذته على وجهـا ! فتركـوه منبـوذا ! م ـ ١٠/٢٥٨ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پیاوێ بوو نەصرانیی بوو [لە بەنی نەججار •م] موسوڵمان بوو ، بەقەرەو ئـالی عیمرانی خـوێند • وەحیی بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەنووسیی ، بوەوە بـە نەصرانیی [هەڕای‌کرد تا ئیلتیحاقی کرد بە ئەهلی کیتاب پایەیان بەرزکردەوە، وتیان : ئەمە بۆ محمدی ئەنووسیی ، لایان عەجائیب بوو ، ئەوەندەی پێ نەچوو خوا ملی شکانو تۆپانی •م] دفنیان کرد ، کە سبەینێ بۆوە ئـەرز فڕێی‌دابوە دەرێ ! وتیان : ئەمە ئیشی محمدو ئەصحابیەتی کـــە لەوان هەڕای کرد قەبری رەفیقەکەمانیان هەڵداوەتەوەو فڕێیان‌داوەتە دەرێ • دووبارە بۆیان هەڵکەند زۆریان قووڵ کرد کە ســــبەینێ بـۆوە ئـەرز هاویتبوویە دەرێ ! وتیان : ئەمە فیعلی محمدو ئەصحابیەتی کە هەڕای‌کرد لێیان قەبرەکەیان هەڵداودتەوەو فڕێیان‌داوەتە دەرێ • سـێبارە بـۆیـان

هەڵکەند تا توانییان قەبرەکەیان بۆ قووڵ کرد ، کە سبەینێیان لێ بۆو ، ئەرز هاویتبوویە دەرێ ! ئەمجا زانییان کـە ئـەوە ئیشی ئینسان نیەو لـە طەرەفی خواوەیە ، فڕێیانداو بەو نەوعە بەجێیان هێشت !

سێ دەفعە ئەرزی بێ ڕۆح شەقبەرێتو مردوو فڕێداتە دەرێ هەر لە قودرەتی خوادایە !

لە موعجیزات ئەم میقدارە بەسە ،چونکی موعجیزە یەکجار زۆرە لە ئەکثەری ئەم بابانەی کە (إن شاء الله) لەمەولا ییێت زۆر موعجیزەیان تیـا هەیە • (مثلا) میعراج موعجیزەیە ، ئەشراطی ســـاعەت ، فیتەن هـەموو موعجیزەن ، لە حەدیثی هیجرەتا موعجیزەی سوراقەی تیایە ـ رضي الله تعـالی عنــه ـ

تــم[1] بحمد الله تعالی ما أردت أن أكتبه من معجزاته ـ عليه الصلاة والسلام ـ چارشەنبە ٩٤٠/٨/٧ ويليه معراجه ـ عليه الصلاة والسلام ـ•

(١) بە یارمەتیی خودا ئەوەی کە ویستم لە باســـــی موعجیزاتی پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بیٖنووسم تەواو بوو . چـوار شەنبەی ٩٤٠/٨/٧ باسی میعراجی بە شوێندا دێت .

معراجه ـ عليه الصلاة والسلام ـ

٨ / ٨ / ٩٤٠ پێنجشەنبە

١/٦٠٠ ـ عن أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] قال : كان أبوذر [رضي الله تعالى عنه] يحدث أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : فُرِج [فُتِح] عن سقف بيتي [بيت أم هانىء] وأنا بمكة فنزل جبريل [عليه السلام] فَفَرَج صدري ثم غسله بماء زمزم ، ثم جاء بطست من ذهب ممتلىء حكمة وإيمانا ، فأفرغه في صدري ، ثم أطبقه ، ثم أخذ بيدي فعرج =بي= إلى السماء الدنيا = فلما جئت إلى السماء الدنيا = قال جبريل [عليه السلام] لخازن السماء : افتح • قال : من هذا ؟ قال : جبريل • قال : هل معك أحد ؟ قال : نعم معي محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : أرْسِل إليه ؟ قال : نعم • فلما فُتِح علونا السماء الدنيا ، فإذا رجل قاعد على يمينه أسودة وعلى يساره أسودة ، إذا نظر قِبَل يمينه ضحك ، وإذا نظر قِبَل يساره بكى • فقال : مرحبا بالنبي الصالح والابن الصالح • قلت لجبريل : من هذا ؟ قال : هذا آدم [عليه السلام] وهذه الأسودة عن يمينه وشماله نَسَمُ بنيه ، فأهل اليمين منهم أهل الجنة ، والأسودة التي عن شماله أهل النار • فإذا نظر عن يمينه ضحك ، وإذا نظر قِبَل شماله بكى ، حتى عرج بي إلى السماء الثانية ، فقال لخازنها : افتح ، فقال له خازنها مثل ماقال الأول ففتح •

تەرجەمە :

ئەنەسی بنی مالیك ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : ئەبوذەڕ ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەیفەرموو : کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ فەرمووی : سەقفی خانوەکەمان [کە خانووی ئوموهانیئە ـ رضي الله تعالی عنها ـ] شەقیبرد من لە مەککە بووم ، جیبریل ـ علیه السـلام ـ لەوێوە هاتەخوارێ سنگی شەق کردم ، لە دواییا بە ئاوی زەمزەم شتی ، لە دواییا تەشتێکی ئاڵتوونینی هێنا پڕبوو لە حیکمەت و ئیمان ، کردیە ناو سنگمەوە [یەعنی دڵمەوە ، دڵیش لە ناو سنگایە (الماء في الکوز) تەشتی ئاڵتوونین و پڕبوونی لە حیکمەت و ئیمان کە ئومووری مەعقوولەن تەمثیلەو تەشبیهی مەعقوولە بە مەحسووس ، موراد وایە موعامەلەیێکی وای لەگەڵ قەلبی کردوە کە قوەتێکی وای تیا حاصل بوە بەو قـوەتـە ئیدراکی حیکمەت ئەکاو ئیمان و یەقینی کاملی تیا حاصل ئەبێ ، وەکوو چۆن ئێمە ئەڵێین :ئینسان بەیانیان مێوژ یا شتی شیرین بخوا ذیهنی تیـژ ئەبێ ، وەکووچۆن (لا مناقشة في التمثال) سـەعات قوڕمیش ئەکـرێ موتتەصلەمەن ئیش ئەکا ، موثبەت و مەنفیی ئەلەکتریق کەوتە یەك نـوورو ضیاو ئەنواعی حەرەکەتی لێ یێتە وجوود ، حەزرەتی جیبریلیش ـ علیـه الصلاة والسلام ـ لەگەڵ قەلبی شەریفی پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیـه والسلام ـ موعامەلەیێکی وای کـردوە کە قەلبی مـوبارەکـی قووەت و تەحەمولی ئەوەی ببێ کە لە قووەتی بەشەرا نەبێ] لە دواییا سـنگمی هێنایەوە یەك [دایخست و مۆری کرد کە غەیری ئەخلاقی حەمیدە ڕێـی هیچی تر نەبێ بچێتە ناوی] لە دواییا دەستی گرتم و بردمی بۆ ئاسـمانی دنیا ، کە هاتمە ئاسمانی دنیا ، جیبریل ـ علیه السـلام ـ بە خەزنەداری ئاسمانی فەرموو دەرگامان لێ وەکە ، خەزنەدار فەرمووی : ئەوە کێیە ؟ فەرمووی : جیبریلم ، فەرمووی : هیچ کەست لەگەڵ هەیە ؟ فەرمووی :

بەڵێ محمدم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەگەڵە • خازین فەرمووی : نێرراوە بە شوێنیا ؟ فەرمووی : بەڵێ • کـە دەرگاکە کرایەوە چـووینـە ئاسمانی دنیاوە پیاوێ دانیشتبوو بەعزێ شەخسی لای راستەوە بـوو ، بەعزێکی لای چەپەوە بوو =کە= تەماشای لای راستی ئەکرد پێئەکەنی، کە تەماشای لای چەپی ئەکرد ئەگریا [یا خوا هەر بۆمان پێکەنێ قـــەت بۆمان نەگری !] •

فەرمووی : مەرحەبا بێ لە پێغەمەرێکی صالیحو کوڕێکی صالحم • بەجیبریل ـ علیـه السـلام ـم وت : ئەم پیاوە کێیە ؟ فەرمووی : ئەوە حەزرەتی ئادەمە ـ علیه السلام ـ ئەوانەی لای راستو چەپیەوەیە ئەرواحی ئەولادی ئەون ، هی لای راستی ئەهلی بەهەشتن ، هی لای چەپی ئەهلی جەهەننەمن ، کە تەماشای لای راستی ئەکا پێئەکەنێ ، تەماشای لای چەپی ئەکا ئەگـری •

جیبریل ـ علیه السلام ـ سەریخستم بۆ ئاسـمانـی دوەم ، بـە خازینەکەی وت : دەرگاکەمان لێبکەرەوە ، خازینی ئاسمانی ئەوەڵ چ گفتوگۆیێکی لەگەڵ جیبریل ـ علیـه السـلام ـکرد ئەمیش کردی ، دەرگەکەمان لێ کرایەوە •

قال أنس [رضي الله تعالى عنه] فذكر أنه وجد في السماوات : آدم ، وإدريس ، وموسى ، وعيسى ، وإبراهيم ـ صلوات الله عليهم ـ ولم يُثبت كيف منازلهم ، غير أنه ذكر أنه وجد آدم في السماء الدنيا ، وإبراهيم في السـماء السادسة •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەبوذەڕ ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە ئاسمانەکانا:

ئادەم‌و ، ئیدریس‌و ، مووساو ، عیساو ، ئیبراهیمی دی ـ علیهم الصلاة والسلام ـ مەنزڵیانی کە لە چ ئاسمانێکا دیونی بەیان نەکرد، ئەوەندەی هەیە بەیانی ئەوەی کرد کە حەزرەتی ئادەمی ـ علیه السلام ـ لە ئاسمانی ئەوەڵا دی ، حەزرەتی ئیبراهیم ـ علیه السلام ـی لە ئاسمانی شەشەما دی • [لە حەدیثەکەی دواییدا ئەفەرموێ : حەزرەتی ئیبراهیم ـ علیه السلام ـی لە ئاسمانی حەوتەمادی ئیحتیمالی هـەیـە ، حەزرەتی ئیبراهیمی ـ علیـه السلام ـ لە پێشا لە ئاسمانی شەشەما پێکەیی بێ‌و لە دواییا لە ئاسـمـانی حەوتەمیشا دیبێتی] •

قال أنس [رضي الله تعالى عنه] فلما مر جبريل بالنبي ـ صلى الله تعالى عليهما وسلم ـ بإدريس [عليه السلام] قال : مرحبا بالنبي الصالح والأخ الصالح • فقلت : من هذا ؟ قال : هذا إدريس [عليـه السـلام] • ثم مررت بموسـى [عليه السـلام] فقـال : مرحبـا بالنبـي الصالـح والاخ الصـالـح ، قـلت : مـن هـذا ؟ قـال : هـذا موسى ، ثـم مررت بعيسى [عليه السلام] فقال : مرحبا بالأخ الصالح والنبي الصالح• قلت : من هذا ؟ قال =هذا= عيسى [عليه السلام ـ ثم في هـذا ليس للترتيب الحقيقي بل للترتيب الذكري] ثم مررت بإبراهيم [عليه السـلام] فقال : مرحبا بالنبي الصالح والابن الصالح • قلت : من هذا ؟ قال : هذا إبراهيم [عليه السلام] ح ـ ١/٣٧٤ ، ت ، ن ، م ـ ٢/٧٥ :

تەرجەمە :

ئەنەس ئەفەرموێ : کە حەزرەتی جیبریل پێغەمەری ـ صلی الله تعالی علیهما وسلم ـ بە لای حەزرەتی ئیدریسا رابوارد ، حەزرەتی ئـیدریس ـ علیه السلام ـ فەرمووی : مەرحەبا بێ لە پێغەمەرێکی صالح‌و براێکی صالح • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : لە جیبـریـل

ـ عليه السلام ـم پرسيى : ئەمە كێيە ؟ فەرمووى : ئيدريسە ـعليه‌السلام‌ـ پێغەمەرەكانى تريش بەو نەوعە مەرحەبايان لىَ‌كرد ، حەزرەتى ئيبراهيـم ـ عليه السلام ـ فەرمووى : مەرحەبا بێ لە پێغەمەرێكى صالح‌و برايێكى كـورێكى صـالـح •

قال ابن شهاب : فأخبرني ابن حزم [أبوبكر بن محمد بن عمرو بن حزم الأنصارى] أن ابن عباس وأباحبة [البدري ـ رضي الله تعالى عنهما] الأنصاري كانا يقولان : قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ثـم عُرِجَ بي حتى ظهرت لمستوى أسمع فيه صريف الأقلام • قال ابن حزم [بالسند عن شيخه] وأنس ابن مالك قـــال النبي ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ : ففرض الله على أمتي خمسين صلاة فرجعت بذلك حتى مررت على موسى [عليه الصلاة والسلام] فقال : ما فرض الله لك على أمتك ؟ قلت : فرض خمسين صلاة • قال : فارجع إلى ربك • فإن أمتك لا تطيق ذلـك فراجعني فوضع شطرها ، فرجعت إلى موسى [عليه السلام] قلت : وضـع شطرها ، فقال : راجع ربك فإن امتك لا تطيق ذلك ، فراجعت فـوضـع شطرها ، فرجعت إليه • فقال : ارجع إلى ربك فإن أمتك لا تطيق ذلك ، فراجعته فقال [جل وعلا] : هي خمس وهي خمسون ، لا يبـدل القـول لدي • فرجعت إلى موسى ـ عليه السلام ـ فقال : راجع ربك ، فقلت : استحييت من ربي ، ثم انطلق بي حتى انتهى بي إلى سدرة المنتهى ، وغشيها ألوان لا أدري ماهي ، ثم أدخلت الجنة فإذا فيها [جنابذ •م ، خ أخرى] حبائل اللؤلؤ وإذا ترابها المسك ح ـ ٣٧٦/١ ، م ـ ٧٨/٢ ، ت ، ن :

تەرجەمە :

ئـــەم حـەديثە لە تەتيمەى حەديثەكەى پێشەوەيە • ئيبنوشەهابى زوهريى ئەڵێ : ئەبوبەكرى ، كورِى محەمەدى ، كورِى عەمرى ، كورِى

حەزم خەبەری داومێ کە ئیبنوعەباس‌و ئەبوحەببەی ئەنصاریی ـ رضي الله تعالی عنهم ـ ئەیان‌فەرموو : پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ فەرمووی : لە دواییا برامە جێگەیێکی (مستوی) یەعنی بڵند ، لـەوێـدا گوێم لە جیڕەی قەڵەمی مەلائیکە بوو کە موقەددەراتی ئیلاهییان ئەنووسی. ئیبنوحەزم لەشێخیەوە ، ئەنەسی بنی مالیك لە ئەبوذەڕەوە ـ رضي الله تعالی عنه ـ ریوایەت‌ئەکەن فەرموویان : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ شەوو رۆژی پەنجا نوێژی لەسەر ئوممەتـم فەرزکرد . بەو ئەمرەوە گەڕامەوە تا بە لای حەزرەتی مووسا ـ علیـه السلام ـ ا رابوردم فەرمووی : خوا چی لەسەر ئوممەتەکەت فەرزکرد؟ وتم: شەوو رۆژی پەنجا نوێژ . فەرمووی : بگەڕێرەوە ئوممەتەکەت تاقـەتـی ئەوەیان نیە . گەڕامەوە بۆ حوضووری خـوا ، بەعزێکی لێ‌داشکێنرا ، گـەڕامـەوە بـۆ لای حـەزرەتی مووسـا ـ علیـه السـلام ـ وتـم : بەعزێـکی لێ داشـکێنرا . دیسـان ، دیسـان .. تـا لــە دەفعـەی ئـاخـریـدا خـوا فـەرمـووی : پێنـج نـوێـژە بـە پـەنجـا نوێژ حسێبە ، گەڕامەوە بۆ لای حەزرەتی مووسا . فەرمووی : بگەڕێرەوە بۆ حوضوور . وتم : [ئیتر] حەیام کرد لە خوای خۆم ، لە دواییـدا گەیێنرامە (سدرة المنتهی) گەلێ رەنگ دای‌پۆشیبوو نازانم چیە . لـە دواییدا برامە بەهەشتەوە کە دیم لە بەهەشتا قوببە [روایة]و ریشـووی [ریوایة] دوڕو مرواریی تیا بوو ، کە دیم گڵی میسك بوو ، یەعنی یا میسکی حەقیقیی بوو ، یا بۆنی وەك بۆنی میسك وابوو .

ئەبوحەببە ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە غەزای ئوحودا شەهید بوو ، نـە ئەبوبەکر نە باوکی کە محەمەدە نەیان‌دیوە . کە وابێ ئەم حـەدیثـە مونقەطیعە . بۆچی موسلیمیش‌و بوخاریش ریوایەتیان کردوە ؟ مومکین

نیه ئەبێسەنەدێکی تری موتتەصیلی ببێ ، گینا ئەوان غەیری حـەدیثـی صەحیح ریوایەت ناکەن •

٦٠١/٢ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : أتيت بالبراق وهو دابة أبيض طـويل فوق الحمار ودون البغل يضع حافره عند منتهى طرفه • قال : فركبته حتى أتيت بيت المَقْدِس ، قال : فربطته بالحلقة التي يربط به الأنبياء ، قال : ثم دخلت المسجد فصليت فيه ركعتين ، ثم خرجت فجاءني جبريل بإناء من خمر وإناء من لبن ، فاخترت اللبن ، فقال جبريل ـ عليه الســـلام ـ : اخترت الفطرة • قال : ثم عرج بنا إلى السماء ، فاستفتح جبريل ـ عليـــه السلام ـ فقيل : من أنت ؟ قال : جبريل • قيل : ومن معك ؟ قـــال : محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قيل : وقد بعث إليه ؟ قال : قـــد بعث إليه • ففتح لنا فإذا أنا بآدم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فرحَّب بي ودعا لي بخير • ثم عرج بنا إلى السماء الثانية ، فاســـتفتح جبريـل ـ عليه السلام ـ فقيل : من أنت ؟ قال : جبريل • قيـل : ومن معك ؟ قال : محمد • قيل : وقد بعث إليه ؟ قال : قد بعث إليه • قال : ففتـح لنا ، فإذا أنا بابني الخالة : عيسى بن مريم ويحيى بن زكـريا ، فرحَّبا بي ودَعَوَا لي بخير • ثم عرج بنا إلى السماء الثالثة ، فاستفتح جبريل ـعليه السلام ـ فقيل : من أنت ؟ قال : جبريل • قيل : ومن معك ؟ قال : محمد• قيل : وقد بعث إليه ؟ قال : قد بعث إليه • ففتح لنا ، فإذا أنا بيوسف [عليه السلام] إذا هو قد أعطي شطر الحسن • قال : فرحب بي ودعا لي بخير• ثم عرج بنا إلى السماء الرابعة • فاستفتح جبريل [عليه السلام] فقيل : من هذا ؟ قال : جبريل • قيل : ومن معك ؟ قال : محمد • قيل : وقـد بعث إليه ؟ قال : قد بعث إليه • ففتح لنا • فإذا أنا بإدريس [عليه‌السلام]

فرحب بي ودعا لي بخير • قال الله ــ عز وجل ــ: (ورفعناه مكانا عليا)[1] ثم عرج بنا إلى السماء الخامسة ، فاستفتح جبريل [عليه السلام] قيل : من هذا ؟ قال : جبريل • قيل : ومن معك ؟ قال : محمد [عليه الصلاة والسلام] قيل : وقد بعث إليه ؟ قال : قد بعث إليه • ففتح لنا ، فإذا أنا بهارون ــ عليه السلام ــ فرحب بي ودعا لي بخير ، ثم عرج بنا إلى السماء السادسة ، فاستفتح جبريل • قيل : من هذا ؟ قال : جبريل • قيل : ومن معك ؟ قال : محمد [عليه الصلاة والسلام] قيل : وقد بعث إليه ؟ قال : قد بعث إليه • ففتح لنا • فإذا أنا بموسى [عليه السلام] فرحب بي ودعا لي بخير • ثم عرج بنا إلى السماء السابعة ، فاستفتح جبريل ، قيل: من هذا ؟ قال : جبريل • قيل : ومن معك ؟ قال : محمد [عليه الصلاة والسلام] قيل : وقد بعث إليه ؟ قال : قد بعث إليه • ففتح لنا ، فإذا أنا بإبراهيم [عليه السلام] مسندا ظهره إلى البيت المعمور ، وإذا هو يدخله كل يوم سبعون ألف ملك لا يعودون إليه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ فەرمووی : بوراقم بۆ هێنرا ، بوراق حەیوانێکی سپیو درێژە لە بەینی گوێدرێژو ئێسترایە بە گەورەیی، چاوی تا کوێ بڕ ئەکا سمی لەوێ دائەنێ • سواری بووم تا چوومە (بيت المقدس) بوراقەکەم بەستەوە بەو حەلقەیەی کە پێغەمـــەران حـــەیوانـــی پێوەئەبەستن • لە دواییدا چوومە ناو مزگەوتەکەوە دوو رەکعەت نوێـــژم تیا کرد • لە دواییا هاتمەدەرێ • جیبریل ــ علیه السلام ــهات پیاڵەیـــێ شەرابو پیاڵەیێ شیری بۆ هێنام ، ئیختیاری شیرەکەم کرد • فەرمووی: ئیختیاری فیطرەتی سەلیمەت کرد لە دواییا فەرمووی : ســـەرخراین بـــۆ

(1) مـــريـــم / ٥٧ •

ئاسمان • جیبریل ـعلیه السلام ـوتی : دەر گاكەم لێ بكەنەوە • وتیان : تۆ كێی ؟ فەرمووی : جیبریلم • وتیان : كێت لەگەڵە ؟ فەرمووی : محمـد ـ صلی الله تعالی علیـــه وســـلم ـ • فەرموویان : نێرراوە بە شوێنیا ؟ فەرمووی : نێرراوە • دەرگامان لێ‌كرایەوە • بە ئادەم ـ علیه السلام ـ گەیین ، مەرحەبای لێ‌كردم ، دۆعای خێری بۆ كردم • ئیتر بەم تەرتیبـە بۆ هەموو ئاسمانەكان تەشریفیان ســەركەوت لـە هەموو ئاســمانێ ئـــەم سوئاڵو جوابەیان لێ كرا ، پێی ناوێ هەمووی تەرجەمـە بكەم • لـــە ئاسمانی دوەمدا حەزرەتی عیساو یەحیای لێ‌بوو ، لە ئاسمانی سێیـەمـا حەزرەتی یوسفی لێ‌بوو ،نیوەی جوانیی مەخلووقاتی پێ عەطا كرابوو • لە ئاسمانی چوارەما حەزرەتی ئیدریسی لێ بوو ، لە ئاسمانی پێنجـەمـا حەزرەتی هاروونی لێ بوو ، لە ئاسمانی شەشەما حەزرەتی مووسای لێ بوو ، لە ئاسمانی حەوتەما حەزرەتی ئیبراهیمی لێ بوو ، پاڵی دابوەوە بە (بیت المعمور)ەوە ـ علیهم الصـــلاة والسلام ـ بەیتولمەعموور كوللی رۆژێ حەفتا هەزار مەلائیكە ئەچنە ناویەوە دەفعەیێكی تر ناچنەوە ناوی •

ثم ذهب بي إلى السدرة المنتهى ، وإذا ورقـها كـأذان الفيلة ، وإذا ثمرها كالقلال ، فلما غَشِيها من أمر الله ماغَشِيَ تغيرت ، فما أحد من خلق الله يستطيع أن ينعتها من حســنها ، فأوحى إلي ما أوحى ، ففرض علي خمسين صلاة في كل يوم وليلة ، فنزلت إلى موسى [عليـه السلام] فقال : مافرض ربك على أمّتك ؟ قلت : خمسين صلاة • قال : ارجـع إلى ربك فاسأله التخفيف ، فإن أمتك لا يطيقون ذلك ، فإني قد بلوت بني إسرائيل وخبّرتهم • قال : فرجعت إلى ربي فقلت : يا ربي خفف على أمتي فحطّ عني خمسا • فرجعت إلى موسى فقلت : حطّ عني خمسا • قال : إن أمتك لا يطيقون ذلك • فارجع إلى ربك فاسألـه التخفيف •

قال : فلم أزل أرجع بين ربي تبارك وتعالى وبين موسى ـ عليه السـلام ـ حتى قال : يا محمد إنهن خمس صلوات كل يوم وليلة ، لكل صلاة عشر فذلك خمسون صلاة • ومن همّ بحسنة فلم يعملها كتبت له حسنة ، فـإن عملها كتبت له عشرا ، ومن هم بسيئة فلم يعملها لم تكتب شيئا ، فإن عملها كتبت سيئة واحدة • قال : فنزلت حتى =انتهيت إلى= موسى ـ عليه السلام ـ فأخبرته فقال : ارجع إلى ربك فاسأله التخفيف • فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: فقلت : قد رجعت إلى ربي حتى استحييت منـه م ـ ٢/٦٦ :

تەرجەمە :

لە دواییا برام بۆ (سدرة المنتهی)گەڵای وەکوو گوێی فیل وابـوو • بەری وەکوو جەڕڕە وابوو ، کە لە طەرەفی خواوە شتێکی درا بە سەراو داپۆشیی هیچ کەس نیە لە مەخلووقی خوا کە بتوانێ تەعریفی جوانیی بکا ئەوەندە جوان بوو • خوا ـ عز وجل ـوەحی ئەوەی کردمێ کە وەحـی کرد ، پەنجا نوێژی لەسەر فەرزکردم لە کوللی رۆژو شەوێکا ، هـاتمـە خوارێ لای مووسا ـعلیە السلامـپرسیی : خوا چی لەسەر ئوممەتەکەت فەرزکرد ؟ وتم : پەنجا نوێژ • فەرمووی : بگەڕێرەوە طەلەبی لێ بکە کە لەسەریان سووك بکا ئوممەتی تۆ تاقەتی ئەوەیان نیە • من بەنیئیسرائیلم زۆر تەجرەبە کردوە • فەرمووی : گەڕامەوە عەرزی بارەگای خوام کرد: کـە یـاڕەبـی تـەکلیف لـەســەر ئوممـەتـەکەم ســووك بکـە • پێنـج نـوێـژی لەســەر ســووك‌کردن • گــەڕامــەوە بـۆ لای مووســا ـ علیـە الســلام ـ خەبەرم‌دایـە • فـەرمووی : بگەڕێرەوە بۆ حوزوور طەڵـەبی تـەخفیفی =لێ= بکە • ئیتر بەم نەوعە هەر لە بەینی خوا ـ جل شأنە ـو مووسا ـ علیە السلام ـا هاتوچۆم کرد تـا خــوا فەرمووی : ئەی محمد نوێژ پێنجە لــە کوللی رۆژو شـەوێکا ، هـەر نوێژی بە دە نوێژ حسێبە ، ئەوە پەنجا نوێژ ، هەرکەسێ قەصدی شتێکی

خێر بکاو نەیکا خێرێکی بۆ ئەنووسم ، ئەگەر کـردی دە خێـری بـــۆ ئەنووسم • هەرکەسێ قەصدی خراپەیێ بکاو نـــەیکا هیچی لەســــەر نانووسم ، ئەگەر کردی گوناهێکی لەسەر ئەنووسم • فەرمووی : لـــە حوضووری بارەگا هاتمە خوارێ تا هاتمە لای مووسا ـ علیـه الصـلاة والســلام ـ خەبەرم دایێ ، فەرمووی : بگەڕێرەوە لای حەزرەتی رەببت طەلەبی تەخفیفیی لێ بکە • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وســـلم ـ فەرمووی : وتم : ئەوەندەم موراجەعەی بارەگا کرد تا حەیا گرتمی •

ئێمە پێنج نوێژ ناکەین ئەگەر پەنجا بوایە چیمان ئەکرد ؟! (جـزی عنا نبینا محمدا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وموسی ـ علیه الصـلاة والسلام ـ جزاء یلیق بشأنهما عند الله ـ عز وجل ـ) •

٣/٦٠٢ ـ عن قتادة عن أنس بن مالك، عن مالك بن صعصعة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن نبي الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حدثهم عن ليلة أسري به• قال : بينما أنا في الحطيم [أي في الحجر] وربما قال في الحجر [شـك قتادة] مضطجعا إذ أتاني آت فقَدَّ قال وسمعته [أي أنسا] يقول : فشق مابين هذه إلى هذه ، فقلت للجارود ، وهو إلى جنبي : مايعني به ؟ قال : من ثُغْرةِ نحره إلى شِعْرته • وســـمعته يقـول : من قَصَّته [رأس صدره] إلى شِعْرته =فاستخرج قلبي= ثم أتيت بطست من ذهب مملوأة إيمانا ، فغُسِل قلبي ، ثم حُشِيَ ، ثم أعيد ، ثم أتيت بدابة دون البغل وفوق الحمار أبيض • فقال له الجارود : هو البراق يا أبا حمزة ؟ قـــال أنس : نعم ، يضع خطوه عند أقصى طَرْفه ، فَحُمِلت عليه ، فانطلـق بي جبريل حتى السماء الدنيا فاستفتح ، فقيل : من هذا ؟ قال : جبريل قيل : ومن معك ؟ قال : محمد • قيل : وقد أرسل إليه ؟ قال : نعم • قيل : مرحبا به فنعم المجيء جاء ، ففتح • فلما خَلَصْتُ فإذا فيها آدم

[علیه السلام] فقال : هذا أبوك آدم ، فسلم علیه • فسلمت علیه فـرد السلام ، ثم قال : مرحبا بالابن الصالح والنبي الصالح :

تەرجەمە :

ئەنەسی بنی مالیك لە مالیكی بنی صەعصەعەوە ریوایەت ئەكا ـ رضي الله تعالی عنهما ـ كە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بەحثی لە شەوی میعراج بۆ ئەكردن ، فەرمووی : لە حەطیما راكشابووم ، یەكێك هـات بەینی ئێرەو ئەوێمی شەق‌كرد • قەتادە ئەڵێ : جاروودم لە تەنیشتەوە بوو لێم پرسی : مەقصوودی ئەنەس ، یا هی پێغەمەر ـصلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەمە كە فەرمووی مابەینی ئێرەم تا ئەوێم چیە ؟ ئەنەس فەرمووی : لـــە چووڵەمەی سنگییەوە تا مووی (ظهار)ی[1] دڵی دەرهێنام تەشـــتێكی ئاڵتوونینی پڕ لە ئیمانم بۆ هێنرا ، دڵم شۆررا پڕكرا لە ئیمانو حیكمەت • لە دواییا خستیەوە جێی خۆی • لە دواییدا حەیوانێكیان بۆ هێنام لە ئێستر بچكۆلەتر لە گوێدرێژ گەورەتر بوو ، چاری تا كوێ بڕیەكرد سمی لەوێ دائەنا • جاروود لە ئەنەسی پرســـی : ئەو حەیوانە بوراق بوو ؟ ئەنەس فەرمووی : بەڵێ سواری‌كرام • جیبریل ـ علیه الصلاة والسلام ـ بردمی تا ئاسمانی دنیا • فەرمووی : دەرگاكەم لێ‌بكەنەوە • پرسییان : ئـەوە كێیە ؟ فەرمووی : جوبرەئیلە • پرسییان : كێـــت لەگەڵە ؟ فەرمووی : محمد • پرسییان : نێرراوە بەشوێنیا ؟ فەرمووی : بەڵێ • فەرموویان : مەرحەبای لێ بێ • چ هاتنێكی باشـــە هاتنەكەی ئـــەو • هـات خازین دەرگاكەی كردەوە ، كە گەیمە ئەوێ تەشریفی حەزرەتی ئـادەم ـ علیـە السلام ـی تیابوو • جوبرەئیل فەرمووی : ئەمە حەزرەتی ئادەمی باوكتە

(١) واتـە : تـا مووی بەری •

سەلامی لێ بکە ، سەلامم لێکردو ســــەلامی سەندمەوە ، فەرمووی : مەرحەبا بێ لە کوڕێکی صالحو پێغەمەرێکی صالح •

ثم صعد [بي] حتى أتى السماء الثانية فاستفتح • قيل : من هـذا ؟ قال : جبريل • قيل : ومن معك ؟ قال : محمد • قيل : وقد أرسل إليه ؟ قال : نعم • قيل : مرحبا به فنعم المجيء جاء • ففتـــح فلـما خَلَصت [وصلت] إذا يحيى وعيسى [عليهما السلام] وهما ابنا الخالة(١):

پوورزای یەکن چونکە حەنەی دایکی مریەمو ژنـــی عیمران لەگەڵ ئیشاعی ژنی حەزرەتی زەکەریا هەردوکیان کچـــی فاقووذن • کـــە وابێ حەزرەتی یەحیا ـ علیه السلام ـو دایکی حەزرەتی عیسا ـ علیه السلام ـ پوورزای یەکن ، بەو واسیطە خۆیشیان ئەبن بە پوورزای یەك •

قال : هذا يحيى وعيسى فسلِّم عليهما ، فسلمت عليهما فردَّا ، ثم قالا: مرحبا بالأخ الصالح والنبي الصالح • ثم صعد بي إلى الســـماء الثالثـــة فاستفتح ، قيل : من هذا ؟ قال : جبريل • قيل : ومن معك ؟ قـــال : محمد • قيل : وقد أرسل إليه ؟ قال : نعـم • قيل : مرحبا بـه فنعـم المجيء جـــاء :

چ هاتنێکی باشە ئەو هاتنەی کە ئەو هاتوە • (ففتح فلما خلَصْت): کە لە رێی ئەو ئاسمانە خەلاص بوومو چوومە ناوی •

إذا يوسف [عليه السلام] قال : هذا يوسف فسلِّم عليه ، فســلمت عليه ، فردَّ ثم قال : مرحبا بالأخ الصالح والنبي الصالح ، ثم صعد بي حتى أتى السماء الرابعة ، فاستفتح ، قيل : من هذا ؟ قـال : جبريـل ، قيل : ومن معك ؟ قال : محمد • قيل : أو قد أرسل إليه ؟ قال : نعم•

---

(١) دانــەر ـــخـ ســـەرەتای ئەمپارچەی تەرجەمە نەکرد ؛ چونکــە وەك پارچە پێشوەکە وایــە .

قيل : مرحبا به فنعم المجيء جاء ، ففتح . فلما خلصت إلى إدريس قال : هذا إدريس [عليه السلام] فسلّم عليه ، فسلمت عليه فرد ، ثم قـــال : مرحبا بالأخ الصالح والنبي الصالح :

نەیفەرموو ئیبنی صالح ؛ چونکە ئیدریس ـ علیه السلام ـ لە باپیرانی پێغەمەر نیە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـو باپیری حەزرەتی نـووح نیە ـ علیه السلام ـ .

ثم صعد بي حتى أتى السماء الخامسة فاستفتح ، قيل : من هـــذا ؟ قـــال : جبريل . قيـــل : ومن معـــك ؟ قـــال محمـــــد ـ صـــلى الله تعـــالى عليـــه وســـــلم . قيـــل : وقـــد أرســـــل إليـــه ؟ قال : نعم . قيل : مرحبا به فنعم المجيء جاء . فلما خلصت فإذا هارون [عليه السلام] قال : هذا هارون فسلم عليه ، فســـلمت عليه . فرد ثـم قال : مرحبا بالاخ الصالح والنبي الصالح . ثم صعد بي حتى أتى السماء السادسة ، فاستفتح ، قيل : من هذا ؟ قال : جبريل . قيل [و. ذر] من معك ؟ قال : محمد . قيل : وقد ارسل إليه ؟ قال : نعم . قال : مرحبا به فنعم المجيء جاء . فلما خلصت فإذا موسى [عليه السلام] قال : هـــذا موسى فسلّم عليه . فسلمت عليه ، فرد ثم قال : مرحبا بالأخ الصـــالح والنبي الصالح ، فلما تجاوزت بكى . قيل له : ما يبكيك ؟ قال : أبكي لأن غلاما بعث بعدي يدخل الجنة من أمته أكثر من يدخلها من أمتي :

تەرجەمە :

کە لە حەزرەتی مووسا ـ علیه السلام ـ تێپەڕ بووم حەزرەتی مووسا گریا ، لێیپرسرا : بۆچی ئەگریت ؟ فەرمووی : ئەگریم چونکی غولامێ لە دوای من نێرراوە بە پێغەمەریی لە ئوممەتی من ، زیاتر لە ئوممەتی ئەو ئەچێتە بەهەشتەوە . [ئەمە لە حەزرەتی مووســـا ـ علیه الســـلام ـەوە حەسەد نیە ، حاشا هەموو پێغەمەران لە حەسەدەوە دوورن . ئەمـە هەم

غيبطەیەو عیبطە دروســـتە • هەم ئەســـەفە بۆ ئەمە کە ئەجری پێغەمەران ـ علیهم صلوات الرحمن ـ بە قەد ئەجری ئوممەتیانە ، تا ئوممەتی زیاتـر بێ‌ئەجری زیاتر ئەبێ ، بەوە کە ئوممەتی کەمترە لە ئوممەتی پێغەمەری ئێمە ـ علیه الصلاة والسلام ـ ئەجری کەم ئەبێ ، بۆ ئەوە گریاوە] •

ثم صعد بي إلى السماء السابعة فاستفتح جبريل • قيل : من هذا ؟ قال : جبريل • قيل : ومن معك ؟ قال : محمد • قيل : وقد بعث إليه ؟ قال : نعم • قال : مرحبا به ، فنعم المجيء جـــاء • فـلما خلصت فإذا إبراهيم ـ عليه السلام ـ قال : هذا أبوك فسلِّم عليه =قال= فسلمت عليه فردَّ السلام قال : مرحبا بالابن الصالح والنبـي الصالح • ثم رفعت لـي سدرة المنتهى • فإذا نبقها مثل قلال هَجَر ، وإذا ورقها مثل آذان الفيلة• قال : هذه سدرة المنتهى ، وإذا أربعة أنهار : نهران باطنان ، ونهـــران ظاهران • فقلت : ماهذان ياجبريل ؟ قال : أما الباطنان فنهران في الجنـة [السلسبيل والكوثر] وأما الظاهران فالنيل والفرات ، ثم رفـع لي البيت المعمور ، ثم أتيت بإناء من خمر =وإناء من لبن= وإناء من عسل، فأخذت اللبن • فقال : هي الفطرة [التي • ذر] أنت عليها وأمتك • ثـم فرضت عليَّ الصلوات خمسون صلاة كل يوم ، فرجعت فمررت على موســـى • فقال : بما أمِرْتَ ؟ قال : امرت بخمسين صلاة كل يوم • قـــال : إنّ أمتك لا تستطيع خمسين صلاة كل يوم • وإني والله قد جربت الناس قبلك وعالجت بني إسرائيل أشد المعالجة ، فارجع إلى ربك فاسـألـه التخفيف لأمتك • فرجعت فوضع عني عشرا :

تەرجەمە :

لە دوایيا سیدرەتی مونتەهام بـــۆ دەرخرا ، بەری وەکو جەڕڕەی هەجەر بوو ، گەڵای وەك گوێی فیل بوو ، فەرمووی : ئەمە (ســـدرة المنتهى)ایە • تێفکریم چوار نەهری لە بن ئەهاتەدەرێ ، دوو نەهری لـە

باطینەوە دوو نەهری لە ظاهیرەوە بوو • وتم ئەی جیبریل ئەم نەهرانە چین؟ فەرمووی : دوو نەهرە باطینیی‌یەکـە : دوو نـەهـرن لـــە بەهـەشـتان ، دوو نەهرە ظاهیرییەکە نیلەو فوراتە • لە دواییا (بیت المعمور)م بۆ دەرخرا، لە دواییا پیاڵەیێ شـــەراب‌و پیاڵەیێ شـــیرو قاپێ هەنگوینیان بۆ هێنام • شیرەکەم وەرگرت ، جیبریل فەرمووی : ئەو پیاڵە شیرە فیطرەتی ئیسلامییە کە تۆو ئوممەتتی لەسەرن • لە دواییا هەر رۆژێ پەنجا نوێژم لەســـــەر فەرزکرا ، گەڕامەوە بە لای حەزرەتی موسا ـ علیه السلام ـا رابوردم ، فەرمووی : ئەمرت بە چی پێ‌کراوە ؟ وتم : ئەمرم پێ‌کراوە رۆژی بە پەنجا نوێژ • فەرمووی : ئوممەتی تۆ رۆژی تاقەتی پەنجا نوێژیان نیە ، وەڵلاهی من لە پێش تـۆدا ئینســـانم تەجرەبـــە کـــردوە ، زۆرم زەحمەت لەگەڵ بەنی‌ئیسرائیلا کێشاوە ، موراجەعەی خوای خۆت بکە ، طەلەبی تەخفیفی لێ بکە بۆ ئوممەتەکەت • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی: موراجەعەتم‌کرد دە نوێژی بۆ داشکانم •

فرجعت إلى موسى فقال مثله فرجعت فوضع عني عشرا ، فرجعت إلى موسـى ، فقـال مثلـه ، فرجعت فوضـع عني عشـرا ، فرجعت الى موسى فقـال مثلـه ، فرجعت فأمِرت بعشر صلوات كـل يـوم ، فـرجعت فقـال مثله ، فرجعت فأمرت بخمس صلوات كل يوم ، فرجعت إلى موســـى ، فقال : بما أمِرت ؟ (بە چی ئەمرت پێ کـرا ؟) قلت: أمِرتُ بخمس صلوات كل يوم : (وتم : رۆژی بە پێنج نوێژ ئەمرم پێ کرا) قـال : إن أمتك لا تستطيع خمس صلوات كل يوم ، وإني قد جربت الناس قبلك ، وعالجت بني إسرائيل أشد المعالجة ، فارجع إلى ربك فاســـأله التخفيف لأمتك (تەرجەمەی رابورد) قال : سألت ربي حتى استحييت ، ولـكن أرضى وأسَلّم • قال [عليه الصلاة والسلام] : فلما جاوزت ناداني مناد : أمضيت فريضتي ، وخففت عن عبادي ح ـ ١٩٦/٦ :

تەرجەمە :

وتم : زۆرم طەلەبکرد لە خوا ـ عز وجل ـ ئەوەندەم لێ طەلەب کرد تا حەیا گرتمی، (لكن)بەوە رازیی ئەبم‌و =خۆم= تەسلیمی ئەمری ئەکەم• کە لای حەزرەتی مووسا تێپەڕ بووم مونادییێ بانگی کردم : کە فەرزی خۆمم کە عیبادم پێی موکەللەف کردوە ئیمضا کرد ، هیچ زیادی‌و کەمی نیە ، لە عیبادی خۆیشم تەکلیفم سووك کرد •

لە موسلیما م ـ٢/٨٢ بە موختەصەریی ئەم حەدیثە هەیە • لە ئەوەڵیەوە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : لە وەختێکا کە لە لای بەیتەوە نوستبووم لـە بەینی خـــەوو بێداریيا بـــووم گوێم لێ بوو یەکێ ئەیوت : یەکێ لەو سیانە کـــە لـــە بەینی دوانایە منیان بـــرد ، تەشتێکی ئاڵتوونینیان بۆ هێنام ئاوی زەمزەمی تیا بوو ••• (الـــخ) بەحثی پیاڵەی هەنگوینی تیا نیە ، ئەوەی تیایە شیرەکەم ئیختیار کرد پێیان‌وتم : ئیصابەتت کرد ، بە واسیطەی تۆوە خوا ئوممەتەکەت موصیب بکا ، ئەوەیشی کـــە (بیت المعمور) رۆژی حەفتا هەزار مەلائیکەی ئەچێتە ناوەوەو کە هاتنەدەرێ ئیتر عەودەت ناکەنەوە ناوی =تیا نیە= • ئەوە ئاخری ئەوەیە کە ئەوانـــی لەسەرن ، یەعنی چوونە ناو (بیت المعمور)ەوەیان‌و عەوەدەت نەکردنەوەیان ئاخری حاڵی ئەو مەلائیکەتانەیە •

ئەم سێ حەدیثە لە حەدیثی میعراج بەسە • دەلالەت ئەکەن لە ســــەر ئەوە کە :

ئیستیذان‌کردن سوننەتە •

ئەوانەی کە ئیستیذان ئەکەن ئەبێ تەواو تەحقیقی حاڵیان بکرێ ئەمجا ئیذن بدرێن •

سەلام سوننەتە جوابی فەرزە •

دۆعای خێر بۆ ئەقران سوننەتە •

ڕێگەپێنیشاندان سونەتە •
موراعاتی ئەحواڵی تەبعە لازمە •
رجاو ئیلتیماس بۆ ژێردەستە سونەتە •
پێنج نوێژ فەرزە کەم نابێو زیاد نابێ •
شیرو هەنگوین ئەفضەلی طەعامن •
شیر لە هەنگوین ئەفضەلترە •

لەم حەدیثانە وا دەرەکەوێ کە دوو دەفعە شیرو شەرابیان بۆ هێنابێ ؛ دەفعەیێ لە (بیت المقدس) دەفعەیێ دوای چوونی بۆ (بیت المعمور)و پێش فەرزبوونی نوێژ • دەفعەی دوایـــی هەنگوینی عەلاوەکراوە • دەلالەت لەسەر ئەمە ئەکەن کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بـێ واسیطە تەکەللومی لە حوزووری ذاتی ئەقدەسا فەرموە ، ذاتی ئەقدەسیش بـــێ واسیطە تەکەللومی لەگەڵ حەزرەتی حەبیبی خۆیـــا کردوە ، ئەمما خوای دبوە ؟ یا نەیدیوە مەعلووم نیە •

بوراق دیارە کە هەڕا ناکـــا • حەزرەتی جیبریلو حەزرەتی پێغەمەر ـ علیهما الصلاة والسلام ـ بەجێ ناهێڵێ • بۆچی بەستیەوە ؟ بۆ تەعلیمـی ئوممەتە کە ئیهتیمام بکەن بـــە حیفظی ماڵـــی خۆیان (اعقل وتوكّل)[١] بەهەشت مەخلووقە ئەلئان مەوجوودە ، لە ئاسمانی حەوتەمە • ئەگونجـێ مادەی نیلو فورات لە بەهەشتەوە بێ • میعراج جیسمانیە •

٦٠٣/٤ ـ ابن عباس [رضي الله تعالی عنهما] قال : قال رســول الله ـ صـلی الله تعـــالی علیـــه وســـــلم ـ : مررت لیلـة أســـــري

---

(١) مەبەستی ئەو حەدیثەیە کە عەرەبێك وتی : وشترەکەم بەرەڵا ئەکەمو تەوەکول بەخوا ئەبەستم . پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : وشترەکەت ئەشکێڵ بکە ئەوسا تەوەکول بکە .

بـي على مـوســـى بـن عمـــران [عليـــه الســـلام] رجـــل آدم طـوال جعد كأنه من رجال شنوءة [قبيلة] ورأيت عيسـى بن مريـم [عليهما الســـــلام] مربوع الخلق إلى الحمـرة والبياض سَبْطَ الرأس [بفتحتين ، أو فتح فكسر ، أو كسر فسكون ، أو فتح فسكون •لغات] وأري مالكا خازن النار والدجال في آيات أراهن الله إياه (فلا تكن في مرية من لقائه)(١)قال : كان قتادة يفسرها ان نبي الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قد لقي موسى ـ عليه السلام ـ م ـ ٨٧/٢ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ =ئەفەرموێ= : شـــەوی میعـــراج بـە لای حەزرەتی مووسادا رابوردم ، پیاوێکی گەندم گوون بوو ، درێژ بوو ، کەڵەگـەت بوو ، مووی سەری لوول بوو ، وەك پیـــاوی قەبیلەی شەنۆئە بوو ، چاوم بە عیسا کەوت ، چوارشانەو تێکسمراو بوو ، نـــە درێژ نە کورت بوو • مووی سەری صاف بوو ، مالیکی ئاگرموانـی جەهەننەمم پێنیشان درا ، دەججالم پێنیشاندرا لەگەڵ چەند ئایەتێ کە خوا پێنیشـــانی دا • راویی ئەڵێ : خوا فەرموویەتی : شوبهەت نەبێ لەمەدا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەگەڵ حەزرەتی مووسادا مولاقاتی بوە • قەتادە ئایەتەکە وا تەفسیر ئەکاتەوە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وســـلم ـ مولاقیی حەزرەتی مووسا بـوە •

٥/٦٠٤ ـ عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : بينا أنا نائم أطـوف بالكعبة فـإذا رجل آدم سبط الشعر ينطف أو يهراق رأسه ماء • قلت : من هـذا ؟ قـالوا : ابن مريم • ثم ذهبت ألتفت فإذا رجـل جسـيم ، أحمر ، جعـد

(١) الســجدة / ٢٣ .

الرأس ، أعور العين ، كأن عينه عنبة طافية [بارزة] قالوا : هذا الدجال أقرب الناس به شبها ابن قطن رجل من خزاعة ح ـ ٢٠١/١٠ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لە وەختێكا كە نوستبووم [خۆمم دی] طەوافی كەعبەم ئەكردكەچی پیاوێكی گەنمگوون لەوێ بوو ، مووی سەری صاف بوو ، ئاوی لەسەر ئەتكا [ئەوەندە موویێكی پاكو جوانی بوو] وتم : ئەوە كێیە ؟ وتیان : ئەوە ئیبنومەریەمە. لە پاشا ڕۆییم تەماشای ئەملاو ئەولام ئەكرد ، كە تێفكریم پیاوێكی زەلامو ، سوورو ، مووگرژو لوول ، چاوی وەك بۆلەترێ هەڵتۆقیوو بەرزبووبووەوە .. لەوێ بوو ، وتیان : ئەوە دەججالە ، ئەوی زۆر بەو بشوبهێ ئیبنوقەطەنە كە پیاوێكە لە خەزاعە .

٦٠٥/٦ ـ عن أبي العالية عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : سرنا مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بين مكة والمدينة فمررنا بواد ، فقال : أي واد هذا ؟ فقالوا : وادي الأزرق . فقال: كأني أنظر إلى موسى ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فذكر =من= لونه وشعره شيئا لم يحفظه داود [أحد الرواة] واضعا أصبعيه في أذنيه ، له جؤار إلى الله (رفع الصوت) بالتلبية ، ماراً بهذا الوادي . قال : ثم سرنا حتى أتينا على ثنية ، فقال : أي ثنية هذه ؟ قالوا : هَرْشى ، أو لَفْت [وبفتحتين] فقال : كأني أنظر إلى يونس [عليه السلام] على ناقة حمراء عليه جبة صوف خِطام ناقته ليف خلبة ، مارا بهذا الوادي ملبيا م ـ ٨٩/٢ .

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : لە خدمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەڕۆیین لە بەینی مەككەو مەدینەدا

به لای دۆڵێکا ڕۆیین فەرمووی : ئەمە چ دۆڵێکە ؟ وتیان : ئەمە دۆڵـی ئەزرەقە • فەرمووی (کأنە)تەماشای حەزرەتی مووسا ئەکەم ـ علیه الصلاة والسلام ـ ئەبولعالیە ذیکری ڕەنگو مووی کرد • داود حیفظی نەکردوە دوو پەنجەی نابوە ناو هەردوو گوێیەوە بە دەنگی بەرز (لبیك)ی ئەکرد دەنگی بۆ درێژ ئەکردەوەو بەم دۆڵەدا ئەڕۆیی • فەرمووی : لە دوایـا ڕۆیین تا هاتینە پێچێکەوە • فەرمووی : ئەم پێچە چ پێچێکە ؟ وتیان : هەرشایە ، یا لەفتە • فەرمووی • (کأنە) تەماشای (یونس) ـعلیه السلامـ ئەکەم لەسەر وشترێکی سوور ، جبەیێکی خوریی لەبەرا بوو ، مەهاری وشترەکەی لە پووشی خولبە بوو ،بەم شیوەدا ئەڕۆیی •

عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : أتيت وفي رواية هداب : مررت على موســى [عليه السلام] ليلة أسري بي عند الكثيب الأحمر وهو قائم يصلي فــي قبــره م ـ ٩/٢٤٧ •

تەرجەمە :

ئەنەس ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی: لەو شەوەدا کە ئیسرام پێ‌کرا بە لای حەزرەتی مووسادا رابوردم لـە لای کەثیبی ئەحمەرەوە [گردی لمی سوور] راوەستابوو نوێژی ئەکرد لـــــە قـەبـرەکـەیا •

ئەنبیا زیندوون ئارەزووی چییان بێ‌و چییان لە لا خۆش بێ ئەیکەن، یا موکەللەفیش نەبن‌بە عیبادەت (وجوه يومئذ ناضرة إلى ربها ناظرة) لـە حوضووری ئەقدەسی ئیلاهییا وەستان لە هەموو نیعمەتی دنیاو ئاخیرەت بـەلەذەتتـرە •

٦٠٦/٧ ـ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : عرض علي الأنبياء فإذا موسى ـ عليه السلام ـ ضَرب من الرجال [خفيف اللحم ليس بضخم ولا ضعيف] كأنه من رجال شنوأة • ورأيت عيسى بن مريم ـ عليهما السلام ـ فإذا أقرب من رأيت =به= شبهًا عروة بن مسعود • ورأيت إبراهيم ـ عليه السلام ـ فإذا أقرب من رأيت به شبها صاحبكم ـ يعني نفسه ـ ورأيت جبريل ـ عليه السلام ـ فإذا أقرب من رأيت به شبها دَحْية • وفي رواية ابن رمح : دحية بن خليفة م ـ ٢/٩٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسـلم ـ فەرمووی : پێغەمەرانم پێنیشاندرا ،مووسا ـ عليه السلام ـ پیاوێ بوو نە گۆشتنی زۆر گۆشتن نە زەعیف بوو ، (كأنه) لە پیاوانی قەبیلەی شەنۆئە بوو • حەزرەتی عیسا ـ عليه السلام ـ مدی لەوانەی کە دیومن بە عوروەی بنی مەسعوود زیـاتـر ئەشوبها • حەزرەتی ئیبراهیم ـ عليه السلام ـ مدی زیاد لە هەموو کـەس بەرەفیقی ئێوە کە منم ئەشوبها • حەزرەتی جیبریل ـ عليه السلام ـ م دی زیاد لەوانەی کە دیومن بە دەحیەی کوڕی خەلیفە ئەشوبها [یەعنی لە صوورەتی بەشـەریدا] •

٦٠٧/٨ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [ليلة •خ] حين أسري بي[رأيت •خ] لقيت موسى عليه‌السلام ـ فنعته النبي ـ صلى‌الله‌تعالى‌عليه‌وسلم ـ فإذا رجل‌حسبتُهُ [ضرب خ بلا شك] قال مضطرب : رَجِل الرأس كأنه من رجال شنوءة • قال : [ورأيت •خ] ولقيت عيسى [عليـه السـلام] فنعته النبي ـ عليه السلام ـ فإذا ربعة أحمر كأنما خرج من دِيماس ؛ يعني حماما • قـال :

ورأيت إبراهيم ـ عليه السلام ـ وأنا أشبه وُلْدِه به • قـال : فـأتيت بإناءين في أحدهما لبن وفي الآخر خمر [فقال : اشرب • خ] فقيل لي : أيهما شئت ، فأخذت اللبن فشربته • فقال : [أخذت خ بلا شك] هديت الفطرة ، أو أصبت الفطـــرة • أما إنـك لو أخـذت الخمر غـوت أمتك
ح ـ ٥/٣٧٤ ، م ـ ٢/٩٣ ، ت •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : لەو شەوەدا کە ئیسرام پێ کرا حەزرەتی مووسا ـ علیه السلام ـم دی ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وەصفی کرد فەرمووی : پیاوێ بوو میانە ؛ نـە قەڵەو نە زەعیف ، مووی سەری وەك بە شانە داهاتبێ رێكو صـاف ، وەکوو لە پیاوانی شەنۆئە =بێ= • حەزرەتی عیسـا ـ علیه السلام ـم دی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وەصفی کرد فەرمووی : پیاوێکی بەینەبەینە بوو، نە کورت نە درێژ ،نەقەڵەو نە زەعیف ، رەنگسووروئاڵ وەك لە حەمام هاتبێتە دەرێ • حەزرەتی ئیبراهیم ـعلیه السلامـم دی نە ئەولادی ئەو لە هەموویان زیاتر من بەو ئەشوبهێم • فـــەرمـووی : دوو زەرفیان بۆ هێنام یەکێکیان شیری ، ئەوی تـریـان شـــەرابی تیا بوو • پێیانوتم : کامیانت هەوەس یێێ بیخـــۆروە • شـــیرەکەم وەرگـــرت خواردمەوە پێیان وتم : فیطرەتی ئیسلامەتیو رێی راستت وەرگرت، ئەگەر شەرابەکەت وەربگرتایە ئوممەتەکەت رێیان ونئەکرد •

٦٠٨/٩ ـ قال عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] : ذكر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يوما بين ظهراني الناس المسـيح الدجال • فقال : إن الله ـ تبارك وتعالى ـ ليس بأعور ، ألا إن المسيح الدجال أعور عين اليمنى ، كأن عينه عنبة طافية • قال : وقال رسـول الله ـ صلى الله

تعالى عليه وسلم ـ : أراني الليلة في المنام عنـد الكـعبة فإذا رجل آدم كأحسن ماترى من أدْم الرجال تضرب لِمَّته بين منكبيه رَجِل الشعر يقطر رأسه ماء ، واضعا يديه على منكبي رجلين وهو بينهما يطوف بالبيت فقلت : من هذا ؟ فقالوا : المسيح بن مريم ـ عليهما السـلام ـ ورأيت وراءه رجـلا جَعْدا قططا ، أعور العين اليمنى كأشبه من رأيت من الناس بابن قطن ، واضعا يده على منكبي رجلين يطوف بالبيت ، فقلت : من هذا ؟ قالوا : هذا المسيح الدجال • وفي أخرى : أحمر جعد الرأس • وفي أخرى أحمر جسيم جعد الرأس ح ـ ٥/٤١٦ ، م ـ ٢/٩٦ • اللفظ لمسلم •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای بنی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : رۆژێ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە ناو خەڵقا بەحثی لە مەسـیحی دەججال فەرموو ، فەرمووی : خوا ـ تبارك وتـعالى ـ یەکچاو نیــە • مەعلوومتان بێ کە مەسیحی دەججال یەکچاوە • چاوی راســتی وەك بۆڵەترێ بەرزبۆتەوەو دەرپەڕیوە • عەبدوڵلا فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : شەوێ لە خەوما خۆم لای کەعبە بینی• ئەوێ پیاوێك بوو ئەسمەر [سووروسپی] وەك جوانترینی ئەو ســوورو سپیانەی کە لە ناو ئینسانا هەن • مووی سەری لە مابەینی هەردوو شانی ئەدا داهێنرابوو سەری ئاوی لێ ئەتکا [یا لە بەر بەرِڕاقیی ئینسان وای ئەزانی کە ئاوی لێ ئەتکێ ، یا تازە سەری داهێنابوو لـە حەقیقەتـا ئـەو ئاوەی کە سەری پێ داهێنابوو لە سەری ئەتکا] هەر دوو دەستی لەسەر دوو شانی دوو پیاوا دانابوو ، طەوافی بەیتی ئەکرد • وتم : ئەمە کێیــە ؟ وتیان : ئەمە عیسای کوڕی مەریەمە ـ عليهما السلام ـ لە دوای ئەوەوە پیاوێکی موو گرژو لوولم دی چاوی راستی کوێر بوو ، لە ناو ئینسانا

ئەوی زۆری پێ بشوبهێ ئیبنوقەطەنە [زوهریی ئەڵێ : ئیبنـوقـەطــەن پیاوێکە لە خەزاعە لە زەمانی جاهیلییەتا بە هیلاك چوە ح ـ ٤١٧/٥]دەستی خستبوە سەر شانی دوو ، پیاو طەوافی بەیتی ئەکرد ، وتم : ئەمـە کێیە ؟ وتیـان : ئەمە مەسیحی دەججالە ۰

[دەججال ناچێتە مەککەو مەدینە ، یا ئەڵێن پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە خەویا وای دیوە ، ئەم تەئویلە زەعیفە ، چونکی خـەوی ئەنبیا وەحیەو حەقیقەتە ۰ یا ئەڵێین : نەچوونەمەککەو مەدینەی لە دوای خورووجو زەمانی ئیستیلایایەتی] ئەم حەدیثانە کە بەحثیدەججالی تیـایە موناسبی بەحثی فیتنە یا ئەحادیثی ئەنبیایە ؛ چونکی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە شەوی میعراجا دەججالیشی دیوە بەو موناسەبەیـە لێرەدا نووسیومە حەز ئەکەن نەقلی بکەنە ئەوێ ۰

١٠/٦٠٩ ـ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لما كذبتني قريش قمت في الحِجر فجلا الله لي بيت المقدس ، فطفقت أخبرهم عن آياته وأنا أنـظر إليـه ح ـ ١٩٥/٦ ، م ـ ١٠١/٢ ، ت ، ن ، ح ـ ١٩٣/٧ ۰ وفي حديث ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ عند النسائي : فقال القوم : أما النعت فقد أصاب القسطلاني ـ ١٩٣/٧ ۰

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە لە پێغەمەری بیستوە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی ۰ کە قورەیش تەکذیبیان کردم خوا ـ عـز وجل ـ (بيت المقدس)ی بۆ دەرخستم [یەعنی حیجابی بەینی منو ئـەوی لە بەینا هەڵگرت] دەستم کرد بە خەبەرپێدانو تەماشای (بيت المقدس)م

ئەکرد یەعنی کە شتێکیان لێ ئەپرسیم لە عـەلامەتـی ، تەماشـای (بیت المقدس)م ئەکردو خەبەرم ئەدانێ •

[بەیهەقی لە دەلائیلیا لە ئەبوسەلەمەوە ـ رضي الله تعـالی عنـــه ـ ریوایەت ئەکا خەڵق لە دوای ئیسرا سەریان لێ تێكچوو چەند کەسێکیان هاتنە خذمەت حەزرەتی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزیانکـرد • فەرمووی : شەهادەت ئەدەم کە راستی فەرموە • وتیان: لەوەیشـا پێـی باوەڕ ئەکەی بە شەوێ بچێتە شامو بێتەوە ؟ فەرمووی : لە شتی لـــەوە دوورتر لە عەقڵەوە پێی باوەڕ ئەکەم ، لە خەبەری ئاسمانا پێـی بـڕوا ئەکەم ، لە بەر ئـــەوە ناوبرا بە صـەدیق ـ رضـــي الله تعـــالى عنه ـ قەسـطەلانیی •

ئەبوسەلەمە مەدینەییە ئەبێ لـە حەزرەتی صەدیقی ئەکبەری بیستبێ ـ رضي الله تعالی عنه ـکە وابێ حەدیثەکەی مورسەلی صەحابییە •

۱۱/٦۱۰ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول‌الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لقد رأيتني في الحجر وقريش تسـألني =عن مسراي فسألتني= عن أشياء من بيت المقدس لـم أثبتها ، فكُرِبت كُربة ماكربت مثله قط • قال : فرفعه الله لي أنظر إليه ، مايسألوني عن شيء إلا أنبأتهم به • وقد رأيتني في جماعة من الأنبياء ، فإذا موســـــى ـ عليه السلام ـ قائم يصلي ، فإذا رجل ضرب جعد كأنه من رجـــال شنوأة ، وإذا عيسى بن مريم ـ عليهما السلام ـ قائم يصلي ، أقرب الناس به شبها عروة بن مسعود الثقفي • وإذا إبراهيم ـ عليه السلام ـ قـائم يصلي أشبه الناس بـه صاحبكم ، يعني نفسه ـ صلى الله تعـالى عليـــه وسلم ـ فحانت الصلاة فأممتهم ، فلما فرغت من الصلاة قال لي قـائـل : يا محمد هذا مالك صاحب النار فسلّم عليه ، فالتفت إليه فبدأني بالسلام م ـ ۱۰۱/۲ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : خۆم وا بینی لـە حیجرام قورەیشیی لێیان ئەپرسیم لە چەند شتێکی (بیت المقدس)ظـەریف دیقەتم لێ نەکردبوو کە =لە= دڵما جێگیر بێ ، ئەوەندە مەحزوون بووم‌و دڵتەنگ بووم قەت دڵتەنگیی وام بەسەرا نەهاتبوو • فەرمووی : خـوا ـ عز وجل ـ بەیتولمەقدیسی بۆ بەرزکردمەوە تێی‌ئەفکـریم ، هیـچیان لـێ نەپرسیم کە خەبەریان نەدەمێ • خۆم لە ناو جەماعەتێ پێغەمەرانا بینـی ، حەزرەتی مووسا ـ علیه السلام ـ راوەستا بوو نوێژی ئەکرد ، کـــە سەیرم کرد پیاوێ بوو مووی کەمێ لوول بوو (کأنه) لە پیاوانی شەنۆئە بوو • هەر لەو وەختەدا حەزرەتی عیســـای کـــوڕی مەریەمیشم دی راوەستابوو نوێژی ئەکرد ، زۆر بە عوروەی کوڕی مەسعوود ئەشوبهاء حەزرەتی ئیبراهیم ـعلیه‌السلام‌ـیش لەوێ بوو راوەستابوو نوێژی ئەکرد، ئەوی لە هەموو خەڵق زیاتر پێی بشوبهێ رەفیقەکەتانە ، یەعنی خۆی ـ علیه الصلاة والسلام ـ• وەختی نوێژ هات ئیمامەتیم بۆ کردن ، کە لـە نوێـژ بوومەوە یەکێ وتی : ئەی محمد ئەوە مالیکە صاحیبی ئاگر [یەعنی ئاگری جەهەننەم] سەلامی لێکە ، ئاوڕم بۆ دایەوە ئەو لە پێشا سەلامی لێ کردم•

میعراج موعجیزەیێکی گەورەیە • لە موددەتێکی کـەمـا پێغەمـەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی چۆتە بەیتولمەقدیس ، ئیـمامەتـی کردوە بۆ ئەنبیا ، لەوێوە تەشریفی چۆتە هەموو ئاسمانەکان ، موشەڕڕەف بوە بە بارەگای ئیلاهیی (بالذات)وەحیی لێ تەلەققی کردوە ،چۆتە نـاو بەهەشتەوە ، چەند دەفعە تەشریفی چۆتە خزمەت خواو هاتۆتەوە ئاسمانی شەشەم لای حەزرەتی مووسا گفتوگۆیان فەرموەو تەشریفی هاتۆتەوە لـە پێش طولووعی فەجرا •

لە کەعبەوە بەیتولمەقدیسی پێ‌نیشان‌دراوە هەر شتێکیان لە عەلامەتی بەیتولمەقدیس لێ‌پرسیوە موافیقی (نفس الامر) جوابی صەحیحی داوەتەوە کە قەت چاوی بە بەیتولمەقدیس نەکەوتوە ، ئەو دەفعەیە نــەبێ ، ئــەو دەفعەیش بەو نەوعە بوە • بە تەنها ئەمە موعجیزەیێکی ترە ئەبێ بە دەلیــل لەسەر موعجیزەی میعراج •

بەدئی سەلام لە مالیکەوە تەفائولە بۆ پێغەمەرو ئوممەتــی ـ علیــه الصلاة والسلام ـ کە خوا ـ عز وجل ـ ئوممەتەکەی لە ئاگری جەهەنــەم سەلامەت ئەکا (إن شاء الله) •

ئیمامەتی بۆ ئەنبیا ـ علیهم الصلاة والسلام ـ دەلیلی ئــەفضــەلیەتیی پێغەمەرە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وعلیهم الصلاة والسلام ـ •

١٢/٦١١ ـ عن عبدالله [بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه] قال : لما أسري برسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إنتهى به إلى ســـدرة المنتهى ، وهي في السماء السادسة ، إليها ينتهي مايعرج به من الأرض ، فيقبض منها ، وإليها ينتهي مايهبط به من فوقها فيقبض منها • قال : (إذ يغشى السدرة مايغشى)(١) قال : فراش من ذهب • قال : فأعطي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الصلوات الخمس ، وأعطي خواتيم سورة البقرة ، وغفر لمن لم يشرك بالله من أمته شيئا من المقحمات م-٢/١٠٢ •

تەرجەمە :

ئەم حەدیثە مەوقووفە ؛ چونکی ئیبنومەسعوود نەیفەرموە (قال) وە یا (عن)وە یا (سمعت) ئەمما ظاهیر وایە کە لە پێغەمەری بیستبێ ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ چونکی ئەمە شتێك نیە کە عەقڵ ظەفەری پێ‌بەرێ•

---

(١) النــجم / ١٦ •

ئەفەرموێ : كە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئیسرای پــێ كرا بردیان تا لای (ســدرة المنتهى) • (سدرة المنتهى)لە ئاسمانی شەشەمە ئەوەی لە ئەرزەوە ببرێتە حوضووری خوا ـ جل شأنه ـ تا ئەوێ ئەچێ‌و لەوێوە وەرئەگیرێت‌و ئەبرێتە حوضوور • ئەوەی لەسەرەوە بێتە خوارێ تا ئەوێ پێ لەوێوە وەرەگیرێت‌و تەقسیم بەسەر ئاسمانان‌و ئەرزا ئەكرێ، ئەوی سیدرە دائەپۆشێ فەرشێكی ئاڵتوونە • ئیبنومەسعوود ئەفەرموێ: پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێنج نوێژی پێ عەطاكــرا ، دوو ئایەتی ئاخری بەقەرەی پێ عەطاكرا ،هەركەسێ لە ئوممەتی هیچ شتێك نەكا بە شەریكی خوا ـ خوا ـ عز وجل ـ لە گوناهی كەبیرەو موهلیكی خۆش ئــەبێ •

٦١٢/١٣ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ في قوله ـ تعالى ـ: (وما جعلنا الرؤيا التي أريناك إلا فتنة للناس)[١] قال : هي رؤيا عين أريها رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ليلة أسري به إلى بيت المقدس ، قال : والشجرة الملعونة هي شجرة الزقوم ح ـ ٦/١٩٩ ، ح ـ ٧/٢٠٠ ، خ ـ ٩/٣٤٠ ، ت ، ن ، أحمـد •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا كــە نووسراوە فەرمووی : ئەو روئیایە كە لە ئایەتەكەدایە روئیای خەو نیە ، روئیای چاوە ، یەعنی لە حاڵی بێداریدا بە چاو دیویەتی ، لە شەوی ئیسرادا كە پێغەمەر ـ صلى الله تعــالى عليــه وســلم ـ برا بۆ (بيت المقدس) پێ‌نیشانی‌دراوە ، شەجەری مەلعوونیش كە لەو ئــایەتــەدا هەیە داری زەقــوومــە •

(١) الإســـراء / ٦٠ .

٦١٣/١٤ ـ عن عبدالله [بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال : (لقد رأى من آيات ربه الكبرى)[١] قـال : رأى جبريل [عليـه السلام] في صورته له ستمائة جناح . وعنه قال : (ما كذب الفؤاد مارأى)[٢] قال : رأى جبريل له ستمائة جناح م ـ ٢/١٠٢ ، ح ـ ٥/٢٦٦، ح ـ ٧/٣٤٤. وعنه [في تفسير تلك الآية] قال : رأى رفرفـا أخضر قـد سـد الأفـق ح ـ ٧/٣٤٥ ، ح ـ ٥/٢٦٦ .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای بنی مەسعوود لە (والنجم)ا ئەفەرمویٚ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ جيبريلی دی شەشصەد باڵی بوو . هەم ئەفەرمویٚ : رەفرەفێکی سەوزی دی ئوفوقی داپۆشیبوو . ئەبوهورەیرەو عەبدوڵلای بنی عەباس ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ئەوانیش ریوایەتیان کردوە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ جيبريلی لە صوورەتی خۆیا دیوە .

٦١٤/١٥ ـ عن مسروق قال : كنت متكئا عند عائشـــة ـ رضي الله تعالى عنها ـ فقالت : يا أبا عائشة ثلاث من تكلم بواحدة منهن فقد أعظم على الله الفرية . قلت : ماهن ؟ قالت : من زعم أن محمدا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رأى ربه فقد أعظم على الله الفِرْية . قـال : وكنت متكئا فجلست فقلت : يا أم المؤمنين أنظريني ولا تعجليني ، ألم يقل الله تعالى (ولقد رآه بالأفق المبين)[٣] ، (ولقد رآه نزلة أخرى) ؟ فقالت عائشة : أنا أول هذه الأمة سأل عن ذلك رسول الله ـ صـلى الله تعـالى عليه وسلم ـ فقال : إنما هو جبريل [عليه السلام] لم أره على صـورتـه

---

(١) النجـم / ١١ .
(٢) التكويـر / ٢٣ .
(٣) النـجم / ١٣ .

التي خلق عليها غير هاتين المرتين ، رأيته منهبطا من السماء سادًّا عِظَم [وبكسر ففتح] خلقه مابين السماء والأرض . فقالت : أو لم تسمع أن الله تعالى يقول: (لا تدركه الأبصار وهو يدرك الأبصار وهو اللطيف الخبير)؟ أوَ لم تسمع أن الله يقول : (وما كان لبشر أن يكلمه الله إلا وحيا أو من وراء حجاب ، أو يرسل رسولا ـ إلى قوله ـ علي حكيم)[1] قالت : ومن زعم أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كتم شيئا من كتاب الله فقد أعظم على الله الفرية ، والله يقول: (ياأيها الرسول بلغ ماانزل إليك من ربك وإن لم تفعل فما بلغت رسالته)[2] ومن زعم أنه يخبر بمايكون في غد فقد اعظم على الله الفرية والله يقول: (قل لا يعلم من في السماوات والأرض الغيب إلا الله)؟[3] وفي أخرى نحوه وزاد : قالت : ولو كان محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كاتما شيئا مما أنزل عليه لكتم هذه الآية : (وإذ تقول للذي أنعم الله عليه وأنعمت عليه : أمسك عليك زوجك واتق الله ، وتخفي في نفسك ماالله مبديه ، وتخشى الناس والله أحق أن تخشاه)[4] م ـ ٢/١١٠ .

تەرجەمە :

مەسرووق ئەڵێ : لە خزمەت حەزرەتی عائیشەدا بووم پاڵم دابوەوە حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : ئەی ئەبوعائیشە سێ شت هەیە هەرکەسێ تەکەللوم بە یەکێ لەوانە بکا ئیفتیرایێکی زۆر گەورە بە خوا ئەکا . وتم : ئەوانە چین ؟ فەرمووی : هەرکەسێ بڵێ کە محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـخوای بینیوە بە تەحقیق ئیفتیرایێکی زۆر گەورە ئەکا بە خواوە . مەسرووق ئەڵێ : پاڵم دابوەوە هەڵسام

(١) الشـورى / ٥١ .
(٢) المـائـدة / ٦٧ .
(٣) النمـل / ٦١ .
(٤) الاحـزاب / ٣٧ .

دانیشتم عەرزمکرد : (یا ام المؤمنین) مۆڵەتم بدە عەجەلەم لی مـەکە ، خوا نەیفەرموە بە تەحقیق محمد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە ئوفوقی موبینا چاوی پێ‌کەوت ؟ [یەعنی بە خوا] دەفعەیێکی تریشی دی [یەعنـی خوای دی،بە تێگەییشتنی مەسرووق] حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : من ئەوەڵ کەسێکم لەم ئوممەتە کە سوئالی ئـەوەی لە پێغەمەر ـ صلیاللهتعالیعلیهوسلم ـ کردوە • فەرمووی : ئەوەی کە من دیومە ئەو دوو جارە حەزرەتی جیبریلە ـعلیهالسلام ـ ئەوم نەدیوە لەسەر ئەو صوورەتەی کە خوا ـ عز وجل ـئەوی لەسەر خەلق کردوە غەیری ئـەو دوو دەفعەیە • چاوم پێکەوت لە ئاسمان هاتەخوارێ مابەینی ئەرزو ئاسمانی داگیرکردبوو •

ئەو ئایەتەت نەبیستوە کە خوا ئەفەرموێ : چاو ئیدراکی خوا ناکا، ئەو ئیدراکی بینایی چاو ئەکا ، خوا لەطیفە هیچ کەس نایبینێ‌و خـەبەری لە هەموو شت هەیە ؟ ئەو ئایەتەت نەبیستوە کە خوا ـ عزشأنە ـ ئەفەرموێ: بۆ هیچ بەشەرێ نیە کە خوا رێ‌و راست قسەی لەگەڵ بکا ، ئیللا کە قسەی لەگەڵ بکابە یەکێ لە سێ واسیطەیە ، یا بە وەحی ، یەعنی ئەیخاتە دڵیەوە یا لە پشت پەردەوە ؟ [یەعنی مانیعێ هەیە لە بەیناخوا نەبینێ‌وقسەی خوای گوێ لێ ئەبێ وەك حەزرەتی مووسا ـ علیــه السلام ـ لـە طـوورا وەك پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە شەوی میعراجا] یا رەسوولێکی بۆ ئەنێرێ ئەمرو نەهی خوای تەبلیغ ئەکا •

حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : هەرکەسێ وا ظەن ببا کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ شتێکی لە ئەمری تەبلیغ شاردۆتەوەو تەبلیغی نەکردوە بە حەحقیقەت ئیفتیراییکی گەورە ئەکا بە خواوە ،خوا ئەفەرموێ : ئەی محمد ئەی رەسوول تەبلیغی ئەوە بکە کە

لـه طەرەفی رەبتەوە نازڵكراوەتە لات ، ئەگەر نەیكەی ریسالەتی خوات تەبلیغ نەكردوە [یەعنی شتێكی جوزئیی تەبلیغ نەكەی وەك هیچت تەبلیغ نەكردبێ وایـە] •

حەزرەتی عائیشە فەرمووی : هەركەسێ ظەن بیا كە محمد خەبـەر ئەدا بەوەی كە سبەینێ ئەبێ بە حەقیقەت ئەو كەسە ئیفتیرائێكی گەورە بە خواوە ئەكا • خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : ئەی محمد بە عیباد بڵێ : غەیری خوا هەرچی خەڵقی ئەرزو ئاسمانە غەیب نازانێ ، نە مەلائیكە ، نە جین ، نە ئینسان • لە ریوایەتەكەی ترا ئەفەرموێ : ئەگەر محمـــد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ شتێكی لە ئەمری تەبلیغ بشاردایەوە ئـەم ئایەتەی ئەشاردەوە : كە تۆ ئەڵێی بەو كەسە كە خوا ئینعامی لەگەڵ كردوە كە خستوویەتە دڵتەوە كە ئازادی بكەی تۆیش بـە ئازادكردنی ئینعامت بەسەرا كردوە : ژنەكەت بگرە لای خۆت تەلاقی مەدە تەقوا لە خوا بكە ، لە تەعنەی خەڵق ئەترسی خوا لایەقترە بەوە كە لێی بترسی •

لە ریوایەتێكا مەسرووق ئەڵێ : لە حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالی عنها ـم پرسیی : ئایا محمد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ خوای دیوە ؟ حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : (سبحان الله) [پیاوی وەكو تۆ شتی وای لێ مەعلووم نەبێ !] هەموو مووی بەدەنم راست بووەوە [لەم شتە نالایەقە كە بیستم] باقیەكەی عەینی حەدیثەكەی پێشوە •

١٦/٦١٥ ـ عن عبدالله بن شقیق قال : قلت لأبي ذر [رضي الله تعالی عنه] : لو رأیتُ رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لسألته • فقال: عن أي شيء كنت تسأله ؟ قال : كنت أسأله هل رأیت ربك • قـــال أبو ذر : قد سألته • فقال : رأیت نورا م ـ ٢/١١٥ •

٦١٦/١٧ ـ وعنه عن أبـي ذر ـ رضـي الله تعـالى عنه ـ سـألت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : هل رأيت ربك ؟ قال : نورٌ أنّى أراه !! م ـ ٢/١١٥ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای بنی شەقیق ئەڵێ : عەرزی ئەبوذەڕم کرد ، وتم : ئەگەر رەسوولولڵا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بدیایە لێم‌ئەپرسیی • فەرمووی : چیت لێ ئەپرسیی ؟ وتی : لێم ئەپرسیی خوات بینیوە یان نا ؟ ئەبوذەڕ ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : من لێم‌پرسی خوات دیوە یان نـا ؟ فەرمووی : نوورێکم دی • لە ریوایەتەکەی دواییدا ئەفەرموێ : نوورە، لە کوێ ئەیبینم ؟ یەعنی نوور بوو بە حیجاب لە بەینمانا مومکین نـەبوو بـی‌بینم •

شفاعته ـ عليه الصلاة والسلام ـ لأمته[1] :

٦١٧/١٨ ـ حماد بن زيد قال : قلت : لعمرو بـن دينـار : أسمعت جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنه ـ يحدّث عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن الله تعالى يخرج قوما من النار بالشفاعة ؟ قـال . نعـم م ـ ٢/١٦٣ •

تەرجەمە :

حەممادی کوڕی زەید ئەڵێ : بە عەمری کوڕی دینارم وت : لـە جابیرت بیستوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە ریوایەتی کردبێ لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە خوای تەعالا قەومێك بە شەفاعەت لە ئاگر بێنێتە دەرێ ؟ فەرمووی : بەڵێ •

(١) شەفاعەتکردنی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بۆ ئوممەتەکەی.

١٩/٦١٨ ـ يزيد الفقير قال : كنت قد شغفني رأي من رأي الخوارج [إن أصحاب الكبائر يخلدون في النار] فخرجنا في عصابة ذوي عـــدد نريد أن نحج ثم نخرج على الناس (مظهرين مذهب الخوارج وندعو إليه) =قال= فمررنا على المدينة فإذا جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] يحدث القوم جالسا إلى سارية عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قـــال : فـإذا هو قـــد ذكـر الجهنميين • قـــال : فقـلت لـــه : يـا صـــاحب رســـول الله ـ صـلى الله تعـــالى عليـــه وســـلم ـ ماهذا الذي تحدثون ، والله يقول : (إنك من تدخـل النار فقد أخزيته)[1] [آخر آل عمران] و (كلما أرادوا أن يخرجوا منها أعيدوا فيها)[2] [ألم السجدة] فما هذا الذي تقولون ؟ قال : فقال : أتقرأ القـرآن ؟ قـلت نعم • قال : فهل سمعت بمقام محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يعني الذي يبعثه الله فيه : (عسى أن يبعثك ربك مقاما محمودا)[3]؟ قلت : نعم• قال : فإنه مقام محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ المحمود الذي يخرج الله به من يُخْرِج قال : ثم نعت وضع الصراط ومرّ الناس عليه • قال : وأخاف أن لا أكون أحفظ ذاك • قال : غير أنه قد زعم أن قوما يخرجون من النار بعد أن يكونوا فيهـــا • قال : يعني فيخرجون كأنهم عيـــدان السماسم • قال : فيدخلون نهرا من أنهار الجنة فيغتسلون فيه فيخرجون كأنهم القراطيس ، فرجعنا فقلنا : ويحـــكم أتـرون الشـــيخ يكـذب على رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ فرجعنا فلا والله ماخرج منـا غير رجل واحد ، أو كما قال أبو نعيم م - ٢/١٦٥ •

---

(١) آل عمران / ١٩٢ .
(٢) الســجدة / ٢٠ .
(٣) الاســراء / ٧٩ .

تەرجەمە :

یەزیدی فەقیر ئەڵێ : رەئیێکی خەواریجم لە دڵ چەسپیبو کە ئەصحابی کەبائیر موخەللەد ئەبن لە جەهەننەما لەگەڵ جەماعەتێکی زۆری صاحیب عەدەد چووینە دەرێ ،ئیرادەمان بو کە حەج بکەین لە دوای حەج بچینـە دەرەوە ناو خەڵق نەصرەتی مەذهەبی خاریجیی بدەین‌و تەرغیب‌و تەشویقی خەڵق بکەین کە بێنە سەر ئەو مەذهەبە • بە سەر مەدینەدا رۆیین • کەچی جابیری کوڕی عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لای کـۆڵەکەیێـکی مزگەوتەوە دانیشتبوو لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حەدیثی بۆ قەومەکە ریوایەت ئەکرد • ئەوەندەم زانی بەحثی لـە جەهەننەمیی کرد [یەعنی کە لە ئاگر نەجاتیان ئەبێ‌و لێی بێنە دەرێ] وتم : ئەی صـاحیبی رەسوولولڵا ئەمە چیە کە ئێوە قسەی لێ ئەکەن ؟ [یەعنی بێ ئـەصـڵ‌و فەصڵە] خوا لە ئالی عیمرانا ئەفەرموێ : یاڕەببی یەکێکت کـە خستە ناو ئاگرەوە ئەو کەسە زەلیل ئەکەی =ئەوانە= زاڵمن بۆ ئینسانی زاڵم هیچ کەس نابێ کە یاریەی بدا • لە (الم سجده)دا ئەفەرموێ : کوللی دەفعەیێ کە تەمایان ئەبێ لە ئاگر بچنە دەرێ ناگەنە ئەوە کە بچنە دەرێ هەر لە ناو ئاگرەکەدا ئەخرێنەوە ناوەوە ، ئیتر ئەمە چیە کە ئێوە ئەیڵێن ؟ یەزیدی فەقیر ئەڵێ : جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەی تۆ قورئـان ئەخوێنی ؟ وتم : بەڵێ • فەرمووی : مەقامی محمدت ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ بیستوە ؟ یەعنی ئەو مەقامەی کە خوا ـ عز وجل ـ محمدی تیا ئەنێرێ یەعنی ئیذنی ئەدا بۆ شەفاعەت ، کە لە سوورەی ئیسرادایـە کە خوا ئەفەرموێ : نزیکەو ئومێدت بێ کە خوا بتنێرێ بۆ مەقـامـی مەحموود کە شەفاعەت بکەی بۆ هەموو کەس لەو مەقامەدا ئـەوەڵیـن‌و ئاخرین حەمدی تۆ بکەن ؟ وتم : بەڵێ • جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی ئەوە کە خوا ـ عز وجل ـ جەهەننەمیی لە جەهەننەم پێنێتەدەرێ

مەقامی محمده ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە بە واسیطەی شەفاعەتی ئەو خوا ـ عز وجل ـئەوەی ئیرادەی کردوە بیهێنێتە دەرێ ، ئەیهێنێت •

لە دواییا جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ تەعریفی ئەوەی کرد کـــە صیراط دائەنرێو خەڵقی بەسەرا ئەڕوا ، ئەمما ئەترسم ئەوەم حیفظنەکردبێ کـە چۆنی تەعریف کرد [یەعنی بەحثی لێناکەم] • یەزیدی فەقیر وتی : ئەوەندەی هەیە جابیر فەرمووی : قەومێك لە جەهەننەم یێنەدەرێ لە دوای ئەمە کە لە جەهەننەما بوون ، یەزید وتی : یەعنی یێنە دەرێ هەروەك لاسکی کونجیی زەعیف ، وەك سووتابێ • [جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ] فەرمووی : ئەمجا ئەچنە نەهرێ لە ئەنهاری بەهەشت خۆیانی تیائەشۆن ، لە دواییا لەو نەهرە یێنە دەرێ (کأنه) کاغەزن هێن سپین [یەزید ئەڵێ] گەڕاینەوە بە یەکتریمان وت : کۆستان کەوێ ! هیچ وا ئەزانن کە ئەو شێخە درۆ بکا بـە دەم پێغەمەرەوە ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ ؟ لـەو فیکری تەرویجی مەذهەبی خاریجییە گەڕاینەوە ، وەڵڵاهی تەنهـا پیـاوێ نەبێ لەو قەومە هیچ کەس نەچوە دەرێ بۆ تەرغیب • راویی ئەڵێ : یـا وای وت ، یا وەکوو ئەبونەعیمی راویی وتوویەتی وای‌وت •

[موراد لە ئەبونەعیم فەضلی بنی دوکەینە ، چونکی لەفظی ئەبونەعیم لە ئیسنادەکەدا ذیکر نەکراوە] راویی شکی بوە کە فەضل ئەم جوملەیەی چۆن ریوایەت‌کردوە •

٦١٩/٢٠ ـ ابن عمر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ یقول : إن النـــاس یصیرون یوم القیامة جثاً [جماعات] کل أمة تتبع نبیها یقولون : یا فـلان اشفع حتی تنتهي الشفاعة إلی النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فذلك یوم یبعثه الله المقام المحمود ح ـ ٧/٢٠٠ •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە رۆژی قیامەتـا خەڵق ئەبن بە گەلێ جەماعەت ، کوللی ئوممەتێ شوێن پێغەمەری خـۆی ئەکەوێ ئەڵێن : ئەی فلان شەفاعەتمان بۆ بکە • تا نیهایەت یێتە ســـەر پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەوە ئەو رۆژەیە کە خوا ـ عـز وجل ـ ئەینێرێ بۆ مەقامی مەحموود [ئەم حەدیثە ئەبێ عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە پێغەمەری یا لەوەی کە لە پێغەمەری بیستوە ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ •• بیستبێ ، چونکی ئەوە شتێك نیە کە ئینسان بە عەقڵ ظەفەری پێ بەرێ] •

٦٢٠/٢١ ـ عن جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن قوما يخرجون من النـــار يحترقون فيها إلا دارات وجوههم حتى يدخلون الجنة م ـ ١٦٤/٢ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى لله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : قەومێك لە ئاگر یێنە دەرێ تیا ئەسووتێن غەیری دائیرەی دەموچاوی تا ئەچنە بەهەشتەوە [یەعنی خوا لە جەهەننەما دەموچاوی ئینسان کە مەحەللی سوجوودە ناسووتێنێ •بۆیێکی ناسووتێنێ کە مەحەللی سوجوودە ، کە وابێ لێی ئیستیخراج ئەکرێ کە ئەعضای ســـەبعەیش نەســـووتێنێ[1]] •

(١) ئەم قسە لە حەدیثی « أمرت أن أسجد على سبعة أعظم » وەرگیراوە . مەبەستی دانەر ئەوەیە کە بە گوێرەی ئەم قســـە ئـەبێ ئەو حەوت ئەندامەی لەش کە سوجدەیان بۆ خوا لە سەرئەبرێ نەســـووتێن . ئەندامەکانیش ئەمانەن : دەموچاو ، هەردوو دەست ، هەردوو ئەژنۆ، هەردوو پـێ .

٦٢١/٢٢ ـ عمران بن حصين ـ رضي الله تعالى عنه ـ عـن النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : يخرج قوم من النار بشفاعة محمـد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فيدخلـون الجنـــة يســـمون الجهنميين ح ـ ٣١١/٩ ، ت ، د ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خوا ـ عزوجل ـ بە شەفاعەتی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قـــەومێ لە ئـاگـر بێنێتەدەرێ ئەچنە بەهەشتەوە ، پێیان ئەڵێن : جەهەننەمی •

٦٢٢/٢٣ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : [يجتمع المؤمنون •خ] يجمع الله الناس يوم القيامة فيهتمون لذلك • وقال ابن عبيد : فيلهمون لذلك، فيقولون : لو استشفعنا على ربنا ـ عز وجل ـ حتى يريحنا من مكانتـا هذا • قال : فيأتون آدم ـ عليه السلام ـ فيقول : أنت آدم أبو الخلق، خلقك الله بيده ، ونفخ فيك من روحه ، وأمر الملائكة فسجدوا لك ، اشفع لنا عند ربك حتى يريحنا من مكاننا هذا • فيقول : لست هناكم ، فيذكر خطيئته التي أصاب ، فيستحي ربه منها ، ولكن ائتوا نوحا أول رســـول بعثه الله تعالى • قال : فيأتون نوحا ـ عليه السلام ـ فيقول : لســـت هناكم ، فيذكر خطيئته التي أصاب فيستحي ربه تعالى منها • ولكن ائتوا إبراهيم ـ عليه السلام ـ الذي اتخذه الله خليلا ، فيأتون إبراهيم ـ عليــه السلام ـ فيقول : لست هناكم ، فيذكر خطيئته التي أصاب ، فيستحي ربه تعالى منها ، ولكن ائتوا موسى الذي كلمه الله وأعطاه التـــوراة • قال : فيأتون موسى ـ عليه السلام ـ فيقول : لست هناكم ويذكر خطيئته التي أصاب = فيستحي ربه منها = ولكن ائتوا عيسى روح الله وكلمته ، فيأتون

عیسى روح الله وكلمته ، فيقول : لست هناكم ، ولكن ائتوا محمـــدا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عبدا قد غفر الله له ماتقدم من ذنبه ومـا تأخر • قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : فيـأتوني ، فأستأذن على ربي =تعالى= فيؤذن لي ، فإذا أنا رأيته وقعت سـاجدا ، فيدعني ماشاء الله أن يدعني ، فيقال : يامحمد ارفع رأسك ، قل تُسمع، سل تعطه ، اشفع تشفّع ، فأرفع رأســـي فأحمد ربي تعـــالى بتحميد يعلمنيه ربي عز وجل ، ثم أشفع فيحد لي حدا ، فأخرجهـم من النـــار وأدخلهم الجنة • ثم أعود فأقع ساجدا ، فيدعني ماشاء الله أن يدعني ، ثم يقال لي : ارفع رأسك يامحمد ، قل تُسمع ، سـل تعطه ، اشفع تشفع • فأرفع رأسي فأحمد ربي بتحميد يعلمنيه ربي ، ثم اشفع فيحد لي حدا فأخرجهم من النار وأدخلهم الجنة • قال : فلا أدري في الثالثة أو فـــي الرابعة قال : فأقول : يا رب مابقي في النار إلا من حبسه القرآن ، أي من وجب عليه الخلود • قال ابن عبيد في روايته : قال قتـــادة : أي وجب عليه الخلود م ـ ١٦٨/٢ ، ح ـ ٣١٠/٩ ، ح ـ ٧/٧ ، ن ، جه•

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تـــعالى عليـــه وســـلم ـ فەرمووی : خوای تەبارەكوتەعالا رۆژی قیامەت هەموو ئینسانان كۆئەكاتەوە ، هـەمـوو ئیهیتمام بەو ئیجتیماعە ئەكەن • ئیبنوعوبەید كە یەكێكە لە راوییان ئەڵێ: ئیلهام ئەكرێتە دڵیانەوە كە كۆبنەوە • [یەعنی بۆ خاتری ئەوە بگەڕێن بـۆ كەسێ كە شەفاعەتیان بۆ بكا] ئەڵێن : ئەگەر بە كەسێكمان بوتایـە كە شەفاعەتمان بۆ بكا لە حوضووری خوادا كە لەم جێیە خوا رەحەتمان بكا، لەم جێگە ، یا [لەم عەذابو گەرمیە نەجاتمان بـــدا ، زوو حســـابمـان ببڕێتەوە] فەرمووی : ئەچنە خزمەت حەزرەتی ئادەم ـ عليه الصـــلاة

والسلام ـ عەرزی ئەکەن : کە تۆ باوکی هەموو خەڵقی ، خوا بە دەستی قودرەتی خۆی تۆی خەلق کردوە ، لە رۆحی خۆی رۆحی کردووی بـــە بەرا ، ئەمری بە مەلائیکە فەرموە سوجدەیان بۆ بردووی ، شەفاعەتمـان بۆ بکە لە خدمەت خوای خۆتا ، تـا لـەم جێگەیەدا رەحـەتمـان بکـا • ئەفەرموێ : من لەو مەقامەدا نیم کە ئێوە تێی ئەگەن ، گوناهەکەی خۆی کە کردوویەتی [گەندم خواردن] ذیکر ئەکاو لەبەر ئەو گوناهەی حـەیـا لە خوای خۆی ئەکا ، ئەفەرموێ : بچنە لای حەزرەتی نووح کە ئەوەڵ رەسوولێکە خوا رەوانەی سەر خەڵقی کردوە •

ئەوانیش ئەچنە خزمەت حەزرەتـی نـــووح ـ علیـــه الســـلام ـ عەرزیئەکەن • ئەفەرموێ : من لەو مەقامەدا نیم وەکوو ئێوە تێیگەییون، گوناهەکەی خۆی کە کردوویەتی [کە دۆعای لە ئوممەتەکەی کـرد بـــە طۆفان خنکان] لەو گوناهەی حەیا لە خوای خۆی ئەکا ، ئەفەرموێ : بچنە لای حەزرەتی ئیبراهیم کە خوا کردوویەتی بە خەلیل •

ئەچنە خزمەت حەزرەتی ئیبراهیم ، حەزرەتی ئیبراهیم ـ علیـــــه الصلاة والسلام ـ ئەفەرموێ : من لەو مەقامەدا نیم وەکوو ئێـوە ظـەن ئەبەن ، ئەو گوناهەی کە کردوویەتی ذیکری ئەفەرموێو لەو گوناهـەی حەیا ئەکا لە خوای خۆی [گوناهی ئەو ئەوەیە کە سێ قسەی فەرموە ، کە درۆ نین وەکوو درۆ وانە :

١ـ کە قەومەکەی بۆ ئایینی جەژنیان ئەچنە دەرێو پێیئەڵێن تۆیش ودرە ، ئەفەرموێ : نەخۆشم • نەخۆشی بەدەنیی نەبوە دڵی نارەحەت بوە بـە بتپەرستنی ئەوان ، مەقصوودی وابوە کە کەس لە شارەکەدا نەما بچێ بتەکانیان بشکێنێ] •

٢ـ کە لێیان پرسیوە : تۆ ئەم بتانەت شکان ؟ فەرمووی: گەورەکەیان شکانني ، یەعنی عیبادەت بۆکردنی بوو بە سەبەبی شکانیان •

٣ـ کە جەبیارەکەی کە =حەزرەتی ئیبراهیم= تەشریفی بـــە لای شارەکەیا رۆیی تەمای بوو حەزرەتی سارای لێ زەوت بکا ، لێی پرسیی **ئەو ژنە کە لەگەڵتایە چی تۆیە ؟ حەزرەتی ئیبراهیم ئەترسا کە ئەگەر بڵێ** ژنمە غیرەتی جەبیارەکە جۆش بستێنێو بیکوژێ ••لەبەر ئەوە فەرمووی: خوشکمە • یەعنی خوشکی دینیمە ئەمانە هیچیان درۆ نین]•

فەرمووی : بچنە لای حەزرەتی مووسا ـ علیه السلام ـکە خوا بێ واسیطە قسەی لەگەڵا کردوەو تەوراتی پێ عەطا فەرموە • ئەچنە خزمەت حەزرەتی مووسا ـ علیه السلام ـ ئەفەرموێ : من لەو مەقامەدا نیم کـە تێی‌گەیون ، ئەو گوناهەی کە تووشی بووبوو ذیکری ئەفەرموێ [کـە قیبطییەك ئەمری پێ‌نەکرابوو بیکوژێ کوشتی]و ئەفەرموێ : بچنە لای عیسا کە رووحوڵلایە بە بێ واسیطەی باوکەوە صیرف بە ئەمرێ کە خوا فەرمووی ببە بوە ، ئەچنە خزمەت حەزرەتی عیسا ـ علیه السلام ـ کـــە (روح الله)یەو (کلمة الله)یە • ئەفەرموێ : من لــەو مەقامـــەدا نیم کـــە تێی‌گەیون بچنە خدمەت محمد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـکە عەبدێکە خوا لە گوناهی ئەوەڵو ئاخری خۆش بوە [یەعنی حیفظی کردوە نــــە گوناهکردن] •

ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : یێنە لای من ئیذن ئەخوازم بۆ حوزووری خوا ، ئیذن ئەدرێم ، ئەو وەختە کە جەنابی خوام دی بە سوجدەدا ئەکەوم• خوا ـ جل وعلا ـ لە سوجدەدا تەرکم ئەکا ، ئەوەندەی کە خۆی ئیرادەی فەرمووە • ئەو وەختە ئەمرم پێ ئەکرێ : ئەی محمد سەر هەڵبڕە ،قسـە

بکه ، گوێی لێ بگیرێ ، طەڵەب بکە بدرێتێ ، شەفاعەت بکە قەبوڵ بـکرێ • ئـەو وەختە سەر هەڵئەبڕم بە حەمدێ کە خوا تەعلیمم ئەکا حەمدی خوا ئەکەم • لە دواییا شەفاعەت ئەکەم حەددێکم بۆ مەعلووم ئەکرێ ، ئەوانە لە ئاگر ئێنمەدەرێ ئەیانخەمە بەهەشتەوە ، لـە دواییدا ئەچمەوە بۆ حوزوور بە سوجدەدا ئەکەوم • خوا ئەوەندەی کە ئیرادە بکا لە سوجدەدا بمێنمەوە تەرکم ئەکا ، لە دواییدا ئەمرم پێ ئەکرێ : ئەی محمد ســـەر هەڵبڕە ، بڵێ ببیسرێ ، طەڵەب بکە بدرێتێ ، شەفاعەت بکە لێت قەبوڵ بکرێ • ئەمجا سەرم بەرزئەکەمەوە • بە حەمدێ کە خوا تەعلیمم ئـەکـا حەمدی بۆ ئەکەم • لە دواییدا شەفاعەت ئەکەم ، حەددێکم بۆ مەعلووم ئەکرێ لە ئاگریان دەرەهێنم ئەیانخەمە بەهەشتەوە •

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : نازانم لە دەفعەی سێیەما• یا لە دەفعەی چوارەما پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەڵێم : یارەببی لە ناو ئاگرا ئەوانە نەبێ کە قورئان حەبسی کردوون [قەتادە، یەعنی لە ئاگرا بە ئەبەدیی ئەمێننەوە] هیچ کەس نەماوە •

ظاهیرەن ئەوەڵی ئەم حەدیثەو ئاخری یەك ناگرنەوە ؛ چـــونکــە ئەوەڵی حەدیثەکە لە دەرحەقی ئەوانەدایە کە لە عەرەصاتا لە ناو لەو گەرمیی رۆژو عەرەقا لە عەذابو زەحمەتێکی زۆرا ماونەوە ، شەفاعەت بۆ ئەوانەیە کە خوا زوو حسابیان روئیەت بکاو هەرکەس بچێ بـــۆ جێی خـــۆی • ئاخرییەکەی دەرحەقی ئەوانەیە لە دوای حسابو چوونــە بـــەهەشتـی =بەهەشتیی= بۆ بەهەشتو ، چوونەجەهەننەمی ، جەهەننەمیی بۆ جەهەننەم لە دوای عەذابێکی زۆر لە جەهەننەما ماونەوە • سێ تەئویلی بۆ کراوە •

١ـ کرمانیی ئەڵێ : حەدیثی شەفاعەتی عەرەصات لەوێدا بڕاوەتەوە کە پێغەمەر ـ صلى الله تـــعالى عليه وســـلم ـ ئەفەرموێ : ئیذنم دەدرام •

دوایيەکەی حەدیثی شەفاعەتی هێنانەدەرەوەی جەهەننەمییە لە جەهەننـەم ئیختیصارکراوە •

٢ـ طیبیی ئەڵێ : ئیحتیمالی هەیە هەموو موئمین دوو فیرقە بـن ؛ فیرقەیێکیان لە عەرەصاتا شەفاعەتی بۆ ئەکرێ ، ئەچنە بەهەشت• فیرقەیێکی خراونە ناو ئاگرەوە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ زومرەـزومرە شەفاعەتیان بۆ ئەکا یێنرێنەدەرێو ئەخـرێنە بـەهەشتەوە • ئـەمـەیش ئیختیصارکراوە • ئەم تەئویلە لەگەڵ تەئویلی کرمانیی هـەر ئەوەندەیان فەرقە کە تەئویلی شەفاعەتی عەرەصات بۆ هەموونینسانە • لە تـەئـویلی (طیبی)دا ئەویش خاصە بە موسوڵمانانەوە •

٣ـ یاخۆ موراد لە ئاگر ئاگری عەرەصاتە • مشـکات (من القسطلاني)•

٦٢٣/٢٤ ـ معبد بن هلال العنزي ، قال : انطلقنا إلى أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] وتشفعنا بثابت فانتهينا إليه وهو يصلي الضـحى ، فاستأذن لنا ثابت ، فدخلنا عليه وأجلس ثابتا معه على سريره فقـال : يـا أبا حمزة إن إخوانك من أهـل البصـرة يسألونك أن تحدثهم حديث الشفاعة • قال : حدثنا محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إذا كان يوم القيامة ماج الناس بعضهم إلى بعض ، فيأتون آدم ـعليه السلام ـ فيقولون : له اشفع لذريتك ، فيقول : لست لها ، ولكن عليكم بإبراهيم ـ عليه السلام ـ فإنه خليل الله • فيأتون إبراهيم ـ عليـه السـلام ـ فيقول : لست لها ، ولكن عليكم بموسى ـ عليه السلام ـ فإنه كليم الله ، فيؤتى موسى ـ عليه السلام ـ فيقول : لست لها ، ولكن عليكم بعيسـى ـ عليه السلام ـ فإنه روح الله وكلمته ، فيؤتى عيسى ـ عليه السـلام ـ فيقول : لست لها ، ولكن عليكم بمحمد ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ فـأوتـى •

فأقول : أنا لها . أنطلق فأستأذن على ربي فيؤذن لي فـأقـوم بين يديه . فأحمده بمحامد لا أقدر عليه الآن يلهمنيه الله ـ تعالى ـ ثم أخِرُّ له ساجدا . فيقال لي : يامحمد ارفع رأسك ، وقل يسمع لك ، وســل تـُعطَه ، واشفع تـُشـَفـَّع . فأقول : يارب أمتي ، أمتي ! فيقال : انطلق فمن كان في قلبه مثقال حبة من برة أو شعيرة من إيمان فأخرجه منهـا ، فأنطلق فأفعل ثم أرجع إلى ربي تعالى فأحمده بتلك المحامد ، ثم أخِرُّ له ساجدا . فيقال لي يامحمد ارفع رأسك وقل يسمع لك ، وسل تعطه ، واشفع تشفـَّع . فأقول : يارب أمتي ، أمتي ! فيقال لي : انطلق . فمن كان في قلبه مثقال حبة من خردل من إيمان ، فأخرجه منهـا ، فأنطـلق فأفعل ، ثم اعود إلى ربي فأحمده بتلك المحامد ، ثم أخرُّ له سـاجدا ، فيقال لي : يامحمد ارفع رأسك وقل يسمع لك ، وسل تعطه ، واشـــفع تشفع . فأقول يارب أمتي أمتي ! فيقال لي : انطلق ، فمن كان في قلبه أدنى أدنى أدنى من مثقال حبة من خردل من إيمان ، فأخرجه من النـار فانطلق ، فأفعل .

هذا حديث أنس الذي أنبأنا به . فخرجنا من عنده ، فلما كنا بظهر الجَبَّان [موضع . أي بظاهرها وأعلاها . وقال أهل اللغة: الجبّان والجبانة الصحراء] قلنا : لو ملنا على الحسن [البصري ـ رحمه الله] فسلمنا عليـه وهو مستخف [خوفا من الحجاج! في دار أبي خليفـــة ، قال : فدخلنا عليه ، فسلمنا عليه ، وقلنا : يا أبا سعيد جئنا من عند أخيك أبي حمزة فلم نسمع بمثل حديث حدثـَنـاهُ في الشفاعة . قـال : هيه فحدَّثنـاه الحديث . فقال : هيه . قلنا : مازادنا . قال : حدَّثنا به منذ عشرين سنة ، وهو يومئذ جميع ، ولقد ترك شيئا ، ما أدري أنـَسِيَ الشيخ ، أو كره أن يحدثكم فتتكلوا ؟ قلنا لـه : حدثنا . فضحك وقال : (خلق

الإنسان من عجل)[1] ماذكرت لكم هذا إلا وأنا أريـد أن أحدثكموه : ثم أرجع إلى ربي في الرابعة ، فأحمده بتلك المحامد ، ثم أخر له ساجدا ، فيقال لي : يامحمد ارفع رأسك وقل يسمع لك ، وسل تعطه ، واشفع تشفَّع ، فأقول : يارب ائذن لي فيمن قال لا إله إلا الله • قال: ليس ذلك لك ، أو قال ليس ذاك إليك ، ولـكن وعـزتـي ، وكبريائي وعظمتي وجبريائي لأخرجن من النار من قال لا إله إلا الله • قال : فأشهد على الحسن أنه حدثنا به أنه سمع أنس بن مالك أراه قال قبل عشرين سنة وهو يومئذ جميع م ـ ١٧٩/٢ •

تەرجەمە :

مەعبەدی بنی هیلالی عەنەزیی ئەڵێ : چووینە خزمەت ئەنەسی بنـی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ثابیتمان کرد بە شەفاعەتخـواز کە گـەیینە خزمەتی نوێژی ضوحای ئەکرد • ثابیت ئیذنی بۆ خواستین ، چووینـــە ژوورەوە خدمەتی ، ثابیتی لە خدمەت خۆیا لەســـەر کورســـییەکەی جێ کردەوەو دانیشت ثابیت عـەرزی‌کرد : برادەرەکانت لـە ئەهلی بەصرە طەلەبت لێ ئەکەن کە حەدیثی شەفاعەتیـــان بۆ ریوایـــەت بفەرمووی • فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قسەی بۆ کردووین کە رۆژی قیامەت بوو خەڵق بەسەر یەکا بەعـــزێ بەسەر بەعزێکا مـــەوج ئەخۆنەوە ، ئەچنە خدمەت حەزرەتی ئادەم ـ علیه السلام ـ عەرزیئەکەن شەفاعەت بکە بۆ ذورڕییەتەکەت • ئەفەرموێ : من ئەهلی ئەوە نیم (لکن) بچنە خدمەت ئیبراهیم ـ علیه السلام ـ چونکە ئـەو خەلیلوڵڵایە • ئێنە خزمەت حەزرەتی ئیبراهیم ـ علیه السلام ـ [لەم حەدیثەدا حەزرەتی نووح ـ علیه السلام ـ ذیکر نەکراوە] بەو نەوعە ئەو ئەیانێرێتە خدمەت مووسا

(١) الانبيـــاء / ٣٧ •

ـ علیه السلام ـ ئەویش ئەیانێرێتە خدمەت حەزرەتی عیسا ـعلیه‌السلام ـو ئەویش ئەیانێرێتە خدمەت حەزرەتی پێغـەمەر ـ علیه الصلاة والسلام ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەفەرموێ : =من= بۆ ئـــەوە ئەهلم • ئەفەرموێ : ئیذن ئەخوازم بۆ حوضووری خوا ئیذن ئەدرێم ،له حوضووری خوادا ئەوەستم حەمدی ئەکەم بە حەمدێ کە ئێستە ناتوانـم بیکەم خوا ئیلهامی ئەفەرموێ • لە دواییا بە سوجدەدا ئەکەوم ، ئەمرم پێ ئەکرێ ئەی محمد سەرت هەڵبڕە بڵێ لێت ئەبیسترێ ، طەڵەب بکـــە ئەتدرێتێ ، شەفاعەت بکە قەبووڵ ئەکرێ • فەرمووی : یارەببی – (أمتي• أمتي) ئەمری پێ ئەکرێ کە بچۆ هەرکەسێ کە بە قەد دەنکە گەندمێ یـا بە قەد دەنکەجۆیێ ئیمان لە دڵیا بێ لە ئاگر دەریبێنە • ئـەفـەرموێ : ئـەچمو ئەیکـەم •

دووبارە ئەگەڕێمەوە حوضوور • بـەم نەوعە سـوجدە ئەبـا وەك پێشوو تا دەفعەی سێیەم • لە دەفعەی دوەما بە قەد خەردەلێ ، لە دەفعەی سێیەما لە خەردەلێ کەمتر ، لەویش کەمتر ،لەویش کەمتر ئیمانی لـــە قەلبا بێ دەری‌هێنە لە ئاگر •

مەعبەد ئەڵێ : ئەمە حەدیثی ئەنەســـە ـ رضي الله تعـــالی عنـه ـ ریوایەتی‌کرد • لە خدمەتی چووینەدەرێ ، کە گەیینە لای سەرووی جەبیان کە جێیەکە لە بەصرە ، وتمان : ئەگەر بچینە خدمەت حەسەنی بەصـــریی ـ رحمه الله ـ [خراپ نیە] چووینە خدمەتی‌و سەلاممان لێ‌کرد • ئەویش لە ماڵی ئەبوخەلیفەدا [لە ترسی حەججاجی بنی یوسف] خۆی شاردبۆوە، چووینە ژوورەوە خدمەتی‌و سەلاممان لێ‌کرد عەرزمان‌کرد : (یا أبا سعید) برادەری دینیت ئەبوحەمزە ـ رضي الله تعالی عنه ـ [ئەنەس] لە شەفاعەتا حەدیثێکی بۆ ریوایەت کردین وەکوو ئەو حەدیثەمان نەبیستوە بـۆمـان

ریوایەت بکریٚ • فەرمووی : ئێـی •حەدیثەکەمان بۆ ریـــوایەتکرد • فەرمووی : ئێی • عەرزمانکرد : هەر ئەوەندەیە لەوە زیاتری بۆ ریوایەت نـەکـردیـن •

حەسەنی بەصریی ـ رحمه الله ـ فەرمووی : بیست ساڵ لەمەوپێش ئەم حەدیثەی بۆ ریوایەتکردین ، ئەو وەختە قوەتی لە جێی خۆی بوو ، یەعنی ئیختیار نەبوو ، شتێکی تەرككردوە نازانم لە فکری چۆتەوە یاخۆ حەزی نەکردوە کە بۆتان ریوایەت بکا مەبادا تەوەکول بەوەی کە تـەرکی کردوە بکەنو لە عیبادەتا قوصوور بکەن • عەرزمانکرد : بۆمان ریوایەت بکە • پێکەنی ، فەرمووی : ئینسان بە عەجوول خەلقکراوە • من ئەوەم هەر بۆیە وت کە بۆتان ریوایەت بکەم [پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـ فەرمووی]لە دەفعەی چوارەما موراجەعەتی خوا ـ عز وجـــل ـ ئەکەمەوەو بەو حەمدانە حەمدی ئەکەم ، لە دوایيا بە سوجدەدا ئەکەوم ، ئەمرم پێ ئەکرێ : ئەی محمد سەرهەڵبڕە • بڵێ لێت ئەبیسترێ ، طەلەبکە ئەتدرێتێ ، شەفاعەت بکە لێت قەبووڵ ئەکرێ • ئەڵێم : یارەببی ئیذنـم بدە دەرحەقی ئەوانە کە (لا إله إلا الله) یان وتوە [یەعنی هیچ عەمـــەلی چاکەی تریان نەبوە] خوا ـ جل وعلا ـ ئەفەرموێ : ئەوە بۆ تۆ نیـە • یا ئەفەرموێ : ئەوە عائید بە تۆ نیە [شك الراوي] لاکین بە عیززەتو کیبریـاو عەظەمـەتو جیبریای [یـەعنـی سـەلطـەنـەتو عەظـەمەتو قـەهـری خـــۆم]خـــۆم ســـوێن ئـەخـۆمهـەرکەسێ (لا إلـــه إلا الله)ی وتبێ لە ئاگر دەریئێنم • مەعبەد ئەڵێ : شەهادەت ئەدەم لـە حەسەنی بەصرییەوە ـ رحمه الله ـکە وتی : ئەم زیادەم لە ئەنەسی بنـی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ بیستوە ، وا بزانم فەرمووی : بیست ساڵ لەمەوپێش ئەو وەختە بە تاقەت بو کۆ بو [یەعنی پیرو بێ قووەت نەبوو]•

[ئەم شکە لەم لەفظی ئاخرییەدایە کە لە دوای حەدیثەکەیش بەحثی لە بیست ساڵو قووەتو تاقەتی ئەنەس - رضي الله تعالى عنه ـكردوە یان نا لـە هی پێشەوەدا نیە] •

ئەمحەدیثەیش ئەوەڵو ئاخریەکەی جوێن لە یەك •

٢٥/٦٢٤ - عن أبي سعيد [رضي الله تعالى عنه] ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أما أهل النار الذين هم أهلها فإنهم لا يموتون فيها ولا يحيون ، ولكن ناس أصابتهم النار بذنوبهم ، أو قال بخطاياهم ، فأماتهم إماتة حتى إذا كانوا فحما أذن بالشفاعة فجيء بهم ضبائر ـ ضبائر فبثوا على أنهار الجنة ، ثم قيل : يا أهل الجنة أفيضوا عليهم ، فينبتون نبات الحبة تكون في حميل السيل ، فقال رجل من القوم : كأن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قد كان بالبادية م ـ ٢/ ١٤٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەمما ئـەهـلی جەهەنەم کە ئەهلی جەهەنەمن [یەعنی موخەللەدن] ئەوانە لە جەهەنەما نە ئەمرن نە ئەژین ئەمما بەعزێ کەس [یەعنی موئمین] کە بـە واسیطەی گوناهیانەوە تووشی ئاگر بوون ،یەعنی چوونە جەهەنەمەوە ، ئـەوانـە خوا ئەیانمرێنێ تا ئەبن بە خەڵوز ، ئەو وەختە ئیذنی شەفاعەت ئەدرێ ، جەماعەت جەماعەت یێنرێنە گوێجۆگەی بەهەشت لە دواییا ئەمر ئەکرێ: کە ئەی ئەهلی جەنەت ئاویان بەسەرا بکەن • کەئاویان بەسەراکرا وەکوو چۆن لافاو کە پووشو پەلاش ئێنێو لە ناو ئەو پووشو پەلاشەدا دەنکی گەندمو جۆو شتی تری تیا بێ لە ناو ئـەو پووشو پەلاشەدا سـەر دەرئەهێنێو زەردو زەعیف ئەڕوێ ،ئەو ئینسانانەیش بەو نەوعە زەردو زەعیف رۆحیان یێتەوە بەرو زیندوئەبنەوە قوەتیان یێتەوەبەر • یـەکێ

له قەومەکه وتی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وەکوو له صەحرا بووبێ وایه [یەعنی له شتی دەشتو صەحرا ئەگا] •

٦٢٥/٣٦ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : أتي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يوما بلحم [وفي أخرى : وضعت بين يدي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قصعة من ثريد ولحم ، فتناول الذراع وكانت أحب الشاة إليه ، فنهس نهسة [نهس : أخذ بأطراف أسنانه الشريفة ، نهش بأضراسه] فقال : أنا سيد الناس يوم القيامة ، ثم نهس نهسة أخرى ، وقال : أنا سيد ولد الناس يوم القيامة ، فلما رأى أصحابه لا يسألونه قال : ألا تقولون كيفه ، قالوا : كيفه يا رسول الله ؟ قال : يقوم الناس لرب العالمين م ـ ١٨٩/٢] فرفع إليه الدراع، وكانت تعجبه فنهس نهسة • فقال : أنا سيد الناس يوم القيامة • وهل تدرون بم ذاك ؟ يجمع الله تعالى يوم القيامة الأولين والآخرين في صعيد واحد ، فيسمعهم الداعي ، وينفذهم البصر ، وتدنو الشمس ، فيبلغ الناس مِن الغم والكَرْب مالا يطيقون وما لا يحتملون ، فيقول بعض الناس لبعض : ألا ترون ماأنتم فيه ؟ ألا ترون ما قد بلغكم ؟ ألا تنظرون إلى من يشفع لكم ؟ يعني إلى ربكم • فيقول بعض الناس لبعض : ائتوا آدم ، فيأتون آدم ـ عليه السلام ـ فيقولون : يا آدم أنت أبو البشر ، خلقك الله بيده ، ونفخ فيك من روحه ، وأمر الملائكة فسجدوا لك، اشفع لنا إلى ربك ألا ترى إلى مانحن فيه ؟ ألا ترى الى ماقد بلغنا ؟ فيقول آدم : إن ربي غضب اليوم غضبا لم يغضب قبله مثله ، ولن يغضب بعده مثله • وإنه نهاني عن الشجرة فعصيته • نفسي ، نفسي ! اذهبوا إلى غيري ، اذهبوا إلى نوح • فيأتون نوحا ـ عليه السلام ـ فيقولون : يا نوح أنت أول الرسل إلى الأرض ، وسماك الله عبدا شكورا • اشفع لنا إلى ربك • ألا ترى مانحن فيه ؟ ألا ترى ماقد بلغنا ؟ فيقول لهم : إن ربي قد غضِب

اليوم غضبا لم يغضَب قبله مثله ، ولن يغضب بعده مثله . وإنه قد كانت لي دعوة دعوت بها على قومي . نفسي ، نفسي ! اذهبوا إلى إبـراهيـم فيأتون إلى ابراهيم ـ عليه السلام ـ فيقولون : أنت نبي الله تعالى وخليله من أهل الأرض ، اشفع لنا إلى ربك . ألا ترى إلى مانحن فيه ؟ ألا ترى إلى ماقد بلغنا ؟ فيقول لهم إبراهيم [عليه السلام] : إن ربي قد غضب اليوم غضبا لم يغضب قبله مثله ولا يغضب بعده مثله . وذكر كذباته [قد بين قبل] نفسي ، نفسي ! اذهبوا إلى غيري ، اذهبوا إلى موسـى ـ عليـه السلام ـ فيقولون : ياموسى أنت رســول الله ، فضلك الله برســالاته وبتكليمه على الناس ، اشفع لنا إلى ربك . ألا ترى إلى مانحن فيـه ؟ ألا ترى ماقد بلغنا ؟ فيقول لهم موسى [عليه السلام] : إن ربـي قـد غضب اليوم غضبا لم يغضب قبله مثله ولن يغضب بعده مثله . وإني قتلت نفسا لم أومر بقتلها ، نفسي ، نفسي ! اذهبوا إلى عيسى . فيأتون عيسى عليه السلام . فيقولون : يا عيسى أنت رسول الله ، وكلَّمتَ الناس في المهد، وكلمة منه ألقاها إلى مريم ، وروح منه ، فاشفع لنا إلى ربك ألا تـرى مانحن فيه ؟ ألا ترى ماقد بلغنا ؟ فيقول لهم عيسى ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن ربي قد غضب اليوم غضبا لم يغضب قبله مثله ولن يغضب بعده مثله ، ولم يذكر له ذنبا ، نفسي ، نفسي ! اذهـبوا إلى غيري . اذهبوا إلى محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فيأتوني فيقولون : يـا محمد أنت رسول الله وخاتم الأنبياء ، وغفر الله لك ماتقدم من ذنبك ومـا تأخر ، اشفع لنا إلى ربك ، ألا ترى إلى مانحن فيه ؟ ألا ترى ماقد بلغنا ؟ فأنطلِق فآتي تحت العرش ، فأقع ساجدا لربي ، ثم يفتح الله تعالى عليّ ويلهمني من محامده وحسن الثناء عليه شيئا لم يفتحه لأحد قبلي ، ثـم يقال : يامحمد ارفع رأسك ، سل تعطه ، اشفع تشَفَّع . فأرفع رأسي ، فأقول : يا رب أمتي . أمتي ! فيقال : يامحمد أدخل الجنة من أمتك من

لا حساب عليه من الباب الأيمن من أبواب الجنة ، وهم شركاء الناس فيما سوى ذلك من الأبواب • والذي نفس محمد بيده إن مابين المصراعين من مصاريع الجنة لـكـما بين مكة وهجر أو كما بين مكة وبصرى م-٢/١٨٤• وفي حديث أبو ذر عنه ، قال : وذكر قوله في الكواكب (هـذا ربي) • وقوله لآلهتهم : (بل فعله كبيرهم هذا) وقوله : (إني سقيم) م-٢/١٨٩• ح-٥/٣١٩ إلى وسل تعطه ، ت ، ن ، جه ح-٧/١٩٦ بتمامه في بني إسرائيل في تفسير (إنه كان عبدا شكورا) • وفيه تكرار نفسي نفسي نفسي ثلاث مرات في المواضع •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : رۆژێ گۆشتیان هێنا بۆ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـــه وسلم ـ له ریوایەتەکەی تر ئەفـەرموێ : کاسەیێ تریتو گۆشتیان هینایە خدمەت [ذیراعی تیـابو] ذیراعەکەی هەڵگرت ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ذیراعی مەڕی حەز لێ ئەکرد بە ددانی موبارەکی پێشەوەی دەفعەیێ لێی هەڵبچوڕکـاز فەرمووی : من گەورەی هەموو خەڵقم لە رۆژی قیامەتا • لە دواییـــا دەفعەیێکی تری لێ هەڵبچوڕکانو فەرمووی : من گەورەی هەموو خەڵقم لە رۆژی قیامەتا • کە چاوی پێکەوت کە ئەصحابی کیرامی لێی‌ناپرسن فەرمووی : بۆچی ناڵێن بۆچی ؟ فەرموویان : بۆچی ؟ =فەرمووی= رۆژی قیامەت خوا ـ جل وعلا ـ ئەوەڵینو ئاخرین کۆئەکاتەوە لە ئەرزێکی تەختا کە هیچ چاڵو کۆسپی نەبێ ، ئەوی بانگیان بکا دەنگی بە گوێی هەموویان ئەگەیێنێ ، چاوی هەموویان ئەبینێ رۆژیان لێ نزیك ئەبێتەوە ئینســـان ئەوەندە غەمو مەشەقەتیان بەسەرا یێ کە لێی بێ تاقەت ئەبنو تەحەممولیان نامێنێ ، بەعزێکیان بە بەعزێکیان ئەڵێن : نابینن کە لەسەر چ ئەحواڵێکن؟

نابینن كه چیتان‌پێگه‌ییوه ؟ بۆ تێنافكرن بچنه لای كه‌سێ كه شه‌فاعه‌تتان بۆ بكا ؟ یه‌عنی له لای خوای خۆتان به‌عزێ به به‌عزێ ئه‌ڵێن : بچنـــه خزمه‌ت حه‌زره‌تی ئاده‌م ـ علیه السلام ـ ئه‌چنه خزمه‌ت حه‌زره‌تی ئـاده‌م ـ علیه السلام ـ عه‌رزی‌ئه‌كه‌ن : ئه‌ی ئاده‌م تۆ باوكی هه‌موو به‌شه‌ری ، خوا به ده‌ستی قودره‌تی خۆی خه‌لقی كردووی ، له رۆحی خۆی [كـه ئه‌مرێكی ره‌ببانییه] رۆحی كردووی به به‌را ، ئه‌مری به مه‌لائیكه كردوه سه‌جده‌یان بردوویته به‌ر ، له حوضووری خوای خۆتا شه‌فاعه‌تمان بـۆ بكه • نابینی كه له چییاین ؟ نابینی كه چیمان تووش بوه ؟ ئاده‌م ـ علیه السلام ـ ئه‌فه‌رموێ : ئه‌مرۆ خوا غه‌زه‌بێكی گرتوه له‌مه‌وپێش غه‌زه‌بی وای نه‌گرتوه له‌مه‌ولایش غه‌زه‌بی وا ناگرێ خوا ـ جل وعلا ـ نه‌هی لێ‌كردم كه له‌و دره‌خته نه‌خۆم ، عیصیانی ئه‌مره‌كه‌م كرد (نفسي ، نفسي !)[1] [لـــه ریوایه‌تی بوخاریدا لێره‌داو له مه‌وقیعه‌كانی دوایی سێ جار (نفسی)تیكرار ئه‌كاته‌وه] بچنه لای غه‌یری من [به‌م نه‌وعه ئه‌چنه خدمه‌ت پێغه‌مه‌ره‌كانـ كه له‌م حه‌دیثه‌دا ذیكركراوه ، هه‌موو بـــه‌م نه‌وعه جـــواب ئه‌ده‌نه‌وه‌و عه‌رزی نووح ئـــه‌كه‌ن : كه خوا ده‌رحه‌قی تۆ فه‌رموویه‌تی : نووح عه‌بدێكی شه‌كووره • ئه‌ویش ئه‌فه‌رموێ : خوای ته‌عالا دوعایێكی موسته‌جابی پـێ عه‌طا فه‌رمووبووم له (علیه)ی قه‌ومه‌كه‌ما له‌عه‌مه‌ل هێنا • عه‌رزی حه‌زره‌تی ئیبراهیم ـ علیه السلام ـ ئه‌كه‌ن ئه‌ویش كه به ئه‌ستێره‌كانی فه‌رموه ئـه‌مـه خوای منه ، به بته‌كانی نه‌مروودی فه‌رموه كه بته‌گه‌وره‌كه‌یان ئه‌وانی تـری شكان • كه ده‌عوه‌تیان‌كرد له‌گه‌ڵیان بچێ بـــۆ ئیجرای ئایین فه‌رمووی : نه‌خۆشم ••• به‌م قسانه‌ی عوزری هێنایه‌وه • عه‌رزی حه‌زره‌تی مووســـا ئه‌كه‌ن : كه خوا ـ جل وعلا ـ به ریساله‌ت‌و به قسه‌له‌گه‌ڵكردن خـــوا

---

(١) ئه‌مه‌یه كه كورد ئه‌ڵێ : رۆژی نه‌فسی‌نه‌فسییه ، واته : خۆم خۆم •

تەفضیلی تۆی داوە بەسەر خەڵقا ، ئەویش =بە کوشتنی پیاوێ= بێ ئەمە ئەمری پێ‌بکرێ بە کوشتنی عوزری‌هێنایەوە • عەرزی حەزرەتی عیسـا ئەکەن : کە تۆ (روح الله)ی لە بێشکەدا قسەت =لەگەڵ خەڵق= کردوە • کەلیمەی خوای کە خوا ئیلقای کردووێتە حەزرەتی مەریەمەوە ئەو گوناهی نەبوە کە بەوە دەعذدرەت بێنیتەوە هەر بە غەزەب‌گرتنی خوا ئیکتیفای کردوە کە عەرزی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەکەن : تۆ رەسوولولڵای خاتەمی هەموو پێغەمەرانی ، خوا گوناهی پێشووو دواییتی عەفو کردوە [لە مووددەتی حەیاتتا خوا حیفظی لە هەموو نەوعە گوناهێ کردووی] ئـەو تەشریفی ئەچێتە حوزووری بارێی ـ جل وعلا ـ ئەفەرموێ : ئەچم لە ژێر عەرشا بە سوجدەدا ئەکەوم • خوا ـ جل وعلا ـ ذیهنم ئەکاتەوە لە حەمدی زۆرو ثەنای جوان‌جوانی شتێکی وام ئیلهام ئەکا کە لە پێش منا بۆ هیـچ کەس ئەو فوتووحاتەی نەکردبێ • لە دواییا ئەمرم پێ ئەکرێ : ئەی محمد سەر هەڵبڕە طەڵەب کە ئەددرێتێ • شەفاعەت کە لێت قەبووڵ ئەکرێ • سەرم بەرز ئەکەمەوە ئەڵێم : یارەببی (أمتي ، أمتي) [أمتي ياربى ، أمتي ياربي ح ـ ١٩٦/٧] ئەمرم پێ ئەکرێ ئەی محمد لە ئوممەتی خۆت ئەوی حسابی لەسەر نیە لە دەرگانەی لای راستی دەرگانەکانی بەهەشتەوە ببەرە ناو بەهەشتەوە ، ئەوان لە دەرگاکانی تریشا شەریکی خەڵقن ، قەسەم بەوەی کە نەفسی من بەدەستی قودرەتیەتی مابەینی دوو لاشییان لەلاشیپانی دەرگای بەهەشت بە قەد مابەینی مەککەو هەجەرە ، یا فەرمووی بـــە قەد مابەینی مەککەو بوصرایە •

٦٢٦/٢٧ ـ داود عن أبي هريرة وآخر عن حذيفة ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ قالا : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يجمع الله تعـالى الناس فيقوم المؤمنون [الظاهر أن المراد بالمؤمن مؤمن كل أمة]

حتى تـُز°لف لهم الجنة فيأتون آدم ـ عليه الصلاة والسلام ـ فيقولون : يا أبانا استفتح لنا الجنة • فيقول : وهل أخرجكم من الجنة إلا خطيئـة أبيكـم آدم ؟ لست بصاحب ذلـك ، اذهبـوا إلى ابني إبـراهيم خليـل الله • قال : فيقول إبراهيم ـ عليه السلام ـ : لست بصاحب ذلك إنمـا كنت خليلا من وراء وراء [كبينَ بينَ ، وبالبنـاء على الضـم ، كقبلُ وبعدُ ، ومنصوبين منونين • من النووي] اعمِدوا [كاضربوا] إلى موسى الذي كلمه الله تكليما ، فيأتون موسى ـ عليه السلام ـ فيقول : لسـت بصاحب ذلك ، اذهبوا إلى عيسى كلمة الله وروحه • فيقول عيسى ـ عليه السلام ـ: لست بصاحب ذلك فيأتون محمدا ـصلى الله تعالى عليه وسلمـ فيقوم ويؤذن له • وترسل الأمانة والرحم فتقومان جنبتي الصراط يمينا وشمالا ، فيمرّ أولكم كالبرق • قال : فقلت : بأبي أنت وأمي أي شيء كمرّ البرق ؟ قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ألم تروا إلى البرق كيف يمر ويرجع في طرفة [مرة من بـاب ضـرب] عين ؟ ثم كمرّ الريح ، ثم كمر الطير • وشدّ الرجال تجري بهم أعمالهم ونبيكم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قائم على الصراط يقول : ربّ سلّم سلم . حتى تعجز أعمال العباد ، حتى يجيء الرجل فلا يستطيع السير إلا زحفا ، وفي حافتي الصراط كلاليب معلقة مأمورة تأخذ مَن اُمِرَتْ به ، فمخدوش ناج ، ومكدوس في النار ، والذي نفس أبي هريرة بيده إن قعر جهنم لسبعون خريفا م ـ ٢/١٩٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خـوای تەبارەك وەتەعالا خەڵق کۆئەکاتەوە ، موسوڵمانان رائەوەستن تا جەنەتیان لێ‌نزیك ئەخرێتەوە ، یێنە خدمەت حەزرەتی ئادەم ـ عليه الصلاة والسلام ـ عەرزی

ئەکەن : ئەی باوکی ئێمە طەڵەب بکە دەرگای بەهەشـــتمان لێبکەنەوە • ئەفەرموێ : بۆ غەیری خەتای باوکتان شتێکی تر ئێوەی لە بەهەشـــت کردۆتە دەرێ ؟ من صاحیبی ئەو ئیشە نیم • بچنە لای ئیبراهیمی کوڕم کە خەلیلوڵلایە • فەرمووی : ئیبراهیـــم ـ علیه السـلام ـ ئەفەرموێ : من صاحیبی ئەو ئیشە نیم ، من ئەمجا لە دوای کێو کێ خەلیلم •قەصدی لای مووسا بکەن کە خوا (بالذات) قســـەی لەگەڵ کردوە • بێنە خدمەت حەزرەتی مووسا ـ علیه السلام ـ ئەفەرموێ : من صاحیبی ئەوە نیم ، بچنە لای عیسا کە (کلمة الله) و (روح الله)یە عیسا ـعلیه‌السلامـ ئەفەرموێ : من صاحیبی ئەوە نیم • بێنە خزمەت حەزرەتی محمد ـ صلی الله‌تعالی‌علیه‌وسلمـ رائەوەستێو ئیذنئەدرێ کە شەفاعەت بکا ، ئەمانەتو رەحم ئەنێررێن لای راستو چەپی پردی صیراطەوە رائەوەستن [تا طەڵەبی حەقی خۆیان بکەن لەوانەی کە ئیرادەیان هەیە کە لە پردی صیراط تێپەڕن ، کـــێ ئەمانەتو رەحمی بەجێهێناوەو کێنەیهێناوە] ئەوەڵی ئێوە وەکو رابوردنی بـــەرق رائەبوورن [حوذەیفە یا ئەبوهورەیرە بەیانی نەکردوە کامیان ئـەپرسن] فەرمووی : بـاوکو دایکم فیدات بێ مەعنای چی وەکو رابوردنی بـەرق رائەبوورن ؟ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : نەتاندیوە کە بەرق چۆن لەوەندەی چاولێکنانو هەڵبڕینێکا[1] ئەڕواو یێتەوە ؟ لـــە دوای ئەوان وەکوو بـــا رائەبوورێ ، لـــە دوای ئەوان وەکـــوو طەیر رائەبوورن • لە دوای ئەوان وەك راکردنی پیاو رائەبوورن ، ئەعمالیـــان ئەیانڕوێنێ [خێرایی‌و سستییان بە پێی عەمەلیانە] پێغەمەری ئێـــوە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەسەر صیراط راوەســـتاوە ئەفەرموێ : یارەببی سەلامەتیان کەی ، یارەببی سەلامەتیان کە لە کەوتن ، تا عەمەلی

---

(١) (مەڕ ـــ مر) مەبەستی تێپەڕبوونو پەڕینەوەی سەر پردی صیراطە کە پرسیاری دەربارە کرا .

عیباد عاجز ئەبێ لەمە بیانپەڕێنێتەوە ، وای لێ یێ پیاو بە چنگەکرِێ نەبێ ناتوانێ بڕوا • لە هەردوو طەرەفی صیراطەوە گاز هەڵاوەسراوە مەئمووری ئەوەیە کە ئەمری پێکرا کەسێ بـــگرێ ئەیـــگرێ ، بەعزیك ئەعزای ئەڕووشێو نەجاتی ئەبێ ، بەعزێکی ئەکەوێتەخوارەوە ناو ئاگر •

ئەبوهورەیرە ئەفەرموێ : قەسەم بەو ذاتەی کە نەفسی ئەبوهورەیرە نە دەستی قودرەتیایە قوولایی جەهەننەم حەفتا پاییزە ، یەعنی حەفتا ساڵە [لەم ئاخریەی وا دەرەکەوێ ئەوی مەعنای مەڕی[1] لە پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ پرسیوە ئەبوهورەیرە بێ] •

٦٢٧/٣٨ ـ عن أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أنا أول الناس يشفع في الجنة وأنا أكثر الأنبياء تبعا •

٦٢٨/٢٩ ـ عن أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] قال : قـــال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أنا أكثر الأنبياء تبعا يوم القيامة ، وأنا أول من يقرع باب الجنة •

٦٢٩/٣٠ ـ وعنه قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: أنا أول شفيع في الجنة ، لم يصدق نبي من الأنبيـــاء ماصُدِّقتُ ، وإن من الأنبياء نبياً ما يصدقه من أمته إلا رجل واحد •

٦٣٠/٣١ ـ وعنه قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: آتي باب الجنة يوم القيامة فأستفتح ، فيقول الخازن : من أنت ؟ فأقول : محمد • فيقول : بك أمرت لا أفتح لأحد قبلك م ـ ٢/١٩٣ •

تەرجەمە کانیان :

١ ـ =ئەنەسی کوڕی مالیـــك ـ خوای لێ رازیـی بـــێ ـ فەرموویەتی : پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ فەرمووی= : من ئەوەڵ کەسێکم بۆ

(١) ئەگەر لێرەدا بگوترێ : لە چاوتروکاندنێکا باشترە .

جەننەت شەفاعەت بکا لە خوصووصی تەبەعەوە زۆرترینی هەموو ئەنبیام •
٢ ـ ئەوەڵ کەسێکم کە لە قاپیی بەهەشت ئەدەم •
٣ ـ ئەوەڵ کەسێکم کە شەفاعەت ئەکەم ، =من لە هەموو پێغەمەران زیاتر پەیڕەوم هەیەو لە هەموویان زیاتر تەصدیق کراوم= بەعزێ ئەنبیا هەن کە تەنها کەسێ تەصدیقی کردوە لە ئوممەتەکەی •
٤ ـ ڕۆژی قیامەت دێمە قاپیی بەهەشت ، ئەڵێم : دەرگام لێ بکەنەوە • خازین ئەڵـــێ : تـــۆ کێـــی ؟ ئەڵێـــم : محمدم • ئەڵێ : بە تۆم ئەمرپێ کراوە ، کە لە پێش تۆوە لە کەسی نەکەمەوە •

٦٣١/٣٢ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قـــال [وعن أنس نحوه •م] قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن لـكل نبـي دعوة مستجابة ، فتعجل كل نبي دعوته ، وإني اختبأت دعـــوتي شفاعةً لأمتي يوم القيامة ، فهي نائلة ـ إن شاء الله تعالى ـ من مات من أمتـي لا يشرك بالله شيئا م ـ ١٩٥/٢ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە بۆ کوللی پێغەمەرێ دۆعایێ هەیە کە لێی قەبووڵ بکرێ • هەر(١) پێغەمەرێ عەجەلەی کرد لە دنیادا دۆعاکـەی خۆیی کرد ، من دۆعاکەی خۆمم شاردۆتەوە کە لە ڕۆژی قیامەتا لـــــە شەفاعەتا بۆ ئوممەتم لە عەمەلی بێنم ـ إن شاء الله ـ ئەو دۆعای منە نائیـل ئەبێ بەو کەسە لە ئوممەتی من کە مردبێت و شەریکی نەگرتبێ بۆ خوا •

لە موسلیما هەشت نۆ حەدیث لە ئەبوهورەیرەوە ـ رضي الله تعالى عنه ـ

(١) ئەگەر بگوترێ : هەموو پێغەمەران .. باشترە .

ریوایەت ئەكا هەموو مەئالیان وەك ئەم حەدیثە وایە • لە دەورو پشـــتی ئەم حەدیثەوەن كێ ئارەزووی هەیە موراجەعەتی بكا •

٦٣٢/٣٣ ـ عن عبدالله بن عمرو بن العاص ـ رضي الله تعـالى عن سبطيه ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تلا قوله ـ تعالى ـ فـي إبراهيم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: (رب إنهن أضللن كثيرا من الناس، فمن تبعني فإنه مني ـ الآية ـ ومن عصاني فإنك غفور رحيم)[1] وقـال عيســى ـ صلى الله تعـالى عليــه وســـلم ـ : (إن تعـذبهـم فـإنهم عبـادك ، وإن تغفـر لهـم فـإنك أنت العـزيـز الحـكيم)[2] فـرفـع يـديـه وقـــال : اللهـم أمتـي ، أمتـي ! وبـكى • فقـــال الله ـ عـز وجل ـ : يا جبريل اذهب إلى محمد وربك أعلم فسله مايبكيك ؟ فأتـــاه جبريل ـ عليه السلام ـ فسأله ، فأخبره رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بما قال ، وهو أعلم • فقال الله ـ تعالى ـ : يا جبريل اذهب إلى محمد فقل : إنا سنرضيك في أمتك ولا نسوءك م ـ ٢/١٩٨ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلاّ ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : كە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەم ئایەتەی سوورەتی ئیبراهیمی خوێندەوە كە حەزرەتی ئیبراهیم ـ عليه الصلاة والسلام ـ فەرمووی : ئەی رەببی من ئەو بتانــە گەلێكی لە خەڵق گومڕا كرد ، ئەوی كە تابیعی من بێ پەیڕەوی من كا ئەو كەسە لە منە • ئەوی كە ئیطاعەی ئەمری من نەكا كە ئەمری تۆیـــە نـۆ غەفوورو رەحیمی • عەفوو مەرحەمەت بە دەست تۆیە ئیرادەی عەفویان بكەی عەفویان بكە ، یەعنی بە جەزم طەلەبی عەفوی نەكرد • حەزرەتـی

(١) إبراهيـم / ٣٦ •
(٢) المائـدة / ١١٨ •

عیسا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ له قیامەتا که خوا لەگەڵ ئوممەتەکەی بەرەوڕووی یەك رایانئەگرێ ••ئەفەرموێ : خوایا ئەگەر عەذابیان بدەی عەبدی خۆتن ، ئەگەر لێیانخۆش ببی تۆ عەزیزی غـالبو مـوقتەدیـری بەسەر عەذابو عەفوا ، حەکیمی هیچ شتێ بێ حیکمەت ناکەی نە عەذاب نە عەفو • ئەویش بە صەراحەت طەڵەبی عەفوی نەکرد • ئـــەو وەختــە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ هەردوو دەستی هەڵبڕیو فەرمووی: ئەی (اللهم أمتي أمتي !) ئەوەی فەرموو گریا ، خـوا ـ جـل وعـلا ـ فەرمووی : یا جیبریل بچۆرە لای محمد لێی بپرسە بۆچی ئەگرێ ؟ خوای تۆ بەوە عالمترە • جیبریل ـ علیه السلام ـ تەشریفی هاتەلایو لێیپرسـیو خەبەری دایە ـ علیه الصلاة والسلام ـ [فیه اختصار][1] خوا خۆی بـــە جەوابەکەی عالمترە لە جیبریل • خوا فەرمووی : ئەی جیبریل بچۆرە لای محمد پێی بڵێ: ئێمە لە خوصووصی ئـوممـەتتەوە رازیت ئەکەین، دڵت ناخۆش ناکەین •

أحـــوال الآخـــرة[2]

بەحثی فەضائیلی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ رای کێشـــام بۆ بەحث لە موعجیزاتیو لە میعراجیو لە شەفاعەتی ؛ چونکی ئەمانە داخلی فەضائیلی پێغەمەرن ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەقەط شەفاعەت [مبتدأ] خوابەشێکی زۆرمان لێی پێ ئیحسان بکا [خبر] لە ئەحوالی ئاخیرەتە، کە تێفکریم خۆمم وا دیی وەك لە مەیدانی مەحشەرابم لە بەینی بـەهـەشتو جەهەننەمو لای پردی صیراطو ناو =ئەو= هەموو مەخلووقاتەدا کـــە لەوێدا کۆکراونەوە •• موناسبم نـەزانـی کـە لێی بێمە دەرێ تـا ئـــەو

(١) واتە لە شێوەی پرسیارو وەڵامەکەدا کورتکردنەوە هەیە .

(٢) باسـی بەسەرهاتی پاشەڕۆژ .

بەحثانەیش تەواو نەکەم ؛ چونکی کە گەییمە ئەوێ بەعزێکی بەیان بکەم‌و بەعزێکی تەرك بکەم‌و لە دواییا بگەڕێمەوە سەری موناسب نابێ • بـــە تەرتیب لە ئەوەڵەوە بەحثی (رؤية الله)لە دواییا بەهەشت‌و جەهەننەم‌و سائیرە ئەکەم • (ومن الله التوفيــق) •

شـمع مريم‌را بهل أفروخته　　زى بخارا ميرود اين سوخته

قــزڵجی[1]

رؤية الله[2]

٦٣٣/٣٤ - عن أبي موسى [رضي الله تعالى عنه] قال : قام فينا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بخمس كلمات ، فقال : إن الله لا ينـام ولا ينبغي له أن ينام يخفض القسط [الميزان أو الرزق] ويرفعه [أي يبسط ويقبض] ويرفع إليه عمل الليل قبل عمل النهار ، وعمل النهار قبل عمـل الليل ، حجابه النور • وفي رواية أبي‌بكر النار ، لو كشفه لأحرقت سُبُحات وجهه [نوره وجلاله وجماله] ما انتهى إليه بصره من خلقه [وفي رواية : بأربع • وفيها : عمل النهار بالليل ، وعمل الليل بالنهار] •

تەرجەمە :

ئەبوموو‌سای ئەشعەریی ـ رضي الله تعالى عنه ـفەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی لەناومانا راوەستاو پێنچ کەلیمــەی فــەرمــوو :

---

(١) بۆ سەرچاوەو مەبەست لە هێنانی ئەم بەیتە تەماشـــــای لاپــەڕە (٣٤٤)ی بەرگی سێیەم بکە .

(٢) باســی بینینی خوا ـ جل جلاله ـ .

١ ـ خوا نانوێو لایەق نیە کە بنوێ [چونکی نوستن سستبوونی ئەعزایەو بێشوعوورمانەوەیە ، ئەوە مەحاڵە بۆ خوا (لا تأخذه ســـنة ولا نـــوم)] •

٢ ـ تەرازووی عەدالەت هەڵەبڕێو دایەنەوێنێ [رزق زیاد ئەکـاو کەمەکا ، شامیلی هەموو ئەفعالە کە خوا دەرحەقی عیبادی ئەکا ، هەموو ئیشی خوا عەدالەتە بۆ خەڵق زەرەری بێ یا نەفعی بێ]•

٣ ـ عەمەلی شەوی ئینسان لە رۆژا ، هی رۆژی لە شەوا ، یا عەمەلی شەوی لە پێش عەمەلی رۆژا ، عەمەلی رۆژی لە پێش عەمەلی شەوا رەفـع ئەکرێتە حوضووری •

٤ ـ مانیع لە بینینی نوورە ، لە ریوایەتێکا ئاگرە ، ئەمەی ســـێ دەفعە فەرموە ، ئەگەر ئەو مانیعە لە خۆی لابدا نووری جەلالو جەمالی ذاتی ـ جل وعلا ـ تا موتتەهای روئیەتی ئەسووتێنێ • خـۆر روئیـەتـی نیهایەتی نیە • یەعنی هەموو مەوجوودات ئەسووتێنێ •

٥ ـ لـە حەدیثەکەی دەریێنن•[1]

٦٣٤/٣٥ ـ عن عبدالله بن قيس [الأشعري ـ رضي الله تعالى عنه ـ] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : جنتان من فضة آنيتهمـا ،

---

(١) دانـــەر ـــخـ ئـــەمـــەی نووســـیوە ، (نەوەویی)یش ـــخـ لە شەرحی حەدیثەکەدا هیچی نەنووسیوە . دانەر تەرجەمەی حەدیثەکەی بـەو چوار بڕگەی سەرەوە تەواو کردوە ، ئەگەر بڕگەکان وردتر بکرێنـەوە رەنگە کەلیمەی پێنجەم لەو وردکردنـەوە دەربهێنرێ ، وەك ئـەوەی بڕگەی سێهەم بکرێ بە دوو بڕگە ، یان چوارەم بڕگـە وردبکرێتەوەو ریوایەتی دوەم کە ئەڵێ (مانیع لە بینینی ئاگرە) بە بڕگەی پێنجـەم دابنرێ ، بەو جۆرە پێنجەمەکە لە حەدیثەکە دەردەهێنرێ .

وما فيهما ، وجنتان من ذهب آنيتهما ومافيهما ، ومابين القـــوم وبين أن ينظروا إلى ربهم إلا رداء الكبرياء على وجهه في جنة عدن م ـ ٢/١٢١ ، ح ـ ٧/٣٥٥ .

تەرجەمە :

[ولمن خاف مقام ربه جنتان . الرحمن] ئەبوموسای ئەشعەریـی ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە پێغەمەرەوە ریوایەتئەکـا کــە فەرموویەتی ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ:ئەو دوو جەنەتە خۆیو ئەو زەرفانـەیيو هەرچی تیایایە لە زیوە [ومن دونهما جنتان] : دووجەنەتەکەی تـریشـی خۆیو زەرفیو هەرچیێکی تیایە لە ئاڵتوونە ، لە بەینی بەهەشتییو قەوماو لە بەینی ئەمەدا کە تەماشای خوا بکەن غەیری ریدای کیبریا نەبێ کــە لەسەر ذاتی ئەقدەسی تەعالایە لە جەنەتی عەدنا هیچ مانیعێکی تـر نیــە [یەعنی ئەو مانیعە نەبێ هەموو کەس هەموو وەقت ئەیبینێو ئەو مانیعەیش بەینە ـ بەینە بۆ ئەوی ئیرادە ئەفەرموێ ببینێ لا ئەدا (وجوه يومئذ ناضرة إلى ربها ناظرة . (سورة القيامة)].

٣٦/٦٣٥ ـ عن صهيب [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إذا دخل أهل الجنة الجنة قال يقول الله ـ تبارك وتعالى ـ : تريدون شيئا أزيدكم ؟ فيقولون : ألم تبيض وجـوهنـا ؟ ألـم تدخلنا الجنة وتنجنا من النار ؟ قال : فيكشف الحجاب ، فما أعطوا شيئا أحب إليهم من النظر إلى ربهم . [وفي أخرى : ثم تلا هذه الآية :(للذين أحسنوا الحسنى وزيادة)[1]] م ـ ٢/١٢٢ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە ئەهلی جەنەت

---

(1) یـونس / ٢٦ .

چوونە بەهەشتەوە خوا ـ تبارك وتعالى ـ پێیان ئەفەرموێ: شتێکتان ئەوێ کە بۆتان زیادکەم ؟ ئەڵێن : بۆ رووت سپیی نەکردووین ؟ ئێمەت نەخستۆتە بەهەشتەوە ؟ نەجاتت نەداوین لە ئاگر ؟ فەرمووی : ئەو وەختە خوا ـ جل وعلا ـ حیجاب لەسەر خۆی لائەدا ، هیچ شتێکیان نەدراوەتێ کـــە لـە تەماشاکردنی خوا لایان خۆشتر بێ • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە مەعنای وایە : بۆ ئەوانە کە لە دنیادا چاکییان کردبێ لە ئاخیرەتا موقابیلی چاکیەکەیان چاکەیان لەگەڵ ئەکرێو زیادیشیان بـۆ هەیە (أخرى) •

٦٣٦/٣٧ ـ عن عطاء بن يزيد الليثي أن أبا هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أخبره أن ناسا قالوا لرسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: يا رسول الله هل نرى ربنا يوم القيامة ؟ فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : هل [تمارون •خ] تضارون في القمر ليلة البدر ؟ فالوا : لا يا رسول الله • قال : هل [تمارون •خ] تضارّون في الشـــمس ليس دونها سحاب ؟ قالوا : لا • قال فإنكم ترونه كذلك [يحشر •خ] يجمع الله الناس يوم القيامة ، فيقول : من كان يعبد شيئا فليتبعه ، فيتبع من كـان يعبد الشمسَ الشمسَ ، ويتبع من كان يعبد القمر القمرَ ، ويتبع من كان يعبد الطواغيت الطواغيت ••• وتبقى هذه الأمـــة فيهـا منافقوها ، فيأتيهم =الله= تبارك وتعالى في صورة غير صورته التي يعرفون • فيقول : أنا ربكم • فيقولون : نعوذ بالله منك • هذا مكاننا حتى يأتينا ربنا ، فإذا جاء ربنا عرفناه • فيأتيهم الله في صورته التي يعرفون فيقول : أنا ربكم• فيقولون : أنت ربنا ، فيتبعونه ، ويضرب الصراط بين ظهري جهنم، فأكونأنا وأمتي أول من يجيز ، ولا يتكلم يومئذ إلا الرسل ، ودعوى الرســـل يومئذ =اللهم= سلّم ، سلّم ، وفي جهنم كلاليب مثل شوك السعدان• هل رأيتم شوك السعدان ؟ قالوا : نعم يا رسول الله • قال : فإنها مثـــل

شوك السعدان غير أنه لا يعلم ما قدر عظمها إلا الله ، تخطف الناس بأعمالهم ، فمنهم المؤمن يقي بعمله ، ومنهم المجازى حتى ينجى ، حتى إذا فرغ الله من القضاء بين العباد وأراد أن يخرج برحمته من أراد من أهل النار أمر الملائكة أن يُخْرِجوا من النار من كان لا يشرك بالله شيئا ، ممن أراد الله أن يرحمه ممن يقول لا إله إلا الله ، فيعرفونهم في النار ، ويعرفونهم بأثر السجود تأكل النار من ابن آدم إلا أثر السجود حرم الله على النار أن تأكل أثر السجود فيخرجون من النار قد امتُحِشوا [احترقوا معلوما ومجهولا] فيصب عليهم من ماء الحياة فينبتون منه كما تنبت الحبة في حَميل السيل [ماجاء به السيل من طين أو غثاء • ومعناه محمون السيل] ثم يفرغ الله من القضاء بين العباد •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ خەبەری داوە کە بەعزێ خەڵق عەرزی پێغەمەریان کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وتیان : (یا رسول الله) ئایا ئێمە لە رۆژی قیامەتا خوای خۆمان ئەبینین ؟ رەسوولوڵلا ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : شەوی چواردەی مانگ هیچ ئەکەون بەسەر یەکاو ئەذیەتی یەکتریی ئەدەن بۆ بینینی مانگ ؟ وتیان : خەیر (یارسول الله)• فەرمووی : رۆژ کە هیچ هەوری بە سەرەوە نەبێو سایەقەی ساف بێ هیچ زەرەرتان بۆ یەکتری ئەبێو زەحمەتی یەکتری ئەدەن بۆ بینینی ؟ عەرزیانکرد : خەیر • فەرمووی : ئێوە بەو نەوعە خوا ئەبینن • خوا ـ جل وعلا ـ رۆژی قیامەت خەڵق کۆئەکاتەوە ئەفەرموێ : هەرکەسێ عیبادەتی شتێکی کردبێ شوێنی بکەوێ • ئەوی رۆژی پەرستبێ شوێن رۆژ ئەکەوێ • ئەوی مانگی پەرستبێ شوێن مانگ ئەکەوێ • ئەوی بتی پەرستبێ شوێن بت ئەکەوێ • ئەم ئوممەتە ئەمێنێتەوەو مونافیقەکانیشیان

لەناوایە ، خوای تەبارەکوەتەعالا لە غەیری ئەو صیفەتو صوورەتەدا کـە ئەوان خوایان پێ ناسیوە پێ ئەفەرموێ : من رەببی ئێوەم • ئەڵێن : پەنـا ئەگرین بە خوا لە تۆ ئەمە جێگەمانە تا خوای خۆمان بۆ یێت کـە خوای خۆمان هات ئەیناسین • خوا لەو صیفەتو صوورەتەدا کە ئەوان ئەیناسن یێت ، ئەفەرموێ : من رەببی ئێوەم ، ئەڵێن : تۆ خوای ئێمەی، شوێنی ئەکەون ، پردی صیراط رائەنگێورێ بەسەر جەهەننەما منو ئـوممـەتـی من ئەوەڵی ئەوانەین کە بەسەریا ئەپەڕینەوە ، ئەو رۆژە غەیری پێغەمەران هیچ کەس قسە ناکا ، دۆعای پێغەمەرانیش ئـــەو رۆژە ئـەوەیە هـەموو ئەفەرموون : (سلم ، سلم)یەعنی سەلامەتی کە ، سەلامەتی کە لە کەوتنە جەهەننەم • لە جەهەننەما گازی قەڵبە قەڵبەداری زۆر هەیە وەکوو دڕکی داری سەعدان ، چاوتان کەوتوە بە دڕکی داری سەعدان ؟ ئەڵێن : بەڵێ (یا رسول الله) ئەفەرموێ : ئەو قەڵبانە وەکوو دڕکی ســـەعدان وایـە ، ئەوەندەی هەیە غەیری خوا کەس نازانێ ئەو قەڵبانە چەندە گەورەیە ! ئەو قەڵبانە خەڵق ئەفرێنن ، بە پێی عەمەلی خۆیان ، بەعزێك بە عەمەلی خۆی خۆی موحافەظە ئەکا ، بەعزێ تێپەڕ ئەبێ تا نەجاتی ئەبێ ، تا خوا لـــە قەزای بەینی عیبادی ئەبێتەوە [بەهەشتیی بۆ جێی خۆیو جەهەننەمیـی بۆ جێی خۆی ئەچێ]و خوا ئیرادە ئەفەرموێ کە بە رەحمەتی خۆی ئەوی ئیرادەی فەرموە کە بیهێنێتەدەرێ لە ئاگر ئەیهێنێتەدەرێ ، ئەمر بە مەلائیکە ئەفەرموێ کە ئەوانەی هیچیان بۆ خوا نەکردوە بە شەریك لەوانەی خوا ئیرادەی مەرحەمەتی هەیە لەوانەی کە ئەڵێن (لا إله إلا الله) مەلائیکەکـان لە ناو ئاگرا ئەیانناسن بە ئەثەری سوجوود ، ئاگر لە بەنیئادەم غەیری ئەثەری سوجدە هەمووی ئەخوا • خوا ـ عز وجل ـ خواردنی ،یـەعنـی سووتاننی ، ئەعزای سەبعەی سوجدەی لەسەر ئاگر حەرامکردوە • لــە ئاگر یێنرێنە دەرێ هەموو سووتاون ، ئاوی حەیاتیان بەسەرا ئەڕژێنــرێ

وەکوو چۆن دەنکە گەندمو جۆو سائیرە لە کەنار ئاو لە ناو ئەو پووش‌و پەلاش‌و لەدا کە ئاوی لافاو هێناویەتی ئەڕوێ ئەوانیش بەو ئاوی حەیاتە ئەڕوێن‌و تازەئەبنەوە . لە دوایيا خوا لە قەضای (بين العباد) ئەبێتەوە .

ويبقى رجل مقبل بوجهه على النار وهو آخر أهل الجنة دخولا الجنة. فيقول : أي رب اصرف وجهي عن النار فإنه قد قشبني [سممني وآذاني] ريحها ، وأحرقني ذكاؤها [لهبها] فيدعو الله ماشاء الله أن يدعـــوه ، ثم يقول الله تبارك وتعالى : هل عسيت إن فعلت ذلك بك أن تسأل غيره . فيقول : لا أسألك غيره ، ويعطي ربه من عهود ومواثيق ماشـــاء الله ، فيصرف الله وجهه عن النار ، فإذا أقبل على الجنة ورآها سكت ماشاء الله أن يسكت ، ثم يقول : أي رب قدّمني إلى باب الجنة . فيقول الله له : أليس قد أعطيت عهودك ومواثيقك لا تسألني غير الذي أعطيتك ؟ ويلك يا ابن آدم ما أغدرك ! فيقول : أي رب ويدعو الله حتى يقول له : فهل عسيت إن أعطيتك ذلك أن تسأل غيره ؟ فيقول : لا وعزتك فيعطي ربـه ماشاء الله من عهود ومواثيق . فيقدمه إلى باب الجنة ، فإذا قام على باب الجنة انفهقت له الجنة [انفتحت واتسعت] فرأى مافيها من الخير والسرور فيســكت ماشاء الله أن يسكت ، ثم يقـول : أي رب أدخلني الجنـة ، فيقول الله تبارك وتعالى : أليس قد أعطيت عهودك ومواثيقك أن لا تسأل غير ماأعطيت ؟ ويلك يا ابن آدم ما أغدرك ! فيقول : أي رب لا أكون أشقى خلقك . فلا يزال يدعو الله حتى يضحك الله ـ عز وجل ـ منـه ، فإذا ضحك الله منه قال : ادخل الجنة ، فإذا دخلـها قال الله له : تمنّه . فيسأل ربه ويتمنى حتى أن الله ليـذكّره من كذا وكذا حتى انقطعت بــه الأماني . قال الله تعالى : ذلك لك ومثله معه . قـــال عطـــاء بن يزيـد وأبو سعيد الخدري مع أبي هريرة [رضي الله تعالى عنهما] لا يرد عليه من حديثه شيئا حتى إذا حدث أبو هريرة أن الله تعالى عز وجل قال لـذلـك

الرجل : ومثله معه • قال أبو سعيد : وعشرة أمثاله معه يا أبا هريرة • قال أبو هريرة : ماحفظت إلا قوله ذلك لك ومثله معه • قال أبو سعيد: أشهد أني حفظت من رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قوله ذلك لك وعشرة أمثاله • قال أبو هريرة : وذلك الرجل آخر أهل =الجنة= دخولا الجنة م – ٢/١٢٢ إلى ١٣٢ ، ح – ٢/١٠٩ – ١١٢ ، ح – ٩/٣١٥، ح – ١٠/٣٩١ ، ن :

تەرجەمە :

تەنها پیاوێ ئەمێنێتەوە رووی لە ئاگری جەهەننەمە ئـەو کەســـە ئاخری هەموو ئەهلی جەننەتە کە ئەچێتە ناو بەهەشتەوە ، ئەڵێ : یاڕەببی رووم لە ئاگر وەربگێڕە بۆنی ئەذیەتم ئەدا • هەتا خوا حەزەکا لە خـــوا ـ تبارك وتعالى ـ ئەپاڕێتەوە ، لە دواییا خوا ئەفەرموێ : بۆ تەمات وایـە کە ئەوەم لەگەڵ کردی داوای شتی تر بکەی ؟ ئەڵێ : غەیری ئەوە داوای هیچی ترت لێ ناکەم • ئەوەندەی خوا ئیرادە بکا عەهدو پەیمان ئەکا کە داوای هیچی تر نەکا • ئەو وەختە خوا رووی لە ئاگر وەرەگێڕێ ، کـە رووی کردە بەهەشتو چاوی پێکەوت تا خوا حەز بکا بێدەنگ ئەبێ ، لە دواییدا ئەڵێ : یاڕەببی بمبە تا لای دەرگاری بەهەشت • خوا ئەفەرموێ: تۆ عەهدو پەیمانت نەدا کە غەیری ئەوەی پێم عەطاکردووی داوای هیچی ترم لێ نەکەی ؟ کۆستکەوێ ئەی بەنی ئادەم چەندە غەددارو عەهدشکێنی! ئەڵێ : یاڕەببیو زۆر ئەپاڕێتەوە ، تـا خوا پێی ئەفەرموێ : تەمات وایـە کە ئەوەم پێ عەطاکردی داوای شتی تر بکەی ؟ ئەڵێ : خەیر قەســـەم بە عیزەتی تۆ• ئەوەندەی خوا ئیرادە بکا عەهدو پەیمان ئەدا بە خوا ، خوا ئەیباتە بەر دەرگای بەهەشت کە لە بەر دەرگای بەهەشت راوەستا بەهەشتی بۆ ئەکرێتەوەو بۆی واسیع ئەبێو چاوی بەو خێرە زۆرو فـەرەحە زۆرە ئەکەوێ کە لە بەهەشتایە تا خوا ئیرادەی هەیە بێدەنگ ئەبێ ، لە دواییا

عەهدو پەیمانی زۆرت نەدا کە غەیری ئەوەی پێم عەطا کردووی داوای هیچی تر نەکەی ؟ کۆستت کەوێ ئەی بەنیئــادەم چەنــدە غــەددارو پەیمانشکێنی ! ئەڵێ : یارەببی با نەبم بە بەدبەخترینی مەخلووقی نـۆ • هەر دۆعا ئەکاو ئەپارێتەوە تا خوا ـ عز وجل ـ پیئەکەنێ [یەعنــی حاڵی غەزەبی تەبدیل ئەبێ بە رەحمەت] کە خوا پێکەنی بەو عەبدەو پاڕانەوەی ئەفەرموێ : بچۆرە بەهەشتەوە ، کە چوە ناو بەهەشتەوە خوای تــەعــالا پێی ئەفەرموێ : تەمەننای چی ئەکەی بیکە • ئەویش هەر داوا لە خــوا ئەکاو تەمەننای شتی لێ ئەکا تا خوای تەعالا شتی ئەخاتەوە فکر لەوەو لەوە کە ئارەزوو تەمەننای بڕایەوە خوای تەعالا ئەفەرموێ : ئەوەو ئەوەندەی تر بۆ تۆ بێ • عەطای بنی یەزید ئەڵێ : کە ئەبو هورەیرە ئەم حــەدیثەی ریوایەت ئەکرد ئەبوسەعیدی خودریش لەگەڵ ئەبوهورەیرە بوو ـ رضي الله تعالى عنهما ـ هیچ رەددی لێ نەدەدا تا گەیی‌یە ئەوە کە خوا ـعز وجلـ ئەفەرموێ : ئەوەو ئەوەندەی تر بۆ تۆ بێ ، ئەبوسەعید ئەفەرموێ : ئەوەو لەگەڵ دە ئەوەندەی تر بۆ تۆ بێ • ئەبوهورەیرە فەرمووی : هەر ئەوەندەم حیفظ کردوە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەوەو ئەوەندەی تر بۆ تۆ بێ • ئەبوسەعید فەرمووی : شەهادەت ئەدەم کە من لە پێغەمەرەوەم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حیفظ کردوە کە فەرمووی: ئەوەو دە میثلی بۆ تۆ بێ • ئەبــوهورەیرە فەرمــووی [لــە ئــاخــری حەدیثەکــەیا] : ئــەو پیــاوە ئــاخری هــەموو ئــەهــلی بەهەشتە بــۆ چوونەناوبەهەشت • [ئەمجا خوا ئەزانێ ئەوانەی لە پێش ئەوەوەچوونــە بەهەشت ئەبێ خوا ـ عز شأنه ـ چی پێ ئیحسان فەرمووبێ !] •

٦٣٧/٣٨ ـ عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن ناساً في زمن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قالوا : يارسول الله هل

نرى ربنا يوم القيامة ؟ قال : رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : نعم • قال : هل تضارون في رؤية الشمس بالظهيرة صـــحوا ليس معهـا سحاب ؟ وهل تضارون في رؤية القمر ليلة البدر صحوا ليس فيها سحاب؟ قالوا : لا يا رسول الله • قال : ما تضارون في رؤية الله تبارك وتعالى يوم القيامة إلا كما تضارون في رؤية أحدهما • إذا كان يوم القيامة أذن مؤذن: ليتبع كل أمة ماكانت تعبد ، فلا يبقى أحد كان يعبد غير الله من الأصنام والأنصاب إلا يتساقطون في النار ، حتى إذا لم يبق إلا من كان يعبد الله من بَرٍّ وفاجر • وغير أهل الكتاب ، فتدعى اليهود فيقال لهم : مـاكنتـم تعبدون ؟ قالوا : كنا نعبد عزيرا ابن الله • فيقال : كذبتم ، ما اتخذ الله من صاحبة ولا ولد ، فماذا تبغون ؟ قالوا : عطشنا ياربنا فاسقنا ، فيشـار إليهم : ألا تردون ؟ فيحشرون إلى النار كأنها سراب يحطم بعضهـا بعضا ، فيتساقطون في النار • ثم تدعى النصارى فيقال لهم : ماكنتم تعبدون؟ قالوا: كنا نعبد المسيح بن الله • فيقال لهم : كذبتم مااتخذ الله من صاحبة ولا ولد فيقال لهم : ماذا تبغون ؟ فيقولون : عطشنا يا ربنا فاسقنا • قال : فيشار إليهم : ألا تردون ؟ فيحشرون إلى جهنم كأنها سراب يحطم بعضها بعضا ، فيتساقطون في النار • حتى إذا لم يبق إلا من كان يعبد الله من بر وفاجر أتاهم رب العالمين سبحانه وتعالى في أدنى صورة من التي رأوه فيها ، قال: فماذا تنتظرون ؟ تتبع كل أمة ماكانت تعبد • قالوا : يا ربنا فارقنا الناس في الدنيا أفقر ماكنا إليهم ولم نصاحبهم ، فيقول : أنا ربكم • فيقولون: نعوذ بالله منك لا نشرك بالله شيئا مرتين أو ثلاثا [إلى هنا ح-٧/٧٨] حتى إن بعضا ليكاد أن ينقلب فيقول : هل بينكم وبينه آيـة فتعرفـونه بها ؟ فيقولون : نعم [الساق •ح] فيكشف عن ساق ، فلا يبقى من كان يسجد لله من تلقاء نفسه إلا أذن الله له بالسجود ، ولا يبقى من كان يسجد اتقاء ورياء إلا جعل الله ظهره طبقة واحدة كلما أراد أن يسجد خر على قفاه ،ثم

يرفعون رؤوسهم وقد تحول في صورته التي رأوه فيها أول مرة ، فقال : أنا ربكم . فيقولون : أنت ربنا .

ثم يضرب الجسر على جهنم وتحل الشفاعة ، ويقولون : اللهم سلم، سلم ، قيل : يا رسول الله وما الجسر ؟ قال : دَحْضٌ مَزِلَّـــة فيـــه خطاطيف وكلاليب وحَسَكة [مُفَلْطَحَة .ح. فيها عرض واتساع. قال الأصمعي : واسعة الأعلى دقيقة الأسفل] تكون بنجد فيها شويكة يقال لها: السعدان ، فيمر المؤمنون كطرف العين وكالبرق ، وكالريـح ، وكالطير . وكأجاويد الخيل والركاب ، فناج مسلم [يسلم] ومخدوش مرسل [يخدش ثم يرسل فيخلصُ] ومكدوس في نار جهنم [ساقط فيها] .

حتى [يمر آخرهم يسحب سحبا ، فما أنتم بأشد لي مناشدة في الحق قد تبين لكم من المؤمن يومئذ للجبار ، وإذا رأوا أنهـم قـد نجـوا فـي إخـوانهم يقولون .خ] إذا خلص المؤمنون من النار ، فوالذي نفسي بيده ما من أحد منكم بأشد مناشدة لله في استقصاء الحق من المؤمنين لله يـوم القيامة لإخوانهم الذين في النار يقولون : ربنا كانوا يصومون معنا ويصلون ويحجون فيقال لهم : أخرجوا من عرفتم ، فتحرم صورهم على النـار ، فيُخرِجون خلقا كثيرا قد أخذت النار إلى نصف ساقيه وإلى ركبتيه . ثم يقولون : ربنا ما بقي فيها أحد ممن أمرتنا به فيقول : ارجعوا فمن وجدتم في قلبه مثقال دينار من خير فأخرجوه . فيخرجون خلقـا كثيـرا ، ثـم يقولون : ربنا لم نذر فيها أحدا ممن أمرتنا به .

ثم يقول : ارجعوا فمن وجدتم في قلبه مثقال نصف دينار من خير فأخرجوه ، فيخرجون خلقا كثيرا ، ثم يقولـون : ربنا لم نذر فيها ممن أمرتنا أحدا . ثم يقول : ارجعوا فمن وجدتم في قلبه مثقال ذرة من خير فأخرجوه ، فيخرجون خلقا كثيرا ، ثم يقولون : ربنا لم نذر فيها خيرا .

وكان أبو سعيد الخدري [رضـي الله تعالى عنـه] يقـول : إن لـم تصدقوني بهذا الحديث فاقرأوا إن شئتم : (إن الله لا يظلم مثقال ذرة ، وإن تك حسنة يضاعفها ويؤت من لدنه أجرا عظيما)[1] [فيشفع النبيـون والملائكة والمؤمنون ، فيقول الجبار : بقيت شفاعتي ح- ١٠/٣٩٥] فيقول الله ـ عز وجل ـ : شفعت الملائكة ، وشفع النبيون ، وشفع المؤمنون ، ولم يبق إلا أرحم الراحمين ، فيقبض قبضة من النار ، فيخرج منها قـوما لـم يعملوا خيرا قط قد عادوا حُمَما [فحوما] فيلقيهم في نهر في أفواه الجنة يقال له : نهر الحياة ، فيخرجون كما تخرج الحبة في حَميل السيل ، ألا ترونها تكون إلى الحجر أو إلى الشــجر مايكــون إلى الشمس أصَيْفر أخيضر ، ومايكون منها إلى الظل يكون أبيض ؟ فقالوا : يارسول الله كأنك كنت ترعى بالبادية ؟ قال : فيخرجون كاللؤلؤ في رقابهم الخواتم ، يعرفهم أهل الجنة ، هؤلاء عتقاء الله الذين أدخلهم الله الجنة بغير عمل عملوه ولا خير قدموه . ثم [فيقال لهم : لكم ما رأيتم ومثله معه. أخرى] يقول : ادخلوا الجنة فما رأيتموه فهو لكم ، فيقولون : ربنا أعطيتنا مالم تـعط أحدا من العالمين . فيقال لكم : عندي أفضل من هذا ، فيقولون : ياربنا أي شيء أفضل من هذا ؟ فيقول : رضاي فلا أسخط عليكم بعده أبــدا م ـ ١٣٣/٢ الى ١٤٣ ح ـ ١٠/٣٩٥ إلى ٣٩٩ .

تەرجەمە :

ئەم حەدیثانە کە دائیرن بە شەفاعەتو بە روئیەت یا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە ئەزمینەی موختەلیفەدا بە عیبارەتی موختەلیفـــە فەرموونی ، یا خۆ ئەصحابی کیرام ـ رضي الله تعالى عنهم ـ هەر کەس بە

(١) النســـــاء / ٤٠ .

تەعبیری خۆی بەیانی کردوە ، گینا مەئالیان یەکێکە بەعزێ فەرقی کـەم لە لەفزیانا هەیە کە زەرەر بە مەقصەد ناگەیێنێ •

ئەبوسەعیدی خودریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەت ئەکا کـە بەعزێ خەڵق لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عـــەرزی پێغەمەریان کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : (یا رسول الله) لە رۆژی قیامەتا ئێمە خوا ئەبینین ؟ فەرمووی : بەڵێ • فەرمووی : هیچ لە وەختی نیوەڕۆدا زەحمەت بە یەك ئەگەیێنن لە چاوپێکەوتنی رۆژا کە هیچ هەور نەبێ سایەقەیێکی صاف بێ ؟ شەوی بەدر لە چاوپێکەوتنی مانگا زەحمەت بە یەك ئەگەیێنن ؟ وتیان : خەیر (یا رسول الله) فەرمووی : لە تەماشاکردنی خوایشا ـ جل جلاله ـ لە رۆژی قیامەتا زەحمەت بە یەکتر ناگەیێنن ، وەك چۆن لە تەماشاکردنی مانگ‌و رۆژا لەو وەختەدا زەحمەت بـە یـەکتـر نـاگەیێنـن •

کە رۆژی قیامەت بوو موئەذذینێ بـانگ ئەکا : کوللی ئوممەتێ تابیعی ئەوە بێ کە لە دنیادا ئەیانپەرست ،لەوانەی کە غەیری خـوایـان پەرستوە وەك بت‌و بەرد هیچیان نامێننەوە هەموویان ئـەکەونە ناو ئاگری جەهەننەمەوە تا ئەو وەختە کە هیچ کەس نامێنێتەوە غەیری ئەوانەی کـــە هەر خوایان پەرستوە بە چاکیانەوەو بە خراپیانەوەو ، غەیری ئـەهلـی کیتاب • ئەمجا یەهوودیی بانگ ئەکرێن پێیان ئەڵێن : ئێوە چیتان پەرستوە؟ ئەڵێن : ئێمە عوزەیری کوڕی خوامان پەرستوە • پێیان ئەڵێن : درۆتان کرد ، خوا ـ جل شأنه ـ نە ژنی بوەو نە منالّ ، ئیتر چیتان ئەوێ ؟ ئەڵێن : تینوومانە یارەببی ئاومان بدەرێ بیخۆینەوە ، ئیشارەتیان پێ ئەکرێ کـە بۆ ناچنە سەر ئاو ؟ هەموویان کۆئەکرێنەوە بۆ ئاگری جەهەننەم ، ئاگری جەهەننەم وەکوو سەراب وایە ، بەعزێکی بەعزێکی ئەخواو تێك‌ئەشکێنێ،

هەموویان ئەکەونە ناو ئاگری جەهەننەمەوە • نەصارایش بەو نەوعە ، ئەمما ئەوان ئەڵێن: ئێمە عیسای کوڕی خوامان پەرستوە، بەدرۆئەخرێنەوەو ئەخرێنە جەهەننەمەوە تا غەیری ئەوانە کە هەر خوایان پەرستوە بە چاکیانەوەو بـە خراپیانەوە کەس نامێنێتەوە • خوای پەروەردگاری هەموو عالەم یێتـە لایان ، لە وەصفێکا لە نزیکی ئەو وەصفەوە کە خوایان پێ‌دیوە، ئەفەرموێ: مونتەظیری چین ؟ ئێوە بۆچی وەستاون ؟ هەرکەس تابیعی ئەوە بوو کـە پەرستویەتی ! ئەڵێن : یاڕەببی ئێمە لە دنیادا لە وەختێکا کە زۆر ئیحتیاجمان بە خەڵق بوو لە هەموو خەڵق جویّ بووینەوە [لە دین‌و ئیعتیقادا] نەبووین بە رەفیقیان [یەعنی ئێستە کە هیچ ئیحتیاجمان پێیان نیە چۆن ئەبـین بـە رەفیقیان ؟] خوا ئەفەرموێ : من خوای ئێوەم • ئەڵێن : پەنا ئەگرین بـە خوا لە تۆ کەس ناکەین بە شەریکی خوا دوو دەفعە یا سێ دەفعە [پێیـان ئەفەرموێ‌و وا جواب ئەدەنەوە] حەتتا بەعزێکیان نزیك ئەبن لەوەوە کە وەربگەڕێن [ئێمە بانگدەرێکمان بیست بانـــگی‌کرد : کــە هەر قەومێ بکەوێتە شوێن ئەوە کە لە دنیادا پەرستویەتی ئێمە هەر مونتەظیری ئەو خوایەین کە پەرستوومانە خوا ـ جل شأنە ـ لە غەیری ئەو صوورەتەدا کە لەوەپێش خوایان تیا دیبوو یێتە لایان ئەفەرموێ : من خـوای ئێـوەم • ئەڵێن : تۆ خوای ئێمە نیت [لە حوضووری خوادا غەیری پێغەمەران نەبێ هیچ کەس قسە ناکا] خوا ئەفەرموێ : عەلامەتێ لە بەینی ئێوەو خوادا هەیە کە خوای پێ بناسنەوە ، ئەڵێن : ساقی‌خوا عەلامەتە ح ـ ٣٩٦/١٠] خـوا کەشفی ساقی خۆیان بۆ ئەکا [موراد لە ساق پێ‌و پووز نیە چونکـــــە =خوا= مونەززەهە لە جیسمییەت ، ئەمیش وەکوو دەسـت ، وەکـوو وەجهـ ئیشارەتە ئەلای صیفەتێکی خوا] هیچ کەس نامێنێتەوە لەوانەی کە لە دنیادا بە ئیخلاص سوجدەی بۆ خوا بردبێ هەموو ئیذن ئەدرێن کــە سوجدە بەن ، هەموو سوجدە ئەبەن ، هەر ئەوانە ئەمێننەوە کە لە دنیادا

به ریاو سومعه [و شوهرەت خەڵق بڵێن کە نوێژکەرەو موســـوڵمـانە]
سوجدەیان بردوە ، یەعنی مونافیق ، ئــەوانە هەموویان پشتیان ئەبێ بـە
تەختەیێ رەق ئەبێ نانوشتێنەوە ، هەر وەختێ کــە تەمایان ئەبێ ســـوجدە
بەرن بەسەر پشتا ئەکەون ، لە دواییا کە سەر بەرزئەکەنەوە خوا چوەتـەوە
ئەو صوورەتەی کە لە ئەوەڵ جارا خوایان لەو صوورەتەدا دیوە • ئەمجا
خوا ئەفەرموێ : من خوای ئێوەم ، ئەوانیش ئەڵێن : تۆ خوای ئێمەی ،
لـە دواییدا پردی صیراط بەسەر جەهەننەما رائەنگێورێ ، وەقتی شەفاعەت
بێ ، ئەوە ذەواتە گەورانە کە شەفیعن ئەفەرموون : خوایا ســەلامەت کە ،
سەلامەت کە [یەعنی لە کەوتنەناوجەهەننەمەوە] سوئال ئەکرێ لە پێغەمەر
ـ صلی اللہ تعالی علیه وسلم ـ : (یا رسول اللہ) جیسر چیە ؟ ئەفـەرموێ :
خلیسکە ، پێی لێ هەڵەخلیسکێ ، پێ =لە سەری= ناوەســـتێ ، گازی
زۆری تیایە ، سەعدانی تیایە کە دڕکێکە لە نەجد ئەبێ [یەعنی دڕکــەزیی
زۆری تیایە] موئمین وەك چاولێك‌نێو هەڵیهێنێ بەسەریا رائەبوورێ وەك
بەرق ، وەك با ، وەك طەیر ، وەك ئەسپی چاك ، وەك سوار ••• رائەبوورن،
بەعزێ نەجاتی ئەبێو بە سەلامەت دەرەچن ، بەعزێ لەو گازو دڕکانـــە
ئەگیرێنو بەرەڵلا ئەبن نەجاتیان ئەبێ ، بەعزێ سەرەوژێر ئەبنەوە نـــاو
جەهەننەم بەم نەوعە تا هەموو موئمین نەجاتیان ئەبێ • قەسەم بەوەی کە
نەفسی من لە دەستی قودرەتیایە هیچ کەس لە ئێوە نیە کە لە دنیادا کـــە
زیاتر هەوڵ بدا بۆ دەستخستنی حەقی خۆی لەو موئمینانەی کە لە رۆژی
قیامەتا کە لە پردی صیراط نەجاتیان ئەبێو لە دواییدا هەوڵ ئەدەن بـــۆ
نەجاتی برای دینییان کە لە خوا بۆیان ئەپاڕێنەوەو دۆعایان بۆ ئەکەن کـە
لە جەهەننەم نەجاتیان بدەن [یەعنی ئینسان لە دنیادا تا مومکینی بێو دەستی
بڕوا بۆ حەقی خۆی سەعی ئەکاو هەوڵ ئەدا • لە قیامەتا موسوڵمانانـێ
کە خۆیان لە پردی صیراط نەجاتیان بوو لەو کەسانە زیاتر سەعی ئەکەنو

هەوڵ ئەدەن کە برای دینیی خۆیان لە جەهەننەم نەجات بدەن] ئـەڵێن : یارەببی لەگەڵ ئێمە بەڕۆژوو ئەبوون ، لەگەڵ ئێمە نوێژیان ئەکرد ، لەگەڵ ئێمە حەجیان ئەکرد ... ئەمریان پێ‌ئەکرێ کێ ئەناسن بچن دەریان‌بێنن ، خوا صوورەتی ئەوانەی لەسەر ئاگری جەهەننەم حەرام‌کردوە نایسووتێنێ، خەڵقێکی زۆر نەجات ئەدەن ، لە جەهەننەم ئەیان‌هێننە دەرێ ، بەعزێکیانی ئاگر تا ناوەڕاستی قاچی ، بەعزێکیانی تا ئەژنۆی گرتوە .

لە دواییدا یێنەوە حوضووری خوا ئەڵێن : یارەببی لــەوانەی کــە ئەمرت پێ‌کردووین هیچیانی تیا نەماوە . خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : بگەڕێنەوە لە دڵی هەرکەسێکا بە قەد دیناری خێــر ببینــن دەری‌هێنن ، خەڵقێکی زۆر یێننەدەرێ . ئەمجارەیش عەرزی بارەگا ئەکەن : یارەببــی لەوانە کە ئەمرت پێ‌فەرمووین هیچمان تیا نەهێشت . لــە دواییا خــوا ئەمریان پێ ئەکا : بگەڕێنەوە هەرکەسێ لە دڵیا بە قەد نیوەدیناری خێرتان دی دەری‌هێنن ، خەڵقێکی زۆر دەرئەهێنن . ئەمجا ئەڵێن : یارەببی لەوانە ئەمرت پێ فەرمووین هیچ کەسمان تیا نەهێشــــت . لە دواییا خـــوا ئەفەرموێ : بگەڕێنەوە لە دڵی هەرکەســـێــکا بە قــەد ذەڕڕەیێ خێــر ببینن دەری‌هێنن ، خەڵقێکی زۆر دەرەهێنن ، ئەڵێن : یارەببی هیچمان تیا نـەهێشـــــت .

ئەبوسەعید ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەگەر بەم حەدیثــە کە بۆم ریوایەت‌کردن بڕوام پێ‌ناکەن هەوەستان هەیە ئەم ئایەتەی سوورەتی نیسا بخوێننەوە کە خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : بە تەحقیق خــوا بــە قەد ذەڕڕەیێ زوڵم ناکا ئەگەر ئەو ذەڕڕەیە خێرو حەسەنات بێ خوا چەند چەندانەی ئەکا لە طەرەف خۆیەوە ئەجرێکی گەورە ئیحسان ئـەفــەرموێ [بوخاریی نیوەی ئەم حەدیثەی لێرەدا ذیکر کردوە ح‍ ٧٨/٧] .

خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : مەلائیکە شەفاعەتیانکرد ، پێغەمەران شەفاعەتیانکرد ، موسولمانان شەفاعەتیانکرد ، غەیری (أرحم الراحمین) کەس نەماوە ، مستێ لە ئاگر هەڵئەگرێ ، لەو ئاگرە قەومێکی لێ پێنێتە دەرێ کە قەت خێریان نەکردوە ، بوون بە خەڵووز ، ئەیانخاتە ناو نەهرێ لە دەرکی بەهەشت ناوی نەهری حەیاتە ، لە نـــەهرەکـە پێنەدەرێ وەك دانەگەنمو جۆو شتی تر کە لە ناو پووشو پەڵاشی لافاوا لە گوێ ئـاو ئەڕوێن ، نابینن کە لە بن بەردا یا لە بن درەختا ئەبن ، ئەوی لای رۆژەوە بێ لای هەتاوەوە بێ زەردەو سەوزە ، ئەوی لای سێبەرەوە بێ ســـپییە [ئەوانیش وا ئەبن] ئەصحابی کیرام ـ رضي الله تعالی عنهم ـ فەرموویان: (یا رسول الله)وەك لە دەشتا مەڕت لەوەڕانبێ وایتە • [یـەعنی لە ئیشـی صەحرایی ئەزانی] پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : لـە نەهرەکە وەك مرواریی پێنەدەرێ لە ملیانا مۆر ئـەبێ ئەهلـی بـەهەشت ئەیانناسن ، ئەڵێن : ئەمانە ئازادکراوی خوان • خوا ـ عز وجل ـبە بـێ عەمەلێ کردبێتیان ، بە بێ خێرێ لە پێش خۆیانەوە ناردبێتیان خستوونیـە بەهەشتەوە • خوا ئەفەرموێ : بچنە ناو بەهەشت هەرچیتان دی بۆ ئێوە بێ [هەرکەس ئەوە ئەبینێ کە خوا بەوی داوە ، هی خەڵقی تر نابینێ ، کەس چاوی لە بەشی کەسی تر نیە [(إن الله علی کل شيء قدیر)]•

ئەڵێن : یا ڕەببی شتێکت پێ عەطاکردووین کە لە عالـــەم بە هیـچ کەسێکت عەطا نەفەرموە • خوا ـ جل وعلا ـ پێیان ئەفەرموێ : بۆ ئێوە لە لای من شتی لەوە چاکتر هەیە • ئەڵێن : یاڕەببی چی لەمە چاکترە ؟ خوا ئەفەرموێ : رازییبوونی من لە ئێوە لە دوای ئەوە ئیتر قەت قەهرتان لـێ نـاگـــرم •

بوخاریی ـ رحمه الله ـئەم حەدیثەی پارچەـپارچە لە گەلێ جێگەدا ذیکرکردوە ، پارچەیێکی کەمی لە سوورەی نوونا ح‍ـ٧/٣٨٢ لە تەفسیری

(يوم يكشف عن ساق ويدعون إلى السجود فلا يستطيعون • خاشـــعة أبصارهم ترهقهم ذلة ، وقد كانوا يدعون إلى السجود وهم سالمون)[1]دا ذیکر کردوە • یەعنی ئەگەر راست ئەکەن‌و لەوەدا کە ئەڵێن ئێمە لە قیامەتا شتی چاکترمان هەیە شەریکیان‌هەیە ، شەریکەکانیان بێنن شەهادەتیان بۆ بدا لەو رۆژەدا کە کەشفی ساق ئەکرێ ، یەعنی موعامەلەی حساب‌و چاك‌و خراپ‌و ، حەق‌و باطیل لێك‌جوێ‌ئەکرێنەوە ، هەرکەس بە پێی عـەمـەلی خۆی موکافات ، یا ئەگەر خوا عەفوی نەکا موجازات ئەدرێ ، ذەررەیێ لە عەمەلی عیبادی لێ ون نابێ ، هەمووی بێنرێتە مەیـــدانەوە ، ئیش بـە شیددەت ئەبێ ، خەڵق بانگ ئەکرێن کە سوجدە بەن ناتوانن ســـوجدە بەن هەموو چاویان ئەترسێ لە کردەوە ، یا ذیللەت دایان‌ئەپۆشێ لەدنیادا لە ترس‌و ئافەت ساغ‌و سالم بوون بانگ ئەکران بۆ سوجدە نەیان‌ئەبرد •

موراد لە =ساق= پێ‌و پووز نیە تەصویری جیددییەت‌و ئیهتیمام‌و ئیستیعجالە بە ئیش‌و فرمان لە دنیا ، ئێمە ئەڵێین : داوێنی لێ‌کرد بەلادا ، خۆیی هەڵکرد ، پێی لێ رووت‌کرد ، قولی خۆیی لێ‌هەڵماڵیی ••• یـەعنی لەو رۆژەدا خوا عەلامەتێکی‌وا پێنیشانی خەڵق ئەدا کە بەو عەلامەتە خوا بناسن‌و شوێنی بکەون • =بوخاریی= قیطعەیێکی تـریشـی لە فـەضلی صەلاتی عەصرا ذیکر کردوە ح-١/٤٨٤ •

٦٣٨/٣٩ ـ عن عبدالله بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ قـــال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إني لأعلم آخر أهل النـــار خروجا منها ، وآخر أهل الجنة دخولا الجنة رجل يخرج من النار حَبْوا [بە گاگۆڵكێ] فيقول الله تبارك وتعالى : اذهب فادخل الجنة ، قـال : فيأتيها فيخيل إليه أنها ملأى ، فيرجع فيقول : يارب وجدتها ملأى ، فيقول

(١) القـــلم / ٤٣ •

الله =لـه= : اذهب فادخل الجنة = قال : فيأتيها فيخيل إليه أنها ملأى ، فيقول : يارب وجدتها ملأى • فيقول الله له : اذهب فادخـل الجنـة = فإن لك مثل الدنيا وعشرة أمثالها ، أو إن لك عشرة أمثال الدنيا • قال : فيقول : أتسخر بي ؟ أو تضحك بي وأنت الملك ؟ قال : لقد رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ضحك حتى بدت نواجـذه • قـال : فكان يقال : ذاك أدنى أهل الجنة منزلـة م ـ ٢/١٥٠ ، ٩/٣١٤ ، وفـي م ـ ٢/١٥٢ بفرق ما لا يغير ، ت ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ ئەفەرموێ : من ئەزانم کێ له دوای هەموو کەسێ له جەهەننەم یێتە دەرێو ئەچێتە بەهەشتەوە پیاوێکە بە گاگۆلکێ له جەهەننەم یێتەدەرێ ، خوای تەبارەكوەتەعالا ئەمری پێ ئەفەرموێ : بچۆره بەهەشتەوە ، پێ بۆ ئەمە کە بچێتە بەهەشتەوە وای ئێتە بەرچاو کە پڕ بوه ئەگەڕێتەوەو ئەڵێ : یارەببی بە پڕم دی جێ نەماوە، خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : بڕۆ بچۆره بەهەشتەوە =ئەفەرموێ : یێتە لای بەهەشت وا ئەزانێ پڕە ، ئەگەڕێتەوە ئەڵێ : خوایە دیم پڕ بوو ، خوا پێی ئەفەرموێ : بڕۆ بچۆره بەهەشتەوە =لە بەهەشت ئەوەندەی دنیـاو دە میثلی بۆ تۆ بێ [وا تێ ئەگا کە خوا ئیستیهزای پێ ئەکا] ئەڵێ : تـۆ لای خۆت مەلیکی کەچی گاڵتەم پێ ئەکـەی ؟ ئیبنومەسعوود ئەفەرموێ پێغەمەرم دی ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ پێکەنی تا ددانی تەنیشت ددانی خڕێی دەرکەوت ، ئەبوسەعید فەرمووی : ئیتر ئەیانوت کە ئەو پیاوە لـە ئەهلی جەنەت دەرەجەی لە خوار دەرەجەی هەموو ئەهلی بەهەشتەوەیە•

٤٠/٦٣٩ ـ عن ابن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : آخر من يدخل الجنة رجل فهو يمشي

مرة ويكبو مرة وتسعفه النار مرة [ئـەكـەوتو هەڵەستا گڕی ئـاگـری بە دەموچاوا ئەچوو ئەیسووتاندو رەشی ئەکرد] فإذا ماجاوزها التفت إليها فقال : تبارك الذي نجاني منك ، لقد أعطاني الله شيئا ماأعطاه أحدا من الأولين والآخرين ، فترفع له شـجرة فيقول : أي رب أدْنِني من هـذه الشجرة فلأستظل بظلها وأشرب من مائها ، فيقول الله ـ عز وجل ـ يا ابن آدم لعلي إن أعطيتكها سـألتني غيرهـا ؟ فيقول : لا يارب ويعاهده أن لا يسأله غيرها وربه تعالى يعذِره [من باب ضرب] لأنه يرى ما لا صبر عليه فيدنيه منها فيستظل بظلها ويشرب من مائها ثم ترفع له شجرة هي أحسن من الأولى ، فيقول : أي رب أدْنِني من هذه الشجرة لأشرب من مائها وأستظل بظلها لا أسألك غيرها • فيقول : يا ابنآدم ألم تعاهدني أن لا تسألني غيرها ؟ فيقول : لعلي إن أدنيتك منها تســألني غيرهـا ؟ فيعاهده أن لا يسأله غيرها ، وربه تعالى يعذِره لأنه يرى ما لا صـبـر =له= عليه ، فيدنيه منها ، فيستظل بظلها ويشرب من مائها • ثم تـرفع له شجرة عند باب الجنة هي أحسن من الأوليين • فيقـــول : أي رب أدنني من هذه الشجرة لأستظل بظلها وأشرب من مائها لا أسألك غيرها • فيقول : يا ابن آدم ألم تعاهدني أن لا تسألني غيرها ؟ قال : بلى يا رب هذه لا أسألك غيرها ، وربه تعالى يعذِره ، لأنه يرى ما لا صبر عليـــه فيدنيه منها ، فإذا أدناه منها فيسمع أصوات أهل الجنة ، فيقول : أي رب أدخلنيها • فيقول : يا ابن آدم ما يَصْرِينى منك [يقطع مسألتك مني]؟ أيرضيك إن أعطيتك الدنيا ومثلها معها ؟ فيقول : أي رب أتستهزىء مني وأنت رب العالمين ؟ فضحك ابن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : ألا تسألوني مم أضحك ؟ قالوا : مم تضحك ؟ قال : هكذا ضـحك رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقالوا : مم تضحك يارسولالله؟

قال : من ضحك رب العالمين حين قال : اتستهزىء مني وأنت رب العالمين؟ فيقول : إني لا استهزىء منك ولكني على ما أشاء قادر م ـ ٢/١٥٣ ٠

وفي م ـ ٢/١٥٦ مثله وزاد فيه : ويذكره الله تعالى سل كذا وكذا ٠٠٠ فإذا انقطعت به الأماني قال الله : هو لك وعشرة أمثاله ٠ قال : ثم يدخل بيته فتدخل عليه زوجتاه من الحور العين فتقولان : الحمد لله الذي أحياك لنا وأحيانا لك ٠ قال : فيقول : ما أعطي أحد مثل ما أعطيت ٠

تەرجەمە :

ئیبنومەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئاخرکەسێ کـــە ئەچێتە بەهەشتـــەوە پیاوێکە ئەڕۆیی‌و ئەکەوت ، گڕی ئاگری بەســـەرا ئەچوو دەمــوچاوی ئەسووتان‌و رەشی‌ئەکرد ، کە لە ئاگری جەهەننەم تێپەڕ بوو رووی تێکرد وتی : چەند گەورەیە ئەو خوایەی منی لە تۆ نەجات‌دا ؟ بە تەحقیق خـوا شتێکی وای پێ عەطاکردووم کە لە ئەوەڵین‌و ئاخرین بـە کەسـی عـەطـا نەفەرموە ٠ دەرعەقەب[1] درەختێکی بۆ بەرزئەکرێتەوەو پێنیشانی ئەدرێ، ئەڵێ : یاڕەببی لەو درەختەم نزیك بخەرەوە لەبەر سێبەرەکەیا دابنیشـم‌و لە ئاوەکەی بخۆمەوە ٠ خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : رەنگە ئەگەر ئەوەت بدەمێ داوای شتی ترم لێ بکەی ! ئەڵێ : خەیر یاڕەببی ٠ عەهدوپەیمـان ئەکا کە داوای شتی تری لێ نەکا ٠ خوا عوذری لێ قەبووڵ ئەکا ؛ چونکی شتێك ئەبینێ کە صەبری لەسەر پێ نەکرێ ، لە درەختەکەی نزیك ئەخاتەوە لە ژێر سێبەرەکەیا ئیستراحەت ئەکاو لە ئاوەکەی ئەخواتەوە ٠ لە دوایـیـا درەختێکی تر لەوە جوانتر ٠٠٠ درەختێکی تر لەوان جوانتر لای دەرگای بەهەشتەوە ، بەو نەوعە یەکە یەکە داوای ئەکاو عەهدو میثاقی ئەشکێنێ‌و داوای چوونەبەهەشت ئەکاو خوا ئەفەرموێ : چی سوئالی تۆ لە من قەطع

(٢) دوای ئـەوە ٠

ئەکا ؟ ئایا ئەوە رازیت ئەکا ئەگەر دنیاو ئەوەندەی تر لەگەڵ دنیادا بتدەمێ، ئەڵێی : رەببی تۆ گاڵتەم پێ ئەکەی خۆ تۆ رەببی هەمـوو عـالەمـی ؟ ئیبنومەسعوود پێکەنی وتی : بۆ لێم ناپرسن کە بۆچی پێئەکەنم ؟ وتیان : بۆ پێئەکەنی ؟ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالى عليه وسلم ـ بـەم نەوعە پێکەنی ، وتیان : (يا رسول الله) بەچی پێئەکەنی ؟ فەرمووی : بەوە پێئەکەنم کە خوا ـ عز وجل ـ لەو وەختەدا پیاوەکە عەرزی کرد : تۆ (رب العالمين)ی‌و گاڵتەم پێئەکەی ! پێکەنی ، ئەفەرموێ : من ئیسـتیهزات پێ ناکەم (لكن) قودرەتم هەیە بەسەر ئەوەی کە ئیرادە بکەم .

لـــە ریـوایەتەکەی تـرا ئەفەرموێ : خوا ـ عز وجل ـ هەر شتێ ئێینێتەوە فکر ئەفەرموێ : داوای ئەوەیش بکە ، داوای ئەوەیش بکە ... کە هیچ ئارەزووی نەما خوا ئەفەرموێ : ئەوەو دە ئەوەندەی تر بۆ تـۆ بێ . فەرمووی : لە پاشانا ئەچێتە ماڵی خۆیەوە [کە خوا لە بەهەشتا پێی ئیحسان‌کردوە یەك شەق ئەیدۆزێتەوە لێی ون نابێ دوو ژنی لە (حـور العين) ئەچنە لای ئەڵێن : حەمـــد بۆ ئەو خـــوایە کـــە تۆی بۆ ئێمە زیندوکردەوەو ئێمەی بۆ تۆ زیندوکردەوە . ئەڵێت : ئەوی کـە بە من ئیحسان‌کراوە شتێکە بە هیچ کەس ئیحسان نەکراوە] .

[حوور : جەمعی حەورایە موئەننەثی ئەحوەرە لەسەر وەزنی فوعل . عين جەمعی عەینایە موئەننەثی ئەعیەن لەسەر وەزنی فوعل عوين ، لـــە پێشیەوە ضەممەکە کرا بە ژێر، واوەکە بە قاعیدە کرا بە یێ، بوو بە عين . ضەممە گرانە حوور چاورەش سپێنەکەی زۆر سـپی‌و رەشـێنەکەی زۆر رەش . عين چاوگەورە بە گەورەییێکی موعتادو بێ عەیب] .

٦٤٠/٤١ ـ سـفيان بن عيينـة حدثنا مطرف بن طريف وابن أبجر [عبدالملك بن سعيد بن حبان بن أبجر وهو تابعي] سمعا الشعبي ، يقول :

سمعت المغيرة بن شعبة يخبر به الناس على المنبر ، قال سفيان : رفعه أحدهما أراه ابن أبجر ، قال : سأل موسى ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ربه سبحانه وتعالى : ما أدنى أهل الجنة منزلة ؟ قال : هو رجل يجيء بعدما أدخل أهل الجنة الجنة فيقال =له= : ادخل الجنة • فيقول : أي رب كيف وقد نزل الناس منازلهم وأخذوا أخذاتهم ، فيقال له : أترضى أن يكون لك مثل مُلْكِ مَلِكٍ من ملوك الدنيا ؟ فيقول : رضيت رب • فيقول لك ذلك ومثله ومثله ومثله ومثله فقال في الخامسة : رضيت رب• فيقول : هذا لك وعشرة أمثاله ، ولك مااشتهت نفسك ولذّت عينك ! فيقول رضيت رب • قال : رب فأعلاهم منزلة ؟ قال : أولائك الذين أردت غرست كرامتهم بيدي ، وختمت عليها فلم تر عين ، ولم تسمع أذن ، ولم يخطر على قلب بشر • قال : ومصداقة في كتاب الله ـ عز وجل ـ : (فلا تعلم نفس ماأخفي لهم من قرة أعين ••• الآية) م ـ ٢/١٥٧ •

تەرجەمە :

میطرەف بە مەوقووفیی ، عەبدوڵەلیـکی کـورِەزازای ئەبجەر بـە مەرفووعیی لە شەعبیەوە ، ئەویش لە موغیرەوە ـ رضي الله تعالى عنـه ـ لەسەر مینبەر ریوایەت ئەکەن کە حەزرەتی مووسا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ سوئالی =لە= خوا کرد ـ سبحانه وتعالى ـ کە ئەهلی بەهەشت کێ بەش و مەنزیلەتی لە هەموو کەس لە خوارترە ؟ خوا ـ جـل وعـلا ـ فەرمووی : پیاوێکە لە دوای ئەمە کە بەهەشتیی هەموو چوونە ناو بەهەشتەو جێگیر بوون •• پێ ئەمری پێ ئەکرێ : بچۆرە بەهەشتەوە • ئەڵێ: یارەببی چۆن بچمە بەهەشتەوە هەموو کەس چوونە مەنزڵی خۆیانەوەو حیصصەی خۆیان وەرگرتوە ؟ ئەمری پێ ئەکرێ : بەوە رازیی ئەبی کە بە قەد موڵـکی پادشاهێکی دنیات بدرێتێ ؟ ئەڵێ : یارەببی رازیم • خوا ئەفەرموێ: ئەوەو

ئەوەندەو ئەوەندەو ئەوەندەو ئەوەندە بۆ تۆ بێ • لە دەفعەی پێنجـــەما ئەڵێ : یارەببی رازیی بووم • خوا – عز وجل ـ ئەفەرموێ : ئـەمـــەو دە میثلی بۆ تۆ بێ هەرچی نەفست ئارەزووی پێنێ بۆ تۆ بێ ، هـەرچـی چاوت پێی موتەلەذیذ ئەبێ بۆ تۆ بێ • ئەڵێ : یارەببی رازیـی بـووم • حەزرەتی مووسا ـ علیه السلام ـ ئەفەرموێ : ئەعلایان کێیە ؟ ئەفەرموێ: ئەوانەن کە من ئیرادەم کردوون بە دەستی خۆم درەختی کـــەرامەتم بـۆ ناشتوون مۆرم کردوە نە چاو دیویەتی نە گوێ بیستوویە خـوتـوورەی نەکردوە بـە دڵی بەشەرا • فەرمووی : میصداقی لە قورئاناپە لە (الـم سجدە)دایە هیچ نەفسێ نازانێ کە چییان بۆ شارراوەتەوە لەوەی کـــە چاوی پێ روون ببێتەوە جەزای ئەوە کە لە دنیادا کردوویانە •

٦٤١/٤٢ ـ عن أبي ذر [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رســول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إني لأعلم آخر أهل الجنة دخولا الجنة ، وآخر أهل النار خروجا منها رجل يؤتى به يوم القيامة فيقال : أعرضوا عليه صغار ذنوبه وارفعوا عنه كبارها ، فتعرض عليه صغار ذنوبه فيقال : عملت يوم كذا وكذا كذا وكذا ، وعملت يوم كذا وكذا كذا وكذا ؟ فيقول : نعم لا يستطيع أن ينكر وهو مشفق عن كبار ذنوبه أن تعرض عليه ، فيقال له : فإن لك مكان كل سيئة حسنة ، فيقول : رب قـد عملت أشياء لا أراها ههنا ، فلقد رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ضحك حتى بدت نواجذه م ـ ٢/١٦٠ •

تەرجەمە :

ئەبوذەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : من ئەزانم کێ لە دوای هەموو کەس ئـەچێتـە بەهەشتەوەو ، کێ لە دوای هەموو کەس لە جـــەهەنەم پێتەدەرێ ئـەوە

پیاوێکە ڕۆژی قیامەت یێنرێ ئەمر ئەکرێ گوناهی بوچووکی پێ‌نیشان بدەن‌و گوناهی گەورەی لێ بشارنەوە • گوناهە بچکۆلەکانی پێ‌نیشان ئەدەن پێی‌ئەڵێن : فلاّن ڕۆژ ئەوەو ئەوەت کرد • فلاّن‌و فلاّن ڕۆژ ئەوەو ئەوەت کرد • ئەڵێ : بەڵێ ناتوانێ ئینکاری بکا ،لەوە ئەترسێ کە گوناهە گەورەکانی پێ‌نیشان بدەن ، پێی ئەفەرموێ :موقابیلی هەر گوناهێکت حەسەناتێکت بۆ هەیە [وا بزانم ئەکەوێتە تەماعەوە] ئەڵێ: یارەببی ئەڵێ شتم کردوە لێرەدا نایبینم • ئەبوذەڕ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیه وسلم ـم دی پێکەنی تا ددانی لای خرێی موبارەکی دەرکەوت •

لە موسلیم ج-٢/١٦١دا حەدیثێ هەیە لە ئەوەڵەوە دوو سێ کەنیمەی تیایە هیچ کەس مەعنای لێ‌نەداوەتەوە ، هەموو شاریح ئەڵێن : غەڵەطە ، مەعنای باقیەکەیشی وەکوو ئەو حەدیثەکانی ترە ، ئەوەندەی زیادە مونافیق‌و غەیری مونافیق نوورێکی ئەدرێتێ ، تابیعی خوا ئەبن تا یێنە صیراط ، نووری مونافیقەکان ئەکوژێتەوەو ، موسوڵمانان نەجاتیان ئەبێ ، ئەوەڵ زومرە کە نەجاتی ئەبێ رووی وەکوو مانگی چواردەیە ، حەفتا هەزار حسابیان ناکرێ ، یەعنی بێ حساب ئەپەڕنەوە ، لە دوای ئەوان وەك بەشەوقترینی هەموو ئەستێرەی ئاسمان ، لە دوایيا بەم نوعە ئەپەڕنەوە، لە دوایيا وەختی شەفاعەت حولوول ئەکا[1] ، ئەهلی شەفاعەت شەفاعەت ئەکەن ، تا ئەوانەی (لا إله إلا الله)یان وتبێ‌و بە قەد دەنکە جۆێێ خێر لە قەلبیا ببێ لە ئاگر یێتە دەرێ ، لە مەیدانی بەردەرگای بەهەشتا دائەنرێن ، بەهەشتیی ئاویان بەسەرا ئەپرژێنن تا وەکوو ئەوەی کە سەیل ئەیهێنێ

(١) کـــاتـــی یێ •

ئەڕۆن تا ئەثەری سووتاویی نامێنێ ، لە پاشا طەڵەب لە خوا ئەکا تا دنیاو دە میثلی ئەدرێتێ .

٦٤٢/٤٣ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : يخرج من النار أربعة ، فيعرضـون على الله ، فيلتفت أحدهم فيقول : أي =يا= رب إذ أخرجتني منهـا فـلا تـُعِـدنيِ فيها فيُـنجِيه الله منها م ـ ٢/١٦٧ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : چوار کەس لـە جەهەننەم یێنەدەرێ عەرزی خوا ئەکرێن ، یەکێکیان ئاوڕئەداتەوە ئەڵێ : یاڕەببی کە منت هێناوەتە دەرێ مەمخەرەوە ناوی ،خوا لە ئاگر نـەجاتـی ئـــەدا .

[نە موسلیم نە نەوەویی هیچ حەرفێکی واحید قسەی لێ نەکردوە سیانەکەی تر چییان لێ هات چۆن هاتوونەدەرێ ، دیارە کە ئینسان هاتە دەرێ دەفعەیێکی تر ناخرێتەوە ناوی] .

وأنـذر عشـيرتك الاقربين[1] :

٦٤٣/٤٤ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : لما نزلت هذه الآية : (وأنذر عشيرتك الأقربين) دعـا رسولُ الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ قريشا ، فاجتمعوا ، فعم وخص ، فقال : يا بني كعب بن لؤي أنقذوا أنفسكم من النار . يابني مرة بن كعب أنقذوا أنفسكم من النار ، يابني عبد شمس أنقذوا أنفسكم من النار . يابني عبد مناف أنقذوا أنفسكم

(١) واتە : باسی ئەوەی کە خوا فرمانی بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـدا کە خزمە نزیکەکانی لە سزای خوا بترسێنێ .

من النار ، يابني هاشم أنقذوا أنفسكم من النار ، يابني عبدالمطلب أنقذوا أنفسكم من النار • يا فاطمة أنقذي نفسك من النار ، فإني لا أملك لكم من الله شيئا ، غير أن لكم رحما سابلها ببلالها •

٦٤٤/٤٥ ـ وفي اخرى عنه : يا معشر قريش اشتروا أنفسكم من الله= لا أغني عنكم من الله شيئا ، يابني عبدالمطلب لا أغني عنكم من الله شيئا ، يا عباس بن عبدالمطلب لا أغني عنك من الله شيئا • ياصفية عمة رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لا أغني عنك من الله شيئا • يا فاطمة بنت رسول الله سليني ماشئت لا أغني عنك من الله شيئا •

٦٤٥/٤٦ ـ وفي اخرى عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] : لما نزلت (وأنذر عشيرتك الأقربين) قام رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على الصفا فقال : يا فاطمة بنت محمد ، يا صفية بنت عبدالمطلب ، يا بني عبدالمطلب لا أملك لكم من الله شيئا ، سلوني من مالي ما شئتم م ـ ٢٠٠/٢ •

تەرجەمە كانيـان :

ئەم سێ حەدیثە مورسەلی صەحابین ؛ چونکی ئێشتا ئـەبوهورەیرە نەهاتبوو ، حەزرەتی عائیشە یا نەبووبوو یا زۆر منداڵ بوە • هـەرسـێ حەدیثەکە یەك حادیثەیە •

کە ئایەتی (وانذر عشیرتك الأقربین) نازڵ بوو [یەعنی ئەی محمد خزمی نزیکت لە عەذابی جەهەننەم بترسێنە] پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هەمووی کۆکردنەوەو فیرقە ـ فیرقە بانگی‌کردن ، یەکە ـ یـەکە ئەمری بە هەموویان فەرموو : خۆتان لە ئاگری جەهەننەم نەجات بدەن ، فائیدەم بۆتان نابێ • بە حەزرەتی صەفیەی پووری‌و فاطیمەی کچی‌و عەباسی مامی ـ رضي الله تعالى عنهم ـ بەم نەوعە ئەمری پێ‌فەرموون ، فەرمووی :

لە ماڵی خۆم هەرچیتان ئەویٚ داوام لیٚ بکەن ، ئەوەندەی هەیە بۆ ئیٚـوە لە طەرەف منەوە رەحمتان هەیە بە ئاوی ئەو دڵتان ، رەحمتان تەڕئەکەم [یەعنی صیلەی رەحمتان لەگەڵ بەجیٚ دیٚنم] ئیتر لە خوصووصی عەذابـی ئاخیرەتا بە تەمای من مەبن ، خۆتان چارەی خۆتان بکەن ، لە دنیادا چاکە بکەن ، لە خراپە خۆتان لادەن • م ـ ٢/٢٠٠ ، ٢٠١ ، ٢٠٢ •

٦٤٦/٤٧ ـ عن قبيصة بن مخارق وزهير بن عمرو [رضي الله تعـالى عنهما] قالا : لما نزلت : (وأنذر عشيرتك الأقربين) قال : انطلق نبـي الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إلى رضْمة [صخور عظام بعضها فوق بعض] من جبل فعلا أعلاها حجرا ثم نادى : يابني عبد مناف إني نذير ، إنمـا مثلي ومثلكم كمثل رجل رأى العدو فانطلق يربأ أهله [يحفظهم] فخشي أن يسبقوه ، فجعل يهتِـف [يصيح ويَصْرخ] يا صباحاه =م ـ ٢/٢٠٣=•

تەرجەمە :

قەبیصەی کوڕی مەخاریقو زوهەیر ـ رضـــي الله تـعالى عنهما ـ ئەفەرموون : کە ئایەتی : (وأنذر عشيرتك الأقربين) نـازڵ بـوو پیٚغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی چوە جیٚیەکی بەردەڵانیی لە شاخیٚ تەشریفی سەرکەوتە =سەر= ئەو بەردەی کە لە هەموویان بەرزتر بوو ، بانگی فەرموو : ئەی ئەولادی عەبدومەناف من نەذیرم لە عەذابو قەهری خوا ئیٚوە ئەترسیٚنم ، مەثەلی منو ئیٚوە وەك مەثەلی پیاویٚکە دوشمنی دی رۆییەوە کە موحافەظەی ماڵو منالی بکا ترسا کە دوشمنەکە لیٚی پیٚش کەون، بە دەنگی بەرز هاواری کرد : ئەی سبحەینیٚ [یەعنی ئەی خەڵق دوشـمن ئیٚت بەسەرتانا ئەدا لە صوبحا • عادەتی عەرەب وایە بەم نەوعە خەڵق لـە دوشمن خەبەردار ئەکەن] •

٦٤٧/٤٨ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ [ئیبنو عەباس

ـ رضي الله تعالى عنهما ـ یا نەبوە یا زۆر منالٚ بوە حەدیثەکەی مورسەلی صەحابیيە] لما نزلت (وأنذر عشيرتك الأقربين ورهطك منهم المخلصين) خرج رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حتى صعد الصفا فهتف : يـا صباحاه ! فقالوا : من هذا الذي يهتف ؟ قالوا محمد [صلى الله تعـالى عليه وسلم] فاجتمعوا إليه ، فقال : يابني فلان ، يابني فلان ، يابني فلان• يا بني عبد مناف ، يا بنـي عبدالمطلب ••• فاجتمعوا إليـه • فـقال : أرأيتكم لو أخبرتكم أن خيلا تخرج بسفح هذا الجبل [أسفله أو عرضه] أكنتم مصدقي ؟ قالوا : ما جربنا عليك كذبا • قال ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ : فإني نذير لكم بين يدي عذاب شديد • فقـال أبو لهب : تبا لك أما جمعتنا إلا لهذا ؟ ثم قام • فنزلت هذه السورة : (تبت يدا أبي لهب وقد تبَّ) كذا قرأ الأعمش إلى آخر السورة م ـ ٢/٢٠٤ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تـعالى عنـه ـ فەرمووی : کە ئەم ئایەتە نازڵبوو کە خزمی نزیکی خۆتو لەوانیش قەومی موخلیصی خۆت بترسێنی، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی چوە دەرێ تا سەرکەوتـە سەرشاخی صەفا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد : (یا صباحاه)وتیان : ئەمە کێیە وا بانگ ئەکا ؟ وتیان : محمدە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هەموو کۆبوونەوە بۆ خزمەتی • فەرمووی : ئەی بەنی فلان ، ئەی بەنی فلان ، ئەی بەنی فلان ، ئەی بەنی عەبدی مەناف ، ئەی بەنی عەبدولموطەلیب••• هەموو کۆبوونەوە بۆ خزمەتی • فەرمووی : پێمبڵێن ئەگەر خـەبەرتان بدەمێ کە لەشکرێك وا لە بناری ئەم شاخە ئایا پێم باوەڕ ئەکەن ؟ وتیان: درۆمان لێ تەجرەبە نەکردووی • یەعنی درۆمان لێ نەبیستووی• پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە وابێ من ئێوە ئـەترسـێنم

لە عەذابێکی شەدید کە لە پێشتانەوەیە • ئەبولەهەب وتی : بە هیلاکبچی ! تۆ ئێمەت هەر بۆ ئەمە کۆکردەوە ؟ سوورەتی (تبت‌یـدا) نازڵ بوو •

٦٤٨/٤٩ ـ عن العباس بن عبدالمطلب [رضي الله تعالى عنه] أنه قال : يا رسول الله هل نفعت أبا طالب بشيء [فوالله • خ] فإنـه كـان يحوطك ويغضَب لك ؟ قال ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : نعم هو في ضحضاح من نار ، ولولا أنا لكان في الدَّرْك الأسفل من النـار ح ـ ١٩٣/٦ ، م ـ ٢٠٦/٢ •

تەرجەمە :

عەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : (يا رسول الله) هیچ نەفعت بوە بۆ ئەبوطالیب وەڵڵاهی ئەو موحافەظەی ئەکردی ، بۆ تۆ غـەضەبـی ئەگرت ؟ فەرمووی : بەڵێ ئەو لە ناو ئاگرێکی خالیصـی بێ دووکـەڵایە ئەگەر من نەبوومایە لە طەبەقەی هەرەخواروی ئاگرا ئەبوو •

٦٤٩/٥٠ ـ وعن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنـه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ذكر عنـده عـمه أبو طالب • فقال : لعله تنفعه شفاعتي يوم القيامة فيجعل في ضحضاح من النار يبلغ كعبيه يغلي منه دِماغه ح ـ ١٩٤/٦ ، م ـ ٢٠٦/٢ •

تەرجەمە :

لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەحث لە ئەبوطالیب کرا ، فەرمووی : رجام وایە کە لە رۆژی قیامەتا شەفاعەتی من فائیدەی بۆی بێ ؛ ئەخرێتە ئاگرێکی خالیصەوە تا قولەپێی لەوەوە مێشکی سەری ئـەکـوڵـێ •

٦٥٠/٥١ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] أن رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : أهون أهل النار عذابا [يوم القيامة] أبو طالب وهو منتعل بنعلين يَغْلي منهما دِماغه م ـ ٢٠٧/٢ •

تەرجەمە :

ئەهوەنی ئەهلی جەهەننەم = رۆژی قیامـەت لە بارەی سـزاوە = ئەبوطالیبە جووتێ کەوشی لەپێدایە لەوەوە مێشکی سەری ئەکوڵێ •

عن أبي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن أدنى أهل النار عذابا ينتعل بنعلين من نار يَغْلي دماغه من حرارة نعليه م ـ ٢/٢٠٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کەمترینی ئەهلی ئاگر لە خوصووصی عەذابەوە جووتێ کەوشی ئاگرینی ئەکرێتە پێ • لـە گەرمیی ئەو جووتە کەوشە مێشکی سەری ئەکوڵێ •

٦٥١/٥٢ ـ نعمان بن بشير [رضي الله تعالى عنه] يخطب وهو يقول : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إن أهون أهـل النار عذابا يوم القيامة لرجل يوضع في أخمص قدميه [هو التـجافي من الرجل عن الأرض] جمرتان يَغْلي منهما دِماغه • وفي أخـرى عنـه : من له نعلان وشراكان من نار يغلي منهما دِماغه كما يغلي المرجل• مايرى أن أحداً أشد منه عذابا ، وإنه لأهونهم عذابا م ـ ٢/٢٠٧ •

تەرجەمە :

نوعمانی بنی بەشیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ خوطبەی ئەخوێن ، لـە خوطبەکەیا ئەیفەرموو : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست ئەیفەرموو : ئەهوەنترینی ئەهلی ئاگر لە عەذابا لە رۆژی قیامەتا پیاوێکە ئەخرێتە بەری هەردوو پێیەوە دوو پشکۆ ئاگـر بـەو پشکۆیانە مێشکی ئەکوڵێ • لە ریوایەتەکەی ترا : ئەو کەسەیە جووتێ کەوش‌و دوو قایشـی کەوش‌بەندی هەیە لە ئاگر ، لەو کەوشانەوە مێشکی ئەکوڵێ وەك مەنجەڵ

چۆن ئەکوڵێ ، نابینێ کە کەسێ هەیە لەو عەذابی بە شیددەتتر بێ کەچی =ئەو= ئەهوەنی هەموویانە لە عەذابا •

٦٥٢/٥٣ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قـالت : قـلت : يا رسول الله ابن جدعان كان في الجاهلية يصل الرحم ، ويطعم المسكين ، فهل ذاك نافعه ؟ قال ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا ينفعه ؛ إنـه لم يقل يوما رب اغفر لي خطيئتي يوم الدين م ـ ٢٠٨/٢ •

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشـــە ـ رضي الله تعـــالى عنها ـ فەرمووی : عەرزی پێغەمەرم کرد ـ صلى الله تعـــالى عليه وســـلم ـ وتم : (يا رســول الله) ئیبنوجەدعان لە جاهلیەتا صیلەی رەحمی ئەکرد ، طەعامی بە فەقیرو فوقەرا ئەدا ••• ئایا ئەوە نەفعی پێ ئەدا ؟ فەرمووی : نەفعی پێ نادا ؛ چـونکی رۆژێ نەیوت یارەببی لە رۆژی جەزادا لە گوناهم خۆش ببە •

ئیمان شەرتی صیحەتی عەمەلە •

٦٥٣/٥٤ ـ عمرو بن العاص [رضي الله تعالى عنه] قال : ســـمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ جهارا غير سرٍّ : ألا إن آل أبي يعني فلانا ليسوا لي بأولياء ، إنما وليي الله وصالـح المؤمنين م-٢/٢١٠ •

تەرجەمە :

=عەمری کوڕیعاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی =: پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـبە ئاشکارا نەك بە دزییەوە ئـــەیفەرمــوو : خەبەرتان بێ کە کەسو کاری باوکم دۆستو موحیببی من نین دۆستو موحیببی من هەرخواو موئمینی صالیحە •

٦٥٤/٥٥ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : يدخل الجنة من أمتي زمرة هم

سبعون ألفا [بغير حساب ، أخرى ، وليس فيه تضيء] تضيء وجوههم إضاءة القمر ليلة البدر . وقال أبو هريرة : فقام [رجل . أخرى] عكاشة [بضم العين وتشديد الكاف وتخفيفها . النووي] بن مِحْصن الأسدي [رضي الله تعالى عنه] يرفع نمرة عليه فقال : يارسول الله ادع الله ان يجعلني منهم . فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أللهم اجعله منهم ، ثم قام رجل من الأنصار فقال : يارسول الله ادع الله أن يجعلني منهم . فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : سبقك بها عكاشة ح ـ ٣٠٢/٩ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لە ئوممەتی من حەفتا هەزار ئەچنە بەهەشتەوە بە بێ حساب روويان وەکوو مانگ لە شەوی بەدرا شوعلە ئەداتەوە . عوککاشەی کوڕی میحصەن هەڵسا لیباسێکی رەنگاوڕەنگی وەك پێستی پڵنگی لەبەرا بوو ، هەڵیسووڕان فەرمووی : (یا رسول الله) طەلەبکە لە خوا کە من کا بە یەکێ لەوانە ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : یا ڕەببی بیکە بە یەکێ لەوان ، لە دوایا پیاوێ لە ئەنصار هەڵسا فەرمووی : (یا رسول الله) دۆعا بکە خوا بمکا بە یەکێ لەوانە . فەرمووی : عوککاشە بەوە لێت پێشکەوت، دەستپێشەکیی کرد .

٦٥٥/٥٦ ـ عمران [رضي الله تعالى عنه] فەرمووی : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : **يدخل الجنة من أمتي سبعون** ألفا بغير حساب . قالوا : ومن هم يا رسول الله ؟ قال : هم الذين لا يكتوون ولا يسترقون وعلى ربهم يتوكلون . فقام عكاشة فقال : ادع الله يا نبي الله أن يجعلني منهم ، فقال : أنت منهم . قال : فقام رجل فقال : يانبي الله ادع الله أن يجعلني منهم . قال : سبقك بها عكاشة م-٢/٣٠٢.

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لە ئوممەتی من بە بێ حیساب حەفتا هەزار کەس ئەچێتە بەهەشتەوە • فەرموویان : (یـا رسول الله) ئەوانە کێن ؟ فەرمووی : ئەوانە ئـەوانەن کـە تەداویی بـە داغکردنی خۆیان ناکەن ، نوشتەو دۆعا لەکەس طـەلەب ناکـــەن ، هـەر تەوەکول بە خوا ئەکەن • عوککاشە هەڵسا وتی : یارسول الله دۆعا لـــە خوا طەلەب کە کە بمکا بە یەکێ لەوانە • فەرمووی : تۆ لەوانەی •یەکێکی تر هەڵسا وتی : (یا رسول الله) لە خوا طەلەب کـــە بمگێڕێ لـــەوانـە • فەرمووی : عوککاشە دەست پێشکەریی لێ کردی •

ئەوانە حەوتصەد هەزارن بەوە کە عوککاشە ببێ بە یەکێ لەوان چ مانیعێ هەیە هەزارکەسی تریش بگێڕێ لەوانە ؟ سەبەبەکەی (والله أعلم) ئەوەیە طەڵەبی عـــوککاشە ـ رضي الله تعـــالى عنه ـ بە ئیخلاص بـــوە چاولێکەریی نەبوە ، پیاوەکەی تر لە ئەنصار کە چاوی پێکەوت کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسـلم ـ دۆعای بۆ ئەو کرد ئەویش چاوی لـــە عوککاشە کردو ئەوەی طەلەب کرد • شەرطی قەبوولی دۆعاو عەمـــەل ئیخلاصـــــە •

٦٥٦/٥٧ ـ عن سهل بن سعد [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ليدخلن الجنة من أمتي سبعون ألفا، أو سبعمائة ألف ، لا يدري أبو حازم أيهما قال ، متماسكون آخذ بعضهم بعضا لا يدخل أولهم حتى يدخل آخرهم ، وجوههم على صورة القمر ليلة البـــدر ح ـ ٣٠٢/٩ ، م ـ ٢١٥/٢ ، ح ـ ٢٧٣/٥ ليس فيـه متماسكون إلى بعضـا •

تەرجەمە :

لە سەهلی بنی سەعدی ساعیدیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایـــەت کراوە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لە ئوممەتی من حەفتاهەزار یا حەوصەد هەزار ، ئەبوحازم نازانێ سەهل ـ رضي الله تعالى عنه ـ کامی ریوایەتکردوە ، بە ریزەوە دەستیان بەیەکەوە گرتــوە یەعزێکیان بەعزێکیانی گرتوە ، هەموو بە یەکەوە ئەچنە بەهەشت ، ئەوەڵیان ناچێتە بەهەشتەوە تا ئاخریان نەچێ [یەعنی بە یەك صەف هەموو بە ئـانێ ئەچنە ژوورێ] روویان وەك شەوقی مانگ وایە لە شەوی بەدرا .

٦٥٧/٥٨ ـ ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] عن النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه قال : عرضت علي الأمم فرأيت النبي ومعه الرهيط، والنبي ومعه الرجل والرجلان ، والنبي وليس معه أحد إذ رفع لي سواد عظيم ، فظننت أنهم أمتي ، فقيل لي : هذا موسى وقومه ، ولكن انظر إلى الأفق فنظرت فإذا سواد عظيم ، فقيل : انظر إلى الافق الآخر ، فنظرت فإذا سواد عظيم ، فقيل لي : هذه أمتك ومعهم سبعون ألفا يدخلون الجنة بغير حساب ولا عذاب ، ثم نهض فدخل منزله فخاض الناس في أولائك الذين يدخلون الجنة بغير حساب ولا عذاب . فقال بعضهم : فلعلهم الذين صحبوا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وقال بعضهم : فلعلهـم الذين ولدوا في الإسلام فلم يشركوا بالله شيئا ، وذكروا أشياء ... فخرج عليهم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : ماالذي تخوضون فيه ؟ فأخبروه ، فقال : هم الذين لا يرقون ، ولا يســترقـون ، ولا يتطيرون ، وعلى ربهم يتوكلون ، فقام عكاشة بن مِحْصَن فقال : ادع الله أن يجعلني منهم . فقال : أنت منهم . ثم قام رجل آخر فقال : ادع الله أن يجعلني منهم ، فقال : سبقك بها عكاشة م ـ ٢١٧/٢ ، ح ـ ٣٠٠/٩

ولیس فیه البحث عن خوض الأصحاب ، ولا دخولـــه ـ علیــه الصـلاة والسلام ـ وخروجه علیهم •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس – رضي الله تعالى عنهما ـ له پێغەمەرەوە ریوایەت ئەكـا كه فەرمووی : هەموو ئوممەتم بەلادا رابووررا بـەعـزێ پێغەمـەرم دی قەومێكی لەگەڵ بوو ، بەعزێ پێغەمەر دی قەومێكی = بچكۆلـەی = لەگەڵ بوو • بەعزێ پێغەمەرم دی پیاوێ یا دوو پیاوی لەگەڵ بوو، بەعزێ پێغەمەرم دی هیچ كەسی لەگەڵ نەبوو ••• لەو وەختـــەدا ســەوادێكی گەورەم دی وام ظەن برد كه ئەوانه ئوممەتی منن ، پێموترا : ئەوە ئوممەتی مووسا ـ علیه السلام ـو قەومەكەیەتی ، ئەمما تەماشای ئوفـوق بكـه • تەماشام كرد سەوادێكی گەورەم دی ، ئەمرم پێ‌كرا كه تەماشای ئوفوقەكەی تر بكه ، تەماشام كرد ســەوادێكی گەورەم دی •پێم‌فەرموورا : ئـەمـه ئوممەتی تۆیه لەگەڵ ئەوانا حەفتاهەزار بێ‌حساب‌و بـێ عـەذاب ئەچنـه بەهەشتەوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ تەشریفی هەڵساو چوه ماڵێ ، خەڵق دەستیان‌كرد به بەحثكردن لەوانه كه به بێ‌حساب‌و عـــەذاب ئەچنه بەهەشت • بەعزێ وتیان : بەڵكو ئەوانەن صوحبەتی پێغەمەریان‌كردوە ـ علیه الصلاة والسلام ـ بەعزێ وتیان : بەڵكو ئەوانەن له ئیسلاما بەوەلەد بوون كه هیچ كەسیان نەكردوە به شەریكی خوا ••• گەلێ شتیان ذیـكر كرد • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیـــه وســـلم ـ تەشریفی هـاتـەدەرێ لایان‌فەرمووی : ئەوە چیه كه قسەی لێ ئەكەن ؟ خەبەریان‌دایێ• فەرمووی: ئەوانه ئەوانەن نوشته بۆ خەڵق ناكەن ، نوشته به خەڵق ناكەن ، بەدیومنی‌و بێ‌قەدوومیی به هیچ شتێ ناكەن ؛ یەعنی ناڵێن : ئەوە قەدوومی شـــەڕەو بەدیومنه • هەر تەوەكول به خـوا ئەكەن عوككاشه هەڵســا فەرمووی : (یا رسول الله) له خوا طەڵەب كه كه من بگێرێ لەوانه ، فەرمووی : تـــۆ

لەوانەی • لە دواییا پیاوێکی تر هەڵسا ئەویش وایوت • پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : عوککاشە دەس پێشەکیی لیٚکردی •

٦٥٨/٥٩ – عن عبدالله [رضي الله تعالى عنه] قال : كنا مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في قبة نحوا من أربعين رجلا • فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: أترضون أن تكونوا ربع أهل الجنة ؟ قال : قلنا نعم • فقال : أترضون أن تكونوا ثلث أهل الجنة ؟ فقلنا : نعم • فقال : والذي نفس محمد بيده إني لأرجو أن تكونوا نصف أهل الجنة • وذاك أن الجنة لا يدخلها إلا نفس مسلمة ، وما أنتم في أهل الشرك إلا كالشعرة البيضاء في جلد الثور الأسود ، أو كالشعرة البيضاء في جلد الثور الأحمر م ـ ٢/٢٢٠ ، ح ـ ٢٩٢/٩ ، ت ، جه •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای بنی مەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : بە قەد چل کەس لە خێوەتێکا لە خزمەت پێغەمەرا بووین ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رەسوولوڵڵا فەرمووی: رازیی ئەبن بەوە کە چواریەکی ئەهلی بەهەشت بن ؟ عەرزمانکرد : بەڵیٚ • فەرمووی : رازیی ئەبن بەوە کە سێیەکی ئەهلی بەهەشت بن ؟ عەرزمانکرد : بەڵیٚ • فەرمووی : قەسەم بەو ذاتەی کە نەفسی من لە دەستی قودرەتیایە ئومێدم وایە کە ئێوە نیوەی ئەهلی بەهەشت بین • ئەوە لەبەر ئەوە کە بەهەشت غەیری نەفسی موسوڵمانی ناچێتیٚ ، ئێوە بە نیسبەت ئەهلی شیرکەوە هەر وەکوو مووی سپیی وان لە گاجووتی رەشا ، یا فەرمووی : وەکوو مووی سپیی وانە لە گاجووتی سوورا ، یەعنی ئەوەندە کەمن •

٦٥٩/٦٠ ـ وعنه قال : خطبنا رسول الله ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأسند ظهره إلى قبة أدم ، فقال : ألا لا يدخل الجنة إلا نفس مسلمة ،

اللهم هل بلغت ؟ اللهم اشهد • أتحبون أن تكونوا ربـع أهـل الجنة ؟ فقلنا : نعم يا رسول الله • فقال : أتحبون أن تكونوا ثلث أهل الجنة ؟ قالوا : نعم يا رسول الله • قال : إني لأرجو أن تكونوا شطر أهل الجنة• ماأنتم في سواكم من الأمم إلا كالشعرة السوداء في الثور الأبيض ، أو كالشعرة البيضاء في الثور الأسود م ـ ٢/٢٢٠ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلاّ ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خوطبەی بۆ خوێندین پشتی پاڵ دا بـــە خێوەتێــکی چەرمەوە فەرمووی : خەبەرداربن کە غەیری موسوڵمان کەس نـاچێتــە بەهەشتەوە ، خوایا ئایا تەبلیغم کرد ؟ خوایا شەهادەت بدە کە تەبلیغم‌کردن• حەزەکەن کە چواریەکی بەهەشتیی بن ؟ عەرزمان‌کرد : بەڵێ (یا رســـول الله) فەرمووی : حەزەکەن کە سێیەکی بەهەشتیی بن ؟ عەرزیان‌کرد : بەڵێ (یا رسول الله) فەرمووی : رجام وایە کە نیوەی ئەهلی بەهەشت بن ، ئێوە لە ناو ئوممەتانی ترا ئەمجا وەکوو مووی رەش وانە لە گاجووتی سپیدا ، یا وەکوو مووی سپیی وانە لە گاجووتی رەشا •

ئەم خەبەری پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ موعجیزەیێکی زۆر ظاهیرە لەسەر صیدقی نوبووەتی ـ عليه الصلاة والسلام ـ چـونکی ئەو وەختە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمەی فەرموو ئەهلی ئیمان لە ئوممەتی ئەو چەند بوون ؟ صەد هەزار یەکی ئەهلی ئیمان نەبوون لە ئوممەتی پێغەمەرەکانی تر ، چۆنی زانی کە دینەکەی رۆژبەڕۆژ لە زیادەدایە خەڵق ئەوەندە ئیمانی پێ بێنن کە بە قەد هەموو ئوممەتی هەموو پێغەمەران بن ! ـ عليه وعليهم الصلاة والسلام ـ (فلله الحمد) کـــە ئەو موعجیزە گەورەیە لە پێش چاومانەو ئەیبینین •

٦٦٠/٦١ - عن أبي سعيد - رضي الله تعالى عنه - قال : قـــال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : يقول الله عز وجل : يا آدم • فيقول : لبيك وسعديك والخير في يديك • قال : يقول : أخرج بعث النار ، قال : وما بعث النار ؟ قال : من كل ألف تسعمائة وتسعة وتسعين• قال : فذاك حين يشيب الصغير وتضع كل ذات حمل حملها وترى الناس سكارى وماهم بسكارى ولكن عذاب الله شديد • قال : فاشتد ذلك عليهم• قالوا : يا رسول الله وأينا ذلك الرجل ؟ فقال : أبشروا فإن من يأجوج ومأجوج [تسعمائة وتسعة وتسعون ح - ٢٣٤/٧] ألف ومنكم رجل • ثم قال : والذي نفسي بيده إني لأطمع أن تكونوا ربع أهل الجنة ، فحمدنا الله وكبرنا • ثم قال : والذي نفسي بيده إني لأطمع أن تكونوا ثلث أهل الجنة • فحمدنا الله وكبرنا • ثم قال : والذي نفسي بيده إني لأطمع أن تكونوا شطر أهل الجنة ، إن مثلكم في الامم كمثل الشعرة البيضاء في جلد الثور الأسود ، أو كالرقمة في ذراع الحمار م ٢٢١/٢ ، ح - ٣٣٥/٥ وليس فيه الرقمة ح - ٢٩٣/٩ بتمامه ح - ٢٣٤/٧ •

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خودریی - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : کە رەسوولوڵلا - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : کە خوا -عز وجل- ئەفەرموێ : ئەی ئادەم • جوابئەداتەوە (لبيك وسعديك والخير بيديك) خوا - عز وجل - ئەمری پێئەفەرموو : کێ ئەنێرێ بۆ ناو ئاگر لە مەخلووقات جوێی بکەرەوە • فەرمووی : ئەوی ئەنێرێ بۆ ناو ئاگر چییە ؟ یەعنی چەندە ؟ فەرمووی : لە هەر هەزار نۆصەدو نەوەدو نۆ • فەرمووی: ئەوە ئەو وەختەیە کە منالی تیا پیر ئەبێ ، بەردار بەر فرێ ئـەدا ، خەڵق وەك سەرخۆش ئەبینیو سەرخۆشیش نین ئەمما عەذابی خوا زۆر بەشیددەتە •

ئەبوسەعید فەرمووی : ئەوە زۆر شتێکی بەشیددەت بوو لەسەر ئەصحاب، عەرزیانکرد : (یا رسول الله) کامان ئـەو تەنها پیاوەین کە دەرەچێو حەزرەتی ئادەم ـ علیه السلام ـ جوێی ناکاتەوە ؟ فەرمووی : موژدەتـان لێ بێ لە یەئجووجو مەئجووج نۆصەدو نەوەدو نۆ لە ئێوە ، یەعنی لــه ئینسانی تر ، یەکێ • لە دواییدا پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ فەرمووی : قەسەم بەوەی نەفسی من لە دەستی قودرەتیایەتی من ئومێـدم هەیە کە ئێوە چواریەکی بەهەشتیی بن • فەرمووی : حەمدی خوامـان کردو (الله أکبر)مانکرد ••• بەم نەوعە تا یێتە سەر نیوەیێو ئەفەرموێ : مەثەلی ئێوە لە ناو ئوممەتی ترا [یەعنی لە مەیدانی مەحشەرا] وەك مووی سپین لە پێستی گاجووتی رەشا ، یا وەکوو ئەو شتە بەرزە ، وەك گێژی دەستی گوێدرێژ ، وانە • یەعنی بە نیسبەت ئەوانەوە زۆر کەمن •

ئەبوهورەیرەیش ـ رضي الله تعالی عنه ـبەم مەعنایە حەدیثێ ریوایەت ئەکا لەو حەدیثەدا حەزرەتی ئادەم ـ علیه السلام ـعەرزی بارەگای حـەزرەتی ئەقدەس ئەکا : یا رەببی چەند جوێ بکەمەوە ؟ خـوا ـ عـز وجــل ـ ئەفەرموێ : لە صەدی نەوەدو نۆ • بە پێی ئەم ریوایەتە لە هەزار دە کەس نەجاتی ئەبێ ح ـ ٢٩٢/٩ •

٦٦١/٦٢ ـ عن عبدالله بن عمر [رضي الله تعالی عنهما] أنه ســـمع رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ یقول : إنما بقاؤکم فیما سـلف قبلکم من الأمم کما بین صلاة العصر إلی غـروب الشمس ، أوتـي أهـل التـوراةِ التــوراةَ فعملوا إذا انتصف النهـار عجـزوا فأعطـوا قیراطاً قیراطا • ثم أوتي أهل الإنجیل الانجیلَ فعملوا إلی صلاة العصر ثم عجزوا فأعطوا قیراطا قیراطا • ثم أوتینا القرآن فعملنا إلی غروب الشمس فأعطینا قیراطین قیراطین • فقال أهل الکتابین : أي ربنا أعطیت هـؤلاء قیراطین

قيراطين وأعطيتنا قيراطا قيراطا ونحن كنا أكثر عملا ! قال الله ـعز وجلـ: هل ظلمتكم من أجركم من شيء ؟ قالوا : لا • قال : فهو فضلي أوتيه من أشـــاء ح - ٤٨٦/١ ، خ - ٤٢٣/٥ ، ح - ٤٥٨/٧ ، ح - ١٢٧/٤ • ح - ٤٥٩/١٠ ، ت •

تەرجەمە :

لە عەبدوڵلای بنی عومەرەوە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ریوایەت کراوە کە لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـی بیست ئەیفەرموو : مانی ئێوە لە دنیادا بە نیسبەت ئەو ئوممەتانەی پێش ئێوەوە بە قەد مابەینی عەصرو رۆژئاوایە • ئەهلی تەورات تەوراتیان پێعەطا کراوە تا نیوەرۆ عەمەلیـان پێ‌کردو لێی عاجزبوون ، هەر یەکە قیراطێکیان درایە ، دوای ئەوان ئەهلی ئینجیل ئینجیلیان پێعەطاکرا ، عەمەلیان پێ‌کرد تا نوێژی عەصر ، لەدواییا لێی عاجزبوون هەریەکە قیراطێکیان درایە • لە دواییا ئێمە قورئانمان پێ عەطا کرا ، عەمەلمان پێ کرد تا رۆژئاوا دوو قیراط دووقیراطمان درایە• ئەهلی تەوراتو ئینجیل وتیان : یا رەببی ئـەوانـە دوو قیراط دوو قیراطت پـێ عەطاکردن ؛ بە ئێمە قیراط قیراطت پێ عەطا کردین حاڵ وایە کە عەمەلی ئێمە زیادترە لەوان ! خوا ـ عز وجل ـ فەرمووی : لەو ئوجرەتەی کـە بـۆم قەرارداون هیچ زوڵمم لێ کردن ؟ وتیان : خەیر • خوا ـ عز وجـــل ـ فەرمووی : ئەوە فەضلی منە بە هەرکەسێ کە ئیرادەم بێ ئەیدەمێ •

٦٣/٦٦٢ ـ وعنه عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـه وسـلم ـ قال : إنما أجلكم في أجل من خلا من الامم مابين صلاة العصر إلى مغرب الشمس ، وإنما مثلكم ومثل اليهود والنصارى كرجل اسـتعمل عـُمـّالا ، فقال : من يعمل لي إلى نصف النهار على قيراط قيراط ؟ فعملت اليهـــود إلى نصف النهار على قيراط قيراط • ثم قـال : من يعمـل لي من نصف

النهار إلى صلاة العصر على قيراط قيراط ؟ فعملت النصـــارى من نصف النهار إلى صلاة العصر على قيراط قيراط • ثم قال : من يعمل لي من صلاة العصر إلى مغرب الشمس على قيراطين قيراطين ؟ قال : ألا فـأنتـم الذين يعملون من صلاة العصر إلى مغرب الشمس على قيراطين قيراطين ، ألا لكم الأجر مرتين • فغضبت اليهود والنصارى ، فقالوا : نحن أكثـر عملا وأقل عطاء • قال الله [تعالى] : هل ظلمتكم من حقكم شيئا ؟ قالوا : لا • قال : فإنه فضلي أعطيه من شئت ح ـ ٥/٤٢٣ ، ح ـ ٤/١٢٨ وفيه عن أبي موسـى : وذلك مثلهم ومثل من قبِل هذا النور ح ـ ١/٤٨٧ عـن أبـي موســى•

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ریوایەت ئەکا کە فەرمووی : ئەجەلی ئێوە لە ناو ئەجەلی ئەو ئوممەتانەی کە رابوردوون بە قەد مابەینی نوێژی عەصرە تا رۆژاوابوون ، مەثەلی ئێوەو مەثەلی یەهوودو نەصارا وەکوو پیاوێـــکە چەند عـەمەلەیێ بگرێو بڵێ : کێ ئیشم بۆ ئەکا تا نیوەڕۆ لەسەر قیراط قیراط ؟ جوولەکە تا نیوەڕۆ لەسەر قیراط قیراط ئیشیان بۆ کرد ، لە دواییا وتی : کێ ئیشم بۆ ئەکا لە نیوەڕۆوە تا عەصر لەسەر قیراط قیراط ؟ نەصارا ئیشیان بـــۆ کرد لە نیوەڕۆوە تا عەصر لەسەر قیراط قیراط • لە دواییا وتی : کێ ئیشم بۆ ئەکا لە نوێژی عەصرەوە تا رۆژاوا لەسەر دوو قیـراط دوو قیـراط ؟ مەعلوومتان بێ ئێوە ئەوانەن کە ئیشیان کردوە لە عەصرەوە تا رۆژاوا لەسەر دووقیراط دووقیراط • خەبەردار بن کە ئێوە دوو دەفعە ئەجرتان هەیە • جوولەکەو عیســـایی رقیـــان هەڵسـا وتیان : ئێمە ئیشی زۆرمان کردوە ئوجرەتمان کەمترە • خوا ـ عز وجل ـ فەرمووی : لە حەقی خۆتان هیـچ

زۆلمم لێ کردوون ؟ وتیان : خەیر • فەرمووی : ئەوە فەضلی منەو ئەیدەم بەوەی ئیرادەم بێ بیدەمێ •

٦٦٣/٦٤ – عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال: قال رسول‌الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مابين النفختين أربعون • قالوا : ياأباهريرة أربعون يوما ؟ قال : أبيت • قالوا : أربعون شهرا ؟ قال : أبيت• فالوا : أربعون سنة ؟ قال : أبيت • ثم ينزل الله من السماء ماءً فينبتون كما ينبت البقل=قال=: وليس من الإنسان شيء لا يبلى إلا عظما واحدا وهو عَجْبُ الذَّنَب ، ومنه يركب الخلق يوم القيامة م ـ ٤١٤/١٠ • [العجب : العظم اللطيف الذي في أسفل الصلب ، وهو رأس العصعص ، ويقال له : عجم ، وهو أول مايخلق من الآدمي • وهو الذي يبقى منه ليعاد تركيب الخلق عليــه • نــووي] •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : مابەینی هەردوو نەفخی صوور چلە • وتیان: ئەی ئەبوهورەیرە چل رۆژە ؟ فەرمووی : ئیبا ئەکەم وتیان : چل مانگ ؟ فەرمووی : ئیبا ئەکەم • وتیان : چل ساڵ ؟ فەرمووی : ئیبائەکەم [یەعنی نازانم چل رۆژە ، یا چل مانگە ، یا چل ساڵە] لە دوایبا خوا لە ئاسمان ئاوێ نازڵ ئەکا ، گیا چۆن ئەڕوێ خەڵقیش وا ئەڕوێن [زیندووئەبنەوە] غەیری ئێسکێك نەبێ کە جێی کلکە ، نیهایەتی بڕبڕەی پشتە ناڕزێ • هیچ شتێك نیە لە ئینسان کە نەڕزێ • لەو ئێسقانەوە ئینسان دروست ئەکرێتەوە لە رۆژی قیامەتا •

وعنه أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم قال : كل ابن آدم يأكله التراب إلا عجب الذَّنَب ، منه خلق ، وفيه يركب م-٤١٤/١٠ •

تەرجەمە :

عەجبی ذەنەب : نیهایەتی بڕبڕەی پشت نەبێ کە گـڵ نایخوا گـڵ هەموو جێیێکی ئینسان ئەخوا • لە عەجبی ذەنەب ئینسان خەلق‌کراوە ، لەوەوە دروست‌ئەکرێتەوە •

٦٦٤/٦٥ ـ عن عبدالله بن مسعود [رضي الله تعالى عنه] قال : جـاء حَبر" [من الأحبار • خ أخرى] إلى رسول الله ـ صـلى الله تعـالى عليـــه وسلم ـ فقال : يا محمد [إنا نجد خ ، أخرى] ان الله يضع السماء على أصبع ، والأرض على أصبع ، والجبال على أصبع ، والشجر والأنهار على أصبع وسائر الخلق على أصبع ، ثم يقول بيده : أنـا الملـك • فضحك رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وقال : وما قدروا الله حق قدره ح ـ ٤٠٨/١٠ ، م ـ ٢٦١/١٠ ، ح ـ ٣٠٦/٧ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای بنی‌مەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : عالمێکی یەهوودیی هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وتی : (یـا محمد) خوا [لە رۆژی قیامەتا] ئاسمان ئەنێتە سەر پەنجەیێـکی ، ئـەرز ئەنێتە سەر پەنجەیێکی ، هەموو شاخ ئەنێتە سەر پەنجەیێکی ، هـەموو درەخت‌و نەهر ئەنێتە سەر پەنجەیێکی ، هەموو مەخلووقاتی تر ئەنێتـــە سەر پەنجەیێکی ، لە دواییا بە دەستی ئیشارەت ئەکا ئەفەرموێ : هەر من پادشام • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێکەنی‌و فەرمووی :قەدری خوایان نەگرت بەو قەدرەی کە لایەق بە خۆیەتی [یەعنی نەیان‌ناسیوە بـە تەواوەتی] موراد لە دەست‌و پەنجە عیبارەتە لە قودرەت‌و عەظەمەتی خـوا ـ جل شـأنـه ـ •

٦٦٥/٦٦ ـ عن عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] قال : قـــال

رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يطـــوي الله ـ عز وجـل ـ السماوات يوم القيامة ، ثم يأخذهن بيده اليمنى ثم يقول : أنـا الملـك أين الجبارون ؟ أين المتكبرون ؟ ثم يطوي الأرضين بشماله ثم يقـــول : أنا الملك أين الجبارون ؟ أين المتكبرون ؟ م ـ ١٠/٢٦٢ •

تەرجەمە :

عەبدوللای بنی عومەر ـ رضي الله تعـالى عنهمـــا ـ فـەرمـووی : کەپێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خوا ـ عز وجـل ـ ڕۆژی قیامەت هەموو ئاسمان ئەپێچێتەوە ئەیگرێ بە دەستی ڕاستیەوە ، ئەفەرموێ : پادشاه هەر منم جەبباران لەکوێن ؟ موتەکەببیران لە کوێن ؟ لە دوایدا هەموو ئەرز ئەپێچێتەوە ئەیگرێ بە دەستی چەپیەوە ئەفەرموێ: پادشاه هەر منم جەبباران لە کوێن ؟ موتەکەببیران لە کوێن ؟

ئـەڵێی خـوا ئـەم دەورو دووکانـە بپێچێتەوە یەعنی لـە ناوی بـا نـەیهێڵێ •

٦٦٦/٦٧ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : يقبض الله الأرض ويطوي السماء بيمينه ثـم يقول : أنا الملك أين ملوك الأرض ؟ ح ـ ٩/٢٨٧ ، م ـ ١٠/٢٦٢ ن،جه•

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ڕۆژی قیامـەت =خوا= قەبزی ئەرز ئەکا [یەعنی ئیفنای ئەکا] ئاسمان ئەپێچێتەوە [ئیفنای ئەکا] بە دەستی ڕاستی [بەقودرەتی] لە دوایدا کە هیچ نامێنێ ئەفەرموێ پادشا هەر منم پادشاکانی ئەرز لە کوێن ؟

خوا مونەززەهە لـە ئەعضـا •

٦٦٧/٦٨ ـ عن عبيدالله بن مقسم أنه نظر إلى عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ كيف يحكي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : يأخذ الله سماواته وأرضيه بيديه ويقول : أنا الله . ويقبض[1] أصابعه ويبسطها : أنا الملك ، أنا الملك حتى نظرت إلى المنبر يتحرك من أسفل شيء منه حتى إني لأقول : أساقط هو برسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ م ـ ١٠/٢٦٣ .

تەرجەمە :

لە عوبەیدیللای کوڕی مەقسەم ریوایەتکراوە کە تەماشای عەبدوڵلای کوڕی ئیمامی عومەری کرد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کە چۆن حیکایەتی فیعلی رەسوولوڵلا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـی ئەکرد . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ ئاسمانەکانو هەموو ئەرزی خۆی بە هەردوو دەستی قودرەتی ئەگرێو [ئیجادو ئیعدام] ئەفەرموێ : خوا هەر منم ، رەسوولوڵلا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پەنجە موبارەکەکانی لێکەناو ئەیکردەوە ، خوا ئەیفەرموو : مەلیك منم . عەبدوڵلا ئەفەرموێ : تەماشای مینبەرەکەم =ئەکرد= لە ژێریەوە شتێ لە مینبەرەکە ئەبزووتەوە وەها بوو حەتتا ئەموت : ئایا مینبەرەکە بــوو بــە رەسوولوڵلاوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کەوت ؟

٦٦٨/٦٩ ـ عن عبدالله [بن مسعود] ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : جاء حَبْر من الأحبار [عالم من علماء اليهود] إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : يا محمد إنا نجد أن الله يجعل السماوات على

(١) دانەر ـخ ـ لەسەر ئەم کەلیمە نووسیویە :
[ئەگەر حیکایەت بێ عەبدوڵلا پەنجەی لێكئەناو ئەیکردەوە ئـــەگـەر مەحکی بێ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم پەنجەی موبارەکـی لێكئەناو ئەیکردەوە] .

أصبع ، والأرضين على أصبع ، والشجر على أصبع ، والماء والثـرى على أصبع ، وسائر الخلائق على أصبع [ثم يهزهن • مسلم] فيقول : أنا الملك، فضحك النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حتى بدت نواجذه تصديقـاً لقول الحبر • ثم قرأ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : (ومـا قدروا الله حق قدره [والأرض جميعا قبضته يوم القيامـــة والسـماوات مطويات بيمنيه سبحانه وتعالى عما يشركون])[1] هذا القـــدر فـي هـذه الحادثة يكفي م ـ ١٠/٢٦٠ ، ح ـ ٧/٣٠٦ • ت ، ن •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود ـ خوای لێ رازیی بێ ـ فەرمووی : عالمێ لە عولەمای یەهوود هاتە خدمەت پێغەمەر ـصلى الله تعالى عليه وسلمـ وتی : یامحمدئێمە لە تەوراتا ئەبینین کە خوا ـ عز وجل ـلە رۆژی قیامەتا هەموو ئاسمانەکان ئەخاتە سەر پەنجەیێکی ، هەموو ئەرز ئەخاتە سـەر پەنجەیێکی ، درەخت ئەخاتە سەر پەنجەیێکی ، ئاوو ئەرز ئەخاتە ســـەر پەنجەیێکی ، مەخلووقاتی تر ئەخاتە سەر پەنجەیێکی ••• رایانئەوەشێنێ ئەفەرموێ : هەر من پادشام • پێغەمەر ـصلى الله تعالى عليه وسلمـ پێکەنی تا ددانی لای خرێیەوە دەرکەوت ، بەوە تەصدیقی قەولی عالمەکەی کرد • لە دواییا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـئەم ئایەتی ســــوورەتـی زومەرەی خوێنەوە کە مەعنای وایە :

ئەهلی کیتاب بە قەدرێ لایەق بە خوا بێ قەدری خوایان نەگرت ، حاڵ وایە کە هەموو ئەرز لە رۆژی قیامەتا مستێکی خوایە کە بە دەسـتی چەپەوەی گرتوە هەموو ئاسمان پێچراونەوە بە دەستی راستیەوەیە ، خوا مونەززەهە بڵندە لەوانەی کە ئەوان ئەیکەن بە شەریکی [یەعنی ئەوانەی

(١) الـزمـر / ٦٧ •

کە ئەیکەن بە شەریکی یا لە ئەرزان یا لە ئاسمانان ،ئەرزو ئاسمان هەمووی لە دەستی قودرەتی خوادایە لە ژێر قودرەتی ئەوایە ، ئیرادە بکا هەمـــووی ئەباتەوە عەدەم وەکوو هێناویەتە وجوود ، ئیتر چۆن ئـەبن بە شەریـــکی خوا ؟ ئینسان لەگەڵ ئەم هەموو عاجزیی‌و بێدەستەڵاتیەدا رازیی نـابـێ بەمە کە یەکێکی وەکوو خۆی ببێ بە شەریکی چۆن مەخلووقی خوا ئەبێ بە شەریکی خوا ؟

ئەم لەفظی دەست‌و پەنجەو دەست‌و پێ‌و چاوو گوێ لە قورئـان‌و حەدیثان هەمووی تەمثیل‌و تەصویری قودرەتی خوان بە عیبارەتێ کـــــە عەقلی ئێمەمانان تێی‌بگا . ئەم نەوعە تەعبیرە لە کوردیی خۆیشمانا زۆرە : فلاّن کەس دنیای گرتۆتە باوەش ، یەعنی تەماعکارە ، دنیائـەخاتـە ژێـــر پێیەوە . فلاّن‌کەس هەموو کەس ئەخاتە سەر پەنجەیێکی یەعنی قودرەتی زۆرە . جێی تۆ لەسەر سەرمە لەسەر چاومە ، یەعنی لام حورمەتت زۆرە. بێ گوێیە یەعنی ئیطاعەت ناکا . دەستم مەبڕە یەعنی مەمخەڵەتێنە . دوو زمانە ، یەعنی مونافیقە . مەمخەرە ژێر پێ ، یـەعنی تـەحقیرم مـەکـە . دەستوپێ یەعنی خدمەتکار ... (إلى غير ذلك)] .

٦٦٩/٧٠ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : سألت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن قوله ـ عز وجل ـ : (يـوم تبـدل الأرض غير الأرض والسماوات [وبرزوا لله الواحد القهار . إبراهيم])[١] فأين يكون الناس يومئذ يا رسول الله ؟ فقال : على الصراط مـ١٠/٢٦٦ .

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : لە پێغەمـــەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم پرسیی لە قەولی خوای تەعالا کە مەعنای

(١) إبراهيم / ٤٨ .

وايه : خوا عەزیزو غالّبە بەسەر کوللی شتێکا ، هیچ شتێ لە قودرەتی خاریج نیە ، ئینتیقام ئەستێنێ بۆ دۆستی لە دوشمنی لەو رۆژەدا کە ئەرزو ئاسمان تەبدیل ئەکرێن بە ئەرزو ئاسمانێکی تر ئەگۆرِرێن وەك خـۆیان نامێنن هەموو لە قەبر یێنە دەرێ دەرئەکەون بۆ حسابی خوایێ کە قەهارە ..
وتم : ئەو رۆژە خەڵق لە کوێ ئەبن ؟ فەرمووی : لە سەر پردی صیراط .

٦٧٠/٧١ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ (يوم يقوم الناس لرب العالمين [ويل للمطففين])[1] قال يقوم أحدهم في رشحه إلى أنصاف أذنيه م ـ ٣٣١/١٠ ، حـ ٢٩٥/٩، ح ـ ٣٩٧/٧ ، ت ، ن ، جه .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی . لەو رۆژەدا کـــە خەڵق بۆ حساب لە حوزووری خوادا ئەوەستن هەریەك لەوانە رائەوەستن تا نیوەی گوێچکەی لە عەرەقا ئەبێ . عەرەقی خۆی لــە بەر ترســـی ئـەو رۆژە .

٦٧١/٧٢ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : يَعْرَق الناس يوم القيامـــة حتى يذهب عرقهم في الأرض ســبعين ذراعا ويُلْجِمُهم حتى يبلغ آذانهـم ح ـ ٢٩٥/٩ ، م ـ ٣٣١/١٠ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لە رۆژی قیامەتا ئینسان عەرەق ئەکا تا عەرەقەکەیان حەفتا ذیراع بە ئەرزا ئەچێتەخوارەوە، عەرەق لەغاویان ئەکا تا ئەگاتە گوێچکەیان !

---

(١) المطففين / ٦ .

٧٣/٦٧٢ ـ عن عائشـــة [رضي الله تعـــالى عنها] قالت : ســمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ =يقول=: يحشر الناس يـــوم القيامة حفاة عراة غُرْلا [جەمعی ئەغرەل] قلت : يا رسول الله الرجـــال والنساء جميعا ينظـر بعضهم إلى بعض ؟ قال : يا عائشة الأمر أشد من أن ينظر بعضهم إلى بعض ! م ـ ١٠/٣٢٨ ، ح ـ ٩/٢٩٢ ، ن ، جه •

تەرجەمە :

عـايشـــە ـ رضـي الله تعـــالى عنهـا ـ فـــەرمـووی : لـــە پێغـەمەرم ـ صـلى الله تعـــالى عليـــه وســـلم ـ بيســـت فەرمـووی : رۆژی قيـامـەت خەڵـق حەشـر ئەكرێن بـە پێخاوسيی ، بە رووتيی ، بە خەتەنەنەكراويی ••• وتم : (يا رسول الله)پياوو ژن هەموويان تەماشای يەكتريی ئەكەن ! فەرمووی : ئەی عايشە ئيش لەوە بە شيدەتترە كـــە بەعزێكيان تەماشای بەعزێكيان بكەن ! [لـە ئيبنـوعـەباســيشەوە وا ريوايەتكراوە ، بە پێيانی لێ زيادكردوە • لـــەم نەوعـە ئيبنوحەجەری عەسقەلانيی ـ رحمه الله ـتا چل حەديثی كۆكردۆتەوە ، حەديثی حەسەنو صەحيحو غەيری حەديثی صەحيح] •

٧٤/٦٧٣ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : خطب النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقـال : إنـكم محشـورون إلى الله حُفاة عراة غُرْلا =ثم قال= : (كما بدأنا أول خلق نعيده وعدا علينا إنـا كنا فاعلين =إلى آخر الآيـة=)(١) ثم إن أول من يكســـى يوم القيامـــة إبراهيم [عليه الصلاة والسلام • لأنه ألقي في نـار نمرود عريانا • وزاد الحليمي في منهاجه من حديث جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : ثم محمد، ثم النبيون ـ عليهم الصلاة والسلام] ألا إنه يجاء برجال من أمتي فيؤخذ

(١) الانبيـــاء / ١٠٤ •

بهم ذات الشمال ، فأقول : يارب أصحابي [أصيحابي • أخرى] فيقال : لا تدري ما أحدثوا بعدك • فأقول كما قال العبد الصالح : (وكنت عليهم شهيدا مادمت فيهم •• إلى قوله : شهيد [يعني : فلما توفيتني كنت أنت الرقيب عليهم ، وأنت على كل شيء شهيد])[1] فيقال : إن هؤلاء لـم يـزالـوا مرتدين على أعقابهـــم منــذ فــارقتهـــم ح ـ ٧/١٠٩ ، ٢٣٢ ، م ـ ٣٢٩/١٠ ، ت ، ن •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس – رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خوطبەی خوێند فەرمووی : [ئەی ئینسانان] بـە تەحقیق ئێوە حەشرئەکرێنە حوضووری خوا بە پێخاوسیی ، بە رووتیی• بە خەتەنەنەکراویی ، لە ئەوەڵەوە چۆن خەلقمان خەلق کردوە بەو نەوعـە ئیعادەی ئەکەینەوە ، ئەمە وەعدەییێکە لە طەرەفی ئێمەوە خیلافی نابێ حەقە، بە تەحقیق ئێمە ئەیکەین ، لە دواییدا فەرمووی : ئەوەڵ کەسێ کە جلی لە بەر ئەکرێ حەزرەتی ئیبراهیمە ـ عليه الصلاة والسلام – [لە موکافاتی ئەوەدا کە نەمروود بە رووتیی هاویتیە ناو ئاگرەوە ، دوای ئەو پێغەمەری ئێمە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمجا باقیی پێغەمەرەکانی تر ـ عليهم الصلاة والسلام ـ] •

مەعلوومتان بێ کــە لــە ئوممەتی من گەلێ ئینســان یێنن لای دەســتەچەپیان پێ ئەگیرێ [یەعنی بۆ طەرەفی جەهەننەم] ئەڵێم : یا رەببی ئەوانە ئەصحابی منن [یەعنی ئوممەتی منن ، لازم نــاکـا لە صەحابەی موصطەلەح بن ، بەعزێکیان ئەو مونافیقانەی زەمانی سەعادەتە • ئەوانـی تر ئەوانەن کە لە دین وەرگەڕاونو وەرەگـــەڕێن تا ڕۆژی ئاخیــرەت]

(١) المـائـدة / ١١٧ •

پێم‌ئەڵێن : تۆ نازانی دوای تۆ چییان کردوە • منیش وەك عەبدی صالح، کە حەزرەتی عیسایە ـ علیه الصلاة والسلام ـ ئەڵێم : من تا لە ناویانـا بووم شاهیدیان بووم ، نەمهێشتوە کە خراپە بکەن ، لە دوای ئەوە کـە ئەجەلت هێنام تۆ خۆت لەسەریان رەقیب بوویت‌و چاوێریت کردوون ، تۆ شاهیدی هەموو شتێکیت هیچت لێ غائیب نابێ • پێی‌ئەفەرموێ : ئەوانە لە دین لادانا‌و پاشەوپاش گەڕانەوە وازیان نەهێناوە لەو وەختەوە کە لێیان جوێ بوونەتەوە •

إذا الشمس كـورت

٦٧٤/٧٥ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : الشمس والقـمر مكوران يـــوم القيـامـــة خ ـ ٢٤٩/٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : رۆژی قیامەت مانگ‌و رۆژ [لە ئاگرا ،ئیسماعیلیی] پێچراونەوە [چونـکی لـــە دنیـــادا عیبادەتیان کراوە • موراد وا نیە کە عەذابیان بدرێ ، بۆیێکە عابیدی ئەوان بزانن کە عیبادەتێکی باطلیان کردوە] •

٦٧٥/٧٦ ـ مقداد بن الأسود [رضي الله تعالى عنه] قال : ســمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـــه وســلم ـ يقول : تدنى الشمس يوم القيامة من الخلق حتى تكون منهم كمقدار ميل • قال ســـليم بن عـامر [أحد الرواة] : فوالله ما أدري ما يعني بالميل ؛ أمسافة الأرض أو الميـل الذي تكتحل به العين • قال : فيكون الناس على قدر أعمالهم في العرق؛ فمنهم من يكون إلى كعبيه ، ومنهم من يكون إلى ركبتيه ، ومنهم من يكون

إلى حقويه ، ومنهم من يلْجِمه العرق إلجاما • قال : وأشار رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بيده إلى فيه م ـ ١٠/٣٢٢ •

تەرجەمە :

میقداد ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بيست ئەيفەرموو : رۆژی قیامەت رۆژ تا بە قەد میـلێ لە خەڵق نزیك ئەخرێتەوە • سەلیمی بنی عامیر ئەڵێ : وەڵلاهی نازانم کـە مەقصوودی لە میل چیە ؛ میلێکە کە مەسافەی ئەرزە ، یا ئەو میلەیە کە چاوی پێ ئەرێژن • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وســلم ـ فەرمووی : ئینسان بە پێی عەمەلیان لە عەرەقا ئەبن ؛ بەعزێکیان تا قولەپێی ، بەعزێکیان تا ئەژنۆی ، بەعزێکیان تا جێبەندەخوێنی ، بەعزێکیان بە لــەغاوکردن لەغاو ئەکا ، میقداد فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـبـە دەستی موبارەکی ئیشارەتی دەمی موبارەکی خۆی کرد •

٦٧٦/٧٧ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] عن النبــي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ليس أحد يحاسب إلا هلك • قالت : قلت : يـا رسول الله =جعلني الله فداءك= أليس يقول الله ـ عز وجل ـ =(فـأمـا من أوتي كتابه بيمينه فسوف يحاسب = حسابا يسيرا[1])؟ قـــال : ذاك العرض ، ولكن من نوقش الحساب هلـك ح ـ ٧/٣٩٨ ، ح ـ ٩/٢٩٨ ، م ـ ١٠/٣٤٣ ، ت • ن •

تەرجەمە :

عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ریوایەت ئەکا کە فەرمووی : هیچ کەس نیە کە موحاسەبە بکرێو هیـلاك نـەبـێ • ئـەفـەرمـوێ : وتـم : (یـا رســـول الله)ئـــەوە نیـــە خـــوا ئـەفـەرمـوێ : هـەرکـەسـێ نـامـــەی عـەمەلی لـە لای

(١) الانشـــقاق / ٨ •

راستەوە بدرێتێ بە حسابێکی سووك حساب ئەکرێ ؟ فەرمووی : ئـەوە موحاسەبە نیە تەنها دەفتەری عەمەلی پێ‌نیشان ئەدرێ • ئەمما ئەوەی کـە موناقەشەی لەگەڵ بکرێ [یەعنی تەنگی پێ‌هەڵبچنرێ پێی بڵێن : بـۆ ئەوەت کرد ؟ بۆ ئەوەت کـرد ؟ یـا بۆ ئەوەت نەکـرد ؟] ئەو کەسـە هیـلاك ئـەبـێ •

٦٧٧/٧٨ ـ وعنها قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ : من حوسب يوم القيامة عذب • فقلت : أليس قد قال الله تعالى : (فسوف يحاسب حسابا يسيرا) [إذا السماء انشقت][1]؟ فقال : ليس ذاك الحساب، إنما ذاك العرض ، من نوقش الحساب يوم القيامة عذب م ـ ٣٤٢/١٠ ، ح ـ ١٩٤/١ ، ح ـ ٢٩٩/٩ وفي أوله : إن عائشة [رضي الله تعالى عنها] زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كانت لا تسـمع شيئا إلا راجعت فيه حتى تعرفه ، وإن النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسـلم ـ قـــال ••• إلخ •

تەرجەمە :

حەزرەتی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ هەرچییێکی لە پێغەمـەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ببیستایە موراجەعەتی ئەکردەوە تا تێی‌ئەگەیی• پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ لـە رۆژی قیامەتا موحاسەبە بکرێ موعەذذەب ئەبێ ، عەذاب ئەدرێ • ئەفەرموێ : وتم : (یا رسول الله) ئەوە نیە خوا ـ عز وجل ـ لە [اذا السماء انشقت]ا ئەفەرموێ : ئەوی نامەی ئەعمالی بدرێتە دەستی راستی ئەو کەسە لە دواییا حسابێکی سووکی ئەکرێ ؟ فەرمووی : ئەوە حساب نیە تەنها نـامـەی عەمەلی پێ‌نیشان ئەدرێ ، هەرکەسێ موناقەشەی لەگەڵا بکرێ وردو درشتی پێنرێتە مەیدانەوەو لێی‌بپرسرێ ئەو کەسە عەذاب ئەدرێ •

(١) الانشـــقاق / ٨ •

٦٧٨/٧٩ ـ عن جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] قال : سمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : يبعث كل عبد على ما مـات عليه م ـ ٣٤٣/١٠ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : کە لە پێغەمەرم بیســـت ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : هەر عەبدێ لە دنیادا بە چ ئیشێـــکەوە مەشغووڵ ئەبێ کە ئەمرێ لە سەر چ حاڵێ ئەمرێ لەســـەر ئـەو حـاڵـە زیندوئەکرێتەوە •

٦٧٩/٨٠ ـ عن أبي موسى الأشعري ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال [في حور مقصورات في الخيـام][1]: الخيمة درة مجوفة طولها في السماء ثلاثون ميلا في كل زاوية منها للمؤمن أهل لا يراهم الآخرون • وعن أبي عمران ســـتون ميلا ح ـ ٢٧٠/٥ ، ح ـ ٣٥٦/٧ ت ، ن ، م ـ ٣٠٨/١٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی [لە تەفســیری : گەلێ حۆریین کە لە خەیمەی بەهەشتان هەر چاویان لە مێردی خۆیانە] : خەیمە دوڕڕێکە ناوەکەی بۆشە پانزە میل ، لە ریوایەتی ئەبوعیمرانا شەصت میل ، بەرزە • =لەهەر سووچێکیا ماڵو خێزانێ بۆ موسوڵمان هـەیـــە ئەوانی تر نایبینن = •

٦٨٠/٨١ ـ عن أبي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] قال : قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تكون الأرض يوم القيامة خبزة واحدة

(١) الرحـمن / ٧٢ .

یتکفؤها الجبار بیده کما یَکْفَأ أحدکم خبزته في السـفر ، نزلا لأهـل الجنة • فأتی رجل من الیهود ، فقال : بارك الرحمن علیك یا أبا القاسم • ألا أخبرك بنزل أهل الجنة یوم القیامـــة ؟ قال : بلی • قال : تـکون الأرض خبزة واحدة کما قال النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فنظر النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ إلینا ثم ضحك حتی بدت نواجذه• ثم قال : ألا أخبرك بإدامهم ؟ قال : إدامهم با لام ونون • قالوا : وماهذا؟ قال : ثور ونون ، یأکل من زائدة کبدهما سـبعون ألفا ح ـ ٢٨٧/٩ .
م ـ ٢٦٧/١٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : رۆژی قیـامـەت ئەرز ئەبێ بە یەك نان ، جەببار ـ عز وجل ـ بە دەستی خۆی ئەم دەست و ئەودەستی ئەکا [یەعنی بە قودرەتی خۆی طەبیعەتی ئەگێڕێتە سەر طەبیعەتی گەندمو نان کە بخورێ] وەکوو چۆن یەکێ لە ئێوە لە سەفەرا نانی خۆی ئەمدەستو ئەودەست ئەکا کە بکرێتەوە [و ئەیکا بە ژێر خۆڵەمێشـەوە ببرژێ یەعنـی خـەرەوای ژێر ئاگر] تـا حـازر بێ بۆ ئەهلی بەهەشـت [لەو وەختەدا] جوولەکەیێ هات وتی : ئەی (أبو القاسم) خوا بەرەکەتت بەسەرا برێژێ خەبەرت بدەمێ کە ئەوەڵ ضیافەتی بەهەشتیی چیە لە رۆژی قیامەتا ؟ فەرمووی : بەڵێ • جوولەکەکە وتی : ئەرز ئەبێ بە تاقە نانـێ وەك پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەماشای ئێمەی کردو پێکەنی تا ددانی موبارەکی لای خرێیەوە دەرکەوت [چونکە قسەی جوولەکەکە لە تەوراتەوە خەبەری دا موافەقەی قەولی پێغەمەری کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ]•

له دواییا جووله‌كه‌كه وتی : با خه‌به‌رت بده‌مێ كه پێخۆری به‌هه‌شتیی چیه ؟ وتی : پێخوریان با لام نوونه • ئه‌صحابی كیرام پرسییان : بـا لام نوون چیه ؟ وتی : بالام گاجووته‌و نوون ماسییه • پارچه‌یێکی زیادی بـه جگه‌ریه‌وه‌یه‌تی حه‌فتا هه‌زار كه‌س له‌وه ئه‌خوا •

بوونی ئه‌رز به نان مومكینه ، خوا قادره به‌سه‌ر هه‌موو مومكیناتا بـه میثالێ كه به ده‌وام ئه‌ی‌بینن كه ئه‌رز ئه‌بێ به چیو چی ئیضاحی ئه‌كه‌م: مه‌علوومی هه‌موومانه كه ئه‌رز گڵو به‌رده ناخورێ كه به‌ر ناگرێ، ره‌نگێكی جوانی نیه ، قسه ناكا ، ناخوا ، ناڕوا ، عه‌قڵو شوعووری نیه ••• (إلی غیر ذلك) ده‌نكێ گه‌ندم ئه‌كه‌ی به ژێر خۆڵه‌وه نه‌ختێ ته‌ڕایی لێ كه‌وت سه‌وز ئه‌بێ هه‌شت نۆ ده گوڵی لێ په‌یدا ئه‌بێ ، هه‌ر گوڵێ ده پانـــزه بیست ده‌نك گه‌ندمی تیایه • به‌و نه‌وعه ده‌غڵو سائیری شت ئه‌ڕوێنین ئه‌بێ به‌و شتانه كه ئه‌ی‌بینین ، له ده‌نكێ گه‌نم دووصه‌د سێصه‌د ده‌نك چۆن په‌یدا بوو ؟ دیاره ئه‌و ده‌نكانه به واسیطه‌ی بارانه‌وه ئه‌رزه‌كه‌ی بۆ نه‌رم ئه‌بێته‌وه، ده‌نكه‌كان نه‌رم ئه‌بنه‌وه • ئه‌و گڵه ئه‌كێشێته ناو خۆیه‌وه ، ئه‌بێ به ره‌گ، به گیا ، به لاسك ،ورده ورده گه‌وره ئه‌بێ ، گوڵ ئه‌كا ، گه‌نم بێ ئـه‌بێ به گه‌نم ، جۆبێ ئه‌بێ به جۆ ،ده‌نكێ توو بێ ئه‌بێ به دارتوو ، گوێز بێ ئه‌بێ به گوێز ، په‌مووانه بێ ئه‌بێ به په‌موو به لۆكه ••• (والحاصل إلی غیر النهایة إلی ماشاء الله)به شه‌كر ، به ئاوریشم ، به گۆشت ، به خوریی، به موو ، به مه‌ره‌ز ، به دۆشاو ، به مار ، به دووپشك ، به شێر ، بـــه پڵنگ ، به ئینسان ، به فیل ، به ئه‌ڵماس ، به ئاڵتوون ، به زیو ، به مس ، به ئاسن ، به شتی شیرین ، ترش ، به گوڵی جوان ، تال ، سوێر، زه‌هر ••• ئه‌مانه هه‌مووی ئه‌و گڵه‌یه خوا ئه‌م هه‌موو ئـــه‌نواعی حـه‌یواناتو نه‌باتاتو مه‌عده‌نیاته‌ی لێ ئیجاد كردوه ، غه‌یری قودره‌تی قاهیره نه‌بێ . ئه‌م شتانه كه هه‌موو طه‌بیعه‌تیان جوێ جوێیه ، له‌م تاقه طه‌بیعه‌تـه كـێ

ئەتوانێ خەلقی بکا ؟ ذاتێ ئەوەندە قادر بێ ناتوانێ ئەرز بکا بە نانێ ؟ حەتتا ئاگریش هەر لە ئەرز دروستکراوە ، ئەرزەکە ئەبێ بە دار ، بە رۆن ، بە نەوت ، بە پیو ، ئەوانیش ئەبن بە ئاگر (إن الله على كـل شيء قـــديـر) .

٨٢/٦٨١ – سهل بن سعد [رضي الله تعالى عنه] قال : سمعت النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : يحشر الناس يوم القيامة على أرض بيضاء عَفْراء كقرصة نقي . قال سهل أو غيره : ليس فيها معلم [عـــلم لأحد . م] ح ـ ٢٨٨/٩ ، م ـ ٢٦٦/١٠ .

تەرجەمە :

سەهلی بنی سەعد [رضي الله تعالى عنه]فەرمووی : لە پێغەمەرم بیست ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەیفەرموو : رۆژی قیامەت ئینسانان هەموو کۆئەکرێنەوە لەسەر ئەرزێکی سپیی مەیلەو سوور وەك نانێکی گـەندمی خالیصی بێ کەپەك . سەهل یا غەیری سەهل فەرمووی : لەو ئەرزەدا شوێن پێی هیچ کەسی تیا نیە . یەعنی ئەبێ بە ئەرزێ غەیری ئەم ئەرزە .

٨٣/٦٨٢ – عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : يحشر الناس على ثلاث طـرائـق راغبيـن راهبين ، واثنان على بعير ، وثلاثة على بعير ، وأربعة على بعير ، وعشـرة على بعير . ويحشر بقيَّتَهم النَّارُ ، تقيل معهم حيث قالوا ، وتبيت معهم حيث باتوا ، وتُصبِح معهم حيث أصبحوا . وتمسي معهم حيث أمْسَوْا . ح ـ ٢٨٩/٩ ، م ـ ٣٣٠/١٠ .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى

عليه وسلم ـ ريوايەت ئەکا کە فەرمووی : ئینسان لەسەر سێ فیرقە حەشر ئەکرێن : فیرقەیێکیان بە ترس‌و ئومێد • فیرقەیێکی دوو کەس لـەسـەر وشترێ ، سیان لەسەر وشترێ ، چوار لەسەر وشترێ ، دە لەسەر وشترێ [بەنۆبە سواری ئەبن] باقیەکەیان کە فیرقەی سێیەمە ئاگر سەوقیان ئەکا، ئیستراحەت بکەن ئاگرەکەیش ئیستراحەت ئەکا ، ئێوارێیان بەسەرا بـێ ئەویش لەگەڵیانە ، شەو بمێننەوە لە جێێ ئەویش لەگەڵیان ئەمێنێتـەوە • سبحەینێیان بەسەرا بێ ئەویش لەگەڵیانە ، کلکیان بەرنادا •

ئەم حەشرە ظاهیر وایە کە لە قەبر ییَنەدەرێ لە هەر ضەردفێکەوە ئاگر پاکۆیان ئەدا بۆ مەحشەر ، ئەوی زیندوویان ئەکاتەوەو گڵ ئەکا بە ئینسان‌و صەد هەزار نەوع شت ئەتوانێ عەقڵ‌و نوطقیش بدا بە ئاگر •

٨٤/٦٨٣ ـ أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رجلا قال : يا نبي الله كيف يحشر الكافر على وجهه ؟ قال :أليس الـذي أمشاه على الرجلين في الدنيا قادرا على أن يمشيه على وجهه يوم القيامـة ؟ قـــال قتادة : بلى وعزة ربنا ح ـ ٩/٢٩٠ ، ن •

تەرجەمە :

ئەنەسی بنی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی . پیاوێ وتی : (یا نبي الله)چۆن کافر ڕۆژی قیامەت لەسەر ڕوو حەشر ئەکرێ ؟ فەرمووی : بۆچی ئەو ذاتەی کە لە =دنیادا=لەسەر دوو پێ ئەیانڕۆێنێ ناتوانێ لەسەر ڕوو بیانڕۆێنێ ؟ قەتادە وتی : بەڵێ بە عیززەتی تۆ یارەبێ[1] •

٨٥/٦٨٤ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قـال : قـال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أعددت لعبـادي الصـالحين

---

(١) ئەگەر دانەر لێرەدا بیفەرموایە : بەڵێ بە عیززەتی خوامان .. زیاتـر لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەدا دەگونجا .

ما لا عين رأت ، ولا أذن سمعت ، ولا خطر على قلب بشـــر [وعنـد أبي حاتم عن ابن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ : ولا يعلمه ملك مقرب، ولا نبي مرسل ، قسطلاني •] • [قال أبو هريرة • أخرى • وفي أخرى: ثم قرأ (أي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ)] قال : فاقرأوا إن شئتم : (فلا تعلم نفس ماأخفي لهم من قرة أعين)[1] ح ـ ٥/٢٧٠ ، م ـ ١٠/٢٩٩ ، ت ، ح ـ ٧/٢٧٩ وفيه بعد بشر : ذُخْرا بَلْه ما اطلعتم عليه [أي كيف اطلاعكم على ما ادخرت لهم ؟ أو غير مااطلعتم عليه من نعيم الجنة السائر • من قسطلاني]•

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە خوا ـ عز وجل ـ فەرمووی : حازرم کردوە بۆ بەندەی صالیحی خۆم لە بەهەشتا ئەوەی کە هیچ چاوێ نەیدیوە، هیچ گوێیێ نەبیستوە ، بە دڵی هیچ بەشەرێکا نەهاتوە ، بۆم کردوون بـە ذەخیرە ، لە کوێ ئێوە موططەلیع ئەبن بەسەریا ؟ یاخـــۆ غـــەیری ئـەو نیعمەتانەی ئێوە موططەلیع بوون بەسەریا [ئەبوحاتەم لە ئیبنومەسـعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەتی ئەو زیادییە ئەکا کە هیچ مەلائیکەیێکی موقەڕڕەب نایزانێ ، هیچ پێغەمەرێکی مورسەل نایزانێ ، خوا بە رەحمەتی خۆی بە نەصیبی دۆستو ئەحبابو ئەقریباو کەسو کارمی بکا ئامین !]

ئەبوهورەیرە فەرمووی : ئەگەر هەوەسیشتان هەیە ئەم ئایەتە بخوێننەوە کە : هیچ کەس نازانێ کە چی بۆ حازرکراوە لەوەی کە چاوی پێ روون بێتەوە بە موکافاتی ئەو عەمەلە چاکانەی کە لە دنیایا کردوویانە •

٨٦/٦٨٥ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قـــال : قـال

(١) السـجدة / ١٧ •

رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أول زمرة تلج الجنة، صورتهم على صورة القمر ليلة البدر [لا يسقمون • م• من باب علم] لا يبصقون فيها ، ولا يتمخطون ، ولا يتغوطون [قالوا : فما بال الطعام ؟ قال : جشاء ورشح كرشح المسك ، يلهمون التسبيــح والتحميــد كما يلهمون النفس م ـ ٣٠٦/١٠ لكن عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ] • [ولا يبولون •م] آنيتهم فيها الذهب ، أمشاطهم من الذهب والفضة ، ومجامرهــم الألوَّة [بحركات الهمزة وتشديد الواو وبتخفيفها مع كسر الهمزة وسكون اللام: العود الهندي] ورشحهم المسك ، ولكل واحد منهم زوجتـــان [من الحور العين • أخرى] يرى مخ سوقهما من وراء [العظم • أخرى • و] اللحم من الحسن لا اختلاف بينهم ولا تباغض [أخلاقهم على خلق رجل واحد على طول أبيهم آدم ستون ذراعا م ـ ٣٠٥/١٠ والذين على إثرهم كأشد كوكب أضاءت م ـ ٣٠٥/١٠ ، ح ـ ٢٧٤/٥]• [والذين على آثارهم كأحســن كوكب دري في السماء إضاءة ، قلوبهم على قلب رجل واحد ، لا تباغض بينهم ولا تحاسد ، لكل امرىء منهم زوجتان من الحور العين ، يرى مخ سوقهن من وراء العظم واللحم ح ـ ٢٧٤/٥] قلوبهــم على قلب واحــد يسبحون الله بكرة وعشيا ح ـ ٢٧٢/٥ ، ٢٧٤ ، م ـ ٣٠٦/١٠ ، ت• فيه روايات كتبت واحدة ، ونقلت زيادات الباقي ، وهذا القدر يكفي •

تەرجەمە :

له ئەبوهورەیرەو جابیر گەلێ حەدیث دەرحەقی ئـەهـلی بەهەشـت ریوایەت کراوە ، مەئالی هەموویان ئەمەیە کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەوەڵ زومرەیێ کە داخڵ بە بەهەشت ئەبن صوورەتیان وەکوو صوورەتی مانگ وایە لە شەوی بەدرا ، نەخۆش ناکـەون ، تف ناکەن ، چڵم ناسڕن ، پیسایی ناکەن ، بەول ناکەن • ئەصـــحابی کیـرام پرسییان ئەی خواردنەکەیان چی لێ یێ ؟ فەرمووی : قرقێنەیەو عەرەقێکە

وەك عەرەقی میسك • تەسبیحو حەمدیان ئیلهام ئەكرێ وەكوو چۆن ئێوە هەناسەتان بۆ ئیلهام ئەكرێ • زەرفیان لە بەهەشتا ئاڵتوونە ، شـانەیـان ئاڵتوونەو زیوە ، بخوردانیان عوودی هیندیی تیا ئـەسووتێ عـەرەقـیان میسكە ، هەر یەكە لە حووری عین دوو ژنی هەیە ، مۆخی قاچیان لە بەر جوانیی لەودیو ئێسكو گۆشتەوە ئەبینرێ ، ئەخلاقیان ، دڵیان لەسـەر خولقو دڵی پیاوێكە ، لە بەینیانا ئیختیلاف نیە ، بوغض نیە ، حەسەد نیە، ئێوارێو سبەینێ تەسبیحی خوا ئەكەن ، بالآیان بالآی حەزرەتی ئادەمـە شەصت ذیراعە • ئەوانەی لە دوای ئەوانەوە ئەچنە بەهەشت وەكوو كـام ئەستێرە نوورو رووناكیی لە هەموو ئەستێرەكان زیاترە وانە •

٦٨٦/٨٧ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنـــه ـ قال : أهـدي للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ جبة سندس [أتي بثوب من حرير مصري] وكان ينهى عن الحرير فعَجِب الناس منها [من حسنه ولينه • أخرى] فقال [أتعجبون من هذا ؟ أخرى] والذي نفس محمد بيده لمناديل سـعد بن معاذ في الجنة أحسن من هذا ح ـ ٥/٢٧٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ جببەیێكی سـوندوسیان بـە دیاریی بۆ هێنا ، خۆیشی نەهی لە پۆشینی ئاوریشم ئەكـرد • خـەڵق تەعەجوبیان ئەكرد لە جوانیەكەی فەرمووی : ئێوە لەمە تەعەجوب ئەكەن ؟ قەسەم بەو ذاتەی كە نەفسی محمد لە دەستی قودرەتیایە دەسەسڕی سەعدی كوڕی مەعاذ لە بەهەشتا لەوە جوانترە •

٦٨٧/٨٨ ـ عن سهل بن سعد الساعدي قال : قـال رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : موضع سوط في الجنة خير من الـدنيـا وما فيها = ح ـ ٥/٢٧٢= •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بە قەد جێگـەی قەمچییێك لە جەنەتا چاكترە لە هەموو دنیاو ئەوەی لە دنیادا هەیە •

٦٨٨/٨٩ ـ عن عبدالله بن [مسعود] ـ رضي الله تعالى عنه ـ قـال : قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : الجنة أقرب إلى أحدكـم من شراك نعليه ، والنار مثل ذلك ح ـ ٩/٢٦٦ •

تەرجەمە :

عەبدوڵڵا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : جەنەت لـەو قایش‌و ئاوزونگەیە کـە کەوشتی پێ‌ئەبەستن لە ئێوە نزیکترە ، ئاگریش وایە •

٦٨٩/٩٠ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : كل أمتي يدخلون الجنة إلا من أبى ، قال : يا رسول الله ومن يأبى ؟ قال : من أطاعني دخل الجنة ، ومن عصـانـي فقـد أبـى ح ـ ١٠/٢٩٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەموو ئوممەتی من غەیری ئەوانەی کە ئیمتیناع ئەکەن ئەچنە بەهەشت • عەرزیان‌کـرد . (یا رسول الله) کێ لە چوونەبەهەشت ئیمتیناع ئەکا ؟ فەرمووی : ئەوانەی کە ئیطاعەی من ئەکەن ئەچنە بەهەشت ، ئەوانەی کە موخالەفەی من ئەکەن ئەوانە ئیمتیناع ئەکەن لە چوونەبەهەشت •

٦٩٠/٩١ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : اختصمت [تحاجّت • اخرى] الجنـة والنـار

إلى ربهما فقالت الجنة : يا رب ما لها لا يدخلها إلا ضعفاء الناس وسقطهم، وقالت النار : يعني أوثرت بالمتكبرين [والمتجبرين • أخرى] فقال الله تعالى للجنة : أنت رحمتي [أرحم بك من أشاء من عـبادي • ح - ٣٣٨/٧] وقال للنار : [إنما خ أخرى] أنت عذابي أصيب [أعذب • خ أخرى] بك من أشاء [من عبادي • خ أخرى] ولكل واحدة منكما ملؤها • قال : فأما الجنة فإن الله لا يظلمُ من خلقه أحدا ، وأنه ينشيء للنـار من يشاء فيلقون فيها ، فتقول : هل من مزيد ؟ ثلاثا حتى يضع فيها قدمه [رجله • أخرى] فتمتليء ويُرَدُّ بعضها إلى بعض ، وتقــول : قط ، قط ، قط م - ٣١٥/١٠ ، ح - ٤٠٦/١٠ = واللفظ لهذا = ح - ٣٣٨/٧ وفيه : وأما الجنة فإن الله ينشيء لها خلقا •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : جەنەتو جەهەننەم دەعوایان بردە حوزووری خوا - عز وجل - جەننەت عەرزی‌کرد : یارەبی بۆچی من هەر ئینسانی زەعیفو شەلو سەقەتو فەقیر [م مامە حەمەو مامە وسوو صۆفی ئەحمەدو فلانو فلانم] ئێتە ناوەوە ؟ جەهەننەم [لە مەقامی ئیفتیخارا]وتی : من تەرجیح دراوم بە موتەکەبیرو جەبیار [و فیرعـەون شەددادو زاڵمی بە قووەتو پادشای زاڵم] خوا تەبارەك وە تـەعالا بـــە بەهەشتی فەرموو : تۆ رەحمەتی منی بە واسیطەی تۆوە رەحمەت ئەکەم بەو بەندەمانە[1] کە ئیرادەم بێ رەحمیان پێ بکەم • بە جەهەننەمی فەرموو: تۆ عەذابی منی ئیرادەی عەذابی کێم بێ بە تۆ عەذابی ئەدەم ، هەردوکتان پڕ بە پڕ بەشتان هەیە • جەننەت خوا زوڵم لەکەس ناکا [هی ئەو یێنیو بیخاتە جەهەننەم] ئاگر ئەوەی خوا ئیرادەی بکا بۆی خەلق ئەکاو ئەخرێنە ناوی

(١) ئەگەر (بەندانەم) بێ راســترە •

ئاگر ئەڵێ : هـی تریش هـەیـه ؟ [یـەعنی پڕ نـەبـوومەوه] سـێ دەفعـه وا ئـەڵـێ تـا خـوا پێـی خـۆی ئـەیێتـه نـاوی ، [یەعنی ئەیخاته ژێر پێی تەکدیری ئەکا ئیتر داوا ئەکەی ؟ ئیتر داوا ئەکەی؟] ئەمجا پڕ ئەبێتەوەو ئەچێ بەسەر یەکاو [أعاذنا الله وملا حسينا وسـائر اودائي منها] ئەڵێ : بەسمه ، بەسمه ، بەسمه !

٩٢/٦٩١ ـ عن أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه قال : لا تزال جهنم يلقى فيها وتقول : هـل من مزيد ؟ حتى يضع رب العزة فيها قدمه فينزوي بعضها إلى بعض وتقول: قط قط ، بعزتك وكرمك ، ولا يزال في الجنة فضل حتى ينشـيء الله لـها خلقا فيسكنهم فضل الجنة م ـ ١٠/٣١٨ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : جەهەنـەم هـەر خەلقی تێئەخرێو ئەڵێ زیاتر هەیه ؟ تا (رب العزة)پێی خۆی ئەیێته ناوی، ئەمجا بەعزێکی بەسەر بەعزێکیا ئەچێو ئەڵێ : به عیززەتو کەرەمی تـۆ بەسمه ، بەسمه . بەهەشتیش هەر جێێکی به چۆڵیی ئەمێنێتەوە تـا خوا مەخلووقێکی بۆ خەلق ئەکا لەو جێیەدا ئیسکانیان ئەکا .

٩٣/٦٩٢ ـ عن أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يؤتى بأنعم أهل الدنيا من أهـل النار يوم القيامة ، فيصبغ بالنار صبغة ، ثم يقال : يا ابن آدم هل رأيت خيرا قط ؟ هل مرّ بك نعيم قط ؟ فيقول : لا والله يا رب ! ويؤتى بأشد الناس بؤسا في الدنيا من أهل الجنة ، فيصبغ صبغة في الجنة ، فيقال : يا ابن آدم هل رأيت بؤسا قط ؟ هل مرّ بك شدة قط ؟ فيقول : لا والله يارب ما مرّ بي بؤس قط ! ولا رأيت شدة قط ! م ـ ١٠/٢٨١ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : لە رۆژی قیامەتا لە ئەهلی جەهەننەم ئەوی لە دنیادا لە هەموو خەڵق نیعمەتو روفاهی زیاتر بووبێ ئەهێنرێ ، دەفعەیێ لە ئاگری جەهەننەم هەڵئەکێشرێ لە دواییا لێی ئەپرسرێ : ئەی بەنیئادەم لە دنیا تۆ هیچ خەیرو نیعمەتو خۆشیت دیوە ؟ بە خۆشیی هیچ وەقتت لێ رابوردوە ؟ ئەڵێ : خەیر وەڵلا یا رەببی •

لە ئەهلی بەهەشت کامی لە دنیادا لە هەموو کەس فەقیرو موحتاجو تەنگدەستو زەلیلتر بووبێ ئەیهێنن ، دەفعەیێ لە بەهەشتی هەڵەکێشن . لە دواییا لێی ئەپرسن : ئەی بەنیئـادەم هیـچ فەقیریـــت دیـوە ؟ هیـچ تەنگدەستیت بەسەرا رابوردوە ؟ ئەڵێ : خەیر وەڵلا یا رەببی هیچ فەقیریم بەسەرا رانەبوردوە ! هیچ شیددەتم نەدیوە !

٦٩٣/٩٤ ـ وعنه قال : قـال رســـول الله ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ : إن الله لا یظلم مؤمنا حسنة یعطي بها في الدنیا ویجزي بها في الآخرة • وأما الکافر فیطعم بحسنات ما عمل بها لله في الدنیا ، حتی إذا أفضی إلی الآخرة لم تکن له حسنة یجزی بها م ـ ٢٨٢/١٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : کە خـوا روڵمی هیچ حەسەناتێ لە موئمین ناکا ، بەو حەسەناتە لە دنیایا ئەیداتێ لە ئاخیرەتیشا موکافاتی ئەداتەوە • ئەمما کافر بەو حەسەناتەی کە لە دنیادا کردوویەتـی لە دنیادا بەوە طەعامو [شتی تری] ئەدرێتێ تا ئەچێ بۆ ئاخیرەت هیـــچ حەسەناتی نابێ کە موکافاتی بدرێتەوە •

٦٩٤/٩٥ ـ وقال عن رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : إن

الكافر إذا عمل حسنة أطعم بها طعمة من الدنيا ، وأما المؤمن فإن الله يدّخر له حسناته في الآخرة ويعقبه رزقا في الدنيا على طاعته م ـ ١٠/٢٨٢ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە کافر ئیشێکی چاکەی کرد بەوە خوا لە دنیادا طوعمەیێکی دنیایی ئەداتێ ، ئەمما موئمین خوای تەعالا حەسەناتەکەی لە ئاخیرەتا بۆ پاشەکەوت ئەکا لە دنیایشا لەسەر طاعەتی رزقێکی پێنێتە شوێن [یەعنی زۆر یا کەم] .

٩٦/٦٩٥ ـ عن أنس وعن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : حفت [حجبت• أخرى] الجنة بالمكاره [وحجبت• أخرى] وحفت النار بالشهوات م ـ ١٠/٢٩٧ ، ح ـ ٩/٢٦٦ بتقديم النار على الجنة ، وحجبت بدل حفت .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : جەنەت بە شتی ناخۆش ـ ناخۆش دەورەی گیراوە ، جەهەننەم بە شتی خۆش ـ خۆش پەرژین کراوە . یەعنی جەنەت بە زەحمەتی طاعەتو بە مەنعی نەفس لە شەهەوات دەستەکەوێ . جەهەننەم بە ئیتتیباعی ئارەزووی نەفسانیی پێوە ئەڕوا پێوە ئەڕوا ، لەذەت لەو نیعمەتە بێ بەقایانە ئەزانێو لە جەهەننەم نزیك ئەبێتەوە تا ئەکەوێتە ناوی .

٩٧/٦٩٦ ـ أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن في الجنة لشجرة يسير الراكب في ظلها مائة [سنة • آخرى] عام لا يقطعها ح ـ ٥/٢٧٤ [واقرأوا إن شئتم : (وظل ممدود)[1] آخرى عن أبي هريرة] [فبلغ ذلك كعبا فقال : صدق والذي

---

(١) الـواقعـــة / ٣٠ .

أنزل التوراة على موسى والفرقان على محمد ـصلى الله تعالى عليه وسلم ـ لو أن رجلا ركب حقة أو جذعة ثم دار بأصل تلك الشجرة ما بلغها حتى يسقط هرما ! إن الله غرسها بيده ونفخ فيها من روحه ، وإن أفنانها لمن وراء سور الجنة ، وما في الجنة نهر إلا وهو يخرج من أصل تلك الشجرة. وفي حديث ابن عباس موقوفا عند ابن أبي حاتم ، فيشتهي بعضهم ويذكر لهو الدنيا فيرسل الله ريحا من الجنة فتحرك تلك الشجرة بكل لهو في الدنيا . حديث غريب وإسناده جيد قوي قسطلاني ـ ٥/٢٧٤] .

تەرجەمە :

ئەنەسی بنی مالیك ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ریوایەت ئەكا كە فەرمووی : لە بەهەشتا درەختێ هەیە سوار سالێ لە ژێر سێبەریا ئەڕواو قەطعی ناكا . [لە حەدیثی ئەبوهورەیرە: ئارەزووت هەیە ئەم ئایەتی واقیعە بخوێنەرەوە كــە ئەفەرموێ : كــە ئەصحابی مەیمەنە لە ژێر سێبەرێكی زۆر درێژان . ئیبنوعەباس ئەفەرموێ: ئینسان لە بەهەشتا ئارەزووی لەهوو لەعبی دنیای هەبێ خوا ئەمر ئـەكـا بایێك بێت ئەو درەختە بە ئەنواعی لەهوی دنیا ئەلەرێنێتەوە .

=ئەم قسە گەیی بە كەعب ، سوێندی خواردو وتی : قەســەم بــەو كەسەی تەوراتی بۆ مووساو قورئانی بۆ محمد ـ عليهما الصلاة والسلام ـ ناردوە راستی كرد . ئەگەر پیاوێك سواری وشترێكی چوستو بەهێز ببێت بە دەوری بنی ئەو دارەدا بسوورێتەوە تا پیر ئەبێو پەكی ئەكەوێ دەورەكەی تەواو ناكات . خوا ئەو دارەی بە دەستی قودرەتی خۆی ناشتوەو لە لای خۆیەوە فووی پیا كردوە ، لقەكانی گەیشتوونەتە پشت دیواری بەهەشت. هەموو جۆگەكانی بەهەشت لە بنی ئەو دارەوە دەردەچن .

لە حەدیثێکی ئیبنـوعـەباسـا ـ کە ئیبنوئەبی حاتەم بە مەوقووفی دانـاوە ـ هاتوە : هەندێکیان یاریی‌و گاڵتـەی دنیـای بیرئەکەوێتـەوەو ئارەزووی ئەکا ، خوا بایەك لە بەهەشتەوە ئەنێرێ ئەوداره ئەجوڵێنێ بە جۆرێك هەموو ئاوازو یارییەکانی دنیای لێوە بێت =•

ئەگەر کەعب کەعبولئەحبار بێ قسەکەی لە ئیسرائیلیاتە ، ئـەگـەر کەعبی بنی مالیك بێ ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ حەدیثـەو مورسـەلی صەحابییە •

٦٩٧/٩٨ ـ عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن أهل الجنة يتراءيون أهل الغـرف من فوقهم كما يتراءيون الكوكب الدري الغابر في الأفق من المشـرق أو المغرب لتفاضل مابينهم • قالوا : يا رسول الله تلك منازل الأنبياء لا يبلغها غيرهم • قال : بلى والذي نفسي بيده رجال آمنوا بالله وصدقوا المرسلين ح ـ ٥/٢٧٥ ، ح ـ ١٠/٣٠١ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەهلی جەنـەت تەماشای ئەهلی کۆشك ئەکەن لە ژوور سەریانەوە وەکوو چۆن ئێـوە تەماشای ئەستێرەی بەشەوق ئەکەن کە لە مەشریق هەڵبێ‌و یا لە مەغریب ئاوا بێ [علفتها تبنا وماء باردا][(١)]عەرزیـانکـرد : (یا رسـول الله) ئەو کۆشـکانە مەنازیلی ئەنبیایە غەیری ئەوان نایگەنێ ؟ فەرمووی : بـەڵێ قەسەم بەو ذاتەی کە نەفسی من لە دەستی قودرەتیایە ئەو پیاوانەی کـە ئیمانیان هێناوە بە خواو تەصدیقی پێغەمەرانیان کردوە ئەیگەنێ •

(١) ئەمە ئیشارەیە بۆ قاعیدەیەکی نەحویی‌کە لە باسی عەطف‌و (مفعول معە)دا باس دەکرێت‌و ، قسەکەی ئەم زیاتر لەگەڵ عەرەبی‌یەکەدا دەگونجێت .

٦٩٨/٩٩ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول‌الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن في الجنة لسوقا يأتونها كل جمعة، فتهب ريح الشَّمال فتحثو في وجوههم وثيابهم فيزدادون حسنا وجمالا ، فيرجعون إلى أهليهم وقد ازدادوا حسنا وجمالا ، فيقول لهم أهلوهــم : والله لقد ازددتم بعدنا حسنا وجمالا . فيقولون : وانتم والله لقد ازددتم بعدنا حسنا وجـمالا م ـ ١٠/٣٠٢ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لە بەهەشتا بازاڕێ هەیە [یەعنی جێ‌سەیران کە خەڵقی لێ کۆئەبێتەوە] هەموو ڕۆژی جومعەیێ ئەیچنێ بادێکی شەماڵ هەڵەکا ئەدا لە دەموچاوو جلیان جوانییانی پێ زیاد ئەکا . ماڵو مناڵیان پێیان ئەڵێن : وەڵڵاهی لە دوای ئێمە جوانیتان زۆری زیاد کردوە ، ئەوانیش پێیان‌ئەڵێن : وەڵڵاهی ئێوەیش حوسن‌و جەماڵتـان زیادی کردوە . [شمال ، شأمل ، شَأملة ، شَمَل ، شَمـُول : بایێکە لە پشت قیبلەوە یێ] .

٦٩٩/١٠٠ ـ عن أيوب [السختياني] عن محمد [ابن سيرين] قال : إما تفاخروا ، وإما تذاكروا : الرجال في الجنة أكثر أم النساء ؟ فقـــال أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] : أو لم يقل أبو القاسم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إن أول زمرة تدخل الجنة على صورة القمر ليلـة البـدر ، والتي تليها على أضوأ كوكب دريٍّ في السماء لكل امرىء منهم زوجتان اثنتان يرى مُخّ سوقهما من وراء اللحم وما في الجنة أعزب ؟ م‍ـ١٠/٣٠٣ وفي أخرى : اختصم الرجال والنساء أيهم في الجنـــة أكثر ، فســـألـوا أبـا هريرة ... إلخ .

تەرجەمە :

ئیبنوسیرین ـ رحمه الله ـ ئەڵێ : پیاوانو ژنان یا تەفاخوریان کرد ،

یا مۆذاکەرەیان کرد کە لە بەهەشتا ژن زیاترە یا پیاو ؟ بەعزێکیان وتی : ژن زیاترە ، بەعزێکیان وتی : پیاو زیاترە • ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالیٰ عنه ـ فەرمووی : بۆ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەیفەرموە : ئەووەڵ زومرەیێ کە ئەچێتە بەهەشتەوە لە سەر صوورەتی مانگە لە شەوی بەدرا ، ئەوی لە دوای ئەوان ئەچێتە بەهەشت وەکوو ئەستێرەیێکە کە لە هەموو ئەستێرەکانی تر بە شەوق‌و شوعلەتر بێ لە ئاسمانا ، هەر پیاوێ دوو ژنی هەیە مۆخی لە قاچیا لەودیو گۆشتەوە ئەبینرێ ، لە بەهەشـــتا هیچ ئینسانی رەبەن نیە ؟ [یەعنی لە بەهەشتا هەرکەس دوو ژنی هەیە لە بەنـی ئادەم غەیری ئەو حۆریانەی کە خوا پێیان‌عەطا ئەکا • کە وابێ ژن لە پیاو زیاترە• لەگەڵێ حەدیثیشا ئەفەرموێ : کە زۆرترینی ئەهلی جەهەننەم ژنە• لەم حەدیثانە مەعلووم ئەبێ کە لە بەنی ئادەما ژن گەلێ لە پیاو زیـاترە • هەم وایش دەرەکەوێ کە ئەو کوڕو کچانەی کـــە لـــە پێش ژن‌هێنان‌و شووکردنا ئەمرن ئەوانیش ژن ئێنن‌و شوو ئەکەن ؛ چونکی لە بەهەشـتا پیاوی بێ ژن‌و ژنی بێ مێرد نیە] •

١٠١/٧٠٠ ـ عن أسامة [رضي الله تعالى عنه] عن النبـي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : قمت [في الإسراء ، أو سأقوم يوم القيامة] على باب الجنة ، فكان عامة من دخلها المســـاكين [الفقــراء • أخرى • خ] وأصحاب الجد محبوسون ؛ غير أن أصحاب النار قد أمر بهم إلى النار • وقمت على باب النار فإذا عامة من دخلها النساء خ ـ ٣٠٣/٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لە بـەردەرگـای بەهەشتا راوەستام زۆرترینی ئەوانەی کە چووبوونە ناوێەوە میسـکین‌و فەقیر بوون ، دەوڵەمەند بۆ حساب مەنع‌کران لە چوونەبەهەشت =ئەهلی=

جەهەننەمیش ئەمر کرابوو برابوونە جەهەننەمەوە ، لە بەردەرگای جەهەننەم راوەستام ، زۆرترینی ئەوانەی کە چووبوونە ناویەوە •• ژن بوون •

ئەمە شتێکی ظاهیرو ئاشکارایە ؛ چونکە لە دنیادا فەقیر چەند هەزار ئەوەندەی دەوڵەمەندن ، ئەوان کەمتر دەستیان ئەڕوا بۆ گوناهکردن ، دەوڵەمەندە بێ گوناهەکان یا گوناەکەمەکانیش لەو وەختەدا حەبس کراون بۆ حسابی نیعمەت • ئەو دەوڵەمەندانەی کە حەقی نیعمەتیان بە تەواوەتـی بەجێهێناوەو لە پێشا چوونە بەهەشت گەلێ کەمترن لەو فەقیرانەی کـە صەبریان کردوە لەسەر فەقیریی‌و رازیی بوون پێی • ئەهلی کوفریش ، پیاوو ژنیان ، هەموو چوونە جەهەننەمەوە ژنیان لە پیاویان زیاترە ، لـــە موسوڵمانیش ئەوی کە لە پردی صــیراط تێپەڕ نەبووبێ‌و کـــەوتبێتـــە جەهەننەمەوە ؛ چونکی ژن لە پیـاو زیـاترە ، ژن زیـاتر کـەوتـوّتـــە جەهەننەمەوە • کە وابێ لە جەهەننەما ژن لە پیاو زیاترە •

هیچ کەس ، هیچ پێغەمەر لە پێش پێغەمەری ئێمەدا ـ علیه وعلیهم الصلاة والسلام ـ ناچێتە بەهەشت ، تەشریف وەستانی پێغەمەر ـ صـلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە بەردەرگای بەهەشت‌و جەهەننەما دوای ئـەمـە بوە کە فوقەرای موسلیمین چوونە بەهەشتەوە • مەعلوومە ئەوان لە دوای پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ چوونە بەهەشت • وا دەرەکـەوێ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تا یەکێ لە ئوممەتی لە جەهەننـەما بمێنێ ئەم‌بەرو ئەوبەر ئەکا لە بەینی جەهەننەم‌و بەهەشتا بۆ شەفاعەت بۆ ئوممەتی‌و دەرهێنانیان لە جەهەننەم • لە دنیاو لە ئاخیرەتا هەر مەشغووڵ بوەو ئەبێ بۆ سەعادەت‌و رەفاهی ئوممەتی • (جزاه الله عنا أحسن جــزاء وصلی الله تعالی علیه وسلم أولا وآخراً) •

١٠٢/٧٠١ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى

الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من يدخل الجنة يَنْعَم لا يبأس ، لا تبلى ثيابه ولا يفنى شبابه م ـ ۳۰۷/۱۰ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەوی بچێتە بەهەشت بە دائیم موتەنەعیم ئەبێ ، قەت شیددەتو فەقرو ضەروورەتو نارەحەتیی ناکێشێ ، جلی کۆن نابێو نارزێ ، جەهێڵیی نابڕێتەوە •

۷۰۲/۱۰۳ ـ وعنه قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: سيحان ، وجيحان ، والفرات ، والنيل ، كل” من أنهار الجنة م ـ ۳۰۹/۱۰ •

تەرجەمە :

سەیحانو جەیحان غەیری سەیحوونو جەیحوونە کە لە خاکی رووسیەدان • سەیحان ئاوێکە نیو سەعات لە خوار فەککەوە کە تۆ سالی لێ بووم • ئەڕواتە خوارێ دوو سەعات لە خوار فەککەوە ئاوی ئاصمەجەی تێکەڵ ئەبێ ، رۆژەڕێیێ لە خوار فەککەوە ئاوی باغچەجکی تێکەڵ ئەبێ ، چەن سەعاتێ دوای ئەو ئاوی ئینەدەرەی تێکەڵ ئەبێ ، لەو ئاوانەم هەموو خواردۆتەوە ، لە دواییا ئاوێکی گەورە کە لە ئاوی فەککە زۆرترە لە خوار (بالچۆئاوشاغی)یەوە لە حودوودی فەککەدا تێکەڵی ئەبێو هەمووی ئەبێ =بە= ئاوێو بە ناوشاری ئەطەنەدا ئەڕوا بۆ طەرسووس ،ئەمجا تێکەڵ بە بەحر ئەبێ •

جەیحانیش ئاوێکی زۆر گەورەیە بە تەنیشت شاری جەیحانا ئەڕوا ، شەوێکیش لە جەیحانا بووم لەو ئاوەیشم خواردۆتەوە • لە ئاوی فوراتیش کە چوار ساعەت لە شەرقی مەلاطیەوە دوورە لەویشم خواردۆتەوە • لە دنیادا لە سێ نەهری بەهەشتم خواردۆتەوە خوا لە قیامەتیشا لە بەهەشتا خواردنەوەی ئەنهاری بەهەشتمان بە نصیب بکا لەگەڵ دۆستو ئەحباب•

ئامین ! دووسێ سەعاتیش لە (مسیس) بووم کە لە کەناری جەیحانە ئـەمما ئەم حەدیثەم نەدیبوو کە ئەو دەفعەیەیش لێی بخۆمەوە • تەماشای نەوەویی بکە ئەو جەلدەو ئەو صەحیفەیە •

=ئەبوهورەیرە= ـخوا لێی رازیی بێ ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـصلی الله تعالی علیە وسلم ـ فەرموویەتی : سەیحانو ، جەیحانو ، فوراتو ، نیل هەموویان لە جۆگەکانی بەهەشتن = •

١٠٤/٧٠٣ ـ وعنه عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قـــال : يدخل الجنة أقوام أفئدتهم مثل أفئدة الطير م ـ ١٠/٣١٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ فەرمووی : بەعزێ قـــەوم ئەچنە بەهەشتەوە دڵیان وەك دڵی طەیر وایە ، زەعیفە ، ترسنۆکە ، زۆر لە خوا ئەترسـن •

١٠٥/٧٠٤ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : قــــال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إذا صار أهل الجنة إلى الجنة وأهل النار إلى النار جيء بالموت حتى يجعل بين الجنة والنار ، ثم يذبـح ثم ينادي مناد : يا أهل الجنة لا موت ، يا أهل النار لا مـوت • فيزداد أهل الجنة فرحا إلى فرحهم ، ويزداد أهل النار حزنا إلى حزنهم ح-٩/٣٠٣، ٣٠٢ وفيه خلود • م ـ ١٠/٣٢٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ فەرمووی : کە ئەهلی جەنەت چوونە بەهەشتەوەو ئەهلی جەهەنەم چوونە ناو جەهەنەمەوە •• مـردن ئەهێنرێ تا بەینی بەهەشتو جەهەنەم لە دواییا سەرئەبڕرێ ، لـە دواییـا

بانگدەرێ بانگ ئەکا : ئەی ئەهلی بەهەشت هیچ مردن نیە ، ئەی ئەهلی جەهەننەم هیچ مردن نیە • ئەو وەختە بەهەشتیی لەگەڵ فەرەحو سورووری خۆیان فەرەحو سورووریان زیاد ئەکا • جەهەننەمیی لەگەڵ حوزنی خۆیان کە تیان حوزنیان زیاد ئەبێ •

١٠٦/٧٠٥ ـ عن أبي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن الله ـ عز وجل ـ يقول لأهل الجنة. يا أهل الجنة ! فيقولون : لبيك ربنا وسعديك والخير في يديك • فيقول: هل رضيتم ؟ فيقولون : وما لنا لا نرضى يارب وقد أعطيتنا ما لم تعط أحدا من خلقك ؟ فيقول : ألا أعطيكم أفضل من ذلك ؟ فيقولون : يا رب وأي شيء أفضل من ذلك ؟ فيقول : أحل عليكم رضواني فلا أسخط عليكم أبدا م - ١٠/٣٠٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە ئەهلی جەننەت ئەفەرموێ : ئەی ئەهلی جەننەت ! ئەڵێن (لبيك ربنا وسعديك) يا رەببی لە حوضوورتاین، خێرو شەڕ بە دەس تۆیە • ئەفەرموێ : رازیی بوون ؟ ئەڵێن : بۆ رازیی نابین ئەوەندەت پێ عەطا فەرمووین کە لە خەلقی تۆ بە کەس عەطا[1] نەکراوە ؟ ئەفەرموێ : لەوە چاکترتان بدەمێ ؟ ئەڵێن : یا رەببی چ شتێ لەوە چاترە ؟ ئەفەرموێ : رەزای خۆمتان بەسەرا ئەڕێژم دوای ئەوە قەت قەهرتان لێ ناگرم •

١٠٧/٧٠٦ ـ عن جابر [رضي الله تعالى عنه] قال : سمعت رسول الله

(١) ئەمە لە دەقەکەدا بە هەڵە (يعط) نووسرابوو ، کە کرایەوە بە (تعط) چاك وایە بگوترێ : کە بە هیچ کەس لە خەلقی خۆت نەبەخشیوە .

ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إن أهل الجنة يأكلون ، ويشربون، ولا يتفلون ، ولا يبولون ، ولا يتغوطون ، ولا يتمخطون . قالوا : فما بال الطعام ؟ قال : جشاء ورشح كرشح المسك ، يلهمون التسبيح والتحميد كما يلهمون النفس م ـ ٣٠٦/١٠ [رابورد (بأتم) عدد ٨٦/٦٨٥] .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەیفەرموو : ئەهلی جەنـەت ئەخۆن ، ئەخۆنەوە ، تف ناکەن ، بەول ناکەن ، ئیشی سەراو ناکەن ، چڵمیان نیەو ناسڕن . ئەصحابی کیرام پرسییان : (یا رسول الله)ئەی ئەو طەعامەی کە ئەیخۆن چی لێ یێ ؟ فەرمووی : ئەبێ بە قرقێنەو بە عەرەق وەك میسك. حەمدو تەسبیحیان ئیلهام ئەکرێتێ وەك چۆن نەفەسیان ئیلهام ئەکرێتێ کە نەفەس ئەدەن [لە باتی نەفەسدان حەمدو تەسبیح ئەکەن] .

مەذهەبی ئەهلی سوننەت : ئەنواعی لەذەت‌و نیعمەت‌و خواردنیان هەیە وەك ئەهلی دنیا فەقەط هەر بە ناو وەك لەذەتی ئەهلی دنیایە لـە قورئانـا ئەفەرمویٚ : (وأتوا به متشابها)(١) .

خواردن‌و خواردنەوە بە بێ ئیشی سەراو لە دنیادا نەظیری لە پێش چاومانە ؛ درەخت ، نەباتات گڵ ئەخۆن ،ئاوەخۆنەوە ، بـەر ئـەگرن ، گەڵایان لێ هەڵەوەرێ ، بەعزێکیان عەرەقی وەك عەرەقی دۆشاو ، وەك بنێشت ، صەمغ.. لێ یێتە دەرێ . ذاتی ئەقدەس ـ جل وعلا ـ کە موفتەدیر بێ بەسەر ئەمەدا چۆن موقتەدیر نابێ بەسەر ئەوەدا کە خواردنی ئینسان بکا بە میسك ؟ چۆن لە دنیادا بەعزێ لە خواردنی ژن‌و حەیوانی مێ ئەکا بە شیر ، بەعزێ لە خواردنی هەنگ ئـەکـا بـە هەنگوین (إن الله على ما يشـاء قـديـر) .

(١) البقـــرة / ٢٥ .

تۆوی درەخت‌و نەبات‌و گڵ ئەکەوێتە سەر ئەرز لە طەرەفی خوارەوە رەگ بە ئەرزا ئەچێتە خوارەوە ، پیا بڵاوئەبێتەوە وەکوو دەمی حەیوان‌و ئینسان گڵ‌و ئاوی پێ‌ئەمژێ ، لە سەرەوە گەڵاو لــقی زەعیف دەرەکا ، حەیوانات ئەیخۆن ، ئینسان ئەیخوا ، ئەیجوون ، لە مەعدەدا حەل ئەبێ ، ئەوی فەضلەو تڵپەی بێ بە جێی خوصووصیی خۆیا ئەڕواو دەفع ئەبێ ، ئەوی لازم بێ لە مەعدەوە تەقسیم ئەکرێ ، بەعزێ ئەبێ بە بوخارو ماددەی رۆح ، بەعزێکی ئەبێ بە خوێن ، خوێنەکە ئەبێ بە گۆشت ، بە سەر هەموو ئەعزادا ، هەر ئەعزا بە پێی خۆی چـــەندی بۆ لازم =بێ= ئەیدرێتێ ، هەمووی لە ئەعزایێکا کۆنابێتەوە ؛بۆ سەر ،بۆ چاو ، بۆ دەم ، بۆ لووت، بۆ گوێ ، بۆ لێو ، بۆدەست ، بۆ پێ... وەلحاصڵ بۆ هەر ئەعزایێ لـە ئەعزای حەیـوان بە قەد پێویستی خۆی نە زیاتر نە کەمتر چی لازم بێ ئەیدرێتێ ئەبێ بە گۆشت ، بە ئێسقان ، بە موو ، بەو نەوعە ئەو حەیوانە وردەوردە گەورە ئەبێ تا ئەگاتە حەددی کەماڵ ، ئەو وەختە بۆ بەقـای نەوعەکە (خلاصة الخلاصه)ی ئەکا بە نوطفە بە مەجرای خوصووصیی خۆیا ئەخرێتە جێ‌قەراری خۆی فەردێکی تری لێ خەلق ئەکا . (ألم نخلقكـم من ماء مهين ؟) : ئایا من ئێوەم لە ئاوێکی زەعیفی بێزلێـــکراو خـەلـق نەکردوە ؟ (فجعلناه في قرار مكين) :لە قەرارگاهێکی مەحکەما کە رەحمی مادەرە[1] دامان نا (إلى قدر معلوم) : تا موددەیێکی مەعلووم کە موددەی وەلادەتیە (فقدرنا فنعم القادرون): ئێمە قادر بووین بەســـەر ئەوەدا چ قادرێ ؟ صاحیب قودرەتی باشین . یاخۆ تەقدیرمان کرد میقداری رزق‌و بەقاو نەخۆشی‌و ساغیی‌و کردەوەیمان تەقدیر کرد ، ئێمە چ تەقدیرکوندەیێکی باشین ؟ یەعنی لە تەقدیرو قودرەتا بێ نەظیرین .

---

[1] واتــە : دایـك .

١٠٨/٧٠٧ ـ أبو بكر بن أبي شيبة وأبو كريب تقاربا فـي اللفظ ، قالا : حدثنا أبو معاوية عن الأعمش ، عن أبي صالح ، عن أبي ســعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] قال : قال النبي ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ : يجاء بالموت يوم القيامة كـأنـه كبش أملـح ، زاد أبو كريب : فيوقف بين الجنة والنار • واتفقا في باقي الحديث • فيقال : يا أهل الجنة هل تعرفون هذا ؟ فيشرئبّون وينظرون ويقولون : نعم هذا الموت• قال. ثم يقال : يا أهل النار هل تعرفون هذا ؟ فيشرئبّوو وينظرون ويقولون : نعم هذا الموت • قال : فيؤمر به فيذبح • قال :ثم يقال : يا أهل الجنـة خلود فلا موت ، ويا أهل النار خلود فلا موت • قال : ثم قرأ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ (وأنذرهم يوم الحسرة إذ قضي الأمر وهم في غفلة وهم لا يؤمنون)[1] وأشـار بيده إلى الدنيـا م ـ ١٠/٣١٩ ، ح ـ ٧/٢٢٣ وفيه : وهؤلاء في غفـلة [أي] أهـل الـدنيـا ، وهـم لا يؤمنون • ت ، ن • وفيه أيضا فينادي مناد في الموضعين •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ڕۆژی قیـامـەت مردن یێنرێ (كأنه) بەرانێكی جوان ڕەش‌و سپیی ، ڕەشییەكەی كەمترە لە سپییەكەی ،لە بەینی بەهەشت‌و جەهەننەما ڕائـەگیرێ ، لـە دواییـا مونادییێ[2] بانگ ئەكا : ئەی ئەهلی جەننەت ئەمە ئەناسن ؟ سـەری بـۆ بەرز ئەكەنەوەو ملی بۆ درێژئەكەن ، تەماشای ئەكەن ئەڵێن : بەڵێ ئەوە مردنە • فەرمووی : لە دوایيا ئەڵێن : ئەی ئەهلی نار ئێوە ئەمـە ئەناسن ؟ فەرمووی : سەری بۆ بەرز ئەكەنەوەو ملی بۆ درێژ ئەكەن تەماشای ئەكەن ئەڵێن : بەڵێ ئەمە مردنە • فەرمووی : ئەمر ئەكرێ سەرەبڕێ • فەرمووی:

---

(١) مريـم / ٣٩ .

(٢) واتــە : بانگكەرێك .

له دواییا ئەڵێن : ئەی ئەهلی بەهەشت مانەوەیە بە ئەبەدیی لە بەهەشـتا ئیتر مردن نیە • فەرمووی : لە دوای ئەوە ئەڵێن : ئەی ئەهلی جەهەنـەم ئیتر بە ئەبەدیی لە جەهەنەما مانەوەیەو مردن نیە • ئەبوسەعید فەرمووی: لە دواییدا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەم ئایەتەی سوورەتـی مەریەمی خوێنەوە کە مەعنای وایە : ئەی محمد کوففار لە رۆژی حەسرەت بە ترسێ کە ئیش تەواو ئەبێ‌و هەرکەس ئەچێتە جێی خۆی =بترسێنە=• ئەوان ئەمڕۆ لە غەفڵەتان ئەوان باوەڕ بە حەشرو نەشر ناکەن پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە دەستی موبارەکی ئیشـــارەتی کـــردە ئـەلای ئەهلی دنیـا •

۱۰۹/۷۰۸ ـ مطرف عن عیاض بن حمار المجاشعي [رضي الله تعالی عنه] أن رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قال ذات یوم في خطبته: ألا إن ربي أمرني أن أعلمكم ماجهلتم مما علمني یومي هذا كل مال نحلته عبدا حلال وإني خلقت عبادي حنفاء كلهم ، وإنهم أتتهم الشیاطین فاجتالتهم [استخفوا بهم فذهبوا بهم] عن دینهم ، وحرّمتْ علیهم ما أحللت لهم • وأمَرتْهم أن یشركوا بي مالم أنـزل بـه سلطانـا ، وإن الله نظر إلی أهل الأرض فمقتهم عربهم وعجمهم إلا بقایا من أهل الكتاب ، وقـــال : إنما بعثتك لأبتلیك وأبتلي بك • وأنزلت علیك كتابا لا یغسله الماء ، تقرأه نائما ویقظان ، وإن الله أمرني أن أحرق قریشا • فقلت : ربي إذاً یثلغوا رأسـي [یكسروا] فیدعوه خبزة [واحدة] قال : اســـتخرجهم كما اســتخرجوك ، واغزهم نغزك [نعینك] وأنفق فسننفق علیك ، وابعث جیشا نبعث خمسـة مثله ، وقاتل بمن أطاعك من عصاك • قال : وأهل الجنة ثلاثة ذو سـلطان مقسط متصدق موفق ،ورجل رحیم رقیق القلب لكل ذي قربی ومسلم ، وعفیف متعفف ذو عیـــال •

وأهل النار خمسة : الضعيف الذي لا زبر له [لا عقل لـه يَزْبِره - نصر ، وضرب ـ يمنعه من المعاصي] الذين هم فيكم تبعا لا يبتغون أهلا ولا مالا • والخائن الذي لا يخفى له طمع وإن دق إلا خانه [خفيت الشيء إذا أظهرته، وأخفيته إذا سترته] ورجل لا يصبح ولا يمسي إلا وهو يخادعك عن أهلك ومالك ، وذكر البخل أو الكذب والشنظير الفحاش م-١٠/ ٣٣٢ وفي أخرى زيادة : وإن الله أوحى إلي أن تواضعوا حتى لا يفخر أحد على أحد ولا يبغي أحد على أحد [قال قتادة :] فقلت : فيكون ذلك ياأباعبدالله؟ [كنية مطرف] قال : نعم والله لقد أدركتهم في الجاهلية [أواخر أمرهم] وإن الرجل ليرعى على الحي ما به إلا وليدتهم يطؤها م ـ ١٠/ ٣٣٦ •

تەرجەمە :

موطریف لە عەیاضی بنی حیماری مەجاشیعیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ریوایەت ئەکا کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رۆژێ لە خوطبەدا فەرمووی : خەبەرتان بێ کە رەببی من ئەمری پێ فـەرمووم کە لـەوەی ئیمڕۆ تەعلیمی کردووم تەعلیمی ئێوەی بکەم • هەر ماڵێ کە عەطام‌کردوە بە عەبدێ حەڵاڵە ، من هەموو عەبدی خۆم بە راست خەلق‌کردوە لەسـەر رێی راست کە هیچ مەیلی بە هیچ لایێکا نەبێ • شەیاطینیی چوونەلایان لە دینیانی وەرگێڕان ، ئەوەی بۆم حەڵاڵ کردوون لێی حەرام کردن، ئەمری پێ‌کردن کە بکەن بە شەریکی من ئەوەی کە من هیچ دەلیلێکم لە شەریکیی ئەو نەناردوە • خوا تەماشای ئەهلی ئەرزی کرد ، غەیری بەعزێ لە ئەهلی تەورات‌و ئینجیل نەبێ کە ماونەوە ، بە عەرەبییەوەو بە عەجەمیەوە هەمووی بوغزانن • خوا ـعز شأنه ـ فەرمووی : من تۆم هـەر بۆیە ناردوە کـە موبتەلات بکەم خەڵقیش بە تۆ موبتەلا بکەم ، کتێبێکم نازڵ‌کردۆتە سەرت ئاو نای‌شواتەوە ، لە خەواو لە بێداریدا ئەیخوێنی • خوا ـعز وجل ـ ئەمری پێ‌کردم کە قورەیش بسووتێنم • عەرزم‌کرد : یا رەببی ئەو وەختە

سەرم وەك نان پان ئەکەنەوە • فەرمووی : وەك چۆن ئەوان تۆیان [لـــە مەککە]کردە دەریّ تۆیش بیانکەرە دەریّ ، غەزایان بـکە موعاوەنەتت ئەکەین [ماڵ بەسەر خەڵقا] نەفەقە بکە نەفەقەت بەسەرا ئەکەین، لەشکریّ بنێرە پێنج لەشکری وەکـوو ئـەو لەشکرەت بۆ ئەنێرم ، بەوانـەی کـە ئیطاعەت ئەکەن حەرب لەگەڵ ئەوانـەی کـە موخالەفەت ئەکەن بکـە • فەرمووی : ئەهلی جەننەت سیانە :

١ ـ صاحیب سەلطەنەتێکی عادل بەخشش کوندەی موەففەق •

٢ ـ پیاوێکی بە مەرحەمەت دڵتەنك بۆ کـوللی خـــزمی خـۆیو موسوڵمانان •

٣ ـ ئینسانی بە عیففەتو صاحیب عەیال •

فەرمووی : ئەهلی جەهەننەم پێنجە :

١ ـ زەعیفی بێ عەقڵ کە خۆی لە گوناه ناپارێزێ ، ئەوانەن کە لە ناو ئێوەدان ، شوێن ئێوە ئەکەون ،خۆیان تابیعی ئێوە ئەبن ، طەڵەبی ماڵو منـاڵ ناکەن •

٢ ـ ئەو خائینەیە کە تەماعێکی بۆ دەرکەوت با زۆر کەمیش بێ ، خیانەتی تیا ئەکـا •

٣ ـ پیاوێ کە سبەینێی بەسەرا نایێو ئێوارێی بەسەرا نایێ کـــە تەفرەت نەدا لە خوصووصی ماڵو مناڵتەوە •

٤ ـ ذیکری بەخیلییو درۆیشی کرد •

٥ ـ ئەوەیە کە فەحشیاتی زۆر ئەکاو بەدخولقە • لە ریوایەتەکـەی تـرا ئەوەی لێ زیاد کردوە : کە خوا ـ عز وجل ـوەحی بۆ ناردم کـە تەواضوع بکەن ، کەس فەخر بەسەر هیچ کەســـا نەکا ، هیچ کەســـێ تەجاوزی عەرضو ماڵی هیچ کەس نەکا •

قەتادە لە حەدیثەکەیا ئەڵێ : لە موطریفم پرسیی : وتم : (یا أباعبدالله) بۆ ئەوە ئەبێ ؟ [یەعنی خەڵق ئەهلو عەیالی نەبێو بەســـەر ماڵو منـالی خەڵقەوە بگەڕێ]موطریف وتی : بەڵێ وەڵلاهی من خۆم لە بەقایای ئاثاری جاهیلییەتا تووشیان بووم کە پیاو ئەبێ بە گەورەی قەومێ هیچی نیە ئیللا کچی منالی قەومەکە نەبێ وەطئی ئەکا ، یەعنی ژن نایێنێ هـەر بە زینـا وەقت رائەبوێرێ •

۷۰۹/۱۱۰ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : مابين منكبي الكافر ثلاثة أيام للراكب المسرع ح ـ ۳۰۵/۹ ، م ـ ۳۳۱/۱۰ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بەینی هەردوو شانی کافر ڕێی سێ ڕۆژە بۆ سوارێکی خێرا •

۷۱۰/۱۱۱ ـ وعنه قال قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: ضرس الكافر ، أو ناب الكافر ، مثل أحد ، وغلظ جلده مســـيرة ثلاث م ـ ۳۲۱/۱۰ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلي الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خرێی کافـر ، یا فەرمووی کەڵبەی کافر ، بە قەد ئوحودە ، ئەستووریی پێستی ڕێی سێیە [ڕۆژە ؟ ساعەتە ؟ بەیان نەکراوە] •

۷۱۱/۱۱۲ ـ عن خالد بن عمير العدوي ، قال : خطبنا عتبة [رضي الله تعالى عنه] بن غزوان ، فحمد الله وأثنى عليه ، ثم قال : أما بعد فإن الدنيا قد آذنت بِصُرم [انقطاع] وولّت حذّاءً [مسرعة] ولم يبق منها إلا صبابة [بقية يسيرة تبقى في الاناء بعدالشرب] كصُبابة الإناء يتصابّها صاحبها،وإنكم

منتقلون منها إلى دار لا زوال لها فانتقلوا بخير مابحضرتكم ، فإنه قد ذكر لنا أن الحجر يلقى من شفة جهنم فيهوى فيها [هَوِيَ يَهوى : عشق ٠ هَوَى يهوي : سقط] سبعين عاما لا يدرك لها قعرا والله لتملأنّ أفعجبتم؟ ولقد ذكر لنا أن مابين مصراعين من مصاريع الجنة مسيرة أربعين سنةً ٠ وليأتين عليها يوم وهو كظيظ من الزّحام [ممتلىء] ولقد رأيتني سـابـع سبعة مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ما لنا طعام إلا ورق الشجر حتى قَرِحَت [بابه فتح] أشداقنا فالتقطت بردة فشققتها بيني وبين سعد بن مالك [أبي وقاص] فاتزرت بنصفها واتزر سعد بنصفها ٠ فما أصبح اليـوم منا أحد إلا أصبح أميرا على مصر من الأمصار ، وإني أعوذ بالله أن أكون في نفسي عظيما وعند الله صغيرا ، وإنها لم تكن نبوة قط إلا تناسخت حتى تكون آخر عاقبتها ملكا ، فستخبرون وتجرّبـون الأمـراء بعـدنـا م ـ ٤٢٢/١٠ ٠

تەرجەمە :

خالیدی کوڕی عومەیری عەدەویی ئەڵێ : عوتبەی کوڕی غـەزوان ـ رضي الله تعالى عنه ـ خوطبەی بۆ خوێندین حەمدو ثەنای =خـوای= کردو دوای حەمدو ثەنا فەرمووی : بە تەحقیق دنیا خەبەری داوە لە بڕانەوەی، پشتی هەڵکردوە خێرا ـ خێرا ئەڕوا ،لە دنیا ئەوەندەی قەترەیێ ئاو نەبێ کە لە بنی پیاڵەدا ئەمێنێتەوە دوای خواردنـەوەی ئاو ، صاحیبـەکـەی هەڵیئەچۆڕێنێتە ناو دەمی ٠٠ ماویەتی ، هیچی تری نەماوە ٠ بە تەحقیق ئێوە نەقڵ ئەکەنە خانوویێکەوە کە نیهایەتی نیەو ناڕێتەوە ، کە وابێ لەگەڵ چاکترینـی ئەوەی کە حازرە لاتان بگوێزنەوە بۆ ئەوەدنیا ٠ بە تەحقیق ئێمە خەبەرمان دراوەتێ کە بەردێ لـە لێواری جەهەننەمەوە فڕێئەدرێتە خاوێ ئەڕواتە خوارێ هەفتاساڵ ئاگا تا بنی جەهەننەم ، وەڵلاهی ئەوە پڕ ئەکرێ ئایا عەجایەبتان لێ ئەیێ ؟ بە تەحقیق بۆ ئێمە ذیکر کراوە کـە

مابەینی دوو لاشیپانی دەرگای بەهەشت ڕێگەی چل ساڵ ڕێگەیە (البتة والبتة) ڕۆژێکی بەسەرا یێ کە پڕ ئەبێ لە خەڵق • [یەعنی جێی بێ صاحیب نامێنێ ، گینا ئەدنای بەهەشتیی بە قەد دە ئەوەندەی دنیای بدرێتێ چۆن و بە چی پڕ ئەبێتەوە ؟ ئەمما جەهەننەم چونکی جێی عەذابە وەك لیژنەداریش لەسەر یەك هەڵبچنرێت ئەبێ] من خۆم دی حەوتەمینی حەوت کەس بووم لە خدمەت پێغەمەرا - صلی الله تعالى عليه وسلم - غەیری گەڵای درەخت هیچ طەعامامان نەبوو کە بیخۆین، ئەوەندەمان گەڵادار خـــوارد هـەموو لالەغاوەمان بریندار بوو عەبایێکم دەستکەوت کردم بە دوو لەتەوە لـــە بەینی من و سەعدی بنی مالیکا [سەعدی بنی ئەبو وەقاصا] من نیوەییـــم کرد بە ئیزار [وەك پەشتەماڵ گرتم بە بەرخۆمەوە] سەعدیش نیوەی کرد بە ئیزار • ئیمڕۆ هیچ یەکێ لە ئێمە نیە کە نەبووبێ بە ئەمیری شـــارێ لە شاران ! پەنائەگرم بە خوا کە لە لای خۆم گەورە بم و لای خوا - عز وجل - بوچووك بم • هیچ پێغەمەرێتیێ نەبوە کە وردەوردە ئاثاری کەم نەبووبێتەوە لە عاقیبەتیا نەبووبێ بە پادشایێتیی ، لەمەولا ئومەرای دوای ئێمــە تەجرەبـە ئەکـــەن و خەبـەری ئەحواڵیاتـان پێ ئـەگـا [یـەعنی تابیعی ئەحکامی پێغەمەرێتی نابن و بە ئارەزووی خۆیان حەرەکەت ئەکەن]•

موحاسـەبـە :

٧١٢/١١٣ - عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قالـوا : يـا رسول الله هل نرى ربنا يوم القيامة ؟ قال : هل تضارون في رؤية الشمس في الظهيرة ليست في سحابة ؟ قالوا : لا • قال : فهل تضارون في رؤيـة القمر ليلة البدر ليس في سحابة ؟ قالوا : لا • قال : فوالذي نفسي بيده لا تضارون في رؤيـة ربـــكم إلا كما تضارون في رؤيـــة أحدهمـــا

[تا ئیره له روئیەتا مەعنای لێدراوەتەوە ، پێی ناوێ تیکراری کەمەوە][1]
قال : فيلقى العبد ، فيقول : أي فُلْ ألم أكرمك وأســوِّدك وأزوجــك وأسخِّر لك الخيل والإبل وأذرك ترأسُ وتربَعُ [وترتعُ] ؟ فيقول : بلى ◦ قال : فيقول : أفظننت أنك ملاقيَّ ؟ فيقول : لا ◦ فيقول : فإني انساك كما نسيتني ◦ ثم يلقى الثاني فيقول : أي فل ألم أكرمك وأسوِّدك وأزوجك وأسخّر لك الخيل والإبل وأذرك ترأس وتربع ؟ فيقول : بلى أي رب ◦ فيقول : أظننت أنك ملاقي ؟ قال : فيقول : لا ◦ فيقول : فإني أنساك كما نسيتني ◦ ثم يلقى الثالث فيقول له مثل ذلك ، فيقول : يارب آمنت بك ، وبكتابك ، وبرسلك ، وصليت ، وصمت ، وتصدقت ◦◦◦ ويثنــي بخير مااستطاع ◦ فيقول : ههنا إذا ◦ قال : ثم يقال له : الآن نبعث شاهدنا عليك ◦ ويتفكر في نفسه : من ذا الذي يشهد عليَّ ؟ فيختم على فيــه ◦ ويقال لفخذه ولحمه وعظامه : أنطقي ◦ فتنطق فخذه ولحمه وعظامه بعمله ، وذلك ليعذر من نفسه ◦ وذلك المنافق الذي يسخط الله عليه م-١٠/٤٢٢ ◦

تەرجەمە :

فەرمووی : خوا لەگەڵ عەبدا مولاقات ئەکا ئەفەرموێ : ئەی فـلان من تۆم ئیکرام نەکرد ، نەمکردی بە گەورە ؟ ژنم لێ مارەنەکردی ؟ ئەسپو ماینو وشترم بۆ موسەخخەر نەکردی؟ نەمکردی بە رەئیسی قەوم، بە رەئیسیی نەمهێشتیەوە ؟نەمکردی بە صاحیبی ئەرازییو موڵك ، تەنەعومت نەکرد بە نیعمەتی من ؟ فەرمووی : ئەڵێ بەڵێ ◦ فەرمووی : خوا ئـەفەرموێ : هیچ ظەننت برد کە ئەگەی بە من ؟ ئەڵێ : خەیر ◦ خوایش ـ جل وعلا ـ ئەفەرموێ : چۆن تۆ منت لە فکر چوەوە ـ یەعنی منت نەناسیو عیبادەتت نەکردم ـ منیش تۆ لە فکری خۆم ئەبەمەوە [یەعنی موبالاتت پێناکـەم

(١) مەبەستی حەدیثی (٣٧/٦٣٨)ی ئەم بەرگەیە ◦

رەحمت پێ ناکەم] لە دوایبا مولاقات لەگەڵ دوەمیێکش ئەکا بەم سوئالو جوابە • لە دوایبا سێیەمین یێنرێ ئەو سوئالانەی لێ ئەکا • عەبدەکە لە جوابا ئەلێ : یا رەببی باوەڕم کرد بە تۆ بەکتێبی تۆ بە پێغەمەرانی تـۆ نوێژم کرد ، رۆژووم گرت ، صەدەقەم دا تا تێبایە مەدحی خۆی ئەکا بـــە چاکە ، خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : کە وابێ لێرەبە هەر ئێستە شاهێدی خۆمت بەسەرا رائەبوێرم ، ئەویش لە دلی خۆیا ئەلێ : کێ بێ شاهێدیم لێبدا ؟ مۆر ئەنرێ بەسەر دەمیا ،بە رانیو گۆشتیو ئێسکی ئەمر ئەکرێ: ئێوە قسە بکەن • رانیو گۆشتو ئێسکی شاهیدیی ئەدەن لـەســـەر کردەوەی • بۆیە خوا ئەعزای خۆیی لەسەر بە شاهێد ئەگرێ تا هیچ قسەو عوزری نەمێنێ ، ئەو کەسە موافیقە ئەو کەسە ئەو کەسەیە کـــە خـوا ـ أعاذنا الله ـ قەهری لێ ئەگرێ •

٧١٣/١١٤ ـ عن أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] قال : كنا عند رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فضحك فقال : هل تـدرون ممم أضحك ؟ قال : قلنا : الله ورسوله أعلم • قال : من مخاطبة العبد ربه ـ عز وجل ـ يقول : يا رب ألم تجرني من الظلم ؟ قال : يقول : بلى • قال : فيقول : فإني لا أجيز على نفسي إلا شاهدا مني • قال : فيقول : كفـى بنفسك اليوم عليك شهيدا ، وبالكرام الكاتبين عليك شهودا • قـــال : فيختم على فيه ، فيقال لأركانه : أنطقي • قال : فتنطق بأعماله • قـال : ثم يُخلَّى بينه وبين الكلام • قال : فيقول : بعدا لكنّ وســحقا فعنكن كنت أناضل م ـ ٤٢٣/١٠ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغـەمـــەرا بووین ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێکەنی فەرمووی : ئەزانن لـەبـەر چی پێکەنیم ؟ فەرمووی : عەرزمانکرد : خواو رەسوولی چاکتر ئەزانن •

فەرمووی : =لە= گفتوگۆی عەبد لە خزمەت خوای خۆیا ـ عز وجل ـ عەبدەکە ئەڵێ : یا رەببی بۆ تۆ منت لە زوڵم پەنا نەداوە ؟ خوا ـعز وجل ـ ئەفەرموێ: بەڵێ پەنام داوی • فەرمووی : ئەڵێ : کە وابێ من لە غەیری ئەو شاهیدەی کە لە خۆم بێ شاهیدی تر قەبووڵ ناکەم • فەرمووی : خوا ئەفەرموێ : شاهێددانی خۆت لەسەر خۆت‌و شەهادەتی کیرامی کاتیبین لەسەر تۆ کافیە [یەعنی شاهێدی تری پێ ناوێ] فەرمووی : دەمی مۆری بەسەرا ئەنرێ ، ئەمر ئەکرێ بە ئەعزاکانی قسە بکەن ، فەرمووی : ئەعزاکانی هەموو کردەوەی ئەڵێن ، لە دواییا مانیع لە بەینی ئــەوو قســەکردنیــا هەڵئەگیرێ ، دەمی ئەکرێتەوە • فەرمووی : بە ئەعزاکانی ئەڵێ : دووربن لە من‌و بە هیلاك بچن ! خۆ من مودافەعەی ئێوەم ئەکرد [کەچی ئێوە شەهادەتم لێ ئــەدەن] ؟

١١٥/٧١٤ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رســول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ناركم جزء من سبعين جزء من نــار جهنم • قيل : يا رسول الله إن كانت لكافية ، قال : [فإنها] فضّلت عليهن بتسعة وستين جزء كلهن مثل حرها ح ـ ٢٧٨/٥ ، م ـ ٣١٢/١٠ ، جـ أحمد بلفظ مائة جزء • وفي ابن ماجه : إنها ، أي نار الدنيا لتدعو الله أن لا يعيدها فيها : [ئاگری دنیــا لــە خــوا ئــەپاڕێتەوە کــە نەیخاتەوە نــاو ئــاگــری جەهەننەمەوە !] •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەم ئاگری ئێوە لە دنیادا ئەیسووتێنن جوزئێکە لە حەفتا جــوزئــی ئــاگری جەهەننەم • ئەصحابی کیرام عەرزیان کرد : (یا رسول الله) کە ئاگری دنیا کافیە بــۆ عەذاب • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە ئاگــری

جەهەننەم بە شەصتو نۆ جوزء بەسەر ئاگری دنیـادا زیادکراوە • لــە ریوایەتی ئەحمەدا جوزئێکە لە صەد جوزئی •

١١٦/٧١٥ ـ عن أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] يرفعه : إن الله تعالى يقول لأهون أهل النار عذابا : لـو أن لك ما في الأرض من شيء كنت تفتديه ؟ قال : نعم • قال : سألتك ماهو أهون من هـذا وأنت فـي صلب آدم أن لا تشرك بي فأبيت إلا الشرك ح ـ ٣١٥/٥ ، م ـ ٢٧٩/١٠، بفرق ما وفي هذا المعنى كثير ، ولفظه عند مسلم : عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : يقول الله تبارك وتعالى لأهون أهل النار عذابا : لو كانت لك الدنيا وما فيها أكنت مفتديا بها ؟ فيقول : نعم • فيقول : قد أردت منك ماهو أهون من هذا وأنت في صلب آدم أن لا تشرك ، أحسبه قال : ولا أدخلك النار فأبيت إلا الشرك م ـ ٢٧٩/١٠ ، وفـي أخـرى : كذبت ، قد سئلت ماهو أيسر من ذلك • وفي أخرى : أرأيت لو كان لك ملء الأرض ذهبا ••• ؟

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ =فەرمووی:= بەوەی کــە عەذابی لە عەذابی هەموو جەهەننەمیی سووکترە ئەڵێن : ئەگەر (دنیا وما فیها)ت ببوایە ـپڕ بە ئەرز ئاڵتوونت ببوایە ـ ئەددا بە فیدیەی نەجاتا ؟ ئـەڵێ : بەڵێ • خوا ئەفەرموێ : [درۆ ئەکەی]لەمە ئەهوەنترم لێ ویستی ، لــە صولبی ئادەما بووی کە شەریکم بۆ نەگری [نەتخەمە ئاگرەوە] تـۆ لـە غەیری شەریکگرتن ئیباتکرد •

١١٧/٧١٦ ـ عن عبدالله [بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يؤتى بجهنم يومئذ لها سبعون ألف زمام ، مع كل زمام سبعون ألف ملك يجرونها م ـ ٣١٢/١٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ڕۆژی قیامـەت جەهەنەم یێنرێ حەفتاهەزار لەغاوی هەیە ، هەر لەغاوێکی حەفتا هەزار مەلائیکە رای ئەکێشن •

ئـــەم حـــەدیثە بە مەرفـوعیی‌و بە مەوقووفیی ریوایەت‌کـراوە ، دارەقوطنیی ئیعتیرازی لە مەرفووعێتیی گرتوە • نەوەویی ئەڵێ : رەفعی زیادەی پیاوی مەوثووقەو موعتەبەرە •

١١٨/٧١٧ ـ عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] عن النبـي ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : **لا تتركوا النار في بيوتـــكم حين تنامـون** م ـ ٨/٢٧٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لەو وەختەدا کە ئەنوون لە ناو مالا ئاگر مەیێلن •

١١٩/٧١٨ ـ عن أبي موسى [رضي الله تعالى عنه] قال : احترق بيت على أهله بالمدينة من الليل ، فلما حُدِّثَ رسول الله ـ صلى الله تعـــالى عليه وسلم ـ بشأنهم قال : **إن هذه النار إنما هي عدو لكـــم فـاذا نمتم فأطفؤها عنكم** م ـ ٨/٢٧٣ •

تەرجەمە :

ئەم دوو حەدیثە دەخلیان نیە بەسەر ئـەحـواڵی ئاخیرەتەوە لەبـــەر موناسەبەی ئاگری جەهەنەم لێرەما نووسین •

ئەبوموساى ئەشعەریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : لـــە مەدینەدا ماڵێ ئاگری تێبەربوو سووتا ، کە خەبەر درا بە پێغەمەر ـصلى

الله تعالی علیه وسلم ـ فهرمووی : ئهم ئاگره دوشمنی ئێوهیه ، که نوستن بیکووژێننهوه .

۷۱۹/۱۲۰ – عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : كنا مع رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – إذ سمع وجبة [أي سقطة] فقال النبـي – صلى الله تعالى عليه وسلم – : أتدرون ماهذا ؟ قال : قلنا الله ورسولـه أعلم . قال : هذا حجر رمي به في النار منذ سبعين خريفا فهو يهوي في النار الآن انتهى إلى قعرها م – ۳۱۳/۱۰ .

تهرجهمه :

ئهبوهورهیره – رضي الله تعالى عنه – فهرمووی : له خزمهت پێغهمهرا بووین – صلى الله تعالى عليه وسلم – له پڕ دهنگی شتێك کـــه بـکهوێ هاتهگوێمان . پێغهمهر –صلى الله تعالى عليه وسلم– فهرمووی : ئهزانن ئهمه چی بوو ؟ عهرزمانکرد : خواو پێغهمهری خوا ئهزانن . فهرمووی : ئهمه بهردێ بوو حهفتا پایزه خراوهته ناو ئاگرهوه ، به ناو ئاگرهکـهدا هـــهر ئهچێتهخوارێ ئێسته گهییه بنی .

۷۲۰/۱۲۱ – عن سمرة [رضي الله تعالى عنه] ان [سمع . اخـرى م] نبي الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – قال : منهم من تاخذه النار إلى كعبيه، ومنهم من تاخذه النار الى ركبتيه ، ومنهم من تاخذه النار الى [حقويه . اخرى.م] حُجْزته ، ومنهم من تاخذه النار الى [عنقـــه . اخـرى م] تُرقوته م – ۳۱٤/۱۰ .

تهرجهمه :

سهموره – رضي الله تعالى عنه – فهرمووی : که له پێغهمهرم بیست – صلى الله تعالى عليه وسلم – فهرمووی : بهعزێ له ئههلی جههننهم ئاگر

تا قولەپێی ئەگرێ ، بەعزێکی تا ئەژنۆی ئەیگرێ ، بـەعزێ تـا پشتێنـی ئەیگرێ ، بەعزێکی تا قورقوڕاگەی ، تا ملی ئەیگرێ ٠

اللهـم احفظنا منها ولا تعذبنا بهـا أصلا مع إخواننا ، وادخلنا الجنـة مع النبيين والشـــهداء والصالحين ٠

تـم بحـــمد الله ٩٤٠/٨/٢٣ ويليـه بعون الله رابع المعجزات ، أعني الأشـراط والفتن ٠

جـومعـــه ٠

بابەت و سەرباسەکانی ئەم بەرگە :

لاپەڕە	بابـــەت

لاپەڕە	بابەت

لاپەڕە	بابـــەت

لاپـەڕە	بـابــــەت

بـابـــەت	لاپـەڕە

لاپــەڕە	بــابـــــەت

خوێنەری ئـــازیز !

حەز دەکەم لێرەدا موژدەی ئەوەت بدەمێ کـە بەرگی یـەکـەم بـە لێکۆڵینەوەکی نوێو ، نووسینەوەیەکی پوختەوە ئامادەکراوە بـۆ چـاپ ، تەنهـا کۆسپی نەبوونی کاغەزو گرانیی باری چاپ لە ڕێگەیدایـە ، بـەڵکو خـودا ئـەو کۆســـپە لابـەرێتو ، ئـەم بەرگـەیش بگـاتـە دەســـت تـۆی بـەڕێـز ٠

۱ر۲۳٥
ب ۲۲۲ بابان ، رەشـيدبەگ
إقتران النيرين في مجمع البحرين : تەرجەمەی حەدیثەکانی موسلیمو بوخاری/دانراوی مەلا رەشید بەگی بابان ؛ لێکۆڵینەوەی محمدعلی قەرەداغی.
چ ۲ ـ بەغدا : دار الحرية للطباعة ، ۱۹۹۲ .
ب ۲ ؛ ۲٤ سـم
۱ ـ فەرموودە ـ صەحیحی بوخاری . ۲ ـ فـەرموودە ـ صـەحیحی موسلیم . ۳ ـ الحديث صحيح البخاري . ٤ ـ الحديث صحيح مسـلم أ ـ قەرەداغی ، محمد علی (لێکۆڵینەوە) ب . ناونیشان .

ژمارەی سـپاردنی بـە (دار الكتب والوثـائق)
لـە بەغـداد ۲۹٥ لسـنة ۱۹۹۲ .

دار الحرية للطباعة ـ بغـداد
۱٤۱۳ هـ ـ ۱۹۹۲ م



دانەری ئەم کتێبە :

دانەری ئەم کتێبە ناوی :

* مامۆستا مەلا رەشید بەگی کوری فەتاح بەگی کوری محەمەد بەگی کوری خالید بەگەو لە نەوەی فەقێ ئەحمەدی دارشمانەیی‌یە .

* لە دەوروبەری ١٢٧٨ی کۆچی ١٨٦١ - ١٨٦٢ی . ز دا لە دایك بوە

* لای مامۆستا مەلا ئەورەحمانی پێنجوێنی خوێندنی تەواو کردوەو، هەر لای ئەویش ئیجازەی وەرگرتوە .

* چەند ساڵێك لە مەدرەسەی روشدی‌یەی عەسکەری‌یەی سلێمانی‌دا دەرسی گوتوەتەوە .

* پاشماوەی ژیانی لە تورکیا بە حاکمی‌و موحامیتیی بەسەر بردوە .

* ئەم کتێبەی لە تورکیا لە (٢٢) مانگ دا داناوە . ٤٣ڕۆژ پاش تەواوکردنی کتێبەکەی لە ساڵی ١٩٤٢ی ز ١٣٦١ی‌ك دا کۆچی دوایی کردوە .

* بێجگە لەم کتێبە :

١- الدرر النضيدة في شرح منظومة الفريدة

٢- (قەواعیدی نەحوو صەرفی کوردی)شی داناوە .

تأليف

ملا رشيد بيگ بابان

تحقيق

محمد على القره داغى

المجلد الثاني

نرخی (شەش) دینارە

دار الحرية للطباعة
بغداد